

# ژیانی رۆشنایی چاوم

## پێغەمبەری خوا

## ( صلى الله عليه وسلم )

بەرگی یەکە م

٢٠٢١

نووسيني: قاسم محسن عولا

## پيشه كى :

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونستهديه ، و نعوذ بألله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ ال عمران ١٠٢ .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء ١ .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ الاحزاب ٧٠-٧١ .

أما بعد : فإن أصدق الحديث كتاب الله ،وخير الهدى هدي محمد صلى الله عليه وسلم ،وشر الامور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة ،وكل بدعة ضلالة ،وكل ضلالة في النار .

ئ

خوینه ری به ریز ، خوشك و برایانی زیده ئازیز ، موسلمانه ئیمانداره كان ، ئه وانه ی كه بۆ خوا و پیغه مبه ره كه‌ی صولحاون ئه‌وانه ی گه لپه ی ئیمان له دل و ده‌رونیان داگیرساوه .

من ناوم (قاسم محسن عولا ) یه به پیویستم زانی ئه‌م په رتووكه ئاماده بكه م بۆ نه‌وه ی دوای خۆمان كه ئاشنابن به پیغه مبه ره كه یان به ئیسلامه كه یان كه ئاینی كی پاك و بیگه رده ، بۆیه له م په رتووكه باسی پیغه مبه‌ری خودا( صلى الله عليه وسلم ) ده كه م ، بۆ ئه وه‌ی ببیته رۆشنای چاومان ، بۆ دونیا و دوا رۆژدا ، چونكه پیویسته هه موو موسلمانیك شاره زای و زانینی باشی له سه ر پیغه مبه‌ری خواد(صلى الله عليه وسلم ) هه بیت ، ناكریت پیغه مبه‌ره كه‌ت نه ناسی؟ ، وه نه‌زانی ئاكارو رفتاری چۆنه ؟، وه چۆن ژیاوه ؟چۆن ئه م ئیسلامه ی به ئیمه گه یاندوه ؟ وه نه‌زانی چۆن له دایك بووه ؟ وه نه‌زانی نسب و حسبی كیه ؟

بی گومان ده بیت ئه م زانیارانه هه مووی به باشی بزانین چونكه بۆ موسلمان زۆر پیویسته له ژیانی رۆژانه‌یدا بۆ به ر چاو رۆشنی خۆی ، چۆن له ژیانه‌دا پر له كیشمه كیشه ده‌ر بازی ده بیت ،چۆن له ژیانی رۆژانه ماندا یاسای عورفی یان ئه و یاسایانه ی كه ده وله ت داده ریژی ، پابه ندین پیوه ، ده بیت ئه و یاساو ئاكارو رفتارو فه رمایشته كانی پیغه مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له سه ر چاومان دا بنین ، چونكه ده بیته به خته وه‌ری هه موو موسلمانیك خۆشگوزه‌رانی ئیمانداران ، ژیانیكی پر له خۆشی و به خته‌وه‌ری له ژیانی دونیادا به ری ده‌كات ، هه روه‌ها ده رباز بوونه له ئاگری دۆزه‌خ به روه به هه‌شتی نه براوه ده‌روات ، بۆیه هه موو ئاكارو رفتاره كانی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ته نها یه ك خوا په‌رستی بووه ، وه پشت و په نای ته‌نها به خوای گه‌وره بووه، وه ژیانیكی پر له حیكمه ت ساده ی هه بوو ، ته‌نها خه می سه رختنی دینه كه ی بووه ، له گه ل هاوه له به ریزه كان سلاوی خوا یان لی بیت .

ئ

هه روه‌ها لیره دا باسی ژیانی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ده كه ین كه چۆن ژیاوه له سه ره تای له دایك بوونی پیش ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام واته هاتنی وه‌حی بۆ پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، هه ر وه‌ها بزانین كه پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له چ رۆژو مانگ و سالیكدا له دایك بووه ،هه ره وها له چ سالیكدا مال ئاوایی كردووه واتا : چركه ساتی گیان سپاردنی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، وه هه روه‌ها پشت و نه‌سبی پیغه مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، هه روه‌ها ئه و كارو پیشانه ی پیغه مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له ژیانی رۆژانه‌ی دا كه ئه نجامی ده دا ، هه روه‌ها خوا په‌رستی نزاو پارنه وه ی پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وه كۆچ كردنی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له مككه بۆ مدینه ، هه ره‌ها سه رتایی په یامی پیغه مبه رایه تی واتا : هاتنی وحی و نیگا ، هه روه‌ها قوناغی بانگه‌وازی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) واتا : قوناغی نهینی بانگه‌واز ، قوناغی ئاشكرایی بانگه واز ، هه‌روه‌ها شیوازه كانی ئه شكه نجه دان و ئازاردانی پیغه‌مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وه هه‌واله كانی له لایه ن كافران یان بی باوه‌رانی قوریش ، یان مالی ئه‌رقه م رۆلی له بانگه وازی ئیسلامدا ، هه روه‌ها په یمانی عه قه به ی یه كه م و دووه م ، هه روه‌ها ئه و غزوه شه رانانی كه كافرانی قریش به ر پایان ده كرد به رامبه‌ر پیغه مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) .

ئ

هه ر بۆ یه ( خوای گەورە ) پێغه مبه ره كه ی پارستووه له هه موو ئه و قەسه و باسانه ی كه ده كریت له سه ر پێغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له رۆژی له دایك بوو نیه وه تا رۆژی دوایدا پاراستوویه تی ، هه روه ك به معجیزه له دایك بوو ، وه په یامه كه شی معجیزه یه تا رۆژی دوایدا ، هه روەها ( خوای گه وره ) مووژدەی سه ركه وتنی په یامه كه ی داوه به پێغه مبه ره كه ی ( صلى الله عليه وسلم )، بی گومان هەر له سەره تاوه پله پایه ی بەرزی هه بووه له خۆره وشتی جوان و ئاكارو رفتاری جوان راست گویی و خاوەن په یمان اخلاقی بەرز بوو ،هه روەها دلسوزی پێغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ئۆممه ته كه ی وه وەفایی ئۆممەته كه ی له ئاست دلسۆزیه كه ی ، هه روها ژیانی خیزانداری و ژیانی كۆمەلایه تی پێغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وه ژنهینان و هه لسو كه وتی له گه ل خیزانه كانی دا ،وه ره وشتی پێغه مبەرایه تی و فه زل و پله و پایه ی پێغه مبەرایه تی ( صلى الله عليه وسلم ) ،هه روەها له گرنگترین رووداوه كانی پێغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، یان وەسیه ته كانی پێغه بمه ری خوا ( صلى الله عليەوسلم ) ، هه روەها روخسارو شیوازی پێغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هه روەها پێغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له سەرده می نه فامی دا دوور بووه له شته خراپه كانی نەفامیدا ، وه موعجیزه كانی پێغه مبه ری ( صلى الله عليه وسلم ) وه ك : ئیسرا و میعراج ، وه موعجیزه ی شق كردنی مانگ و چه ندین موعجیزه ی تری پێغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، هه روەها رفتارو كردار و به زه یی پێغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له گه ل خیزانه كانیدا و مندا لان و ئافره تان و خزمه تكاره كانی و ، وه خه لكی شارو بیابان نیشینه كاندا وه له گه ل دوژمنه كانی له مكه وه ك كافرانی قوریش بی باوەڕاندا ، هه روه ها جوونی پێغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ( طائیف ) ئه و هەلویسته خراپانەی كه به رامبەر پێغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كردیان ، وه نەرم و نایانی ره حم و به زه ی پێغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) به رامبەر خه لكی ( طائیف ) .

ئ

**خوینەری بە ریز ئە ی برای موسلمان : بزانە ؟**

باشترین شتیك یان باشترین كاریك كە ئە نجامی بدە ی یان باشترین كاتیك كە تە رخانی بكە یت ، وە تواناى تیدا بە كار بینی ، بریتیە لە : دیراسە كردن و خوینە وە و سیرە و ژیانی پیغە مبەری خوا یە ( صلى الله عليه وسلم ) وە رۆژگارە نەمرو هە میشە زیندووەكانی .

چونكە خوینە رو یان ئە و كە سە ی دیراسە ی ژیانی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دە كات ، هە ست بە هاودە می و هاو چە رخی ئەو سەردە مە یە بكات ، وا بزانیت لە گە لیاندا دەژیت و لە گە ل رووداوە كاندا تیكە ل دە بیت .

هە ر لە سیرە ی ژیانی پیغە مبە ری خوا ( صلى الله عليهوسلم ) بە ندە ی موسلمان فیری چە ند لایە نیكی ژیانی پیغە مبە ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دە بیت ، وە ك : هەلسو كە وتی ، جوون و هاتنی ،ژیانی و گوزە رانی رۆژانەی لە سە ردە می نە فامیدا تا مال ئاوای كردنی حج وداع ،وە شیوازی بانگەوازی كردنی ، پیشە وایی و سەركردە و قائد لە غزوە كاندا ، وە صلح كردن و ئاشتی ئارمی لە سەردە می پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەروەها رفتاری و ئاكارو ژیانی پیغە مبە ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە خۆشی و نا خۆشیدا... هتد

هەروەها موسلمانان فیری شەركدن دە بیت لە شە رە كانیدا خالە لاوازە كانی غزوە ی ئووحد خالە سە ركە وتنە كانی غزوە ی بەدر ، وە موسلمان فیری چونیە تی هەلسو كەوت لە گە ل

رووداوە كاند دە بیت ، هە روەها دیراسە كردنی سیرەی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وا لە موسلمانان دە كات بروای بە خۆ بیت و ئیمانی بتەو بیت بروای بە قە دەری خوا بیت وا لە موسلمان دە كات ئیرادە ی بە هیز بیت لە هە موو رووداوە كاند ، وە ورەی بە رزببیتەوە ، ئومیدی زیاد بكات ،دلنیا دە بیت لە وە ی خوای گەورە هە موو كاتیك و هە موو دە میك پشت گیرو سە ر سە ختی مرۆڤی موسلمانە ، بە لام دە بیت موسلمان بە اخلاصی و بە پاكی صولحابیت بۆ پەرستنی و هە لسو كە وتكردن و ملكە چی فەرمانە كانی خوای گەورە و پیغەمبەرە كە ی ( صلى الله عليه وسلم ) .

# بەشی : یەکەم

ناو نەسەبی پیغەمبەری خوا

لە دایك بوونی پیغەمبەری خوا

ڕووداوەکانی ساتی لە دایك بوونی

گەورە بوون و گەشەکرن و شیرپی دانی

شق کردنی سینگی ڕۆشنایی چاو مان

وەفاتی دایکی و گرتنەئەستۆی عبدالمطلب ی با پیری

وەفاتی عبدالمطلب گرتنە ئەستۆی عبدالمطلب ي مامي

شوانیە تی کردن و کارو کاسبی

گەشتی لە گەڵ عبدالمطلب بۆ وەلاتی شام

جەنگی فجارو پەیمانی فضول

سەردەمی پیش پیغەمبەرایەتی

زۆریش بە لگە یە لە سەر پایە داری ئە و کە ، بە لام لە هە موویان بە ناو بانگتر پینج ناویان بوو :  هە رد وو صحیحە کە دا هاتوو بوخاری و مسلم .

لە جوبیری کوری متعیم ئە گیرنەوە فە رموویە تی : دە لی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فە رمووی : (( لي خمسة أسماء : أنا محمد ،وأنا أحمد ، وأنا الماحي الذي يمحو الله بي  الكفر ، وأنا الحاشر الذي يحشر الناس على قدمي ، وأ نا العاقب )) . صحيحين

واتا : من پینج ناوم هە ن ، من محمد ، من احمد ، من الماحی ،کە خوا کوفرم پی مە حو ئە کاتەوە ،من حاشر کە خەلکی بە دوای من دا حشر دە کرین ، هە روەها من عاقبم کە من دوا پیغە مبە رم پیغە مبەری تر بە دوای من نایە ت .

بە لام لە هە موویان بە ناو بانگتر ( محمد ) ، ( أحمد ) ئە و دوو ناوە لە قورئانی پیرۆز دا هاتووە .

( خوای گەورە ) دە فەرموویت :﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾ الفتح ٢٩ .

( خوای گەورە ) دە فەرموویت : ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ﴾ ال عمران١٤٤ .

( خوای گەورە ) دە فەرموویت : ﴿ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾ صف ٦.

هە روەها هە ندیك ناوی تریش هە ن لە قورئانی پیرۆدا :

وەك ( الشاهد، المبشر ،النذر ،المبين ،الداعي الى الله ، السراج المنير ).

( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (٤٥) وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا﴾ الاحزاب ٤٥-٤٦ .

ئ
هه روەها ناوی تریش له قورئانی پیرۆزدا هاتووە :

وەك : ( المذكر ، الرحمة ، النعمة ، الهادي ،الشهيد ،الأمين ،المزمل ،المدثر ،الرؤوف ،الرحيم ).

هەروەها ناویکی ترش هەیە ( المتوكل ) له صحیحی بوخاری دا هاتووە .

هەروەها له فه رمووده کانی پیغەمبەری خوا ئه م ناوانەش هاتووە :

( المختار ، المصطفى ،الشفيع المشفع ، الصادق المصدوق ).

ناوی ( محمد ) یش ( اسم المفعول ) ی ( تحمید ) بۆ صیغه ی مبالغه یه ، بی گومان خۆ دیاره ئازیمان ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ هەر کاتیك هەزاران خوا نه ناس و کافرو موشریك مونافق گفتووگۆیان له گه ل داده کرد ، وه دوا پیغەمبەریشه هەر له رۆژی پیغه مبەرایه تی دا ، تا رۆژی قیامه ت شفاعه ت بۆ ئۆمه ته کەی دا ده کات .

( خوای گەورە ) ده فەموویت : ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَكَ عَسَى أَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَحْمُودًا﴾ الاسرا ٧٩ .

واتا : له به شیکی شه وگاردا خۆت ماندوو بکه به دەورکردنەوەی قورئانەوە له شەو نویژدا که زیادە ئەرکیکه لەسەر تۆ ، ئەی پیغه مبەری ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ئه وه ی پەروەردگارت بتخاته شوین و جیگەی بەریزەوە که تیایدا سوپاسکراو بیت .

به لی ئه و مقامه تاقانه یه بۆ ئازیمان دیاری کراوە ، مه قامیك که تیدا سوپاس بکریت .

خوای گه وره مرۆڤی دروست کردووە ، ریزی لی ناوە و فه زل و ریزی داوە به سەر زۆریك له دروست کراوه کانی دیکەیدا .

ێ

لە دیاردە کانی ئە م ریزە ئەوەیە کە پەیوەندیی کۆمە لایە تی بۆ کردۆتە روانگەی ژیانی و کردۆیە تە خاوەنی پشت و نە سەب و رچە لەك و وەجاخ ، وادیارە مرۆڤ دە زانیت باوك و دایك ، کە سوکاری و هەروەها کور وکچ و نەوەکانی کێن ! هە روەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا﴾ الفرقان ٥٤ .واتا: هەر ئە و زاتەیە کە ئاوی ( مەنی ) بە شەر دروست دە کات ( لە وەو دواش زۆربە ی پێکهاتە ی لە شی هە ر ئاوە ) و کردوویە تی بە هۆی خزمایە تی ( لە ریگە ی پیاوەوە کۆمە لیك خزم دروست دەبیت هەروەها لە ریگەی ئافرەتەوە کۆمە لیك ) بیگومان پەروەردگاری تۆ بەردەوام دەسەلاتی بی سنوورە ( لە هەموو بواریکدا ).

هەروەها پاراستنی مرۆڤ و وەچە وەجاخی مرۆڤ یە کیکە لە مە بەستە هە رە گرنگە کانی هەموو ئایینە ئاسمانییە کان بە تایبە تی ئایینی ئیسلام ، لە نیوان ئە م پینج مە بەستە سەرە کییە دا دیناوە کە دەیان پاریزیت وە ك پارستنی : ( ئایین ، دەروون، مال وسامان ، ژیری و وچە ).

هە ر لە بەر ئە مە گرینگترین ئە م شتانە ی کە مرۆڤ پیوە دە نازیت و فە خرو شانازی پیوە دە کات پشت و نە سە ب و وچە و وەجاخە .

هە ر بویە عە ربە کانیش لە بە ناو بانگترینی ئە و کە سانە بوون کە گرنگیان بە پشت و ونە سە بی خۆیان دەدا و لە سەر مانەوەی سوور بوون .

لە بەر ئەوە ( خوای گە ورە ) پێغە مبە رە کە ی( صلى الله عليه وسلم ) لە بە ریزترین باشترین هۆز کرم ترین و شەریف ترین و بە ناو بانگترین لە پشت و نە سە بی هۆزی عە رەب هۆزی ( مضر )بووە کە لە بە ناو بانگترینی هۆزەکانی عەرەبە ، ئە وانیش کە پال دەدرینە لای نزار کوری معەد کوری عدنان .

ئ

هه روەها له صحیح بخاری له کولیب ی کوری وائیل بۆمان ده گیریتەوه و ده لیت : به خیوکه رە که ی پیغه مبه ری خوای (صلى الله عليه وسلم ) که زینه بی کچی ئه بی سه له مه بۆی گیرامەوه که کولیب ووتی : ( أرأيت النبي (صلى الله عليه وسلم ) أكان من مضر ؟ قالت : فممن كان إلا من مضر ؟ من بني النضر بن كنانة ) دەلی پیم ووت : ئایا دەبینیت و ده زانیت که پیغه مبه ری خوا (صلى الله عليه وسلم ) له هۆزی (مضر ) ؟ ووتي : دەی له کییه ته نها له (مضر ) نه بین ؟ له نه وەی نه ضري کوري کینانه یه .

عن واثلة بن الاسقع (رضي الله عنه ) قال: سمعت رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) يقول : (إن الله عز وجل ) اصطفى كنانة من ولد إسماعيل (عليه السلام ) و اصطفى قريشا من كنانة و اصطفى قريش من بني هاشم ، واصطفاني من بني هاشم ).

واتا : واتله کوری الاسقع (خوا لی رازی بیت ) دەلی : له پیغه مبه ری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بیستووه دەی فه رموو: خوای گەوره ) له رۆ له کانی ئیسماعیل (سلاوی خوای لی بیت ) کنانه ی هه لبژاردووه ، له کنانه ش قوریشی هه لبژاردووه ، له قوریشیش بنی هاشمی هەلبژاردووه ، وه له نەوەی هاشمیش منی هه لبژاردووه .

له صحیحی بوخاریه وه بۆمان ده گیریتەوه که ابو سفیان ده چیته لا ی پاشای رۆما هەرقەل

هه رووەها له گفتوگۆی نیوان هەرقل و ابوسفیاندا که یه که م پرسیاریك هەرقل له ابو سفیانی کرد سه بارەت به پیغه مبەری خوا (صلى الله عليهوسلم ) ئه وه بوو ووتی پشت و نه سه بی چۆنه له ناوتاندا ؟ ابو سفیا نیش وه لامی دایه وه ووتی : ئه و له ناوماندا خاوەن پشت و نەسه به ، واته : خاوانی پشتیکی ناسراو شریفه ، پاشان هەرقل له کۆتایدا پرسیارەکانی و خویننەوەی بۆ وه لامه کانی ابو سفیان ووتی : پرسیارم لی کردبیت له پشت و نه سه بی ، باست کرد که خاوەن پشت و نەسه به له ناوتاندا .

ئه م چیرۆکه دووروو دیژه له به شه کانی دا هاتوو دا باسی ده که ین هه ر بۆیه ئیمامی بوخاری ریوایه تی کردووه .

ئ

**جا خاوه نانی سیره و ژیانامه ی پیغه مبه ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تاکوو عدنان هه ر هه موویان یەك دەنگ و کۆکن لە سەر پشتی پیغه مبەر ی خوا ( صلی الله علیه وصلم )**

**به م شیوه یه : ( محمد ) کوری ( عبدالله ) کوری ( عبدالمطلب ) کوری ( هاشم ) کوری ( عبدالمناف ) کوری ( قصي ) کوری ( کیلاب ) کوری ( مره ) کوری ( کعب ) کوری ( لؤي ) کوری ( غالب ) کوری ( فهر ) کوری ( مالك ) کوری ( النضر ) کوری ( کنانه ) کوری ( خزیمه ) کوری ( مدرکه ) کوری إلیاس ) کوری ( مضر ) کوری ( نزار ) کوري ( معد ) کوری ( عدنان ) .**

**بەلام له دوای عدنان تاکوو ئیبراهیم ( سه لامی خوای لی بیت ) ئه و ژیانه مه و سیره یه ی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) جیاوازییان هه یه له راستی و تەواوییدا .**

**پشت و نه سەب و ره چه له کی دایکی پیغه مبه ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئه مه راست و دروستی نەسه بی پیغه مبه ری خوایه ( صلی الله علیه وسلم )**

**به م شوه یه : ( محمد )کوری( امنه ) کچی ( وهب ) کوری ( عبدالمناف )کوری ( زهره ) کوری ( کیلاب ).**

**واتا : دایك و باوکی پیغه مبه ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) یه ك تیره ن واته : له یه ك تیره یه ك ده گرن ئه ویش ( کیلاب ) کوری ( مره ) به یه ك ده گه ن واتا : له پینچه مین باپیریانه .**

**هه روەها له ده هه مین پشتی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) که ده کاته باپیرانی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) به ناوی ( فهر ) ئه م پیاوه ناوی قوریش بووه ، واتا ناو خیلی و هۆزی قوریش ناوه که ی له وه وه هاتووه .**

**هه روەها ( عبدالمطلب ) ناوی شیبه بووه ، ده گیرنەوه ده لین : له بەر ئه وه ناویان ناوه شیبه ، هه ندیك له قژی سەری سپی بووه ، وه ئەش لین : پی ووتراوه ( شیبه الحمد ) چونکه زۆر سه خیی بووه .**

ئ

هه روەها ( هاشم ) ناوی عمر بووە ، كه نازناوی هاشمی لی نراوە ، ده لین : چونكه له بەر ئه وه بووه ، نانی زۆری كوشیوه ته ناو گوشتاوه وه بۆ نان دانی خه لكی هه ژراو ئه وانەی سه ر دانی مككه یان ده كرد .

هەروها ( عبدالمناف ) ناوی مغیره بووه .

هەر وەها ( قصی ) ناوی زید بووه .

هه روەها ( كیلاب ) ناوی ( حكیم ) بووه .

هه روەها ( كعب ) یه كه م كه س بووه كه خه لكی له رۆژیی جمعه كۆ كردۆتەوه ، ووتاری بۆ داون ، باسی ره وانه كردنی پیغه مبەری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ كردوون ، پیشی راگه یاندوون كه له نەوه ی خۆی ده بیت .

هه رەوها ( عدنان ) ده لین : یه كه م كه س بووه كعبه ی دا پۆشیوه یان ده لین : له سەرده می ئەودا كعبه به په رده دا پۆشراوه .

هه روەها كۆی زانایانی سیره ژیانامه ی پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له سەر ئه وه یه ك دەنگن كه ئیسماعیل ، ئیبراهیم سلامیان لی بیت ، با پیره گەوره ی پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، هه روەك له فەرمووده ی صحیح دا هاتووه كه كاتی باسی ئیبراهیم كراوه ، پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویه تی : (( وغنة لاشبه الناس بصاحبكم )) . واتا : دەری بریوه كه ئیبراهیم سه لامی لی بیت له هه موو كه سی زیاتر له پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چووه .

هەروەك زانایان باسیان كردووه ، پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له پشتی پاكه وه بۆ ره حمی پاك گوازراوەتەوه ، و هیچ پیسی و چه په لی یه كی نه فامی و جاهیلی تیكه ل به نه سه بی بی گه ردی نه بووه ، هەتا له نیوان دایك و باوكی دا هاتۆته دنیاوه ...

ئ

هه روها پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) باسی کردووه ، که له ناو سه ده کاندا هەر له ئاده مەوه تا سه رده می خۆی هه میشه ( خوای گەوره ) ئه وی له چاك ترین نەسب ده رهیناوه .

هەر وه ك له صحیحی بوخاری دا هاتووه ، (( بعثت من خير قرون بني آدم قرنا فقرنا، حتى بعثت من القرن الذي كنت فيه )).

هەروەها پیغه مبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) له ووتاری کیاندا فه رمووی :(( أنا محمد بن عبدالله .. )) هه تا کۆتای نەسه بی شەریفی پاشان فه رمووی (( وما افترق الناس فرقتين إلا جعلني الله في خيرهما ، فأخرجت من بين أبوي ، فلم يصبني شيء من عهر الجاهلية ، وخرجت من نكاح ، ولم أخرج من سفاح و من لدن آدم حتى انتهيت إلى أبي ، وأمي ، فأنا خيركم نفسا ، وخيركم أبا )) رواه البيهقي .

واتا : هەرچی خەلك ئه بن به دوو تیپه وه ، خوای گەوره منی له تیپه چاکه که داناوه ، ئیتر هیچ شەروال پیسی یه کی نەفامییم به ر نەکه وتووه ، هەر له ئادمەوه تا ئه گاته لای دایك و باوکم ،به نیکاحی شەرعی حەلال له دایك بووین ، له بەر ئه مه من له هه مووتان چاك ترم و باوکیشم له باوکی هه مووتان چاکتر ...

## له دایك بوونی ڕۆشنایی چاوم ﷺ

له چاوه ڕوانیی بەرە بە یاندا جیهان شه وەزەنگیكی تاریك داپۆشیبوو ، شه وه زەنگیك له هه گبه یدا نووریكی چاوەڕوانكراوی هه لگرتبوو ، زایه له كانی ئاسۆی مزگینی دەركه وتن و هاتنی پیغه مبەریكی نوییان دەدا ، شوینكاری ئه مژدانه له ویژدانه كاندا هینده زالبوو، ئەوەتا باس و خواسی دواهەمین په یامبەر بۆ ته بابه تی كۆڕو دانیشتنی زۆریك له خه لكی مككه بیه كان ، ئامۆژگاری له دوای ئامۆژگاری ده كران : هەر كه ئەو پیغه مبەر نازداره ده ركه وت زوو بگه نه لای ئاویته بن له گه ل ڕۆحیدا .

مرۆڤایه تی تیكرا به جاریك دلی دا خۆڕپابوو ، هه موو هیوا كان وابه سته بوو بوون به دواییینی فریادره سانەوه ، دایكان و باوكان به ئومید بوون ئەم پیغه مبەره له نەوەی خۆیان بیت ، هەر له بەر ئه مه ش بوو زۆریكیان مناله كانیان ناو ده نا ( محمد ) .

به لام پیغه مبەری چاوەڕوانكراو ، له پشتی زنجیره یه كی زیرینەوه ده هات ، كه له حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیله وه ده ستی پی ده كرد و به عبدولموتەللیب و عبدالله كۆتای پی ده هات ، به لی دله كان له ڕییه وه چاوەڕیی ئه و نوورەیان ده كرد ، ڕووداوه كان هەوالی هاتنی ئه ویان ده دا ، چربوونەوه ی تاریكیش نزیك بوونەوەی سپیده یه كی ڕاده گه یاند كه تاریكی له بن دەردە هینا .

به لی بی گومان مرۆڤی ئه و سەردە مه له هه موو ئه و مه به سته مەزن و بەها بالایانه مەحرووم بوو كه گیانیان به بەر ژیاندا دەكردو مانایان پیده به خشی ، هەرچی كرده و كۆششیشیانه ، كه ( خوای گه وره ) ده فەرموویت : ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّى إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا وَوَجَدَ اللَّهَ عِنْدَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾النور ٣٩ .

ئ

**واتا: ئەوانەی کە ریبازی کوفریان گرتۆتە بە ر کردە وە کانیان  وەك تراویلکە و سرابیك وایە لە بیابانیکدا بریسکە بداتەوە کە سیکی  تینوو وا برزانیت  ئاوە ، بە تالوکە بۆی بچیت ،هە تا کاتیك گە یشتە لای دە بینیت هیچ نییە .**

**بە راستی هاتنی  پیغەمبە ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) مە زنترین لوتفی پەروەردگار و فراوانترین چاکە یە تی بە سەر هە مووانە وە ، هە ر بۆیە ( خوای گەورە ) لە قورئانە  پیرۆزە کە یدا ، لە راوانگە ی ئاماژە کردن  بۆ  ئە م راستییە وە دە فەرموویت :** ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ **ال عمران ١٦٤ .**

**واتا: سویند بیت بیگومان  خوا منە تی ناوە تە سەر  ئیمانداران کاتیك پیغە مبەریکی بۆ رەوانە کردوون لە خۆیان ئایە تە کانی ئە ویان بە سەردا  دە خوینیتەوە ، دل دروونیان  پاك و پوخت دەکاتەوە ، هەروەها فیری قورئان و داناییان دە کات .**

**بە لی  بی گومان رۆژی لە دایك بوونی  پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رۆژیکی رۆشناویی چاوی هە موو مرۆڤیك بوو ، بۆ ریگای راست دورستی خوا  پە رستی و حە ق و یە کسانی داد  پەروەری لە سەر هە موو مرۆڤایە تی ، بە لی هاتنی  پیغە مبەری خوا ، مرۆڤا یەتی لە تاریکی یە وە  گۆری بۆ رۆشنای چا وان بۆ روناکی بۆ حە ق نا سین دوور کە وتەنەوە لە بتپە رستی ، زولم ستەمی نە فامی ، بی گومان ئە و رۆژەی کە رۆشنای چاومان لە دایك بوو ( خوای گەورە  ) نووری محمد ( صلى الله عليه وسلم ) هەلکرد ، و چرای محمد ( صلى الله عليه وسلم ) لە ئاسمانی مرۆڤایە تییدا  وە رۆژی رووناك درە و شاندەوە ،ئیتر ئە م نوورە ، تاریکایی نە فامی رە وییە وە ، نوور و رۆشنایی هە موو جیهانی دا پۆشی ، بە لی ئا ئە مە مە زنترین  نیعمە ت و بە خشایشی ( خوای گە ورە ) یە  بۆ مرۆڤ و جنۆکە ...**

ئ

به لی له دایك بوونی رۆشنای چاوم نزیك ده بیته وه ، رووناكی سەر تا په ی زه وی رووناك ده كاته وه ، جیهان له تاریكی دەر باز ده كا نووریك كه هه موو زەوی بگریته وه تا رۆژی دوایی .

هه ر وەك ( ئیبن ئیسحاق ) خوا لی رازی بیت ده فه ر موویت :( عبدالمطلب ) چوو بۆ لای ( وهبی كوری عبدلمناف كوری زوهرەی كوری كیلاب ) كه به ناوبانگ بوو به بنی زوهره له ناو قوریش دا ، ئه و پیاوه ئه و رۆژه گەوره و سەر كرده ی بني زوهره بوو ، له هه موویان گه وره تره و به تەمەن تر بوو چووه بۆ لای و دوای ئامینه ی كچی وەهبی لی كرد بۆ عبدالله كوره خۆشه ویسته كه ی خۆی ، ئامینه له م رۆژگاره دا ئافره تیكی پایه بەرزی ناو هه موو هۆزی قوریش بوو ،نەك كورانی بنی زوهره به تنها ، به و شیوه پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له ریگه ی دایك و باوكی یه وه بووه خاوەنی پایه به رزترین نه سب و نه ژاد ...

ئبن ئیسحاق ده فه رموویت : ( عبدالله باوكی ئازیزمان ئامینه ی خواست و پاش ماوەیه ك عبدالله كۆچی دوای كرد مرد ، هیشتا پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له سكی دایكی دابوو ... )

.ئیمامی زوهری ده فه رموویت : ( عبد المطلب ) ، وه ( عبدالله )ی باوكی پیغه مبه ری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) رەوانه كرد بۆ شاری مدینه بۆ ئەوەی هه ندیك له خۆرما چاكه كانی شاری مدینه ی بۆ بكریت و بۆی بهینیت بۆ مه ككه ئه وه بوو عبدالله رۆیشت و له شاری مه دینه كۆچی دوای كرد هه ر له مه دینه نیژرا نه گه راوه بۆ لای عبدالمطلب ی پابیری ئازیزمان له و كاته دا پیغه مبەری ئازیزمان رۆشنای چاومان هه ر له سكی دایكی دابوو ، وه خوای گه وره له قورئانه پیرۆزه كه یدا ئاماژه به دەدات به وه ی كه باوكی رۆشنایی چاومان هه ر له منداليه وه كۆچی دوای كردووه مردووه ، وه ( خوای گه وره ) دا له ده ی داوه پاریزگاری لی كردووه به هۆی باپیریه وه كه عبدالمطلب بووه ، ( خوای گەوره ) ده فەرموویت : ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى﴾ الضحى ٦.

ئ

هەر چه نده زانایان رای بۆ چینی جیاوازیان هه یه له سه ر ( رۆژو مانگ و سالی له دایك بوونی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) به لام رای زۆر به یان یه ك ده گریته وه له سەر كات و ساتی له دایك بوونی پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) .

هه روەك ابن هيشام ده فه رموويت : ( له دووشه مه ی ١٢ ی ربيع الاول ی عام فيل دا له دايك بوو ).

له فەرمووده كه ی ئه بی قتاده كه ده فەرموويت : ( پرسيارم له پيغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ چی تەنها له هه فته يه كدا بەس دووشممه و پينچ شه ممه به رۆژوو ده بيت ؟

پيغه مبەری ئازيز ( صلى الله عليه وسلم ) فه رمووی : ( ذاك يوم ولدت فية ويم بعثت ويوم وانزل على فيه ) . واته : چونكه دووشه ممه رۆژيكه كه من تيايدا له دايك بووم وه رۆژيكه تيايدا بووم به پيغه مبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وه لەو رۆژەدا سروشتم ( وحی )م بۆ دابه زی.

وه ئيبن عباس ده فه رموويت : ( پيغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له رۆژی دووشه ممه شدا له دايك بووه وه هەر لەو رۆژەشدا كراوه به پيغه مبه ر وه هه ر لەو رۆژەشدا كۆچی دوای كردوه ).

هه روەها( محمد المنصور فوری ) رايه كی تری هه يه، كه سەروه رمان و رۆشنايی چاومان ، له شاری مككه له نەوەی بنی هاشم سەر له به يانی دووشممه ی ( ٩ ) ی ربيعی الاول سالی فيل له دايك بووه ، چل سال بوو سه رده می مه ليكی كيسری ( نەوشيروان ) تيپەری بوو ، ئه و رۆژه بەرامبەره له گه ل ( ٢٠ ) يان ( ٢٢ ) ی مانگی چواری سالی ( ٥٧١ ) ی زايینی به پيی ئه وليكۆلينەوه ی زانا ی گەوره ( محمد المنصور فوری ) ليكۆلەری بواری گەردون ناسی .

هه روەها ( ئيبن شه يبه ش ) له ( منصف ) كه يدا ريوايه تی كردووه له دوو هاوەلی بەريزه وه به سه نده گه يشتوو ( ئين عباس ، و جابر ) فه رموويانه كه : ( ولد رسول الله عام الفيل يوم الاثنين الثاني عشر من شهر بيع الأول ... حديث موقوف ) وهو المشهور عند الجمهور .
انتهى كلام ابن كثر ...

## ڕووداوه كانی كات و ساتی له دایك بوونی پێغه مبەری خوا ﷺ لەدوای لەدایك بوونی

بی گومان ڕۆژان تی پەرین و ، كاتی له دایك بوونی ڕۆشنای چاوم (صلى الله عليه وسلم ) هاته بەرەوه ، ئه و ماوەیه كه له سكی دایكی دابوو ، نه ناره حه تی یه ك و نه ئیش و ئازاریك هیچی بۆ دایكی نه بوو .. ئه وه بوو ده نگیكیش به ر گویی دایكی كه وت ، كه پیی ئه ووت : سەر داری ئه م ئوممەته وا له سكتا ، كاتیك كه وته زەویی بلی : (( أعيذه بالواحد ، من شر كل حاسد )). واته : ئه ی خەمه په نای خوای تاك و تەنیا ، تاله شەر و خرا په ی حه سوودیك بی پاریزی . ناویشی بنی (( محمد )) ڕۆشنایی چاومان (صلى الله عليه وسلم ) .به لی كاتیك له دایك بوو له گه لیا نووریك هاته دەرەوه كه نیوان خۆر هه لات و خۆر ئاوایی پی ڕووناك بوویه وه .. هه تا كۆشكه كانی( بوصرا ) له ولاتی شام دەركەوتن .. كه له دایك بوو له سەر هه ردوو ئه ژنۆی چۆكی دەدا و ، خۆی دا به سەر هەر دوو ده ستی دا ، سەریشی بۆ ئاسمان بەرز كردەوه ، پاشان پری مشتی خۆلیشی هه ل گرت ، ئەمەش به پی ئه و ریوایه تەی محمد كوری سعد كه فەر موودەی كۆمه لیك ئه گیریتەوه ، كه عطائي كوري ابو رباح ، ابن عباس له گه لدا یه كه ئامینەی كچی وەهب وتوویه تی : (لما فصل مني – تعني النبي – خرج معه نور أضاء له ما بين المشرق والمغرب ،ثم وقع على الارض جاثيا على ركبتيه ،معتمدا على يديه ، ثم اخذ قبضة من التراب ، فقبضها ، ورفع ،راسه إلى السماء ).

جا ئه و نووره نووری پێغه مبەرایەتی بووه و ، چۆك دادانیشی له سەر هه ردوو ئەژنوی ئه وه ئه گه یه نی كه له بەر دەم پەروەردگاریدا خۆی زۆر به بچووك ئه زانی و ، خۆیشی له دروست كراوانی خوا به زیاتر نازانیت ..خۆدانیشی به سەر هه ردوو ده ستی دا ئه وه ئه گه ینی كه به ناسك و تەمەمه ل گەوره نابیت ، به وینه ی منالی پادشا و پیاو ماقوولان ، بەلكو هەربه مندالی پشت به خوا ئه به ستی و ، پاشانیش به خۆی ، هه ل گرتنی مشتیك له خۆلیش ئەوه ئه گه یەنی كه له خۆلی ئەم زەویه دروست بووه و ، بۆ ناویشی ئی گه ریتەوه و ، بۆ زیندوو بوونەوەش هەر له م خۆله دەر ئه چیتەوه ، به سەر دانیشتوانی زەویش دا زال ئه بی ..

ئ

سەر بەرز کردنەوەشی بۆ ئاسمان ئەوە ئە گە ینی که یە کجار بە چاکیی پشتی بە خوای پەروەردگاری بە ستووە و ، پایە و پلەشی بەلای خواوە بەرزە و ، مە بە ستیشی یە کجار بەرز و پیرۆزە و ئەبیتە سەر داری هەر هەموو دروست کراوانیش ..

وەهە روە ها ئمامی احمد کوری حە نبەل ، وە تەبرانی ، وە حاکم ، وە بیهقی لە عیر باضي کوری ئە گیریتەوە کە پیغە مبەر ی خوا ( صلی الله علیەوسلم ) فەرموویە تی :(( إني عند الله لخاتم النبيين ، وإن آدم لمنجدل في طينته ، وسأخبركم ، عن ذلك : أنا دعوة أبي إبراهيم ، وبشارة عيسى ، ورؤيا أمي التي رأت ، وكذلك أمهات النبيين يرين ).وصححه ابن حبان والحاكم .

واتا : من لە عیلم و تە قدیری هەتا هەتایی خوا دا بە دوا پیغەمبەر دانرام کە هیشتا ئادەم قور بوو و دەست نەکرابوو.. ئە فەرموی : من دوعا و پارانەوەی ئیبراهیمی باوکم ، مژدەی عیسی و ، خەوبینینی دایکمم و ، دایکانی پیغەمبەرانیش هە روا خە ئە بینن ..

پیغە مبەر ی خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە مالی ( عبدالمطلب ) با پیری کە لە دایك بووە لە نەوەی هاشم ، وە ( شفای دایکی عبدالرحمانی کوری عەوف )،مامانی بووە ، هەروەها زۆریك لە زانایانیش دەریا بریوە کە پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە ختە نە کراویی و ناوك برراویی لە دایك بووە ، بە لگە شیان ئە م فەرموودایە کە دە فە رموویت : (( من كرامتي على ربي أني ولدت مختونا ، ولم ير أحد سوأتي )) .رواه طبراني في الاوسط ،و ابونعيم .

واتا : یە کی لەو ریزانەی کە خوا لیمی گرتووە ئەوەیە کە بە خەتە نە کراویی لە دایك بووم و، کە سیش عەورەتمی نە دیوە .

هە روەها ئەو مالە ی یان ئە و خانووەی کە رۆشناوی چاومان تیا لە دایك بووە مالی ( ابوطالب ) بوو ، لە دوای دا مایەوە بۆ ( عقیلي ) کوری ( ابو طالب ) ، ئە م خانووە کە پی ئە ووترا : ( البيضاء ) ..

ئ

هەر لە و شەوی لە دایك بوونی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم زۆر شتی سەیر روویدا یە کیك لە ئەوانە کوژانەوەی ئاگری ئاگر پەرستان ، کە لە ماوەی هەزار سالدا ئەم ئاگرە نەکوژابۆووە ، وە هەروەها رووخانی هەیوانی کۆشکی کسری کە چواردە قاتی لی رووخا .

هەروەها کەلیساکانی دە ورو بەری ( دەریا چەی ئاوی ساوە ) رووخان پاش ئەوەی درزیان برد بوو ، هەروەها بەروودا کەوتنی بتەکان ، هەر وا کاتیك کە وتە سکی دایکیشی ئە م بتانە بەروودا کە تن .

کاتیك پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە دایك بوو ، دایکی ئازیزمان ئامینە ی کچی وەهب ، ناردی بە شوین ( عبدالمطلب )ی باپیریدا بۆ ئەوەی مژدەی ئە م کورەزایە بدەنی ( عبدالمطلب ) باپیری پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کورە زاکە ی لە ئامیز گرت و بردی بۆ ( کعبە ) سوپاسی خوای کردوو پارایەوە ، ناوی نا ( محمد ) ..

لە دوایدا یە کە م ژنیك کە شیری دا بە رۆشنایی چاومان محمد ( صلی الله علیه وسلم ) ئە وژنە بوو کە ناوی ( ثویبة ) کە نیزەکی ( أبو لهب ) بوو ، شیری کوریکی خۆی دایە کە ناوی ( مسروح ) بوو ، پیشتریش شیری بە ( حمزە ) ی کوری ( عبدالمطلب ) دا بوو ، ( حمزە ) کە دە کاتە مامی ئازیزمان رۆشنای چاومان ( محمد صلی الله علیه وسلم ) .

هە روەها کاتیك پرسیار کرا لە باپیری بۆچی ؟ ناوت نا ( محمد ) ووتی : ویستم لە ئاسماندا خودا سوپاسی بکات ، لە زەویشدا خە لك .. ئە ش گونجی ( ئامینەی ) دایکی پیغە مبەری ئازیمان ئەم خەونەی بۆ خە زووری کە دە کاتە باپیری سەروەرمان گیرا بیتەوە ، وە رای هەر دوو کیا یە کی گر تبی ..

ئ

هەروەها ئە گیرنەوە دە لین : بە شیوە ی دە ستوری کە لتوری عەرە ب  ئەوە باو بوو ، کە باپیری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دە ستی  بە سەر برینی چە ند حیوانیك کرد ، بۆ سوپاس گوزاریی پەروەردگار دە ستی  بە دە عوەت کردن کرد .. چونکە ئە م منداله جیگای عبدالله کوری گرت بۆوەتەوە ، وە ئاوینە یە کی بی گە ردی بریسکاوە شیوە ی عبدالله کوری عبدالموتەللیب ، جوانە مەرگی تیا ئە درەوشایە وە ، لە م دعوە تە دا نەوی هاشم هە ر هە مووی بە ژدار بوون تیدا ..

وە هە ر لە م کاتە دا ( ثوبیة ) ئە سلە میش کە کە نیزە کی ( ابولهب ) کوری ( عبدالمطلب ) بوو

کاتی مژدە ی لە دایك بوونی ( محمد ) ی رۆشنایی چامانی پی دە گات  ئە و کە نیزە کە ی ئازاد کرد ..بی  گومان نووسەرانی (کتاب سیر) زۆر رووداوی گرنگیان نووسیوە  لە بارەی رۆشناویی چاومان ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) لە کاتی  سك پر بوونی دایکی خاتوو ئامینە وە بە کورە نازدارە کە ی ( محمد ) ی هەلبژار دراوی ( خوای گەورە ) هەتا  لە دایك بوون و بە شە کانی ژیانی وە هە تا  بوو بە کۆتا پیغە مبەری ئاخر زمان ، وەکو : ئەوەی خاتوو ئامینە هەستی بە ئیش و ژانی  سك پری و منال بوون نە کردبی ، وە بانگ کرابی جار لە دوای جار : سکت پر بووە بە پیغە مبەریك و هەموو مانگی یە کی لە پیغە مبەرەکان هاتبن بۆ لای و پیرۆز بایی یان لی کرد بی و مژدەی پە یدابوونی پیغە مبەری دوای یان کۆتا پیغە بەری دابی .هەروەها ئە مانە هە مووی بە لگەو نیشانەن بۆ هاتنی کۆتا پیغە مبەری ئاخر زمان ، کە ئەویش ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) بوو ، رە وانە کرا بۆ لابردنی لا چونی ،کوفر ، خرا پە و. نە فامیە تی ،و بت پەرستی ، نا یە کسانی، نا داد پەروەری نا عدالە تی ، بە لی هات بۆ رۆشنای چاوان و رووناکی جیهان ، وە رۆشنی خوا پەرستی راستە قینە ، بە لی هاتنی پیغە مبە ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە ك سە رکردە یە ك شورشی کرد بە سە ر کوفرو خراپە کاریدا ، وە لابردنی هەر چی زولم و زۆر داری هە بوو ، بە لی هات  تا نا حە قی نە هی لیت ، بە لی هات تا زیندە بە چالکردنی  کچانی بی توان نە هی لیت ، بە هات زیناو داوین پیسی حرام کا ، بە لی هات تا کۆیلایە تی کۆتاییی پی بینی ...

ئ

## گه وره کردن و گه شه کردنی پیغه مبەری خوا ﷺ

له حیکمەت و دانایی ( خوای گەورە ) ئەوە بوو که کۆتایی پیغه مبەرانی و بە با شترینی دورستکراوەکانی بە شیوەیە کی تایبە ت گەورە و پەروەردە ببی ، باشترین هۆکاری بۆ سازاند تاکو له سەر ئه و نەخشە و پەیرەوە بروات کە پەروەردگاری بۆی کیشاوە ، دەی با بزانین گەشە کردن و گەورە بوونی چۆن بووە ، پیغه مبەری رۆشنای چاومان ( صلی الله علیه وسلم ) وە سەرتای ژیانی چۆن دەست پی کردووە ؟

پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له خیزانیکی بەریزو بە ناوبانگ گەورە بوو کە خیزانی بنی هاشمی بووە ، کە هۆکارەکانی چاودیری دەستگیرۆییان بۆ ئامادە کردبوو ، بە هۆی هیتو کە وتنیەوە گرنگیەکی تایبە تیان پی داوو بە هەموو شیوە یە ك دە سگیرۆییان دەکرد ، چونکە هە ر له سکی دایکیدا بوو کە باوکی مرد ، ئیتر ( عبدالمطلب ) با پیرەی گرتیە خۆی و بە باشترین شیوە هەلسا بە بە خیوکردن و پەرودە کردنی ،دایە نیکی باش و هاو شانی بۆ پە یدا کرد ئەویش ئافرتیك بوو له ( بنی بکر ) کە ( حلیمە ) ی سەعدیە بوو ، واتا : سەرە تای ژیانی ئازیزمان له بادیە بوو ، له نەوەی سعد بوو .

بە لی لە یاساو باوی نا پیاوە گە ورە کانی قوریش وابوو : کە منالیان ئە بوو ئە یان دایە دایە نیك لە گوندە کاندا ،هە تا لە گوند بژی و ئاوا هەوای پاك و بیگە رد هەلمژی ، وە هەوای بیگە ردی ئاسمان لی بدا و لاشە و هە ست و میشك وژیری بە پیی سروشت گە شە بکات، وە زمان ووتەی پاراو بیت لە رەوان بیژی و خاوین بیت بی ووشە ی بیگانە ، وە فیرە وەرزشە جۆر بە جۆرە کانبی وەك زۆران بازی و ئە سپ سواری سوارچاکیکی پاشی لی پەروەردە بیت ، بۆ یە چە ند تیرە یە ك لە هۆزە عە رەبە کان لە دووربەری مککە باناوبانگ بوون لە وی دە ژیان بۆ سەرپەرشتی کردن و بە خیوکردن ، یە کیك لە هۆزە( نە بنی سە عد ) بوو .

وە هەروەها ( ثویبة ) کچی ئە بو لهب شیری بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دابوو بۆ ماوە ی هەشت رۆژ .

ئ

به لی ژنانی گوند به پی ی یاسای خۆیان هاتن بۆ شاری مه که بۆ وەرگرتنی منالی ساوا و شیره خۆره ، هه روەها ژنیك به ناوی ( حلیمەی کچی زوئەیب ) که له هۆزی بنی سه عد بوو ، هەروەها هاوسەری ( حاریسی کوری عبدالعزی ) بوو ، محمد پیغه مبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) وەرگرت و بردی بۆناو خیله که ی خۆیان .

لیره دا ( حلیمه ) خۆی باسی به خیوکردنی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مان بۆ ده گیریتەوه .

حلیمه ئه لی : سالیکی گرانی و وشکه سالی و بی باران بوو ، هیچمان به ده سته وه نه بوو ، زۆر هەژارو بی دەرامه ت و بی نەوا بووین ، له گه ل هاوسەرم ( حارث کوری عبدالعزی ) بریارماندا له گه ل ژنانی هۆزی بنی سه عد برۆین بۆ شاری ( مه ککه ) بەلکو منالیکی شیره خۆره بگرینه ئه ستۆ ، هه تا کو له شاری ( مککه ) که س و کاری مندالی شیره خۆر پیمان بده ن .

حلیمه ئه لی : ئیمه گوی دریژکمان هه بوو ، سواری پشتی ئه بووین ، به لام ئه وەنده له رو لاواز بوو ، له بەر بی له وەری و برسیه تی ، له وه ئه ترساین له ریگادا پکمان بکا بی جاره مان بکا بتۆپیت ، هه روەها ووشتریکمان پی بوو ئه ویش ئه ونده لەر و لاواز بوو ، هیچ شیری تیدا نه بوو ته نانه ت قه تره یه ك شیری تیدا نه بوو ، به ریکه وتین تا گه یشته ئیواره شه و داهات بەلام ئه م شه وه تا به یانی له بەرگریانی منداله شیره خوره که ی خۆم خەوم نه چۆته چاوم ، چونکه دلۆپیك شیر له مه مکه کانم دا نه بوو تا کو تیری بیت ئارامی بکه مه وه ، وه گوانی ووشتره له ره لاوازه که ش هیچ شیری تیدا نه بوو ، تابیده م به کوره که م .

حلیمه ئه لی : هه تا ئه هات بی هیوا یی و نا ئومید زال ئه بوو به سەرمانا .

حلیمه ئه لی : من له خۆم ئه پرسی ؟: چۆن من بەبی شیری یه وه بچمه ژیر باری منال به خیوکردن ؟

ێ

حليمه ئه لی : بەلام هەر چۆن بوو تەماع پالی پیوه نام و،  به هەر له قه له ق و ماندوو بوو نوو هیلاکی  له دوای هه موو ژنه کانەوه بووم ، چونکه زۆر ماندوو په شۆکو هیلاك بووم .

حليمه ئه لی : له دوای هەموو ژنەکانەوه گه یشتمه شاری ( مككه  ) .

حليمه ئه لی : ژنه کان له  پیش منەوه هەرچی مندالی ده سه لات داره کان و  پیاوه ما قولانی شاری ( مككه  ) هه بوو ،  هەموویان وەرگرت بوو.

حليمه ئه لی : هیچ مندالیك بۆ من نەما بوو ، تەنها له مندالیکی هیتیم نەبی .

حليمه ئه لی  : ناوی ( محمد  )بوو  له بەر ئەوەی باوکی نه بوو خیزانه که یان هەرچه نده گەوره و دیاری شاری ( مككه  ) بوو  بەلام سامان و دەسه لاتیکی وایان نه بوو خه لکی  بخاته تەماع گیریه وه تاکو به  پەرۆشەوه هەلی گرن بۆ خۆیان بی به ن ، له راستیدا هیچ له ژنه کان گوی یان پی نه ده ا له بەر هیتوی و هەژرای و نەداری خیزانی سەروەرمان ( محمد  ) صلى الله عليه وسلم  ) واتا ژنه کان به دوای خیزانی ده وله مه ند کاندا ده گه ران نه ك به دوای مندالی هەژار و مندالی هیتیم بی باوك ، بۆیه هەر له سەرتا روو یان کرده منداله دوله مەندەکان ، گوی یان به ( محمد  ) هیتیم نەدا تا کو له گه ل خۆیان بی بەن بۆ گوندو لادی .

حليمه ئەلی  : منیش کاتیك که گەیشتم هیچم ده ست نەکه وت چگه له ( محمد  ) نازدار چونکه هه موویان بۆ خۆیان بردبوو ،

حليمه ئه لی : منیش له سەره تاوه نەم ویست هەلی گرم ، بەلام  له دوایی دا هیچ مندالیکی تر دەست نەکەوت چگه له رۆشنای چاومان ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم  ) ، دەلی : که که سیکی ترم ده س نه که وت ، به تنها له ( محمد  ) دا هیچ مندالیکی تر نەما بوو .

حليمه ئه لی : من روم نەهات به ده ستی به تالی و خالی به تەنیا بگه ریمەوه  له ناو ئه و هەموو ژنانەوه ، وه بیبجگه له مه له تانه و تەشه نه ئه ترسام ، کاتیك که بگه ریمه وه .

ئ

حليمه ئه لی : له گه ل ئه م هه موو کیشه و شتا نه شدا ، ئه بینم له خۆمەوه زۆر سۆزو خۆشەویستس ئه منداله هیتمه زۆر جوان و شرینه له دل مایه و دلم بۆ ی لیده دا چونکه زۆر جوان ژیکه‌لەو خنچیلانه و نەرم و نیان بوو .

حليمه ئه لی : پیم ناخۆش بوو هەوای چه پەلی ناو شار ئازاری پی بگه ینی .

حليمه ئه لی : که می وتوو ویژم کرد له گه ل دلی خۆما و ئه بینم تای ترازووی خۆشەویستی و سۆزم بۆ سه نگین بوو ، هەستم کرد مه مکه کانم پر بوون له شیرو له خۆیانەوه ئه بزوین بۆ دەمی ( محمد ) ی رۆشنای چامان ( صلی الله علیه وسلم )

حليمه ئه لی : بۆ ووتم بەپیاوه که م:چه ندم پی خۆشه که ئه م کوره جوانه هیتمه هەل بگرم هەرچەنده هیوامان کەم بی به ده ست کورتی و هەژرای خیزانەکه ی بۆ مان .

حليمه ئه لی : پیاوه که شم ووتی : خۆت ئەزانی وه زۆر نزیکه که ( خوای گەوره ) بیکا به هۆی خیرو بیر بۆمان .

حليمه ئه لی : ئیتر به خیرایی رۆیشتم و منداله شیرینه که م کرده باوەش وده ستم خسته سه ر سنگه نەرم و نیانەکەی و ئه ویش کەوته بزەو زەردەخەنه بۆم ، وه چاوه گه ش و ره ش و بریسکەدارەکانی کردووه دلی هەموو مرۆڤی کی ئه فراند ، منیش پر به دەم ماچم کردو هەلم گرت و ها تمەوه بۆ قوناغ و ، له باوەشما دام ناو مه مکی راستم دایی دەمی ، ئەبینم زیاتر له تیر خۆری تیدا بوو ، دواتر مەمکی چه پم پیدا نه ی گرت و نەی خوارد ، هیشتی بۆ برا شیریه کەی به جی بهیلی ئه مه بیشه ی هه میشه یی بوو هه موو کات وای ده کرد .

ئ

حلیمه ئه لی : له مه ش سه‌یر تر ئه مه بوو ، پیاوه که م ، هه‌لسا چوو بۆ لای ووشتره که بەلکو کەمیك شیری لی بدۆ شی وه بیخه‌ینه بەردلمان و کەمیك تینویە تی برسیه تیمان بشکینی هیواش بکاته‌وه ، که چی ئه بینین گوانه کانی له بەر شیر له ناو لینگیا جی نابیته‌وه ، که ئه کاته ی هاتین دلۆپیك شیری تیدا نه‌بوو ، بەلام پیاوه که م ده ستی کرد به دۆشینی ئه وەندی تیدا بوو و هه تا هه‌موو مان تیر و بووین لیشمان ما یه‌وه ، ئه م شه وه شمان به خۆشی و تیرو پری به سەر برد .

حلیمه ئه لی : پیاوه که م به یانی پی ووتم به خوا حلیمه : تۆ مندالیکی به خیرو به بەرکه ت و پیرۆزت دەست که وتووه .

حلیمه ئەلی : ئینجا به یانی به خۆشی ری که تین و سواری گوی دیژه کەم بووم و زۆر به په له مندالە کەم گرت به سینگمه‌وه و هاتین ، به جۆریکی وا بوو که هه موو کاروانه که مان به جی هیشت ، وه هه موو کاروانه که و ژنه کان سەریان سور ما و! پیم نه ئه گه یشتن .

حلمه ئه لی : ئینجا کاروانه که هاواریان لی هەستا ووتیان : حلیمه تۆزیك به هیواشی برۆ ، به زەیت بیته‌وه پیمان .

حلیمه ئه لی : کاروان چیه کان و ژنه کان ووتیان : ئایا ئه مه گوی دریژه که ئه و سەرت نیه که پی هاتیت ، که ده می دای ئه خستی و ده می بەرزی ئه کردیته‌وه ؟

حلیمه ئه لی : ووتم به لی هه ر ئەو گوی دریژه یه !

حلیمه ئه لی : ژنه کان ووتیان : به خوا ئه مه به خۆرای نیه و شتیکی سه‌یر ! روویداوه !

حلیمه ئه لی : چووینه‌وه جیگای خۆمان له هه‌واره کانی بنی سه عدا، گومان ناکەم خاك ببی له وەر وشك بی به هره تر که چی دوای ئه وەی ( محمد ) ( صلى الله عليه‌وسلم ) بردو ماله که مان زۆر بەرەکەت بوو ، ئاژه له کا نمان کەبه یانی ده رۆیشتن بۆ له وەرگا ئیواره به گوانی پر له شیر ده گه رانه‌وه ، له کاتیك دا دراوسیه کا نمان تینوی دلۆ پیکی شیر بوون .

ئ

حليمه ئه لی : ئاژەلی هۆزە كه مان وانه بوون ، بۆ یه ئه یان ووت: به شوانه كانیان : داوەشێن بۆچی له لەوەرگای ئاژالی حلیمەدا ئاژەله كه تان ناله وەرینن ؟

حلیم ئه لی : به م پی یه به ئاشكرا خێرو بێرمان ئه بینی له هەمو شتێكا تا دوو سال تەواو بوو ، به پیی ده ستوورو باو ( محمد ) ئازیزم له شیر بری یەوه وه به فەرمانی ( خوای گەوره ) ئه بوو به شیوه یه كی ناوازەو جیاواز له مندالانی تر ..

حلیمه ئه لی : ( محمد ) رۆشنای چاومان كاتێك گەوره بوو ، وەك مندالیكی ئاسایی نه بوو بەلكو زۆر زوو خۆی گرت وه زۆر وووریابوو ، حلیمه ئه لی : ئیمه ش زۆر سوور بووین له سەر ئەوەی كه له نامالندا بمینیتەوە ،چونكه دەمزانی به هاتنی ئه و تاكو ئه كاته ئیمه چ به ره كه تیك رووی تیكردبووین كه وا سەیر بوو ! هیچ شتێكی وامان نه بینی بوو به خۆمانەوە .

حلیمه ئه لی : ( محمد ) رۆشنایی چاومان تەمه نی نەگه یشته نۆمانگ كەوته دواندنو قسه كردن و به شیوه یه كی شرین و دل فه رین قسه ی ده كرد .

حلیمه ئه لی : ( محمد ) رۆشنایی چاومان نەخۆی پیس و چه پەل ئه كرد و نه ئەگریاو نه بیانۆی ئه گرت و نەهاواری ئه كرد .

حلیمه ئه لی : ( محمد ) رۆشنای چاومان هه ركاتێك له شەو بیزار بایه و خەوی لی نه كه ت با ئه م برده دەرەوە له ئه ستیره كانی به وردی و به تیژیی ئه روانی ، وه خۆشی لی وەر ئه گرت كه ته ما شایی ئەستیره كانی ئه كرد و چاوی ئه نا به یه كەوه خەوی لی ئه كه ت .

حلیمه ئه لی : دوای تی پەر بوونی دوو سال ، وه برینی شیر له ( محمد ) ی ئازیزمان ، وه به پی یاسای دایانەكانی ئه و كات ، حلیمه ئه لی : نا چار بووم بیبه مه وه بۆ شاری ( مككه ) بۆ لای دایكی ( ئامینه ) ئه و دایكه به ریزه ی كه ئاوات خواز بوو هه میشه كوره شرینه كه له پاوەش بگری له بەر چاوانی بی و ، دله كه ی پی بحه سیته وه ، چونكه بیجگه لەوەی تاقانه رۆله ی به خه یالی یادگاری باوكی كه جوانەمرگ بوو .

ئ

حلیمه ئه لی : نه م ئه توانی به بی ( محمد ) رۆشنای چامان بژی ، چونکه خۆشی و ئاسوودەی و به ختەوەری خۆی و خیزانەکه ی، له بوونی ( محمد ) دا ئه بینی ، بۆیه تکاو پارانەوەی زۆری کردو خۆی دا به سەر دەست پیی خاتوو ( ئامینه ) ی دایکی نازدارمان .

حلیمه ئه لی : ووتم : نابینی چۆن ئاوو هەوای پاك و خاوین و بی گەردی دەشت و دەری پی کەوتووەو دلت نایه سەیری بکه ی ، وه چەند جوان پی ی گرتووه !! وه ئه ترسم هەوای پیس وتیکه لاوی ناوشاری ( مککه ) لیدا و نەخۆشی بکەوی ، وه تۆش دوای په شیمان ئه بیتەوه .

خاتوو ( ئامینه ) هه ر چه نده زۆر به لایه وه ناخۆش بوو ، له بەر خاتری ئه منداله ناوازه یه دلی دایه نه که ی پی رازی بوو ، ( محمد ) ی رۆشنایی چاومان بگه رینیتەوه بۆ ناو بنی سەعد و گونده که یان ، هەلبه ته ( ئامینه ) پرسی به باپیری کرد واته ( عبدالمطلب ) ئینجا کوره کەی دایه وه به حلیمه بردی بۆ گونده که یان .هه ر بۆ یه له دوای دا پیشه وایی هه موو مرۆڤایەتی گه رایه وه بۆ بیابان سی – یان دوو سالی تر له ویدا برده سەر له م ماوه یه دا ، له ش ساغ و تەندروست و بتەو بوو ئه ندا مه کانی له شی ، به هۆی خۆرای بیابانەوه سادەو سروشتی گوند ، هه روەها ماسولکه کانی له شی داریژرابوون به تین بوون ، به شیوه یه کی ناوازه گه شەی ده کرد و پی ئه گه یی و گەوره ئه بوو ، هه روەها بەبی هیچ جۆره نه خۆ شیه ك گەوره ئه بوو ، هەروەها به پی یاسای گونده کانی بیابان ده بوایه فیری جۆره ها کاروبار بیت وه ك وەرزش و یاری و سوارچاکی و زۆران بازی و .. هه روەها کاری به خیوکردنی مەرو مالات و شوانی و راکردن ، وەهەروەها له رووی زمانەوانی دا فیری روان بیژی تەواو بوو زمانیکی پارەو رەوان فیر بوو .

ئه مه له لایه که وه له لایه کی تریشەوه ئه و ژیانه سه خته ی که له گونده کان هەیان بوو به هۆی سرشتی ژیانی بیابان وه ك ساردی گه رمی کۆله مه رگی دوره ده ستی له شاره کاندا سەرەرای هه مووئه مانه فیری خۆراگری بوو ، فیری ئارام گرتن بوو له بیاباندا ، بۆیه ئه مان هه موویا توانیا ( محمد ) قائد و سەروەرمان ئاماده بکه ن بۆ چوونه ژیر باری دان به خۆ دا گرتن ئارا گرتن له سەر زەحمەتیه کاند .

ئ

هەروەك پيغه به رى خوا (صلى الله عليه وسلم ) زۆر به لايه وه خۆش بوو ياد كردنەوەى ئەو ژيانه ى كه له نا و هۆزى (بنى سعد ) دا ژيا بوو ، ئەى فه رموو : (( له نازو نيعمه تەكانى (خواى گەورە ) بەسەر مەوە كه له دايك بووم له ناو هۆزى قوريشدا كه بريز ترين هۆزە كانه ، وه گەوەرە بووم له بيابانى بنى سعد دا كه باشترين جيگايه له خاى حيجازا )).

ئ

## شق كردنی سینگی پیغەمبەری خوا ﷺ

ئا بە شیوە یە رۆشنایی چاومان ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم ) لە ناو ( بنى سعد ) دا مایە وە ، واتە لە ژێر سەرپەرشتی دا یە نەکەی دا ( حليمه ) بوو ، ئە وە بوو لە م ماوەیە دا مایە وە تاکو تەمە نی بووە چوار سال یان پێنج سال ، ئە وکات رووداویکی سەیری !! روویدا ئەویش رووداني شق كردنی سینگی سەر وەرمان ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم ) روویدا ، ئەم رووداوش هاوەلی بەریز ئەنس ( خوا لی رازی بیت ) ئە گیریتەوە ، هەروەك لە الصحيحين دا هاتووە ، کە دە فەرموویت : (( أتاه جبريل ، وهو يلعب مع الغلمان ،فأخذه فصرعه فشق عن قلبه فاستخرج القلب ، واخرج منه علقة فقال : هذا حظ الشيطان منك ، ثم غسله في طست من ذهب بماء زمزم ثم لأمه – أي خاطه - ، ثم أعاده إلى مكانه ، وجاء الغلمان يسعون إلى أمه – يعني مرضعة – فقالوا لها : إن محمدا قد قتل ، فاستقبلوه وهو منتقع اللون – أي قد تغير لونه - )). رواه الصحيحين بخاري والمسلم .

واتا : یاری دە کرد لە گە ل مندالان لە و کاتە دا جبريل هاتە لای ، ئە وجا گرتی وخستی بە زەویدا و ( سنگی ) ل تکردو دلی دەرهینا ، وە لە پارچە یە کی هەلواسراوی لە دلی هینایە دەرو ووتی : ئە مە بە شتی شیتانە لە تۆدا ، پاشان لە تەشتیکی ئالتوندا بە ئاوی زەمزەم شوشتیەوە و ، پاشانیش سینگی دوریەوە و ، ئە جا گەراندیەوە شوینی خۆی ، ئیتر منالە کان بە پەلە هاتن بۆ لای دایکی – واتە شیر دە رە کە ی ( حليمه ) پییان گووت : بە راستی محمد کوژرا ، ئەوجا کە بینیان و پیشوازیان لی کرد رەنگی بە تەواوی گۆرابوو )).

پاش بیستن و بلاو بونەوەی رووداوە کە حلیمە ی دایەنی ترس چووە دلیەوە لەوەی محمد شتیکی بە سەر هاتبیت ، ئیتر گەراندیەوە بۆ دایکی ، لای دایکیشی مایەوە تاکو تەمە نی بووە شەش سالان و ئینجا لە تە مەنی شەش سالی دا ( ئامینە ) دایکی وەفاتی کرد ، پاشان ( عبدالمطلب ) باپیری بە خیو کردنی ( محمد ) ی ئازیمانی گرتە ئەستۆی خۆی ، دلی زۆر پیی سوتاو دلنەرمی و خۆشەویستیە کی تەواوی لە گە ل نواند ، تەنانەت ئەوەندی خۆش ئەویست ، خستبویە پیش هەموو کورە کانیەوە و لە وان زیاتر گرنگی پی دەدا .

ئ

هه ر له م رووداوه دا رووداوی شق کردنی سینگی پیشه وای مرۆڤایه تی له ریوایه تی کی تردا حلیمه ئه لی :پاش ئه وەی دوو سالی تر دایکی ئازیزمان واته (ئامینه ) مندالە کەی پیدایینەوە ، گه راینەوه ماله وه .

حلیمه ئه لی : له دوای هاتنه وەمان به چه ند مانگیك رووداویك رووی دا ئه ویش ئەوە بوو که پیغه مبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وسلم ) له ناو مه ره کا نما دابوو ئه ی رەوەلاند له پشت ماله که مانەوه ته نها خۆی برا شیریه که ی بوو واته کوره که حلیمه ، به یه که وه بوون ئەوەندە مان زانی کوره کەم گەرایه وه بۆ ماله وه ووتی : دوو پیاو پۆشاك و به رگی شپی یان له بەر دابوو ، ( محمد ) (صلى الله عليه وسم ) برامیان گرت و به پشدا خستیان وه سینگیان شق کردو وا پارچه پارچه ی ده که ن .

حلیمه ئه لی : من و باوکی به په له رامان کرد بینیمان رۆشنای چاومان پیغه مبەری ئازیز و سەروەرمان پیشه وایی ئوممەتی ئیسلام ( محمد ) (صلى الله عليه وسلم ) دانیشتبوو رەنگی تیك جوو بوو .

حلیمه ئه لی : به ئازیزمان ووت : چیت بینیوه ؟ حلیمه ئه لی : ئازیزمان به هەمان شیوه ی کوره که م بۆی گیراینەوه ووتی : دووپیاوی بەرگ سپی هاتن بۆ لام ومنیان خشت به پشت داو سنگیان شق کردم شتیکیان لی دەرهینام نازانم چی بوو .

حلیمه ئه لی : ئیمەش بردمانەوه بۆ لای خیوەتگاکه ی خۆمان وه پیاوه کەم ووتی : حلیمه

دەترسم ئه کوره تیك چوویبیت یان شەیتان دەستی لیوەشاندبیت ، تکایه زۆر زوو بیبەینەوە بۆ لای دایکی (ئامینه ) وه خزمانی لەشاری (مککه ) .

ئ

حليمه ئه لی : ئیمەش زوو هینامانەوه بۆ لای دایکی ( ئامینه ) و ئەویش سەری سورما چونکه ماوەیه کی کەم له مەو پیش ئیمه دوامان لی کردبوو تا ریگەمان بدات بیبەینەوه بۆلای خۆمان ، دایکی ( ئامینه ) ووتی : بۆچی بەم زوو هیناتانەوه ، چونکه ئیوه زۆر پیداگریتان دەکرد له سەر مانەوەی له لای خۆتان ؟

حلیمه ئه لی : منیش ووتم : کوره که مان به خیوکردووه و خۆی گرتووه و راسپاردەی خۆمان وەکو پیویست جی به جی کردووه ، وئیمەش ترساین نەوەك تووشی شتیك بیت بۆیه وا باشه هه ر له لای خۆت بیت واته دایکی ( ئامینه ) .

حلیمه ئەلی : ( ئامینه ) ی دایکی ئازیزمان ووتی : حلیمه قەت کاری تۆم به م جۆره نه بووه ، راستم پی بلی چیت بینیوه له م کوره ؟

حلیمه ئەلی : منیش ووتم : به سەر هاته کەم بۆ گیرایه وه ، حلیمه ئەلی : دایکی ئازیزمان هەر به خه یالیشدا نه هات و هیچ بایه خی پی نەدا .

حلیمه ئەلی : دایکی ئازیزمان ووتی : حلیم ە ترسایت که شیتان ده ستی لی بوەشینیت ؟

حلیمه ئه لی : منیش ووتم :به لی

حلمه ئه لی : ئه ویش ووتی : نەخیر والله شیتان دەستی ناگاته ئه م کوره ، و له پاشه رۆژیدا ده بیت به که سیکی بایه خدار ، چونکه من له کاتی له سکم دابوو بینیم له خەوم دا نوریك لیمەوه دەرچوو کۆشکه بەرزەکانی بوکسرای و هه رقلی شامی رووناك کردەوه .

ئ

## ئه م به سەرهاته له چه ندین ریوایەتدا هاتووه له وانه :

-ئه نسی کوری مالك ( خوا لی رازی بیت ) ده فەرموویت : ( جبریل هات بۆلای پیغه مبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) یاری دەکرد له ناو منداله کاندا گرتی و دای به زەویدا و لای دلی له ت کرد و دلی دەرهینا و پارچه گۆشتیکی لی دەرکرد و فری دا ووتی : ئەوەش به شی شیتانه له تۆدا ، وپاشان دلی شۆر دەوه له ته شتیکی ئالتون زیر دا که پر بوو له ئاوی زەم زەم و پاشان خستیەوه جی ی خۆی و به یه کیەوه لکاندەوه و منداله کان ریان کرد بۆ لای ( حلیمه ) وپییان ووت : محمد کوژراوه ئەوانیش ،چوون بۆ لای و بینیان پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رنگی تیك چووه .

ئه نس ده فەرموویت : ( من جیگای ئه م دورینەوەم له سنگی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم دەبینی ). اخرجه مسلم ٢٦١ .

-له ریوایه تیکی تردا ئیبن ئیسحاق دا له ( ثوري ) کوریه زیدەوه ئەویش له خالدی کوری مەعدانەوه دەگیریتەوه ،و دەفەرموویت :(هەندیك له هاوەلانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پرسیاریان له پیغه مبەری خوا کرد ووتیان : ئه ی پیغه مبەری خوا پیمان راگه یەنه سەرەتایی پیغەمبەرایه تیت چۆن بوو ئەویش فەرمووی :( نعم ، أنا دعوة أبي إبراهيم ،وبشارة اخي عيسى ، و رات امي حين حملت بي أنه خرج منها نورا أضاءلها قصور الشام ، واسترضعت في بني سعد بن بكر ، فبيما انا مع اخ خلف بيوتنا ،نرعى بهما لنا اذ أتاني رجلان عليهما ثياب بيض بطست منذهب مملوءة ثلجا فاخذاني فشقا بطني ، واستخرج قلبي فشقاه فاستخرجا منه علقه سوداء فطر حاها ، ثم غسلا قلبي وبطني بذلك الثلج حتى أنقياه ) قال ( ثم قال أحدهما لصاحبه : زنه بعشرة من أمته ، فوزنني بهم ، فوزنتهم ، ثم قال : زنه بمائة من امته فوزنني بهم فوزنتهم ، ثم قال زنه بألف من أمته فوزنني بهم فوزنتهم ، فقال : دعه عنك فو الله لو وزنته بامته لوزنها ) اخرجه ابن هشام والبيهقي والطبراني .

ئ

واتا : ( من دوعاكه ى ئیبراهیمی باوەگەورەم بووم ومژدەی عیسی برام بووم  ودایكم بینی نوریك لیوه دەرچووه كۆشكه كانی شامی رووناك كردەوه و له ناو كورانی بنی سعد كوری بكردا دایه نگا بووم ، وله وی به خیو كرام وه كاتی من برایه كەم له پشتی ماله كانماندا مەرمان دەلەوەراند ، دووپیاو  كه پۆشاكی سپی یان لەبەر دابوو ، هاتنه لای من و تەشتیكی ئالتونییان پی بوو كه پر بوو له به فر ، پاشان منیان گرتوو دلیان دەرهینام و كردیان به دووكەرتەوه و پارچه یەكی رەشیان لی دەرهینام و فرییان دا  پاشان دلیان شۆردمەوه به و به فره و سكیشیان شۆردم تا پاكیان كردەوه و یەكیكیان به وی تریان ووت : بیكیشه به ده كه س له ئۆمەتەكەی ( واته ئیمانی ده كەس له ئۆمەتەكەی ) ئەویش  من ی كیشا لەده كەس كه قورستر بووم ، پاشان ووتی : بیكیشه به سه د  كه له ئۆمه تەكه ی ، ئەویش منی كیشا له سەد كەسه كەش قورستربوو، پاشان ووتی : بیكیشه به هەزار كەس له ئۆمەته كه ی ئەویش منی كیشا من له هەموویان قورستر بووم ، دوای ووتی : وازی لی بیهینه ئه گەر بیكیشیت به هەموو ئۆمه ته كەی هەر ئەو قورستره ).

ئ

## وەفات کردنی ئامینەی دایکی پیغەمبەری خوا ﷺ گرتنە ئەستۆی با پیری

ابن إسحاق دەفەرموويت : عبدالله كورى ابو بكر بۆی گیرامەوە :( کە پیغە مبەری ( صلی الله علیه وسلم ) دایکی بروديه تی بۆ لای خال وانی لە بنی نجار بۆ سەردانی شاری مە دینە لە کاتی گەرانەوەیان دا بۆ شاری ( مککە )لە ( ئیبواء) کە ناوچە یە کە لە نیوان شاری ( مککە ) و ( مدینە ) ، لەو یدا دایکی پیغە مبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کە دە کاتە خاتوو ( ئامینە ) کۆچی کرد ، لە و کاتەدا تە مە نی ئازیمان شەش سالی بوو ).

وە لە ریوایە تیکی تردا هاتووە کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گە ل ئوم ئە یمەن وە لە گە ل خزمەتکارە کەیدا گە راوە تەوە بۆ شاری ( مککە ) .سیرە ابن هشام والبیهقی

وە لە (ئیبواء ) دا دایکی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە وی ناشت ، وە لە سالی رزگار کردنی فتح مکە شاری ( مککە ) دا پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سەردانی گۆری دایکی کرد کە لە و جیگە یە ی کە ناشتبوويان .

وە ك ئە بوو هورەیرە دە فە رموويت : ( پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گە رایەوە و گە یشتە ( ئیبواء ) لە وی ووشترە کە ی راوەستاند ، پاشان چووە بۆلای گۆرە کە ی دایکی زۆر گریا و کە س وە ریز نە چوو تا بزانیت بۆ دە گری ، تەنها ئیمامی عمر نە بیت نزیك بۆوە و پی ووت : بۆ چی دە گریت ئە ی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تائیمەش بگرین ؟

فەرمووی : ئە مە گۆری ( ئامینەی ) کچی وەهبە دوام لە ( خوای گەورە ) کرد کە ریگە م بدات دوای لیخۆش بوونی بۆ بکە م ، ریگە ی نە دام دوای دوام کرد سەردانی گورە کە ی بکە م ( خوای گەورە ) ریگە ی دام ).اخرجه احمد ، و ابن ابی شیبه ، والبیهقی ، سیره ابن هشام .

ئ

هه روه ها هه ر وەك له پيش تر ووتمان پيغەمبەر ی خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له گوند يا له بيابان ده ژيا له لای هۆزی بنی سەعد و له لای دايه نه كه ی ( حليمه ) دوای چوار سال له لای ( حليمه ) بوو ، پاشان گه رانديه وه بۆ لای دايكی خۆی ( ئامين ) ، هه روەها هاتەوه لای دايكی بۆ ماوه يه ك له گه ئه و دا بژی ، نەوەك ئەويش زۆری به دونيا وه نه مابی و ، وه ك باوكی به جيی بهليی ..

خاتوو ( ئامينه ) دايكی پيغه مبەری ئازيزمان ( صلى الله عليه وسلم ) به چاويكی زۆر به ريزه وه سه يری ( محمد ) نازداری ده كرد و ، چونكه ئه و منداليكی ئاسايی نيه ، وه مندلان ..

هەر ئه وه بوو ئه و منداله ديار بوو پاشه رۆژيكی گەش و روونی هەيه و ، بۆ كاريكی تاييه تو مه زن به دی هينراوه ..

ئه وه بوو دوای مردنی دايكی ئازيزمان كه ته مه نی رۆشنايی چاومان شەسال بوو دايكی وەفاتی كرد و ، وه دوای وەفات كردنی دايكی ، هيتيم مايه وه بی دايك و باوك بوو ،

ئه وه بوو ( عبدالمطب ) ی باپيری زيده جەرگه كه ی خۆی گرته ئه ستۆو هينايه وه بۆ ( مككه ) له لای خۆی هيشتيەوه ، زۆر بەزه يی پيا ده هاتەوه و ، نه دايكی هه يه نه باوك ، به هۆی ئه مه بوو له هه موو منداله كانی تر به زه يی زياتر پيياده هاتەوه ، له خۆی زياتر نزيكی ده خستەوه ، وه نه ی ده هيشت تەنيا بكه ويت و دلی به خۆ دا بسووتيت ، هەركات نانيشيان بۆ باپيری دابنايه نه ی ده خوارد هه ت ( محمد ) ئازيزی بانگ نه كرد بايه ، جا دلدانەوەی باپيری بووه هۆی ساريژكردنی زامی بی دايك و باوكی ( محمد ) ی رۆشنايی چاومان .

له و لاوه ش ( ئوم ئه يمن ) سه رپه رشتی به خيوكردنی ده كرد ، هه تا كو گەوره بوو چاكەی ئوم ئه يمن له بەر چاو بوو ئه ی فەرموو : ( هی امی بعد أمی ) .

ئ

ده گیرنەوه ده لین : ( عبدالمطلب ) فه رشیکی گەوره ی تایبه تی خۆی هه بوو ،که له سیبه ری کەعبەدا بۆیا رائه خست ،هیچ کوریکی له سەر دا نه ده نیشت بەلکو هه موویا به دەوری فەر شکه دا ئه نیشتن چاوەروان بوون باوکیان له مال دەرچیت و بیت له سەری دانیشیت ، که چی رۆشنایی چاومان ( محمد ) که ته مه نی حه وت هه شت سال بوو ،

ئه هاتوو ئه چوو له سەر فه رشکه ی با پیری ( عبدالمطب ) دا ئه نیشت ، وه مامه کانی ئه یان ویست هەلی بسینن و دەری که ن ، جا ئه گه ر با پیری چاوی له و کاره یان بوایه ئه ی ووت : واز له م کوره م بهینن ، ده به خوا خاون پایه و پله ئه بیت ، له دوای ئه وه له گه ل خۆیدا لەسەر فه رشه که ی دا ئه نا و ، ده ستی راستی به پشتیا دا ئه هینا و ، باوه شی لی ئه دا ئه شی گوشی به خۆ یه ، وه به هەلسو که وت کرده وه کانی ئازیمان یه کجار دلخوش ده بوو .

هه روەها ( که ندری کوری سەعید ) دەگیریتەوه له باوکیەوه و دەلیت : ( له نەفامیدا چوم بۆ حه ج و بینیم پیاویك زۆر پەرۆشانه دەسورایه وه و تەوافی دەکرد به چواردەوری که عبه دا و ده ی ووت : (( رب رد الی راکبي محمد رده ربي الی واصطنع عندي یدا ) .

واته : ئه ی پەروەردگار محمد سوارچاکی خومم بۆ بگه رینەوه خوایه ئه چاکەیه م له گه لدا بکه . ئەلی : منیش ووتم : ئه مه کی یه ؟ ووتیان : ئه مه ( عبدلمطلب بني هاشم ) هه ندیك ووشتری لی وون بووه و کوریکی خۆی ناردووه به دوایدا و هیشتا نه گه راوەتەوه کورەش هه رگیز وا نه بووه دوابکەویت بۆ هەر ئیشیکی ناردبی زوو ده هاتەوه ، وه ئه فەرموویت : ئه وەندەی پینه چوو پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ، وه له دوایدا کوره که پیدا بوو ، وه ووشتر کانیشی په یدا کرد بوو ، له گه ل خۆی هینابوویه وه که ( عبدالطلب ) بینی پیی ووت : ( یابني لقد حزنت علیك کالمرأة حزنا لا یفارقني أبدا ).

واته : کورم خه میکم بۆ خواردی هه رگیز بیر نا چیتەوه ، هه ر له دلم دایه وه ك دایکیکی جگه ر گۆشه چه ند خه می ده خوات به م شیوه یه منیش خه می تۆم بوو ). اخرجه طبراني معجم الکبیر ، بیهقي دلائل النبوة ،ابن هشام ، بدایة والنهایة ابن کثیر .

ئ
هەروەها دوای ئەوەی ( محمد ) ی رۆشنایی چاومان گه یشته هه شت سال و دوومانگ و ده رۆژ ،

( عبدالمطلب ) له شاری ( مككه ) كۆچی دوای كرد ،وه پیش مردنیشی وای به چاك زانیی ( محمد ) ئازیزمان بدا به ( ابو طالب ) كوری چونكه ئه و برای دایك و باوكی عبدالله بوو .

به لی پیغه مبه ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بی دایك و باوك گه وره بوو هه ر له ته مه نی منداليدا دایك و باوكی خۆی له ده ست ، ئه مه ش تا قی كردنه‌وه‌یه كی خودایی بوو ، بۆ پیشه وای جیهان سەر وەرمان ( محمد ) هه لبژارد راوی ( خوای گه وره ) ، بی گومان ئه و به بی دایك و باوك گه و ره ، كۆلیكی قورس و فه رمانبه ریكی زۆر گرنگ چاوەریی دەكرد ، بۆیه ده بوو هه ر اه سەره تاوه خۆی بۆ ئاماده بكات ، بەلی ده بوایه بگاته چله پۆپه ی ( ته وەكل ) و ، ئاماده باش بی بۆ روو به روو بوونەوەی هه موو كیشه كان ، ئه وه تا ( خوای گەوره ) پاراستی له ده وله مه ندییه كی زۆر كه بەره و خۆ بەزل زانیی ببات ، هەر وەك چۆن به دووریشی گرت له هەژاریەكی رسواكه ر ، كه تووشی كه ساسی و زه بوونی بكات ، به لی بی گومان ( خوای گەوره ) مرۆڤیكی مامناوەند و راسترەو راستگۆ ماندو نەناس و بۆگه یاندی په یامه كه ی خۆی دروستی كردووه و له گشت قوناغه كانی ژیانیدا له زیادەرەوی و كورتبری ( الافراط و التفريط ) پاراستوویەتی ..!!

ئ

به لی زۆر گرنگه بۆ قائید یك یان بۆ پیشه وایەك به م جۆره رۆژگاره ناهەموارانەدا تیپەری ، پیویسته بوو مانای هیتیمیی زۆر به باشی تی بگات ، تاکو له گه ل به رده سته کانیدا وه باوکیکی به سۆز و دلۆڤان رفتار بکات ، هه ر که سیش به بی دایك و باوکیی چه شتبی ، ده توانی ببیته باوکیکی به زەیی و به سۆز بۆ نه ته وه که ی و بۆ ئوممه ته که ی ببیته پیشه وا سەرکرده و قائد ، وه هه روەها پیویست بوو تا می هه ژاری و نه داریش بچیژی ، تا وەکو هه ست به گیرو گرفتی ئەوانه بکات که هه لده سی به بەریوه بردنی لایه نەکانی ژیانیان ، به م جۆره خوورەوشتی یارمه تیدانی هەژاره بی نەوا کان و دەست هینان به سەریاندا و ، به خیوکردنیان و بایه خ پیدانیان ، له و ئاکاره بەرزانەی پیغه مبەری خوا بوون ، که رەگ و ریشه یان ده گه رایه وه بۆ ئه م قو ناغی ژیانی ،بەلی ئه و خۆی چاك هیتیمی چەشتبوو ، له و ئاوەی نۆش کرد بوو و هەواکەشی هه لمژیبوو، بۆیه تەنانەت کاتیکیش گه یشته لوتکه ، دەستبەر داری ئه م خۆ ره وشته جوانانه نەبوو و ، ئه ژیانه ساکاره ی هەر مایه وه ..

ئ

## پیغەمبەری خوا ﷺ لە لای ( أبو طالب ) ی مامی

بە لی  پیش مردنی ( عبدالمطلب ) سەرپەرشتی کردنی ( محمد ) دایە دە ستی ( أبوطالب ) ی کورەکە ی ، چونکە برای دایك و باوکی عبدالله باوکی ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم ) بوو ،

سە رپە رشت کردنی ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم ) دایە دە ستی ئە و ، چونکە پیاویکی دل ژیرو خاوانە صدیقە ی جوان و بەریز باوەر پی کراو بوو ، لە ناو هۆزی قوریش لە بنی هاشم ، بە لی ( ابوطاب ) ( محمد )ی برا زای تەمە ن هە شت سالی زۆر خۆ ش دە ویست سۆزی لە گە ل دەر ئە بری و لە هە موو منالە کانی خۆی ئازیز ترو لە بەر تر بوو بە لایە وە ، وە زیرەکی و ئە مینی و دە ست دە م دلپاکیکی فراوانی تیدا بەدی ئە کرد ، بۆیە هە تا پی ی لە لای بوو رۆژ بە رۆژ زیاترو زیاتر لە بەر چاوی شیرین ئە بوو زۆر تر دلی پیوە بوو ، بە رادە یە چوو بوو بە دلیا نە ی ئە توانی ساتیك بی ئە و بژی ، وە پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر هۆگری مامای ببوو ، وە جیابوونەوەی زۆر سە خیت بوو بە لایە وە ..

وە نەبی ( ابو طالب ) گەورە ترین کوری یان دەولە مەندترین کوری ( عبدالمطلب ) بووبی، بەلکو ما قوول ترین و پایە دارترین و نەفس پاك ترین کە سی قورەیش بوو ، هە ر وەها ( محمد ) ی برازایشی یە کجار خۆ دە ویست ، بەرادە یە ك هیچ کام لە کورە کانی خۆی ئەوەندە خۆش نە دە ویست ، بەلکو ( محمد ) ( صلى الله عليەو سلم ) ی پیش هە موویا ئە خست ، ئە بوو لە گە ل خۆیدا نانی بخوارد بوایە و بخەوتایە ، هە روەها کە لە مالیش دەر ئە چوو لە گە ل خۆیدا ئە ی برد ، بۆ یە هە موو کات بۆ نان خواردن حیسابی بۆ ( محمد ) یبرازای دە کرد ، بۆیە ( ابوطالب ) ی مامی ئازیزمان لە کاتی مندالی پیغە مبەری خواد ( صلى الله عليه وسلم ) چاودیری دە کرد لە کاتی گەورە بوونی و پیغە مبە رایە تی بەر گری دە کرد هە ر بۆیە زیاتر لە چل سالدا ( ابوطالب ) بە دلسۆزیە وە سەرو کاری ( محمد ) برازای دە کرد.

ئ

ئیبن عساكیر له جه لهه مه ی كوری عەرفه تەوه تخریجی كردووه ده فه رمووی : ( هاتم مككه ، ئه بینم خەلكه كه گرانی یانه واته گرانی دا هاتبوو ..

قوریشی یه كان ووتیان : ( ابوطالب ) ! گرانی كه وته شیوه كەوه و ، مال و مندال هیچیان نیه بی خۆن ، ئادەی داوای باران بارین بكه ، ( أبو طالب ) یش هاته ده ره وه ،منداليكیشی له گەلدا بوو ، به وینه ی خۆری به هەور بەرگیراو ، كه هەوریكی رەش رەش لی رەوی بیتەوه و ، چه ند منالیكیش به دەوریا بوون ، ( ابوطاب ) مندا له كه ی بر دو ، پشتی نووساند به كه عبەوه و ، پەناشی بۆ په نجه ی مناله كه بردو ، قه له هەوریكی بچووكی بچووكیش به ئاسمانەوه نه بوو .. له هه موولایه كه وه هه ور په یدا بوو و ، به خورەم باران هاته خوارەوه و ، لافاوی شیوه كه هەلسا و ، دەر و ده شت سەوز بوو .

هه روه ها ئیبن ئیسحاق ده فەر مووی : ( عبدالمطلب له سەره مەرگ دابوو كاتی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تەمه نی هەشت سالان بوو ، سپاردی به ( ابوطالب ) چونكه له هه موو كورانی گەوره تر بوو ، وه هەروەها ( ابو طالب ) باوكی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هه ردووكیان له یه ك دایك و باوك بوو ). سیره ابن هشام و ، بیهقی ،و ابن كثیر فی البدایه نهایه .

ئیبن ئیسحاق دەفەروویت : ( ( ابوطالب ) له یه كیك له سەفەره كانیدا ویستی بەرەو ولاتی شام بروات ، كاتی ویستی دەربچیت و بروات ته ماشای ( محمد ) نازداری كرد و زانی ئه مندالە بی دایك و باوكو بی تاقەته بوو، زۆر دلی نەرم به زەیی پیدا هاتوه ووتی وەللاهی ده بی به بی ( محمد ) نەرۆم بۆ هیچ شوینیك ، وه ده بی له گه له خۆمدا بیبەم بۆ ئه م سه فەره ، كاتی گەیشتنه بوصرای نزیكی ولاتی شام راهیبیكی نصرانیه ت لی بوو ناوی بوحەیرا بوو له ( صەومعه ) یەكی خۆیدا بو زۆر شارەزایی له هه موو نەصرانیەت هه بووه زۆر زانا بوو )) . سیره ابن هشام ،بیهقی ، بدایه نیهایه ابن كثیر .

ئ

**هه روه ها له ( ابن عساكر ) ده گيريته‌وه له ( جلهمه ) ی كوری ( عرفته ) وه فه‌رمووی :**

**(( كاتيك چوومه شاری ( مككه ) خه‌لكه كه‌ی له وشكه سالی و بی بارانيدا ده ژيان ، ئه لی : خيلی قوريش ووتيان : ئه‌ری ( ابو طالب ) ؟ ده‌شت و ده‌ر مان بی ئاوه ، مال و مندال مان ووشك بوونه‌وه ، ئاده‌ی دوعای باران بارين بكه ؟ ئه لی : ( ابوطالب ) هاته ده‌ره وه مناليكی له گه لدا بوو ، وه ك خۆريكی تير وابوو كه تازه چه ند پله هه‌وريكی سورباوی له سه‌ر لا چوبيت و چه‌ند مناليكی تری به ده‌ور دابوو، ( ابوطالب ) ده‌ستی گرت و پشتی دايه به ديواری كه‌عبه وه ، په ناى بۆ په نچه ی منداله كه برد ، له و كاته دا په له ی هه‌وه‌ر به ئاسمانه‌وه نه‌بوو ،له چه ند گوشه يه كی ئاسمانه‌وه په‌له هه‌ور په يدا بوو ، ليزمه ی كردو ئاوی ته قی شيوه كه پر بوو ، له ئاوو ده شت و ده‌ر سه وز بووه‌وه ،**

ئ

## شوانیەتی کردنی پیغەمبەری خوا ﷺ

رۆشنایی چاومان ئازیز و پیشه وایی مرۆڤایه تی ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) به مندالی خه ریکی مه ر به خیوکردن بوو ، جاری وابووه بۆ خزمه کانی و ، جاری واش بووه بۆ خەلکی شاری ( مککه ) به مه و هه ر به مندالی سه لماندی ، که له سەر پیی خۆیه تی بۆ باری دارایی و بژیوی ژیان چاوی له که س نه بووه ، به ده ست بازووی خۆی بژیوی ژیانی په یدا کردووه ، کاسبی کردووه ، شوانیه تی کردووه مه ری بۆ خه لك لەوەراندووه ،بی گومان ئه م کارەش رەوشتیکی یه کجار بەرز ه ، ئه وه بوو کاتیك پیغه مبه ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گەوره بوو باسی شوانیه تی خۆی ده کرد زۆریش پی ی شادومان بوو ..

ئیمامی احمد له ابو سعیدی خضري ئه گیریته وه ئه فەرمووی : ( شوانی ووشترو مه ره کان له خزمەتی پیغەمبەری خو دا ( صلی الله علیەوسلم ) ده ستیان دایه خۆ هه لکیشان و شانازیی کردن ، پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) فەرمووی : (( الفخر والخيلاء في أهل الإبل ، والسكينة والوقار في أهل الغنم )) واته : فه رمووی فه خرو شانازیی بەلای شوانی ووشترەوەیه ، هیمینی و ویقاریش به لای شوانی مەره وەیه هه روەها فەرمووی : (( بعث موسى وهو يرعى غنما لأهل ، وبعث انا وأنا أرعى غنما لأهلي بجياد )). واته : فەرمووی : مووسا پیغه مبەر سلامی لی بی که کرا به پیغه مبەر مه ری بۆ خزمه کانم ئەلەوەراند .. منیش که کرام به پیغه مبەر مەرم له ( جیاد ) دا بۆ خزمه کانم ئه له وەراند .. هه روەها فه رمووی : (( ما بعث الله الانبياء إلا وقد رعى الغنم )) واته : فەرمووی : هه موو پیغه مبەریك مەری به خیو کردووه ، هاوەلانی ووتیان : تۆیش ؟ فەر مووی : (( نعم ، كنت أرعاها على قراريط لأهل مكة )). واته : فه رمووی : بەلی ، به چه ند قیراطیك مەرم بۆ دانیشتوانی مه ککه ئه لەوەراند .. )) صحيح البخاري .

ئ

به لی حیکمه تی ئه‌وه ش که پیغه مبه‌ران ( سه لامی خوا یان لی بیت ) پیش هاتنی وه‌حیی و نیگا بۆ یان مه‌ریان له وه‌راندوبی ئه‌وه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی به ریك و پیکی و به باشی به‌ریوه‌بردنی کاروباری ئۆمه ته که یان یان نه ته‌وه که یان رابین ، ئه‌ویش راهاتن له سه‌ر شه فه قه ت و به زه‌یی ، هه‌ر به منداليی له سه‌ر ئارام و به رگه گرتن رابین ، وه بیر له به‌رژه‌وه‌ندیی ده‌ورو به‌ریان بکه نه‌وه ، کارو باری خه‌لك را په رینن ،ئامۆژگاری خه لك بکه بۆ چاکه کردن وه دوور که وتنه‌وه له خرا په کاری ، بۆ یه شوانیه تی کاریکی پیرۆزه ، چونکه مرۆڤ به س بیر له به خیوکردن و له‌وه‌راندنی ئاژه له کانی ده کاته وه به باشترین شیوه ،غافل نابی له برسیه تیان غافل نه بی له خرا په کاریان ، هه روه‌ها دژی سته‌م و ناره‌وایی بوه‌ستیت ، بۆیه هه رکه سیك شوانی بکات و ئاژه‌له کانی به باشی سه‌رپه‌رشتی بکات دوور بیت له هه مووشتیك و خرا په کاریه ئاژه‌له کانی به ره و هه دیل نه‌بات ئه وا سه‌رکه‌وتوو ترین که سی لی ده ر ئه چیت ، هه‌روه‌ها وه ك سه‌ر په رشتی کردنی خیزانیکی سه‌رکه وتوو یان ئومه تیکی سه رکه‌وتوو دوور له خرپه کاری ، بۆیه ئیمه ده بی نین له ژیانی دونیا دا پاشایان پیشه‌وا یان سه‌ر کرده ی سه‌ر که وتوو ئه وه‌یه که به باشی مه لته که ی خۆی به‌ریوه ببات کاروباریان چاك بکات دوور له خرا په کاری و به دره وشتی ، هه‌ر مله تیك به روه و هیلاکی بچیت ئه‌وا هۆکاری سه ره کی پیشه وا که یه تی یان سه‌ر کرده که یه تی ئه و مله ته به‌روو خرا په کاری ده چیت ، هه‌ر بۆیه سه‌روه‌رمان و پیشه‌وایی مرۆڤا یه تی ( محمد ) ( صلی الله علیه‌وسلم ) له بیرمان نه چی که ( خوای گه‌وره ) له هه موو قوناغه کانی ژیانی ئازیمان چاودیریی تایبه تی کردووه تا کو تووشی هه له نه بیت ، به ره‌وشتی به‌رز و جوان په‌روه‌رده‌ی کردووه ، هه ر بۆیه شوانی کردووه به پیشه ی سه ره تایی تاکو به باشی کاروباری ئۆمه تی ئیسلام به‌ریوه به‌ری سه رکه وتوانه له کاره کا نی خۆی چالاك و کار به چی بیت ، هه ر له قوناغی نه فامیش به ره وشتیکی به‌رز و دوو له چه په‌لی قوناغی نه فامی پاراستوویه تی ، بۆ له سه رده می نه فامی شوانی به قسمه ت کردووه تاکو بژیوی ژیانی به به خیوکردنی ئاژه‌ل به ریوه به‌ری کاسبیه کی حلال و نانیکی حلال به ده ست بهینی ...

ئ

هه روه ها شاره زابی له کاروباری ژیان له ریگای به خیوکردنی مه رو مالات و ووشتر ، بۆیه رۆشنایی چاومان بوه به سه رکرد بووه به پیشه وا بووه به په یامبەر بووه به رووناکی بۆ هه موو جیهانی ئیسلام ، ئەم دینه پاك و بیگەردەی بۆ هیناوین له لایان ( خوای گه وره ) وه له ریگا ئه و پیشەوایه ئیستا جیهان به تەواوی رووناك بۆته وه رۆژ به رۆژ به رفەرەوان بوونی ئه م ئایینه پاکه له تەواویی جیهاندا به خه لکی سەر زەویی ئاشنا بووه ، وه رۆژ به رۆژ پۆل پۆل دینه ناو ئه ئایینه پاکه ، پشه وا که شی ( محمد ) رۆشنایی چاومانه رابەرو پیشه وامانه ..هه روەها( ابن كثير ) ریوا یەتی کردووه که پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليهوسلم ) فەرموویه تی : (( ما هممت بشيء مما كان اهل الجاهلية يعملون غير مرتين ، كل ذلك يحول الله بيني وبينه ، ثم ما هممت به حتى أكرمني برسالته . قلت ليلة للغلام الذي يرعى معي بأعلى مكة : لو أبصرت لي غنمي حتى أدخل مكة ،وأسمر بها كما يسمر الشباب ! فقال :أفعل ، فخرجت حتى إذا كنت عند أول دار بمكة ، سمعت عزفا ، فقلت : ما هذا ؟ فقالوا : عرس فلان بفلانة ، فجلست أسمع ، فضرب الله على أذني ، فنمت ،فما أيقظني إلا حر الشمس ،فعدت إلى صاحبي ، فسألني ، فأخبرته ، ثم قلت ليلة أخرى مثل ذلك ، ودخلت مكة ،فأصابني مثل أول ليلة ، ثم ما هممت بسوء )).صححه الحاكم و ، ضعفه ابن كثير .

له م فەرمووده یه بۆمان ده ر ئه کەوی که پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پیش هاتنی وەحی و نیگا بۆی تەنها دووجار هەولی داوه چاو له نەفامان بکات ، که چی ( خوای گەوره ) بۆی نەرەخساندوه له کاره نا شیرینانەی نه فامیی به دووری گرتووه هەتا ( خوای گەوره ) وه حی بۆ ئه نیریت و ده ی کاته هه لبژارده ی خۆی ..

واتایی فەرمووده که : ئه فەرمووی : شەویکیان به و مندالەم ووت که له گەلم دا مەری ئەله وەراند له ژووری ( مككه ) وه: خۆزگه چاویکت له مەرەکانی منیش بوایه هه تا بچوومایه بۆ شاری ( مككه ) و وەك گه نجان شەویکی خۆشم بەسەر ببردایه ، ووتی : باشه .

ئ

ئەفەرمووی : رۆیشتم تا گەیشتمە یە کە م مالی شاری ( مککە )، لەوی گویم لە دەنگی شایی بوو، پرسییم : ئە مە چی یە ؟ ووتیان : شایی فلان و فیسارە . منیش دانیشتم و گویم گرت ، کە چی ( خوای گەورە ) وەك بدا لە بنا گویم خەوی پیا خستم و ، بە تینی خۆر لە خەو هەلسام ، ئیتر گە رامەوە بۆ لای هاوەلە کەم و ، کە پرسیاری لی کردم باسە کە م بۆی گیرایە وە .

ئە فەرمووی : شەویکی تریش وەهام ووت و ، چوومەوە بۆ شاری ( مککە ) و ،ئەوە ش وە ك یەکەم جارم لی هاتەوە .. ئیتر دوایی ئەوە شتی خرپ بە دلم دا نە هات ..

هە ر بۆیە پیغە مبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) هەر لە سەرە تاوە نەیدە ویست ئە رك بیت بەسە رمالی مامی دا ( أبوطالب ) ئە گە ر بیر بکە یتەوە لە کە سیك کە بە بی دایك و باوك خوشك و برا بیت لە مالی مامی دا ، شە و رۆژ چون دە باتە سەر لە گە ل هەژاری و بی دەرامە تی مامی چونکە دە ست کورت بوو ، بۆیە پیغە مبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) رازی نەبوو کە دانیشیت و ئەوان کاسبی بکەن و بیدە بە م تا بیخوات ، بە لکو هەر لە مندالی یە وە بوو بە ( شوان ) و بە رەنج و ئارە قە ی خۆی نان پە یدا بکات، نەی دە ویست نان و پارەی ماندوو بوونی خەلکی تر بژی ، بەلکو بە عارە قەی ناوچە وانی خۆی دە یویست نان و پارەی خۆی پە یدا بکات ،بە لی دە ستی کرد بە کار کردن زۆربە ی پیغە مبەرانیش ئە م کارە یان کردووە ئەویش ( شوانی ) و مەرو مالات لە وەراند بووە ، بی گومان فەخرو شانازیشی پی وە کردووە ..

هەروەها ( ئەبو هوریرە ) دە یگیریتەوە کە پیغە مبەری خوا ( صلى الله علیەوسلم دە فەرموویت : (( ما بعث الله نبیا الا رعى الغنم )) واتە : هیچ پیغە مبەریك لە پیغە مبەرانی ( خوای گەورە ) نە هاتووە کە ( شوانی ) مەری نەکردبیت ، هاوەلانی ووتیان : تۆش ئە ی پیغە مبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) ؟ فەرمووی : بە لی منیش لە سەر چە ند قیراتیکی کەم شوانیم دەکرد بۆ دانیشتوانی مککە )).راواە بوخاری ، و ابن ماجە .

ئ

به لی حیكمه‌ت و دانایی ( خوای گه‌وره ) وای خستووه كه پیغه مبه‌رانی كردۆته مرۆڤیك وه ك هه‌موو مرۆڤه كانی تر بژی ژیان بكات كاروباری خۆی و خیزا ن و ئۆممه ته‌كه‌ی به ریوه به‌ریت ، مه گه‌ر ئه‌وه نه‌بیت كه ( خوای گه‌وره ) خۆی هه ندیك تاییه تمه نجی كردوون له هه‌ندیك كاردا كه سروشتی بانگه وازی پیغه مبه‌رایتیه كه یان ده گه یه نیت و پیویستی ده‌كات ، له گه‌ل ئه‌وه‌ی كه پیغه مبه‌رمان ( صلی الله علیه وسلم ) باشترین خه‌لك و پیرۆز ترینیان بووه لای ( خوای گه‌وره ) به‌لام پیغه مبه‌ریش ( صلی الله علیه وسلم ) وه ك سه رجه م مرۆڤه كانی دیكه وابووه له سروشتی مرۆڤایه تیدا ،ئه و كارانه‌ی ده كرد كه مرۆڤ له ژیانی رۆژانه یاندا ده كه ین ،به‌لی ( شوانی ) كرد بۆ ئه‌وه‌ی بزانیت له گه‌ل ئۆممه ته‌كه له خۆشی و ناخۆشی دا له كاروباری ژیاندا به ژدار بیت و ، هه‌ست به به‌رپرسیاره تی بكه به‌رامبه‌ر به ئۆممه ته‌كه‌ی خۆی هه‌ر بۆیه بووه به پیشه وایه ك هه موو جیهانی رووناكرده ووه ...

ئ

## یه که م گه شتی پیغەمبەری خوا ﷺ بۆ وەلاتی شام

به لی یه که م سه فەری رۆشنایی چاومان بۆ وەلاتی شام ، له ته مه نی دوانزه سالیدا بوو، له گه ل ( ابوطالب ) مامه ی دا ، به لی مامی هه رگیز نەیدە توانی لی دا بریت بۆیه له گه ل خۆیدا بردی بۆ وه لاتی شام ، به نیازی بازرگانی بەرەو وه لاتی شام کەو ته ری ، بۆ یه( ابوطالب )ی مامی نه ی ده ویست له بەر هیلاکی ریگا و ماندوو بوونی ئازیزمان له گه ل خۆیدا بی بات ، به لام له لایه کی تره وه ، هەرگیز نه یده توانی لی دا بریت ، که چی سەیری کرد ئازیزمان ئه م سه فەرەی زۆر پی خۆشه و ، وه ئەویش حه زی لیه له مامی جیانه بیتەوە ، بی گومان ئه ویش به زه یی و ره حمی به برازاکه ی دا هاتەوە له گه ل خۆ یدا بردی بۆ ئەم گه شته ، به لی ده ستیان به رۆیشتن کرد هه تا کو کاروانه که گه یشته شاری ( بوصرا ) له وەلاتی شام له ویدا راهیبیکی لی بوو که ناوی ( جه رجیس ) ) بوو نازناوی به ( به حیرا ) راهب ئه ناسرا ، به لی چه ند ریوایه تیك له سەر ی هاتووه ، هه ندیك ئه لین ( نصرانی ) بوو ، هه ندیکی تریش ئه لین ( یهوودی ) بوو ، ئه م راهیبه له کتیبه ئاسمانی یه پیشینه کان شاره زا بوو ، به لی بی گومان ئه ویش بۆی ده رکه و تبوو که کاتی نزیك بوونه وەی کۆتا پیغه مبه ر نزیك بۆتەوە ، یان نزیك بوو نه وه پیغه مبەری ئازیمان و رۆشنای چاومان ( محمد ) هەلبژاردراوی ( خوای گەورە ) ( صلى الله عليه وسلم ) هاتووه نزیك بۆته وه ، به لی بۆی ده رکه و تبوو کاتی رەوانه کردنی رۆشنایی چاومان ، بەلی ده شی زانی ئه پیغه مبه ره له ناو عەرە بیشدا دەر دەکەویت .

ئ

به لی بیگومان کاروانی قوریش نزیك بۆتەوە ، له ( به حیرای راهب ) هه روەها ( به حیرای راهب ) چاوی له پەله هەوریك بوو ، كه سیبەری بۆ یه كیك له كاروانه كه ی قوریشدا ئه كرد ، به م بۆ ئەیه بۆ یه كەم جار نانی بۆ كاروانه كه ی قوریش دروست كرد ، وه دوای له قوریشیه كان كرد كه میوانی ئه و بن ، به لی كاتیك كه دین بۆ سەر دعوه تەكه چه ند ریوایه تیك هه یه ، ریوایه تیك وای ئه گه ینی كه پیغه مبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) له گه لیان هاتووه ، وه ریوایه تیكیش وا ئه گه ینی هه موویان هاتوون جگه له پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) وه له ژیر درەختیكی نزیكدا به جیی ئه هیلین ..

به لی كەهه موویان دین ( به حیرای راهب ) سەرنجی یه ك به یه كیان ئه دا ، ئه بینی ئه و كه سه ی كه ناونیشانی لای ئه وه تیایدا نیه .. بۆیه گەلەیی ئەوه ئه كات كه ئەو دەعوەتی هه موویانی كردووه ، كه چی وا هەندیكیان ئامادە نه بوون ..ئیتر ئه نیری به دوای پیغه مبەری خوادا ( صلی الله علیه وسلم ) ، بەلی كاتیك ئامادە بوو به وردیی سه رنجی گرت و ئاگاداری هه ندی سیفه تی بوو ، پاشان به هه ر جۆریك بوو چاوی به مۆری پیغەمبەرایه تی نیو هه ر دوو شانی كه وت و به و شیوه بوو كه له كتیبه كانی خۆیان نووسرا بوو .

ئه وه بوو رووی له ( ابوطالب ) كرد و پرسی : ئه م كوره چیه ؟ ووتی : كورمه .( به حیرای راهب ) ووتی : كورت نیه ، باوكی ئه كورەش نەماوه !! ، ( ابوطالب )) ووتی : برازامه . پرسی : ئه ی كوا باوكی ؟ ووتی : ئه م له سكی دایكدا بوو باوكی مردووه . ووتی : راست ئه كه ی . برازاكه ت بەره وه بۆ وەلاتی خۆی و ، بی پاریزه له جوله كه ، به خوا ئه گه ر بی بینن و ، ئه وەی من لی ئاگادار بووم ئەوانیش لی ئاگادار بن ، تووشی شەر و خرا په ی ئه كه ن ، ئه م برازایه ت پایه و پله یه كی ئه بیت . له ریوایه تیكی تردا ئه لی : كه ئه م برازایه یه ت ئه بیته سەرداری هه موو جیهان ، ( خوای گەورە ) به شیوه ی ( رحمه للعالمین )رەوانەی ئه كات .

ئ
(ابوطالب ) ئه لی : ئه مه ت له کوی زانی ؟

ئه ویش ووتی : کاتی که ئیوه له بارستایه که هاتن به دیوا ، هەر چیی دار و بەرد بوو

هه ر هه مووی چوو به دەما و سوجدەی برد ، دیاره ئه مانەش تەنها بۆ پیغه مبه ران سوجده ئه بن و ، به هۆی مۆری پیغه مبەراتیشەوه ئه ی ناسم ، که وا به وینه ی سیویك له به شی خوارەوەی دەفه ی شانی دا یه ، ئیمەش ئەوه له کتیبه کا نمان دا ئه بی نین ،

هه ر وەها داوای له (ابو طالب ) کرد ئه م برازایه ی بگیریته وه، وه نه ی بات بۆ (شام ) نه وه ك یهوود ده ستیکی لی بوەشینن ، ئه وه بوو (ابوطالب ) له گه ل چه ند به نده یه کی رەوانه ی شاری (مككه ) کردەوه ..

به لی (بە حیرای راهب ) راستی کرد ، بەلام شتیك هه بوو که لی بی ئاگابوو ، ئه ویش ئەوه بوو که پیغەمبه ری خوا (صلی الله علیه وسلم ) له سایه ی په روەردگاری خوای بالادەسته وه ، چاودیری ده کرا ، تاکو کۆتایی ته مه نی و ، وه کامل بوونی ئه م ئیسلام پیرۆزه وه دابه زینی دوایم ئایەتی قورئانی پیرۆز ده پیاریزی .

هه روەك له م ئایه تەی قورئانی پیرۆز ، ئاماژەی بۆ کردووه .

(خوای گەوره ) ده فه رموویت : ﴿ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ ﴾ المائده ٦٧ .

واتا : به لی دلنیاش به که (خوای گەوره ) ده تپاریزیت له شەر و خرا په ی خەلکی .

هه ر وەك (خوای گەوره ) ئه م به لینەی پیدابوو ، هەر بەو جۆرەش به لینەکەی بۆ جی به جی هینا .

ئ
**له ريوا يه تيكى تردا ده گيرنه وه :**

**كاروانى قوره يش كه وته رى و ته مه نى ئازيمان دوانزه سال بوو ، كاروانه كه كه وته برينى بيابان و ده شت و دۆله كان ،له دواى مانگى كيشتنه شارى (بوصرا ) ، شاريك بوو له وەاتى شامه وه ئيستا پى ئەووتريت (حوران )   وه له نزيكى ئه م شاروچكه يه له شاخى (حوران )دا  ئه شكه وتى هه بوو ، كه ( بحيراى راهب ) بۆ خوا پەرستى  گوشه گيرى تيا كردبوو، رۆژى له دەرگاى ئه شكه وته كه دا سەرنجى  نيو دووركه ى عه ربى ئه دا  شتيكى ناوازەى بينى : پارچه هەوريكى دريژ كۆله – به  پيچه وانەى باوى خۆى – به ئاسمانا ئه كشا ، دواى لى وورد بوونەوەى زۆر بۆى دەركەوت وا به سەر سەرى كاروانيكەوە ،كاروان هات و له ژير داريكا دا به زين و له ويدا  هەوره كه رەوى يەوه بەلام دارەكه لقه كانى هاتنه يه ك و سيبەريكى پريان به سەر  سەرى يه كى له و كاروانى يانەوه دروست كرد .**

**(بوحيرا راهب ) به پى ى شارەزايى خۆى له (ا نجيل )دا بۆى دەركەوت كه يه كى له م كاروانى يانه ئه و پيغه مبەره دوايى نەيه كه عيسى (عليه السلام ) مژدەى هاتنى داوەو ئه ميش چاوەرى ئه كرد ، خواردنى باشى بۆ ئاماده كردن و ناردى بۆ لايان كه هه موويان ميوانن و نابى كه سيان به جى بمينى ،كاتى كه هاتن پيشواز يه كى گه رمى لى كردن ، يه كيكيان ووتى : (بوحيرا ) ! چه ند جار  بەلاتان هاتين و تى پەربووين و ميوان داريت نه كردووين ، به (لات ) و (عزى ) قسم ئه بى شتيكت به دەستەوه بيت ؟  (بوحيرا راهب ) ووتى : ئه مه نيازيكى ده روونى خۆمه ، ئه مه ويت بۆ يه كه م جار ريزتان لى بگرم ميوان دارى تان بكه م ،**

**به لى كاروانه كه كه وته نان خواردن ، (بوحيرا ) كه وته سەرنج دانيان ، ئه و هەلبژيراوه بناسيتەوه ، بەلام هەرچى كرد هيچى ده س نەكەوت و  لى پرسين : كەستان لى به جى نەماوه؟ ووتيان به لى تەنها كوريك ماوه تەوه لەبەر  منالى نەمان هيناوه .**

ئ
( بوحیرای راهب ) ووتی : شتی واناوبی برۆن بانگی بکەن با بی ئەویش نان بخوات لە گە لتان

بە لی یە کی لە کاروانە قوریشە کان ووتی : بە( لات ، عوزا ) قسم شووره یی و ناشیرینە بۆ ئیمەی قوریش کە هە مووکمان هاتین و بە تەنیا ئە م کورەی ( عبداللە کوری عبدالمطلب ) نە هیناوە بەدەم وشکی بە جی هیشتووە ، ئە مەی ووت چوو ( محمد ) ی دوانزە سالانی هیناو لە ناو پیاوە کانا داینا .

( بوحیرای راهب ) هەر سە یری دە کرد کەوتە سەرنج دان و لی وورد بوونە وەی ، وە بۆی دەرکە وت ، کە کوت و مت ئەم پیغە مبەرە یە لە ئینجیلە کە ی عیسی ( علیە السلام ) دا ناو نیشانی هاتووە ، کاتی کاروانە کە لە نان خوارد بوونە وە ، ( بوحیرای راهب ) هەلیکی بۆ ریکەوت دۆزی یە وەو ، چووە لای ( محمد ) ی تەمەن دوانزە سال .

( بوحیرا ) پی ووت : سویندت ئە دەم بە ( لات و ، عوزا ) هەرچیت لی ئە پرسم بەراستی وەلامم بدەرەوە ؟

بی گومان ( بوحیرای راهب ) هیچ باوەری بە( لات ، عوزا ) نە بوو و بە درۆی ئە زانی ، بەلام گویی ی لی بوو قوریشە کان سویندیان پی ئە خواردن ویستی ئە مە یە کە م تاقی کردنەوە بیت بۆ ( محمد ) ی تە مە ن دوانزە سال .

بە لی ( محمد ) ( صلی اللە علیە وسلم ) ووتی : تۆ بە ( لات و ، عوزا ) سویندم ئە دەی کە سی نیە وە ك من ئە وەندە رقی لە ( لات ، عوزا ) بیت .

( بوحیرای راهب ) ووتی : دە ی بە ( خوای گەورە ) سویندت ئە دم .

( محمد ) ئازیزمان ووتی : باشە چی ئەلی بلی .

ئ

**بەلی ئە م جا ( بوحیرای راهب ) کەوتە پرسیار لی کردنی لەوانەی کە دگەلیا بوو :**

**وەکو خیزان و پلەو پایە و خەوبینین و گەلی شتی تروە ، هە مو وەلامە کانی پر بە پری ناونیشانە کانی لە لای ( بوحیرای راهب ) بوون ، لە پاشا هە لساو سەیری ناوە ندی هەر دوو شانی کردو مۆری پیغە مبەرایە تی تیادا بەدی کرد ، وە کو لە کتیبە پیرۆزە کاندا باس کرا بوو، ئیتر گومانی نەما کە ئە م کورە دوانزە سالی یە کە لەگەل کاروانە کەی قوریشە ئەو پیغەمبەرە ، بە ریزە یە کە لە کتبە ئاسمانیە کاندا مژدە ی هاتنی پی داوە ، لە گەل ئەوەشدا رووی کردە ( ابوطالب ) مامي ( محمد )ی تەمن ن دوانزە سال پی ووت : ئە م کورە بچووکە چیتە ؟ ( ابوطالب ) ووتي : کورمە ، ( بوحیرای راهب ) ووتی : نا کوری تۆ نیە .**

**( ابوطالب ) ووتی : راست دە کە یت برازامە . ( بوحیرای راهب ) ووتی : ئە ی باوکی چی بە سەرهات ؟ ( ابوطالب ) ووتی : کۆچی دوای کرد واتا مرد ، لە کاتیکا ئە م کورە لە سکی دایکیابوو ، ( بوحیرای راهب ) ووتی : راست ئەکەی ، گویم بۆ بگرە لە بابە تی ئەم کورە تەمە ن دوانزە سالیە وە چیت پی ئە لیم؟ ( بوحیرای راهب ) ووتی : ئە م کورە ببەرەوە بۆ شوینی خۆی واتە : ( مككە ) چونکە جوولە کە کان دووژمنی ئە م کورەن ئە گە ر بیناسنەوە هەولی کوشتن و لە ناو بردنی ئە دە ن ، ئە م کورە پلە و پایە یە کی گەورەی هە یە و پاشە رۆژیکی رۆشنی ئە بی ئاگات لی ی بی .**

**بە لی ئە م ئامۆژگاری یانە تینی زۆریان کردە سەر ( ابو طالب ) مامی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) لە بەر ئە م رووداوە زیاتر ئاگاداری ( محمد ) ی برازای ئە کرد ، وە هە ر کە لە کاروباریان تەواو بوون و لی بوونەوە یە ك سەر بە خیرایی گەرانەوە و زیاتر لە جاران چاودیری ئە کرد و دە ستی لی بە نە ئە دا .**

**بە لی ئە م رووداو وە لە سەر گوشتەی ( سیرە ) نووسینە کانە وە ك : ابن هیشام، بیهقی ، ابی نعیم ، ابن کثیر ، هەروەها ( ترمذي ) ریوایە تی کردووە ئە لی ئە م فەرموودەیە ( حدیث حسن ).**

ئ

## جەنگی ( فجار )

جه نگی ( فجار ) ئه و شەره بوو ، له دوورگه ی عه رەبی دا روویدا واته : جەنگی خەرا پە و ناره وایی ، بۆ یه ئه ناوەی لی نراوه ،چونکه له مانگه یاساخ و ریز لی گیراوه کاندا روویدا واته : له ( الاشهر الحرم ) روویداوه ، به لی به پی باو یاساکانی عەرەبه کان له م سەرده مه دا هەر له کۆنەوه باو بوو له و مانگادا جەنگ و شەرو هەراکردن حرام کرابوو ، بۆیه پی ئه وتریت ( فجار ) واتا له یاسا دەر جووه کان ، به لی به جۆریك بوو که له م مانگه هەر پیاویك که دوژمنی خۆی بینی بایه ده نگی له گه لدا نه ئه کرد ،چونکه مانگی کی پیرۆز بوو ، له لای عەرەبه کاندا ، جەنگ و شەر حرام بوو ، به لی هەر لەم مانگه دا بازاره کان ئه رازانەوه له ( عکاظ ) شويني بوو که له ناوەندی تائیف و نه خله دا بوو وه له ( مجنه و ذی المجاز ) که له نزیکیعەره فاتەوه بازاریکی گەوره بوون ، شتو مه ك و که ل و په لیان تیدا نمایش ده کرد ، هه روه ها شوینی شاعیرانی عەرەبیش بوو ، وه ك ( المعلقات السبع ) له ویدا ووتاروو نوانن ئەووترا و بیرو را دەر ئەبرا ، وه شانازی به نەژادو تیره هۆزه گه له کان ئه کرا و به بی ترس هەر که س جی له دل بایه ده ری ئه بری ..

به لی له گه ل ئه وەشدا هەر له مانگه دا چوار جار جەنگ و شەر روویداوه ، که چی یاسا باوه کان ریگەی به جەنگ و شەر له م مانگەدا نه ئەدا ، که چی جەنگ روویدا ، بۆیه پی ئه ووتریت جه نگی ( فجار ) و خرپه کاری ،

به لی له جه نگی چوارەم دا پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) هاوبه شی کردووه .

ێ
هەروەها کاتی تە مە نی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گەیشتە چواردە یان پانزە سال جە نگی فیجار لە دوورگەی عەرەبی دا روویدا ..

ئە م جەنگە لە نیوان قورەیش و هۆزە کانی کینانەدا لە لایە کەوە ، قە یس عیلان و کۆمە کانی دا لە لایە کی ترەوە ، روویدا ... بەلی فە رماندە قوریش و کینانە هەر هە موویان لە م جەنگەدا ( حربی کوری ئومییە ) بوو واتە : باوی کی ئە بو سفیان بوو، ئەویش بە بۆنەی تەمە نی و پیاو ماقوولی یە وە بوو ..

هۆی بەرپابوونی ئە جەنگە ئەوە بوو ، کە نعمانی کوری منظیر پادشای عەرەب لە حیرە کاروانیکی خۆی نارد بۆ بازاری ( عکاظ ) جا پیویستی بە کە سیکی وەها لی هاتوو بوو ، کە کاروانە کە بخاتە پە نای خۆ یە وە ، وە کە سیك نە توانیت ریگە ی پی بگری .

بەلی رۆژیکیان ( براضي کوری کە نانی و ، عوروی کوری عوتبی رححال ) لە کۆری پادشادا دانیشتبوون ، پادشا رووی لە دانیشتوان کرد ووتی : کی ئە م بازرگانی یە م ئە خاتە پە نای خۆیە وە ، تا بگاتە بازاری ( عوکاظ ) ؟

بی گومان ( برراض ) پیاویکی جەردە و پیاو خراپ بوو ، وە خزمە کانی بە بۆنەی خراپە کاریەوە هیچ متمانەیە کیان پی نە ئە کرد .

( برراض ) ووتی : من ئە ی گرمە پە نام کە نەوی کینانە دە ستی بۆ نە بەن .

پادشای حیرە نعمان ووتی : من ئە مە وی بۆ هە موو خەلکی بی گریتە پە نای خۆت .

( عوروەی کوری عوتبە ) ووتی : کاریکی پاش نا کەیت کاریکی سووك ئە کەیت نعمان کە سە گیکی خویری پە نای بازرگانیە کە ت پە نای بدات بۆت ؟

( عوروەی کوری عوتبە ) ووتی : بە نعمان من هەموو دانیشتوانی بیابان، دانیشتوانی ( نەجد ) و ( توهامە ) ئە گرمە پە نام .

ئ

( برراض ) ووتی :( عوروه ) بۆ کینانەش ؟ ئە ی گریتە پە نات ؟

( عوروه ) ووتی : بەلی بۆ هە موو خە لکیش .

( برراض ) ئە مەی گرتە د ل و ، خۆی لە عوروه داگرت هەتا ئەوە بوو بە بازرگانی یە کەوە بەرەو بازاری ( عکاظ ) کەوتە ری و ، لە ریگادا هەلی بە دەست هینا و ( عوروه کوری عوتبە ) ی کوشت و ، کاروانە کە نعمانی ، فراندو ، قوریشیش لە بازاری ( عکاظ ) دا بوون و ، هەوالیان بۆهات کە ( برراض ) چ نامەردیە کی ئە نجام داوە ، قورەیش بە پەلە خۆیان پی جایەوە و گە رانەوە بەرە و شاری ( مککە ) و ، نە یان هیشت هەوازین هەستیان پی بکە ن .

دوای ماوەیە ك هەوازینیش هە ولی کوژرانی ( عوروەی کوری عوتبە ) ی بیست ، کە وتنە شوین قوریش بەر لەوەی بگە نە حەرەمی ( مککە ) ، فریا یان کەوتن ، و دەستیان دایە جە نگ و کوشتار ، هە تا ئەوە بوو قورەیش خۆی دایە پە نای حەرەم و جەنگ وە ستا .

بەلام بە لینیان دا سالی ئایندە لە ( عکاظ ) دا بەرامبەر بەیە ك بوەستن ، ئەم جەنگەچوار سالی خە یاند ، هە تا ئە وە بوو ( خوای گەورە ) بە ئیلهام دلی ژیریکی لا یە کیانی ئاگادار کرد ، دوای ریك کەوتن ، ئە وانیش گویان بۆ گرت ، بەلام دوای ئەوەی جە نگە کە هە ردوولای بە جۆك دا هینا بوو ، لە سەر ئەوە ریك کە وتن کە هەر دوولا یە کیان کەمتر لی کوژرا بوو ، خوینی زیاد کوژراوانی لایە نەکە بدات ..بە لی کە سەر ژمیریان کرد ئە بینن قورەیش کە متری لی کوژراوە ، بۆیە خوینی بیست پیاو بۆ هەوازین بژارد .

بەلی ئە م جە نگە لە مانگە کانی حەرام دا رووی دا کە ( خوای گەورە ) جەنگو کوشتاری تیا قە دەغە کردبوون ، هەر لە بەر ئە مە ش ناونرا جەنگی ( فیجار ).

بەلی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عيه وسلم ) لە گەل مامە کانیدا بەشداری ئە م جەنگەی کردووە ، هەندیك ئە لین : وەك مامە کانی تیری ئە هاویشت ، هە ندیکی تر ئە لین : ئە وتیرانەی کە هەوازین ئە ی هاویشتن کۆی دە کردەوە ، ئەی دا بە دەست مامە کانیەوە .

ئ

## په یمانی ( فضول )

بی گومان پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له و کۆبوونەوه و دانیشتنانەی سه بارەت به مەسه لەو کیشه گرنگه کان ده یا نبەست به شداری گه له که خۆی دەکرد و ، وه لیان جیا نه ده بۆوه ، بەردەوام نزیك بوو له کیشه کانیان و چاره سەری بۆ دادەنان ،دوور نەده کەتەوه لییان و گوشه گیر نەده بوو ، ئه وه ته بەشداری لەو په یمان گرنگەی خەلکی ( مککه )دا کرد به په یمانی فضول (حلف الفضول ) به ناو بانگه ، وەك له موسنەدی ئیمامی احمد دا هاتووه (( شهدت في دار عبدالله بن جدعان حلفا ما أحب أن لي بة حمر النعم ، ولو دعيت إليه في الإسلام لأجبت ) .صحيح الباني .

واتا : ئامادەی په یمانیك بووم له مالی عبدالله کوری جەدعان خۆشه ویستر بوو له لام له ئاژەله سووره ( ئەو کاته ئاژەلی سوور به تایبه ت ووشتر زۆر به نرخ بووه ) خۆ ئه گەر له ئیسلامدا بانگ کرامەوه بۆ په یمانی وەها ئه وه دیم به ده میەوه )) .

هەر لەو دانیشتن و په یمانامەیه دا ، گری و په یمان بەسترا له سەر به دەمەوه هاتنی ماف خوراوان و بەر گریکردن لییان ، تا کو ما فیان نەخوریت ستەمیان له سەر لاببری ، وه پیغه مبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بەم په یمانه دا هەلیداوەو وەسفی کردووه وەك له فەرموودەکەدا هاتووه ،چونکه په یمانەکه بانگه شەی نەکرد بۆ ده مارگیری و هه لچوونی نەفامی ، به لکو له بەر سه رخستن و یارمه تیدانی سته ملیکراوان بوو .

به لی په یمانی (فضول ) :

ئەوه بوو به چوار مانگ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی فیجار ، چه ند هۆزیکی قورەیش له ( مککه ) دا کۆبوونەوه و په یمانیکیان به ست به ناوی په یمانی یان حلف (فضول ) که به راستیی هەنگاویکی مەردانه بوو ، وه به ریزترین چاك ترین په یمان بوو که عەرب له سەرده می نه فامی یان جاهیلیدا ئه نجامی بدەن ..

ئ

هەروەها مە بەستی بە ستنی ئە م پە یمانە ئەوە بوو ، کە ئەو هۆزانە ی بە شداریی تیا ئە کە ن بە هەمووهێزیکیانەوە یە ك بگرن لە سەر ئەوەی کە لە شاری ( مککە ) دا هە ر کەسی ستە می لی بکری ، ئیتر جا دانیشتوانی ( مککە ) بی یان خەلکی شوینیکی تر بیت و سەری لە شاری ( مککە ) دابی ، دەست بەر داری نەبن هە تا مافی بۆ وەر بگرنەوە ..

هۆی بە ستنی ئە م پە یمانەش ئەوە بوو ، کە پیاویك لە هۆزی( زوبید ) لە یە مە نەوە هە ندی کەل و پە لی بۆ فرۆشتن دینی بۆ شاری ( مککە ) یە کیك لە پیاوە دەسە لات دارو ناوداره کانی قورەیش ، کە بە ناوی ( عاص ی کوری وائیلی سهمیی ) بوو ، کەل وپە لە کە ی لە کابرای ( زوبیدی ) کریی ، بە لام پارە ی پی نەدا ، دوای داواکردنی نا چار بوو پە نای بردە بە ر چە ند هۆزیك کە لە ( عاص ی کوری وائیل ) نزیك بوون ، تا کو ماف ی بۆ وەر بگرنەوە ، کە چی هیچ لە م هۆزانە نەهاتن بە دە م ئە م پیاوەی هۆزی ( زوبیدی ) بی کە س مایە وە ،

بەلی پیاوی ( زوبیدی ) کە ئە مەی بینی هە ستی کرد نرخی مرۆڤ نەماوە ، نا چار بوو لە کاتی هەل هاتنی خۆردا چووە سەر چیای ئە بوقوبیس و لە دەرەوی ( کە عبە ) کۆریان بەستبوو ، جا بۆ ئەوەی ما فی خۆی دەست بکەویتەوە ، بە دەنگی بەرز چەند دیرە شعریکی ووت ، تا تی بگەن کە ستەمی لی کراوە و کەل و پەلی لی زەوت کراوە .

کە ( زوبیری کوری عبدالمطلب ) ئە مەی بیست ووتی : ( ما هذا مترك ) وا دیارە ئە م زۆر کاری تی ئە کات ، نەك بە تەنیا بەلکو کار ئە کاتە سەر چەند هۆزیك ،

ئەوە بوو نەوەی ( هاشم ) و ، نە وە ی ( مطلب ) ، نە وە ی ( اسد ) ، نە وە ی ( زوهر ) ،نە وە ی ( تمیم ) لە مالی عبدالله کوری جدعان تمیمی ، بە بۆنەی ریش سپی و پیاو ماقولیەوە کۆبوونەوە ، ئەویش دعوە تیکی کرد ن ، پە یمانیان دا لە سەر ئەوە ریك کە وتن کە ستەم قبوول نەکە ن و ، بە یە ك دە ست لەدژی ستە مکار بووەستن و لە سەر ستەم لی کراویش بکە نەوە ، ئەوەبوو هەستانەوە بۆ ( عاصی کوری وائیل ) و حەقی کابری ( زوبیدی ) یان لە ژیر جنگی دەرهینا و بەسەری بە رزەوە رەونەی وەلاتی خۆیان کردەوە ..

ئ

**به لی ئه مه بریاری مرۆڤی به ریزه .. بۆ قه لاچۆكردنی سته م .. ئه دوای مافی مرۆڤه به لام به راستی و به كردەوە ، نەك به فرو فیل و چاوبه ستن ..**

**پیغه مبەری رۆشنایی چاومان ( صلی الله علیه وسلم ) هەرچه ند له م سەرده مه هیشتا مندال بوو ، وه حی بۆ نەهات بوو ، به لی بەشداری ئەم په یمانه بەریزەی كردووه ، دوای ئەوەی كه ( خوای گەوره ) كردیه پیغه مبەری( صلی الله علیه وسلم ) ئاخر زمان و رحمه للعالمین ..**

**هەر وەك له فەرموودەیەدا ئه فەرمووی : (( لقد شهدت في دار عبد الله بن جدعان حلفا ما احب أن لي به حمر النعم ، ولو أدعى به في الاسلام لأجبت )).سيرة النبوية لأبي شهبة .**

ئ

## سەردەمی پیش پیغەمبەرایەتی و بازرگانی کردنی و ژنهینانی پیغەمبەری خوا ﷺ

بی گومان پیغه مبەری ئازیزمان( صلی الله علیەوسلم ) له سەره تایی ژیانیەوە کاریکی ئەو تۆی نه بوو،بەلام ریوایه تی زۆر هەن له سەر ئەوەی که له کاتی له ناو هۆزی ( بنی سعد ) بوو واته له لای ( حلیمه ) دایەنی ، هه روەها کاتیك گه راوه تەوه شاری ( مككه ) به چه ند قیراتیك مەر و مالاتی بۆ خزمانی و خەلکی ( مككه ) به خیوکردووه ..!!

پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له ته مه نی بیست و پینج سالی دا وەك بازرگانیك ده ستی به کارو کاسبی کرد ، ئەویش له ریگه ی ئافرتیکی شاری مككه که خاوەن کار بوو خه لکی ئه گرت بۆ بازرگانی کردنی بۆ وەلاتی شام ، ئه م ئافرتەش ( خەدیجەی کچی خوەیلید ) بوو ، به لی ئافره تیکی بازرگان و خاوەن مال پله وپایه بوو .

ابن اسحاق ده لیت : (( خه دیجەی کچی خوەیلید ئافرەتیکی بازرگانی خاوه ن مال و پله و پایه بوو ، پیاوانی به کری دەگرت به پارەی خۆی و، قازانج بەشه راکه تی له گه ل ده کردن ، قورەیش خیلیکی بازرگان بوون ،جا کاتیك هەوالی راست گویی و سپارده پاکیی و رەوشت بەرزی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) به خاتوو خەدیجه گەیشتەوه ناردی به شوینیدا ، دوای لی کرد که بازرگانی بکات و هاموشۆی شام بکات ، له بەرامبەریشدا قازانجی باشتری دەداتی لەوەی دەیدا به بازرگانه کانی تر ، پیغه مبەر خوا ( صلی الله علیەوسلم ) دواکەی خاتوو خه دیجه ی پە سەند کرد ، له گەل غولامیکی ئەودا که ناوی ( مەیسەره ) بوو، به و پارەیه وه بەرەو شام که وته ری و ، غولامه که ی خەدیجه ش له گه لی دەرچوو )) . سیره ابن هشام ١/١٨٧-١٨٨.

ئ

ابن اسحاق ده فەرموویت : (( خەدیجەی کچی خوەیلید ) ئافرە تیکی زۆر ژیرو ووریا بوو، لە گە ل ئەوەی کە ( خوای گەورە ) دەیویست زیاتر ریزی پی ببە خشیت ئەویش لە ریگەی کردنی بە هاوسەری پیغە مبەرەکەی خۆی ، کاتی کە ( میسەرە ) گەرایەوە و هەوالی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گە یاند بە خە دیجەی خاوەنی ، خەدیجەش وە ك دە گیرنەوە پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) بانگ کرد و پی ی ووت : ئە ی ئامۆزا من تۆم زۆر چووە بە دلدا لە بەر نزیکی و خزمایە تی وە لە بەر پلە بەرز و خۆرەوشت جوانی و دەست پاکی و راست گوییت ، پاشان خۆی پیشنیاری کرد بۆ پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تا کو بیخوازیت ،خە دیجە ش ئە و رۆژە گەورە ترین و ناودار ترین ئافرتی بازرگان و ئە هلی مککە بوو چ لە سەروەت و ساماندا و چ لە سەروەری و سەر بەرزی دا و خەدیجە زۆری پی خۆش بوو کە پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رازی بیت و بیخوازیت ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئە م مەسە لەیەی درکاند لە لای مامەکانی و پاشان ( حمزەی کوری عبدالمطلب ) برای شیری و مامی خۆی لە گە ل پیغە مبەر ( صی الله علیه وسلم ) بەری کەوتن

بۆ لای خەدیجە کچی خوەیلید کوری اسد ) لە وی خەدیجە یان خواست بۆ محمد( صلی الله علیه وسلم )) .سیره ابن هشام ٢٣٥/١ ، والبیهقی فی دلائل النبوه ٦٦/٢ ،وتبرانی فی التاریخ

هەروەها لە ریوایە تیکی تردا هاتووە کە ( ابوطالب ) مامی ئە کارە دە خاتە پیش چاوی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تا کو سەروکاری بازرگانی ( خەدیجە ) بکات چونکە بی گومان خەدیجە فە زلی ئەو بە سەر کە سانی تردا ئە دات ، هەروەها ( ابوطالب ) خۆی چووە بۆ لای خەدیجە و پی وتووە : ئایا خە دیجە ئامادەی محمد بە کری بگری ؟ پیمان گە یشتووە کە فلانە کە ست بە دوو ووشتر بە کری گرتووە ، بلام بۆ محمد بە چوار ووشتر نەبی رازیی نا بین ...

ئ
خه ديجه به وته يه‌ك وه‌لامی دايه‌وه كه  ئه وپه‌ری ريز و حورمه‌ت و هه‌ست و خۆشه‌ويستی تيا  به ديی ئه كرا : ئه گه‌ر ئه مه‌ت بۆ نه‌ويستراويكی دوورينه داوا بكردايه ، ئه‌وا به گويم ئه كردی ،چ جای ئه‌وه‌ی كه بۆ خۆشه ويستيكی نزيك دوای ئه كه ی ...!!

به لی (ابوطالب) ريش سپی به‌و پەری  دل خۆشی يه‌وه گه‌رايه‌وه ماله وه ، دوا و ، باسه كه‌ی بۆ محمد ی برازای  گيرايه وه .. ئای كه ئه‌و وشه  پاك و راستانه چه نده محمدی لاويان دل خۆ كردبی ..!!

به‌لی ئه وكاته ته‌مه‌نی رۆشنايی چاومان كه‌يشتبووه بيست پينج سالی  (٢٥).. له‌چوارده‌ی ذولحجه دا ،به لی له گه ل ميسه‌ره خزمه ت كاری خاتوو خه‌ديجه ، به مال و سامانی خاتوو خه ديجه به‌ره‌وشام كه‌وته ری.. رۆيشتن هه‌تا گه يشتنه بازاری بوصری ،له‌ريوايه تيك دا بازاری حوباشه ، وه له‌ريوايه تيكی ترد ، له‌وی پيغه مبه‌ری خوا(صلى الله عليه‌وسلم ) له بازاری بوصری له نزيك په‌رستگای راهيبيك دا كه ناوی (نسطورا)  بوو دابه زی يه ژير سيبه‌ری دره‌ختيك .

(نسطور) ووتی : ميسه‌ره ! ئه‌م پياوه‌ی كه دابه‌زی يه ئه‌م دره‌خته كی يه ؟

ميسه‌ره‌ش ووتی : پياويكی قوريشی يه خه‌لكی حه‌ره‌مه ، راهيبه كه ووتی : ته‌نها پيغه مبه‌ر دا ئه‌به‌زيته ژير ئه م دره‌خته ! وه‌له‌ريوايه تيكی تردا هاتووه (نسطور) ئه لی : دوای عيسی ته‌نها پيغه مبه‌ر دا به‌رزيوه‌ته ژير ئه م دره‌خته !

به‌لی له‌م گه شته دا (ميسه‌ره ) خه‌ريك بوو بالی ئه‌گرت .. لو ژيانی دا پياوی وه‌ها نه دی بوو .. دلی پر بوو بوو له ريز خۆشه‌ويستيی بو محمد ی سه‌رداری ، به‌جوانی ره‌وشتی به‌رزيی ، چاكه‌ی ، نه‌رم و نيانی ،دلسۆزيی موعامه‌له چاكی ، ئه مانه ت داريی ، ده‌ست پاكی ئازيزی به چاوی خۆی بينيی ..به چاوی خۆی ئه‌وه‌شی دی كه په‌له هه‌وريك سيبه‌ری بۆ ئه كرد ، ئيتر ووته كه‌ی (نسطورة) ش  بوه ستيت ...

ئ

به لی : پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليەوسلم ) كه ل و پەلی فرۆشت و ئەوەش كه پیویست بوو كریی و به قازا نجیكی یه كجار زۆرەوە ، له گەل ( میسەرە )دا گه رایەوە ..

به لی دوا كاروانی خیرو بەرەكەت له كاتی نیوەرۆدا گەیشتەوە مككە ، لەو كاتەدا خه دیجه له خانوه كه یدا دانیشتبوو .. له گەل گەیشتنی كارواندا چاویشی له محمد ی بەریز بوو كه هه یبەت و مەزنیی دای پۆشیبوو .. چووه ماله وه و دەنگ و باسی كرین و فرۆشتنی بۆ خەدیجەگیرایەوە ، خەدیجەش بەم بازرگانی یه پرخیر و بەرەكەت یه كجار شادمان بوو ..

دوای ئەوە میسەرە به وردیی هەوالی محمدی له م گەشتەدا بۆ خەدیجه گیرایەوە .. دەری خست كه پیاوی وەهای هیشتا به چاو نەبینیوە موعامەلە و هەلس و كەوتی سەرنجی هەموانی راكیشا بوو .. هەروەها ( ابن هشام ) ده فەرموویت ماره یه كه ی خه دیجه بیست ووشتری دووسالان بوو. هه روەها دوو ریوایەت هاتووه لەسەر تەمه نی خاتوو خه دیجه ( ابن اسحاق ) ده فەر موویت : (( خاتوو خه دیجه كاتیك پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خواستی تەنها تەمه نی( ٢٨ ) سال بوو )). اخرجه الحاكم ١٨٢/٣

له ریوایه تیكی تردا هاتووه كه ( ئیمامی واقیدیدا ) ده فەرموویت : ( تەمه نی خاتوو خه دیجه ٤٠ سالیدا بوو ).اخرجه ابن سعد فى الطبقات ١٧/٨.

دیاره ریوایه تی یه كه م كه ( ابن اسحاق ) گیرایتەوە صحیح تره .

هەروەها ( ابن اسحاق ) ده فەرموویت : (( خاتوو خه دیجه یه كەم ئافرت بوو كه ( پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بیخوازیت و تا له لای بوو به هیچ جۆریك ژنیكی تری نه هینا به سەریدا ، هه موو مندالە كانیشی كه ( خوای گه وره ) پی ی به خشی بوو له خاتوو خه دیجه بوو جگه له ( ابراهیم ) ، مندالە كانیش ( قاسم ) كه نازناوی بوو ، واته به پیغه مبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئه وترا ( ابو القاسم ) لەگەل كورەكه یدا كه ناوی ( عبدالله ) بوو كه ناز ناوی ( طیب ، طاهر ) ی لی نرابوو له گه ل چوار كچه بەریزه كه یدا ( رقیه ،زینب ،ام كلثوم فاطمة ).

# چاكردنەوەی (كە عبە ) پیرۆز

ابن هشام دە فەرموویت : ((كاتیك پیغە مبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) تە مە نی (٣٥) سال بوو، قوریش هەموویان كۆ بوونەوە بۆ بنیات نانەوەی (كەعبە) ی پیرۆز تاكو سەر لە نوی تازەی بكە نەوە ونیازیان وابوو كە بەرزی بكە نەوە و سەربانی بۆ دروست بكەن چونكە (كەعبە ) سەرتا بەرزە كەلە كیك بوو، وە سەر بانی نە بوو ، وە بە ئەندازە ی بالای پیاویك بوو ، دە یان ویست بەرزی بكە نەوە ، چونكە هەندیك لە چەتە كان دەركیان كردبوو بە گە نجینەكە ی ناو (كە عبە ) و دزی بوویان و ، وە لە لای دەریای سووریش كە شتیە یەك وەلا كەوتبوو تیك شكا بوو ، لە لای (جدە) وهی پیاویكی بازرگانی رۆم بوو، قورەیش پییان وابوو كە ئە و دارە بهینن و دیسان (كە عبە ) ی پی بنیات بنینەوە ، چونكە لە شاری مككەدا كابرایە كی دارتاشی (قبتی ) لی بوو ، بۆیە بە پیویستیان زانی (كەعبە) ی پی بنیات بنینەوە )).اخرجە : ابن هشام فی سیرە ٢٣٩/١ . والبیهقی فی الدلائل ٦١/٢ .

لە ریوایە تیكی تردا لە (جابری كوری عبدالله ) دەفەرموویت : ((پیغە مبەر (صلی الله علیەوسلم ) بە ردی لە گەل دە گوزینەوە و پشتە مالیكی لە بەردا بوو ، كاتی مامی پی ی ووت: ئە ی برازام ئەوە بۆ چی پۆشا كەكەت ناكە یتەوە و بیكە یتە سە رشانت تا بەردی بخیتە سەر بۆ ئەوەی سەر شانت ئازاری پی نە گات ؟ ئەویش پشتە مالە كە ی لە خۆی كردەوە و كاتیك ویستی بیكاتە سەر شانی بە پشتدا كەوت و بورایە وە ، دوای ئەوە پیغە مبەر(صلی الله علیه وسلم ) هەرگیز بە رووتی نەبینراوە )). اخرجە : بوخاری و مسلم .

دوای دروست كردنەوەی دیوارە كانی (كە عبە ) وە بنیات نانی (كەعبە ) خۆ ئامادە كردن بۆ جیگیر كردنەوەی بەردە رەشە كە واتە : (حجر الاسود ) لە و كاتەدا قورەیش بوو بە دەمە قالی و پە یدابوونی شەر و سەرهە لدانی ناكۆكی ودووبەرە كایە تی لە ناویاندا .

ئ

ابن اسحاق دەفەرموویت: (( هۆزە کانی قورەیش دوای ئەوەی هە موو بەردە کانیان کۆکردەوە بۆ دروست کردنەوەی (کەعبە ) هە موو خیلیك یان هە موو هۆزیك بە جیا بۆ خۆی بە ردی ئە هینا ، بۆ ئەوەی سەروەری بە جیا بۆ خۆی تۆمار بکات، کە دروستیا کردو گە یشتە شوینی جیگیر کردنی بە ردە رەشە کە (حجر الاسود ) هە موو تیرە و هۆزیك دە ی ویست ئەو سەروەری ی یە بۆ خۆی بیت تا هاو پە یمانیە تی یەکتر یان دە کرد بۆ دژایە تی کردنی یە کتری تا وەخت بووشەر دروست ببیت لە ناویاندا .

بە لی هە ندیك لە ئەهلی ریوایەت دە گیرنە وە :

کە (ئومە یە ی کوری مە غیرە ) بە تەمە نترینی کە سانی ناو قورەیش بوو، سولحی کردن بە وەی پی ی ووتن : هە رکەسی بە یانی زوو هاتە (کەعبە ) ئەوا ئەو بکەن بە حاکم و دادوەر لە نیوانی خۆتاندا و لە قسە ی دەر مە چن هە موویان بەم پیشنیارە رازی بوون و بە یانیش یەکە م کە س هاتە (کەعبە ) وە پیغە مبەری خوا (صلی الله علیەوسلم ) بوو کە تەماشایان کرد ووتیان: ئەوە ئە مینی دەست پاکە ، ئیمە رازی دەبین ئە وە ( محمد) کاتی نزیك بوویە وە لییان هەوالە کە یان بۆ گیرایەوە پیغە مبەری (صلی الله علیەوسلم ) فەرمووی : پۆشاکیك بهینن ، کاتی هینایان بە دەستی موبارەکی خۆی بە ردە رەشە کە ی خستە سەر پۆ شاکە کە و پاشان دوای کرد لە هەموو هۆزە کانی قورەیش کە هەریە کەی چمکیکی بگرن ، ئەوەبوو هەموویان هەلیان گرت و بەرزیان کردەوە کاتی گەیشتە جی ی خۆی پیغە مبەر(صلی الله علیە وسلم ) بە دە ستی خۆی (حجر الاسود ) لە و جیگەیە دانا ..)) .ابن هشام فی سیره ٢٤٢/١

ئ

## منداڵەکانی پیغەمبەری خوا ﷺ وه به کور کردنی (زید)

له ماوەی پیش هاتنی وەحی دا ، پیغەمبەری رۆشنایی چاومان (صلى الله عليه وسلم) له ژیان و گوزەرانیکی ئاسوودەدا ده ژیا ، ئه وەش به هۆی ژیریی و سه لیقه ی خاتوو خه دیجه ی هاوسه ری (خوا لی رازی بیت) و وه بوو (خوای گەورە) لەو ماوەیەدا کور کچی پی به خشین ، هەرچەندە هەندی رووداو ئه بوونه مایەی خەم و خه فه ت بۆیان..

له و ماوەیه دا قاسم و عبدالله ی کوریان که هیشتا له بیشکه دا بوون وەفاتیان کرد و خەم و خەفه تیکی زۆریان بۆ دایك و باوکیان به جی هیشت ..

له لایه کی تره کچه کانیان بەره بەره گەوره بوون و کاتی شووکردنیان هاته بەرەوه ،

ئه وەبوو زینەب کچه گەورەیان شووی به ابو العاصی کوری ربیع کرد ، گەوره بازرگانانی قوریش بوو .

روقیه و أم کلثومیش دەست گیرانی (عوتبه) ، (عوتەیبەی) کوری ئه بو له هه بی مامی پیغه مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوون ، بەلی کاتیك که (وەحی و نیگا) هات بۆ پیغه مبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) ئه بو لەهەب کەوته دژایه تی کردنی ئیسلام و پیغه مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وه فەرمانی به کوره کانی دا (عوتبه ، عوته یبه) تا له ده ست گیرانه کانیا جیا ببنەوه ، وه ته له کچه کانی پیغه مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) که (روقیه ، ام کلثوم) بوون ، هەروەها قورەیش هاتنه لای( ئه بو العاص کوری ربیع) ، هه ولیان له گه لدا تا کوو (زینب کچه گه وره ی) تەلاق بدات ، وه به (ئەبو العاص) گووت ده ست دەخاته هه ر کچیك له ناو قورەیش لی ماره ئه که ن ، ئه ویش مەردانه ئه وه ی نه ویست ، بەلام (روقیه ، ام کلثوم) هه ردوو کیان تەلاق دران ، دواتر له ئه نجامدا (روقیه ، ام کلثوم) یه ك له دوای یه ك شوویان به (عثماني کوري عفان) کرد ، به م بۆ نەیەش هیچ که سیك دوو کچی پیغه مبەری خوای(صلى الله عليه وسلم) ماره نه کرد جگه (عثماني کوري عفان) بۆیه ناز ناوی (ذوالنورين) ي لی نرا ..

ئ

( فاطمة ) ئه و كات مندال بوو له مالى باوكيا مايه وه ، هه موو ئه و ئازار و نا خۆشيانه ى بينى كه قورەيش به پيغه مبەريان ( صلى الله عليەوسلم ) كرد ، ئه وه بوو دواى كۆچ كردن بۆ مه دينه ، وه ته واو بوونى غەزوى به درگەوره ( فاطمة ) شووى به امامى علي كرد .

هەروەها ( زيد كورى حاريث كورى شرحبيل كورى كعب كوري عبدوالعزاي كلبي ) كه منداليكى بچووك بوو له گەل دايكى دا له سەفەردا بوون ، كۆمه ليكى ئه عراب هيرشيان كرده سەريان ( زيد ) يان به ديل گرت و فرۆشتيان . ئه وه بوو ( حكيم كورى حزام ) خەلكى مككه بوو كريى وه كه هاتەوه پيشكه شى خاتوو خه ديجه ى هاوسەرى پغه مبەرى خواى ( صلى الله عليه وسلم ) كرد ئه مه ش كه ميك دواى شووكرد نه پيغەمبەر خواى ( صلى الله عليەوسلم ) ، ئەو كاته زيد تەمەنى گەيشتبووه بيست سالان وه پيغه مبەر خواى ( صلى الله عليه وسلم ) دواى له خاتوو خه ديجه كرد تا ( زيد ) ى پيشكەش بكات ، به لى زيد له خه زمەت پيغه مبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پەروەرده يه كى باشى وەرگرت .

كاتيك كه باوكى ( زيد ) هەوالى زانى كه كوره كه ى وا له مككه يه ، له گه ل هه نديك خزمانى هاتن بۆ مككه ، هاتنه خزمه ت پيغه مبەرى خوا ( صلى الله عليەوسلم ) تا كو له برى ( زيد ) ى كوريان چيى دوا ئه كات بى ده نى .

پيغه مبەرى خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : (( او خير من ذلك ؟ )) فەرمووى : ئه ى لەوه چاكترتان ناوى ؟

واته : ئيوه ئامادەن پاره بدەن تا كورەكەتن بدەينەوه ، چاكتر لەوەتان ناوى ؟

ووتيا : ئه چاكەيه چى يه ؟

فەرمووى : (( خيروه ،فإن اختاركم فهو لكم دون فداء ، وإن اختارني فدعوه )).

ئ
فەرمووی:خۆی بکەنە سەرپشك ، ئە گەر ئیوەی هە ل بژارد ئە وا بەبی فیدیە پیشکەشتان بیت و، گە رمنیشی هەلبژراد ، ئەوا وازی لی بهینن ..

بە لی کاتیك پرسیاریان لە ( زید ) کرد ئەویش زۆر بە خۆشحا لیە وە پیغەمبەری خوای ( صلی اللە علیەوسلم ) هەلیژراد !!

لە ئە نجامدا مامی ( زید ) دە ست دایە جلە و بەرگی ( زید ) رای کیشا و ووتی : زید !! واز لە باوکت و مامەت ئە هینی و کۆلایە تی هەل ئە بژریت ؟!!

( زید ) ووتی ئەری ، بە خوا کۆلایە تیی لای ( محمد ) م لە لا خۆشترە لەوەی کە لە لای ئیوە بم!!

بە مەرجی هیشتا پیغە مبەری ئازیزمان ( وەحی و نیگای ) بۆ نە هاتبوو بگرە لە تە مە نی لاوییدا بوو !!

بە لی کاتیك ( زید ) ئە بریارەی دا ، پیغە مبەری خوا( صلی اللە علیەوسلم ) فەرمووی : (( یا معشر قریش ! أشهدوا أن زیدا إبني یرثني وأرثه )). واتە : ئە ی کۆمە لەی قورەیش ! بە شاهید بن کە زید کورمە و ، میراتم ئە با ، و میراتیشی ئە بە م .

ئیتر کە س و کارە کە ی زید بە م خۆ رەوشتە جوانەو نەرم و نیانەی پیغە مبەری خوا ( صلی اللە علیەو سلم ) دل یان ئارام بی خە م بوو لە زیدی کوریان ، گە رانەوە وەلاتی خۆیان دەست بەرداری زید بوون ..

ئیتر لە و رۆژە وە ناوی( زیدی کوری حاریث ) گۆرا بۆ ( زیدی کوری محمد ) هە تا ئە و کاتە ی قورئانی پیرۆز هاتە خوارە وە فەرمانی بە کور کردنی بە تال کرد هەلی وەشاندوە ، وە فەرمانی دا هەرکە س بە ناوی باوکی خۆی بانگ بکریت ...!!

ئ

## جیهان چاوەری پیغەمبەری خوایە ﷺ کە رزگاریان بکات لە نەفامی و بت پەرستی

بی گومان پیغە مبەرایەتی گەورە ترین نیعمەت و ریزە کە ( خوای گەورە ) بە هەندیك لە بە ندە کانی خۆی بە خشییت ، ئەوەش پلە وپایە یان بە سەر خەلکیدا بەرزتر دەبیتەوە و دەبنە سەر قافلەو پیشەنگی گەل و نە تەوە کانیان ، باشترینی ئەم پەیامانە و گەورەترینیان پەیامە کە ی پیغە مبەری مان رۆشنایی چاومان محمد ( صلی الله علیه وسلم ) لەبەر ئەوە ( خوای گەورە ) بە یارمە تی و دەسگیرۆیی خۆی گە مارۆی دابوو ، بە هیز و دەسەلاتی خۆی پاراستبووی ، وە کۆمەلە بەلگە یە کی رۆشن و چە ند نیشانەیە کی دیار و بەر چاوی پی دابوو کە ببوونە بەلگە ی پیغە مبەر یتییە کە ی پیش ئەوەی رەوانە بکریت بەلکو پیش ئەوەی لە دایکیش ببیت ، ئە م بەلگانەش مژدەی هاتنی پیغە مبەریان لە خۆ گرتبوو ، وە: هاتنی خیرو خۆشی رەحمەت و بەزەیی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بە گشتی ، هیدایەت و رینموونی بۆ ریگە ی خیر و خواناسی و دوور کەتنەوەیان لە خراپە کاری و بی باوەری ، بەلی لەوە بەلگە و نیشانەو مژدانەی پیش لە دایکبوونی ( صلی الله علیەوسلم ) دەر کە و توون ، ئەوەیە کە ( طبراني لە معاویە کوری ابي سفیان لە باوکیە وە لە ئومیە ی کوری ابي صلت ) کە پی گە یشتووە ئە لی : (( من لە کتیبە کاندا سیفە تی پیغەمبەریکم بینیوە کە لە ولاتای ئیمە دا رەوانە دە کری ، وە من گومانم وابوو کە خۆم ئەو ە بم ، پاشان بۆم روون بۆیەوە کە لە نەوەی ( عبدالمناف ) ، ئە لی : سەیرم کرد هیچ کەسیکم نەبینیەوە کە هەلگری ئەو رەوشت و ئە خلاقە بی تەنها ( عوتبەی کوری رەبیعە ) نەبی ، بەلام ئەویش لە چل سال تیپەری کردووە و وەحی بۆ نە هات ، ئیتر زانیم کە ویش نیە ، ئە بو سفیان ئەلی: جا کاتیك پیغە مبەری ( صلی الله علیەوسلم ) رەوانەکرا و ( وەحی و نیگای ) بۆ هات ،ئەلی : من بە ( ئومەییەم ) گووت سەبارت بە و ، ووتی : ئە مە ئەوەو حەقە و شوینی بکە وە ، ئەو جا پیم گوت دە ی باشە بۆت خۆت شوینی ناکەوی ؟

ئ

ئه لی : ئەویش ووتی : له بەر شەرم کردنم له ژنانی سه قیف من پیم گتبوون که من ئه وم ، ئیستا من ببمه شوینکەوتەی گه نجیکی نەوی ( عبدالمناف ) ..!!

به لی ئەمه مژده یه کی روون و ئاشکرایه بەلگه ی لەسەر پیغه مبەرایەتی پیغه مبەر ی خوا ( صلى الله علیه وسلم ) ،هیچ شتیك جله و گیری له پیره داماوه نەکرد که باوەری پی بینی و شوینی پیغەمبەری ( صلى الله علیه وسلم ) بکەویت له گەل ئەوشد که ئەیزانی حەق و راسته و بەلام گەورەیی و خۆ به زلزانی نەبی (خوای گەوره ) په نا مان بدات ..

هەروه ها لەو بەلگەو مژدانه لەسەر پیغه مبەرایه تی پیغەمبەر ( صلى الله علیەوسلم ) هاتووه ، ئەوەیه که ئیمامی احمد له م فەرمووده ی ( سەلەمەی کوری وەقشەوه )،ئه فەرمووی : (( دراوسیه کمان هه بوو له مه دینەدا پیش ئەوەی پیغه مبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) رەوانەبکری ، رۆژیك باسی بەهەشت و دۆزەخ و حەشرو کۆکردنەوه ی بۆ کردین ، پیمان گووت : دەی باشه بەلگەو نیشانەی هاتنی ئەوه چیه ؟ ووتی : هاتنی پیغەمبەریکه لەم ولاتەدا پەیدا دەبی -ئاماژەی به مككه کرد- وویتان : که ی دی و په یدا ده بی ؟ گووتی : سەیریکی ئاسمانی کردو گووتی : ئه گەر ئه مه به تەواوی ژیان بەریته سەر – من ئەو کاته بچوکترینیا بووم له ویدا – پیی ئه گات (سەلەمه ) گووتی : رۆژگارو شەوگار هاتن و رۆشتن هەتا خوا پیغه مبەری ( صلى الله علیه وسلم ) نارد ، ئەو کاته ئەویش زیندوو بوو ، واته –جووله که که _ ئه وجا ئیمه باوەرمان پیی هیناو ئەویش به هۆی رق و قین و خۆ به زلزانی خۆیەوه کافرو بی باوەر بوو ...

ئ

به لی بی گومان ژیانی پیش پیغه مبه‌رایه تی (صلى الله عليه‌وسلم ) نموونه یه کی به‌رز بوو له بیری راست و ، دیدی ریك و راست ، (خوای گه‌وره ) زیره‌کی و فیکر هۆشیاری ژیری و زۆری له ئامرازو ئامانجدا پی به خشیبوو ، به‌لی به و عه‌قله تیرو سروشته پا ك و بیگه‌رده‌ی خۆی لاپه‌ره کانی ژیان و کاروباری خه‌لك و بارودۆخی کۆمه لانی خه‌لکی خۆیندبووه‌وه ، به‌لای هیچ جۆره خورافه یه کدا نه ده چوو ، له سه‌ر بنه مای به‌ر چاو روونی له کاروباردا هاو به شی ژیانی خه‌لکی ده‌کرد ، به‌لی هه رچاکه یه کی به دی بکردایه به‌شداری تیدا ده کرد

هه رگیز مه ی نه ده خوارده‌وه‌و ، هه‌ر قوربانیه کیش له به‌ر ده‌ستدا بداریه به‌زه‌ویدا لی نه‌ده خوارد ، ئاماده ی بۆنه ئاهنگی بت په‌رستان نه ده بوو ، چونکه خوای گه‌وره ده ی پاراست له هه موو پیس و چه په‌لیه کی نه فامی قوره‌یش ..

به لی پیش ئه وه‌ی پیغه مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم ) خه‌لاتی خودای بۆ ره‌وانه بکریت، له و کاته ژیانی کۆمه لاتیه تی جیهان به گشتی و دوورگه ی عه‌رب به تاییه تی له ئاستیکی زۆر نزم و پر له مه ترسی بوو ، خه لك له شه‌وه زنگ و تاریکی و نه‌فامی دا بوون ، به لی ئه و ئایینانه‌ی که به ناو زیندووش بوون ، به‌لام وه‌ك مردوو ده هاتنه به ر چاو ، هه مووی گورا بوون شیواوو کزو لاوا کرابوون ، ئه مه له لایه ك له لایه کی دی زۆر نه‌ته‌وه و ولاتانی دی بی ئایین بوون ، به‌لگه بۆ ئه میژووه ، ئه م ئایه‌تیکی قورئانی پیرۆزه ..

(خوای گه‌وره ) ده‌فه‌رموویت : ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ ال عمران ١٦٤.

واتا :سویند بیت بیگومان خوا منه‌تی ناوه‌ته سه‌ر ئیمانداران کاتیك پیغه مبه‌ریکی بۆ ره‌وانه کردوون له خۆیان ئایه‌ته‌کانی ئه‌ویان به‌سه‌ردا ده‌خوینیته‌وه، دل و ده‌ر وونیان پاك و پوخت ده‌کاته‌وه ، هه‌روه‌ها فیری قورئان و داناییان ده‌کات ، به‌راستی پیشتر له گومراییه کی ئاشرادا رۆچوو بوون ..!!

ێ

بەلی ئەمە ئاماژە یە پربە پیستە نازیکی خودایە بە سر ئیمە ی مرۆڤەوە ، کەوا لە پیش بوون بە پیغە مبەر ئازیزمان هەژارو نەدار بوو مرۆڤیکی نە خویندەوار بوو،بەلام هیچ کات تووشی چە پەلی و پیسی بی باوەران نە بوو ..

بە لی لە پیش هاتنی ئیسلام باری مرۆڤایە تی لە هە موو روویەکە وە لەو پەری پلەی خراپیو نالە باری گرتبوو ، وە شیرازەی پچرابوو بەرادەیە کە یشتبووە ، لی واری چالی لە ناو چوو ،ئە گە ر یارمە ت یو بە زە ی خوا فریای نەکە وتایەو جیهان بە تەواوەوتی تووشی بت پەرستی و رووچوون و گومرای ببوو ...

بە لی بی گومان فریاد رە سی مرۆڤایە تی وە کو محمد (صلی الله علیەوسلم ) و ئایین و بەرنامە یە کی وە کو ئیسلامی بۆ نە ناردا یە ، هەر وەك زانای بەرز هیندی (ابو الحسن اندوی) لە کتیبی (ماذا خسر العالم با نحطاط المسلمین ) دە لیت :

بە لی ئاینە کانی ئومە تەکان پیش هاتنی پیغە مبەری خوا (صلی الله علیە وسلم ) هاتنی ئیسلام ، ئاایینە گەورەرە کا بوو بوون یاری دە ستی ئیمراتۆرە کان و پاشاکان و تیك دەرو نا پاك و چاو چنۆکە کان بەرادە یە کی وا کە نە گیانیان ما بوو وە نە وینەو نیگار ، وە ئە گەر ئاییندارە کانی پیشوویان بهاتنایەوە نەیان ئە ناسینەوە ، وەباری شارستانیتی و زانیاری حوکمرانی و رامیاری بوو بوون بە شانۆ بۆ پیشوی و بی باوەری و خراپکاری ، بەرادە یی کە مرۆڤە کان هەر بە دەردی خۆیانەوە ئە یان نالاندو پی یان نە ئە کرا پە یام و مە شخە لی رزگاری هە ل بگرن و ریگا بۆ مرۆڤە کان رۆشن بکە نەوە ..

ێ

هەر وەها ئاینی عیسی ( سلاوی خوای لی بیت ) بە و شیوە یە نە بوو کە دە ولە ت لە سەر بە ندە کانی بروا شارستانیتی یان لە سەر دا بمەزرینیت ، چونکە بریتی بوو لە چە ند دە ستەیە ك لەری و عیسی پیغە مبەر لە وینە یە کی سادە و شیرن لە باسی تاك تەنیایی خوای گەورە دا ، لە پالفتە کردنی ،دل دەروون و وینە یان ، لە سەر ئە م شیوە راستیە خۆیان مانەوە ، هە تا کو کە سیك هات بە ناوی پولس ئاینە کە ی عیسی شیواند و گۆری بۆ مە رازو مە بە ستی خۆی بە کاری هینا ،دە ستی بە سەر ئاینە کە دا گرت رۆشنایە کە ی شاردەوە و خورافاتی نەفامیە تی و بت پەرستیتی تیکە لاو کرد ، وە بە شیکیشی تیکە لاوی خورافاتی شارستانیە تی و پادشایە تی یونانی کرد ، وە بەشیکیش لە فە لسە فە ی ئفلاتونی بوون .

بە لی ئاینی موسی (سلاوی خوای لی بیت ) واتە ئاینی جوولەکە یان یهوودی بە دریژایی میژوو ژیر دە ستەی ئە م و ئە و بوو ن ، لە لایە کی ترە وە چاوچنۆکی و سووکاری بوون و خیان بە گەورە هەلبژیراو دادەنا و شانازیان بە نەژادی خۆ دە کرد ووبە دریژای میژوو ئە م سیفە تانە یان لە گە لدا هاتووە تا ئیستا ش هە ر بەردە وامن لە سیفەتە خرا پە کانی خۆیان ، بە ردە وامن لە خیانە ت و خیانەت کاری ، هەروەها کاتی بالادەست دە بن درندە یی دە کە ن بە سە رگە لانی ژیر دە ستی خۆیان ، کاتیکیش لاواز بی دە سە لاتن سەر شۆرو بی بی توانان ، بەردەوام نیفاق و دوو روویان هە یە بە لین نا بە نە سەری هەرگیز ، هە موو کات لە دوو روویی و خیانە ت و پیلان بازی فیل و تەلە کە و ناراستی نا پاکی ، دل رە شی بی بە زە یی و مالی خە لکی بە فیرۆ دان و بە نا حە ق خواردن ئە مانە پیشەی جوولە کە ن ..!!

ئ
به لی له لایه کی تره وه ئاگر په‌رستی و ئیمپراتۆریه تی ساسانیه کان یان فارسه کان له لایه کی تریشه‌وه ئیمپراتۆریه تی بپ په‌رستی رۆمه کان و یونانیه کان جیهانی به‌ره‌وو تاریکی برد بوو ، به ره و نه فامی گومارى و سه‌ر لی شیواوای له لایه ك ئاگر په‌رستی له لا یه ك بت په‌رستی له لا یه کی تریشه وه ئه و دوو ئاینه ئاسمانیه ی که گاورو جوله که کان گۆر درا بوون، شیونرابوون ، وه سه‌رده می (موسی ) ، (عیسی ) پیغه مبه‌ر( سلاوی خوای گه وره یان لی بیت ) نه ما بوون ، به هه‌وه ستی خۆ یان ئاینه که یان گۆری بوو ، هه‌ر یه که‌وه به‌لایه ك گومرا کرابوون له سه‌رده ستی ( قشه و راهیب الاحباره کان ) حه‌لال یان حرام ده کرد حرام یان بۆ خۆیان حه‌لال ده کرد ، به ناوی ئاینه با ج و سه‌رانه یان له خه لکی ده ستان ، به‌لی ده ست کاری تورات و ئینجلیان کرد بوو ، له سه‌ر ئاینی (موسی، عیسی )( سلاوی خوایان لی بیت ) لا یان دا بوو ..

به لی جیهان به گشتی به تایبه تی دورگه ی عه‌ره‌بی چاوه‌روانی رزگارکه‌ریك بوو ، ئه مه ی پیشه‌وه هه‌ر هه مووی ده‌رخه‌ری ئه‌م راستیه‌ن ، که جیهان به گشتی و دورگه ی عه‌ر بی به تایبه تی نوقمی تاوان و خرپه و سته‌م بوو بوون ، به راده یه ك که مرۆڤایه تی حه‌سانه‌وه‌ی نه‌ما بوو ..

ئ

بەلی بی گومان ژیانی کۆمە لایە تی و مرۆڤایە تی ژیانیکی هیچ و پووچ ببوو. مرۆڤە کان یە ك بە رە باب بوون ، بوو بوونە دوو دەستە :

١- ئاغاکان و پیاو ماقولان و پادشا و سەروك هۆزە کان .

٢- ئەوانەی دیکە ش بە ندە کان و مرۆڤە لاواز و هەژراو و بی دە سە لاتە کان کە توانای جە میکی نانیان نە بوو لاوازو بی دەستەلات بوون .

بە لی پادشا کان و سەرۆك هۆزە کان ئاغاکان بە بی ماندوو بوون و زەحمە ت کیشان خیر بیری زەویان دە خوارد و داگیریان دە کرد ، لاوازو هەژراو بی دە ستەلاتیان دە جەوساندوە مالی خە لکیان بە ناحە ق دە خوارد ئە وانە ی هەژرابوون دە یان کردن بە کۆیلە و بە ندایە تی خۆیان ، وە ك ئاژەل تەما شا ئە کران و ، مە گە ر بە شیان بەس پاشماوەی ئاغاو پاشاو پیاوە ماقولانی ئە وسەردە م ، نانیکیان دەست بکەوتایە ، بەلی بە ندە کان مرۆڤە هەژراە کان بە شیان رە نج و تە قالاو عەرەق ریژان بوو ، بی ئەوەی تامی رەنجی شانیان بکە ن .

لە لایە کی تریشەوە ستەمیکی زۆر لە ئافرت ئە کرا ، مافە کانیان ژیر پی ئە خران .. بە لی هی وایان هە بوو کە هاوسەری باوکی مارە ئە کردەوە، هەروەها هی وایان هە بوو لە یە ك کاتدا دوو خوشکی مارە ئە کردوو هاوسەری بوو .. بە لی جولە کە ئە وەندە لە سەفاهەتدا رۆچوو بوون کە ئافرە تی مە حرەمیان مارە ئە کردەوە ، هەرووەها عەرەبە کانیش ئەوەندە لە ستەم رۆچووبوون کە کچی بە ستە زمانیان زیندە بە چاڵ دە کرد ..

ئ
بە لی له باره دین و ئاینی ئه و سەردە مە ، لە دوورگەی عەرەبی دا بت پەرستی ، وه له ولاتی کلدان و سبەئ و ، بابلیش دا پەرستنی خۆر ، ئه ستیره ، له ولاتی فارس و دەوروبەریشی دا ئاگر پەرستی ، وه هه ندیکیش پەرستنی دوو خوا : خوای رووناکی ، خوای تاریکی ، هه ندیکیش صابیئە ی بی دین ، له ولاتی هیند دەوروبەریشی دا ، په رستنی بورهومیی ، ئاژل پەرستی وه ك مانگا و ، له ولاتی چین دەوروبەریشی دا پەرستنی بووزا ..

بە لی دینی جوله که و یهودی وەها دە ستکاری کرا بوو ، که( عوزیر ) یان به کوری خوا ئه زانی ، مه سیحی و نصرانیش وه ها سەرگەر دان بوو بوون که سی خوایان ئه پەرست ، وه ك : ئه یان ووت : ( عیسی خوایه ، کوری خوایه ، روح القدسه )..

بی گومان له باره ئه خلاق و رەوشتەوه ، سه زەویی نوقمی رەوشته نزمه کان بوو بوو، به تایبه تی له کۆشکی کیسرا و قەیصەر ، پادشا و ، میرەکان دا بەرەلایی گه یشتبووه چلپۆپه ، به راده یه ك که ئەو بەدرەوشتی یانه گەورەترین هۆی لاوازبوونی ئەو دوو ده وله ته گه وره جیهانی یه : رۆم ، فارس بوو، تا ئه وه بوو زلم و سته م له دوو ده له ته گه وره یه سەری هه لدا رۆچوو بوون له سته م کرد ، به لام پاشانیش رووخان و له ناو چوون ..

لەو باره یه وه قورئانی پیرۆز بریاری دا له سەر فسادی و زولم سته می سەر زەوی :

( خوای گه وره ده فه رموو: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ الروم ٤١ .ئا لەم بارودۆخەدا سەرزەویی هاواری بوو تا رزگار که ریك بگاته به فریای و بیت به هانایەوه، ( خوای گەوره ) که خاوەنی بە زەیی و شەفەقەتی بی سنووره بەرامبەر به به ندەکانی ، به لی بی گومان هات به هانا و یارمه تی دانی به نده کانیه وه ، فریای دله تینووه کان که وت .. زامی زامدرانی ساریژ کرد .. دەرمانی بۆ دەر دەکان رەوانه کرد .. پیغەمبەری ئاخر زەمانی هەل بژارد .. رزگار که ری مرۆڤی نارد .. تاکو بانگی ئاشتی و ئارامی و خواپەرستی پاك و بیگەرد بەرز بکاتەوه .. بانگی کرد به راستی و به حه ق تاکو خەلکی خوای خۆیان بناسن به تاك و ته نیا و بی شەریك و هاوەل بی پەرستن ..

ئ

بەلی ئە گە ر سە یری رۆژگاری ئە مرۆش بکە ین دە بینین بە هە مان شیوەی سەر دە می نەفامی زولم و ستە م لە خەلك دە کریت ، بە لی هەر هە موو جیهان بە دە ست زولم ستە م فرو فیلەوە گیری خواردووە .. بەلی دە ستە و تـاقمیکی فیلباز درۆزن و دوو روو ستە م کار و خوا نەناس و تـاغووت لە هەر نـاوچە یە ك یان لە هە ر ولاتیك لە م جیهانە خۆیان کردۆتە ئاغاو کیخوا ،بە سەر خەلکیە وە مالی خەلك بە نا حق دە خون ، خوینی خەلك بە نا حە ق دە ریژن ، هە موو کاروباریکان کردۆتە دە ستی خۆ ، لە هە موو لایە ك ژیان و داری و ئابووری ولاتیان قورغ کردووە ،هەر ئە مانە لە م سەردەمە دا بە د رەوشتی بی اخلاقی بلاو دە کە نەوە دوور بە بە های مرۆڤايەتی ، بەردەوام ئیش لە سەر شکاندنی شکۆیی مرۆڤ دە کە ن ، هەولی لە ناوبردنی ئە م ئاینە پیرۆزە دەدن ، فەرمان دە کە ن بە خراپە کاری لە سەر رووی زەوی ، بەردەوام لە هەولی خوین مژینی هەژران و بی دەسە لاتان ، هە روەها بە ناوی درۆی برقە دار و شاخ دار ، خە لك فریودەدن ، بە ردەوام فروفیل دە کە ن لە گە ل خەلکدا ، هەر کا فیلیك ئاشکرا بوو لیان ، فیلی کی تر لە خراپ تر بە کار دە هینن بۆ فریو دانی خەلك ، تە نها مە بە ستی یانە بەردەوام مرۆڤە کان چە وساوە و داماو بن ، بۆ پەردە پۆش کردنی درۆکانی خۆیان هە ولی لە ناوبردنی مرۆڤە کان دە دن ، دوو روویی و نیفاقی و فسق و فسادی گە یشتووە ئە و پەری بی سنووری لە لای ئە جۆرە کە سانە ، بە ئیستا جیهان بە دە ست ئە م ستەم کارو زالمانە دە نالی نیت ، خراپە کاری سنووری نە ماوە ، بە رادە یەك تەنها ماوە باج و سەرانە لە سە ر ئە و هەوا پاکە و هە ناسە دانی مرۆڤە کاندا بنین ..

هە موو ئە مانە لە سەردە می نەفامی دا هە بوو ، بە لام کاتیك ئیسلام هات ئە م ستەم و زلمە ی نە هیشت ، ئیستاش ئیسلامی راستە قینە لە م جیهـانە دا نەماوە ، بۆ یە حالی ئە م رۆژی جیهان بە شیوە یە ، چونکە حوکم و دادپەروەی بە یاساکانی ئاینی ئیسلام نا کریت نا گە رینەوە بۆ حوکم و دادپەروەی قورئان و سوونەت ، ئە مە سەر ئە نجامی نادادپەروە ریە ..

## مژدەی هاتنی پیغه مبەری خوا ﷺ

له صه حیحی بوخاریی دا هاتوو كه پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویه تی : (( نحن معاشر الأنبياء إخوة لعلات ، ديننا واحد )). صحيح بخاري .

واتا : ئیمه ی پیغەمبەران برای یه کترین ، یەك دینمان هه یه ..

به لی هه موو پیغه مبەران یه ك دینیان هه یه و ، هه ر هه مووشیان بۆ یه ك مه بەست رەوانه كردووه ، كه بریتیه : له هیدایەتدانی خەلك ، تاكو خوای خۆیان بناسن و به جوانیی بی پەرستن ، تا له قیامه تدا سەرفرازبن و به هه میشەیی به ختەوەربن .

بەلی ئەوەتا قورئانی پیرۆز له م باره یه ئاماژە بۆ ئەوه ئه كات كه دینی پیغەمبەران یه كیكه و له بنەرەتدا جیاوازی یان نیه :

(خوای گەوره ) ده فەرموویت : ﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾الشورى ١٣. واتا : ریبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون ، ئەوەی كه فەرمانی پیكردووه به —نوح — هەر به و شیوه یه قورئانیشی بۆ تۆ ئه ی( محمد ) (صلى الله عليه وسلم ) وەحی و نیگا كردووه و به ئیبراهیم و موسى ، عیساشمان راگەیاندووه كه ریبازی ئاین و یه كخوا ناسی بەر نەدەن و له سه ری پایه داربن ..

بەلام دینی هەر پیغه مبەریك به پیی ئال گۆری زەمانەو ، پیویستیی كۆمەل روون كراوەتەوه وەك (خوای گەوره ) له قورئانه پیرۆزه كه ی دا ده فه رموویت : ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ المائده ٤٨.واتا : بۆ موسلمانان و خاوەنانی كتیب )بەرنامه و پرۆگرامی تایبه تمان بریارداوه ..له لایەكی تروه (خوای گەوره ) هه ر پیغەمبەریكی رەوانه كردبی به لین و په یمانی لی وەرگرتووه كه ئه گه ر له سەردەمی ئه و دا هەر پیغەریكی خوا ده ستی به بانگه وازكرد به بی دواكه تن ئیمانی بهینی و كۆمه كی پشتیوانی بكات ..

ئ
( **خوای گەورە** ) **دە فەرموویت :** ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾**ال عمران ٨١**.

**واتا: یا دیان بینە ، کاتیك خوا پە یمانی لە یە کە یە کە ی پیغەمبران وەرگرت کاتیك کتیب و دانایی پیبە خشین ، بەوەی کە ئە گە ر: لە ئایندەدا پیغە مبەریکم بۆ رەوانە کردن و بەراستدانەری ئەوەی ئیوەش بوو، ئەوە دەبیت باوەری پی بهینن پشتگیری بکەن ، ئینجا خوا فەرمووی : ئایا بریارتانداو پە یمانی منتان بە جۆرە وەرگرت کە پیم راگەیاندن؟ ووتیان : بریارمانداو ( هەروا دەکەین ) ئەوسا خوا پیی فەرموون : دەبەشایەت بن و منیش لە گەلتان یەکیکم لە شایە تەکان ..جا کە پیغە مبەران سەلامیان لی بی ئە مە ئەرکی سەر شانیان بیت ، ئەوا پیویستە خەلکی چاکتر مل کچیی حەق بن و بە پاکی شوینی بکە ون ، ئەوەیش بە ئیمان هینان بە هەر پیغە مبەریك کە بەلگەی ریك و پیك پیغە مبەرایە تی خۆی بسە لمینی ..جا پیغە مبەری ئاخر زەمانیش رۆشنایی چاومان ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەند بە لگە و نیشانەی زۆری هەن لەسەر راستیی و پاکیی پەیامەکەی ، کە هیچ پیغەمبەریکی تر نەی بوون . چونکە دینە کەی ئە م دینی کامل و تەواوە ، دینی هە تا هە تایی و ، دینی ئاخر زومانە کە هیچ شەریعەت و دینیکی تر نەسخس نا کاتە وە ..ئەوە بوو پیغە مبەرانی پیش ئە م ، بە تاییە تی موسی و عیسی و مژدەیان بە هاتنی رۆشنایی چاومان دا بوو ، ئە و مژدانەش هەر هە موویان لە تورات و ئینجل دا تۆمار کراون .**

ئ

**هەروەها زاناكانی جوولە كەو گاورە كان ، چاك ئە یان زانی پیغە مبەری ئارخ زمان ( صلى الله عليه وسلم ) دیت ، هەر ئەم پیغە مبەرە یە كە لە كتیبە كانی ئەوان وەسفی كرا بوو لە تورات و ئینجیل دا ، كە فرمان بە چاكە دە كات و ، دوورە پەریزیی لە لە خرا پە دە كات ، هەرچی شتی پاك هە یە بۆیان حە لال دە كات ، هەر چیش شتی پیس پوچ هە یە بۆیان حەرام دە كات، ئە و بارە قورسانەش لە سەر شانیان بووە لە سەر یان لادە بات ، جا هەر كە سیك شوینی ئە و ئازیز و رۆشناویی چاوان بكەویت و ، كۆمە كی وپشتیوانی لی بكا، شوین ئەو نوورە بكەوی كە بۆی هاتووە ، واتا : قورئان ، ئەوا سەر كە وتوو سەرفراز دە بیت .**

( **خوای گەورە** ) **دەفەرموویت :** ﴿ وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاءُ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ (١٥٦) الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ **الاعراف ١٥٦-١٥٧ .**

**واتا: دواكرین كە لە دنیادا چاكە مان بۆ پیش بهینیت و لە قیامە تیشدا ئیمە بەراستی رینموویی كراوین بۆ لای زاتی تۆ ( خوای گە ورە لە وەلامیاندا ) فەرمووی : سزاو تۆلەم تووشی كەسیك دە كەم كە بمەویت و ( شایستە بیت ) رەحمەت و میهرەبانیم هەموو شتیكی گرتۆتەوە ، جا لە مەو دوا ئەو رەحمەت و میهرەبانیەم تۆمار دەكەم و بریار دەدەم بۆ ئەو كە سانە ی كە تەقواو پاریزكاری دەكەن و زەكات دەدەن و ئەوانیش كە باوەری تەواو بە ئایە تو فەرمانە كانی ئیمە دەهینن ..**

ئەوانەی کە شوێنی ئە م ( محمد ) (صلى الله عليه وسلم ) پیغە مبەرە هەوالدەرە نەخوێندەوارە دەکەون ئەوەی ك (گاورو جوولە کە ، ناوو نیشانیان ) دەستیان دەکەویت نووسراوە لای ئەوان لە (تورات و ، ئینجیل دا ) فە رمانیان پیدەدات بە چاکە و قە دە غە ی گوناهو خراپە یان لیدەکات و هەرچیەك پاك و چاکە بۆیان حەلال دە كات و هەرچی پیس و نا پوختە لییان حەرام دە كات و ، ئە رکە قورس و سە نگینە کان لە سەر شانیان لادەبات ، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لە سەریان بوو لای دە بات ، (وەك خۆ کۆشتن لە کاتی تەوبەدا ..)

جا ئەوانەی باوەریان پی هیناوە و پشتیوانیان لی کردووە ، کە ( قورئانە ) و هاوری لە گە لیدا رەوانە کراوە ، هەر ئەوانە سەرفرازو رزگارن ..

دیسان قورئانی پیرۆز ری لە نصاری ئە گری کە لەبەر دەم پەیامی پیغەمبەری ئاخر زماندا ملە جەری ئە کەن ، ئەی دا بە گووی یاندا کە عیسی خۆی مژدەی ئەوەی داوە ، کە چی ئەوان بەلگە روون ئاسکراکانی ئەبینن و لە گەل ئەوەشدا ئیمان ناهینن و بە سیحری لە قە لە م ئە دە ن ،کە ئە و پەری نەفامی و نامە ردیی یە ، قورئانی پیرۆز لە م بارەیە وە ئە فەرموویت :

﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ **الصف ٦.**

واتا: بیریان بخەرەوە ، کاتیك عیسی ی کوری مریم بە نەوەی ئیسرائیل ووت : منیش بەراستی پیغە مبەری خوام بۆ سەر ئیوە ، راستی تەوراتیش دەسەلمینم کەلە پیش مندا هاتووە ، هەروەها مژدەدەریشم بە پیغەمبەریك کە دوای من دیت و ناوی – احمد – کە چی کاتیك بە بەلگە و نیشانە ی تیر و تەواوو موعجیزەی ئاشکراوە پیی راگە یاندن ، ووتیان: ئە مە جادوویە کی ئاشکرایە ..

ئ

جا هەر چه نده گاور و جووله كه ده ست كاری یه كی زۆری تورات و ئینجیلیان كردووه ، بەتاییه تی له و شوینانەدا كه ناو نیشانی پیغه مبەری ئاخر زمان هاتووه ، كه چی هیشتا به لگەو مژدەی زۆر ماون كه بی سەلمینن كه ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) ئەو پیغەمبەره چاوەروان كراوەیه كه مژدەی هاتنیان داوه ..

له ( تورات ) دا مژده یه ك له سەر زمانی موسی ( علیه السلام ) هاتوو ه : (( أقم لهم نبيا من وسط إخوتهم مثلك ، وأجعل كلامي في فمه فيكلمهم بكل ما أوصيه به )) سفر التثنية ١٨/١٨

بی گومان ئه مه به جوانی دەری دەخات كه مەبەست له و پیغه مبەره ( محمد ) ی رۆشانیی چاومان ( صلی الله علیه وسلم ) مه به ست له ووشەی ( إخوتهم ) واتا : نەوەكانی إسماعیل ..

ئیتر له نیوان له نیوان ( موسی ) ، ( عیسی ) چه ند پیغەمبەریك یه ك له دوای یەك هاتوون یه كیكیان دەری نەبریوه كه ئه و پیغه مبەرەیه كه له مژده كەی سەرەوەدا ناونیشانی هاتووه ، وه هەرچی پیغه مبەریش بەدوای ( موسی ) هاتووه هەولیان داوه شەریعەتەكه ی ئەو جی به جی بكه ن ، بی گومان هیچ كامیان له و پیغه مبەره ناجن تەنها ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) نەبیت كه له پیغەمبەر ( موسی ) برای ده جیت ..

به لی باسی پیغەمبەری ئاخر زمان له ناو جووله كەدا یەكجار باسیكی بلا و ، وه زانراو بوو ، كه خویندەوار و نه خویندەوار یان ئه زانیی و، جووله كه كان بەره لەدوای بەره چاوەروانی هاتنی بوون ،هه موو نیشانه كانیشی له ناو كتیبه كانیادا نووسرابوون ...

ێ

بۆ پشت گیری ئەم باسە سەرنجی ئەم ووت ویژەی نیوان (یوحنا المعمدان ) واتە: یەحیای کوری زەکریا ،سلامی خوای لی بیت .. ئەوانەی کە هاتبوون بۆ لای تا پرسیاری لی بکەن :

تۆچیت ؟ ئەویش دانانی بەراستی دانا دەری بریی کە مەسیح نیە .

لی یان پرسیی : ئەی چییت ؟ ئیلیایت ؟ فەرمووی : من ئە و نیم . ووتیان : ئەی ئەو پیغە مبەرەیت ؟ واتە پیغەمبەری ئاخرزمان . وەلامی دایە و : نەخیر ..سفر یوحنا ١/١٩-١٢ .

بەلی ئە مە ئەوە دەرئەخات کە جوولە کە بە یە قینیی چاوەروانی دەرکەوتنی سی پیغەمبەر بوون : یە کەمیان : ئیلیا ، کە چاوەروان بوون جاریکی تر لە سەر ئەم زەوی یە دا دەر بکەویتەوە و ، دووهەمیشیان : مە سیح ، سی هە میشیان پیغە مبەری ئاخر زە مان ، کە ئەوەندە بە لا یانەوە ، بە ناوبانگ بوو بە پیویستیان نەئەزانی هیچ سیفەتیکی هەل بدەن ، بەلکو تەنها (ذلك النبي ) بەس بوو بۆ ناساندنی ..

هەروەها مژدە یە کی تر لە (تورات)دا هاتووە کە ئە لیت : ((جاء الرب من سيناء واشرق لهم من ساعير ، وتلالا من جبل فاران )) سفر التثنية ٢٣/١ .

جا لە سیناوە هاتن ئاماژە یە بۆ هاتنی ( موسى )، هەلهاتنیش لە ساعیرەوە ئاماژەیە بۆ هاتنی( عيسى )، درەوشانەوش لە چیای فاران وە ئاماژەیە بۆ هاتنی ( محمد ) (صلى الله عليه وسلم ) چونکە (تورات ) خاکی حیجاز واتە : (مككه ) ی بە فاران ناو بردووە ..

هەروەها مژدە یەکی تر هاتووە لە (ئینجیل) یوحنا : (( إن كنتم تحبوني فاحفظوا وصاياي ، وانا أطلب من الآب فيعطيكم معزيا آخر ليمكث معكم إلى الأبد ، روح الحق ، الذي لا يستطيع العالم أن يقبله ، لأنه لا يراه ، ولا يعرفه ، وأما أنتم فتعرفونه لأنه ما كث معكم فيكون فيكم )) يوحنا ١٤/١٧ .

ئ

به لی ( خوای گەورە ) پیش ئەوەی پیغه مبەرا یه تی ببه خشیت به پیغه مبەری ( صلى الله عليه وسلم ) له شاری ( مككه ) دا به ردیکی هینا بووه زمان و سلاوی له پیغه مبەرس خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ده کرد پیش بوونی به پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ..

( جابری کوری سمره ) ده فەرموویت : پیغه مبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (( إني لأعلم حجرا بمكة كان يشلم على قبل أن أبعث إني أعرفه الآن )) اخرجه احمد ، ابن سعد ( الطبقات )، والنسائي ( الكبرى )

واتا : من بەردیك دەزانم که له ( مككه ) دا سەلامی لی دەکردم پیش ئەوەی ببم به پیغه مبەر و ئیستاش دەیناسمەوە ..

له ریوایه تیکی تردا هەر له جابره وه ده گیریتەوە له پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) که ده فەرمووی : (( ان بمكة الحجرا كان يسلم على ليالي بعثت اني لاعرفه اذا مررت به )). اخرجه احمد

واتا : بەردیك هه یه له ( مككه ) سەلامی لی دەکردم له شەوانی بوونم به پیغه مبەر دا ، گەر بەلایدا تیبپەرم دەیناسمەوە ..

به لی پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پیش ئەوەی ببیت به پیغه مبەر ( صلى الله عليه وسلم ) رووناکی دەهاته بەر چاوی ئەویش رووناکی مەلائیکه بوون و وه گویشی له دەنگ بووه ، دیاره دەنگی مەلائیکه بووه ( والله اعلم ) وه ترساوه لەوەی که تیك چوو بیت !!

وەك ابن عباس دەفەرموویت : پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) به خەدیجەی فەرموو : (( إني أرى ضوئا و أسمع صوتا وأنا أخشى أن يكون بي جنن )) اخرجه احمد .

ێ

واتا: من ڕووناکی یه ك دەبینم و دەنگیك دەبیستم دەترسم که تیك چووبم ، خه دیجەش ده یفەرموو : نەخیر خوای گەورە هەر گیز وات لی ناکات ، وەرە با بچین بۆ لای ( وەرەقەی کوری نوفل ) پاشان چووین بۆلای وەرەقەی کوری نوفل ، وەرەقەش ووتی : گەر ئەوە راست بیت ئەو فریشتەیە هاتووە بۆلای تۆ هەر ئەو فریشتەیە یە که هاتووە بۆلای ( موسی ) وئه گەر تۆ ببیت به پیغەمبەر من زیندووبم باوەرت پی دەهینم و سەرت ده خەم ...

به لی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سەرەتایی پیغەمبەرایەتی به خەونی راست ده ستی پی ی کرد که وه ك له بەره بەیان ده هاته دی ، له( عایشه ) وه ( رضي الله عنها ) ده فەرموویت : (( پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) هەر خەونیکی ببینیایه وەك روونکای رۆژ له بەره بەیاندا دەهاتەدی )) اخرجه البخاری .

بەلی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) زۆر حەزی به گۆشه گیری دەکرد و هەموو جاری ده چووه ئه شکەوتی ( حراء ) وتیایدا دەمایه وه بۆ عیبادەت کردن و بیرکردنه وه له ئاسمان و زەوی و کاروباری خەلکان گه رانەوەیان بۆ لای ( خوای گەورە ) ..

بەلی وا کلتورو باوبوو له ناو قورەیش کەمرۆڤه خاوەن هۆش و بیره کان هەموو سالی ماوەیه له کاتیان تەر خان ئه کرد بۆ گۆشه گیری له شوینیکی چۆلدا ئه ژیان پەرستنیا ئه کرد ، بەلام پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئه م کەلتورەی به هل زانی و بۆ ئەوەی به دلی خۆی بیر بکاتەوە خوا پەرستی به تنها بکا ، چونکه پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیهوسلم ) باوەری به ئاینی قورەیش نەبوو ،چونکه ئەوان ( لات و عوزه ) یان ئه پەرست ، له کاتیکدا پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له سەر ئاینی پیغه مبەر ئیبراهیم بوو که ئاینی حنیفا بوو ، خوای گەورەی به تەنها ده پەرست و خوا پەرستی به تنها ده کرد له شوینیکی چولادا وه ك ئه شکەوتی ( حراء ) ..

ئ

بەلی پیغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) لە ئەشکەوتی ( حراء ) بە دلی خۆی خوا پەرستی دە کرد و بیری دە کردەوە لە گەورەی خوا ، وە بیری دە کردە وە لە گەوەرەی دروست کردنی زەوی و ئاسمانەکاندا ، سەرنجی ئە دا بەوردەی لە جوانی ئاسمانە کان و ئەستیرە کان ، بەلی لە م کاتە ناوازەیە لە ئە شکەتی ( حراء) خوا پەرستی و گەیشتن بە ئامانج لە ئە نجامی ئە م خوا پەرستیەوە بیرکردنەوەدا لە ئە شکەوتی ( حراء ) بە سەر بەری کە دەمیکە بە دل و دەرون و میشکی پیوە خە ریك بوو ، تا لە پاشە رۆژدا لە سەر ئە م بەرنامە و پرۆگرامەی خوای گەوەر بروات ، تەنها خوا پەرستی راست قینە بکا ، نەشریك و هاوەل بریار بدا بۆ خوای گەورە تا کو هە ر لە ئە شکەوتی ( حراء ) ری رە وی ژیان و بەرنامە راستە قینەی حە ق و راستی تیدا بدۆزیتەوە ئۆمە تە کەی لە سە ری برات ..بە لی بۆ ئە م مە بە ستە گرینگە ئە شکەوتی ( حراء ) ی هە لبژارد کە ( نووری ) پیغە مبەرایە تی تیدا دە رکەوت ، ئە شکەوتی ( حراء) نزیکە سی میل لە (مككە ) وە دوور بوو ، هەموو سالی لە مانگی رە مەزان ئە چووە ئە و ئەشکەوتەوە ، لە و ماوەی ئە و مانگە دا خوا پەرستی ئە کرد بە پیی ئاینی ئیبراهیم ،وەسەرەرای خوا پەرستی یە کە ی لە جیهانی بیر کردنەوەدا ئە ژیا و سەرنجی وردی ژیانی ئە دا وە بیری لە بی سەروبەری قورەیش ئە دا وەبیری لە ئاینە کانی ترە وە ك: جوولە کە و گاورە کان ئە دا ، بە شیوە یە لە ئە شکەوتی ( حراء ) دە مایە وە ، بەلی لە م بیر کردنەوە ووت و ویژیەی دەروونی یە دا بوو هە تا تەمە نی گە یشتە چل سال ئینجا هەر لە و مانگە دا هەر لە ئە شکە وتی ( حراء ) بوو کە ( خوای گە ورە ) بە مالائیکە ی خۆی ( جبرائیل ) دا پە یامی خۆی بۆ نارد لە م شوینە دا لە ئە شکە وتی ( حراء ) لە مانگی رەمەزان لە شەوی قدر پە یامی بۆ نارد چرای پیغە مبەرایە تی دل و دەروونی رۆشن و رووناك کردەوە ، کردی بە پیغە مبەری جیهان و بە کۆتایی زنجیری پیغە مبەران لە سەر رووی زەویدا ، هەر لە م رۆژە وە چرای رووناکی سەر تا پە ی زەوی گرتەوە پیشەوایی مرۆڤایە تی و بوو بە رۆشانیی چاوی هە موو جیهانیان لە رۆژ هە لاتەوە تا کو رۆژئاواوە لە باکوورە وە تاکو باشوورە وە بە پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەم چرا رووناکی بۆ هە موو لا یە ك بلاو بۆ تەوە ..

ئ

به لی تیشك ده خه ینه سەر خوا پەرستی پیغه مبه ری خوا (صلى الله عليه وسلم) له ئه شکەوتی (حراء) پیش هاتنی وه حی نیگا ، واته : پیش پیغه مبەرایه تی که چۆن خوا پەرستی د کرد له ناو هۆزه که ید یان چۆن خوپەرستی ده کرد له ئه شکەوتی (حراء)..

بەلی له لای عەره به کانی قورەیش پاشماوه ی ئاینی حه نیفی هەر مابوو ، واته : ئاینی ئیبراهیم (عليه السلام) بەلی وه ك میراتیك بۆ یان ما بۆوه ، له گه ل ئەوەشدا که گیرۆدەی شیرك و هاوەل پەیدا کردن ببوون ، بەلام هه ندیك کاری پەسه ند و چاکیان هەر تیا ما بوو که له باو باپیرانیا نەوه نەوه له پاش نەو هینابوویان ، وه هه ندیکیشیان زیاتر پابه ند بوون پییانەوه وه ك هه ندیکی که یان ، به لکو کۆمه لیکیان – که کەم بوون – خۆیان بەدوور و پال ئه پاراست له بت پەرستی و گه له کەی خۆیان لەسەر هەله و ناتەواوی ئه زانی ،نزیك کاره خرپه کانی وه ك : بت پەرستی ، خواردنی مردار بوو ، کچ زینده به چال کردن ، وه زۆریکی دیکەش له و نەریته ناشرینانه که شرعی پیرۆز رۆ پی نه دابوو نه ئه کەوتنەوه ، وه له و کۆمه لەی که به شیوه یه بوون (وەرەقه ی کوری نوفل) ، (زیدی کوری نوفل) ، (محمد کوری عبدالله کوری عبدالمطلب) بەلی ئه مانه هەرسی کیان ده ستەیه ك بوون له خوا ناسان هەر گیز تووشی پیس و چه پلەی نه فامی نه کەوتن ، به لی پیغه مبەری خۆمان پیش رەوانه کردنی بۆ پیشەوای مرۆڤایه تی واته پیش هاتنی وەحی هه رگیز تیکەلی پیس وچه پله ی نەفامی نه بوو ، بەلی ئه م سی که سه دوره پەریز له خەلك خۆیان جیا کرد بۆوه ، چونکه بروا یان به بت پەرستی و هاوەل بریاردان کاره ناشرینه کانی نه فامی نه بوو ،به لی پیغه مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەر له منداليەوه بیری له هۆزه که ی ده کردەوه ، که به شوین به ندایەتی نابه جی و خه یالات و ئه نیشەو شتی پرو پوچ کەوت بوون ، بەلی پیغه مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کارو کرده وی گه له که ی هیچ ن ئه چوو به دل یا ...

ئ

چونكه هيچ عەقل ژيرى ئه مه ى وەرنەئه گرت وه نەيئه سه لماند ، كه شتانيك ئه پەرستن له دارو بەردو كه كرونشيان بۆ ده به ن ، چونكه پى وا بوو جگه له خوا ى گەوره نا بيت گرنوش بۆ هيچ شتيك ببرديت ، بەلى ئه مه هه موو ئه م زيره كيه و هۆشيارى و ژيريه ى به هۆى ( خواى گەوره ) وه بوو كه ئاگادارى بوو چاوديرى ده كرد ، وەك مرۆڤه كانى تر نه بوو ، چونكه فيترەتى وابوو له سەره پاك و بيگەردى بمينيتەوه ، هيچ خەوش و له كه يەكى تيكه ل نه بوو، بەلى ئه م حاله ى كه پيغه مبەرى خوا تيدا ژيا ، پالى پيوه نا كه دوور پەريز بوەستى له گه ل هۆزه كه يان گه له كه يدا ،كه به هيچ شيوه يه ك تيكه لاويان نەبى ، تەنها له كارى چاكه نەبى ، وه يارمەتى دانى هەژران ، پالپشتى بى دەسەلات و لاوازەكان، يان ريز گرتنى و ميوان دارى ، يان گه ياندنى بەزەيى و صيله ى رەحم ،به شيوه يه خوردن و خواردنەوەى له گه لحۆدا ئەبردە ئەشكەوتى ( حراء ) بەلى پيغەمبەرى خواى ( صلى الله عليەوسلم ) چەندە ها شەو رۆژ له م ئه شكەوتەدت ەمايەوه بەندايەتى ده كرد ، بيرى لەزەوى ئاسمانه كان و گەورەى ده سەلاتى خوا ده كردەوه ، بەلى بيرى له گه له كه ى ده كرده وه ، كه چون وا لەسەر گومرايين و دوورن له خوا ، به لى هەرگيز دل خۆش نه بوو كه گه له كه ى له سەرى بوون ، بەلى هه لبژاردنى بۆ ئه م ئه شكه وته مانەوەى له مانگى رەمه زاندا وه گۆشه گيرى كردنى پيغەمبەرى خوا( صلى الله عليه وسلم ) له ئه شكەوتى ( حراء) له هۆكارانه بو كه خواى گەوره بۆى ئاماده كردبوو تاكو ئامادەى بكات بۆ ئەو كاره گرنگه و قورسەى له پاشاندا درا بەسەريدا ، بەلى ئه و كاره گرينگه ئه وه بوو كه بريتيه له: گه ياندى پە يامى خوا به هه موو خه لكى جيهان به گشتى ، هەروەها يه كه ئايەتى تى قورئانى پيرۆز له ئه شكەوتى ( حراء ) دا ده ست پى ده كات ..

## به شی : دووەم

سەردە می پێغەمبەرایەتی ( صلى الله عليه وسلم )

دابه زینی وەحی، و پچراندی وەحی

فەرز بوونی نوێژ

قوناغی بانگه وازی ئیسلام

قوناغی بانگەوازی ئیسلام بە نهێنی

قوناغی بانگەوازی ئیسلام بە ئاشکرا

دەستەی یەکەم و دووەم و سی یەمی باوەرداران

ماله کەی ئەرقەم بۆ بانگەوازی ئیسلام

دژایەتی کردن و ئازار دان و ئەشکه نجەدانی موسلمانان له لایەن موشریکانی قورەیش

شاندی قورەیش بۆلای ( ابو طالیب )

موسلمان بوونی ( حمزه ) و ( طفیل )

( ابن مسعود )بۆ یەکەم جار قورئانی پیرۆز دەخوێنی بەئاشکرابەگوێی موشریکاندا

موشریکانی قورەیش دوای موعجیزه له پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەکەن

ئ

## هاتنی نیگا یان وەحی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ

ئیمامی (ترمزی ) ئه لی :(( پیغه مبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) که نیگای بۆ ئه هات له لای روویه وه دەنگی ئەبیسترا وه ك (ده نگی گیزەی هەنگ ) یان زۆر جار نیگای بۆ ئه هات ، وەك (زەری زەنگ ) وابوو، ئه مه یان زۆر به سەختی وەر ئه گیرا ، به جۆریك ئه گه ر بەسەر ووشترەوه بوایه ووشتره کەی ئه خست ویخی پی ئه دا ، وه له سارد ترین کات بوایه ناو چاوی ئارەقی پیا ئه ته خوارەوه ، وه هەندیك جار فریشته له شیوەی پیاویکا ئه هات و له گه ل یا دا ، پیغه مبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) هه مووی وره ئه گرت بی کەم و زیاد )). بخاری له عائیشەوه ریوایه تی کردووه .

له فه رمووده یه کی تردا له عائیشەوه (خوای لی رازی بیت ) دەگیریتەوه :(( جاریکیان نیگای بۆ هات و له کاته دا رانی کەوته سەر رانی (زیدی ) کوری (ثابت ) ئەوەنده قورسایی که وته سەر زید وەخیت بوو بکەوی به زەویدا )) ئمامی احمد له عائیشەوه ریوایه تی کردووه.

### جۆره کانی وه حی و نیگا :

١- یه کیك له ئەوانه (خەونی دروسته )چونکه خەونی پیغه مبەران ، سروشی خودایه هەرووەك پیغه مبەر (ابراهیم ) به هۆی خەونەوه ، چه قۆی له سەر ملی کوره چه گەر گۆشه که ی خۆی دانا که (اسماعیل ) بوو .

٢- یافریشته یەك (وەحی و نیگا )، ده خاته دلی پیغه مبەرکه ، به بیئەوەی کەوا پیغه مبەرەکه بی بیینیت .

٣- یا فریشته یه ك له سەر چه شنی شیوەی پیاویکی ناسراو ، دیته به رچاوی پیغه مبەره که له کاتی ئه م وەحی یه ، هیچ قه ده غه یه ك نیه ، که وا ئاماده بوانیش وەحی خویندن ببینیت .

ئ

٤- یا فریشتە ی وەحی لە سەر خودی چەشنی و شیوەی خۆی ، خۆی بە پیغەمبەرەکە

نیشان بدات ، وەك ئەوەی پیغەمبەر ( صلی اللە علیه وسلم ) لە شەوی ( الاسرای و المعراج )
جبرائیل ( سلاوی خوالی لی بیت ) بینی و کە شەش سە د بالی هە بوو .

٥- یا فریشتە ی وەحی دیتە لای پیغەمبەرە کە ، بە دەنگ دیت بە لام وینە و شیوە ی نیە ، ئە مەش نا خۆشترین جۆری وەحیە ، چونکە پیغەمبەر لە ئە چەشنە وەحیە ئارەقەی دەکرد رەنگی دە گۆرا .

٦- یان بە هۆی ئاخافتن و قسە کردنی ( خوای گەورە ) لە گە ل پیغە مبەرە کە ی ،وەك قسە کردنی ( خوای گەورە ) لە پیغەمبەر ( موسی ) ، ( سلاوی خوای لی بیت ) .

بەلی یە کە مین وەحی و نیگا ، پیغەمبەری خوای ( صلی اللە علیه وسلم ) کە دەستی پی کرد خەونی دروست بوو ، بە لی هەر خەونیکی کی بینی بایە وەك ئاسۆی بە یانی دەهاتە دی ، ئەمەش لە تەمە نی ( ٤٠ ) سالیدا بوو ،چونکە ئە م تەمە نە ، تەمەنی پیغەمبەرایەتیە ،

بەلی لە مانگی رەمە زان، کە وەحی هات بۆ پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) بە لگە ئە م ئایە تە ی ( خوای گەورە ) دە فەرموویت :﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ﴾ البقرە ١٨٥ .

بە لی سە بارە بە هاتنە خوارە وی وەحی بۆ پیغە مبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) کە عائیشە ( خوا لی رازی بیت ) دە فەرموویت : (( یە کەم شت لەوەحی کە بۆ لای پیغە مبەر ( صلی اللە علیه وسلم ) دە ستی پی کرد ، خەونی راست بوو ، هە ر خەونیکی بی نیبایە وەکو رۆژی رووناك دە هاتە دی ، پاشان خەلوە و گۆشە گیری لا خۆشەویست بوو ، ئە چووە ئە شکەوتی ( حراء ) وە عیبادە تی تیا دەکرد و چە ند شەویك لەوی دەمایەوە پیش ئەوەی بگەریتەوە بۆلای خیزانی پاشان دەگەرایە وە و خواردنی دە برد ...

ئ
تا ( خوای گەورە ) فریشتەی بۆ نارد لە ئە شکە وتی ( حراء) فریشتە کە هات بۆ لای واتە : ( جبرائیل ) پی فە رموو : بخوینە ،فەرمووی : من خوینندەوار نیم ، پیغەمبەر ( صلى الله علیەوسلم ) فەرمووی:( گرتمی گوشیمی بە خۆیە وە ) هە تا وای لی کردم زۆر نارەحە ت بووم پاشان بە ریدام و دووم جار پی ووتم : من خوییندەوار نیم ، گرتمی و گوشیمی بە خۆیە وە هە تا زۆر نارەحە ت بووم پاشان بە ریدا ، بۆ سەیەم جار پی ووتم : بخوینە ، من پیم ووتەوە : خویندەواریم نیە ، ئینجا گرتمی گوشیمی بە خۆیە وە پاش کە میك بەریدام پی ووتم : ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ العلق ١. کە پیغە مبەر ئە مە ی گوی لی بوو ، دلی کەوتە لەرز ، گەرایە وە بۆ لای خە دیجە و پی ووت : بم پیچەوە و دام پۆشن ، هە تا تۆزی هۆشی هاتەوە سەر خۆی پاشان هەواڵە کە ی بۆ خە دیجە گیرایەوە و پی فە رموو ( لقد خشیت على نفسي ) ترسام لە نەفسی خۆم تووشی شتیك بوو بم ، خە دیجە ش فەرمووی : واللە هە رگیز خوا ریسوات ناکات و تۆ سەر داری خزمانت دە کە یت و یارمە تی هەژران دە دەیت و دەستی بی نەوایان دەگریت ،

وریز لە میوان دە گریت ، وە لە هە موو کاریك چاکە دا دەست پیشخەری دە کە یت ، ( مژدە بیت ئەوەی هاتووە بۆ لات فریشتەی خوایە نە ك شەیتان ، تۆش خۆ گر بە ئارام گر بە پاشان بروای بی هیناو شایە تی بە راستی پیغە مبەرایە تی دا ، دە لی پاشن خە دیجە لە گە ل خۆی بردی بۆ لای ( وەرەقە کوری نوفل ) کە شارەزابوو لە نووسینی عەرە بی دەزانی و کتیبی لە عەربیەوە وە دەگیرایە وە بۆ زمانی عیبری ، وە ئینجیلیشی دە نووسەیەوە بۆ سەر زمانی عەربی ، بە لی( وەرەقەی کوری نوفل ) پیاویکی پیرو زانا بوو ، لە و کاتەدا چاوی کز بوو بوو ، خە دیجە پی ووت : ئە ی ئامۆزا ، گوییی گرە لە ئامۆزا کە ت بزانە چیت بۆ دە گیریتەوە .

ئ

ئینجا ( وەرەقە ی کوری نوفل ) گوێی لی گرت و پی ووت : ئە و فریشتەیە ی کە هاتووە بۆ لات هەر ئەو فریشتەیە یە کە هاتووە بۆ لای موسی ( علیه السلام ) ، ئە لی : خۆزگە من گە نجیکی بە توانا و زیندوو دەبووم کاتی کە خزمانت دەرت دە کە ن و شاربە دەرت دەکەن تا یارمە تی تۆم بدایە وە تۆم سەر بخستایە ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : بۆ چی ئەوان من شار بە دەر دە کەن ؟ وە رەقە ووتی : بەلی هەر کە سی ئەو بەرنامە و پایە مە ی پیی بووبیت بۆ قە و مە کە ی بی گومان قەومە کەی دژایەتیان کردووە ، ئە لی وەرەقە ووتی : ئە گە ربیت و من بگەمە ئەو رۆژە ئەوا یارمە تیت دەدەم و سەرت دەخەم بە سە ر خستنیکی سەر بەرزانە ، پاشان ئەوەندە ی پینە چوو( وەرە قەری کوری نوفل ) مرد وە حی و نیگاش پچرا ... )). اخرجه بخاري ، ومسلم ، و امام احمد ، والترمذي ، وابن ابي شيبة ، وابن سعد في الطبقات ، والبيهقي في الدائل النبوة .

بەلی پیغەمبەر ی خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە تەمە نی گە یشتە چل سال کاملی پیاوانە ، وەحی بۆ هات ، ئە مە ش لە مانگی رە مە زان بوو ، لە شەوی قە در واتا رۆژی دووشەمە بیست یە کی مانگی رەمەزان ، بە لام رای جیاواز هە یە لە سەر رۆژە کە هە ندیکی تر ئە لین لە حەڤە دە ی مانگی رە مە زاندابوو ، کە دە کاتە شەشە م رۆژی ئابی سالی ٦١٠ زاینی .

بەلی بۆ ئە مە قورئانی پیرۆز دە فەرموویت : ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللَّهِ وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ الانفال ٤١ .

﴿وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ﴾ ئە م ئایەتە ئە مە ئە گە یە نی کە لە حەڤە دەی رەمە زان وەحی هاتووە ، چونکە بە یە ك دە نگیی موسلمانان جە نگی بە در لە حەڤەدەی رەمە زان سالی دووەهەمی کۆچی دا بوو هیچ شك و گومانیك نیەو هیچ رای جیاواز نیە لە سەر غەزای بە دری کە وەرە دا کە لە ١٧ ی رە مە زان سالی دوو هەمی کۆچید بوو ...

٩٣

ێ

**هەروەها لە فەرموودە کی پیغەمبەر ی خوا ( صلی اللّه علیه وسلم ) دا هاتووە که فەرموودە کە ش ئەبوقتادە ریوایەتی کردووە ، کە پرسیار لە پیغە مبەری خوا ( صلی اللّه علیه وسلم ) کراوە دەربارە ی رۆژی دووشەممە ، ئەویش فەرموویە : (( فیه ولدت ، وفیه أنزل علی )) صحیح مسلم ، وأمام احمد ، والبیهقي .**

**واتە : لە رۆژی دووشە ممە کە دە کاتە بیست و یە کی مانگی رە مەزان ،**

**بە لی سەرە تا پینج ئایە تی سورەتی العلق هاتۆتە خوارە وە :**﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ **العلق ٥.**

## پچراندنی وەحی یان نیگا :

**بەلی ( وەحی ) رەحمە تیکە لە خوای پاك و بیگەردە وە بۆ سەر بە ندە کان یان پیغەمبەران دە نیری ، بەلی بی گومان فەز ل و ریزیکە زۆر گەورە یە لە ( خوای گەورە ) وە بۆیان ، بە لی بەم وەحی و نیگا یە لە تاریکایی دەریان دینیت و بەرە و رۆشنایی دە یانبات و رینموونیان دە کات بۆ سەر ریگە ی راست و دروست و کاری چاکە ، وە دوورە پەریزیان دە کات لە ریگە ی چەوت و کاری خرا پە ، بەلی بیگومان ( وەحی یان نیگا ) کارو باری دونیا ریك و پیك دەکاتە واتە بەرنامە ی پرۆگرامی ژیانی دونیا ریك دەکات ، وە دوارۆژیشیان رووناك دە کات ، بۆیە جا هەر کە سیك شوینی ئە م ( وەحیە ) یان ئەم پەیامەی پیغە مبەران کەوت ، ئەوا ژیانی دونیا یی پی بە ختەوەرو کامەران دە کات ، وە پاش مردنیشی بی خەم دە بی لە جزای تۆلە سنە وەی ( خوای گەورە ) کە بۆ بە ندە کانی ئامادە کردووە ، هەروەها پاداشتی دە دریتەوە لە لایەن ( خوای گەورە ) وە کە بە هەشتی خوای بە قسمە ت دە بیت کە بۆی ئامادە کراوە ، بەلی ئەوەتا ( خوای گەورە ) ناوی ناوە ( روح ) گیان وەك ( روح ) وایە و زیندوویی دادەتە لاشە ی مرۆڤ ، وە چۆن ژیان بە بی ( روح ) ناکری ئاواش بە ختەوەری و کامەرانی بە بی نیگاو شوینکەوتنی ( وەحی ) ( خوایگەورە ) نایە تە جی ...**

ئ

**هەروەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿ وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾**الشورى٥٢ .واتا: ئە ی محمد ( صلى الله عليه وسلم ) ئا بەو شيوە يە ی كە وتمان ئيمە قورئا نمان بۆ رە وانە كرديت لايەن خۆمانەوە ( كە ژيانبەخشە بە روح و گيان و عەقل ) تۆ نەتدەزانی قورئان چيە و ئيمان چيە ، بە لام ئيمە ئەم قورئانە مان كردە روونكی و نوريك كە هيدايەت و رينموويی هەر كەس كە بمانەوەيت لە بەندەكا نمانی پی دەكەين ، ( ئەوانە ی دلی بۆ دە كەنەوە و بەچاكی گوی بۆ دەگرن ) بيگومان تۆ ئە ی پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) رينيشان دەريت و رينمووی دە كەی بۆ ريگە و ريبازيكی راست و دروست .**

**بی گومان ( خوای گەورە ) ئەم نيگايەی كردۆتە مايە ی زيندويتی دلە كان ، كە ( خوای گەورە ) دەفەرموويت :** ﴿أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ **الانعام١٢٢ .**

**واتا: ئايا ئە و كە سە ی كە مردوو بوو ( بە هۆی بی باوەريەوە ) ئينجا ( بە هۆی ئيمانەوە ) زيندوومان كردەوەو نورو روناكيە كمان بۆ ساز كرد لە ژيانيدا ( كە قورئانە ) لە ناو خەلكيدا پيی دەروات و هەلس و كەوتی پی دەكات ( هاندەريە تی بۆ هە موو چاكە يە ك و دەيگريتە وە لە هە موو خرا پە يە ك ، ئايا ئە و كە ) وەكو ئەوە وايە لە ناو تاريكاييە كاندا گيری خواردووە ولی دەرناچيت .**

**لە بەر گرينگی ئە م وەحی يە و پيويستی خە لكيش پيی ، ( خوای گەورە ) مرۆڤە كانی هەلبژاردوەە و بە وەحی و نيگای خۆی ناردونی بۆ مرۆڤا يە تی ، و بۆ كۆتاييين بەرنامە و پەيامی خۆی باشترين و بەريز ترينی پيغە مبەرانی خۆ ی هەلبژاردووە كە ( محمد ی كوی عبدالله ی كوری عبدالمطلب ) ( صلى الله عليەو سلم ) هەلبژارد ، جا بە م پە يامە ريز داری كردووە ، وە ئۆممە تە كە شی لە پاش خۆی ريز دار كردووە ، ..**

به لی له سەرەوە باسمان کرد یە کە م (وەحی و نیگا ) لە ئە شکە وتی (حراء) بوو ، جوبرئیل (سلاوی خوای لی بیت ) چە ند یایە تی کی لە قورئانی پیبرۆز بۆ هینا و خویندیەوە بە سەریدا ، پاشان (وەحی نیگا) وەستا یان پچرا بۆ ماوەیە ك (وەحی ) نە هات ئە ویش لە بەر ئە م حیمەت دانایی بوو ، کە (خوای گەورە ) خۆی دە یزانی ، بەلی وە لە بابە تی یە کە م دا باسمان کرد کە بۆ یە کە م جا رە (وەحی ) هاتەوە خوارەوە ، فریشتە ی (خوای گەورە ) جوبرئیل هینای پی گووت : بخوینەوە ، لە خۆی ترساو ، گەرایە وەلای خەدیجە ، پی گوت : بەراستی لە خۆ ترساووم ، ئینجا خە دیجە بردی بۆ لای مامە کە ی (وەرەقەی کوری نوفل ) ئە ویش هەوالە کەی پی گووت ، کە چی بەسەر هات ...

ئیتر پیغە مبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) گوی بۆ ئامۆژگاریە کانی وەرە قەی کوری نوفل گر ت و هیمن بۆ یە وە ، وە چاوەری د کرد بۆ جاری دووەم (وەحی ) بۆ دابەزیت ، وە خۆی بۆ ئامادە دە کرد ، بەلام (وەحی) پچراو ماوەیە ك وەستا ، هەروەها ئیبن سەعد لە ئیبن عباسە وە (خوا لی رازی بیت ) دە گیریتەوە ، کە ئە لی: ماوەی پچرانی (وەحی ) چە ند رۆژیك بووە .

بەلی پیغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) لەرۆژانی پچرانی وە نەهاتنی (وەحی ) زۆر بیزار و دلگران بوو ، سەر سورمان دلە راوکی رووی تی کردبوو ، بەراستی لە پچرانی (وەحی) لە و ماوە یەدا حیکمەت و دانایی خوای تیا بوو لە وانە : ئە و تر سو و بیم و لەرزینە لە سەر پیغە مبەر(صلی الله علیەوسلم ) ن مینیتکاتیك بۆ یە کە م جار بە جوبرەئیل نیگای بۆ هینا ، تا وەکو بە شە وق و چاوەروانیەوە بۆ جاری دووەم چاوەروانی هاتنی وەحی بکاتەوە ، جا کاتیك دل راوکیی نەما و راستیە کەی لا جیگیر بوو ، وە بە یە قین و دلنیاییەوە زانی کە پیغە مبەری خوایە ، وە ئەوەی هات بۆ لای نوینەری وەحیە و هەوالی ئاسمانی بۆ دینی ، گور و تین و شەوق و چاوەروانی بۆ هاتنی وەحی هۆ یەك بوو لە جیگیری و بەردەوامی...

ئ

بەلی دوای هاتنی یە کە م جار ی(وەحی ) لە ئەشکەوتی ( حراء ) هاتنە خوارەوەی پینج سورەتی العلق لە لایەن جوبرئیلەوە ، پاشان (وەحی ) وەستا ، بە لام هەندیك دە لین دوو سال و نیوو ، هە نیکی تر ئە لین : ماوە ی چل رۆژ ، بەلارایە کی تریش ئە لیت : شەش مانگ هەروەها ووتراویشە بۆ ماوەی سی سال وەستاوە ، بی گومان رای جیاواز هەیە لە سەر کاتەکە ی ، بە لی لە م ماوەیە دا پیغە مبەری خوا زۆر خە مبار بوو ، بە پیچرانی (وەحی ) هەر بۆیە بەردەو وام هاتوو چۆی دە کرد بە دەورەبەری ئەشکەوتی ( حراء ) جاوەری بوو کە چۆن جاری یە کە م بە دیداری فریشت ی خوا شاد بوو ، جاوەری بوو دووبارە بە شكۆی فریشت ی خوا بگاتە وە تکو پە یامی ئاسمانی بۆ بهینیت ...

بە لی رۆژیکیان جاوەری (وەحی ) بوو لە ئە شکەوتی (حراء ) کاتیك کە لە ئە شکە وتی (حراء ) دا بە زی و هاتەخوارەوە ، دەنگیکی لە ئاسمانەوە بیست دە نگیك هات،کە سەر ی بەرە و ئاسمان بەرز کردوە کە بینی وا جوبرئیل لەسەر کورسیە ك لە نیوان ئاسمان و زەویدا دانیشتووە ئاسۆی دا پۆشیوە ، ترسی لی نیشت و خوۆید بە زەویدا گە رایە وە مالوە ووتی : دام پۆشن دام پۆشن ، کە دە یا ن پۆشی ، (خوای گەورە ) سورەتی (المدثر ) لە سەرە تاوە تا کو کۆتایی ئایە تی پینج بۆ رەوان کردە خوارەوە ، ﴿يَاأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ (١) قُمْ فَأَنْذِرْ (٢) وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ (٣) وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ (٤) وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ﴾ المدثر ٥ .

واتا : ئە ی ئە و کە سە ی خۆت پیچاوەتەوە ، ئە ی محمد (صلى الله عليه وسلم ) .

هە ستەوە خە لکی بیداریکەوە (راستیە کان روون بکە رەوە ).

پەروەردگارت بە گەورە ناو ببە (الله اكبر ، با دروشمت بیت ، مە زنی ئەو زاتە روون بکەرەوە.

پۆشاکت (دل و دەروونت ،رەفتارت هەر هە مووی ) خاوین بکە وە خۆت و شوینکەوتووانت .

بەر دەوام بە لەسەر وازهینان لە گونا ه و تاوان ...

ئ

لە جابری کوری عبداللە وە ئە گێریتەوە کە گویی لە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليهوسلم ) بوو کە باسی ماوەی وەستانی وەحی کردووە فەرمووی: (( فبيما أنا أمشي ، سمعت صوتا من السماء ، فرفعت بصري قبل السماء ،فاذا الملك الذي جاءني بحراء قاعد على كرسي بين السماء والارض ،فجثثت منه حتى هويت إلى الارض فجئت أهلى ،فقلت : زملوني ،زملوني ،فزملوني ، فأنزل الله تعالى : يا ايها المدثر ،إلى قوله : فاهجر ،ثم حمي الوحي وتتابع ))

.صحيح بخاري كتاب تفسير والرجز فاهجر ،السيرة النبوية لأبي شيبة

ئ

## سەرتای فەرز بوونی نویژ

به لی یه که م شت که لەسەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرز کرا له هەموو پایه کانی ئیسلامدا تەنها نویژ بوو ، له عائیشەوه ( رضي الله عنها ) دەفەرموویت : ( نویژ فەرز کرا له سەر پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) له سەره تادا دوو رکات بوو ، پاشان کاتی موسولمانان جیگیر بوون و ئاسوودەیی رووی تی کردن ( خوای گەوره ) تەواوی کردی ( واته : کردی به چوار رکات ) ، وه له سه فەریشد ئه و دوو رکاته وه کو خۆی خوای گەوره هیشتیەوه.

صحیح بوخاری ، ومسلم ، و ابو داود ، والنسائی ،والبیهقی ، فی الدلائل النبوه .

هەروەها ( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : (( کاتی ( خوای گەوره ) نویژی له سەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرز کرد لەو سەری شاری ( مککه ) وه جوبرئیل ( علیه السلام ) هات بۆ لای پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و پاژنەی پی ی دا به زەویدا و له ویدا کانی یەك هەلقولاو له کانی یه جوبرئیل ( علیه السلام ) دەست نیژی شۆرد و پیغه مبەریش( صلی الله علیه وسلم ) سەیری دەکرد که چۆن دەست نویژ دەشۆریت و ئەویش به هەمان شیوه دەست نویژی شۆرد و پاشان جوبرئیل نویژی لەپیش چاوی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) .
بروانه سیره ابن هیشام ، و تاریخ تبری...

هەروەها له ( ئوسامه ی کوری زید ) ده لی پیغه مبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : (( علمني جبريل الوضوء )) واتا : جوبرئیل دەست نویژی فیر کردم . اخرجه ابن ماجه .

ئ

## قۆنا غه كانی بانگه وازی ئیسلام

ئه توانین سه‌رده‌می بانگه‌وازی پیغه‌مبه‌ری خوا( صلى الله عليه وسلم )بكه‌ین به دوو قۆناغه‌وه كه به شیوه‌یه‌كی زۆر ته‌واویی له یه‌ك جیاوازن :

١- قۆناغی مككه ، كه نزیكه‌ی ( ١٣ ) سالی خه یاند به هه‌ر دوو قۆناغی بانگه‌وازی ئیسلام به نه‌هینی و قۆناغی بانگه‌وازی ئیسلام به ئاشكرا .

٢- قۆناغی مه دینه ، كه ئه‌م قوناغه به ته‌واوه تی ( ١٠ ) سالی خه یاند .

جا هه‌ر یه‌كه له‌م دوو قۆناغه وه ده‌كریت به چه‌ند ئه كری به چه‌ند به شیكه‌وه كه ئه‌وانیش هه‌ر یه كه تایبه ت مه ندی خۆیان هه یه له ژیانی ئازیمان سه‌روه‌ری رۆشنایی چاومان .

به لی با له سه‌رتا قۆناغی مككه باس بكه ین كه ویش دوو قۆناغ له خۆ ئه كری :

ا- قۆناغی بانگه وازی ئیسلام به نهینیی كه ئه ویش : ( ٣ ) سالی خه‌یاند .

ب- قۆناغی بانگه‌وازی به ئاشكرا ، كه ئه م قۆناغه له سه‌ره تای چواره‌م سالی هاتنی وه حی یه‌وه ده ست پی ده كات هه تا كۆچ كردن بۆ مه دینه ، به لی ئه م قۆناغه‌ش كه قۆناغی بانگه‌وازی ئیسلام به‌ئاشكرایه ( ١٠ ) سالی خه یاند ...

ئ

## قوناغی بانگەوازی ئیسلام بە نهینیی

بی گومان هە ر وەك لە سەرە تا دا باسمان کرد ، کەلە سەردە می نەفامیدا چەندها بت هە بوو کە عەرەبە کان دە یان پەرست ،هەروەك شاری ( مککە ) بنکەی ئاینی عەرە بە کان بوو لە سەردە می نەفامیدا، هەروەها اە ناو کەعبەش سەدەنە و کە سانی هەبوو کە هەلساون بە پارستنی ئەو بتانیە کە تییدا بوون ، بە پیرۆز سەیری کرا بوون لای عەرە بە کان و دەیانپەرستن، بەلی پرو پاگە ندە یان بۆ بتە کانی کەعبەدا دە کرد وە دیان پەرستن ،وە بە پیرۆز لە قەلە میان دەدان ، بی گومان لە م کاتەدا کە سیك هەولی راست کردنەوەی ئەم گومارِیە و بت پەرسیتەی بدا بایە ، بی گومان تووشی نارە حتی زۆر دە هات ، چونك بیرو باوەری کی یە کجار هەلە یان وەر گرتبوو خەلکی مککە و دوروبەری ، بەلی لە م کاتەدا ئەوەندە کۆسبوو تەگەرە دە هاتە ری ، پیوستی بە دامەزراویی و کۆل نە دانیکی بی وینە بوو ، لە بەر ئە م هۆ کارانە وا چاك بوو ، بانگەوازی ئیسلام لە سەرەتا دا بە نهینی بیت .

بۆیە پیویستی بە خۆ ئامادە کردنیکی زۆر چاك بوو، هەروەك پیوستی بە ئارامی و خۆ راگری و عە زیمەتیك دەکرد کە هیچ شتیك لە داهاتوودا نە ی لەرزینی بیوەستینی ، جا لیرە وە دە بینین کە لە حیکمەت و دانایی بووە کە لە سەر ەتادا بانگەوازی بە نهینی بیت ، تاکو بۆ خەلکی مککە نەبیتە کاریکی کوتوپرو کاردنەوەی توندو تیژ وەرگرن و دەماگیری نەفامی بیانگریت و هەل سن بۆ بەرگری لە خوا کانیان و بتە کانیان ...

ئ

بۆ ئە م مە بەستە دواى هاتنە خوارەوەى ئايەتەكانى سورەتى (المدثر) پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) دە ستى كرد بە بانگەوازى ئيسلام بە نهينى ئەويش لە سەرەتا دا پيويست بوو ، بانگى كە سانيك بكات بۆ ريگەى ئيسلام و خوا پەرستى راستە قينە كە ئارام گرو خۆ راگر بن بۆ نيو ئەم بانگەوازە دا چونكە لە سەرتادا پيوست بوو لە مالە كە يداو لە ناو مال و مندالى دا دە ست پى بكا پاشان لە ناو خزم و كەس و كاريدا وە لە ناو دوستە نزيكە كانى پە يامى خوا بە نهينى بۆ يان را گە يە نى ، بەلى سەرە تا لە نزيكترين كەسى خۆيە وە دە ستى پى كرد ،وە هاوريكانى ئەوانەى دەيناسين و متمانەى لە سەريان بو بانگى كردن بۆ پە يامى خواى گەورە ، بە لى بانگى ئەوانە ى كرد كە دە يان زانى خيرو حەق و چاكە يان خۆش دەويت و دەيانووى شوينى بكەون ، ئەوانيش كە ئاشناى چاكەو راستگۆيى پيغەمبەرخوا (صلى الله عليه وسلم) ببوون ، بە لى بى گومان لە سەرتاكانى بانگەوازى ئيسلامدا كۆمەليك هاتن بە دەم بانگەوازە كە يەوە و موسلمان بوون كە لە مژووى ئيسلامدا بە يە كە مينى لە پيشينە كان (السابقون الاولون) ناويان دەر كردووە ، واتە ئەوانەى هەر زوو لە سەرە تاى ئيسلام باوەريان هيناو شوينى پيغەمبەرى خوا كەوتن پاشا نيش ئيسلام لە سەر شانى ئەوان بلاو بۆيەوەو وە ستا، كە لە پيشەنگى ئەوانيش خيزانى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) كە ( خە ديجەى كچى خوەيلد ) ، وە (زيدى كورى حارثە ) كە ئەو كاتە بەندەى پيغە مبەرى خوا (صلى الله عليەوسلم) بوو ، بەلى لە خزمە كانيشى (على كورى ابو طالب) بوو، كە ئامۆزاى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) بوو ، هەروەها يە كيكى تر لە هاورى نزيكە كانى كانى هاتە نيو بانگەوازى ئەم پە يامە ى پيغە مبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەويش هاورى خۆشەويستە كە ى (ابو بكر صديق) بوو ، بە لى ئەمانە لە يەكەم رۆژانى سەرە تاكانى بانگەوازى موسلمان بوون ، بوونە دەرگاى خيرو بەرەكەت بۆ ئيسلام و بانگەوازە كە ى ...

ئ
پاشان ( ابو بكر صديق ) ( خوا لی رازی بيت ) هه له گه‌ل موسلمان بوونی كه‌وته چالاكيه كی بی وينه ، چونكه مرۆڤيكی خاوه‌ن ره‌وشتی به‌رزو چاكه خوازو خۆشه‌ويست بوو ، زوو ده چووه دلانه‌وه خۆشيان ده ويست ، وه متمانه ی به رهه ر كه‌سی بوو بانگی ده كردو ئيسلامی پی راده گه ياند ، به هۆی هه‌ولی ( ابو بكر صديق ) له سه‌ر ده‌ستی ئه ودا يه ك له( عوسمانی كوری عه‌فان )، ( زوبيری كوری عه‌وام ) ، ( عبدالرحمن كوری عه وف ) ، ( سه‌عدی كوری ئه بی وه‌قاص ) ، ( طلعة ي كوري عبدالله ) خوا ليان رازی بيت ئه مانه هه موويان موسلمان بوون .

به لی هه‌ريه له مانه‌ش له گه‌ل موسلمان بوونياندا كه‌وتنه هه‌لپه بۆ بانگردنی هه‌ر كه سيك كه جيی متمانه يا نه‌وه ده‌زانن كه ئه گه‌ر بانگی بكه‌ن دی به م ده‌م بانگه‌وازه كه يانه‌وه ، له‌سه‌ر ده‌ستی ئه مانه كۆمه‌ليك له هاوله به‌ريزه كان موسلمان بوون ، كه هه موويان له قوريش بوون ، جا ئه مان بوونه سه‌ره تای يه كه مينی پيشه‌نگه‌كان كه له‌م ئايه ته‌ی قورئانی پيرۆزدا ( خوای گه‌وره ) ده فه‌رموويت : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ﴾ التوبة ١٠٠ .

به‌لی ئه مانه سه‌ره تاكان بوو ن ، وه يه كه‌مه كانبوون ، كه له ناو هاوه‌له به‌ريزه كانی پيغه مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه‌وسلم ) به‌لی ئه مانه هه‌ر هه موويان له هۆزی قوريش بوون هه‌روه‌ك ( خوای گه‌وره ) ده‌فه‌رموويت : ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ التوبه ١٠٠ .واتا : خوای ميهربان له‌وانه‌ی كه پيشكه‌وتن و يه‌كه‌م كه بوون له ئيسلام بوون و خزمه‌ت كردنی ئيسلامدا له‌كاروانی كۆچبه‌ران و پشتيوانان و ئه‌وانه‌ی كه به‌ريكوپيكی شوينيان كه‌وتوون ، رازی بووه‌و ئه‌وانيش له ورازی بوون، باخه‌كانی به هه‌شتی بۆ ئاماده كردوون كه چه‌ندها رووبار به به‌رده‌م كۆشكه‌كانی و به‌ژير دره‌خته‌كانيدا ده‌روات ،هاوری له گه‌ل نه‌مريدا بۆ هه‌ميشه‌يش تيايدا ، ده‌مييننه‌وه ، ئه‌و سه‌رئه نجامه سه‌ر كه‌وتنيكی زۆر گه‌وره‌يه..!!

ئ
به لی له سەرەتای بانگە وازی ئیسلام بە نهینی یه كه م مرۆڤ یه كەم بە ندە ی خوای گەورە وه یه كەم ئافرەت بوو ( خه دیجه )ی هاوسەری پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) به لی ئەوە بوو كه یه كه م رۆژ قورئانی پیرۆز هاته خوارە وە ، وە دلی پیغه مبەری ئازیمانی دایه وه ئارامی كرده وه برد بۆ لای( وەرەقه كوری نوفل ) به لی هەر یه كەم كه س بوو نویژی كرد له دوای پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له دوای خه دیجەی هاوسەری پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) یه كه م پیاوی ئازاد كه باوەری هیناو هات بە دەم ئه م پەیامە ئەویش ( ابو بكر صديق ) بوو .

له ( حافيظ ابو الحسني ئه طرابولسيي ) له عائيشه وه تخريجى كردووە كه دە لی : (( ( ابو بكر صديق ) ( خوا لی رازی بیت ) به نیاز به خزمەت گەیشتنی پیغەمبەر خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له مال دەرچووو – ئەوە بوو له سەردەمی نەفامیی دا دۆستی یان هاوری پیغەمبەر خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو ،- كه تووشی پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )) بوو فەرمووی : ئه بو القاسم ! له كۆری خزمانت دا دیار نیت و ، بە عەیب داركردنی باوك و دایكیان تاوانباریان كردوویت ، پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (( إني رسول الله أدعوك إلى الله )).

فەرمووی : من پیغەمبەری خوام و بانگت ئه كەم بۆ ئیمان هینان بە خوا . كه له فەرمایشتەكەی بوویه وه ، ( ابوبكر صديق ) موسلمان بوو ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كه لی جیا بۆیە وە له نیوان هەردوو چیای ئەبو قوبەیس و ئەحمەردا ، كه دەوری شاری مككه یان داوە ، كه سیكی تر نەبوو ئەوەندەی ئەو شادمان بی ، ئه ویش بە موسلمان بوونی ( ابو بكر صديق ) ... )). ابن كثير في كتاب البداية ٣/٢٩ .

ئ

بەلی لە ناو مندالانیش دا  یە کەم مندال ( علی کوری ابو طالیب ) ( خوا لی رازی بیت ) موسلمان بوو ، ئە و کاتە تە مە نی ١٠ سالان بوو ، پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە بەر گرانی بۆ یارمە تی دانی مامی ( ابو طالیب ) ( علي ) مندال بوو هینا بووە لای خۆی ، چونکە ( ابو طالیب ) مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مندالی زۆر بوون نەی دە توانی بژیوی خیزانە کە ی بە باشی دا بین بکات هەر بۆیە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ یارمەتی دانی مامی ( علی ) برد بووە لای خۆی بە خیوی دە کرد یارمە تی دەدا .

لە ( ئیبن ئیسحاق ) وە دە گیریتەوە ئە لیت : (( کە ( علی کوری ابوطالیب ) ( خوا لی رازی بیت ) دوای رۆژیك دیت و ئە بینی کە هەردوو کیان واتە : ( پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) خە دیجەی هاوسەری ) وا خەریکن نویژ ئە کە ن . علی فەرمووی : ئە ی محمد ! ئە مە چی یە ؟ پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( دین الله الذي اصطفی لنفسه وبعث به رسله ، فأدعوك إلی الله وحده لا شریك له ، وإلی عبادته ، وأن تكفر باللات والعزی ).

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئە مە ئەو دینەیە کە خوای گەورە بۆ خۆی هەل بژاردووە و، پیغەمبەرانیشی پی رەوانە کردووە ، جا منیش بانگت ئە کەم بۆ ئیمان هینان بە خوا بە تاك تەنیایی و بی شەریکیی و ، بۆ پەرستنی و ، پشت هەل کردن لە لات و عوززا .

( علی ) ( خوا لی رازیی بیت ) فەرمووی : ئەمە کاریکە لە وە و پیش نەم بیستووە و ، منیش هیچ کاریك ئە نجام نادەم هەتا پرس بە ( ابو طالیب ) نەکەم .

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەر لەوەی کارەکەی ئاشکرا ببی پیی نا خۆش بوو ئەم نهینی یەی بلاو بیتەوە ، بۆیە پیی فەرموو : ( یا علی ! إذا لم تسلم فاكتم ).

فەرمووی : علی ! ئەگەر موسلمان نابی ئە م کارە بشارەوە ...

ئ
ئەو شەوە على مايەوە وپاشان ( خواى گەورە ) موسلمان بوونى خستە دل يەوە .

( على ) كە رۆژى لى بۆيە وە هاتە خزمەتى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم )

( على ) فەرمووى : ئەى ( محمد ) ! ( صلى الله عليه وسلم ) چيت بۆ باس كردم ؟

پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پى فەرموو: ( تشهد أن لا إله الله وحده لا شريك له ، وتكفر باللات والعزى ، وتبرأ من الأنداد ).

واتا: پى فەرموو : شاهيدى ئەوە بدەى كە ( خواى گەورە ) تاك و تە نيايە ، وشريكى نيە و ، پشت لە پەرستنى لا ت و عوززا هەل بكەى و ، خۆت لە و بتانە دامالى كە كراونەتە شەريكى ( خواى گەورە ) ، بەلى ( على ) واى كردوو موسلمان بوو ، موسلمان بوونە كەشى دەر نە خست ) )

هە روەها يە كيك لە بەندە ئازاكراوە كانيش زيدى كورى حاريث بوو كەلە سەروە دا باسمان كرد كە لە گەل كە سو كارەكەى نە جووە مالە وە پيغەمبەرى خواى ( صلى الله عليه وسلم ) هەلبژارد ، هەروەها يە كيكى تر لە بە ندە ئازاد نە كراوە كانيش( بيلال كورى رەباح )حە بە شى بوو، كە ناسراو بوو بە ( بيلالى حە بەشى ) موسلمان بوو، لەم كاتەدا كە بەندە ى ( ئومەييە ى كورى خلف ) ى ستەم كار بوو ، بەلى بيلال لە دواى دا لەبەر دەنگ خۆشى بووە بە بانگ بيژى پيغە مبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ...

هەروەها كچە كانى پيغە مبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە هەوالى هاتنى وەحى يان بيست يە ك سەر موسلمان بوون چونكە ئەوان كچى پيغەمبەر ى خوا ( صلى الله عليەو سلم ) بوون ، شارەزاى باوكيان بوون لە رەوشت بەرزى ميهرە بانى راست گۆيى و دل و دروون پاكى ، هەروەها گويى رايەلى هە موو فەرمانە كانى باوكيان بوون ،لە لايە كى تريشەوە لە هە موو هەلسو كە وتيكى نەفامى خۆيان بە دوور گر تبوو ...

ئ

## دەستەی یە کە می و دووەم و سی یەمی   ئیمانداران

## دەستەی یەکەم ئیمانداران :

بی گوما ( ابو بکر صدیق ) خوا لی رازی بیت پیاویکی هۆگرو خۆشەویست بوو ، خاوەنی پلەوپایە و ریز بوو.. خاونی زانستیکی زۆر بوو بە تایبە تی زانستی نەسەب و رە چەلەك دا .

لە پال رەوشت جوانی دا پیاویکی دەست رۆیشتوو بوو .. بازرگانیکی چاکە کار بوو ، بۆیە بەلای هۆزی قوریشەوە پایەدار بوو .. بەلی ( ابو بکر صدیق ) خۆ باوەری هینا و وازی نەهینا ، بەلکو کە وتە بلاو کردنەوەی پە یامی ئیسلام ، پی خۆش بوو ئە و بەرە کە تەی ئیسلام دە ست خۆی کەوتووە دەست دۆستوو هاوری نزیکە کانیشی بکەویت ، بەلی هەر بە نهینی دە ستی کرد بە بانگەوازی پەیامی ئیسلام بە نهینی ، تا ئەوە بوو کۆمەلیکی بەریزی قوریش خاوەن ویقار و ژیرو بلیمەت باوەریان هینا ، بە هە موویانەوە بوونە بەردی بناعەی پە یامی ئیسلام بە لی بی گومان ئە مانە دەستەی یە کە می باوەردارانی مککە بوون :

١- عوثماني کوری عفان

٢- زوبيري کوری عوام

٣- سعدي کوری ابو وقاص ، کە ناوی مالك بوو .

٤- طلحە ي کوری عوبيد الله

بەلی ئە مانە دە ستە ی یە کەمی باوەرداران بوون ، بی گومان ئە مانە مەردانە باوەریان هینا و ، بوونە بەردی بنا غەی قەلای ئیسلام لەرابردوو بۆ داهاتووی رووناکی مرۆڤایەتی ..!!

ئ

## دەستەی دووەمی ئیمانداران

١- ابو عبیده عامیری کوری عبدالله کوری جراح .

٢- ابو سلمه عبدالله کوری عبد الاسد

٣- ئەرقەمی کوری ابو ئەرقەم

٤- عوسمانی کوری مظعوون ، هه ردوو براکه شی قودامه ، عبدالله .

٥- عوبیدی کوری حاریث .

٦- سعدی کوری زید ، فاطیمه هاوسه ری ، ئه سمائي کجي ابو بکر ،خه بباکوری ئه ره ت

## ده سته ی سی یەم ئیمانداران :

١- عمری کوری ابو وقاص ، برای سعد کوری ابو وقاص .

٢- عبدالله کوری مسعود .

٣- مسعودی کوری قاریی ، یان مسعودی کوری ربیعه .

٤- سوله یطي کوری عمر ، حاطبي برای .

٥- عایشي کوری ابو ربیعه

٦- ئه سماي کجي سلمه ي هاوسه ری .

٧- خونیسي کوری حوذافه ی سه همیی .

٨- عامري کوری ربیعه .

٩- عبدالله کوری جحش .عبدی هاوسه ری .

١٠- جعفری کوری ابو طالیب ، ئه سماي کجي عومه یسی هاوسه ری .

١١- حاطبي کوری حاریث ، فاطیمه ي هاوسه ری ، ( خطاب کوری حاریث له که ل هاوسه ری فکیهه ي کجي یسار ) هه روه ها عمري کوري حاریث ، خطاب و عمر براي حاطب بوون ...

ئ

١٢-سائیبی کوری عوپمان .

١٣-مطلیب کوری ئه زهه ر ، رمله ی هاوسەری .

١٤- نححمای کوری عبدالله .

١٥-عامری کوری فهیره ، که بەندە ئازاد کراوی ( ابو بکر صدیق ) بوو .

١٦- خالیدی کوری سعدی کوری عاص ، ئه مینه ی هاوسەری .

١٧- ابو حوذیفه ی کوری عوتبه کوري ربیعه .

١٨- واقیدي کوری عبدالله کوری عبد المناف .

١٩- خالید ،عامیر ، عاقیل ، ئیاسی کورانی به کیری کوری عبدالله یالەیل .

٢٠-عماری کوری یاسیر ،

٢١-صوهیب کوری سنان

٢٢- ابو ذرغیفاری ،ئونه یسی برای ، دایکی موسلمان بوون ..

هەروەها ( ابن مسعود ) دەفەرموويت : (( يه كەم كه سيك كه ئيسلام بوو نی خۆی ئاشكرا كرد حەوت كه س بوون : پيغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، على ، ابو بكرصديق ، عماری كوری ياسر ،سومه ييه ی دايكی ياسر ، صوهەيبی رۆمی ،ميقداد )) . اخرجه احمد ، ابن سعد فی التبقان ، والترمزی ،والنسائی ،ابن ماجه ، ابو نعيم فی حليه الاولياء ، والبيهقی فی الدلائل النبوه .

هەروەها به كۆ كردنەوه ی هه موو روايه ته كان ده توانريت بووتريت :

يه كەم كەس له پياوان دا كه كه موسلمان بووه ( ابو بكر صديق )، وه يه كه م كه س له ئافرەتان د كه موسلمان بووه ( خەديجه ) بوو ، وه پاشان ( ام ايمن ) پاشان ( سومه يه ) وه يه كه م كه س له منالانن ( على كوری ابو طاليب ) بووه ، وه يەكەم كه س له ( مەواليه كاند ) واتا هاوپه يمانا نی قوريش موسلمان بووه ، ( زيدي كوری حاريثه ) بووه ، وه يه كه م كه س له عبده كان واتا : له بده كان ( بيلالی حەبەشی ) بووه ...

ئ

سه باره به ته مەنی ( علی کوری ابو طالیب ) ئەو کاتە تە مە نی ( علی ) هە شت ( ٨ ) سالان بوو ، هەروەها یعقوبی کوری سینان ریوایە تی کردووە .لە اخرجە طبراني ، قال حافظ في فتح الباري .

وە (ابن اسحاق ) دەفەرمووێت : ئە و کاتە تەمە نی (علی ) دە (١٠) سالی بووە . بروانە سیرە این هشام ، والبیهقی فی الدلائل النبوە ،

هەروەها روایە تیکی تریش هەیە کە (ابن عباس ) دەفەرمووێت : پیغەمبەری خوا ( صلی اللّه علیه وسم ) کە ئالاکە ی ئیسلامی دایە دە ستی ( علی ) لە جەنگی بەدر دا . لە و کاتەدا تە مەنی (علی ) ٢٠ سال بووە ، واتا لە ١٣ سالی بانگەوازی ئیسلام لە شاری مککە ( ٢ ) سالی دوای کۆچی لە شاری مدینە دا وهاتنی جەنگی بەدر ئە مە ( ١٥ ) سالە کە واتە تەمە نی ( علی ) لە نیوان ( ٥ ) یاخود ( ٦ ) سلان بووە کە موسلمان بووە ( واللّه اعلم ). اخرجە الحاکم ، حسن الشیخ البانی ( فی الارواء) .

بەلی وە یە کیك لە پیشنە چاکە کان کە پیش هاوەلە بەریزە کانی ترە وە موسلمان بووە ، لە خزمە تی پیغە مبەری خوا دا (صلی اللّه علیه وسلم ) کە خۆی بۆمان دەگێریتەوە ، ئەویش ( عمری کوری عەبس ) بووە سە بارت بە موسلمان بوونی خۆی ، دەفەرمووێت : (( .. کە چۆن هاتووە بۆلای پیغە مبەری خوا ( صلی اللّه علیه وسلم ) و ناسیویەتی کە وتۆتە کفتوگۆ لە گە لیدا و ووتویە تی : ئە ی محمد ئیستا کیت لە گە لدایە لە سەر ئە م بیرو باوەرە ؟ و پیغەمبەری خوا ( صلی اللّه علیه وسلم ) فەرموویە تی : یەك ئازاد و یەك کۆیلە ( واتە : ئەو رۆژە تەنها بیلال و ئە بو بکری لە گەلدا بووە ، و دوایی پیغە مبەری خوا ( صلی اللّه علیه وسلم ) پی راگە یاندووە کە بگەریتەوە بۆ ناو قەوم و هۆزەکە ی تا خوای گەورە ئاینی خۆی بەر قەرار دەکات پاشان بگەریتەوە .. ) . اخرجە مسلم ، و احمد ، والتبرانی...

## پرسيار ئايا ئيسلام بە شمشيرە وە بلاو بۆتەوە يان بە ئاشتی ؟!

بەلی بۆ ئەم مە بەستە فەرموو بزانە کەوا ئەوانە ی قین و دل رە ش و پیسن ،گويچكە یان دا دە خەن لە بیستنی ناوی ئیسلام ، وە چاویان نابینی لە بینینی نیعمە تە کانی ئیسلام ، هەر وەك( خوا ی گەورە ) دە فەرموویت : ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ الاعراف ١٧٩ .

بە لی هەر ئەم جۆرە کە سانە بە هەزارەها پاگەندە هەلدە بە ستن ، بۆ نموونە ئەلین : ئیسلام بە هۆی شمشیرەوە ، بلاو بۆتەوە ، کە چی سەيری ووشە ی ئیسلام بکە ی بە مانی ئاشتی و سە لامە تی دیت ، کە چی دە بینی ئە م ناوە زەقە لیان بۆ تە بە شمشیر ،لە لایە کی ترەوە نا جن تەماشای میژوو بکە ئایا ئیسلام بە هۆی شمشیرەوە بلا بۆتەوە یان ئە وانە ی ئەم پروپاگەندە دەکەن سەريك نادە ن لە میژووی پراو پر لە خويناوی خۆیان ، هەر لە جەنگی خاچ پەرستانەوە بگەرە تا جەنگی جیهانی یە کەم و جە نگی جیهانی دووە م ...؟!!!

بە لی ئە وە تا لە سەردەمی سەرە تاکانی ئاینی ئیسلام کە دژایە تی پیغەمبەری کە ی دە کرا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەبوو چەندان جار ئازاری پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گە ل هاوەلە بە ریزە کان دەدرا ، ئایا هاتنی ئیسلام بە شمشیرە ؟! بە لی لە و سەردە مە دا یە کیك لە موشریکە کانی قوریش کە ( ابوجهل ) بوو ، لە و کاتەدا هەر کە سیك موسلمان بایە لە پیاو ماقولان رووبەرووی دە بۆوەو پی دە گووت :ئە گەر واز لەم ئايينە تازە نەهینی ئەوا لەپلە و پایەت دە خەین ، بە گەمژەت لە قەلە م دەدەین ، خۆ ئەگەر بازرگان بوایە دەیگوت بڕەوی بازرگان تۆ تازە لە نیو دەچیت پارەو سامانەکەت لی دەسە نین ،خۆ ئە گە کابراش هەژار بووایە ئەوا ئازاری دەدا ، جا بزانە ئە مە بوو زۆر داری زۆر داران...

ئ

به لی کاتیك هاوه لی بەریز ( عوسمانی کوری عفان ) ( خوالی رازی بیت ) تەمەنی دە گاتە (٣٠) موسلمان دە بیت ،( حەکە می ) مامی پی ی زانی لی نتووره بوو !! کە وتە ئازاردانی ( عوسمان ) ، بە لی ئازاری دا هەردوو بالی بە ستەوە ، وە ووتی: واز لە ئاینی باو با پیرت دینی ، دە جیتە سەر ئاینی محمد ؟ بە خوا نات کەمەوە تاواز لەم ئاینیە تازەیە نەهینی ،( عوسمان ) ووتی : بە خوا پەشیمان نابمەوە و هەتا هەتایە واز لەئیسلام ناهینم . کە مامی زانی بی سوود بەرە لای کردو لی گەرا .
پرسیار ئایا ؟ ئیسلام بە شمشیر بلاو بۆ تەوە یان بە ئاشتی ؟
وا دیارە سەرە تای ئیسلام بوونی ( عوسمانی کوری عفان ) بە کۆت و زنجیرو ئازار دان بۆوە تە ئیسلام بەلی ئازاردانی لە لایە ن موشریکە کانی قوریش بووە ، نەك بە زەبری شمشیر موسلمان بووە ؟!!
هاوە لانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەر یە کە و چیرۆکی کی هەیە لە کاتی ئیسلام بوونی ، هەریە کە و ئازارو ئە شکە نجە یە کی بی نیوە لە سەر ئە م ئاینە پاکە ئیمەش بە کامل ی تە واوی لە پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گە ل هاوەلە بەریزە کانی دا ، وەرمان گرتووە ، زەحمە تمان نە کیشاوە ، بۆ مان هاتووە ، بە لی دە بیت بە دل بە گیان بەرگری لە م پەیام راست و دروستە دا بکەین جا چ لە ریگەی بانگەوازی بیت یان چ لە ریگە ی جیهاد و تی کۆشان بیت ..

( زوبیری کوری عوام ) کە دایکی ( صفیە ) ی کچی ( عبدلمطلب ) بوو ، بەلی کاتیك ( زوبیر ) موسلمان بوو تەمەنی لە دەوری (١٥) سالیدابووە ، مامی کەوتە سزادانی بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە ، لە ناو راخەری حە سیر لوولە ی ئە کردو هەلی ئەواسی و لە ژیرەوە بە دوو کەل قانگی ئەدا ، بۆ ئەوەی بە خنکی یا واز لە ئاینی محمد بە هینی ، بە لام ئەوە تا وەك دامەز راویکی خۆ راگرو ئارام گر لە سەر ئاینە کە ی پیغەمبەر خوا ( صلی الله علیه وسلم )

بەلام ( زوبیر ) هە تا پی ی ئە چوو سوور تر ئە بوو بە هیز تر ئە بوو لە سەر ئاینی پاکی ئیسلام ...

ئ

( سعدی کوری ابی وەقاص ) بە لی ئە و لە تیرە ی بنی زوهرەی هۆزی قورەیشە ، لە تە مە نی ( ١٩ ) سالیدا موسلمان بوو ، کە دایکی ( حمنەی کچی أبی سفیان ) بووە، کاتیك دایکی پی ی زانی ووتی : بیستومە شیت بویت و چوویتە سەر ئاینەکە ی ( محمد ) ، بە خوا سیبەری خانو ناکەویتە سەرم و لە گەرماو سەرما نام پاریزی ، وە خواردن و خواردنەوەم لی حەرام بی هەتا پەشیمان نەبیتەوە ، سی رۆژ بەم شیوەیە مایە وە ( سعد ) لە تاوا هاتە خزمەت پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) شکاتی دایکی لای پیغەمبەر ی خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کرد

لە م کاتەدا ( خوای گەورە ) ئەم دوو ئایە تەی ناردە خوارەوە :﴿ وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾لقمان ١٤-١٥ .

واتا: لیرەدا خوا ئامۆژگاریە کان لە دەمی لقمانی دە فەرموویت : ئیمە فەرمانمانداوەبە ئادەمیزاد بە چاك رەفتاری لە گەل دایك و باوكیدا ،دایکی بەئیش و ئازارو لاوازی وبیتاقە تیە کی زۆرەوە ، ( بە پیستی یسکی نۆ مانگ ) هەلی گرتووە ، برینەوەشی لەدوای دوو سالە ، فەرما نمان پیدا کە ئەی ئینسان سوپاسگوزاری منیش و دایك و باوکیشت بە ، بە دلنیابن کە گە رانەوە تان هەر بۆ لای منە .

ئە گەر دایك و باوكت كۆششیان لە گەلتا کرد ، تا بەبی هیچ بەلگەو زانیاریەك هاوەك بۆ من قسە یان مە کە ، لە دنیاشدا هاوری و هاوەل و خزمەتگوزاریکی چاك بە بۆیان ، لە هەموو باور دۆخیكدا ،شوینی ریبازی ئەوانە بکەوە کە بۆ لای من گەراونەتەوە ، لە وە وداو گەرانەوەتان هەر بۆ لای منە ، جا هەوالتان دەدەمی بە و کارو کردەوانەی کە دە تان کرد .

ئینجا ( سعد ) گەرایە وە لای دایکی پیی ووت : دایکی خۆم بزانە ولیت روونبی : بە خوا ئەگەر سەد گیانت لەبەرابی یە کە یە کە هەموویان بینە دەرەوەلەسەر ئەوەی واز لە ئایینە کەم بینم و کافرو موشریك بم ، بە گویت ناکەم وازی لی نایە نم ، جا ئیتر ئە گەر ئارەزووت هەیە بخۆ بخۆرەوە و بگەریەوە مال وە ، وەئە گەر ئارەزووت نیە لەسەر ئەم مان گرتنە بەردەوام بە ، بی گومان دایکی کە زانی لە گە ل ( سعد ) بی سوودە وازی لە مانگرتنە کە ی هیناو شکاندی دە ستی کرد بە نان خواردن ، وازی لە ( سعد ) هینا ...

ئ
( خالیدی کوری سعید کوری عاصی کوری امیه ) باوکی لە گەورە کانی هۆزی قورەیش بووە ، زۆر بەریز بوو لە ناو هۆزی قورەیش ، بە لی کاتیك باوکی ( خالید ) زانی بە ئیسلام بوونی کورە کە ، رقی لی هەلساو کەوتە ئازاردانی و خواردنی لی قەدەغە کرد ، ئەویش چووە خەزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل پیغە مبەری خوا دا ( صلی الله عیه وسلم ) دەژیا لە گەلی دا خواردنی دە خوارد ، وە لەدەوربەری مککە دا ئە شاردەوە ،

بەلی زۆر هاوەلی تریش بە دزیەوە موسلمان ببوو ئا بەم شیوە یە ژیانی بەری دە کرد و بە ئازار دانیان لە لایە ن دایك و باوك خزم و کە سە کانیان ،تەنها تاوانیان ئەوە بوو موسلمان بوون ،بە لی هاتنی ئیسلام زۆر بە غەریبی دە ستی پی کرد نەوەك بە شمشیر بەلاوببیتەوە

فەرموون تەماشای سەرتای ژیانی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە سەرتایی دەست پیکردنی دینی خوا ، وە تە ماشای هاوەلە بەریزە کان بکە لە سەرتای ئیسلام بوونیان بزانن چەند ئازاریا چیشتووە لە سەر ئە م پە یامە پیرۆز، کە ( خوای گەورە ) بە پیغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) ناردووتەخوارەوە ...

ئ

## ماله كه ی ئه‌رقه‌م رۆلی له بانگه‌وازی بلاو بوونه‌وه‌ی ئاینی ئیسلام

به‌لی بانگه‌وازی پیغه‌مبه‌ری خوای (صلی الله علیه‌وسلم ) به دوو قۆناغ ده‌ستی پی کرد له شاری (مككه‌دا ) یه كه‌م قۆناغی نه هینیكه كه (٣ ) سالی خه‌یاند ، قۆناغی دووه‌م كه له دوای ئه‌و ده‌ست پی ده‌كات قوناغی بانگه‌وازی به ئاشكرا ..

به‌لی گوتمان سروشتی قۆناغی یه‌كه‌م ئه‌وه بوو پیویستی ده‌كرد كه به نهینی كاره كانی ئه نجام بدات ، بارودۆخی گونجاوئاماده بكات بۆ بلاو بوونه‌وه‌و ئاشكرا بوونی ، به‌لی شوینی گونجاو له م قوناغه‌دا ماله كه‌ی ئه‌رقه‌م بوو ،چونكه شوینی ئارام و ئه‌مین بوو ، بۆ كۆبونه‌وه‌ی خواپه‌رستان هاوه‌له به‌ریزه كانی پیغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم )، موسلمانان له مالی (ئه‌رقه‌م ) دا ده‌مانه‌وه و كۆ بوونه‌وه و ، خه‌ر یكی نویژو خوا په‌رستی بوون ، به‌لی چونكه ماله كه ی ئه‌رقه‌م نزیك بوو له كیوی صه‌فا ، له كه ناری شاری (مككه ) دابوو، پیغه‌مبه‌ری خوا(صلی الله علیه وسلم ) بناغه ی ئیمان و ئیسلامی پی راده گه‌یاندن .

به‌لی كه واته ماله كه ی ئه‌رقه‌م گونجاو ترین شوین بوو ، چونكه له پیش چاوی موشریكه كانی قوره‌یش به دوور بوو ، هیچ گومانی كیان نه‌ده چووه سه‌ری ، ئه‌مه سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی مالی (ئه‌رقه‌م ی كوری ئه‌بی ئه‌رقه‌م ی كوری ئه سه دی كوری عبدالله ی مه خزومی ) بوو ناوی شی عبدمناف بوو ، به لی ئه رقه‌م له ده سته‌ی پیشه‌وه ی ئه م هاوه‌له‌نه بوو كه باوه‌ری هینا بوو به پیغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه‌و سلم ) به ده‌م بانگه وازه كه ی په‌یامی ئیسلام هاتبوو .

به‌لی ئه رقه‌م مال و سامان و خۆشی دنیایی له پیناو دوارۆژ فرۆشت ، خۆراگری ئشكه نجه ئازار و مه‌ینه تی هه‌لبژراد بۆ په‌یامی ئیسلام و پیغه مبه‌ره كه (صلی الله علیه وسلم )

به لی ئه‌رقه م هاوه‌له به‌ریزه كان له گه‌ل پیغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم ) به‌سه‌ر موشریك و كافران زالم و سته‌مكارانی قوره‌یش سه‌ركه وتن له پیناوی خوا په یامه كه ی ...

ئ

ئەم ماله ی ئەرقەم چەند سیفات و تایبەتمه ندیه کی له خۆ گر تبوو ، که وای کردبوو هەلبژێریت و سەرەتای کۆبوونەوە و نهینیه کانی پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له گەل هاوه له بەریزەکان ( خوا لیان رازی بیت ) له م ماله دەست پی بکا ، پیغه مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بیکاته یه کەم بنکه بانگەوازی خوا یه کەم تریسکەو رووناکی ئیسلام له ماله دا دەست پی بکاله بەر ئه م هۆیانه :

١- خاوەنی ماله که ( ئەرقەم ) بوو چونکه ئەو بەنهینی ئیسلا ببوو ،کەس پی نەئه زانی و شاراوه بوو ،وه بەبیر خەیالی هیچ کام له موشریکانی قورەیش نه ده هات که پیغەمبەر ی خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له گەل هاوەله کانی لەم مالەدا کۆدەبنەوە .

٢- ( ئەرقەم کوری ئەبی ئەرقەم ) گه نجیکی تازه پیگەیشتوو بوو، چونکه موشریکانی قورەیش بیریان لەوه نەده کردەوه که پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له مالی ئه گه نجه کۆبوونەو بکات ،بەلکو زۆر به بیرو هۆشیان بۆ ئەوە ده چوو له مالی یه کیك له هاوەله به تەمه نه کان بیت وەك ( ابو بكر )هاوەلانی تر ..

٣- بی گومان ئه ماله نزیك بوو له ( کەعبەی ) پیرۆز چونکه شوینیکی شیاو بوو بۆ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ...

بەلی بی گومان له ماله دا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەگەل هاوەله بەریزەکان کۆ ده بوونەوە ،ئاینی ئیسلامی فیر ده کردن ، ئایه تەکانی قورئانیپیرۆزی فیری هاوەله بەریزه کان ده کردو ده خویندەوه ،هەرچی تازه له وه حی ها ت بایه خوارەوه بۆی ده خیوندنەوه ئاگادار ده کردنەوه ، وه هەروەها گوی له سکالاکانی هاوەله بەریزه کان ده گرت که چیان بەسەر دیت به ده ست ملهورانی قورەیش ستەمکارانی مککه، بەراستی چاودیری و یارمه تی دانی ( خوای گەوره ) بۆ ئه م کۆمەله ئیمانداره روون و ئاشکرا بوو ، که دی پاراستن له موشریکان و کافرانی قورەیش ،بەراستی حیکمەت و دانای ( خوای گەوره ) وای کرد که ئەم بانگەوازه لەبازنەی نهینی خۆیدا بمینیتەوه ، وه که س پی نەزانی ، تاکو ( خوای گەوره ) هۆ کاره کانی بۆ ئاماده کردن ، که بوونه هۆی ئاشکراکردنی پەیامەکەی و بلاوکردنەوەی بەرنامه که ی ، ( خوای گەوره ) دەفەرموویت :﴿ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ یوسف ٢١. واتا: ( خوای گەوره ) زا له بەسەر کار وفەرمانه کانی خۆیدا ، بەلام زۆربه ی خەلکی پی نازانن ...

ئ

## قۆناغی دووەم بانگە وازی ئیسلام بەئاشکرا

پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) ڕۆشنایی چاوی ئیماندارن ، بە لی دە ستی کرد بە راگە یاندنی پە یامە کە ی ، بەرمردان چاو نە ترسانە و خۆراگرانە بەرامبەر بە موشریکانی قورەیش ، بەلی بی گومان بە وپەری تی جیهاد و تی کۆشان و دلسۆزیەوە ئە گەرا بۆ هەل هەلکەوت بانگی ئە کرد بۆ لای ( خوای تاك و تەنها ) ، هەروەها بانگی دە کردن بۆ ڕۆشنایی رووناکی ژیان بۆ بە ندە کانی ( خوای گەورە ) بۆ پە یامی راستەقینەی مرڤایەتی ئەم ئاینە ی کە بناغەی هە موو پیگەکانی ژیان لە خۆ دە گریت ، بەلی بە موشریکە کانی قورەیشی رادە گە یاند کە دوور کە ونەوە لەو بی کەلکی و بی سەرو بەریە ی کە لە سەردە می نەفامیدا هە بوون ، یان باسی بی کەلکی بی سودی بتە کانی دە کرد بۆیان کە نە قازا نجیا پی دە گات و نە زە رە ریان بی دە گە ینی ،چونکە ئە مانە تە نها بت و بردن ، بە لی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) باسی خوا ئیسلامە تی بۆ دە کردن ، پی یانی دەگووت ، وەرن بگە رینەوە بۆ لای خوای گەورە و تاك تە نها هەر ئەو زاتە خاوەنی ئاسمان و زەویە ، پشت و پەنا تان هەر بە و زاتە هە بیت عیبادەت و خواپەرستی ، هەر بۆ ئەو زاتە بی ، بە لی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە گری کویرەی میشکیانی ئە کردە ، بەلی قورئانی پیرۆزی بۆ دە خویندنوە ، تاکو بیرو هۆشیان ببیتەوە ، لە خوا بترسن واز لە بت پەرستی بهینن .

هەروە ك لە باسە کانی پیشتر دا باسمان کرد کە ( ٣ ) سال لە شاری ( مککە ) پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بانگەوازی کرد بە نهینی ،ئەوە حیکمە تی خوای گەورە بوو کە بە نە هینی بانگەوازی خۆی بکە ، لە بەر بەژە وەندی ئەم هەلو مە رجی ئە و کاتی موشریکانی قورەییش ، چونکە ئەوان غەرقی گوناە تاوان ببوون ، سە خت بوو ، لە ناکاو ئە م پەیامە یان پی بگات ، وەهەروەها دورگەی عەربی پر بوو لە بت پەرستی و نەفامی عەرەبە کانی قورەیش، بە لی لەبەر ئەم هۆ کارانە و هۆ کاری تریش بۆیە پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) لە سرە تادا بە نیهنی بانگەوازی ئیسلامی کرد، لە گە ل هاوە لە بەریزە کاندا ..

بەلی دوای بەسەر بردنی قوناغی بانگەوازی بە نهینی ، قوناغیکی ترە دە ستی پی کرد ئە ویش قوناغی ئاشکرا کردنی پە یامی ئیسلام بوو ، ئە وە بوو ( خوای گەورە ) فەرمانی کرد بە

ێ
پیغه مبه‌ره كه تا كو بانگ كردن بۆ په یامی خوای په‌روه‌ردگار ئاشكرا بكات ، ئه مه‌ش دوای به‌سه‌ر چوونی ( ٣ ) سال له دوای هاتنی وه حی ، به لی هه‌ر له و كاته‌دا ئه‌وه بوو ( خوای گه‌وره ) ئه م ئایه ته پیرۆزه‌ی قورئانی نارده خواره‌وه تا بانگ ئاشكرا بكات و ، پشتیش بكاته كافران و موشریكانی قوره‌یش ، كه هیچ بایه خیكیان پی نه‌دات .

( خوای گه‌وره ) ده فه‌رموویت : ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾ الحجر ٩٤ .

واتا : هه‌ر فه‌رمانیكت پیدراوه ئه ی محمد ( صلى الله عليه وسلم ) به ریك و پیكی ئه نجامی بده و گوی مه‌ده به بوختانی مورشریك و كافرن .

ئیتر ئه‌وه بوو ، پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له گه ل هاوه‌لانی خۆی ئه په یامه كه پی ان بوو ئاشكرای كرد ، به‌لی له سه‌ره‌تادا خزمانی به بانگه وازه دوور نه كه‌وتنه‌وه ، به په‌رچیان نه‌دایه وه ، وه دژایه تیان نه كرد ، هه تا ئه‌و كاته‌ی پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) باسی سووك و بی كه‌لكی بته كانی بۆ كردن ، وه بیر و بۆ چوونی پیاو ماقولانی موشریكانی قوره‌یشی دایه دواوه ، پی شی ووت كه ئه و ری گایه ی كه ئه‌وانی له سه‌ر ری گه یه كی هه له و چه‌وته دوور كه نه وه لی ، به لی قوره‌یش كه زانی ئه‌م په یامه ی پیغه مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له به‌رژه‌وه‌ندی كانی پیاو ماقولانی موشریكانی قوره‌یش ده دات ، وه هه‌روه‌ها په یامه كه ی پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئه یه‌وه‌ی دین و بیرو باوه‌ری ئه‌وان له نا به‌ریت ، هه‌ر وه‌ك له م سه‌رده مه ی ئیستادا هیچ جیاوازیه ك نیه له نیوان پت په‌رستان و موشریكانی قوره‌یش ، چونكه هه‌ر كاتیك له په‌رژه وه‌ندی كۆمه‌لیك له گه نده‌ل كارو به‌د ره وشت كاران و، دز وو ، مافیا كانت دا ،ئا به‌رنگاری ئاینی پیرۆزی ئیسلام ده بنه‌وه ..!!

چونكه ئه م جۆره كه سانه هه ر له تاریكی دا ژیان ده كه‌ن له ژووره تاریكه كاندا مالی خه‌لك به نا حه‌ق ده خۆن و ، خوینی خه‌لك ده‌ریژن ، له پیناوی مانه‌وی خۆیان ، ئاینی ئیسلام

ئ

ئاینیکی پاك و بیگەرد ، ئە جۆرە کە سە نە قبول ناکات ،بۆیە هە موو کات دژایە تی دینی خوای گەورەن دە کە ، هەل و لی لە ناوبردنی دینی خوای گەورە دەدن ، بەلام بیر لە زاتی خوای گەورە ناکە نەوە ، کە چەند زانایە و دانا یە کار زانا و خاوەنی هە مووشتیکە لەم گەردوونەدا ، بە هە موو فرو فیە کانیان زانایە زانایە بە وی کە لە ناو دل و دەروونیاندایە ، لە هە موو کاتیکدا لە هە موو سەردە میك دا ئەم نە هەر رووە ش و ریسوان، هەروەك لە سەردە مە کانی رابردوودا ، وەك ستە مکارە کان دەرئە نجامیان جی ( خوای گەورە ) جی بە سەر هینان ، وە فیرعە ن ، قارون ، هامان ، هەزارەها ستەمکاری تر ..!!

بەلی کاتیك مووشریکانی قورەیش ،زانیان لە بەرژەوەندیە کانیان دە دریت ، هە سات بە بەرهەلستی کردنی ، پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) هاوەلانی وەستان ، بی ئەوەی بەراوردی ئە م دوو بۆچوونە بکەن ، وە بزانن کامیان راستە و دروستە کامیان ژیریی پەسەند دە کات ،بەلی بۆ ماوەیەك ویسیان بە بەلگە و سەلماندنی دینی تازە بدەنە دواوە ، کە چی چاریان پی نەکرا ، چونکە دینکەی خۆیان هیچی لە گەل فیترە تدا نە ئە گونجاو ،لە بەرامبەردا ئامۆژگاریە کانی قورئانی پیرۆز دلە کانی کە مە ر کیش ئە کرد ، هەروەك عەلمانیە ت و مافی مرۆڤ و سیاسە تی رۆئاواو یهود و نصرانی ئیستا ، درۆ کانیان نا گاتە بیست و جار سە عات ئاشکرا دە بیت ، بەلی کافرانی قورەیش پە نا یان بردە بەر جنیو دان و قسەی سووك و بوختان و پاگەندە ، سزا و ئازاردان ..

بەلی بەمە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل هاوەلە بەریزە کان کەوتنە بەر پلاری دووژمنانەی قورەیش ، بە پەری بی ویژدانە یە وە ، بۆ ماوەیە کی دوور دریژ ئازارو ئەشکە نجەی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليەوسلم ) هاوەلە کانیاندا ، هەر چە ند لەم کاتەدا ( ابوطالب ) مامی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليەوسلم ) بەر گریشی لە محمد ی برازای دە کرد ( صلى الله عليه وسلم ) بە لام هەر ئازارو سەرمە سەریە کی سەختی چەشت ، موسلمانە کانیش بە یەکجاری تەنگیان پی هەل چنرا بوو ، بە تاییەتی بەندە کان و موسلمانە لاوەزە کان ...

ئ

له هه موو سەردە میك دا دژاریه تی خوا پەرستان و پیغەمبەران و پیاو چا كان كراوه ، چونكه له گه ل بەرژەوەندی بی باوەران ، تاغوت ، موشریك ، ناكەس پە چه و ، دووروان ، دل ره ش و، بی وعد ، درۆزن ، دزو، بی روو ، زالم ، ستەم كاران ، فیل باز وەك ریووی ، ناپووت ، ناگونجین ، هه میشه بەرژەوەندی خۆیان ده ویت دژایه تی ( خوای گەوره ) ده كەن پیان وا یه فیر له ( خوا گەوره ) ده كه ن ( والعیاذ بالله ) دەلین ئیمه تۆی چاكه ده جی نین لەسەر رووی زەوی به لام درۆ ده كه ن ، ئەوانه هه رخۆیان تۆی خراپه ده جی نن ، هەر خۆیان هۆی فسادی و بی ئەخلاقین له سەر رووی زەوی ، له سەر خوینی خەلك ده ژین ..!!

هەروەك ( خوای گەوره ) دەفەرموویت : ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾البقره ٩. واتا : ئەوانه ( به خیالی خۆیان وا ده زانن ) كه ( خوای گەوره ) و ئەو كەسانەدەخەله تین كه باوەر داری راسته قینەن !! بی گومان جگه له خۆیان كه سیان پی هەنا خەله تینری !! بەلام هەست ناكه ن و تیناگەن وبیرناكه نەوه ..!!

هەروەها ( خوای گەوره ) دەفەرموویت :﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ﴾البقره ١١-١٢ .

واتا : ئەوانه كاتیك پییان دەوتریت تۆوی گوناه و تاوان و خراپەكاری مه چی نن له زەویدا ، ده لین : بەراستی ئیمه تەها چاكسازی ده كه ین !!

ئاگادار بن ، كه راستی هەر ئەوانه تۆوی خراپه ده چی نن !! ( به هۆی لووت بەرزی و دەردەدارییانەوه ، هەستی پی ناكەن ، و خۆیان لی گیل ده كەن ..

هەروەك ئیمامی احمد له ئیبن عباس وه ( خوا لیان رازی بیت ) تخریجی كردووه ، كه وتوویه تی : كاتیك كه ( خوای گەوره ) ئایه تی ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾الشعراء ٢١٤ .

ئ
نارده خوارەوە و پیغەمبەری (صلی اللە علیە وسلم ) هاتە لای کیوی صەفا و سەر کەت سەری ، پاشان هاواری کرد : (یا صباحاه !) ئەوە بوو خەلکە کە لی کۆ بوونەوە ، پیاوی وا هەبوو خۆی ئە هات و هی وایش هە بوو لە بریی خۆی کەسیکی تر ئە نارد .

پیغەمبەری خوای (صلی اللە علیە وسلم ) : (یا بني عبدالمطلب !، یا بني فهر !، یابني کعب !، ارایتم لو أخبرتکم أن خیلا بسفح هذا الجبل ترید أن تغیر علیکم صدقتموني ؟ ) .

واتە: بانگی لی کردن و پرسیاری لی کردن کە ئەگەر هەوالیان بداتی کۆمەلیك ئەسپ سوار وان لە بنی ئەو چیایە دا و ئەیانەوی هیرشیان بکەن سەر ، ئایا بروای پی ئە کە ن ؟

ووتیان : بەلی .

فەرمووی : (( فإني نذیر لکم بین یدي عذاب شدید )).

پیی راگە یاندن کە پیغەمبەری خوایە و ، پیی خۆشە ئیمان و باوەر بهینن تالە سزایەکی سەختی چاوەروان کراو سەر فراز بن .

ئە بو لەهەب ووتی : سەرانسەری رۆژداو شییت ، بۆ ئەمە ت بانگ کردین ؟

ئەوە بوو (خوای گەورە ) ئە م پینج ئایەتەی پیرۆزی قورئانی ناردن خوارەوە ،دەفەرموویت :﴿ تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ (١) مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ (٢) سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ (٣) وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ (٤) فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ (٥)﴾المسد .

واتا: دەستەکانت بشکیت (ئە بو لە هەب ) ریسوا بیت !!

مال و داری و ئە و شتانەی کە بەدستی هیناوە ، فریای نەکەوت !!

لە ئایندەدا ئە خریتە ناو ئاگری کی بلیسە دارەوە !!

هەروەها ژنە کە شی کە هەمیشە هەلگری کۆلە دارە و (ئازاری پیغەمبەردەدات ).

هەمیشەگوریسیکی چنراو لە پوشی خورما لە گەردنیایەتی (لە قیامە تیش دا زنجیری ئاسن دەکریتە گەردنی )...

ئ

هەروەها ئیمامی احمد لە خاتوو عائیشەوە ( خوا لی رازی بیت ) تخریجی کردووە ، ئەفەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تەشریفی بردە سەر کیوی ( صە فا ) فەرمووی : (( يافاطمة ابنة محمد ( صلى الله عليه وسلم ) ! ياصفية ابنة عبدالمطلب ! يابني عبدالمطلب ! لا أملك لكم من الله شيئا ، سلوني من مالي ما شئتم )). اخرجه مسلم .

واتا : بانگ ئە کات ، یا فاطمە ی کچي محمد ( صلى الله عليه وسلم ) صفیە ی بلکي و ، تیکرای نە وە کانی عبدالمطلب ، پی یان را ئە گە یەنی کە بە تەما نەبن بە بۆنەی خزمایە تی ئە مەوە ، خوا لی یان خۆش دە بیت ،بەلکو ئە گەر ئیمان نەهینن پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هیچیان بۆ ناکات و ، لە مال و سامانی هەرچی یان پی خۆشە با دوای بکەن .

هەروەها ئیمامی احمد لە ( المسند ) ١/١١١ ، لە یمامی علی یەوە ( خوا لی رازی بیت ) تخریجی کردووە ، دە فەرموویت : کاتیك کە ئە م ئایەتە :﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴾الشعراء ٢١٤ .

هاتە خوارەوە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەهل و کەس و کارە کە ی خۆی کۆکردنەوە ،ئەوەبوو سیی کە سیان لی کۆبوویەوە ،نانیان خوارد و ، ئاویان خواردەوە، پیی فەرموون :

(( من يضمن عني ديني ومواعيدي ويكون معي في الجنة ويكون خليفتي في أهلي ؟ )).

پرسیاری لە مامە کانی و ئامۆزا کانی کرد کە کامیان ئامادە یە کەسی نزیکی بیت ، قەرزەکەی بۆ بداتەوە ، و سەرو کاریی کەری مال و منداليشی بی ، کە ئە گەر لە پیناوی خوادا و لە کاتی راگەیاندنی دینە کەی دا بکوژریت ؟

پیاویکیان ووتی : ئە ی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ! لە سە خاوەت سنگ فراوانی دا ، وەك دەریا وا بوویت ، کی ئە توانی ئە وکارە ئە نجام بدا ؟

ئە فەرمووی : ئە مەی سی جار فەرموو ...

ئ
ئەفەرمووی : ئە مە ی خستە بەردەم ئەهل و کە س و کارەکەی . ئیمامی علی فەرمووی : من .

هەروەك لە سەرتادا باسمان کرد کە بانگەوازی ئیسلام بە نهێنی بوو ، پیغەمبەری خوا( صلی الله علیەوسلم ) بە شیوە یە کی نهێنی بانگەوازی ئیسلامی دەکرد لە گە ل چەند هاوەلیکی بە ریز ( خوا لیان رازی بیت ) هەروەها مالە کەی ئەرقە م( خوا لی رازی بیت ) ، کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) کە متمانەی پی دە کردن ،وە پەیامی ئیسلامی پی رادە گە یاندن ، هەروەها ( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : ( سی سال بەم جۆرە بانگەوازی نهێنی بەردەوام بوو تا ( خوای گەورە ) فەرمانی پی کرد کە ئاینی خوا بەرقەرار بکات و بە ئاشکرا بیگە یە نیت بە بی باوەرانی قورەیش و ئاشکرای بکات لە ناو خەلکید .

﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾البقره ٩. واتا : ئەوانە ( بە خیالی خۆیان وا دە زانن ) کە ( خوای گەورە ) و ئەو کەسانەدەخەلە تین کە باوەر داری راستە قینەن !! بی گومان جگە لە خۆیان کە سیان پی هەنا خەلە تینری !! بەلام هەست ناکە ن و تیناگەن وبیرناکە نەوە ..هەروەها ( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : پاشان خەلکان پۆل پۆل دەچوونە ناو ئیسلامەوە بە پیاوان و ئافرە تانەوە تاوای لیهات باسکردنی ئاینی ئیسلام زۆر باو بوو وە بووە گفتوگۆ وباس لە نیوان خەلکانی شاری ( مککە ) پاشان ( خوای گەورە ) فەرمانی کرد بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) کە ئەو ئاینە راستەی هاتووە بۆی ئاشکرا بکات لە ناو بی باوەرەکاندا و ئاینە کە ی خۆی بە گە یە نیت بە خەلکی و بانگەوازیان بکات و پییان رابگەیەنی ) .. سیره ابن هشام ، والابیهقی فی دالائل النبوه .

هەروەها لە راوایەتیکی تردا هاتووە ، کە بە لگە یە لەسە ر نیشانەی پیغەمبەرایە تی ( محمد ) ( صلی الله علیە وسلم ) یە کیکە لەموعجیزەکانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) ئەوەیە کە ئیمامی علی ( خوا لی رازی بیت ) دە گیریتەوە ، دەفەرموویت : ( کاتیك کە ( خوای گەورە ) ئە م ئایە تی نارده خواروه :﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾الشعراء ٢١٤ ...

ئ

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ویستی بە گە یە نی بە خزمە کـانی خـۆی ، ئیمـامی علی ( خوا لی رازی بیت ) فەرمووی : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بنی ( عبـدالمطلب ) ی بـانگ کرد ، تـاقمیکی زۆریان تیا بوو کە زۆر خۆر بوون ، خواردنیکی زۆریان دە خوارد ، وە خوادنەوەیە کی زۆریا ن دە خواردەوە ، پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خواردنیکی زۆر کە می بۆ دروست کردن ، چە ند مشتە جۆیە کی کە بوو و بۆی ئامادە کرد ن و هەر هە موویـان هاتن و تیر لە و خواردنەیان خوارد و ئاویکی یە کجار زۆریان خـواردەوە و هیشـتـا ئاوەکـە و نانە کە هەروەکو خۆی مـابووە و هیچـی لـی کـە م نـەبوو وە ، دوای ئـەوەی تیریـان خـوارد پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پی فەرموون : (( يا بني عبدالمطلب إني بعثت اليكم خاصة وبعثت الى النـاس عـامة )).. واتە : ئە ی نەوەی عبـدالمطلب ، ( خوای گەورە ) منی بە تـایبە تی ناردووە بۆ لای ئیوە و بۆلای خەلکانیش بە گشتی .. ) و ئەم نیشانەیە ی کـە ئیـوە بینیتـان نیشانەیە کی بەسە بۆ ناسینی من ، کی لە ئیوە هەلدە ستی ، پە یمانم دە داتی کـە بـرام بیت و هاوەلم بیت ؟

دەفەرموویت : هیچ کە س هە لناسا ، ئیمانی علی دە فەرموویت : من لە هـەموویان بچـووکتر بووم هەستام و پیغەمبەر ( صلى الله عليەوسلم ) سی جار فەرمووی دانیشە ، دوای سی جـارە کە کەس نەبوو هەساتم پیغە مبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەستی کردە نـاو دەسـتم )) . واتـا : گفتی لی وەرگرتووە و دوا بە دوای ئە وە پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وەکـو سەرەتـای بانگەوازی ئـاشکرا لە شاری مککە چووە سەر کیوی صە فاء ئە م بانگە وازیە ئاراستە ی شاری مککە کرد کە لە پیش دا بـاسمان کرد .. اخرجه احمد ( فى كتاب فضائل الصحابة )

هەروەها لە ئە بوو هورەیرە ( خوالی رازی بیت ) دەفەرموویت : (( کـاتی ( خوای گـەورە ) ئـەم ئـایەتەی ناردە خوارەوە : ﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ الشعراء ٢١٤ . بۆ پیغە مبەری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) قورەیشی هە مووی بـانگ کرد و کۆی کردنەوە بە تـایبە تی و بە گشتی قسەی لە گەل کردن و دە قی فە رموودە کە ی پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بـە م جـۆرە بـوو پـی فەرموو ن : (( يا معشر قريش إشتروا أنفسكم من الله الأغني عنكم شيئا ، يابني كعب بن لؤي انقذوا أنفسكم من النار ...... ) . اخرجه البخاري ، ومسلم ، واحمـد ، والنسـائي ، الترمـذي ، والبغوي في شرح السنة، والبيهقي في السن الكبرى ، وابن حبان ...

ئ

واته: ئه ی كورانی هۆزی قورەیش خۆتان بكرنەوە له ( خوای گەورە ) من هیچ شتیكم پی ناكری بۆتان له قیامەتدا له بەرامبەر خوادا ( واته: تەنها خزمایەتی نیوان من ئیوە هیچ سوودیكتان پی ناگه یه نیت ، ئه گەر باوەر نەهینن ) ئه ی كورانی كەعبی كوری لوئەی خۆتان رزگار كه ن له ئاگر من هیچم پی ناكریت بۆ ئیوە له قه یامەتدا ، لای خوا گەورە ... ) ئه م فەرموودە یه زیاترە تەنها ئه وەندە م هیناوە .

هەروەها له ریوایه تی كی تردا ( قتادە )،( خوای لی رازی بیت ) دەفەرموویت : (( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چووە سەر ته پولكه ی صەفا هه موو تیرە كانی قورەیش ی بانگ كرد بۆ ئاینی ( خوای گەورە ) ئاگاداری كردە وە هەرە شەی لی كردن له تورەیی ( خوای گەورە ) بەلام هەندی له وانه ووتیان : ئه م هاوەله تان شیت بووە و له شەوەوە ورینەی كردووە تا بەرە بەیان ، پاشان ( خوای گەورە ) ئه م ئایه تەی دابه زاند كه دەفەرمویت : ﴿أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِهِمْ مِنْ جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ **الاعراف ١٨٤** .

واتا: ئایا بیر ناكه نەوە كه هاوەله كه یان به هیچ جۆریك جنۆكەی له گه ل دا نیه و شیت نیه ،ته نها ئەوە نەبیت ئاگادار كەرەوە یه وە هەرەشه كاریكی ئاشكرای ( خوای گەورە ) یه بۆ لای خەلكی )). اخرجه الطبراني بإسناد صحيح الى قتادة ،كما قال الحافظ في الكافي الشافي ) ٢/١٨٧ .

ئ

**بەلی یە کەم فەرمانی ئاشکرا کردنی بانگەواز لەو بارە یە وە کە ئەم ئایـە تـە دابـەزی یـە خوارەوە ، :﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾الشعراء ٢١٤ . بەلی لە سورە تی شعراء بـوو کـە ئـەم ئایە تە لە م سورە تە دایە ، لە سەرە تای سورە تی شعراء باسی بە سەرهاتی موسى دە کات و ، وە هەر لە سەرە تای پیغە مبەر بوونیە وە تا کۆچ کردنی ئۆممە تەکە ی لە گە ل خۆیدا لـە دە ست ستە مکاری فیرە عەوەن کۆچیان کرد ئـە وە بـوو بـنی ئیسـرائیل لـە گـە ل ( موسـی ) کۆچیان کردو ، فیرعەون بە دوایان چوو سەر ئە نجام ، موسى بە دار عصا کـەی رووبارەکـە ی شق کرد و ، موسى بنی ئیسرائیل دەربازیان بوو لە رووبارە کە ، فیرعەون و دارو دە ستە کـە ی غرقی یان نقومی رووبارە کە بوون ، ئە مە ش سەر ئە نجامی زاولم ستەمکارانە کە شـریك و هاوەل بۆ خوا دروست دە کە ، خۆیان بە گەورە دە زانن ، بەلی ئە م چیرۆکە باسی لە هە مـوو قونا غە کانی ژیانی ( موسى ) دە کات کە پیدا گوزەراوە ، سە بارە ت بـە بانگـە واز کردنـی گەلە کەی و فیر عەوەن بۆ لای خوای پەروەردگاری جیهانیان ..**

**بەلی کە پیغەمبەری خوا( صلی اللہ علیه وسلم ) فەرمانی پیدرا بانگە شەی گەلە کە ی بکـات بۆ لای ( خوای گەورە ) بۆ ئەوەی نموونە یە ك لە بەردم خـۆی هاوەلـە کانیـدا هـە بیـت لـە بەدرۆخستنەوەو چەوساندنەوەی خە لك بۆیان لە گەل ئاشکرا کردنـی بانگەوازەکەیانـداو ، هەتا لەم سەرتایە وە بەر چاو روونیە کیان هە بیت لەسەر داهاتووی بانگەوازە کە یان ..**

**لە لایە کی تروە باسی چارە نووسی بارودۆخی پیغەمبەرانی تری تیدا یە وەك ( گەلی نوح ، عاد ، سمود ،ابراهیم ، لوت ، زیاد لە وەش باسی فیرعەون و گەلە کە ی باسکراوە ، بۆ ئەوەی یا خبوانیش وابزانن کاتیك ئەوانە لە پەیامی بە درۆخستنەوەی پیغە مبەران بەردەوام بـن چ چارە نووسیك چاوەرییانەو ، هە تا ئیمانداڕنیش بزانن کە چارە نووسی بـاش چـاوەروانی ئەوانە نەك یا خیبوون ...**

ێ

بە لی یە کەم کاریك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کردی پاش هاتنە خوارەوەی ئە م ئایەتە پیرۆزە :﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾الشعراء ٢١٤ . ئەوە بـوو خیلـە کـانی بـنی فـلان وفلانی باس کرد ، ئەوانیش ئامادە بـوون ،وە چـە نـد کـە سیکی کـورانی ( عبـدالمطلب ) ی ( عبدالمناف ) لە گەل دا بوو ، چل و پینج پیاو دە بوون ، ( ابو لهب ) هاتە و پیشـەوە ووتـی : ئە مانە هە وو مام ئامۆزاکانی تۆن ، قسە بکە و واز لە ( صابیی ) یە کان بهینـە ، ئـەوەش بزانە خیلە کەی تۆ توانای بەسەر هەموو عەرەبدا ناشکیت ومنیش نزیکترین کەسم دەستی تۆ بگرم ، کە سە کانی باوکی خۆتت بە سە ، خۆ ئە گە لەسەر ئە م حالە تـە بمینیتـەوە ئـەوە بەلای ئەوانەوە ئاسانترە کە چە ند بنە مالیە کی قورەیش بـە پالپشـتی عەربـەکان بـدەن بەسەرتدا ، بەراستی کە سم نەدیوە شتیکی لەوەی تۆ خرا پتری بۆ خزمانی باوکی خۆی هینـا بیت ، پیغەمبەر ( صلی الله علیەوسلم ) بی دەنگ بوو ، لە مجلیسەدا هیچ قسە یەکی نە کرد.

پاشان جاریکی تر بانگی کردنەوە و فەرمووی : (( سوپاس بۆ ( خوای گەورە ) حەمدو سە نـای دەکەم ، داوای کۆمە کی لی دەکەم ، باوەرم پیە تی پشتی پی دە بـە سـتم ، شـایە تـی دەدەم جگە لە خوای تاك و تەنها هیچ خوایە کی تر راست نیە ، هاوبەشی نیە ، پاشان فەرمووی : پشرەو یان پشەوا هەرگیز درۆ لە گە ل کە سە کانی خۆیدا ناکات ، سویندم بە کەسـەی جگـە لە و خوایە کی تر راست نیە ، من پیغەمبەری خوام بۆ لای ئیوە بە تاییە تی و ، بۆ لای خەلك بە گشتی نیردراوم ، سویند بە خوا دەمرن هەروەکو چـۆن دەخـەون ، زینـدووش دەکرینـەوە هەروەکو چۆن لە خەو هە لدە ستن و ، لە سەر کردەوە کان لیتان دە پرسیتەوە ، چـارە نووسـە یان بە هەشتی هە میشە یی یان دۆزەخی هە میشە یی )).

( ابوطالـب ) ووتی : چەند پیمان خۆشە یارمە تیت بدە ین و ، بە ئامۆژگاریـەکانت رازیـن ، ئای کە چەندە متمانەشمان بەقسە کانت هەیـە ، ئەمانەشکەسـە کـانی بـاوکی تـۆن یـرە کۆبوونەتەوە ، من یە کیکم لەوانە بەلام لەوان خیراتر دیـم بەدەمتـەوە ، بـرۆ بەردەوامبـە لەسەر ئەوەی فەرمانت پی دراوە ، سویندبیت بەخوا بەردەوامی دەبمە قەلغانت و دەتپاریزم ، بەلام نەفسم ریگەم نادا لە ئاینی ( عبدالمطلب ) جیاببمەوە ...

ئ

ابولهب ووتی : واللاهی ئەمە زۆر خراپە ، خەلکینە دەستی بگرن پیش ئەوەی بەرۆکی خەلکی تر بگریت ،ابوطالیب ووتی:سویندبیت بەخوا هەتا لە دونیادا بین بەرگری لی دە کەین .

ابن الاثیر ،فقه السیرة ٧٧-٧٨.

بی گومان جامی تووڕەیی شاری (مككه ) پڕ بوو ، دەنگوباس و نارەزایی پەیدا بوو ، ئوەتا گوییان لیبە یەکیك بە ئاشکرا باس لە سەر لیشیواویتی بتپەرستان دەكات ، وەك هەورە بروسکە چەخماخەی دەداو ئەو کە شوهەوا لە دیر زەمانە هیمنەی شلقاند بەسەریە كدا ، قورەیش راچەلكا و راچنی و ترسی لی نیشت ، چونکە لە بەر بەرژەوەندیە کانی خۆیان بە هیچ شیوەیە ك نە دە گونجا ئە م ئاینە تازەیە ، بە لی قورەیش خۆی بۆ ئامادە کرد بۆ یە کلاکردنەوەی ئەو شوررشە هەلگیرساوەی پە یامی خوا و پیغەمبەرە کە ی (صلی الله علی وسلم ) ، کەوا خەریکە ئەم پە یامە و ئەم بانگەوازیەیی پیغەمبەری خوا (صلی الل علیه وسلم ) هە موو نە ریتە باوە کا ن و لووت بەرزی پیاو ما قولانی قورەیش رادە مالیت ..

بەلی قورەیش ترسی لی نیشت چونکە دەیزانی کە مانە ی بە یە کخوایە تی (الله ) باوەر بوون بە پەیام و رۆژی دوایی مانای ملكە چی تەواو و خۆ بە دە ستەوە دانی رەها دە گە یە نیت ، بە شیوەیەك کە خۆیان هیچ خواست ویستیکیان لەسەر خۆیان و مالیان نا مینیت ، سەر بارەی غەیری خۆیا ئەمەش مانە ی سڕبوونی دەسەلا ت و لووت بەرزیان بەسەر غە یری عەرەبدا دە گە ینت ، کە پیشتر مۆرکیکی ئاینی هە بوو ، دە بیت لە مەودواش رەزامەندی خوا و پیغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم ) بخەنە پیش رەزامەندی خۆیانەوە و ، واز لە ستەمە بهینن کە لە خەلکی رەش و رووتیان دەکردو، ئە خراپانەی کە بە یانی و ئیوارە ئە نجامیان دەدا ، ئە م مانایە یان باش دەزانی بۆیە دەروونیان قبولی ئەوبارە سەر شۆڕیەی نەدەکر ، نەك لە بەر ریزداری و خیرو چاکە یان ، (خوای گە ورە ) دەفەرمووی :﴿ بَلْ يُرِيدُ الْإِنْسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ﴾ القیامە (٥) .واتا:نەخیر با گومانی وانەبات ،بەلکو ئادەمیزاد دەیەویت گوناهو تاوان بکاتە پیشەی خۆی بە دریژایی ژیانی ،یاخود دەیەویت قیامەت لەبەردەمیدا بەرپا ببیت ئینجا باوەری پی بهینیت . بەلی ئە مانەیان بەباشی دەزانی و بەلام چی بکە لە بەردەم پیاویکی راستگۆی دەستپاکدا ،کە نموونەی بەرزترین بەهای مرۆڤی و بنە ماکانی رەوشتەو ، پیشتر هاو وینەو هاوتایان لە میژووی باوو باپیرانی گەلانی تردا نەبینیوە ؟ چی بکە ؟ واق ورما بوون نا حەقیشیان نە بوو لە وەدا.. !!

ئ

پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە پیناوی بانگەوازەکەیدا گویی بە هیچ نـە ئـە دا ، بەلکو حەقی ئە دا بە گوییاندا و بلاوی ئە کردەوە پە یامی خوای گـەورە ی ئاشـکرا دە کـرد بەلی گوی بە هیچ شتیکی لە وانە نە ئەدا کە ئەیان خستە بەردە می ، وە ئاوری لە م کە سانە نەئەدایەوە کە گالتەیان پی ئە کرد ، بەلکو تەنها روو ئاراستەی تەنها یەك خـوا پەرسـتی بوو ، خوا بەتەنها ناسـین بـوو ، هـە روەك ( خـوای گـەورە ) دە فـەرموویت : ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾الانعام ١٦٢ . واتـا : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەی ئیمانداران بلی : بەراستی نویژو حەج و دروشمەکانی و ( سەرجەم چاکە و بەندایە تیم ) هەروەها ژیان و مردنم بەتـاییەتە بر خوای پەروەردگاری جیهانیانەوە .

هەروەها ( خوای گەورە ) دە فـەرموویت ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ يوسف ١٠٨.

واتا : ئە ییغەمبەر ( صلى الله عليـە وسـلم ) تـۆ بلـی : ئـا ئەمـە ریگـەو ریبازمـە : مـن و شوینکەوتوانم بانگ دە کەین بۆلای خوای پەروەردگار لە سـەر بنچـینەو بناغەیـەکی روون و ئاشکرا ، پاکی و بیگەردیش بۆ زاتی پەروەردگارە ، من هیچ کاتیك لە موشریك وهاوەلگـەران نیم . بەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليـە وسـلم ) لـە پینـاوی ئـە هەلویسـتەیدا توشـی ئەشکە نجەو ئازاریکی زۆر هات لەلایەن موشریك و هاوەلگیرانەوە ، بی گومان کە ئەیا نبینی بانگەوازەکەی دە بیتە هۆی مە ترسی لە سەریان و بەرژەوە ندیە کانیـان بـەرە و هەلـدیر دە بات ، ئیتر هە موویان لە ژی کۆدەبنەوەو دژایە تیـان دە کـرد و ئازاریـان دەدا ، وە دوژمنایـە تیان دە کرد ، بوونە بەر بەست لە بەر دە میدا ، بەلی بە هیوای ئە وە بوون لە ناوی بـەرن وە بانگەوازە کە ی کەپ بکە ن و لە ناوی بەرن ، پیش ئەوەی لە دە ست دەرچـیت و بەتـەواوەتی بلاوببیتەوە ، بەلام ( خوای گـەورە ) دەفـەرموویت : ﴿وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾يوسف ٢١ .واتـا : ( خوای گەورە ) زالە بەسەر کارو فەرمانەکانی خۆیـدا ، بـەلام زۆر بە ی خەلکی پی نازانن . کۆتـایی قسە : ئاشکرا کدنی بانگەواز بۆ بەجی هینـانی فـەرمانی ( خوای گەورە ) بوو ، هە لسان بوو بە ئەرك و فەرمانیك کە درا بوو بەسەر پیغەمبـەری خـوا ( صلى الله عليەوسلم ) بەو شیوەی خوا ویستی و فەرمانی پی دا بـوو ئاوەهـا هەلسـا بـە گـە یاندنی ...

ئ

## ئازاردان وهەرەشەی بت پەرستان لە گەل پیعەمبەر ﷺ و هاوەلاندا

### یەکەم : دژایەتی کردنی ( ابولهب ) و هاوسەرە کەی

بەلی ئەوەی کە زۆر سەیرە ! ( ابولهب ) مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو ، ناوی عبدالعوززا بووە ، کاتی کە ( ثوێبة ) ي کە نیزەکی هەوالی دایە کە ئامینەی هاوسەری عبدالله ی برای کوری بووە ، ابولهب لە مژدەی دا کە نیزەکەی خۆی ئازاد کرد ، بەلی کە چی کاتیك وەحی بۆ هات ، ابولهب ی مامی لە هە موو کە س خرا پتر دژایە تی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کرد ، ئەوە بو لە سەر کیوی صەفا لە نیو خزمانیدا چۆن قسە ی پی گووت وە چۆن وەلامی فەرمایشە کانی دایەوە ،کە چی هیچ نە بی دە بوایە لە بەر ئەوەی کە برازایە تی وەلامی نەدا بایە وە ، با خە لی تر رە خنە یا لی بگرتایە ..

بەلی هەروە ك ( ابولهب ) خۆی دژایە تی دینی تازەی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) دە کرد ، ( ام جمیل ) ی هاوسەریشی دژایە تی دە کرد ، کە ناوی ( اروی کچی حربی کوری ئومییە بوو، هەروها خوشکی ابو سفیان بوو .

بەلی ( ابو لهب لە لایە کەوە مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم بوو ) لە لایە کی ترەوە دراوسی بوو، لە لایە کی تریشەوە ( محمد ) ی برازی ابو لهب شیاوی دژایە تی نیە چونکە رەوشت جوان و نەرم نیان بوو لە ناو خزمانی دا ، بە لی ئە و کاتە تەمە نی ئازیمان و رۆشنایي چاومان گەیشت بووە ( ٤٣ ) سال هەر بەراست گویی و دە ست پاکی بەسەر بردووە ، تا ئیستا کاریکی نە کردووە تا دلی هیچ کە سیکی رنجاند بی ..

بەلی ( ام جمیل ) هاوسەری ( ابولهب ) هەولی ئە دا بە دووزمانی و قسە بردن وە لە نیوان پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و خە لکیدا دە یوست ئاژاوە پەیدا بکا دژی ئازیزمان هەروەها درك و دالی کۆ دە کردە وە لە بەردە م پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دە یخستە بەر ریگا کانی ئازیزمان ،وە پیسی فریدەدا بە ردە گا ی ئازیزمان ، هەروها پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دووری دە خستەوە و دەی فەرموو ئە مە چۆن دراوسییە تی یە کە ؟ ئەی نەوەی عبدالمناف ؟

ئ

بەلی ئەم رفتارەی ئە و ژن و میردە زۆر نامەردانە بوو بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا ( صـلی الله علیه وسلم ) تا ئەوەبوو ( خوای گەورە ) لە سورە تی المسد ئایە تە کانی ١-٥ نـاردە خـوارەوە ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ (١) مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ (٢) سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ (٣) وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ (٤) فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ (٥)﴾ **المسد** .

بەلی خوای گەورە مژدەی بە هەردوو کیاندا کە ئەبنە سووتەمەنی دۆزەخ !!

بەلی ئە مە یەکیك لە موعجزە کـانی قورئـانی بـوو بریـاری دا کـە هـەر دووکیـان دە بنـە سووتەمەنی دۆزەخ ..!!

بەلی کاتیك کە ( ام جمیل ) بیستی وا دەربارەی خۆی و مـیردە کـە قورئـانی پـیرۆز هاتۆتـە خوارەوە ، هەستا بەرەو کە عبە کە وتەری تا تۆ لە ی لە پیغەمبەری خـوا ( صـلی الله علیـە وسلم ) بکاتەوە ، لە کاتەدا ئازیمان لە پە نای کەعبەدا لە گەل ( ابو بکر صدیقی )هاوەلی دانیشتبوو ، ( ام جمیل ) بەردیکی پر بە مشتی هەل گرتبوو و ، کە نزیکیان کە و تەوە ( خوای گەورە ) چاوی ( ام جمیل ) ی لە ئاست پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیـە وسـلم ) لـە بیـنین خست و تەنها ( ابو بکر صدیق ) ی ئە بینی ، ئە مەش یە کی کی تر بوو لە موعجیزەو نیشا نە کانی پیغە مبەری خوا ( صلی الله علی وسلم ) ، بەلی کاتی ( ام جمیل ) گەیشت بە ( ابـو بکـر صدیق ) ووت: ئەوا کوا هاوەلە کەت پیم گەیشتووە کە هجووی کردووم ، بە خوا ئە گـەر بـی بینم ئە م بەردە ئە کیشم بە دە میا واتـا: پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ،

ابو بکر بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی: ئایا نەتی بینی ؟

پیغە مبەری خوا ( صی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( ما رأتني ،لقد أخذ الله ببصرها عني ).

واتا :فەرمووی : نەی بینیم ، خوا ی گەورە لەئاست بینینی من دا چاوی کویر کرد .

بەلی لە و کاتە قورەیش ئەوەندە رقیان لە پیغەمبـەری خـوا ( صـلی الله علیـە وسـلم )بـوو ئەوەندەش رقیان لە ناوە کەی بوو ،کەلەسەر زمانیان قورس بوو ، لە جیاتی محمـد ، مذمم یان پی دە گووت بە لی لە جیاتی ( محمد ) جنیویان بە ( مذمم ) ئە دا ، چونکە محمد واتا : سوپاس زۆری کرابی ، ئەوان ئەیان گۆری بۆ ئەوە کە زە می زۆری کرابی ..

ئ

هەروەها لە روایە تیکی تردا هاتووە ، کە ( طبراني ) لە ( الاوسط ) لە ربیعە ی کوری عبادە ( خوا لی رازی بیت ) تخریجی کردووە . کە وتوویە تی : (( چیتان لی ئە بیستم کە ئەلین قورەیش بە خراپە ناوی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئە برد و جینویان پی ئە دا ، من لە هەمووتان زیاتر چاوم لی بووە ، چونکە مالە کەی لە نیوان مالی ( ابو لهب ) و عوقبەی کوری ابو موعەیتەدا بوو، کە ئە گەرایە وە مالەوە ئە ی بینیی وا رەحمی ئاژەل و خوین و شتی پیس و چە پەل فری دراوەتە بەر دەرگاکە ی ، ئەویش بەسەری کەوانە کەی فریی ئەدان و ئەی فەرموو : (( بئس الجوار هذا یا معشر قریش )). واتا : ئەی فەرموو: ئەی کۆمەلی قورەیش ! ئای کە دراوسی یە تییان خراپە !. شرح حیاه الصحابه :١/٤٥٥-٤٥٦ .

هەروەها ئیمامی احمد لە ( المسند ) لە ربیعەی کوری عبادە وە ، ریوایە تی کردووە کە دەفەرمووی : لە سەردە می نە فامی دا لە بازاری ( ذي المجاز ) دا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) یوە کە ئەی فەرموو : (( یا أیها الناس ! قولوا : لاإله إلا الله تفلحوا )).

واتا : خەلکینە ! بلین :لا إله إلا الله سەرکەوتوو و سەرفراز ئە بن .

جا خەلکی لە دورەی کۆئەبوونەوە و ، پیاویکی دەم و چاو گە شاوەی خیلیش کە دوو پەلکەی بەسەرەوە بوون بە دوایەوە بوو و ، ئەی ووت : ئەمە لە دین وەرگەراوە و درۆزنە !! بۆ هەر کوی بچوایە شوینی ئە کەوت . منیش دەربارەی پرسیارم کرد ، ووتیان: ئەوە ( ابولهبی ) مامی محمد . سیره النبویه الابی شهبه :١/ ٢٩٣-٢٩٤ .

هەروەها ( طبراني ) بەشیوەی ( مرسل ) لە قەتادەوە تەخریجی کردووە کە دە فەرمووی :

( عوتەییە ی کوری ابولهب ) لە م کاتە دا ( ام کلثوم ) کچی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لی مارە کرا بوو ، وە ( روقیەش ) کچی شی دەست گیرانی ( عوتبە ی کوری ابولهب ) بوو هیشتان نەی گواستبوووەوە ، کە دە کاتە برای عوتیبە ، واتا هەردوو خوشك لە هەردوو کوری ابولهب یە کیان مارە کرا بوو یە کیان دەست گیرانی عوتیبەی کوری ابولهب بوو ، تا ئەوە بوو وەحی بۆ پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هات ، جا کاتی کە فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾ هاتە خوارەوە ..

ئ

ئەوە بوو ( ابولهب ) بە ( عوتبە ، عوتەیبە ) ووت : سەرم لە سەرتان حەرام بێ ،واتە : پەیوەندیم پێتانەوە نەمێنی ، ئەگەر هەردوو کچە کەی محمد تەلاق نەدن ، دایکیشیان کچی حربی کوری ئومیە بوو ، ناوی ام جمیل بوو، کە قورئانی پیرۆز بە – ( حمالة الحطب ) ناوی ئەبا ، ام جمیل ووتی : کورە کانم ! هەردوو کیان تەلاق بدەن ، چونکە هەردوو کیان لە دین وەرگەراون ، ئەوانیش تەلاقیان دان ، کاتی کە ( عوتەیبە ) ( ام کلثومی ) تەلاق دا هاتە لای پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووتی : من بە دینە کەت کافرم کچە کە شتم تەلاق دا .. نەبییتە لام و نە بیمە لات ، پاشان هەلمە تی دایە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و کراسە کەی دڕی ، ئەمەش لە کاتێك دا بوو کە عوتەیبە نیازی هەبوو بۆ بازرگانی بەرەو شام بکەویتە ری .. پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (( أما إني أسال الله أن یسلط علیك كلبه )). واتا : دواکارم ( خوای گەورە ) شێرەکەیت بۆ بنێری .. ئەوە بوو لە گەل کۆمەلیك بازرگانی قورەیشی دا کە تنە ری هە تا گەیشتنە شوینیك کە پێ ئە وتری ( الزرقاء ) شەو لە وی باریان خست ، ئە و شە وە شێریك هات و بە دەوریان دا سووڕایەوە و عوتەیبەش ئە ی ووت : دایکە رۆ ! بە خوا ئە مە ، وەك محمد دەی ووت ئەم خوات ..!! محمد وا لە شاری ( مککە ) و منیش وا لە شام کە چیی ئە م کوژێ .. شێرە کە هات و لە ناو ئەو خەلکەدا هەلمە تی دایە ( عوتە ییە و گازیکی پر بە پری دەمی لی گرت وکوشتی.

لە ریوایە تیکی ترا کە ( زوهیری کوری عەلاء ) ) وتوویە : ( هیشامی کوری عوروە ) کە لە باوکیە وە بۆ مانی باس کردووە ، کە ئەو شەوە شێرەکە بە دەوریان د سووڕاوەتەوە دوای ئەوە ئەوە رۆیشتووە و ، ئەوانیش خەوتوون و ، عوتەییە ئەخە نە ناوەراستی بازرگانە کانەوە ، کە چی شێرە کە دیتەوە و هەنگاویان بەسەردا ئەنی و ، قە پیك یان گە زیك بەسەر عوتەییە دا ئە کات و تیکی ئە شکینی .. ئەوەبوو دوای کۆچی دوایی روقیە ، عوسمانی کوری عفان ام کلثوم مارە ئە کات ، خوا لە هە موویان رازیی بێ )). شرح حیاه الصحابە ١: ٤٥٤-٤٥٥ .

ئ

## دووەم : دژایە تی کردنی ( ابو جهل ) یان ( أبا الحكم ):

نازناوی ( ابوجهل ) پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) لی ناوە ، ئە گینا نازناوی ( اباالحكم ) بووە و، ناویشی ( عمری کوری هیشام کوری مغیری مەخزوومی یە )
بەلی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليەوسلم ) لە م سەردە مەدا بە فیرعەونی ئەم ئوممە تەی لە قەلەم داوە .
بەلی بی گومان ( ابوجهل ) لە هەمووکەس زیاتری دژایە تی ئە م دینە تازە یە ی یان ئەم دینە نویە ئە کرد ، جگە لە وەی کە نەگبە تی یە خی پی گرتبوو و حوزی لە کوفر و ستەم بوو ، لە لایە کی ترەوەش رقی لە بنی هاشم بوو ، چونکە خۆی لە بنی مەخزومی بوو ، هەروەك مەخزومی یەك پی خۆش بوو لە شەرەف و پایە داریی دا پیشیان بداتەوە .. بۆیە کە هەوالی دینی تازەی بیست بەرق و قینیکەوە ووتی : ئەی کۆمەلی قورەیش ! محمد هیچی ناوی جگە لەوەی کە ئەی بینن کە بریتی یە لە عەیب دارکردنی دینە کە مان و ، جنیودان بە باوبا پیرمان و ،بەشیت و لیوە دەرکردنی پیاوە ژیرەکا نمان و ،سووکایە تیی کردن بە خوکا نمان ..دەی من بەلین بە خوا ئەدەم کە سبەینی بە بەردیکەوە بۆی دائەنیشم ، جا کە لە نویژەکەی دا سەجدەی برد ،سەری پی لەت ئە کەم ، جا با نەوەی عبدالمناف چی یان پی خۆشە بی کە ن ..
بەلی بۆ سبەینی ( ابوجهل ) بەردیکی بە دەستەوە گرت و ، بۆ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليە وسلم ) دانیشت هە تا بیت .. ئەوە بوو ئازیمان تەشریفی هینا و لە نیوان هەر دوو روکنی کە عبە دا ، روکنی ئە سوەد و روکنی یە مانی دا دە ستی بە نویژ کرد و ، وە قورەیشی یە کانیش هەر کۆمەلە و لە شوینی کۆر کۆمە لی خۆیان دا دانیشتن و چاوەروان بوون ..کاتیك پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليە وسلم ) سەجدەی برد ، ( ابوجهل ) دە ستی دایە بردەکەو ، بە دزە دزە بەرەو رووی هات ، تا لی نزیك کە وتەوە ،رەنگی زەرد بوو و ، ترسی لی نیشت و ، هەر دوو دەستی بە بەردە کەوە ووشك بوون و خۆشی لە خۆی نەما و ،بەردە کەشی لە دەست کە وتە خوارەوە و ، بە چاوی زەقەوە گەرایەوە دواوە ...

قورەیش ئاگادار بوو ، بگرە بە تاییەت زۆریکیان بە بۆنەی بەلینە کە ی ( ابو جهل ) وە لەوی جەم بوو بوون ، هە موو چاویان لە پالە وان بوو .بە لی کاتیك ( ابوجهل ) کە لە رۆشنایی چاومان و ئازیزمان چووە پیشە وە ، بە تەما بوو بەردی بە سەردا بکیشی ، کەچی ئە بینن ( ابوجهلیکی وشکی وەك شۆرە بیی لەرزیو بەردەکەی فری دا گەرایە وە دواوە ، چەند پیاویك هەلسان و هاتن بە دە میوەو و ، پرسیان : چیتە ، ( ابوجهل ) ؟ووتی :

هەستام بۆی تا نەخشەکەی دوینی ئە نجام بدەم ، کە چیی کە لی نزیك کە وتمە وە ، نیرە وشتریك هاتە ریم ، بەخوا هەرگیز نیرە وشترم لە شیوەی کەلە سەر و مل و کەلبەی ئە وشترە دا نە دیوە ،ویستی بم خوات .

هەروەها ( ئیبن ئیسحاق ) وتویە تی : بۆم باس کراوە کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەموویە تی : (( ذلك جبريل ، ولو دنا منه لأخذه )) . واتا : فەرمووی : ئەوە جبریل بووە ، ئە گەر نزیك بکە و تایەوە لە ناوی ئە برد ..

هەروەها جاریکی تریش ( ابو جهل ) ئەلیت : بەلین بە خوا ئە دەم کە ئەگەر محمد لە سەجدەدا ببینم ئەچمە سەر ملی و ، دەم و چاویشی لە خۆل هەل ئە سووم . ئەوە بوو بەرەو رووی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هات بچیتە سەر ملی و کە چی لە ناکاو بەرەو دواوە پاشە کەشەی ئە کرد و ، بە هەردوو دە ستی خۆ ئە پاراست ، پی یان ووت: ئەوچیە ؟ ووتی : لە نیوان من ئە ودا چالیك ئاگر و ، ترس ولەرز و ، بال هەن. پیغە مبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (( لو دنا مني لا ختطفته الملائكة )). واتا: فەرمووی ☹( ئە گەر لیم نزیك بکە تا یە تە وە مەلائکەت ئە یان فراند ).السيره النبويه لابى شهبه :١/٢٩٥ .

هەروەها ( بیهقی ) لە ( ابن عباس ) ( خوای لی رازی بیت ) تخریجی کردووە کە دە فەرمووی : (( رۆژیکیان لە مزگەوت دا بووم ، ئە بینم وا ( ابو جهل ) – بەر لە عنەتی خوا بکەوی – هات ووتی : بەلین بە خوا ئەدەم کە ئە گەر محمد لە سە جدەدا ببینم بچمە سەر ملی ...

ئ
منیش خێرا دەرچووم و خۆم گەیاندە لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و چوومە ژوورەوە لای و هەواڵی و تەکەی (ابوجهل ) دا پێی ، ئەویش بە توورەیی لە ماڵ دەرچوو و هات بۆ مزگەوت ، ئەوەند پە لەی بوو لە دەرگاوە نەهاتە ژوورەوە ،بەڵکو بەسەر دیوارەکەدا سەر کەوت . منیش وتم : ئەمڕۆ ڕۆژێکی نا هەموارە ، ئیزارەکەم کۆکردەوە و ، کەوتمە شوێنی ، ئە وە بوو پێغە مبەری خو (صلى الله عليه وسلم ) دە ستی بە خوێندنی :﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ﴾ العق ١-٢ . کرد و ، کاتێ کە گەیشتە لای ئەو ئایە تانەی کە باسی (ابو جهل ) ئە کە ن : ﴿كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى  أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى﴾العلق ٦-٧ . پیاوێک بە (ابو جهل ) ی ووت : (ابا الحكم ) ! ئەوە محمد دە . (ابوجهلیش) ووتی : ئەوەی من ئە بینم ئێوەش نای بینن ؟ بە خوا ! ئاسۆی ئاسمانم لێ داخراوە ...

ئ

## سی یەم : ( عوقبەی ) بەت بە خت و ریسوا

بەلی لە ناو مل هورانی قورەیش دا ( عوقبەی کوری ابوموعیط ) زیاتر خۆی بەت بەخت و ریسواو سەر شۆرو خەجالە ت کرد . ئەوە تا لەصحیحی بوخاری دا هاتووە لە عبدالله کوری مسعوودە وە ( خوا لی رازی بیت ) ریوایە تی کردووە ،دەفەرموویت : (( جاریکیان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە نزیك مالی خوا دا نویژی ئە کرد و ، ( ابو جهل و چە ند کە سیکی شی لە گەلی دانیشتبوون ، بە یە کتریان ووت : کامە تان ئە چی منداڵ دانی وشتری بنی فلان دینی و ، ئە ی خاتە سەرپشتی ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) کاتی بە سە جدە دا ئە چی ؟ ریسواو سەر شۆری هە موو خە لکەکە ( عوقبە ) ووتی : من هەلمە تی دا هیناى و ، دانی بە خۆ دا گرت هە تا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سەجدە ی برد و ، ئەوویش خستیە سەر پشتی لە نیوان هە ردوو شانی دا ، منیش ( واتا عبدالله کوری مسعوود ) سەیرم دە کرد هیچم لە دە ست نە ئە هات ، خۆزگە دەسەلاتم ببوایە ، ئەوانیش پی ئە کە نین و ، خۆیان ئە دا بەسەر یە کتریی دا ، ( بۆ خۆشی و رابواردن ) و ، پیغە مبەری خوایش ( صلی الله علیه وسلم ) وا لە سە جدە دا و ، سەر بەرز نا کاتەوە و هە تا ( فاطیمە ) کچی هات و ، لەسەر پشتی فریی دا و ، سەری بەرز کردەوە ، پاشان فەرمووی : (( اللهم علیك بقریش )) .
سی جار فەرمووی : خوایە ! تۆ لە لە قورەیش بسینی ،کە دوعای لی کردن قورەیشی یە کان زۆریان بەلاوە نارەحەت بوو و، بەلایانەوە وە ها بوو کە دوعا کردن لە شارە دا گیرا ئە بیت پاشان پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ناوی هینان و فەر مووی : (( اللهم علیك بأبي جهل ، وعلیك بعتبة بن ربیعة ، وشیبة بن ربیعة ، والولید بن عتبة ، وأمیة بن خلف ، وعقبة بن أبي معیط )).
واتا : خوایە ! تۆلەی لە ابوجهل و، عوتبە و ، شەیبە ، ولید و ، ئومییە و ، عوقبە بسینی ، ( عبدالله ی کوری مسعود ) دە لی :حەوتە میشی ناو هینا بەلام لەبەرم نە کردەبوو ، دە بە و کەسەی کە گیانی منی بە دە ستە ، هە موو ئەوانەی کە پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوعای لی کردن و ناوی هینان ، ( عبدالله ی کوری مسعود ) ئەلی : من بە چاوی خۆم بینیم بە کوژراویی خرانە بیرەکە وە لە بیرە کانی بە در دا )).صحیح بخاری ...

ئ

له صحيح بوخاری دا هاتووه که له ( عورووه )وه ( خوالی رازی بیت ) تخریجی کردووه ، که دەفەرموویت : پرسیارم له ( عبدالله کوری عمر کوری عاص ) ( خوا لی رازی بیت ) کرد و ووتم : هەوالی ناره حەت ترین کاریکم بدەری که موشریکه کان بەرامبەر به پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئه نجا میا دابی ووتی : له کاتیك دا که پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له حیجری که عبەدا نویژی بەجی ئه هینا ، ( عوقبه کوری موعەیت ) هات و کراسه که ی خسته ملی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و له ملی دا توندی کردەوه و خەریك بوو بی خنکینی . ئیتر ئەوەبوو ( ابو بکر صدیق ) ( خوای لی رازی بیت ) هات و شانی عوقبەی گرت له پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دووری خستەوه ئەم ئایه تی فەرموو : ﴿أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ غافر ٢٨ .

**چوارەم : ( نضري كوري حاريث )**

به لی یه کیکی تر له مل هورانی قورەیش ئەویش ( نضري كوري حاريث ) بوو ، که دژایه تی پیغه مبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) ده کرد ، بەلی بی گومان یه کی بوو له شەیتانه سه فیهه کانی قورەیش .. ئەم پیاوه لووتی بەرزو بوو به وەی که سەردانی حیرەی کردبوو ، وه له خۆ بایی ببوو ، بەوەی که هەندی چیرۆکی پادشاکانی فار س و ، سەر گوزەشتەی رۆستەم و ئه سفەندیاری بیست بوو .

ئەوەبوو ، هەرچی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له گۆریك دا دا ئەنیشت و ، وه گەورەی خوای باس ده کرد و بیری خەلکه که ی ئه خستەوه که ئه م زاته چه ند گەوره یه و هه مووشتیکی دروست کردوه و به دیهنەری ئاسمان و زه ویه ، تەنها خوا بپەرستن به تنها هاوەلی بۆ بریار نه دەن ،هەروەها خۆ تان له غەزه بی خوا بپاریزن با وه ك ئوممه ته پیشینه کانیان لی نەیه ت سزا نەدرین ، به لی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خه لکه کەی له و باسا نه ئاگادار ده کردەوه ، بەلی بیگوما ئەو پیاوه ( نضري كوري حاريث ) هەر که ئه دیی وا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له و کۆره دا ده رۆیشت و یان هەل ئه سا ، ئه و پیاوه له جی دا ئه نیشت و ، ئه ی ووت : ئه ی کۆمەلی قورەیش ! به خوا من باسی چاکترتان بۆ ئه گیرمەوه له و ، وەرن بۆ لای من . من باسیکتان بۆ ئه کەم له باسه کەی ئه و چاکتر بی ..ئیتر دەستی به گیرانەوەی سەر گوزەشتەی پاشاکانی ولاتی فارس ئه کرد ، پاشانیش ئەی ووت : محمد لەکوی لەباسەکانی من چاکترتان بۆ باس ئه کات ؟ . سیره النبویه لابی شهبه...

ئ

## دەمەقالی کردنی بت پەرستانی قورەیش لە گەل پیغەمبەری خوا ﷺ

بی باوەرو کافران و نەفامانی قورەیش لە سەرە تا هاتنە دەست و کەوتنە دەمە قالی کردن و موجادە لە لە گە ل پیغە مبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بە هەموو جۆریك هیچ مە بەستیکی لیکۆلینەوەیان نەبوو لە گەل پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) تا بگە نە راستی ، تەنها هیوای سەرەتا و کۆتاییان ئەوەبوو بە هەر هۆیە ك بووە و هەر جۆرە ووتەیەك بووە پیغە مبەر (صلی الله علیه وسلم ) لە کەدار بکە ن و ئاینی خوا پەك بخەن ، چە ندین ریگەیان گرتە بەر ئەم ریگایا نەش بە م جۆرە بوون ، بەلی هەروە ك تاغوتان ملحدانی ئە م سەردە مە لە راستیە کان هەلدین هە ر خەریکی دژاریە تی ئاینی پیرۆزی ئیسلام من بە بی گە رانەوە بۆ سەرچاوە کان ، تە نها مە بەستیانە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لکە دار بکەن بۆ مەرامە قیزەونەکەی خۆیان ، هەر هە موویان دونیا پەرستن لە پیناوی مانەوەی خۆیان هە موو شتیك دە کە ن ، بە دروشمە قیزە ونەکانیا ، گوا یە ئە مانە تۆی چاکە دە چینن لە سەر رووی زەوی جاریك بە ناوی مافی مرۆڤ و مرۆڤایە تی خۆیان جاریك بە ناوی مافی ئافرەت و جاریك بە ناوی دیمکراتی و علمانیە تە بەد رەووشتەکە یان پرو پاگە ندە ی داد پەروەری دە کە ن ، کە چی زولم ستە م کرد تەنها لە لای ئەوانە ، بە بردەوامی بی اخلاقی بلاو دە کە نەوە لە ناو کومە لگادا ، دژی داب ونریت ی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، چونکە بەر ژەوەندیە کانیان لی تیك دە چیت ، هەروە ك کافرانی قورەیش بە هاتنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام ، هە موو بەرژەوەندیە قیزە ونەکانی نە فامیان لە دە ست دا ، بەلی مولحیدا کان و علمانیە کان ئیستا هەر وان ، چونکە ئە م ئاینە پاکەی ئیسلام ئە مانە قبول نا کات بە هیچ شیوەیەك ، ئەوانە بە دوای ئارەزوە کانی خۆیان دە گە رین هە ر هە موویان بەدر رەووشت وشەل وا پیسن و دز و خوین مژن ، هیچ بە هایە کی مرۆڤیان تیدا بە دی نا کریت ،هەر وەك موشریکانی قورەیش...

ئ

يەكەم : له ( ابن عباس ) وه ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) به قورەيشی فەرموو: ( يا معشر قريش إنه ليس أحد يعبد من دون الله فيه خير .. ) واتا : ئەی كۆمەلانی قورەيش هەر كەسيك دەپەرستريت جگه له خوا به هيچ جۆری خير و چاكەی تيادانی يه ، وه قورەيش باش ئاگادار بوون كه گاورەكان ( عيسى كوری مەريەم ) ( سلاوی خوای لی بيت ) دە پەرستن بۆيه هاتن و دە مه قاله يان له گه ل پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) كردو پيان ووت: محمد تۆ دە ليت عيسى پيغه مبەر بووە و به ندەيەك بووە له بەندە چاكه كانی خوا بەلام پەرستراويشه جگه له خوا گەر تۆ وا دە ليت كەواته عيسى كەشيان هيچ جۆرە خيريكی تيا نەبووە له سەر ووتە كەی تۆ ، ئە نجا ( خوای گەورە ) ئەو ئايەتی دابەزاند بۆ دەمكوت كردنی ئەوان كه دەفەرموويت : ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ (٥٧) وَقَالُوا أَآلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ﴾ الزخرف ٥٧-٥٨ . واتا : كاتيكيش باسی كورەكەی مەريەم – عيسى – به نموونه هينرابيتەوە ، دەستبەجی قەوم و هۆزەكەی تۆ مله جەرييان كردووە و سەريان بادوە و تەسليمی حەق نەبووە به باسكردنی سەغلەت بوو .

ووتويانه ئايا پەرستراوەكانی ئيمه شايانی پەرستنن يان ئەو ؟ ! واته: –عيسى – ئەو نموونه نانه يان بۆ تۆ نەدەهينايەوە ، تەنها بۆ موجادە له نەبيت ، وەنەبيت به شوين حه ق و راستيدا بگەرين ، به لكو ئەوان كەسانيكن هەميشه حەز به دوژمنايه تی و ئاژاوە و ململانی بی سەروبن دە كه ن .

بەلی قورەيش خزمانی پيغەمبەری خو ( صلى الله عليه وسلم ) بوون .، پشتيان هەل دەكرد له پيغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، وە دهاتن موناقەشه يان دەكرد سەبارەت به عيسى له گەل پيغەمبەری خو ( صلى الله عليه وسلم ) وە دە يان ووت: تۆ ئەليت هەرچی يه ك جگه له خوا بپەرستريت به كه لك نايەت ، خۆ عيسى به پی ی ووتەی هەندی له گاورە كان خوايه و هەنديكيان به كوری خوای دەزانن و پەرستوويانه جگه له خوا ، ( خوای گەورە ) روونی كردەوە كه ئەمانه مەبەستيان ليكۆلينەوە نی يه له گەل تۆدا و هەروەها مەبەستيان گەيشتن به راستی نی يه تەنها ئەوە نەبی كه دە يانەويت بی دەنگت بكەن و دەمە قالەت له گەلدا بكەن و بەرچت بدەنەوە .اخرجه احمد ، والطبراني في المعجم الكبير ...

ئ

**دووەم : له ( ابن عباس ) وە دەفەرموويت : كاتيك ئه م ئايەته هاته خواره وه ، كه ( خواى گەوره ) دەفەرموويت : ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنْتُمْ لَهَا وَارِدُونَ﴾ الانبياء ٩٨ . واتا: پاشان پییان دە وتريت بى گومان ئيوه و ئەوشتانەى له جياتى خوا دەتانپەرست سووتەمەنى دۆزەخن وسەلكه بزوتى ئاگرن ، دەبيت هەر بچنه ناوى هەميشه تييدان .**

**هەروەها (ابن عباس) دەفەرموويت :بى باوەران و كافرانى قورەيش ئه مەيان زۆر بەلاوە سەخت بوو ، ووتيان : محمد (صلى الله عليه وسلم ) جويني به خواكانى ئيمه داوه ، يەكى له ناودارە كانيان كه ناوى ( ابن زعبرى ) يه هاته لاى قورەيش پى ووتن : ئەوه چى بووه ؟**

**ووتيان : محمد جويني به خوا كانمان داوه ، ووتى : چى ووتوه ؟ ووتيان: ووتويەتى هەرشتيك بپەرستريت جگه له خوا له گەل پەرستراوەكەش هەردووكيان سووتەمەنى دۆزەخ دەبن ، ووتى : خەمتان نەبيت من محمد تان بۆ بى دەنگ دە كەم و خۆم دەمەقالەى له گەل دەكەم ، ووتى : بانگى بكەن بۆم ؟ ئەوە بوو بۆيان بانگ كردو (ابن زعبرى) پى ووت: ئەى محمد ئايا ئەمەى تۆ دە يلييت تايبەته به بتەكانى ئيمه يان تايبەته به هەموو شتيك كه پەرستراوه جگه له (خواى گەوره ) ؟! پيغەمبەريخوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى :بەلى**

**( بل لكل ما عبد من دون الله عز وجل ) واتا: بۆ هەمووشتيكه كه پەرسترابيت جگه له ( خواى گەوره ) ( ابن زعبرى ) ووتى : سويند به خوا زال بووين به سەريدا و بردمانەوه ! باشه تۆ دەلييت عيسى ( عليه السلام ) بەندەى خوا يه و پياوچاكه و فريشتەكان به ندەى چاكن ؟**

**پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليەوسلم ) فەرمووى : بەلى .(ابن زعبرى ) ووتى : كەواته (مەسيحيه كان يان گاورەكان عيسى دەپەرستن ) ، و ( يهوديه كانى يان جووله كه كان عوزەير دە پەرستن )،ئەوەتا كورانى بەنى تميم فريشته كان دە پەرستن كه واته هەر هه موويان له دۆزەخ دان (عيسى ، عوزەير ، فريشته ) ..!!دانيشتوانى شارى (مككه ) زۆر خۆشحال بوون به م ووتەيەى (ابن زعبرى ) بەلى ووته كه كەوته دەمى هەموو خەلكى شارى ( مككه ) وه ويستيان بەمه بەر پەرچى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) بدەنەوه ، هه تا (خواى گەوره ) ئەم ئايه تەى دابه زاند كه دەفەرموويت : ﴿إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الْحُسْنَى أُولَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ﴾ الانبياء ١٠١ .واتا: بەراستى ئەوانه كه هەر زوو بريارمانداوه چاكه بهينينەوه ريیان به هۆى ئيمان دووره پەريز كراون له دۆزەخەوه .**

ئ

کەواتە ئەوان بی ئەقل بوون چونکە پیغەمبەر ( عیسى ،عوزیر ) بە هیچ جۆریك رازی نەبوون کە بپرسترین ، وە هەروەها فریشەت و پیغەمبەران ( علیهم السلام ) بەرین لە هاوبەش پەیدا کەرانە و ئەوە کاری ئەو بی باوەرانەیە کە ئەوانیان کردووە بە جی ی تکا کردن و کردویانن بە هابەشی خوا بە نە زانین .اخرجه الطحاوي في مشكل الاثار ، الطبراني في معجم الاكبير ، ابن القيم في شفاء العليل .

سیهەم : لە ( ابن عباس ) وە دەفەرموویت : قوریش چوون بۆ لای یهودیە کان یان جوولە کە کان و پەیوەندیان پیوە کردن و پییان راگەیاندن و ووتیان : شتیکمان پی بدە تا لەم پیاوەی بپرسینەوە و دژاریەتی ئەم پیاوەی پی بکەین .

جوولەکەکان وویتان : بچن پرسیاری رۆحی لی بکە ن ، هاتنەوە پرسیاری رۆحیان لی کرد ئنجا ( خوای گەورە ) ئە م ئایەتەی ناردە خوارەوە ، فەرمووی : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾ الاسراء ٨٥ . واتا: پرسیارت لی دەکەن دەربارەی رۆح (کە چیە و چۆنە ؟ ) بلی : رۆح بەشیکە لە فەرمانی پەروەردگارم بە دەست ئەوە ( من نازانم چیە و چۆنە ) وە هیچتان پینەبە خشراوە لە علیم و زانست تەنها شتیکی کەم نە بیت .

بی گومان پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەم ئایەتەی بۆ روون کردنەوە کە رۆح شتیکی نادیارە ( غیب ) پەیوندی تەنها بە ( خوای گەورە ) وە هەیە و کەس لی ی حالی نیە .

اخرجه احمد، والترمذي ،والبيهقي في دلائل النبوة ، ابن حبان .

چوارەم : هەر لە ( ابن عباس ) وە دە فەرموویت : ( عاصی کوری وائیل ) هاتە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه‌وسلم ) و پارچە ئیسکیکی پرتوکاری لە و پەری شاری ( مککە ) وە دۆزیبووە بە دەستیوە گرتبوو وە لەبەردەم پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دا ووردی کرد هە تا بووە بە خۆ لە میش ئینجا ووتی : ئە ی محمد ئایا خوا کەی تۆ ئەمە زیندوو ئەکاتەوە دوای ئەوەی بووە بە خۆلە میش ؟

پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه‌وسلم ) فەرمووی : ( نعم . يبعث الله هذا ثم يميتك ثم يحيك ثم يدخلك نار جهنم ).واتە :بەلی خوا ئەمە زیندوو دە کاتەوە و پاشان دەت مرینی و پاشان زیندووت دەکاتەوە پاشان دە تخاتە ناو دۆزەخەوە .

ئ

(ابن عباس ) دەفەرموویت : بەهۆی ئە مەوە بوو کە (خوای گەورە ) ئە م ئایەتەی ناردە خوارەوە، کە (خوای گەورە ) دە فەرموویت : ﴿أَوَلَمْ يَرَ الْإِنْسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِنْ نُطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُبِينٌ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ﴾ يس ٧٧-٧٨ . واتا: ئایا ئادەمیزاد سەرنجی نەداوە کە : ئیمە بی گومان دروست مان کردووە لە نوتفە یەك ، کەچی خیرا بووەتە دوژمنیکی ئاشکراو دژایە تیمان دەکات ؟!

نموونەی لاوازیی وبی دەسەلاتی بۆ ئیمە هیناوەتەوە و بەدیهاتنی خۆی لە بیر کردووە ، دەیووت : کی ئەم ئیسکانە زیندوو دەکاتەوە لە کاتیکدا کە رزیوو و پروکاون ؟! .

اخرجه الطبراني ، وابن هشام في السيرة ،والحاكم في المستدرك .

ێ

**پێنچەم : له ( عبدالله ی كوری مسلمی حەزرمی ) وه دەفەرموویت : ( دوو خزمەتكاری خەلكی نجرانی یەمه نمان لابوو، یەكیكیان ناوی ( یاسر ) بوو ئەوەی تریان ناوی ( جبر ) بوو ، لەریوایەتی كی ترد ( خیر ) ناو بوو ، هەروەها دەفەرموویت : ئه مانه ئیشیان بۆ دەكردین و شمشیریان بۆ تیژ دەكردین ، و بۆیان پاك دەكردینەوه ، كتیبی كیان هه بوو ، لەریوایه تیكی ترد ( تەورات ) بوو كه بەزمانی خۆیان نووسرا بوو ، واته به ( عیبرانی ) دەیان خوێندەوه و دەوریان دەكردەوه پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) به لایاندا تیدەپەری و گوی ی لی دەگرتن ، هاوبەش پەیدا كەره كان ووتیان : محمد لەو دوو كەسەوه فیر بووه و فیر دەبیت .**

**لەریوایه تیكی تردا ئەیان ووت: كابرای عابدی حەزرەمی فیری دەكات و دەچیت بۆ لای ئەو گوی دەگریت و فیر ده بیت ، لەریوایه تیكی تردا ( ووتیان : ئیمه دەزانین كه ئەوه به هیچ شیوه یەك لای خواوه نی یه بەلكو ئه و دوو منالە فیری ده كەن ، ( خوای گەوره ) ئەم ئایەتەی نارده خوارەوه ،دەفەرموویت :** ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ﴾ **النحل ١٠٣ .**

**واتا: سویند به خوا ئیمه بەراستی دەزانین بی باوەران دەلین : ئەم قورئانه تەنها كەسیك فیری دەكات ، ( بەمەر جیك ) زمانی ئەو كەسەی ئەوان دەلین قورئان فیری محمد دەكات ، عه جه میه و عەربی نیه و رەوان نیه ، له گەل ئەوەدا ئه م قورئانه به زمانی عەرەبی و پاراوو روون و ئاشكرا داریژراوه .**

**كه وابوو كافرانی قورەیش بی ئەقل بوون ، چونكه ئەم دوو منداله ( تەوراتیان ) به عیبرانی دەخویندەوه و عەرەب به هیچ جۆریك لی یان تینەده گه یشتن ، وه ئەم دوو منداله پی دەچیت كەسەر تاسەری بەهەله خویندبیتیانەوه چونكه عیبرانی یه كیكه له هەره زمانه كۆنەكان كه عەرەبه كانیش نەیان زانیوه چ جای پیغەمبەریكی ( صلى الله عليه‌وسلم ) نەخویندەوار كه تیپەرییبیت بەلای دوو مندالدا ، ئایا لەوانەوه فیر بووه ؟ نەخیر ! ئەم قورئانەی كه خوا ناردویەتی ن عیبرانی یەو نەتەوراته بەلكو به زمانیكی عەرەبی پاراوه خوای گەورەدای بەزاندووه بۆلای پیغەمبەره كه ( صلى الله عليه وسلم ) .**

**اخرجه : الطبراني في التفسر .**

ئ

**شەشەم :** لە ( ابو هوريرە ) وە ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموويت : ( بی باوەران يان موشريكانی قورەيش دەهاتن و دە يان كرد بە موجادەلە كردن لە گەل پيغەمبەردا ( صلى الله عليه وسلم ) بەلام ئەم جارەيان لە سەر مەسەلەی قەزاو قەدەر بوو ، ( خوای گەورە ) ئەم دوو ئايە تەی ناردە خوارەوە ، دەفەرموويت : ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ  وَمَا أَمْرُنَا إِلَّا وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ﴾ القمر ٤٨-٤٩ . واتا : بی گومان ئيمە هەموو شتيكمان بە ندازەو نەخشەی دياريكراو دروست كردووە .فەرمانی ئيمە تەنها يەك وشەيە دە لیين ببە دەستبە جی دە بيت وە ك چاو تروكاندنيك .اخرجه : احمد ، ومسلم ، والترمذي ، و ابن ماجة .

**حە وتەم :** نە فامەتی و نەزانی و كەم ئەقل و بی معرفتی ( ابوجهل ) كە بەراستی كە سيكی نەفا م و نەزان، ئەوەندە نەزان بوو ، بيری لە چ دە كردەوە ، كە ( داری زقوم ) لە دۆزەخ دايە ئە بوجهل دەی گوت بە پەنير دەی خۆين ، ئايای لە م نەفامە هەروەك نەفامە كانی ئيستا ی ناو كۆمە لگای كوردی هيچ لە زانستی ( خوای گەورە ) تی ناگە ن ئە وجا دين موجادەلەی دينی خوا و پيغەمبەرە كەی دەكەن ، وە دووژمنايە تی دە كەن ، زۆر نەفامن وەك ابو جهل .

هەروەها لە ( ابن عباس ) وە دەفەرموويت : ( كاتی ( خوای گەورە ) ئەم ئايەتانەی ناردە خوارەوە كە دەفەرموويت : ﴿إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ (٤٣) طَعَامُ الْأَثِيمِ (٤٤) كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ﴾الدخان ٤٣-٤٥ . واتا : بەراستی درەختی ژەقنەبووت ( درەختيكە لە ناخی دۆزەخدا ، لە ناو ئاگردا ، خوای بە دەسەلات رواندوويەتی و لق وپەلكە كانی بە ناويدا بلاوبۆتەوە . بەرو بوومەكەی خۆراكی تاوانبارانە .هەروەك كانزای تواوە لە ناو ورگ و ريخۆلە كاندا دە كوليت ..!!

بەلی ( خوای گەورە ) روونی كردەوە داريك هەيە لە ناوەراستی دۆزەخدا كە داری زەقومە و خواردنی تاوان بارانە وەك قورقوشمی تواوە وايە و دەكريتە ناو قورگيانەوە، ووشەی ( زقوم ) مانای پاروی ( زل زل ) ە لە زمانی عەربی دا ( ابوجهل ) ووتی : ئەمانە دەمان ترسينن بە داری زەقوم كی دەستی دەكەويت وەرە با خواردنی چاك بهينين و پەنير بهينين وپاروی چاكی گەورەی لی بخوين . اخرجه النسائى فى التفسير ، والبيهقى فى البعث .

ئ
بی گومان ( ابو جهل ) زۆر نەفا م بوو ، زۆر کەم ئەقل بوو ، نەی دەزانی ( خوای گەورە ) چی بۆ ئامادە کردووە !! لە دۆزەخدا وە ( خوای گەورە ) چون وسفی ئە و دارەی کردووە ئەمە ئە و پارووە زلە نیە کە ئەو تی ی گەیشت بوو ،زۆر غافل بوو لە ئاست ئایەتەکانی ( خوای گەورە ) جهل نەفامی پی هەبوو ، بەلی ئەم سزایە لە لایەن ( خوای گەورە ) وەیە کە هەر کەسیك سەر پیچی فەرمانە کانی بکات ئەمە سزاکەیە تی .

**هەشتەم** : لە ( انس کوری مالك ) وە دەفەرموویت : ( ( ابوجهل ) دوعای کردوو ، ووتی : خوایە ئەگەر ئەمە راست و رەوایە و لای تۆ وە هاتووە بۆلای محمد خوایە بەرد ببارینە بەسەرماندا ، پاشان ( خوای گەورە ) ئە و ئایە تەی دابەزاند کە دەفەرموویت : ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾ الانفال ٣٣ .

واتا: بی گومان ( خوای گەورە ) بە قسەی ئەوان ناکات بەلاو سزا نادات بەسەریاندا ، لە کاتیکدا تۆ لە ناویاندا بیت ،و بە ئومیدی ئەوەی کە هەندیکیان باوەر بهینن ، هەروەها خوایش سزادەر نیە لە کاتیکدا ئەوان دوای لیخۆشبوون بکە ن .اخرجه ك الطبراني في المعجم الكبير ، والنسائي ، والترمذي ، وابن ماجه ، و ابو داود ، والحاكم ، وصحيح على شرط مسلم .

**نۆیەم** : لە ( عائیشە ) و ( خوای لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( کاتی سورەتی ( عبس و تولى ) هاتە خوارەوە ، رووداوە کەی بەم شیوەیە بوو : سە بارەت بە نا بینایەك هاتە خوارەوە کە ناوی ( عبداللە کوری مکتوم ) بوو ، دە هاتە خزمە ت پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وە دە ی ووت : ئەی محمد ئاینی خوام نیشانم بدەو فیرم بکە ؟ !

پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە و کاتەدا یە کی لە سەرکردەکانی قورەیشی لابوو کە ناوی ( ئوبەی کوری خلف )بوو ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) رووی کردبوو ئەو سەرکردەیە و

ی

زۆر بە هیوا بوو کە موسلمان بیت ، وقسەی بۆ دەکرد ئەویش زوو زوو دەیووت : ئەی محمد فیرم کە لەوەی خوا فیری کردوویت ، بەلام پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) حە زی دە کرد ئە و بی باوەرە یان ئە موشریکە موسلمان بیت ، چونکە زۆر دەولەمەندو بەناوبانگ بوو ، وە گۆران کاریە کی زۆری روودەدا بە موسلمان بوونی ئە و پیاوە ، بەلام ( عبدالله کور مکتوم ) چاوی نابینیت ئەوە نازانیت بۆیە هەر دەیووت : محمد فیرم کە ، بەم شیوەیە ئەوەندەی ووت : ئە ی محمد فیرم بکە تا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بیزار بوو وەرووی لی گرژ کرد وە ئەو جیگەیەشی بە جیهیشت و پاشان ، ( خوای گەورە ) رەخنەی لە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) گرت .. ئەم ئایە تانەی لەسەر دابەزاند کە دەفەرموویت ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَى أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّى وَأَمَّا مَنْ جَاءَكَ يَسْعَى وَهُوَ يَخْشَى فَأَنْتَ عَنْهُ تَلَهَّى﴾ عبس ١-٩ .اخرجه : الترمذي .

وە دەری خست کە نابینایەکی موسلمان لای خوا زۆر بەریز ترە لە چاو ساغیکی بی باوەر و موشریك ،وەر روونی کردەوە کە دە بیت رووبکەیتە ئەو نابینایە کە بە ویستی خۆی هاتووە و داوا دەکات کە فیربکریت وە تۆ دەبیت پشت هەلبکەیت لەو بی باوەرە کە دانیشتووە و بە ووردی ووتەی بۆ دە کەیت تەنها لەبەر ئەوەی قەناعەت بکات کەواتە : سەرکەوتنی ئاینی خوا بە هەژارە کانە وەك پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموویت : ( هل تنصرون و ترزقون الا بضعفائكم ) . اخرجه : احمد ، والبخاري .

واتە : خوا رزقتان زیاد دەکات یان سەرکەوتنتان پی دەبەخشیت خۆ بەهۆی بە هیزەکانتانەوە نی یە بەلکو بە هۆی موسلمانە لاوازە هەژارەکانەوە سەر تان دە خات ...

دە یەم : موشریکە کان و کافرە کانی قورەیش دە یان ووت : حەق ئە حەق بیت دە بوو پیاو ماقولان دوای بکەویت نەهەژاراو چە وساوەکان کە نەفامن و نازانن حەق چۆنە !! بۆیە موشریکە کانوایان دە زانی کە حەق تەنها دەبی پیاو ماقولان و دە و لە مە ندان و گەورە کانی لە گەل دابی ئینجا پی دە ووتریت حەق .

هەروەك ئەم زمانەی کە ئیستا تیدا دە ژین تەنها و تەنها حەق لە لای بە ناو پیاوماقول و بە ناو شیخ فلان ئاغا فلان و کیخوا فلان کوری فلان دەولە مەند کوری فلان سەرۆك عەشیرەت فلان عەشیرەت ، ئەوانەی بە خوینی ئەم میلە تە ئەژین ، تەنها دە بیت حەق لە وانەوە وەر بگیریت ئینجا حەق ، بەلی دادگاو داد وەری هەر هە مووی لە لایەن ئە جۆرە ستەم کارانەیە بۆ

ئ

یە ژیان وای لی هاتووە کەس متمانەی بە کەس نەماوە ، کۆمەلگای کوردی بە ریژە یە کی زۆر رووی لە خراپە کاریە ، بە هۆی ئە م زولم ستەمەی کە لە لایەن ئە جۆرە کە سا نە دە کریت ، لە جیاتی حاکم قازی داد وەر حوکمی خەلك ئە دان ، چونکە ئەوان بە ئەقلی خۆیان حەقیان لایە ، دەولە مە ندو دەست رۆیشتوون ، نەخیر وانیە ئیوە درۆزن و فیل بازن دۆزەخ و شوینتانە خواردنی درەختی زەقوم خوار دنتانە ، هەر ئیون خۆشکەری ئاگری سووتەمەنی دۆزە خ ....

بەلی (خوای گەورە ) ئە م ئایەتی ناردە خوارەوە ، کە دەفەرموویت : ﴿وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾سبا ٣٥ . واتا: هەروەها وتوویانە : ئیمە سامان و نەوەی زۆر ترمان هەیە ( لەئیمانداران ، دیارەکە خوا ئیمە ی خۆش دەویت !! ) ئیمە لە قیامەتدا سزاو ئەشکە نجە نادرین .

بەلی ئەم جۆرە کە سانە وادە لین بەلام خەیالیان خاوە ، لووت بەرزی دە کە بە مندال و مال وسامان یان دەولەمەندیان پیاو ماقولیان ، نەخیر ئە مانە سوتەمە نی دۆزەخن (والله اعلم ) .هەروەها دەیان ووت ﴿وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْءانُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾الزخرف ٣١. واتا: هەروەها بیا نوویان گرت ووتیان : ئەوە بۆ ئەم قورئانە دانە بە زینرا بۆ سەر پیاویکی گەورە لە پیاوە گەورەکانی دوشارەکە ؟! (مەبەستیان شاری (مککە ) و شاری ( طائف بوو )...

یان دە یان ووت : ئە گە ر ئە م قورئانە راست بوویە دەبوایە رەوانە کرابا بۆ سەر سەرکردە ی شاری مککە (ولیدی کوری مغیرە ) یان بۆ سەرکردەی شاری (طائیف ) ( عوروي کوری مسعودي سقفي ) . هەروەها دە یان گووت : نەك دابەزیت بۆ نەخویندەواریکی بی دایك و باوك ،

هەروەها دە یان ووت : ﴿لَوْ كَانَ خَيْرًا مَا سَبَقُونَا إِلَيْهِ﴾ الاحقاف ١١ . واتا: دەیان ووت: ئەم ئاینە ئەگەر خیری تیا بووایە ئەمانە پیش ئیمە نەئەکەوتن چونکە ئیمەش عەقلمان هەیە و پیشیان دەکەوتین لە باوەر بوونمان پی ی وە گەر موسلمانانیان بەلادا تیدە پەری رایان دەبووارد و گالتە یان پی دەکردن و ئە یان ووت : ﴿ ... أَهَؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنْ بَيْنِنَا... ﴾ الانعام ٥٣ . واتا: ئەوانەن کە خوا منەتی کردووە بەسەریاندا وهەلیبژاردوون رینونی کردوون

ئ

ئەوانە مرۆڤن ئا ئەوە بە هەشتی یە کانن بەم شیوەیە زوو زوو دەیان ووت :﴿قَالُوا أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ﴾ الشعراء ١١١ . واتا: دەیان ووت ئیمە باوەری چی بە تۆ بهینین تۆ کی دوات کەوتووە هەموو هەژارو داماو چەوساوەن ، بەم شیوەیە بی باوەرەکان زۆر خۆیان بە گەورە تر دەزانی کە دابنیشن وە لە دانیشتنە کەیاندا یەك دوو هەژاری تیا بیت بۆیە هاتنە لای پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) ئە م پیشنیارە یان کرد :-

هەروەها لە ( سعدی کوری وقاص ) وە ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( کۆمەلیك لەسەرکردەبە ناوبانگە کانی قورەیش تیپەر بوون بەلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) دا لە کاتیك دا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دانیشتبوو لە ناو موسلمانانی چوار دەوری خۆیدا کە بریتی بوون لە ( صهیب ، بلال ، عمار ، مقداد ، ابن مسعود ، وسعد بن ابي وقاص ) کە هە ر هە موو یان هەژراو بی دەرامەت بوون ، موشریکە کان هاتن ووتیان : ئە ی محمد ئا ئەمانەن کە خوا رینموونی کردوون وپیاو چاکن لە ناو ئیمەدا وە جیگەی رینمونین و ئایا لە خزمانت دوور کەوتویتەوە بە مانە رازی بوویت ئیمە شوین کەوتووی ئەوان نابین وە بە هیچ جۆریك قایل نین لە گەل ئەوانەدا دانیشین وە ئەوانە بن بە شوین کەوتەی تۆ ، وا چاکە دەریان بکەیت لا ی خۆت وە دووریان بخیتەوە بانزیکی ئیمە نەکەونەوە ئەوانە پیاویکی ئاوها و ئاوهان ، پیغە مبەریش ( صلی الله علیەوسلم ) وەك مرۆڤیك خەیالکی کەتە دلیە وە سە بارەت بە و باسە ...

( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە دەفەرموویت : ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ﴾ الانعام ٥٢ .واتا: ( ئە ی محمد ئەی ئیماندار ) نەکەیت ئەوانە دەربکەیت ( لە مزگەوت و کۆری خواناسین ) کە لە بەیانیان و ئیوارادا لە پەروەردگار یان دەپارینەوە و ( دە پیەرستن ) مە بە ستیشیان تەنها رەزامەندی ئەوە .

بەلی بەهیچ جۆریك نابیت ئەوانەی داوا دەکەن لە خوای خۆیان لە بەیانیان وئیواراندا وەتەنها هەمووشتیك لە پیناوی خوادا جی بەجی دە کەن هەرگیز بۆت نی یە لە دانیشتنەکانی خۆدا دەریان بکەیت ( واتە: هەر ئەوانە بەریزن چونکە ئەوانە باوەردارن ) وە خوای گەورە کاتی بەهەشتی نیشانی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دا زۆر بەی ئەهلی بەهەشت هەژارەکان بوون ...

ئ
اخرجه : مسلم ، ابن ماجة ، والطبراني في المعجم الكبير ، ابو نعيم في الحلية .

## هەلويستى و بيرى بى باوەران لە گەل پيغەمبەرى خوا ﷺ

دواى ئەوەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) قوناغى بانگەوازى بەروە پيش برد لە قوناغى نهينى دا بردى بۆ قوناغى ئاشكرا ، وە كارو چالاكى يە كانى بانگەوازى ئيسلامى بەروە پيش برد ، نەياران و موشريكانى ( مككە ) كە و تنە دژايە تى كردنى پيغەمبەرى ( صلى الله عليه وسلم ) هەر هە موويان هەلويستى يان خراپ بوو ، بەرامبەر پيغە مبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، وە هەروەها پيويستە ئەو راستيانە بزانين هۆكارى سەرى موشريك و كافران بەرامبەر بە پيغەمبەرى ( صلى الله عليه وسلم ) وە كيشە ى بنەراتى چى بوو ؟ هەر وەك پيغەمبەرانى ديكە لە پيش دا ( عليەالصلاە السلام ) كيشەو هۆكارى بنەرەتى ئە و سى خالە بوون كە درحەق بە پيغەمبەران و پيغەمبەرى ئازيزمان ( صلى الله عليه وسلم ) .

ئ

**بريتيه له م سى خاله :**

١- يه ك خوا پەرستى (التوحيد)

٢- پيغەمبەرايەتى (النبوه)

٣- رۆژى دواى (اليوم الاخر)

**بۆيه ئه گەر سەرنجى قورئان بده ين ، ده بينين ، كه هەلويستى نەياران و ناحه زانى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) زياتر له سى خال يان له سى تەوەردا بەر جەسته بوو، واته : كافر و بى باوەره كان دژايەتيان بۆ خوا يه كخوا پەرستى دەر بريوه ، وه باوره نەبوو به پيغەمبەرايەتى (النبوه) وەباوەر نەبوون به هاتنى (وەحى) ، وه باوەر نه بوون به رۆژى دواى (اليوم الاخر) يان باوەر نه بوون به زيندوو بوونەوه مرۆڤه كان له رۆژى دواى حساب كتاب ، لى پرسينەوەى له گونا ه تاوانه كاندا يان سزاو پاداشت ...**

**يه كەم : يەك خوا پەرستى (التوحيد) :**

**(خواى گەوره) بى وينه باسى يه ك خوا پەر ستى ده كا ت ، ده فەرموويت :** ﴿اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِنْ رَبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ **غافر ٦٣-٦٥.**

**واتا: (خواى گەوره) ئەو زاته يه كه زەوى بۆ كردوون به شوينى سرەوتن و ژيان و حەوانەوه ، ئاسمانيشى بەسەرتانەوه راگرتووه ، رووخسارو شيوازتانى نەخشاندووه ، به جوان ترين شيوەش نەخشاندويه تى، لەرزق و رۆزى چاك وپاك و بەسوود بەهرەوەى كردوون ،جا ئا**

ئ
ئەوەیە خوای پەروەردگار تان ، پاگ و بی گەرد وبلندە ئەو خوایەی کە پەروەردگار هە موو جیهـا نیانە .

ئەو زاتە هە میشە و بەردەوام هەر زیندووە ، جگە لەو خوایە کی تر نیە ، کەوابوو هانا و هاوار و نزاتان روو بەو بیت ، ملکەچ و فەرمانبەرداری بەرنامە و ئاینە کەی ئەو بن ،سوپاس و ستایش بۆ خوا ، پەروەردگار هە موو جیهانیانە .

ئەی پیغەمبەری ( صلی اللە علیە وسلم ) پییان بلی : بیگومان من قە دەغەم لیکراوە ئەو شتانە بپەرستم کە ئیوە لە جیاتی خوا هانا و هاواری بۆ دەبەن ، لە کاتیکدا بە لگە و نیشانەی زۆر ئاشکرام لە لایە ن پەروەردگارمەوە پیگە یشتووە و من فەرمانم پی دراوە بە ملکەچی خۆم بدەمەدەست پەروەردگاری هەموو جیهانیان .

کە واتە : کە باسی یە ك خوا پەستی دە کەین ، زیاتر مەبەستمان لە یە خوا یە کە پەرستن تەنها بۆ یە خوا بیت ئەویش جگە لە پەروەردگاری جیهانیان هیچ خوایە کی تر نە پەرستریت...

١٥

## دووەم : پیغەمبەرایەتی ( النبوە )

( خوای گەورە ) دە فەرموویت : ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ﴾ فصلت ٥ .

واتا : ئە پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) پییان بلی : دلنیابن کە من هەر بەشەریکم وە ئیوە ، ( جیاوازیەکە تەنها ئەوەیە ): من وەحی ونیگام بۆ دەکریت کە بی گومان خوای ئیوە خوایە کی تاك و تەنهایە ، کەوابوو ئیوەش رووی تی بکەن ، بەراستی بیپەرستن ، لەرییازەکە لامەدەن ، دوای لیخۆشبوونی لی بکەن و چاك بزانن کە وە یل و سزای سەخت بۆ موشریك و هاولگەران ئامادەیە ..

ئ

**سی یەم : رۆژی دوای (اليوم الاخر )**

(خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ وَاخْشَوْا يَوْمًا لَا يَجْزِي وَالِدٌ عَنْ وَلَدِهِ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَنْ وَالِدِهِ شَيْئًا إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾ لقمان ٣٣ .

واتا: ئە ی خەلكینە لە پەروەردگار تان بترسن (خۆتان لە خەشم و قینی بپاریزن ) و لە رۆژێك بترسن كە باوك فریای رۆلەی خۆی ناكەویت ، رۆلەیش هیچی لە دەست نایەت كە بۆ باوكی ئە نجامی بدات ، بەراستی بەلینی خوا بە بەرپابوونی قیامەت ، حەقیقەت و راستەقینەیە ، كەوابوو وریا بن ژیانی دنیا لە خشتەیان نەبات ، ( نەفسی بەدكار و شەیتانی بەدرەفتار ) سەرگەردانتان نەكات و غەراتان نەكات لە ریبازی خوا ..

## قوریش دە ستی كرد بە ئازاردان و ئەشكە نجەی پیغەمبەری خوا ﷺ

هەروەها (ابن ئیسحاق ) بۆمان دە گیریتەوە ، دە فەرموویت : (كاتیك قورەیش كارە دوژمن كارەكانیان توندتر كرد بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) تاوای لی هات بی باوەران و نەفامان و كافرانی مككە ،مندالانیان هاندەدا وە دە یان نارد بۆ ئازار دانی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) وە نارەحە تیان دەكرد ، وە پیان دە ووت : تۆ شاعیری و تۆ سیحر بازی ، تۆ فالچیت وە پیغە مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بایەخی بایە خی پینەدا هەستا بە كارەكەی لە پیناوی خوا دا بۆ بەرپاكردنی ئاینی راست ، لە گەل ئە م هە موو گالتە پیكردنە شدا هە ر ووتەكانی (خوای گەورە ) واتا : قورئانی پیرۆزی دەدا بە گوییاندا تاكو بیر و هۆشیان بیتەوە بگەرینەوە بۆ لای خوای تاك و تەنها ، جگە لەم زاتە هیچ خوایە كی تر نە پەرستن .. (ابن ئیسحاق ) دەفەرموویت : یحیی كوری عوروە لە باوكیەوە كە عورەی كوری زوبیرە بۆی گیرامەوە كە عبدالله كوری عمری كوری عاصی وویەتی : ئەی عبدالله چ دیمەنكی زۆر سەختت چاو پیكەوتووە لە و دوژمنكاریانەی كەبی باوەرانی قورەیش ئە نجامیان دەدا بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ؟ ئەویش فەرمووی : رۆژێك من لە ناویاندا بووم و و سەركردەكانی قورەیش كۆبوونەوە لای (حجر ) باسی محمد یان دە كرد دەیان ووت : كە سمان نەدیوە سەیرتر لەم پیاوە كە بیرەباوەرمان چوچ دەكات و

ئ

جوین به باو و باپیرانمان دەدات و رەخنە و لە ئاینمان دەگریت و کۆمەلگاکەی پارچە کردووین و جوین بە خواکمان دە دات بەراستی لە سەر شتیکی گەورە خۆمان بە ئارام گرتووە لی ی ، ( ئەفەرموویت ) : لە م قسانەدا بوون پیغەمبەر خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هات بەرەو کەعبە بۆ لای ( حجر ) و تیپەری بەلایاندا و تەوافی کرد بەدەوری کە عبەدا و هەر کاتی کە دەگەیشتەلای ئەوان ( بی گومان ( حجر ) بەشیکە لە عبە ئەو قەوسەیە کە لە پەنا کەعبەدایە ، وە بەشیك لە کەعبە دادەنریت ) ولە ویوە تیدە پەری هەندی توانج و ووتەی ناشرینیان پی ووت: زانیم پی ی ناخۆش بوو وە رۆیی تەوافی کرد و لە وسەرەوە هاتەوە بۆ جاری دووەم تیپەری بەلایاندا هەمان جوین و ووتەی ناشرینیان پی وتەوە ، پیغە مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دیار بوو بە ناو جەوانیە وە کە پی نا خۆش بوو ، بە م شیوە یە سی یە م جاریش ئەم رەفتارە یان نواند...

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وەستا بەرەو روویان فەرمووی:( أتسمعون يا معشر قريش أما والذي نفسي بيده لقد بالذبح ) . واتا : گویتان لی بیت ئەی کۆمەلانی قورەیش

سویند بەوەی گیانی منی بەدەستە من هاتووم بۆ ئەوەی هەر هەمووتان بەسەر برین ببەم .

ئەفەرموویت : ئەم ووتەیە کاری لە هەر هە موویان کرد تا کو هەر هەموویان بی دەنگ بوون و لە جی ی خۆیان سست بوون ، هە تا یەکیکیان هات و پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) ئارام کردەوە و ، ووتەی نەرمی لە گە لدا بە کار هینا و هەتا دە یووت : برۆ ئەی ئە بو قاسم ئەوا ئیمە نەفام و بی ئەقلین خۆ تۆ مرۆڤیکی ئەقلی تۆ چۆن لەگەل ئیمەدا قسە دەکەی ، دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رۆیشتەوە و دیسان بەیانی لای ( حجر ) کۆبوونەوە و منیش لە ناویاندا بووم و گویم لی بوو هەندیکیان بە هەندیکیان دە ووت: ئەوە یئیوە ئاگاتان لی نیە دوینی چیتان دە ووت : و چیتان دەکرد بە محمد ئەویش چی ووت : بەرامبەرتان هەتا هەرە شەی لی کردن و وەستان بەرامبەر تان ئیوە لە ترسا وازتان لی هینا ( ئەفەرموویت ) : لە م قسانەدا بووین پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هات بۆ کە عبە کە بینیان هەموویان لی راست بوونەوە و چواردەوریان گرت و پییان ووت: تۆ دەلیی ئاوا و ئاوا .. پیغە مبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) بی ترس و ئاشکرا فەرمووی: بەلی منم وا دەلیم ( ئەفەرموویت ) پیاویکم بینی یەخەی کراسە کەی پیغەمبەری ( صلی الله علیه وسلم ) گرتبوو ئەبو بەکر ها ت و دەستی گرت و دووری خستەوە و بەرگریانە وە دە ی فەرموو : ئایا ئیوە

ئ
پیاویك دەكوژن كە دەڵی پەروەردگار ( الله ) یە ئینجا موشریكە كان بلاوەیان كرلی كرد ئەوە دوژمن كارترین دیمە ن بوو كە من چاوم پی كەوتووە ئەنجامیان دابی بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) .

اخرجه : احمد فی مسند ٢١٨/٢ ، وابن ابی شیبه ٤٤١/٨ ، ابو نعیم فی ( دلائل النبوه ) ١٥٩ ، والبیهقی فی ( دلائل النبوه ) ٢٧٥/٢ ، وسیره ابن هشام ٣٨٨/١ .

هەروەها لە ( ئەسمای كچی ابو بكر ) : ( پرسیار كرا لە ئە سماء دوژمن كار ترین كاریك كە كرابی دانیشتبوون لای كەعبەو باسی پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) یان دەكرد و دە یان گیرایە وە كەچی دەلیت بەرامبەر بە خواكانی ئەوان ، ئەوانیش هەلویستیان چۆنە بەرامبەری ؟ لە م قسانەدا بوون پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هاتوو هەموویان وەك یە ك پیاو لی هستانەوە و هاوار بەرز بووە و گەیشتە لای ئەبو بكر ووتیان : فریای هاوەلەكەت بكەوە ( ئەفەرموویت ) ئەبوبەكر لای ئیمە بوو دەرچوو چوار ( غەدیرەی ) هە بوو ( واتە وەك پەلكە قژی شۆر بوو بۆوە وقژی زۆر بوو ) رۆیشت و خەلكە كەی لی دوور خستەوە و ئەی فەرموو : مالتان ویران بیت پیاویك دەكوژن كە دەلی پەروەردگار ( الله ) یە رینمووی لای خواوە بۆ ئیوەی هیناوە ؟ ئەوانیش هەر ئەمەیان بینی وازیان لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هیناو بەربوونە ئەبو بكر و ئازاریان دا هەتا دوایی بلاوەیان لی كرد ، كاتی ئەبو بەكر

ئ

گەڕایەوە بۆ لامان دەستت بدایە لە هەر شوێنیکی سەری پژت بەدەستەوە دەهات ئەوەند لێیان دابوو وە بە دەم ئەو هەموو ئازارەوە دە یووت : ( تبارکت یاذی الجلال والاکرام ) واتە : بەرز وشکۆمەند بیت ئەی خاوەنی شکۆ و ریز ). اخرجه :ابو نعیم فی حلیه الاولیاء ۳۱/۱ .

لە ( عورووەی کوری زوبیرەوە ) ( خوای لی رازی بیت ) دەفەر موویت : ( پرسارم کرد لە عبدالله کوری عمری کوری عاص و پیم ووت : بۆم بگیرەوە سەخسترین دوژمن کاری قورەیش کە ئە نجامیاندا بیت بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) چی بوو ؟ فەرمووی : کاتیك کە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) نویژی دەکرد لای ( حجر ) عوقبەی کوری ئەبومعیط هاتوو، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بوردەیەکی بەشانەوە بوو (دیار عەبا بووە ) دەفەرموویت : گرتی و ئالانی لە ملی پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کە لە نویژدا بوو وە بە هه مووی هیزی دەیجەراند هەتا وەختە بوو بخنکیت ، ئە نجا ئە بو بەکر لە دە وورەوە هات وشانی عوقبەی گرت و دووری خستەوە لە پیغەمبەرو فەرمووی : ئایا پیاویك دە کوژن کە دە لیت پەروەردگارم ( الله ) یە ). اخرجه : البخاری ، ابونعیم فی دلائل النبوه ۱۵۹ .

لە ( ئەنەسی کوری مالك ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( جبریل (علیه السلام ) جاریکیان هات بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە کاتیکدا دانیشتبوو زۆر غەمبار بوو ، وە زۆر شوینی خویناوی ببوو ، لەبەر ئەوەی هەندیك لە خەلکی شاری مککە ئازاریان دابوو ، جبریل پی فەرموو : ئەوە چیتە ؟ پیغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی ئە وان ئاوایان لی کردووم ، جبریل پی فەرموو: پیت خۆشە نیشانەیەکت نیشا بدەم؟

پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : بەلی ؟ جبریل فەرمووی : تەماشای ئەو دارە بکە، پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) تەماشای کرد لە و بە ری شیوە کەوە بوو ، جبریل فەرمووی : بانگی ئەو دارە بکە با بیت بۆ لات ، پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بانگی کردوو دارە کە هات بۆ لای هە تا هاتە بەر دە می پاشان وەستا ، جبریل پی ی فە رموو : بە دارە کە بلی با بگەریتەوە جی ی خۆی ، ئەویش پی ووت و دارەکە گەرایە وە شوینی خۆی و پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ دلنەوایی خۆی فەرمووی : ئە مە بەسە .. ) . اخرجه : احمد ، وابن

ئ

ماجه .له ریوایەتی کی ترەوە لە ( عمری کوری خطاب ) بۆمان دە گێریتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کاتیك له حجون بوو واتە : ( شاخەکەی پشت مککە ) ، بی باوەران و موشریکانی مککە بەرپەرچیان دایەوە و ئازاریان دا ،ئینجا دوعای کردوو فەرمووی ( اللهم ارني اية اليوم لا ابا لي من كذبني بعدها ) واتە : ( خوای گەورە ) ئەمرۆ نیشانەیە کەم نیشان بدە ، هەرکەس بە درۆم خاتوە دوای ئەم نیشانەیە هیچ باکم نەبیت ، ئینجا جبریل هات بۆ لای پی ووت : ئە و دارە دوورەی ئەولا بانگ بکە ؟ پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم دارە کە ی بانگ کرد بەسەر زەوی دا خشکە خشکە هات تا گەیشتە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە دارە کە ووتی : ( السلام علیك یا رسول الله ) پاشان پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی پی کرد بچیتەوە شوینی خۆی ، دارەکەش چۆوە شوینی خۆی ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئیتر باکم نیە هەر کەس لە خزمە کانم گەر لە مە و دوا بە درۆم بخە نەوە .. ) . البیهقی فی دلائل النبوه ٢/١٥٤ .

## شاندی قورەیش بۆ لای ( ابو طالب ) وە ریگە گرتن لە بانگەواز ئاینی ئیسلام

لە ( ابن اسحاق ) بۆمان دە گێریتەوە دەفەرموویت : ( چەند پیاویك لە گەورە کانی قورەیش چوونە لا ی ( ئە بو تالیب ) وویتان : ئە بو تالیب برزاکە ت قسە بە خوا کا نمان دەلیت ، ئاینە کەمانی عیبدار کردووە ، عە قلمان بە سووك دەزانیت ، باپیرا نمان بەسەر لیشیواو دەزانیت ، یان دەستی بگرە یان وازمان لی بهینە با خۆمان لە گەلیدا یەکلای بکەینەوە ، تۆ بۆ خۆت وە ك ئیمەیت ، کەواتە ئیمە لە کۆل تۆشی دە کەینەوە ، لە وەلامدا ئە بو تالیب بەنەرمی وەلامی دانەوە و ، بەشیوەیە کی جوان دەستی پیوەنان و ئەوانیش بلاوەیان کرد، پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) لە کارە کەی خۆی بەردەوام بوو ، ئاینی خوای روون دە کرەوە و ، بانگەشەی بۆ دەکرد ). ابن هشام ١/٢٦٥

هەروەها لە( سیره ابن هشام ) داهاتووە کە دە لیت : ( لە ئە نجوومەنی راویژکاریی قورەیش لە مککە بۆ ریگە گرتن لە حاجیان وە گویی نە گرتن لە بانگە وازی یان بانگە شەی پە یامی

ئ
( خوای گه وره ) که بۆ پیغەمبەرە کە ی نارد بوو ، پیغەمبەری خوا ( صی الله علیه وسلم ) بانگەوازی دە کرد ، بەلی لە و چە ند رۆژە دا مەسەلەیە کی تر قورەیشی سەرقال کرد بوو ، ئەویش ئاشکرا کرنی بانگەواز بوو ، کە پیش وەرزی حەج چەند مانگیکی بەسەر دا تیپەری بوو ، قورەیش دە یزانی شاندە کانی عەرەب لە هە موو لایە کەوە دین بۆ لایان ، پییان وابوو کەدەبیت شتیك بە و شاندە یان بە و حاجیانە بەلین کە دین ، سە بارەت محمد ( صلی الله علیه وسلم ) هە تا کو بانگەوازیە کەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هیچ کاریگە ریە کی لە سەر یان نەبیت ، لە گە ل ( ولید ی کوری موغەیرە ) کە وتنە قسە و باس لە سەر ئەم مەسەلەیە چۆن خۆیان ئامادە کە ن بۆ کەپ کرنی بانگەوازی دینی( خوای گەورە )، ئەوە بوو ( ولید ) پیی ووتن : با یەك راتان هەبیت لە سەر ئەم مە سەلە یە ، وە رای جیاوازتان نەبیت هەندیکتان یە کتری بەدرۆ بخەنەوە ، و قسەی یەکتری رەت بکە نەوە ، ووتیان تۆە ئەو قسەیە بلی ، ووتی : نەخیر ئیوە بیلین ! من دەبیستم ، ووتیان : دەلین : فالگرە وە یە ،ووتی نە خیر سوین بیت بە خوا ! فالگرەوە نیە ، ئیمە فالگرەوەمان دیوە ئەو قسانە نە دەنگی فالچیی یەو نەسەروای ئەوە ،ووتیان : کەواتە شیتە...!!

ووتی:شیتیش نیە ، ئیمە شیتمان دیوە و دەیناسین ، ئەو دلەراوکی و فی لیهاتن و تیکچوونی شتی نیە ،ووتیان : دە لین شاعیرە ،

ووتی :شاعیریش نیە ، ئیمە هەموومان کیش و سەرواوو کورت و دریژو شیوازەکانی شعیر دەزانین ، ئەوە شیعر نیە ، ووتیان : دەلین : جادووگەرە ،

ووتی : وەللاهی جادووگەریش نیە ، ئیمە جادووگەرو جادوەکانیا نما بینیوە ، ئەمە گری و فوو پیدانی ئەوان نی یە ،ووتیان : کەواتە چی بلین ؟

ووتی : سویندم بە خوا قسەکانی شیرینیەکیان تیدایە ، بنەرەتە کەی رەگی داکوتاوەو ، لقو پۆپەکەشی بەروبومدارە ، ئیوە هەرچیەك لە وقسانە بکەن دەزانریت کەراست نی یە ، نزیکترین قسەیە کیش لە گوتەکانی ئەوەوە جادوگەریە ، بلین : گوتە یە کی هیناوە جادووە ، جیاوازی دەخاتە نیوان کورو باوك و ، مرۆڤ و براکەی و ، ژن و میردو ،مرۆڤ خیلە کەیەوە ، بەم قسەیە بلاوەیان لی کرد ). سیر بن هشام ٢٧١/١

ێ

**لەبارەی (ولید کوری موغەیرە ) ( خوای گەورە ) چە ند ئایە تیکی ناردە خوارەوە**

**( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ) ثُمَّ نَظَرَ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ﴾**المدثر ١٧-٢٤ .**

**واتا : بەراستی ئەو بیری کردەوەو پەیامە کەی هەلسەنگاند (بەلام بە هەلە )**

**بە کوشتن چی و سەرەونگوون بیت، چۆن هەلسەنگاندیکی کرد .**

**پاشان هەر بە کوشتن بچیت بۆ خۆی و هەلسەنگاندنیك کە کردی بۆ قورئان .**

**ئینجا بیری لی کردەوەو ورد بۆوەو تەماشای دەوروبەری کرد .**

**ئینجا ناوچاوی هینایەوە یەك (وەك یەکیك بەقوولی بیریکاتەوە ) رەش داگیرسا .**

**پاشان رووی وەرگیراو خۆی بە زلزانی .**

**بەهەموو عەقلیەوە ووتی : ئەم قورئانە جگە جادوو نەبیت کە وەر دەگیریت هیچی ترنیە ؟!..**

**ئەمە هەر قسە ی بەشەرە و هیچی تر نیە ؟!**

**کاتیك قورەیش سەیری کرد هیچ یەکیك لەو هۆ یانە ( محمد ) (صلی الله علیه وسلم ) سەلناکاتەوە ئیمانە نەکە دامەزراوە و لانادەن لە بانگەوازە کەی !! جاریکی تر کەوتنە بیر کردنەوە ، بۆ سەر کوتکردنی و کەپ کردنی ئە وبانگەوازەی پەیامی (خوای گەورە ) چەند شیوازیکیان هەلبژارد بۆ سەر کوتکردن :**

**یەکەم : گالتە پیکردن و سووکایەتی کردن و ، بە درۆ خستەوەو پی پیکە نین و ، بەمەش مەبەستیان سەر شۆر پیکردنی موسلمانەکان و ، لاوازکردنی هیزە مەعنەویە کەیان بوو ، پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) یان بە تۆ مەتی بی ماناو ، جنیوی هەرزەیانە تاوانبار دەکرد ، وە بە شیت بانگیان دە کرد ، ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿وَقَالُوا يَا أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ﴾ **الحجر ٦. واتا : خوا نە ناسان بە گالتەوە بە پیغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم ) دەووت : ئەی ئەو کەسەی کە قورئانت دابەزینراوەتە سەر بی گومان تۆ شیتی ..!!هەروەها مۆرکی جادوویی و درۆیان دە دایە پالی ، کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿وَعَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ﴾ **ص ٤ واتا : بی باوەرەکان سەرانسورمان لەوەی کە بیدارکەرەوەیەك لە خۆیان هاتووە بۆیان ووتیان : جادوگەریکی زۆر**

ئ

درۆزنە .هەروەها بە تیروانینی داخ لە دلانەوە هەلچونیکی خیراو شیتانەوە مامەلە یان لە گەل دا دەکردو روویان دەدایە ، ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ﴾ القلم ٥١ . واتا : ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) بەراستی ئەوانەی کە بی باوەر بوون کاتیك کە گوییان لە قورئان دەبیت نزیکە بە چاویان هەلتدیرن ، دەلین : ئەم پیغەمبەرە دەستی لی وەشینراوە و شیتە .

دووەم : شیواندنی فەرمایشتە کانی و وروژاندنی گومان و ، بلاو کردنەوەی پرو پاگەندەی درۆ و ، هەوالی ناراست لەبارەی ئە فەرمایشتانەوە و ، دەربارەی زاتی کەسیتی خۆی و زۆرکدنی ئە و هەولانەی بۆ ئەوەی سەرنجی خەلك بواری نەمینیت بیر لە بانگەوازەکەی بکاتەوە ، لە و بارەیەوە قورئانی پیرۆز دە فەرموویت ﴿وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ الفرقان ٥ . واتا : هەروەها وتوویانە : ئەم قورئانە داستانی پیشنەکانەو دوای نوسینەوەیانی کردووە ، بەیانیان و ئیواران بەسەریدا دیخویننەوە !!

هەروەها مووشریکانی قورەیش دە یان ووت : ئەم قورئانە جگە لە هەلبەستراویك چی تر نیە چەند کە سیکی تر یارمە تیان داوە ، قورئان لەم بارەیە وە دەفەرموویت :﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْمًا وَزُورًا﴾ الفرقان ٤ . واتا : ئەوانەی بی باوەر بوون ووتیان : ئەم قورئانە درۆیەك نەبیت کە محمد ( صلی الله علیه وسلم ) خۆی هەلیبە ستووە شتیکی تر نیە ، کەسانی تریش یارمەتیاندا‌وە ، بەراستی ئەوانە ( بەو گوفتارەیان ) ستەم و بوختانیکی گەورە دەکەن و قسەیەکی ناڕەوایان کردووە .

ئ

هەر لەم بارەیە وە قورئانی پیرۆز وەلامی دانەوە ، دەفەرموویت ﴿وَإِنْ كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ﴾البقره ٢٢-٢٣ . واتا : جا ئەگەر ئیوە لە دوو دلیدان و گومانتان لەم ( قورئانە پیرۆزە ) هەیە کە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان محمد ( صلى الله عليه وسلم ) ئەگەر بۆتان دەکریت ئیوەش هەول بدەن سوورەتیکی وەك ئە بهینن ، هاوپەیمان و هاوکارە کانیشتان جگە لە خوا ( بۆ ئەو مەبەستە ) بانگ بکە ن ئەگەر ئیوە راست دەکەن .خۆ ئەگەر نەتانتوانی وهەرگیز نایشتوانن ( کەواتە باوەربهینن و ) خۆتان بپاریزن لەو ئاگرەی" سووتەمەنی کەی خەلك وبەردە ، کە بۆ بی باوەر و خوانە ناسان ئامادە کراوە ...

سی یەم : دژایەتی کردنی قورئان و وینا کردنی بە ئەفسانەی پیشینان و ، سەرقال کردنی خەلك پییانەوە ، دە لین جاریکیان ( نضري کوری حارث ) بە قورەیشیەکانی ووت : ئەری خیلی قورەیش ! شتیکتان بەسەر دا هاتووە وا هیشتا نەتانتوانیوە چارە بۆ ئەو پیاوە بکەن ، محمد ( صلى الله عليه وسلم ) لە ناوتاندا غولامیکی منال بوو رەزامەند ترینتان بوو ، راست گۆ ترینتان بوو ، لە هەمووتان سپاردەناستر بوو ، تا ئەو کاتەی تالی سپیتان لەریشیدا بینی و ئەوەی بۆ هینان کە هیناویەتی ، ووتتان : جادوگەرە ، سویند بەخوا جادووگەر نیە ، ئیمە جادووگەران و فوکردن و گریکا نمان دیوە ، ووتتان : فالگرەویە سویندم بە خوا فالگرەوەش نیە ، ئیمە فالگرو ورتەورت و سەر واکانیا نما دیوە ، ووتتان : شاعیرە ، نەخیر سوینم بەخوا شاعیریش نیە ، ئیمە شیعرو جۆرەکانی و کیش و سەرواکانیمان دیوە ، ووتتان : شیتە ، سویندم بەخوا شیتیش نیە ، ئەو پیاوە تەنگە نەفس بوون و خوت خوتەو ، تیکەل و پیکەلی شتی نیە ، ئەری خیلی قورەیش سەیریکی کاروباری خۆتان بکەن سویندم بەخوا کاریکی گەورەتان بەسەر دا هاتووە .

ئ
پاشان ( نضري كورى حارث ) چوو بۆ ( حيره ) لەوى فيرى حيكايەتى مەليكه كانى فارس و بەسەرهاتەكانى رۆسته مو ئەفسانه كانى فارس بوو ، هەر كاتيك پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له هه رشوينكيدا دانيشتايه باسى ئيسلام بانگەوازيەكه ى بەكردايه باسى به تەنها پەرستنى خواى گەوره ى بكردايه ، ( نضري كورى حارث ) له دواى ئەو ده چوو دەى ووت : واللاهى محمد قسه كانى له من باشتر نيه ، پاشان ده ستى ده كر به باسى مەليكه كانى فارس و سەرو سەربرده ى رۆستەمى بۆ ده گيرانەوه ، پاشان دەى ووت : ئەى محمد بەچ شتيك لەقسه كانى من باشترن . سيره ابن هشام ٣٥٨/١ .

هەروەها ( ابن عباس ) دەگيريتەوه دەفەرموويت : ( نضري كورى حارث ) چەند كه نيزەكيكى كرى بوو ، له هەر كەسيكى ببيستايه حەزى بەلاى پيغەمبەردا هه يه ( صلى الله عليه وسلم ) يەكيك لەو كەنيزەكانەى بۆ دەنارد خواردنى دەدايەو شەرب نۆشى پيدەكردو گۆرانى بۆ دەوت هەتا واى لى دەكرد حەزى لەئيسلام نەدەما ، لەم بارەى ئەمه ئەم ئايەته هاته خوارەوه ، دەفەرموويت : ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾لقمان٦ .واتا : هەنديك كەس مەجليسى گالته و گەپ به پاره ساز دەكات بۆ ئەوەى سەر له خەلكى تيك بدا...

چوارەم : هەوليان‌دا سەودا گەرى له گەل دا بكه له نيوان ئيسلام و نەفاميدا !! يەك بگرن بەوەى موشريكان واز له هەنديك له حاله تانەى ئيستايان بهينن و ، پيغەمبەرش ( صلى الله عليەوسلم ) واز له هەنديك داخوازيى خۆى بهينيت ، قورئان دەفەرموويت : ﴿وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ﴾ القلم ٩ . واتا : ئەوانه ئاواته خوازن كه تۆ نەرمى بنوينيت ئينجا ئەوانيش نەرمى بنوينن .هەروەها ( ابن جرير ) و ( طبراني ) گيراويانەتەوه دەليت : موشريكان دوايان خسته بەردەم پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) كه ئەو ساليك خواكانى ئەوان بپەرستيت و . موشريكه كانيش ساليك ( خواى تاك و تەنها ) واتەك خواى پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بپەرستن .هەروەها ( ابن اسحاق ) بەسەنەديكى خۆى دەليت : له كاتيكدا كه پيغەمبر ( صلى الله عليه وسلم ) بەدەورى كەعبه دا تەوافى دەكرد ،ئەم موشريكانه ريگەيان گرت – ( اسودى كورى اسدى كورى عبدالعزى ) ، و( وليد ى كورى سفيره ) ، و ( اميه ) ى كورى خلف ) ، و( عاصى كورى وائل ى سەهمى ) ، ئەمانه سەركرده كانى قورەيش بوون لەشارى مككه ، ووتيان : محمد وەره با ئەوه بپەرستين كه تۆ دەيپەرستى ، تۆش ئەوەى تۆ دەيپەرستيت خيرى تيدا بيت پشكيكمان بەردەكەويت ، ئەگەر ئەوەى ئيمەش خيرى تيدابيت ، هەروەها قورئانى پيرۆز له بارەيەوه

ێ

**هاتە دەنگ فەرمووی :** ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَا عَبَدْتُمْ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (٥) لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ **الكافرون ١-٦ واتا : ئەی محمد ( صلى الله عليەوسلم ) بلی : ئەی کۆمەلی بی باوەر و خوانە ناسان .من هەرگیز ئەو شتانەی کەئیوە دەیپەرستن نایپەرستم ( چونکە من خوا پەرستم ) .ئیوەش دیارە ئەوەی من دەیپەرستم نای پەرستن ( چونکە بت پەرستن . ئەوەی ئیوە پەرستوتانە من هیچ کات نایپەرستم .ئیوەش ئەو زاتەی من دەیپەرستم تای پەرستم .کەواتە دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم .بەلی ( خوای گەورە ) بەم سوورەتە قورئانی پیرۆز ، بەم جیابوونوە یەکلاکەرەوەیە کۆتایی بەو دانوستانە پیکە نیاویە ی موشریکان هینا ، لەوانەشە جیاوازیەکە لەوە دابیت کە موشریکان دوای ئەو هەولە هەولی تریشان دابیت ..**

## موسلمان بوونی ئەم سی کە سە ( حمزە کوری عبدالمطلب ) و ( طفیل کوری عمري دە وسی )،( طلیب کوری عومە یری کوری وە هب ) :

**یەکەم : هۆی موسلمان بوونی ( حمزە ) دەگەریتەوە بۆ ئەوە کە جاریکیان لە نزیك ( صفا ) ئەبو جهل بە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) چوو ، دە ستی کرد بە ئازار دان و جینو پی دانی و ، هە ندیك شتی پی ووت ، کە زۆر پیناخۆش بوو ، بەلام پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هیچ وەلامیکی نەدایە وە ، لە و کاتەدا ئافرە تیك کە کنیزەکی ( عبدالله ی کور جەدعان ) بوو ،لە مالە کەی خۆ یە وە گوی لی بوو ، پاشان ئەبو جهل رۆیشت بە جی هیشت و بەرەو کۆری قوریشە کان بە ری کە وت و ، لە گەلیاندا دانیشت و ، زۆری پی نە چوو ( حمزە ) هات تیۆ کەوانەکەی کرد بووە شانی و ، لە راو گەرابوویە وە ، جا هەر کەی لەراو شکار ئەگەرایەوە نە چووە مالەوە لای کەس و کاری هە تا تەوافی کەعبەی بکردیە ، ئەوە ستا و سەلامی لی ئە کردن و وە گفتوو گوی لە گەلدا ئە کردن ، ( حمزە ) بەدەسەلات ترین گە نجی قورەیش بوو ، وە ئازا ترینیان بوو ، کاتیك کە بەای کە نیزە کە ی ( عبدالله کوری جەدعان ) دا تی پەری ، کە نیزە کە پی گووت : باو کی عمارە ، خۆزگە کە میك لە مە و**

ئ

بەر لیرە بای بە چاوی خۆت بینیت بایە چۆن برازاکەت ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) کە لە لایە ن ( ابا الحکم ) وتە : ( ابوجهل کوری هیشام ) چیی پی کرا !! چۆن ئازاری دا ، ئا لیرە دا چاوی پیکەوت دەستی بە ئازاردانی کرد و جینویشی پیدا ، وە هەرچی پی ناخۆش بوو پی کرد ، پاشان رۆیشت و ( محمد ) ( صلی الله علیه وسلم ) هیچ قسە یە کی لە دەم دەر نە هات ..

( حمزە ) ئەمەی بیست زۆر پی ناخۆش بوو ، بە یەکجار رقی هەلسا ، خوای گەورە چاوی بەزەیی و خۆشە ویستی بۆ خست .. بۆ یە بە پەلە کەوتە ری تا خۆ بگەینیتە لای ( ابو جهل ) ، ( حمزە ) بریاری دابوو دەستیکی چاك لە ( ابو جهل ) بوەشینی.. کاتیك چوو بۆ مەزگەوتەوە بینیی وا لە ناو خەلکە کە دانیشتووە ..بەرەوو رووی رۆیشت تا گەیشتە سەر سەری ، کەوانەکەی بەرز کردەوە ، دەستی بەلیدانی کردو ، زۆر بە سەختی سەری زامدار کرد ، پاشان پی ووت : گوایە تۆ جنیوی پی ئە دەی ، بە مەرجی من وام لەسەر دینەکەی ، ئە وە ئەلیم کە ( محمد ) ئەی لیت ؟! ئە گەر ئە توانی وەلام بدەرەوە ؟ چە ند پیاویك لە نەوەی مەحزووم هەستان بۆ ( حمزە ) تا لەسەر ( ابوجهل ) بکەنەوە ، ( ابوجهل ) پی ووتن : واز لە ( ئەبوو عمارە ) بینن ، دەخوا منیش سووکایە تی کی خرا پم بە برازاکەی ئەو کردووە ...

( حمزە ) گەرایە مالەوە .. وەسوەسەی شیەیتانی و ، خورپەی دەروونی زۆر ئە هات بە دلی دا ، کە چۆن وازی لە دینی خزمەکانی هینا ، کەوتە شوین دینی برازاە کە ی .

پاشان داوای لە ( خوای گەورە ) کرد تا ریی راستی سەرفرازیی پیشان بدا وبی خاتە سەری و ، گەر ئەم دینە تازەشی بی کەلکە لی لا بدا کە ووتی : ( اللهم إن کان هذا رشدا فاجعل تصدیقه في قلبي ، وإلا فاجعل لي مما وقعت فیة مخرجا ). بەلی ئەو شەوە زۆر بە نارەحەتی بەسەری برد چە ندین وسوەسە بە دلی دا هات ، تا ئەوەبوو رۆژی لی بوویەوە ، وە بە پەلە خۆی گەیاندە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووتی کوری برام بەزمیکم تووش بووە نازانم چۆن لی دەر چم ، ناشزانم ئایا کەسیکی وە کو من ریی ژیرییم و عەقلیم گرتووە یان سەرگەردانی ؟ باسیکم بۆ بکە ؟ بەراستی کوری برام حەزم لەوەیە قسە م بۆ بکە ی..

پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) رووی تی کرد و ، فەرمایشتیکی دا بە گویدا کە دلە کان رووناك دە کاتە وە ، دەروو ئە حە سینیتەوە ، تریکی گومان و وەسوەسە ئەوەرینیتەوە ، دەستی کرد بە یاد خستنەوە ، مژارنە و ترساندن ، تا ئەوە بوو خوای گەورە ئیمانیلەدلی دا چەسپادن ئتر ووتی : شاهیدیی ئەدەم کە تۆ راست گۆیت ..دەی دینە کەت ئاشکرا بکە ، دە بەخوا پیم خۆش نیە لەسەر دینەکەی یە کەم جارم بم ، ئەگەر چی هەرچی وا لەژیر ئاسماندا

ئ

مولکی من بیت .. به موسلمان بوونی ( حمزه ) موسلمانەکان یەکجار دل خۆش بوون ، بوونه خاوەنی هیزو دەسەلات و ، پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) زیاتر پشت ئه ستوور بوو ...

دووەم : گه نجیك که ناوی ( طلیب کوری عومه یره کوری وه هب ) کەوته شوین بانگەوازه که رۆشنایی چاومان پیغەمبەری ئازیزمان ( صلی الله علیه وسلم ) بەلی به رگری له رۆشنایی چاومان ده کرد به دل به گیان هەولی سەرخستنی دینه که ده دا ، بەلی کاتیك که ( طلیب ) موسلمان ده بیت ده گەریتەوه ماله وه لای دایکی ، دایکیشی ناوی ( ئەروای کچی عبدالمطلب ) بووه ،که ده کاته پوری پغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و خوشکی ( حمزه کوره عبدالمطلب ) ، بەلی ( طلیب ) لەگەل رۆشنایی چاومان خالۆزا و پوورزا بوون ، وه کو باسمان کرد ( طلیب ) ده گەریتەوه ماله وه لای دایکی و پیی ئەلی : من موسلمان بووم چوومه ته سه ر ئاینه که ی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) پاشان ئه کەویته بانگ کردنی ئاینی ئیسلام به دایکی ئەلیت : وه ره سەر ئاینی ئیسلام بانگی ئه کا ، دایکه بۆ چی موسلمان نابیت و شوینی ناکەوی ، خۆ ( حمزه ) ی برات ( خوا لی رازی بیت ) موسلمان بووه ؟ ئەروای دایکی ئەلیت : چاوەروان ئه که م بزانم خوشکه کانم چی ئه که ؟ دوای منیش وەك ئەوان ئەکەم .

( طلیب ) به دایکی ئەلیت : لەبەر خاتری خوا داوات لی ئه کەم که بچیته خزمه تی و ، سەلامی لی بکەیت و ، تەصدیقی بکەیت ، شاهیدیی بدەی که جگه له زاتی ( الله ) خوایه کی تر نیه . دایکی ووتی : ( فإني اِشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمد رسول الله ) ئیتر له و

ێ
ڕۆژە وە بە و لاوە ( ئەڕوای ) دایکی ( طلیب ) بەرگری لە پیغە مبەری خوا( صلی الله علیه وسلم )
کرد .لە ڕوایە تێکی تردا هاتووە دەلی ( طلیب ) لە ( دار الارقم ) موسلمان بوو .( طلیب ) کە
موسلمان بوو ، ئەندامیکی لی هاتووی شوینکەوتەی قورئان و ، بەسەر بەمال بەرگریی
لەڕۆشنایی چامانی ئەکرد ..
( طلیب ) یەکەم موسلمان بوو ، کە لەسەر ڕۆشنایی چاومان ئازیزمان ، موشریکانی قورەیشی
خویناویی کرد ، ئەوە بوو بەر گویی کەو تبوو ، کە ( عەوفی کوری صبری سەهمی ) جنیوی
بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) داوە بۆیە ئیسقانیکی چەناگەی ووشتری هەل گرت
بۆی ، بۆی چوو سەری خویناوی کرد ، بۆ ئەمە بە ( ئەڕوای ) دایکی یان ووت : نابینی کورەکەت
چی کردووە ؟ ( ئەڕواش ) وەلامی دایەوە ووتی : کە ( طلیب ) کۆمەکی ڕۆشنایی چاوانی کردووە
خالۆزاکەی تی .. ( طلیب ) لە ئەجنادین شەهید بووە ..

سی یەم : موسلمان بوونی ( طفیل کوری عمری دە وسی )

بەلی یەکیك لە ناو دارە کان کە سەردانی شاری ( مککە ) ی کرد پیاویك بوو بە ناوی ( طفیل
کوری عمری دە وسی ) کە پیاویکی بەریزی ماقوولی ژیری خاوەن سەلیقە بوو ، دەستی
شیعریشی هەبوو ..

( طفیل ) خۆی باس دەکات کە جاریکیان دیتە شاری ( مککە ) ئەبینی وا پیغە مبەری خوا ( صلی
الله علیە وسلم ) وا لە وی بوو ، کە قورەیشی یەکان چاویان بە ( طفیل ) ئە کەوی خیرا چەند
پیاویکیان دەورەی لی ئەدەن تا بەر لەوەی ڕیی لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم )
بکەویت و گویی لە دەنگ و باسی دینی تازە بگری ، ئەمان میشکی پر بکەن و لە زەرە ر و
زیانی چاوکەوتن پیی و گوی گرتن لیی ئاگاداری بکەن ، چوونە لای و پی یان ووت : طفیل !
تۆ هاتوویتە وەلاتی ئیمە و ، ئەم پیاوەش کەوا لە ناومان دا گیرمان بە دەستەوە خورا دووە
، کۆر کۆمەلیمانی پەرتەوازە کردووە ، قسە کانی ئەلی سیحرن ، نیوان کور و باوك و برا و

ئ

برا ، ژن و میرد ، تیك ئەدا ..ئیمە ئە ترسین ئەوەی بەسەر ئیمەدا هاتووە بەسەر تۆ و خزمە کانیشت دا بیت ، بە هیچ شیوەیەك قسەی لەگەل نەکەیت و ، گویشی لی نە گریت ..

طفیل ئەلیت: دە بە خوا ئەوەندە یان باس کر بۆم ئەوەبوو ها تمە سەر ئەوەی کە گوی بۆ قسە یەکی نەگرم و قەسەیەکیشی لە گەل دا نەکە م ، هەتا کە بەیانیی چووم بۆ مەزگەوت ، لە ترسی ئەوەی نەوەکو قەسەیەکی بەر گویم بکەوی و کارم تی بکا و منیش نەمەوی بی بیستم و حەزی پی نەکەم ، لە ترس ئەوە هەردوو گویم بە لۆکە دا پۆشی ، طفیل ئەلیت : بۆ بەیانی چووم بۆ مەزگە وت و ، ئەبینم پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه و سلم ) وا لە مەزگەوت دا لە پەنای کەعبەدا نویژ دەکات ...

طفیل ئەلی : منیش لە نزیکی راوەستام ، (خوای گەورە) ویستی وەها بوو ، هەندی لەفەرمایشتە کانی بدات بە گویم ا ، فەرمایشتیکی جوانم بیست ، لە دلی خۆم دا ووتم : دایکم رۆلە رۆم بۆ بکات خۆ من پیاویکی ژیری شیعر زانم و ، چاك و خرا پم لی تیك ناچی ، باشە چیی تیدایە ، ئەگەر گوی لەم پیاوە بگرم بزانم چیی ئەلی ؟! ئەگەر شتی چاکی بۆ باس کردم ئەوا وەری ئەگرم و ، گەرخرپیش بوو وازی لی دینم ، دانم بە خۆم دا گرت هەتا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گەرایەوە بۆ مالەوە .. دوای کە وتم هە تا کە چووە مالەوە منیش چوومە ژوورەوە لای ووتم : ئەی محمد ! خزمەکانت وەها وەها یان پی ووتم : ، دە بە خوا ئەوەندەیان ترساندم لە م کارەی تۆ هە تا گویم بە لۆکە دا پۆشی تا قسە کانت نەبیستم ، بلام (خوای گەورە) ویستی وەها بوو شتیکی لی ببیستم ، بەراستی فەرمایشتیکی جوانم بیست ، دە تۆش دینەکەتم بۆ باس بکە ، ئەویش ئیسلامی بۆ باس کردم و قورئانی بۆ خویندم ، طفیل ئەلیت : دە بەخوا هەرگیز فەرمایشتی لەوە جوانتر و ، فەرمانی لە وە راست تر و بە داد ترم نەبیست بوو ، طفیلئەلیت : ئیتر موسلمان بووم و

ئ

شەهادەتی حەقم دا و ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ! من پیاویکم لە ناو خزمەکانم دا گورایەلییم بۆ ئەکری و ، وە ئەشمەوەی بگەریمەوە ناویان بۆ موسلمان بوون بانگ یان بکەم ، جا لە ( خوای گەورە )وە داوا بکە نیشانەیەکم پی ببەخشی تا لەبانگ کردنیان دا بۆ سەر ئیسلام یارمە تیم بدات ، پیغەمبەری خواش( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (( اللهم اجعل له آية )) .

طفیل ئەلی ك بەرەو قەمە کەم کە تمە ری ، هەتا کە گەیشتە دەربەندیك کە خەلکە کەم لیوە دەرئە کەوت ، نووریك بە وینە ی چر لە نیوان هەردووچاوم دا پەیدا بوو ، ئەلی : ووتم : خوایە ! با بە دەم چاومەوە نەبیت ...

چونکە ئەترسم وا تی بگەن کە ئەمە تۆلە و پی نواندنە لەدەم چاوم دا ، لەسەر واز هینان لە دینەکەیان ، پەیدا بوو ە ، طفیل ئەلی : نوورە کە لەوی گۆزرایەوە بۆ سەر نووکی قامچی یەکەم ، بەشیوەیەك کە کاتی لە دەربەندەکەوە دا ئەبەزیمە خوارەوە خەلکە کە بە قامچی یە کە مەوە ئەو نوورەیان وە چرای هەلواسراو ئەبینی ، هەتا گەیشتمە لایان ، طفیل ئەلی : کاتی دابە زیم کە باوکم ریشی سپی بوو بەتەمەن بوو ، هات بۆ لام ، طفیل ئەلی : ووتم : باوەکە گیان ! لیم دوور بکەرەوە ! نەتۆ پەیوەندیت بەمنەوە هەیە و ، نەمنیش پەیوەندیم بە تۆ وە هەیە ، طفیل ئەلی : باوکم ووتی : بۆچ ئە ی کورەکەم ؟ طفیل ئەلی : ووتم : من موسلمان بووم و شوین دینی ( محمد ) ( صلى الله عليه وسلم ) کەو تووم ، طفیل ئەلی : باوکم ووتی : دینی من دینی تۆیە ، چوو خۆی شۆرد و جل و بەرگە کەی خاوین کردەوە و پاشان هات و ئیسلامم بۆ باس کرد و ، ئەویش موسلمان بوو ، طفیل ئەلی : دوای ئەوە هاوسەرەکەم هات بۆ لام و پیم ووت : بسم دوور بکەرەوە ، نە من پەیوەندیم بە تۆ وە هەیە و نەتۆش پەیوەندییت بە منەوە هەیە ، طفیل ئەلی : هاوسەرەکەم ووتی : بۆ چی دایك و باوکم بە

ێ

قوربانت بن ؟ طفیل ئەلی : ووتم : ئیسلام من و تۆی جیا کردۆتەوە ، ئیتر ئەویش موسلمان بوو ، دوام له دەوسیش کرد تا موسلمان ببن ، کەچی خیر بە دەمەوە نەهاتن .. طفیل وەك خەم خۆر و دلسۆزی خۆی کەس و کاری بوو ، وەهاش دلسۆزی هۆزەکەی بوو ، پیی خۆش بوو موسلمان بن و له سزای دۆزەخ سەر فراز بن .. جا کەدیتی وا هۆزی دەوس بۆ موسلمان بوون سستی ئەکەن ، دیتوە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له شاری ( مککه ) ئەلیت : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ! دەوس بە گویم ناکە ن ، لەبەر ئەوە دوعایان لی بکە ...

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دلی نەهات دوعایان لی بکات ، بەلکو دوعای بۆ کردن تاکو هیدایەت بدرین کە فەرمووی (( اللهم اهد دوسا )). پاشان بە طفیل فەرموو: (( ارجع الی قومك فادعهم وارفق بهم )) .واتەك بگەریرەوە بۆ ناو قەمەکەت ، بانگیان بکە و ، نەرمیی لەگەلیان بجوولیرەوە . طفیل ئەلی : ئەلی منیش گەرامەوە و ، بەردەوام لەناوچەی دەوس دا خەریکی بانگ کردنیان بووم بۆ سەر ئیسلام ، هەتا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کۆچی بۆ مەدینە کرد و لە جەنگی بەدر و ئوحود و خەندەق بوویەوە ، دوای ئەوە بە خۆم ئەو خزمانە مەوە کە موسلمان بوو بوون هاتینە خزمەتی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەبینین تەشریفی لە خەیبەرە و ، منیش لە گەل حەفتا یان هەشتا مالی دەوس هاتینە مەدینە ). ابن کثیر في بداية ولنهاية ٣/١٠٠

ئ

## ئازاردان و ئەشکە نجە دانی موسلمانە چەوساوەکانی شاری ( مککە )

لە ( ابن ئیسحاق ) وە دەفەرموویت : (( موشریکە کانی مککە بە پەلاماردانی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) وە نەوەستان بەلکو پەلاماری هاوەلە کانی پیغەمبەری یشیاندا ( صلی اللە علیە وسلم ) کە وتنە بەر شالاوی ئازاردان و پە لاماردان ، هەموو هۆزیك ئەو هاولانەی کە لە ناویاندا بوون بە ندیان دیکردن و برسی وتینوویان دەکردن ، وە لە گەرمایی ئەو رۆژە گەرمەدا دەیان بردن بۆ بەردە گەرمە کانی ئەبەری شاری مککە و رایان دەگرتن بۆ ئەوەی دووربکەنوە لە ئاینی خواو بگەرینەوە سەر ئاینی باو وباپیرانیا.. ))

..سیرە ابن هشام ١/٣٤١ .

هەروەها قورەیش لەم ئاستەدا نەدەوستا بەلکو دوژمنکاری خۆیان زۆر توند ئاراستەی ئەو موسلمانانە دەکرد کەهیچ کەسی و هۆزیك لە پشتیانەوە نەبوو ..

لە ( ابن مسعود ) وە دەفەرموویت : (( یەکەم کەس ئیسلام بوونی خۆی راگەیاند حەوت کەس بوون : ( ئەبو بکر )، ( عممار)، ( دایکی عممار )، کە ناوی سومەیە بوو ، ( سوهەیب ) ،

ێ

( بیلاڵ ) ، ( مقداد ) بەلام پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ( خوای گەورە ) بەهۆی مامی یەوە ( ئەبو تالیب ) پشت و پەنای بۆ دابین کردبوو، ئەوان نەیان دە توانی زۆر شت بکە ن بەرامبەر ی ، ئەبو بکریش کەسان و خزمانی لە پشت بوو بەلام ئەوانی تر بی باوەرەکان دە یان نگرتن و پارچە ئاسنیان بە بەردا دەکردن و دەیان خستنە بەر خۆر و رایان دەگرتن و دەکولان هەتا دەیان پروکاندن لە گەرمادا ، ( تا نا چارانە وایان لی دەکردن هەندیك دوای کاریان جی بەجی بکەن ) تەنها بیلال نەبیت بەهیچ جۆریك بەگوپی نەدەکردن ، جستەی خۆی بلاوە سووك بوو لە پیناوی خوادا ، وە موشریکەکان زۆر بەسوکیان دەزانی و دەیانگرت و دەیاندایە دەست مندالان ، ئەوانیش رایان دەکیشا بەناو شیو و دۆلە کانی شاری مککە بەبی وچان بیلالیش دەی فەرموو : ( احد ) . اخرجه : احمد فی مسندا/٤٠٤/١ ، اب ابی شیبه ١٤٩/١٢ ، والبیعقی فی دلائل النبوه ٢٨١/٢ .

( ابن ئیسحاق ) دەفەرموویت : ( ئومەیەی کوری خلف ) خاوەنی بیلال بوو ، کاتی رۆژ تینی دەسەند لەدوای نیوەرۆدا بیلالی دەهینا و جلە کانی لەبەر دادەکەند دەیخستە بەر تیشکی رۆژ زۆر گەرما بوو ، ئینجا فەرمانی دە کرد بەردیکی زۆر گەورەی بۆ ئامادە بکریت وبیکەنەسەر سکی و پی دەووت: دەبیت تا ئەو کاتەی دەمریت ئاوابیت یان ئەوەتا بی باوەر دەبیت بە ( محمد ) و دەگەریتەوە سەر ئاینی باوبا پیرانت بۆ پەرستنی( لات و ، عوززا ) بیلال لە ژیر ئە هەموو ئازارو ئەشکە نجەدا هەر دەی ووت : ( احد احد ) )). سیره ابن هشام ٣٤١/١ .

تاکو ( خوای گەورە هەلی بۆ رەخساند و ( ئەبو بکر ) ی نارد و رزگاری کرد لە ئەشکە نجەیە .

لە ( قیسی کوری حازم ) وە ( خوالی رازی بیت ) دەفەرموویت : (( ئەبو بکر بیلال ی کری بە پینج ئۆقیە لە کاتیکدا کە هەموو گیانی دا پۆشرابوو بە بەرد لە بەر گەرمای بیابان ئەوان بە گالتە جاری یەوە بە ( ئەبو بکر ) یان دەووت : وەللاهی ئۆقیەیە کیشت بە ئیمە بدایە هەر پی مان دەفرۆشتیت ، ( ئەبو بکر ) یش دەی فەرمووی : وەللاهی داوای سەد ئوقیە شتان بکردایە هە لیم دە کرین )).اخرجەك ابو نعیم ( فی حلیه الاولیاء) ، ابن ابی شیبه ( ٨٢٧٥ ) .

ێ

هەروەها لە ( جابر )وە ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : (( پیغەمبەری خوا تیدەپەری بەلای ( عمماری کوری یاسر ) و خیزانە کەیدا کاتیك کە ئەشکە نجە دەدران لە لە پیناوی خوادا ، و بە وانی دەفەرموو : ( ابشروا ال یاسر فإن موعدکم الجنة ) واتە : مژدە بیت لە بنەمالە ی ( یاسر ) بەیەك گە شتنەوە تان لە بەهەشتدایە )). اخرجە :طبراني ( في الاوسط )( ١٥٣١ ) ، و ابونعیم ( في دلائل ) ٢٨٢/٢ .بەلی ( عمماری کوری یاسر ) وا لە پیش چاوی دایك و باوکی لە ژیر ئەشکە نجەی کافرانی و ستەمکارانی قورەیشە ، ئەوە بوو ، سومەیەی دایکی عممار لە ژیر ئەشکەنجە دا بووە یەکە م شەهیدی ئیسلام هەر وەك ( مجاهد ) دەفەرموویت : ( یەکەم شەهید لەئیسلامدا سومەیە بوو دایکی عممار بوو ، کە ئافرەتیکی پیری بەسالا چوو بوو )) اخرجە: البیهقی : فی دلائل النبو ٢٨٤/٢ . هەروەها ئیمامی ( مجاهد ) دەفەرموویت : ( سومەیەی دایکی عممار ) بە دەستی ( ئەبو جهل ) کورژا ، حەربە یەکی کرد بە سکی دا و شەهید بوو )) . البیهقی : فی دلائل النبو ٢٨٤/٢ .

هەر سەبارە ت بە ئەشکەنجەدانی ( عممار ) ئەم ئایە تە ی قورئانی پیرۆز دابەزی کە دەفەرموویت : ﴿مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ النحل ١٠٦ .

واتا: ئەوەی پاشگەز بیتەوە لە خوا ناسی ، دوای باوەر هینانی و جگە لە وانەی کە نا چار دە کرین وشەی کوفر بیت بەسەر زاریاندا لە کاتیکدا دلیان پرە لە ئیمان ، بەلام ئەو کەسەی دلی بە کوفرو بی دینی خۆش کردبیت ، ئوانە خشم و قینی خوایان لەسەرە و سزای گەورە و سەخت و دژواریان بۆ هەیە .

( ابن عباس ) دەفەرموویت : ( ئەم ئایەتە سەبارە بە عممار کوری یاسر دابەزی کاتیك کە موشریکە کان ئەشکە نجەیاندا تا نا چار یان کرد وشەی کوفر بەسەر زمانیدا بیت ، ئە نجا زرگاری بوو وە گەرایەوە بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و عوزری بۆ هینایەوە ( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی دا بە زاند ) .اخرجە : ابن جریر ١١٣/١٢ ، ابن سعد ١٧٨/٣ .

هەروەها هاوەلیکی تریش کە ئەشکە نجە درا ئەویش( زوبیری کوری عوام ) بوو .

ئ

(ئەبو ئەسوود ) خوا لی رازی بیت ) دە فەرموویت : (( (زوبیر ) کاتیك موسلمان بوو تەمەنی هەشت سالان بوو ، وە مامیکی هەبوو (زوبیری ) دە هینا و دەیپیچایەوە لە حەسیریکەوە و هەلی دەواسی و لە ژیریەوە ئاگریکی دەکردەوە بۆ ئەوەی دوکەلە کە بە ناو حەسیرە لوول کراوەکە و ب سەر (زوبیر ) دا وپیی دەووت : بگە ریرەوە بۆ سەر ئاینی باو باپیرت ئەویش دەیووت : هەرگیز نا گەریمەوە سە رکوفر )). اخرجه : طبراني (في الكبير ) ٢٣٩ ، ابو نعيم (في حلية ) ١/٨٩.

ئازاردانی (خیبابی کوری ئەرەت ) دەلی: من ئاسنگەر بووم کە ل پەلم بۆ (عاص کوری وائل سهمی ) دروست دەکردبوو ، ئەویش مەبلە غیك پارە قەرزدارم بوو ، چەند جاریك چووم داوای قەرزەکەم لیکرد ، بەلام ئەو دەی گووت دەبی کوفر بکەی بە محمد ئینجا پارەکەت دەدەمەوە منیش پیم ووت: وەللاهی هەتا دەژی و دەمری و زیندووش دەکریتەوە ،کوفر بە محمد (صەلی الله علیه وسلم ) ناکەم ، ئەویش ووتی : باشە لەبەرئەوەی کە تۆ دەلی دوای مردن زیندوو دەکرینەوە ، هەرکات ، کە زیندووکراینەوە وەرە بۆلام ، چونکە بیگومان ئەوکات من سەرووەت و سامانم دەبیت ، کە هاتی پارەکەت دەدەمەوە !! بە شیوەیە قەرزەکەت نەدامەووە ، خوای پەروەردگار لە وەلامی (عاصی کوری وائل ) ئەم ئایەتانەی سوورەتی (مریم ) ناردە خوارەوە

دەفەرموویت : ﴿أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا كَلَّا سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا﴾مریم ٧٦-٧٩ واتا: ئایا ئەو جۆرە کەسانەت بینیوە ، کەباوەری بەئایەت وفەرمانەکانی ئیمە نیە و دەلیت : سویند بە خوا من سامان و کورو نەوەم پس دەدریت ،باشە ئاخۆ (ئەو بەندە یاخیە ) بەنهینی شاراوەکانی زانیووە ، یاخود بەلینی وەرگرتووە لە خوای میهرەبان کە دنیا بە دلی ئەوبیت

ئ

،نەخێر ، وانی یە ( بەدلی ئەو نابێت ) ئەوەی کە دەیلێت لە ئاییندەدا تۆماری دە کەین لەسەری و سزای دوور و درێژی بۆ ساز دەکەین ، بێگومان ئەوەی ئەو دەی لێت : دێتە لامان بۆ لێپرسینەوە ..!!

## ئیبن مسعود بۆ یە کەم جار قورئان دە خوێنێد بە ئاشکرا  بە گوێی کافرانی قورەیش :

لە ( عوروە ) دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکی یەوە دەفەرمووێت : ( یە کەم کە س  کە بە ئاشکرا قورئانی خوێند دوای پێغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مککە  عبدالله کوری مەسعو بوو ، ڕۆژێکیان هاوەڵانی پێغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ناوە خۆیاندا ووتیان : وەللاهی هە تا ئیستا قورەیش گوێ ی لەو قورئانە نە بووە بە ئاشکرا بەڕوویاندا بخوێنرێت ، بۆ یە کێ لە ئێوە بە ئاشکرا نا چێت بە ڕوویاند بخوێنێت ؟ عبدالله ووتی : من دەچم ، ئەوانیش ووتیان دەترسین کە توشی ئازار ببێت ، ئێمە پیاوێکمان دەوێت عەشیرەتێکی لە پشت بێت و بەرگری لێ بکات لە ستەم و چەوسانەوە و دژاریەتی ئەوان ، ئیبن مەسعود ووتی : وازم لێ بێنن ( خوای گەورە ) پشت و پە نامە ،( زوبێر ) دەفەرمووێت : لە کاتی چێشتەنگاو عبداللە ی کوری مەسعود  ڕۆیشت ، تاگەیشتە مەقامی ئیبراهیم وە قورەیشیش لە جێگەی دانیشتنەکانی خۆیدا بوون لە نزیك کەعبە وە ، ئیبن مەسعود هاتوو لای مەقامی ئیبراهیم وەستا ئینجا ( بسم الله الرحمن الرحيم ) کرد و بە دەنگی بەرز ڕووی تێکردن و سورەتی ڕەحمانی بۆ خوێندن ، ئەوانیش ووردبوونەوە لێ ی وویتان: ئەوە کوره کە

ئ

ی ابن ام عبد نیە ئەوە باسی چی دەکات ؟هەندیکیان ووتیان : ئەوە هەندی لە وانەی کە بۆ محمد ( صلى الله عليه وسلم ) هاتووە دیخوینیتەوە ، ئەوانیش هە ستان بۆی و تاکو توانیان لە دەم و چاو روویان دا ، ئەویش هەر قورئانی دە خویند تاگەیشتە ئەو جیگەیە ی کە ( خوای گەورە ) ویستی لی بوو خویندنەکە پی ی بگات، ئینجا دوای ئەوە لی دوور کەوتنەوە و ئەویش گەرایەوە بۆ ناو هاوەلانی و هەموو دەم و چاوی خەلتانی خوین ببوو ئەوانیش پییان ووت: ترساین کە توشی ئەمەببیت ، ئەویش ووتی : بە یانی دەچمەوە بۆ گیانیان و قورئانیان بەسەردا دەخوینم ووتیان : ئەوەندە بەسە کە تۆ بە روویاندا خویندووتە... )

سیره ابن هشام ۳۳۹/۱، طبراني في التاريخ ۳۳٤/۲ .

۱۷۵

## ناچاربوونی قوریش بۆ ریکەوتن لەگەل پیغەمبەر ﷺ

موشریکە کان دوای چەندین سال لە دوژمنایەتی توندیان بۆ خودی پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وە دوژمنایەتی یەکی یەکجار گەورە بۆ هاوەلانی بەریزەی دوای ئەو هەموو ئەشکە نجە و ئازار و سوکایەتی و گالتە جاری و هەتا دوایی .. بە نا چارانە داوا یان لە پیغەمبەر ( صلى الله عليه سلم ) کە تا ریکەوتن لە گەلیاندا ئە نجام بدات ..

لە( ئیبن ئیسحاق ) دەگیریتەوە دە فەرموویت : ( عوتبەی کوری ربیعە ) دوای لە قورەیش کرد کە ریگەی پی بدەن وەکو نوینەریکی قورەیش بچیتە لای پیغەمبەر ( صلى الله عليەوسلم ) تا ریکەوتن لە گەلیدا ئە نجام بدات ..؟! ). وە لە ریوایەتی کی تردا لە ( جابری کوری عبدالله ) دەگیریتەوە و دەفەرموویت : ( قورەیش کۆبوونەوە سەبارەت بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ووتیان : ئەری نابینن یەکیك لە هەمووتان شارەزاتر بیت لە سیحر و فالگرەوە و شیعر تا بچیت بۆلای ئەوپیاوەی تاقم و کۆمەلەکەی ئیمەی پارچە پارچە کردووە و دەسەلاتی کزو لاواز کردووین و رەخنە لە ئاینمان دەگریت ، تاکو لە گەلیدا بدویت و بزانیت ووتەی ئەو پیاوە چی دەبیت ؟

ئ

ووتیان : باشه بەلام كەس شك نابەین بەگونچیت بۆ ئەم كاره تەنها ( عوتبه ) نەبیت ، ئه نجا به ( عوتبه ) یان ووت : ئەی ( ئەبو وەلید ) تۆ نەبی كەس تر شك نابەین ئەم كارەی پی بكریت ، ( وەلید ) هەسته بەوه كاره بەریكەوت و هاته لای پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ووتی : تۆ چاكتری یان عبدالله ی باوكت ؟! پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) بی دەنگ بوو ، ئینجا ووتی : تۆ چاكتری یان عبدالمطلب ؟! پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) هەر بی دەنگ بوو ، ئینجا وەلید ووتی : ئەگەر بلیت ئەوان چاكتر بوون له تۆ ئەوه خۆت دەزانی ئەوانیش ئه بتانەیان پەرستووه كه تۆ رەخنەیان لی ده گریت ، وەئەگەر خۆت به چاكتر دەزانی لەوان ووتەی خۆت بلی با گویت لی بگرین ...؟!

بەلام وەللاهی كەسیكمان نەدیوه شوم تربیت بەرامبەر قەومه كەی وەك تۆ..!! ، پارچه پارچەت كردین و ئابرووی ئاینەكەت بردین و لاوازت كردین و ئابروی ئەمەشت برد له ناو عەرەبدا تادەنگ و باس بلاووبووه كه له قورەیش دا شاعیریك هەیه سیحر باز هەیه و فالگرەوه یه ك هەیه تا وامان لی هاتووه هەر ئەوەنده قیژەیەك ببیستین ، دەست بەدەینه شمشیر تا یەكتر لەناو نەبەین واز نەهینین ، ئەی پیاوەكه ئەگەر له بەر هەژاری خۆت وادەكەیت و ئەم ئاشوبەت ناوەتەوه ئیمه هەموو سامانەكانی خۆمان كۆدەكەینەوه لای تۆ دای دەنیین تا ببیت به تاكه پیاویكی ده وله مەندی قورەیش ، وه ئەگەر ئافرەتت پی خۆشه و ئەم بەزمەی له پیناودا ده كەیت فەرموو كام ئافرەتی قورەیش هەیه خۆت بەدلته دەست نیشانی بكه بالیت ماره بكەیت ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئه و ئایەتانەی بۆ خویندنەوه كه ( خوای گەوره ) دەفەرموویت : ﴿حم تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي

ئ

أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنْذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ﴾ **فصلت ١-١٣** ئينجا ( عوتبه ) ووتى: بەئيتر بەسە هەر ئەمەيە وەلامەكەت ؟! فەرمووى : بە لى هەر ئە وەيە . ئينجا ( عوتبه ) گەرايەوە بۆ لاى قورەيش ووتيان : ها چى هەوالى كت بۆ هيناوين ؟ ئەويش ووتى : هەرشتيك كە بزانم ئيوە لە روودا پى ى دە لين منيش پيم ووت : ووتيان : ئەى وەلامى دايتەوە ؟ ووتى : بەلى سويند بەوەى كە ئەم كەعبەيەى بەكەعبەداناوە هيچ ووتە يە كى تينەگەيشتم تەنها يەك ووتەى نەبيت ئەويش ئەوەيە...

كە( خواى گەورە ) دەفەرموويت: ﴿فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنْذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ﴾**فصلت ١٣** . واتا: جا ئەگەر لەگەل ئەم هەمووباسى دەسەلات و توانايى و زانايى خواى گەورەدا پشتيان هەلگرد و گوييان نەگرت ، پييان بلى : من ئاگاردارتان دەكەم لەوەى كەشريخە وبروسكەو كارەساتيكتن بەسەر بيت ،وەك ئەوەى بەسەر عاد و سموود هات ..

ووتيان : مالت ويران بيت كابرا ئەو بەعەرەبى لەگەلت دەدويت هيشتا تى ى ناگەيت ووتى چى ؟ئەويش ووتى : نە وەللاە هيچ تينەگەيشتم تەنها هەورە بروسكەكەى عاد و سموود نەبيت ) .بيهقى ( فى الدلائل ) ١٨٢ ، ابى نعيم ( فى الدلائل ) ٢/٢٠٢.

دوابە دواى ئەوە قورەيش ناچار بوون ديسان لەريگەى مامى يە وە گوشار بخەنە سەر پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ئەوەى بانگەوازى ئاينى پيرۆزى ئيسلام لە شارى مككە كپ بكەن .

لە ( عقيل ى كورى ابو طاليب ) دەگيريتەوە دەفەرموويت : (( قورەيش هاتنە لاى ( ابو طاليب ) وە پييان ووت : ئە ى ( ابا طاليب ) برازاكەت لە كوچە و كۆلان و شوينە دانيشتنە كانى ئيمە وە لە مەزگە وتە كەى كەعبە دا ديت بۆ لامان و بە ووتە كانى ئازارمان دەدات ، ريگرى بكە باوا نە كات ؟ ئەويش ووتى : عقيل بر محمدم بۆ بدۆزەوە و بيهينە بۆ لام ئەفەرموويت : منيش چووم لە ژووريك لە ژوورە كانى مالى ( ابو طاليب ) محمد م بانگ كرد و لە گەلم هات لەژير سيبەرى ديوارەكەدا وە بەريكەوتين تا چووينە لا ى ( ابو طاليب ) ئەوە بوو ( ابو

ئ

طاليب ) پی ووت : ئەی برازام ئەم ئامۆزایانەی خۆت پییان راگەیاندوم کە تۆ ئازاریان دەدەیت لە کوچە و کۆلان و شوینی دانیشتنە کانیان دا ، لە بەر ئەوەی وازیان لی بهینە و ئازاریان مە دە ..؟!

پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) چاوی بەرز کردووەوە بۆ ئاسمان ئینجا فەرمووی : ( أترون هذه الشمس ؟ ) واتە : ئایا ئەوە رۆژە دەبینن ؟! ووتیان : بەلی فەرمووی : ( والله ما أنا باقدر ان أدع ما بعثت به من أن يشعل احدكم من هذه الشمس شعلة من نار ).

واتە : سویند بە خوا من ناتوانم دەست بەرداربم و وازبینم لە م کارەم وەك چۆن ئیوە ناتوانن شالاوی ئاگرم بۆ لی بکەنەوە لەو رۆژە .

( ابو طالیب ) یش ووتی : وەللاهی برازاکەی خۆم قەت درۆی نەکردووە ئیوەش برۆنەوە و عە قل و ژیر بن ). اخرجه : طبراني ( في الكبير ) ١٧٤/١٧ ، والبيهقي ( في الدلائل ) ١٨٧/٢ .

ئ

## موشریکه کان دوای موعجیزه ده که له پیغەمبەری خوا ﷺ

بەلی موشریکه کان دوای ئەو هەموو دژایه تی و ریگریه ی که دژبه پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئه نجامیان دا و ، وه دژ به بانگەوازه پیرۆزه کەی ئیسلام و ئازاردانی شوین کەوتوانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تاکه ریگا یه کیان له بەردەم مایەوه که رووبەروبونەوەی پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) پی بکەن ئەویش ریگەی دواکردنی موعجیزه بوو .له ( ئین عباس ) وه ده گیریتەوه ده فەرموویت : ( قورەیش به پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) یان ووت : دوامان بۆ بکه لای خوای خۆت تا ته پۆلکەی صەفامان بۆ بکان به ئالتون ئه گەر راست ده کەیت ، ئەگەر ببیت به ئالتون ئیمەش بەیانی شوینت دەکەوین و دەزانین که تۆ راست دەکەیت ئەوەی که خۆت ووتووته هەر ئەوەیه که پیغەمبەریت و باوەرت پی دەهینین ..؟! پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : واده کەن ؟ ووتیان : بەلی . پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دوای له ( خوای گەوره ) کرد ، و جبریل له لایەن خواوه هات بۆ لای پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پی ی فەرموو : ( إن ربك یقرئك السلام و یقول لك: إن شئت أصبح لهم الصفا ذهبا فمن کفر بعد ذلك عذبته عذابا لا اعذبه احدا من العالمین و ان شئت فتحت لهم باب التوبة والرحمة ).واته : پەروەردگارت سەلامت لی ده کات و پیت رادەگەیەنیت و دەفەرموویت : ئەگەر ویستت لی یه بەیانی ته پۆلکەی صەفایان بۆ دەکەم به ئالتون بەلام دوای بینینی ئەو موعیزه یه هەرکەس پەشیمان بیتەوه سزایەکی دەدەم کەسزای هیچ کەس وا نەدرابیت وه ئەگەر ویستت لی بیت دەرگای بەزەیی و تۆ بەیان لەسەر دەکەمەوه ؟ پیغەمبەر

ئ

( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( بل باب التوبه والرحمه ) واتە : بەلکو دوای کردنەوەی دەرگای تۆبەو بەزەییان بۆ دەکەم ...!!

( خوای گەورە ) ش ئەم ئایە تەی دابەزاند کە دە فەرموویت : ﴿وَمَا مَنَعَنَا أَنْ نُرْسِلَ بِالْآيَاتِ إِلَّا أَنْ كَذَّبَ بِهَا الْأَوَّلُونَ وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا بِهَا وَمَا نُرْسِلُ بِالْآيَاتِ إِلَّا تَخْوِيفًا﴾ الاسراء ٥٩

.اخرجه : احمد ،والطبراني فى المعجم الكبير١٥/١٠٨

پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليەوسم ) لەوە دوو دل نەبوو کە ئەگەر قورەیش ئەوەش ببینن هەر بی باوەر دەبن و باوەر نا هینن و پاشان بەر سزای سە ختی ( خوای گەورە ) دە کەون خۆشیان و نەوەی دوای خۆشیان ، لە بەر ئەوە بە باشی زانی کە ( خوای گەورە ) دەرگای بەزەیی یان لی بکاتەوە و رینمونیان بکات ، وە ئەوەش بوو کە دووایی هەر ئەوان موسلمان بوو، هەر ئەم پەیامە ی ئیسلام لە سەرتاسەری جیهان بلاو بوو یەوە دوو ئیمپراتۆری جیهانی هینایە لەرزین چۆکی بە دانا ...

هەروەها لەریوایەتیکی تردا دەفەرموویت : (( سەرکردە کانی قورەیش کۆبونەوە لە دوای رۆژئاوابوون لە پەنا دیواری کەعبەداو ناردیان بە دوای پیغەمبەری ( صلى الله عليه وسلم ) کە کاتی پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نیواری ئەوانی پی گەیشت کە کۆبوونەتەوە و ونیازی قسە کردن و گفتووگۆ و ریکەوت نیان هەیە لە گە ل پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، ئەوە بوو پیغەمبەری ( صلى الله عليەوسلم ) خۆشحال بوو بەرەو ئەوی چوو لەوی قورەیشە کان باسی پەیوەندی و دژایەتی نیوان هەر دوولایان کردو لە دوایدا ووتیان : ئەگەر پیت خۆشە با پارەت بۆ کۆبکەینەوە یان سەرکردە و پاشامان بە ؟! .

ئ

پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) وەلامی دانەوە و فەرمووی : من نەهاتووم بۆ ئەوەی کە دەولەمەندی ئیوەبم بەکلو (خوای گەورە ) تنها ئاینیکی بە من دا ناردووە تەنها دواکاریم لە ئیوە ئەوەیە گویرایە لی (خوای گەورە ) ی خۆتان بکە ن و شوینی ئاینی ئیسلام بکەون ئەگەر ئەوە بکەن من هەر ئەوەم لە ئیوە دەویت ، قورەیشە کان کە زانیان گفتووگۆ سوودی نی یە لە گەل پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) تاوا یان لی هات ووتیان: ئەگەر تۆ راست دەکەیت با خوا ئەم شاخانە بە چوار دەورەی کە عبەدا نەهیلیت یان دوا بکە لە خوا با ئەو شاخانە بکات بە کانیاو تا ئاو هەلقولی ، وە بیکەینە بە کشتوکال و باخ و باخات وە یان بیکات بە شوینیکی خۆشی دلگیر ، نەخیر ئەگەر راست دە کەیت بافریشتە بنیریت لە گەلتدا ، ئەوە بوو دوایان لی دەکرد دەیان ووت: ئە گەر راست دەکەیت با خوا باخیکی گەورەت پی ببە خشیت و دەولەمەند بیت و ئالتون و زیوت هەبی ئیمەش باوەرت پی دە کەین تا بەو شیوە ووتیان : ئە گەر راست دە کەیت فەرمووئاسمانمان بەسەردا برو خینە یا ئەگەر دەتوانیت پارچە یەك لە ئاسمانمان بەسەردا بروخینە تاوای لی هات کوری پوری خۆی (عبدالله کوری ئەبو ئومە یە ) پی ی ووت : وەللاهی بە هیچ جۆریك باوەرت پی ناهینم تا پەیژە یەك نەهینیت لە پیش چاوی خۆم پیایدا سەرکەویت بۆ ئاسمان وەمنیش سەیرت بکەم تا دە چیت بۆ ئاسمان و لەویوە بیتەوە و چوار فریشتە لە گە ل تۆ دا بیت و شایە تیت بۆ بدەن ، کە پیغەمبەری خوایت ئەگەر واش بکەیت ناصیتە عەقلمەوە کە تۆ پیغەمبەری خوا بیت و بلیم تۆ راست دە کەیت ).سیره ابن هشام ٣٢٢/١، والبيهقي في (دلائل النبوه ) ١٩٠/٢ .

بەلی سەبارەت بە گفتوو گۆیە ئەم ئایەتانەی سورەتی الاسراء دا بە زیە خوارە وە کە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقَالُوا لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنْبُوعًا (٩٠) أَوْ تَكُونَ لَكَ

ێ
جَنَّةٌ مِنْ نَخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلَالَهَا تَفْجِيرًا (٩١) أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا (٩٢) أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِنْ زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَى فِي السَّمَاءِ وَلَنْ نُؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّى تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَقْرَؤُهُ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنْتُ إِلَّا بَشَرًا رَسُولًا﴾ **الاسراء ٩٠-٩٣** .

**واتان: هەندیكیان بیا نوویان گرت و ووتیان: هەرگیز ئیمە باوەر بە تۆ ناكەین تا كانی وسەرچاوەیەكمان لە زەویەوە بۆ هەلنەقولینیت ،یاخود دەبیت خاوەنی باخیك بیت كە پر بیت لە دار خورماو رەزو چەندەها رووبار لە ناویدا هەلبە قولینیت و بەخورو رەوان بەژیریاندا بروات ،یاخود ئاسمان پارچە پارچە بەسرماندا ، هەر وەكو خۆت پرو پاگەندە دەكەی دابارینە ، یاخود (خوای گەورە ) فریشتە كانی بهینەو روو بەروومانی بكە !! یان كۆشك و تەلاور مالیكت هەبیت كە بە ( ئالتون و زیوو شتی جوان ) نەخشینرابیت و زەخرەفە كرابیت ، یان (ببینین ) كە بەرەو ئاسمان بلند و بەرز دەبیتەوە ،ئیمە هەرگیز بەوەش باوەر ناكەین هەتا كتیبیك دانە بەزینیت و بیخوینینەوە ، تۆش پییان بلی : پاكی وبیگەردی بۆ پەروەردگارم ،(باشە كەی ئەوان لەدەست مندایە ) من تەنها پیغەمبەریكم لە گرۆی ئادەمیزادو هیچی تر نیم (ئیوەش لەو ئاستەدا نین ئەو بیانوانە تان جی بەجی بكەین ) .**

**دوابە دوای ئەوەقورەیشیەكان كۆلیان نەدا تابیریان لەوە كردەوە دوای موعجیزە بكەن كە لە دەسەلات و توانی كەس نەبیت وا بە باشیان زانی كە ئەو دواكاریانە لەدەرەوەی زوویدا بیت لەبەر ئەوە دوایان لە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) كرد كە مانگیان بۆ بكات بە دوو كەر تەوە ..**

**لە (انس ی كوری مالك ) بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( دانیشتوانی مككە دوایان لە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) كرد كە موعجیزە یەكیان نیشان بدات و مانگیان بۆ بكات بە دوو لە تەوە .. ) اخرجه : احمد ، ٤٤٧/١ ، والبخاري ( ٣٦٣٧ ) .**

ئ

هەر وەها ( ابن مسعود ) دەفەرموویت : (مانگ بوو بە دوو کەر تەوە لەشاری مککە وبی باوەرانی قورەیش ووتیان : ئەمە سیحریکە محمد لە ئیوەی کردووە راوەستن با کاروان چیە کان نی ریگەی یەمەن و شام بگەرینەوە ئەگەر هاتنەوە و هەوالیان پی گەیاندین کە ئەوان بینیویانە ئەوا دیارە محمد راستی کردووە ئەگەر واش نەبیت تەنها سیحریکە لە ئیوەی کردووە و هیچی تر نیە ، ئەوەندەی پی نە چوو کاروان چیە کان گەرانەوە لە هەموو لایە کەوە هەوال یان پیدان ووتیان : بەلی ئیمەش هەمان شەو بینیمان کە مانگ دووکەرت بوو ) .

اخرجه : ابو نعیم فی (دلائل النبوه ) ٢١١-٢١٢ ، والبیهقی فی (دلائل النبوه ) ٢/٢٦٦ .

ئ

# بەشی : سی یەم

کۆچی یەکەمی حەبەشە کۆچی دووەمی حەبەشە

موسلمان بوونی ئەمانە : (عمري کوری خطاب)و (ابو ذر الغفاري) و(حوصینة کوري عوبە دیدي خوزاعي )

پەیمانی نووسراوە ستەمکارانەکە

چەند موعجیزە یەك

سالی ماتەم یان سالی خەمناکی

چوونی بۆ شاری طائیف

گویی گرتنی جنۆکە لەقورئانی پیرۆز

گشتی ئیسراءو میعراج

جەنگی رۆم فارسی

بانگەوازی ئیسلام لە دەرەوەی شاری مەدینە

پەیمانی عەقەبەی یەکەم و پەیمانی عەقەبەی دووەم

نوینەری ئیسلام بۆ شاری مەدینە (موصعەبی کوری عومەیرە )

کورتەباسیکی شاری مەدینە

سەرەتایی کۆچ کردن بۆ شاری مەدینە

پەرلەمانی قورەیش (دار الندوە )

## كۆچی یه كەمی حه بەشه

**به لی سەره تایی چەوساندنەوەكان له كۆتایی سالی چوارەمی پیغەمبەرایەتیدا بەكزی دەستی پیكرد ، پاشان رۆژ لەدوای رۆژ مانگ له دوای مانگ زیاتر بوو هەتا له ناوەراستی سالی پینچەمدا توندو تیژتر بوو ، هه تا وای لی هات جیگه یه كیان بۆ نەماوه یەوه لەشاری ( مككه ) كه تیدا به ئازادی خوا پەرستی و بانگەوازی ( خوای گەوره ) تیدا بكەن ، نا جاری كردن بیر له كاریك بكەنەوه كه له و سزا سەخته رزگاریان بكات ، به لی لەم كاته دا كه پر له نه هامەتیه تاریكەدا سورەتی ( الكهف ) هاته خوارەوه ، وەك وەلامیك بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی موشریكانی قورەیش له پیغەمبەری ئازیزمان و رۆشنایی چاومان ده كرد ، بەلی سورەتی ( الكهف ) سی چیرۆكی تیدا یه ، وه چەند ئامه ژەیەكی كاریگەری تیدا بوو ، له لایەن خوای گەوره وه بۆ بەنده ئیمانداره كانی ، وەك : بەسەرهاتی هاوەلانی ئەشكەوته كه كەرینمویی دەكات بۆ كۆچ كردن له پیناوی ( خوای گەوره ) و ، وه وازهینان له شوینی كوفرو هاوەل بریاردان ، وه دەست دریژی كردن له سەر ئیمانداران و ، وه مەترسی له سەر ئایین ، وه پشت بەست به ( خوای گەوره ) .**

( **خوای گەوره** ) **دەفەرموویت** : ﴿وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُوا إِلَى الْكَهْفِ يَنْشُرْ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ رَحْمَتِهِ وَيُهَيِّئْ لَكُمْ مِنْ أَمْرِكُمْ مِرفَقًا﴾**الكهف** ١٦.

**واتا : هەندیكیان ووتیان : جا ئیستا كه ئیوه بریارتانداوه خۆتان دووره په یرز بگرن لەم خەلكه و لەو شتانه كه له جیاتی خوا ده یانپەرستن ، تەنها خواپەرستی بكەن ،ده پەنا بەرنه ئه شكەوته كه ، ئەو كاته پەروەردگار تان رەحمەت و میهرەبانی خۆی بەسەردا پەخش دەكاتەوه و هۆكاری حەوانەوه تان بۆ دابین دەكات ...**

ئ

هەروها چرۆكی ( خضر و موسی ) علیه السلام ، ئەوە دە گەیەنیت كە هەموو جاریك بارودۆخ بە پێی رووكاری دەرەوە بەرێوە ناچێت و بەهەمان شێوە نایەتە دی ، لەوانەیە ئە نجا مە كە بە تەواوەتی پێچەوانەی رووكارە كە بێت ، ئەمەش ئاماژەیەكی نهێنی تێدایە بۆ ئەو جەنگەی كە دژ بە موسلمانان دەكرێت لە دا هاتوودا ئاكامە كەی هەلدەگەڕێتەوە و ، ئەو زاڵمە موشریكانەش ، ئەگەر باوەر نەهێنن لەبەردەم ئەو مرۆڤە لاوازە تێكشكاوانەدا شكست دەهێنن. هەروەها چیرۆكی ( ذی القرنین ) ئەوە دە گەیەنیت كە ( خوای گەورە ) سەرزەمین دەكاتە میراتگری ئەو بەندانەی خۆی دەیەوێت ، رزگاربوونی راستە قینەش لە پیناوی ئیماندایە نەك كوفر . هەروەها پاشان لە سورەتی ( الزمر ) هاتە خوارەوە كە ئاماژەیەكی تێدایە بۆ كۆچ كردن و ، ئەویش ئەوە رادە گەینی كە سەر زەمین بەر تەسك نیە ، كە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :﴿ قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾**الزمر ١٠** .

واتا : بەو بەندانە بڵی : كە خاوەن باوەرو ئیمانن : لە پەروەردگارتان بترسن و خواناس بن ، بێگومان بۆ ئەوانەی لەم دنیایەدا چاكە دەكەن ، پاداشتی چاكە هەیە ، زەوی پەروەردگاریش فراوانە ئەگەر لەشوێنیك دنیا تان لی تەنگ كرایەوە كۆچ بكەن بۆ شوێنیكی تر بەراستی تەنها خۆگران پاداشتیان بی سنوورو بی ئەندازەیە .

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەیزانی ( اصحمه ) ی ( نەجاشی ) مەلیكی حەبەشە مەلیكیكی دادپەروەرە ، لەسایەیدا زولم ستەم لە كەس ناكرێت ، بۆ فەرمانی دا بە موسلمانەكان بە خۆیان و ئایینەكە یانەوە كۆچ بكەن بەرەو حەبەشە ئەمەش بە كۆچ یە كەم دادەنرێت بۆ حەبەشە واتە : كۆچی یەكەمی حەبەشە ...

ئ

کۆچی یەکەمی حەبەشە لە رەجەبی سالی پینچەمی پیغەمبەرایەتیدا بوو ، یەکەم دەستەی هاوەلانی نارد بەرەو حەبەشە ، ئەویش کە پیك هاتبوون لە (١٢) پیاو و (٤) ژن سەرۆکی دەستەی کۆچی یە کەمی حە بەشە (عثمانی کوری عفان ) بوو ، هەروەها خاتوو (رقیە ) کچی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بوو کە دە کاتە هاوسەری (عثمانی کوری عفان )

لەم بارەویە وە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموویت: ( ئەو یەکەم مالە لەدوای مالە کەی ئیبراهیم و لوت (سەلاوی خوا یان لەسەربیت ) کۆچی کردبیت )). زادالمعاد٢٤/١ .ئەوە بوو ئەم دەستە یەی موسلمانان بە شیوەیە کی دزە کردنیکی شەوانە واتە لە شەو دا بەریکەوتن ، هە تا کو موشریکانی قورەیش پیان نەزانیت ، بەرەوە دەریا رۆیشتن روویان کردە کە ناری (شعیبە ) قەدەر وابوو دووکەشتی بازرگانی لە وی کە ناریان گرتبوو ، سواری دوو کەشتیە کە بوون ، بەرەو حەبەشە بەری کە وتن ، بەلام کاتیك قورەیش پی زانین بە دوایاندا بەریکەوتن ، کاتیك قورەیش کەیشتە کەناری دەریا ، موسلمانەکان لەوی رۆیشت بوون ، گەیشتبوونە شوینیکی ئارام ،لە ناو حەبەشە دا ، وەبە وانترین شیوە میوانداریان کرابوو . رحمە للعالمین ١٦١/١ .

هەروەها (ئیبن قیم ) (خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : (کاتی موسلمانان زۆر بوون و بی باوەرەکان دژایە تیان دەکردن و دەیان ترساندن و زۆر بە توندی دژایەتی پیغەمبەری خوایان (صلی الله علیەوسلم ) دەکرد وە دوایان لە خەلك دەکرد پاش گەز ببنەوە لە ئایینی خوا بۆ یە پیغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) ریگەی بە موسلمانان دا کە کۆچ بکەن بۆ وولاتی حەبەشە وە پی ی فەرموون : لە و وولاتە پاشایەکی تیایە کە کەس ستەمی لی ناکریت لای ئەو ) موسلمانان کۆچیان کرد (١٢) کەس بوون لە گەل (٤) ئافرەت لەنیوانیاندا (عثمانی

ئ
کوری عفان ) که زاوای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو له گەڵ روقیه ی کچی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوانیش بەریکەوتن بۆ حەبەشه ).زادالمعاد١/٩٥ .

له ( ام سلمه ) وه ئەم باسه مان بۆ دە گیریتەوه ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( کاتی مککه یه کان شاری مەککه یان لی نارەحەت کردین وەهاوەلانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تووشی هەموو جۆره ئه شکه نجەیەك هاتن و ئەو هەموو بەلا و فیتنه یان له پیناوی دیندا توش دەبوو ، وه دەشیان زانی پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) ناتوانی هیچیان لی دووربخاتەوه یاخود هیچیان بۆ بکات چونکه پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) ( خوای گەوره ) پشت و پەنای بۆ دابین کردبوو ئەویش ( ابو طالب )ی مامي بوو که نەی دەهیشت بەرامبەری بکریت ، بەم شیوەیه کۆمەل کۆمەل به ریکەوتن وه له حەبەشه کۆبوونەوه بەراستی چاکترین جیگه بوو که پی ی گەیشتین بەلی گەیشتن لای چاکترین دراوسی لەوی ئاینمان بەبی ترسی دەبرد بەیوه و نەدەترساین له هیچ ستەمیك کەلیمان بکریت )).

سیره ابن هشام ١/٣٣٤ .

هەروەوها له ( واقدی ) روایەتی کردووه ده فەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) توانای نەبوو هاوەله بەریزه کان پەنا بدا لەو سزا وئازاره لابدات ، بۆیه پی یانی فەرموو:(( لو خرجتم إلى أرض الحبشة ، فإن بها ملكا لايظلم عنده أحد ، وهي أرض صدق حتى يجعل الله لكم فرجا مما أنتم فيه )).واتا: فەرمووی خۆزگه کۆچتان بۆ حەبەشه بکردایه ، چونکه پادشایەکی لی یه که لەلای ئەودا هیچ کەس ستەمی لی ناکری و ، خاکی راستگۆیی یه ، تا بەشکوم خوا دەروویەکتان لی بکاتەوه )).

بەلی یەکەم کۆچ کردن بوو له ئیسلام دا ، که له مانگی رەجەبی سالی پینچەمی هاتنی وەحی دا بوو یان له سالی پینچەمی پیغەمبەرایەتی دابوو ،بی گومان یەکەم کەس له هاوەله بەریزەکان ( عثمانی کوری عفان ) و هاوسه ره که ی ( روقیه ) کچی پیغەمبەری خوا ( صلی الله

ئ

علیه وسلم ) به لی كه هەوال ئەگاتە پیغه مبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرمووی : ( صحبهما الله ، إن عثمان أول من هاجر بأهله بعد لوط علیه السلام )). واتا: خوا یاوەریان بیت ، دوای لووت پیغەمبەر سەلامی لی بی ) عثمان یەکەم کەسیکە کە بە خۆی و هاوسەریەوە کۆچی کردووە . . .

ئەم هاوەلانەی کە بۆ یە کەم جار کۆچیان بۆ حەبەشە کرد :

١- ( عثماني كوری عفان ) له گه ل هاوسەری ( روقيه )

٢- ( ابوحذيفه كوری عوتبه ی كوری ربيعه ) له گەل هاوسەری ( سهلەی كچی سوهيل )ئەوە بوو له له حەبەشە كوريكيان بوو ، ناويان لی نا ( محمد )

٣- ( عبدالرحمان كوری عوف )

٤- ( ابوسلمه يكوری عبدول اسدی مەخزومی ) له گەل هاوسەری ( ام سلمه كچی ابو ئومييەی مەخزومی ) ئه وه بوو كچی كيان بوو ، ناو يان لی نا ( زينب )

٥- ( عثمانی كوری مظعون )

٦- ( عامري كوری ربيعه ) لەگەل هاوسەری ( ليلای كچی ابو حثمه )

٧- ( ابو سبري كوری ابروهم ) ،

٨- ( ابو حاطب كوری عمر )

٩- ( سهيل كوری بيضاء )

١٠-( سهيل كوری عمر ) له گەل هاوسەری ( ام كلثوم ) كچی پيغەمبەر ( صلی الله عليه وسلم )

١١-( عبدالله كوری مسعود )

بەمە كۆچ كەران ( ١٠ ) پياو بوون هەنديك ئەلين ( ١٢ ) پياو بوو ن له گەل ( ٤ ) چوار ئافرەت .

بەلی كۆچ كەران هه نديك بەسواريی ووشتر و ئەسپ ، وه هەنديك به پيادە كەوتنه ری ، هەتا گەيشتنه سەر دەريا سوور ، ئه گيرنەوه ده لين له وی به نيو دينار گەشتيه كيان به كری

ئ

**گرت ، تا هه موویا بگەینته حەبەشه ، كه قورەیشەكان بەم كۆچ كردنیانی زانی بەلام فریای هیچ كەسیان نەكەوتن ...**

بەلی كۆچ كردن له دەست زلم و ستەمی موشریكان قورەیش تاقی كردنەوه كی خوایی بوو بۆ موسلمانه لاوازه كان ، حیكمه تیكی گەورەی خوا بوو ، كه له دەست زلم و سته می كافرانی قوەیش كۆچیان كرد ، ئەوان له دەست ناحەقی قورەیش كۆچیان كرد ، بۆ ئەوەی بگه كه ناریكی ئارام ، بۆ ئازادی دوور له ستەم كردنی كافران هه تیدا به ئازادی ئاینی خۆیان پەیرەو بكەن خوای خۆیان به تەنها بپەرست و عیبادەتی بۆ بكه ن ، بەلی هەر لەم كۆچ كردنەدا چەند حیكمەتی كی خوای تیدا بوو ، ئەویش موسلمانان فیر ئەكا كه ژیان نابیته به پی خواستی موسلمانان بیت ده بیت ئازارو ئه شكه نجه و نا خۆشی و نارەحەتی تیدا بیت ، هه مووشتیك به خواستی موسلمانان بیت ، یان موسلمانان فیر ئه كات كه مەرج نیه هەمیشه كاروبارەكان به پیی روالەت بەیوه بچن ، یه كیك له حیكمه تەكان ئەوەیه كه دەبیت موسلمان چیژ له ژیان وەربگریت به نارەحەتی چونكه ژیان بی نارەحەتی هیچ چیژی تیدا نیه تا وه كو ئیمانیان دامەزراوه بیت چیژی ئیمان وەرگرن ، یان پارستنی ئیمانه كەیان له ژیر زولم و ستەمی كافران ،تاكو ببنه ئیمانداریكی نموونەی له ژیاندا ،چونكه ئەوان له پیناوی خوادا كۆچیان كرد له پیناوی پاراستنی ئیمانیان كۆچیان كرد بەرەو حەبەشه ، بەلی جا ئەمه ئەوەی ئەبردە دلی ئیمان دارانەوه كه ئەو بارو دۆخه نا هەموارەی كه وان تیادا ئەژین ، پریەتی له حیكمەت ، بەلی رۆژیك دیت كه زالمان و ستەم كاران دەسەلاتیان نامینی ئیمانداره لاوازەكان ئه بنه خاوەنی دەسەلات و ، سەرداری ئەم ئومه ته ، وایان بیردە كرده وه ئه گەر ئەم ستەمكارو زالمانه نەیەن ژیر بەیداخی دینی ئیسلام رۆژی رەشی خۆیان به چاو ئەبینن ، هەر وەك دەسەلات دارانی ئەم سەردەمه له هەر وەلاتیكی كه بەناو ئیسلامه پەیره وی دینی خوا ناكەن ، بەلكو دژایەتی دەكەن ، لەبەر خاتری كافراندا ئەوه تا له هه موو لایه كەوه هه ولی لاوازی دینی خوا ئه دەن ، بەبی بەزەیانه هەولی كپ كردنی موسلمانان ئه

ئ

دەن لە ناویا ئەبەن بە هە موو چۆریك جا چ لەریگەی رەوشتە قیزە ونەكانیا بیت یان لە ریكە ترس ئازاردان و لەریگە ی هیزو چەكەوە ، یان برسی كردنی موسلمانان ..!!

ئا ئەوە تا هیچ گەنچیك لە وەلاتە كانی موسلماناندا نەما هە مووی كۆچی كرد، بە هۆی ئەم ستەم كارو زاڵمانە روودە كە نە ولاتانی رۆژئاوا ، چونكە لە وی دا ئازادی دین باشترو ژیانی تاكە كەس بۆ بژیوی باشترە...

بەلی لەم كاتە دا كە كۆچ كەران كۆچیان كرد بۆ حەبەشە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سوورەتی ( النجم ) بۆ هاتە خوارە وە ، خویندیەوە بەسەر كافرانی قورەیش دا كە پیغە مبەر ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە ئایەتی سووجد وە سووجدەی برد ، قورەیشە كانیش سووجدەیان لەگەلی دا برد ، ابن مسعود دەفەرموویت: (( پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) سوورەتی ( النجم ) بە تەواوەتی خویند لە مككە سووجدە ی تیا بدر هەرچی كافریش هە بوو لە چواردەوری د هە مووی كە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) سووجدەی برد ئەوانیش سووجدەیان برد ، لە خۆیانەوە ، تەنها پیاویك نەبی پیر بوو مشتیك زیخی هەلگرتوو گرتی بە ناو چەوانیە وە ووتی : ئەمەم بەسە ئەفەرموویت : ئیتر ئەوەبوو دوای بینم بە كافر خوا لە ناوی برد )). اخرجه : البخاری فی صحیح ١٠٦٧-٤٨٦٣ .

( ابن قیم ) دەفەرموویت : ( كاتی كە كۆچ كەرانی حەبەشە ئەم هەوالی سووجدە یان برد پی گەیشت وایان زانی كە كافرانی قورەیش موسلمان بوون، وە نەیان زانی كە ئەم هەوالە درۆیە تا گەرانەوە نزیك شاری مككە و زانیان كە قورەیش زیاتر لە جاران سورترە لە دوژمنایەتی كردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئینجا بۆیان دەركەوت كە ئەم هەوالە درۆیە و هیچ بناغەیەكی نیە بۆیە هەندی لەو موسلمانانە بە ناچاری هاتنەوە ناو شاری مككە بە تاییە تی ئەوانە ی كە لە توانایاندا نەبوو بگەرینەوە بۆ حەبەشە وە ئەو بەریزانەی تریش ریگەی گەرانەوەیان گرتەوە بەر ، وە لەوانەی گەرانەوە ناو شاری مككە عبدالله ی كوری مسعود بوو )). زاد المعاد ٩٥/١ .

## کۆچی دووەم بۆ حەبەشە

**کۆچی دووەم بۆ حەبەشە لە سالی شەشەمی پێغەمبەرایە تی دا بوو .**

**لە پێشەوە باسی ئەوە مان کرد کە کۆچ کەرانی یە کە م بۆ حەبەشە هەوالی ئەوا یان زانی کە کافرانی قورەیش دلیان نەرم بووە سووجدە یان بردووە و ، کۆلیان داوە لە دژایە تی موسلمانان ، بۆ یە گەرانە وە بۆ شاری مککە ،هە ندیکی شیان گەرانەوە بۆ حەبەشە ، ئەوانەی گەرانەوە بۆ شاری مککە ، کەسەیریان کرد ، کافرانی قورەیش لە جاران سوور تر بوو بۆ دژایە تی کردنی موسلمانان ، وە موسلمانان لە جاران چەوساوەتر بوون ، وە قورەیش بەهیچ شیوەیە بەزەیان پی دا نایەت ، بەلی موسلمانا بریاریاند جاریکی تر کۆچ بکە نەوە بۆ وەلاتی حەبەشە ، بی گومان ئەم جارە ژمارەی موسلمانە کان زیاتر بوو لە جاری یەکەم دا ، بەلی موسلمانان خۆیا ئامادە کرد بۆ دووبارە کۆچ کردن بۆ حەبەشە ، چەند ریوایەتیك هەیە دەلین ئە گەر ( عمار ) یان لە گەل دا بیت ئەوا ژمارەی ( ٨٣ ) پیاو لە کۆچ کەران بوون ئە گەر ( عمار ) یان لە گەل دا نەبووبیت ئە وا ژمارەی ( ٨٢ ) پیاوە لە کۆچ کەران بوون ، وە ژمارەی ئافرەتانیش ( ١٨ ) ئافرەت بوون ، کە ( ١١ ) ئافرەت لە هۆزی قورەیش بوون ،( ٧ ) تی شیان لە غیرە قورەیش بوون ، ئەمە جگە لەو مندلانەی کە لەگەلیان چوو بوون ئەوانەش کە لەوی لە دایك ببوون .**

ئ

**ئەمانەش ناوی هەندیك لە و هاوەلانەی كە بۆ جاری دووەم كۆچیان بۆ حەبەشە كردووە :**

**١-( جعفە ری كوری ابو طالب ) لە كە ل ( أسماء ) هاوسە ری . ( عبداللە كوری ) لە وی لە دایك بوو .**

**٢-( عبداللە كوری مسعود ).**

**٣-( میقدادي كوری عمر ). بە ( ابن الاسود ) ناسراوە .**

**٤-( عامیري كوری ابو وقاص ).**

**٥-( خنسي كوری حوذافي سهمي ).**

**٦-( هیشامي كوری عاصي سهمي ).**

**٧-( سكراني كوری عمر ). لە كە ل ( سودە ) هاوسە ری .**

**٨-( ابو عبیداللە كوری جحش ) لە كە ل ( ام حبیبە ) هاوسە ری ، واتا : ( رملە ) ی كچي ابوسفیان ،هەرلە حەبەشەدا ، عبید اللە لە دین وە رگەراو،سەرگەردان بوو ، دەستی كرد بە خوادنەوەی شراب، بووە بە نصرانی هە تاكو مرد، لە ر لەوی هاوسەرەكەبی بیوەژن مایەوە دانی بە خۆ دا گرت چونكە ئیمانی دامەزراو بوو ، بە لی كاتی عیبیدە تەواو بوو، پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) دوای لە نەجاشی كرد ئاگاداری كرد تا كو مارەی بكات بۆی ، بەلی ( ام حبیبە ) بووە یە كیك لە دایكانی ئیمانداران ...**

ئ

٩- ( **ابو موسى ئەشعەری** ) بەلام رای جیاواز لەسەری هەیە ، ابن اسحاق ، ابو نعیم ، بیهقی دەلین كۆچی بۆ حەبەشە كردووە بەلام هەندیكی تر رایان وایە كۆچی نەكردووە ، ، و ە بە بەلگەی ئەم فەرموودەیە بوخاری كەلەصحیحە كەی دا هاتوو ، كە لە( ابو موسى ئەشعەری ) یەوە ریوایەتی كردووە دەفەرموویت : (( ئاشكرا بوونی پیغەمبەرمان ( صلى الله علیه وسلم )بەر گوی كەوت بۆ یە سواری كەشتی یەك بووین و ، ئیمەی گەیاندە لای نەجاشی لە حەبەشە ،لەوی تووشی جەعفەری كوری ابو تالیب هاتین ، لە لای ئەو ماینەوە تا ئەو كاتەی كە گەراینەوە ،بە خزمەتی پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) گەیشتین ئەمەش لە كاتیدا بوو ، كە خەیبەری فتح كرد بوو ، پیغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم ) : ( لكم اهل السیفنە هجرتان ).**سیرە النبویە لابی شهبە ١/٣٧٥-٣٧٦** .

هەروەها ( ابن اسحاق ) ناوی كۆچ كەرانی هەر هە مووی نووسیوە هەر وەك لە سیرە النبویە **لابن هشام دا : ١/٣٢٢-٣٣٠** .

بەلی ئینجا كۆچ كەران بەریكەوتن بۆ خاكی حەبەشە ، ئەو موسلمانانەی كە كۆچیان كردبوو جگە لە و مندالانەی كە پیان بوو یا ئەوانەی لەوی لە دایك بوون ، ژمارەیان ( ٨٢ ) یان ( ٨٣ ) پیاو بوون ، لە گەل ( ١٨ ) ئافرەت بوون ، بەریكە وتن بۆ حە بەشە لەریگادا یە كیك لە كۆچ كەران وەفاتی كرد ، وەك ( زوبیری كوری عوام ) دەفەرموویت : ( خالیدی كوری حزام ) كۆچی كرد بۆ خای حەبەشە لە ریگادا ماریك پی وەدا وەفاتی كرد ، ( خوای گەورە ) ش سەبارەت بەمە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە كە دەفەرموویت : ﴿وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾**النساء** ١٠٠ ...

واتا: جا ئەوەی کۆچ بکات لە پیناوی خوادا لەو زەوییەی کە کۆچی بۆدەکات ،سەربەرزییە بۆ خۆی و ، ریسواییەکی زۆریش بۆ دوژمنانی دروست دەکات ، بەرەکەت و فراونی رزق و رۆزی رووی تیدەکات ، هەر کەسیکیش مال و حالی خۆی بە جی بهیلیت و لە پیناوخواو پیغەمبەرەکەیدا دەرچیت واتە بەرەو ولاتی ئیسلام ، یاخود شوینیکی ئازاد کۆچ بکات پاشان مردن یەخەی پی بگریت ، ئەوە ئیتر ئەو کەسە پاداشتە کەی کە تۆتە سەر خوا هەر خۆی دەزانیت چۆن پاداشتی دەداتەوە خوا هەمیشە و بەردەوام لی خۆشبوو میهرەبانە بەتایبەت بۆ ئەو جۆرە کەسانە .اخرجە :ابن ابی حاتم (اتفسیر)١/٣٤٥.

بە لی بە دەرچوونی ئەم کۆمەلە موسلمانە بۆ خاکی حەبەشە کە کۆچیان کرد لە دەست زلم ستەمی کافرانی قورەیش وە چەوساند نەوەی موسلمان لە شاری مککە ، ئەم کۆمەلە موسلمانە گە یشتە حەبەشە ، کاتیك قورەیش بەم هەوالەیان زانی دەست بە جی و بە پەلە نوینەری خۆیان بۆ خای حەبەشە نارد ، وە نوینەری خۆیان ئاراستە پادشای حەبەشە کرد کە نەجاشی بوو . لە (ابن عباس ) وە دە گیریتەوە و دەفەرموویت : ( کاتیك پیغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم ) لە شاری مککە بوو ، ترسا لە هاوەلە کانی ، لەبەر موشریکان ئازاریان بدەن ، لەبەر ئەوە ( جعفەری کوری ابوطالب ) و (ابن مسعود ) لە گەل چەندین هاوەلی خۆیدا ناردی بۆ لای نەجاشی پاشای حەبەشە ، کاتی ئەم هەوالە گەیشتە بە موشریکان ، ئەوانیش نوینەری خۆیان کە (عمری کوری عاص ) بوو لە گەل تاقمیك لە موشریکانی قورەیش دا ناردیان و پیش مویلمانە کان خۆیا گەیاندە لای نەجاشی وەپییان راگەیاند و ووتیان : پیاویك لە قورەیش پیدا بووە ، کە قورەیشیەکان بەبی عەقل دەزانیت و رەخنە لە ئاینە کەیان دەگریت و پروپاگەندەی ئەوە دە کات کە پیغەمبەرە ، و تاقمیکی لە هاولانی خۆی ناردووە کە خەلکانی لای ئیوەش توشی ئەو ئاژاوە بکەن وەئیمە پیمان خۆش بوو کە پیش وەخت بیینە لای تۆ و ئەم هەوالەت پی بگەیەنین بۆ ئەوەی ئاگات لە خۆت بی ، ئینجا نەجاشی ووتی : ئەگەر ئەوان هاتن منیش گوی دەگرم بۆ قسە کانیان تابزانم چی یەو چی نیە و چی دەلین )).

**اخرجە : الطبراني في التفسیر ٩٦١٠ ،ابو نعیم في دلائل ١٩٣ ...**

ئ

**هەروەها (ام سلمە ) (خوای لی رازی بیت ) دەفەرموویت :**

**(کاتی دابەزین لە خاکی حەبەشە چووینە لای چاکترین دراوسی کە ئەویش نەجاشی بوو ،لای ئەو ئەمین بووین لە ئایین و باوەری خۆمان ، وە (خوای گەورە ) ی خۆمان دەپەرست و توشی ئازارنەدە بووین ، وە کە ئازاری نەئەداین و گویمان لە هیچ شتیك نەدبوو کە پیمان ناخۆش بیت ، کاتی ئەم هەوال گەیشت بە قورەیش کۆبونەوە لەناو خۆیاندا پیلانی ئەوەیان کیشا کە نوینەری بنیرن بۆ لای نەجاشی ئینجا دوو پیاوی پایە بەرز و زمان زانیانناردلە گەل چەند خەلاتیکی گران بەها کە ئامادەیان کرد بوو بۆ نەجاشی لەو شتانەی کە زۆر لای خۆشەویست بوو لە شاری مککە ، وەچاکترین دیاری لای نەجاشی پیستە نایاب بوو ، بۆیە پیستەیەکی یەکجار زۆری نایابی یان بۆ کۆکردەوە وە بۆ هەموو بطریق (زاناکانی نصرانی یان گاوەرکان ) لە بەتریقەکانی چوار دەوری نەجاشی خەلاتی باشیان بۆ ئامدەکردن ئینجا ئەم خەلاتانە یان لەگەل (عبداللە کوری ابی رەبیعە ) و لەگەل( عمری کوری عاصی سەهمی)دا نارد وە فەرمانیان پی کردن وە پی یان راگەیاندن و ووتیان : ئەگەر چوون لە پیش دا بچن بۆلای بەتریقە کان و هەر بەتریقیك خەلاتی گرانی خۆی پیشکەش بکەن پیش ئەوەی قسە لەگەل نەجاشی دا بکە ن کە ئەو کۆمەلەتان پی بسپیرنەوە تا بیگیرنەوە بۆ ئیمە ..**

**بەلی (ام سلمە ) دەفەرموویت : هیچ بەتریقیك لەبەتریقە کان نەما کە خەلاتی خۆیان وەرنەگرن پیش ئەوەی قسە لە گەل نەجاشییدا بکەن، ئینجا هەردووکیان واتە : (عبداللە کوری ابی رەبیعە ) و ( عمری کوری عاصی سەهمی ) ووت: کەسانیك لە ئیمە هاتوون بۆ وەلاتی پاشای ئیوە کە هەرزە و نەفامن و لە ئایینی قەوم و هۆزی خۆیان لایان داوە وە نەش هاتوونە ناو ئایینی ئیوە وە ، بە ئایینیکی داهینراو هاتوون کەئیمە نازانین چی یە ؟ وەئیوەش هەروەها ئەو ئاینە ناناسن ، وەئیمەش بۆ لای پاشای بەریز ئیوە نیراوین لە لایەن سەرکردایەتی خەلکانی خۆمان کەئیمەیان ناردووە بۆ ئەوەی پیمان بسپیرنەوە تا بیانگیرینەوە ...**

ئ
چونکە خزم و عەشرەتی خۆیان باشیان دەناسن و ئەزانن عەقلیان چۆنە و تا چو رادەیەك نەزان و هەرزەن ، ئەمانەئاین و باوەری راسیان نیە ، بەتریقەکان هەموویان بەم قسانەرازی بوون و پاشان خەلاتە کانی خۆیانیان نزیك بەنەجاشی کردووە وە نەجاشی لی ی وەرگرتن و چوونە ژوورەوە وسجدەیان بۆ نەجاشی برد ... وە یەکیکیان لای دەستی راستی نەجاشی یەوە دانیشت ئەویش ( عمری کوری عاصی سەهمی ) بوو ، وە ئەوەی تریشیان لای دەستی چەپی یەوە دانیشت ،ئینجا قسەیان لەگەل نەجاشی دا کرد و پی یان ووت : ئە ی پاشا کەسانیك لە ئیمە هاتوون بۆ لای خاکی ئیوە ، مندالیکی هەرزە و نەفامن لە ئاینی کەسانی خۆیان لایان داوە و نەهاتونەتە ناو ئاینی ئیوەش ، ئاینیکی دروستکراوی تازەیان داهیناوە کە ئیمە نایناسین و نایزانین و ئیمەش پیاو ماقولان و سەرکردانی خەلکانی خۆمان ئیمەیان ناردووە بۆ لای جەنابتان بۆ ئەوەی پیمان بسپیرنەوە چونکە ئیمە شارەزاترین کەئەوان چین و بۆلای جەنابتان بۆ ئەوەی بسپیرەوە با بیانگیرینەوە بۆ خاکی خۆیان و ناو خزمانی خۆیان و لیتان دووربخەینەوە ، ( ام سلمە ) ئەفەرموویت : نەجاشی تورەبوو و ووتی : وەلاهی کاری واناکەم بانگیان دەکەم و پرسیاریان لی دەکەم تابزانم ئەوەی ئیوە دەیلین ئەوان وەلامیان چی یە ؟ ئەگەر وەکو ئەوەی ئیوە دەیلین راست بیت ئەوا پیتان دەسپیرمەوە و نادەمەوە و پشتگیریشیان لی دەکەم و بە چاکترین شیوە رفتاریان لەگەل دەکەم تا لە لای من بمیننەوە ، ئینجا نوینەر نیررا بۆلای هاوەلانی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وەبانگ کران کاتیك نوینەرەکان هاتن هاوەلانی پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کۆبوونەوە لە ناو خۆیاندا هەندیکیان بە هەندیکیان ووت: باشە چی بلین بەم پاشایە ؟ ووتیان : وەلاهی ئەوەی دەیزانین پیی دەلین ئیتر چی دەبیت با ببیت ).اخرجه :احمد ۲۰۲/۱ ،ابونعيم فى الحليه ۱۵۵/۱، البيهقى فى الدلائل ۳۰۱/۲ ،والتبرانى فى التاريخ ۲۳۰/۲ ،فتح البارى ۱۸۹/۷.

ئ

(ام سلمه ) ( خوالی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( كە نەجاشی لەدوای موسلمانە كانی نارد موسلمانە كان راویژیان كرد كە لەلای نەجاشی چ بلین ؟ سەرئەنجام هاتنە سەر ئەوە كە (خوای گەورە ) چی فەرمووە و پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) چی فیر كردوون و وە فەرمانی چی پیكردوون ، هەر ئەوە لەگەل نەجاشی بلین و بەراستی و دورستی وەلامی نە جاشی بدەنەو، كاتیك دەچنە ژوورەوە نەجاشی پرسیاریان لی دە كات ، نەجاشی ئەلیت: ئایا ئە و دینەی كە ئیوە لاتانە چیە ؟! (جعفري كوری ابو طالب ) وەلامی زۆر ئاقلانە و ژیرانە ی دەداتەوە ، بەكورتی و پوختی باسی ئیسلامی بۆ دەكات لە چەند خالیكدا دەفەرموویت : ئەی پاشا ئیمە كۆمەلیك بووین لە نەفامیدا رۆچووبووین ، بت مان دەپەرست و ، مرداربوومان دە خوارد ،هەرچی كاری خراپ و ناشرین و نابە جی هەیە دە مان كرد ، پەیوەندی خزمایەتیمان دەپچراند ، لە گەل دراوسیكا نماندا خراپ بووین ، هەر كەسیكمان بە هیز بایە ئەویتری دەخوارد ، واتا: بە هیزە كان لاوازە كانیان دەخوارد ،ئیمە لەسەر ئەم حالە تە خراپە بووین .. (جعفر ) ئەلی : ئەی پاشا تا (خوای گەورە ) لە نیوان ئیمە دا پیغەمبەریكی بۆ ناردین كە رچەلەكی و راستگۆیی و ، ئەمینی پاكی و ناسراوە ، كە بۆلای (خوای گەورە ) بانگی كردین، كە( خوای گە ورە ) بە تاك و تەنها بناسین ، وە تەنها ئەو بپەرستین ،وە ئە و بتانەی بابوو باپیرا نمان دەیان پەرست فریان بدەین ،وەفەرمانی پی كرین قسەمان راست بی ئەمانەت بپاریزین ، پەیوەندی خزمایەتی نە پچرینین ، وە لە گەل دراوسیكا نمان باش بین ، واز لە گونا هو تاوان بهینین ،وە خوینی یەكتر بە نا حەق نەریژین ،هەروەها كاری خیانەت و دزی شتی نارشرینی لی قەدەغە كردین ...

ئ

( ام سلمه ) دەفەرمووی : ئاوا هەرچی تا ئەو کاتەی بۆ پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) هاتبووە خوارە وە بۆی باس کرد ،لەکۆتایدا ( جعفر ) ووتی : ئیمەش وەلامی بانگەوازەکەی پیغەمبەرمان رۆشنایی چومان دایەوە و بەراستمان زانی و ئیمانمان پی هینا ، ( خوای گەورە ) و پەروەرگارمان بە تەنها پەرست و هاوبەشمان بۆ پەیدا نەکرد ، وە ئەوەی کە خوا قەدەغەی کرد ، لە خۆمان قەدەغەکردو ، وە ئەوەشی کە خوا حلال ی کرد بوو حلال مان کرد ، بەلام قومە کەمان ئەشکە نجەو ئازاریان زۆر داین ، وە زولمیان لی کردین ،بۆ ئەوەی لە دینەکەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەلمانگیرنەوە بەمان گەرینەوە بۆ بت پەرستی و سەر ئەو شتە پیسانەی ، کە ئە و پیغەمبەرە ( صلی الله علیه وسلم ) ئیمەی لی دەرباز کردبوو ، دوای ئەوەی کە زولمیان لی کرین و چەوساندیانەوە و وەزعیان لی تەنگ خستین و ریگەی دینداریان لی گرتین ، ئیمە ش هاتین بۆ خاکی تۆ ، وەتۆمان بەسر هە مووپادشاکاندا هەلبژراد ، چونکە بیستوومانە کە زولم قبوول ناکەی پیاویکی باص و دادپەروەری حەق دەناسی .

نەجاشی : ووتی : لە و قسانەی ، کە تۆ دەلیت ئەو پیغەمبەرەتان لە خواوە بۆ هاتووە خوارەوە ، هیچت پییە ؟!

( جعفر ) دەلی : بەلی .

نەجاشی ووتی : بۆم بخوینە !

( جعفر ) زۆر ژیروو عاقل و زیرەك و لیزان بوو ، چەند ئایەتیکی لەسورەتی ( مریم )بۆ خویند کەباسی مەدحی ( عیسی ) و( زکریا ) و( مریم ) ی تیدایە ...

ئ
**كه ( خوای گەورە ) دەفەرموويت :** ﴿كهيعص (١) ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (٢) إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً
خَفِيًّا (٣) قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (٤) وَإِنِّي خِفْتُ
الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا (٥) يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ
رَبِّ رَضِيًّا (٦) يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَلْ لَهُ مِنْ قَبْلُ سَمِيًّا (٧) قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي
غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا (٨) قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ
مِنْ قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا (٩) قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا (١٠)
فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَنْ سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا (١١) يَا يَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ
وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا (١٢) وَحَنَانًا مِنْ لَدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيًّا (١٣) وَبَرًّا بِوَالِدَيْهِ وَلَمْ يَكُنْ جَبَّارًا عَصِيًّا
(١٤) وَسَلَامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا (١٥) وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ
أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا (١٦) فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا (١٧)
قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا (١٨) قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا (١٩)
قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (٢٠) قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ
آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا (٢١) فَحَمَلَتْهُ فَانْتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا (٢٢) فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ
إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا (٢٣) فَنَادَاهَا مِنْ تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ
جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (٢٤) وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا (٢٥) فَكُلِي وَاشْرَبِي
وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنْسِيًّا (٢٦) فَأَتَتْ
بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا (٢٧) يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ
أُمُّكِ بَغِيًّا (٢٨) فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَنْ كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا (٢٩) قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ
الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا (٣٠) وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا (٣١) وَبَرًّا
بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا (٣٢) وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدْتُ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا (٣٣) ذَلِكَ
عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ (٣٤) مَا كَانَ لِلَّهِ أَنْ يَتَّخِذَ مِنْ وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا
فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (٣٥) وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ﴾ **مريم ١-٣٦**

ئ

(ام سلمه ) ئەلی : کاتی نەجاشی ئەم ئایه تانەی بیست و گویی بۆ گرد ، خۆشی و ئەسقەفەکانیش ئەوەندە گریان ، هە تاریشیان تەربوو ،کتبیه کانی بەردەستیشیان تەربوون ،ئینجا نەجاشی ووتی : ئەوەی ئیوە دەلین ئەوەیە( عیسی ی کوری مریم ) پی هاتووە ،لەیەك سەرچاوە هاتوون، سویند بە خوائیوە تەسلیمی قورەیشه کان ناکەمەوە ،من نامەوی چیایەك لەزیرم هەبی ئازاری ئیوە بدەم ،بەلکو ئیوە تالیرە بمینیەوە ئازاد لە خۆتان ئەمین بن ،دوای بە بەتریقە کانی ووت: ئەوشتانە قورەیشەکان هیناویانن بیاندەنەوە ، سەرئە نجام وفدەکەی قورەیش بە ریسوایی دۆراوی سەر شۆری گەرانەوە بۆ شاری مککە )) .

سیره ابن هشام ١/١٦٩-١٧١ .

## هۆكارى كۆچى يەكەم و دووەم وە حيكمەتى كۆچ كرد بۆ حەبەشە

**يەكەم : پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه و سلم ) زۆر دووربين بووە ، بۆ پاراستنى هاوەلە بەريزە كانى ، بەلى زۆر لە لاى مەبەست بوو ، وە زۆر لە خەميان دابوو ، بە ئازاردانى ئەوان زياتر نارەحەت بووە ، چونكە كاتيك مرۆڤ شتيكى بەسەر ديت دەلى ئەوا لە بەر خاترى خوا بەسەرم هاتووە و صبرى لەسەر دە گرى و كەم پى نارەحەت دەبى ، بەلام كاتيك كەشتيك بەسەر كەسيك ديت ، كەلە پەناى ئەو دا زۆرى پى نارەحەت دەبى و دەلى ئەوە لەسەر من وايان ليهاتووە ، ليرە دا ئەوە دە دە كەوين كەپيغەمبەرى خوا زۆر بەتەنگ هاوەلە بەريزەكانييەوە بووە ، ( خواى گەورە لە هە موويان رازى بيت ).**

**دووەم : پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر بەتەنگ چارە نووس و دوا رۆژى گە شى ئيسلامە وە بوو:بەلى كە دەيبينى وا موسلمانان ئازار دە درين ، وە بۆ پاراستنى گيانيان و مانەوەى ئيسلام ، فەرمانى كردوە كە هەنديكيان كۆچ بكەن بۆ حەبەشە ، بەلى نيازى وا بوو بنكەيەكى موسلمانان هەبى بۆ مانەوەيان لە دەست ئەم هە موو زولم و ستەمەى كافرانى دە يان كرد بەرامبەر بە موسلمانان ،بەلى ئەم بنكەيە بۆ كاتيكى پيويست تاكو لەوى سەلامەت بن و بژين و ئاسوودە بن ، هەر كاتيك فەرمانى پى كردن بگەرينەوە بۆ نشتيمان ئە مەش حيكمە تيكى گەورەى خوايە بۆ موسلمانە كان كە كۆچيان كرد بۆ حە بەشە .**

**سى يەم : بە لى ديارە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) شارەزاو ئاگادارى بارودۆخى خاكى حەبەشە بوو ، لە رووى ئايينى و كۆمەلايە تى بۆيە خاكى حەبەشەى هەلبژارد بۆ هاوەلە بەريزە كانى ، چونكە دەفەرمووى : برۆن بۆ حەبەشە لەوى پادشايەكى لييە زولم لەكەس ناكات ، ديارە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) شارەزاى لە خاكى وەلاتى ( مصر ) و ( رۆم ) و ( فارس ) يش هەبوو، چونكە زانيويەتى تەنها لە لاى پادشاى حەبەشە جيگەيە كى باش و ئارامە بۆ موسلمانە كان كە تيدا بەحەوينەوە ..**

ئ

**چوارەم :** پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) هەر کاریکی کردبیت حیکمەتی خۆی تیدا بووە ، وە بەرنامە ریژی بۆ کردووە بەشیوەیە کی تۆکمە و بە پیلان لە پیناوی سەلامە تی موسلمانان ،وەبەرەو پیش جونی کاروباری موسلمانان بۆ ئاییندەیەکی گەش بۆ ئیسلام ، بەلی هە موو کارە کانی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بۆ تە سوونەت بۆ موسلمانان کە لە پاشە خۆی لەسەر ئەم ریگە راستە برۆن پەیرەوی سوونەتەکانی بکریت ئا ئەواتا لە هەر شوینیك موسلمانان تووشی نارەحەتی و ئازارو ئەشکە نجە ببنەوە ، وە دژایەتی دینی خوا بکریت ، ئەوا موسلمانان سەر هەل ئەگرن و کۆچ بۆ وەلاتیکی ئارام دە کە لە پیناو پاراستنی ئاینە کەیان و گەیاندینی پەیامە کەی پیغە مبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ، بەلی ئیستا لە وەلاتی موسلمانان دژایەتی دین دەکریتە و لە خزمەت دوژمنانی ئیسلام هەر بۆیە گە نجانی موسلمانا کۆچ بۆ وەلاتانی رۆژئاوا دە کەن چەندین زاناو علمای موسلمانان دەربەدەر کراون لەوەلاتەکەی خۆیان ، روو لە وەلاتی بی باوەران دە کەن ، چونکە لەوی دینە کەیان پاریزراو ترە وەك لە وەلاتەکەی خۆیان ، چونکە لە وە لاتی خۆیان دژی زولم ستەم فسادی و بەدرەوشتی ووتاریان هەیە ، پەیامی خوا بەراستی دە گەیە نن ، رووبەرووی ئەدەست هەلاتە فاسدانە دبنەوە ، بۆیە بەردەوام ئازار دەدرین و ئەشکە نجە دەدرین و زیندانی دە کرین لە وەلاتی خۆیان ،شار بەدەرە دەکرین ، بەراستی پیچەوانە بۆ تەوە خەلك لە وەلاتیك کۆچ دەکات رادەکا بۆ وەلاتیك کە لەسەدا ٩٩/١٠٠ بی باوەران ، کە چی لەم وەلاتە دا مافی ژیانی پی دەدریت و مافی ئازادی بیرو رای پی دەدریت وە مافی ئازادی ئاییی بۆ مسۆگەر کراوە ، ئای لەم زولمەی کە لەوەلاتی موسلمانا دەکریت ، هیچ بە هایە کی مرۆڤ بوون تیدا فراهەم نەکراوە ، ئەدەسەلادارانەی ئیستا تەنها لە بەرژەوەندی کافران و بی باوەران کاردەکەن و ، وەلە بەرژەوەندی خۆیان و مال وسەرووەت وسامان و مندال و نەوە کانیان کاردە کە نە ، گویی بە موسلمانە هەژارە کان نادەن ، زولمیان لی دەکەن مافیان دەخون زەویان لی داگیردە کەن ، وەلات تەنها بە خۆیان خاوەنین ، هیچ بایەخ بە هەژاران نادەن ، دژایەتی دینی خوا دەکەن ...

ئ

**چونکە ئەم ئاینە راستە حەقە لەبەرژەوەندی ئەوان دەدا ، درۆکانیان ئاشکرا دەکات ، مال سامان کۆکردنەوەیان حرام دەکات ، زولم ستەمیان لەسەر حرام دەکات بی ئەخلاقی و بەدرەوشتیان لی حرام دەکات** ...

ئ

## موسلمان بوونی ( عمری کوری خطاب ) -خوالی رازی بیت -

( السیوطی ) له کتیبی ( تاریخ الخلفا ) هیناویه تی که ، ده لی :( عمر ) له مانگی ( ذي الحجة ) سالی شەشەمی پیغەمبەرایەتی موسلمان بوو ، که ئەو کاته تەمەنی ( عمر ) ( ٢٧ ) سال بوو ، چونیەتی موسلمان بوون یەکەشی ئاوا بوو :

ئافرەتیك به ناوی ( ام عبد الله ) ی کچی ( ابي حثمة ) بۆ مان ده گیریتەوە ، دەلی : ئیمه کاتیك به تەمای کۆچ و بار بووین بەرەو حەبەشه ( عامر ) هاوسەرم چوو بوو بۆ هەندیك ئیش

ئەلی : ( عمر ) هات لەسەرمان راوەستا ، که ئەو کات هەر کافر بوو .

ووتی : ئه ی ( ام عبدالله ) ئەوە دیاره سەفەر دەکەن و دەرۆن ؟

( ام عبدالله ) ئەلی : منیش ووتم : به لی سەفه ره و دەرۆین و ئەو خاکه تان بۆ به جی ده هیلین ، زۆر تان زولم لی کردین و ، زۆر ئازارتان داین ، بەسەر زەوی خواد دەرۆین ، بەلکو خوای گەوره و پەروەردگار دەرووی خیرمان لی بکاته وه .

( ام عبدالله ) ده لی : ( عمر ) ووتی : ( صحبكم الله ) خوا له گەلتان بی .

( ام عبدالله ) دەلی : نەرمیه کم به ( عمر ) بینی ، قەت ئەو نەرمیەم پیوه نەبینیبوو ، وه هەستم کرد زۆر خەفەتی خواردبی ی نارەحەت بوو ، که ئیمه ی ئاوا بینی .

( ام عبدالله ) دەلی : دوایی که هاوسەرەکەم ( ابو عبدالله ) هاتەوە پیم ووت : ئه گەر ( عمر )ت دەبینی ، که چەند نەرم و بەرەحم و چەنده بۆمان به پەرۆش بوو !

( ام عبدالله ) دەلی : ( ابو عبدالله ) ووتی : بۆ بەتەمایه موسلمان ببیت ؟

( ام عبدالله ) ئەلی : منیش ووتم : بەلی ئومیدم وایه موسلمان ببیت ...

( ام عبدالله ) ئەلی : ( ابو عبدالله ) ووتی : به خوا موسلمان نابی هه تا گوی دریژه کەی مالی ( خطاب ) موسلمان نەبیت ) )

ئ
(السيوطى ) له كتيبى (تاريخ الخلفا ) ( ١٣٧ ) ،سيره ابن هشام ١٧٤/١-١٧٨ .

بەلی (ابو عبدالله ) زۆر لی نائومید دەبیت ، چونكە (عمر ) لە سەردەمی جاهیلی و نەفامیدا زۆر توووند بووە ، وەك چۆن لەسەردەمی ئیسلامیشدا موسلمانیەتی بە جدی وەرگرت .

هە روەها موسلمان بوونی (عمریكوری خطاب ) لە سیره ابن هشام دا بۆمان دەگیریتەوە :

(( (عمر ) – (خوا لی رازی بیت ) – خوشكیكی هەبوو بەناوی (فاطمة ) هاوسەره كەشی بە ناوی ( سعید بن زید ) لە تیرەی (بنی عدی ) بووە و هەردووكیان موسلمان بوون ، (فاطمة ) ی خوشكی (عمر ) كەسایەتییە كی زۆر بەهیزی هە بوو ، دوای موسلمان بوونی كاریگەریی لەسەر هاوسەرەكەی دا نابوو ئەویشە دوای موسلمان بوو ، بەلام هەردوو كیان (فاطمة و سعید ) موسلمانیتی خۆیان لە (عمر ) شاردۆتەوە ، چونكە لی ترساون ( خببا بن الارت ) یش چۆتە مالیان و قورئانی بە (فاطمة و سعید ) ی هاوسەرەكە خویندوە ، وە (خباب ) فیری قورئانی كردوون ، لەم كاتەدا كابرایە كی تریش لە هۆزی (بنی عدی ) بە ناوی (نعیم كوری عبدالله ) موسلمان ببوو، بلام موسلمانە تییە كەی خۆی پەنهان كردبوو یان شاردبووە ،قەومە كە شی پییان نەزانی بوو ، رۆژیك كە دەبینی (عمر ) شمشیرەكەی لە كالانی دەرهیناوەو بە پەلە دەروا ، (نعیم كوری عبدالله ) كە خزمی (عمر ) ە دەلی : (عمر ) ئەوە بۆ كوی ...؟!

(عمریش ) دەلی : دەچم ئەو كابرایە بكوژم ، كە لە دینی باب و باپیرانی هەلگەراوەتەوە ، وە جیاوازیی خستۆتە نیو كاروباری قورەیشە و ە و قسەبە پەرستراوە كانیان دەلی و بە نەفام لە قەلەمیان دەداو سووكی پالدەداتە لای دینە كەیان ! (نعیم كوری عبدالله ) دەلی : تۆ

ئ

ئەگەر ئەوە بکەی پیت وایە دوایی بەنی هاشم وازت لی بینن ئاوا بەسەلامەتی بژی ؟! دیارە ویستوویەتی لەسەرە تاوە ( عمر ) لە کۆڵ پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بکاتەوە ، ئەمەش نیشانەی پیاوی ژیرو حکیم بووە ،ئیدی پی دەلی تۆ برۆ چارە سەری مالی خۆت بکە!

( عمر ) دەلی : بۆ مالی خۆم چیەتی ؟!

ئەویش دەلی : ( فاطمة ) ي خوشکت و سعیدي زاوات موسلمان بوون و هەر ئاگاشت لی نیە ؟!

( عمر ) کە ئەوە دەبیستی ، یەکسەر دەچیتە مالیان و ، کە نزیك مالی دەکەویتەوە دەنگیك دیتە بەر گویی ، دەزانی شتیك دەخویننەوە ، ئەوانیش کە دەزانن ( عمر ) ( خەبباب ) خۆی دەشاریتەوە ، ( عمر ) کە دەچیتە ژووری دەلی : ئەوە چی بوو ئەو دەنگە دەنگە تان دەهات ؟!

ئەوانیش دەلین ؟ هیچ نە بوو .

( عمر ) دەلی : پیم بلین چی بوو ؟!

دیارە ( فاطمة ) ئە و پەرەی قورئانەکەی تیدا نووسرا بوو ، دیخاتە بن بالی خۆی و دیشاریتەوە .

( عمر ) دەلی : بیستومە ئیوەش موسلمان بوون ، ئیدی لە سعیدی زاوای دەدا ، ( فاطمة ) دەچی لەسەر میردەکەی بکاتوە ، بەلام ( عمر ) لەویش دەدات .

دوای ( فاطمة ) خوشکی ئەلیت : بەلی ئیمە موسلمان بووین ، چیشت لە دەست دی بیکە ...!!

( عمر )یش تەماشا دە کات کە خوشکە کەی خوینی پیدا دیت و زاواکەشی بە هەمان شیوە ، سەری سوردەمینی ! کە ئە و ئیسلامەی ( فاطمة ) باوەری پی هیناوە ،هیندە بەهیز بی وا لە گەل دەروونی تیکە بووبی ، خۆی بە قوربان بکات و عقیدەیەکی ئەوەندە بەهیزی بۆ دورست بکات !

ئ

(عمر) دەلی : باشە ئەو شتەی کە دەتان خویند با تەماشا بکەم ؟

(فاطمة) دەلی : ئاخر تۆ پیسی و قورئانیش نابی مرۆڤی پیس بی خوینیتەوە ،بچۆ خۆت بشۆ .

(عمر) دەچی خۆی دەشواو دیتەوە دەلی : دە پیم بدەن بابزانم (محمد) چی هیناوە ؟

دیارە ئەو شوینەی کە ئەو کاتە خەبباب پیان دەلی : سەرەتای سوورەتی (طه) دەبی کەدەفەرمووی : ﴿طه (١) مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى (٢) إِلَّا تَذْكِرَةً لِمَنْ يَخْشَى (٣) تَنْزِيلًا مِمَّنْ خَلَقَ الْأَرْضَ وَالسَّمَاوَاتِ الْعُلَا (٤) الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى (٥) لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ الثَّرَى (٦) وَإِنْ تَجْهَرْ بِالْقَوْلِ فَإِنَّهُ يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى (٧) اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى﴾طه ١-٧.

(عمر) دە لی : ( أنە لقول مبارك ) ئەو قسەیە قسەیەکی زۆر بەرزوو پیرۆزە !

(عمر) دەلی : پیم بلی (محمد) لە کویە ؟!

دەلین : بۆ چی ؟!

دەلی : دە مەوی موسلمان بم !!(خەببابی کوری الارت) کە ئەوە دە بیستیت لەو شوینەی ، کە خۆی لی شاردبۆوە دیتەدەرەوە (الله اكبر ) دە کات و ، دەلی : (عمر) ! ئومید دەکەم تۆ موژدەی پیغەمبەرت (صلى الله عليه وسلم بەسەردا بچە سپی ، کە دوینی دووعای کردوو فەرمووی : (اللهم أيد الاسلام الحكم بن هشام ، او بعمر بن الخطاب )) واتا : پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : خوایە ئیسلام بەهیز بکە بە (ابا الحكم ) یان بە ( عمرالخطاب ) ...

دیارە (ابا الحكم) کونیە یان نازناوي ( ابوجهل ) بووە.

(عمر ) دەلی : دەی کوا ( محمد ) لە کویە ؟!

ئ
ئەویش پی دەلی : پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە خانووی : ( ئەرقەمی کوری ابی ئەرقەمە ) لە لای ( صفا ).

( عمر ) دەروات و دەچیت نزیك دەبیتەوە ، موسلمانەکان لە کەلینی دەرگاوە تەماشا دەکەن دەلین : ئەوە ( عمر ) هات و شمشیرە کەشی بەدەستەوەیە .

( حمزە ) ش لەوی دەبی ، دەلی : لی گەرین بابیت ئەگەر خیریکی پیوەبی زۆر چاکە ، ئەگەر خیریشی پیوە نەبی ، بەشمشیرەکەی خۆی دەیکوژین ، کە دیت دەرگای لی دەکەنوە ، پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) یەخەی دەگریت و پی دەلی : ها کوری خەتتاب بۆچی هاتووی ؟ کاتی ئەوە نەهاتوە موسلمان بی ؟ لە وە ناترسی ، کە خوا هەورە تریشقەیەکت بۆ بنیریتە خوارەوە ، یاخود ئایەتیکت لەسەر بنیریتە خوارەوە ، وەك ( ابوجهل ) و ئە و زلە زلانەی دی ؟!

( عمر ) دەلی با هاتووم ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) من موسلمان بم ، ئیدی یەکسەر شایە تمانی حەق هیناو پیغەمبەر ( صلی الله علی وسلم ) ( الله اکبر ) دەکاو ، موسلمانە کانیش ( الله اکبر ) بەرز دەکەن، کافرەکان لە سەری شاری ( مککە ) گوییان لی دەبی دەلین : دیارە شتیك قەماوە ؟!

ئا بەم شیوەیە ( عمر ) ( خوا لی رازی بیت ) موسلمان دەبیت .

( عبدالله بن عمر ) لە بابییەوە بۆمان دەگیریتەوە ، دەفەرمووی : کە ( عمر ) موسلمان بوو ، ووتی : کی لە نیو قورەیشیەکاندا قسان بە خیرا یی بلاودەکاتە وە ..؟!

ووتیان : ( جمیل بن معمر الجمحی ) هەرچیەکی بکەویتە بەرزاری بلاوی دەکاتوە ئینجا ( عمر ) چووە لای پی ووت : فلان کەس دەزانیی موسلمان بووم ، یەکەسەر ( جمیل ) عەباکەی راکیشاو هاواری کردو ووتی : ( عمر ) لە دین هەلگەراوەتەوە ، ( عمر )یش ووتی : نەخیر درۆ

ئ

دەکەی بەڵکو موسلمان بووم و چوومە نێو دینی حەقەوە ، ئینجا هیندەی پێ نەچوو کافرەکان و سەرکردە کانی قورەیش بۆ هاتن و ، ئەوان و ( عمر ) لێکیاندا تا دەوروبەی نیوەڕۆیە ، ئینجا ( عمر ) ماندوو بوو ، دانیشت و ووتی : هەرچی دەکە ن بیکەن ، بەڵام وەڵلاهی ئەگەر ( ٣٠٠ ) کەس دەبووین یان درمان دەکردن ،یان دەرتان دەکردین .

ئینجا یەکیك لەسەرۆك هۆزەکان هات و ووتی : ئەوە بەتەمام بیکوژن ؟ئیشی وا نەکەن ،چونکە دوایی ( بنی عدی ) لێتان خۆش نابن !!

ووتیان : ئاخر هەڵگەراوەتەوە. ووتی : دیارە بۆ خۆی دینێکی دیکەی بەدڵە لێ گەڕێن ، ئەوانیش وازیان لێ هێنا ،ئەوپیاوەش ( عاص بن وائل السهمی ) بووە .

هەروەها لە ( حلیه الاولیاء ) و ( صفه الصفوه ) ) داهاتووە کە دە ڵێن : (( دوای ئەوەی کە ( عمر ) موسلمان بوو، ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئایا ئەگەر ئێستا بژین یان بمرین لەسەر حەق نین ؟

پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( بلى وال١ي نفسي بيده إنكم على الحق إن متم وأن حييتم ) واتە : بەڵێ سوێند بە زاتەی ، کە نفسی منی بەدەستە ، ئێوە لەسەر حەقن ئەگەر بمرن یان بژین ...

( عمر ) ووتی : ئەدی بۆ چی خۆ دەشارینەوە ؟! سوێند بەوەی کە تۆی بە حەق ڕەوانە کردووە دەبێ بڕۆینە دەرێ ، ئینجا ( عمر ) لەریزێکەوە و( حمزە )ش لەریزێکی دیکەوە و موسلمانان بە دوو ریز لە خانووی ( ئەرقەم ) وە بەرێکەوتن ، کە ئەوە یەکە خۆ پیشاندانی موسلمانان بوو ، ڕۆیشتن و زۆر بە توندی پێیان لەسەر زەوی دەدا تا خۆڵی بن پێیان وەك ئارد وەرد دەبوو

ئ

،رۆیشتن تا گەیشتنە (کەعبە ) کە موشریکەکان موسلمانانیان بینی و ، زانیان (عمر ) و (حمزە) لە پیشەوەن ، زۆر نارەحەت بوون ، بە ئەندازەیەك کەت نارەحەتی وایان نەبینی بوو ، لەو رۆژە شەوە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ناوی لە ( عمر ) نا (الفاروق) ..

ابراهيم اصفهاني (حلية الاولياء) ، ابن الجوزي (صفة الصفوة ).

## موسلمان بونی (ابو ذر الغفاري ) -خوا لی رازی بیت -

(ابو ذر الغفاري) یەکیك بوو لە هاوەلە بەریزە کونە کانی پیغەمبەری خوا (صلى الله على وسلم) بەلی : (ابو ذر الغفاري ) پیاویك بوو لە دەشتە کیە کان واتا : (اعرابی ) لە بنی (غە فار ) ناوی ( جوندوبی کوری جەنادەیە ) کە بەناوبانگ بە (ابو ذر الغفاري) .

ئ

هەروەها پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە بارە یەوە دەفەرموو : (( کا اظلت الخضراء ولا اقلت الغبراء من ذي لهجة اصدق من ابي ذر )). صحيح الجامع ( ٥٥٣٧ ).

واتا : تائیستا زەوی نەیگرتووەتە خۆ وە درەخت سیبەری نەکدووە بەسەر راست گۆتر لە ( ابو ذر الغفار )

هەروەها بنی غەفار هۆزیك بوون لە دەرووەی شاری مککە واتە : لە هۆزە دەشتەکی یە کان بوون واتە : ( اعرابی ) بوون ئەم هۆزە چە تەو ریگر بوون خەلکیان رووت دە کردەوە بە تاییە تی ئە و کە سانەی دە هاتن بۆ شاری مککە یان بۆ حەج کردن ، لەریگا دا ریان لی دە گرتن و رووتیان دە کردنەوە .

لە دوو ریوایەتدا ابو ذر الغفاري بۆمان دە گیریتەوە کە چۆن موسلمان بووە

ریوایەتی یەکەم : دەفەرموویت : ( من پیاویك بووم لە بنی غەفار پیمان گەیشتبوو کە پیغەمبەریك ( خوای گەورە ) ناردوویەتی لەشاری مککە ، پیاویکە کە پیغەمبەرایەتی خۆی رادە گەیەنیت منیش بە براکەمم ووت ). اخرجه : البخاری ( ٣٥٢٢ )

لە یوایەتیکی تردا ( ووتم ، وەرە سورابە برۆ بۆ ئەو شیوە واتە : ( شاری مککە ) هەوالی ئەو پیاوەم بۆ بهینەوە کە پرو پاگەندەوە بانگەوازی پیغەمبەرایەتی دەکات ، کە پیغەمبەر هەوالی لە ئاسمانەوە بۆ دیت ، برۆ گوی بۆ قسەکانی بگرە و پاشان هەوالە کەم بۆ بهینەرەوە ...

ئینجا براکەم کەوتە ری تاگەیشتە ئەو پیغەمبەرە ، کە گەرایەوە لیم پرسی و ووتم : چی بوو ؟ ووتی : وەللاهی پیاویکم بینی فەرمانی بە چاکە دەکرد و ریگەی دەگرت لە خراپە ، وە خۆرەوشت جوانی بلاو دەکردەوە قسە کانی هیچی لەشیعر ناچیت ، منیش پیم ووت: هەر ئەمەیە وەلامەکەت ؟ وەللاهی وەلامی چاکت بۆ نەهیناومەتوە ، منیش گۆچانیکم هەلگرت لەگەل توورەگەیە و مشکۆلە یەك ئاو بەرەو شاری مککە کەوتمە ری چووم ، بەلام پیغە مبەر

ی

(صلی الله علیه وسلم ) نەدەناسی وە نەشم دەویرا لە کەس پرسیار بکەم ، لەوی لەبیری زەم زەم لام داو ئاوم خواردەوە و لای کەعبە و لەوی بووم تاکو شەوم بەسەر داهات ئیمامی علی ( خوا لی رازی بیت ) بە لامدا تیپەری وپیی ووتم : ئەلی ی پیاویکی غەریبی ؟ منیش ووتم : بەلی ، ووتی : دەبا بچینەوە مالەوە ، منیش لە گەلیدا چوومەوە نە ئو هیچ پرسیاریکی لی کردم و نەمیش دەمویرا ! هیچ پرسیاریکی لی بکەم و هیچی بۆ بگیرمەوە کە بایانیم لی بووە وە مالئاوایم لی کرد و چوومە وە بۆ لای کەعبە بۆ ئەوەی یەکیکم دەست کەویت کە چۆن پرسیاری لی بکەم کەسیش پی ی نەدەوتم چی یەو لە کوی یە ؟ تکو شەوی دووەم بە و شیوەیە بەسەردا هاتەوە دیسان ئیمامی علی هاتووو میواندار ی کردمەوە وە رۆژی سی یەمیش هاتە وە سەیری کردم من هەر لە جی ی خۆمم پی ی ووتم : ئوە چی یە ؟ ئەلی هەر غەرییت ؟ ووتم : بەلی ، کە تیپەری بەلامدا ووتی : باشە ئەم پیاوە نازانی جیگە ی خۆی لە کوی یە وە بۆ چی هاتووە ؟ منیش ووتم : نەخیر ، ووتی : وەرە لە گەلم دا منیش لە گەلیدا رۆیشتم و چوومە مالەوە ، پی ی ووتم : ئەری باشە تۆ چیت ؟ و بۆ چی هاتوویت ؟ و چی تۆی هیناوە تە ئیرە ؟ منیش ووتم : ئە گەر لای کەس باسی نەکەیت من بۆت ئەگیرمەوە بۆچی هاتووم ... یان لەریوایە تی کی تردا ئەگەر تۆ پە یمانم بدەیتی ئەوەی من دەمەویت بۆم بدۆزیتەوە ئینجا منیش پیت دەلیم بۆ چی هاتووم، ووتی: باشە چیت دەویت منیش ئەوەت بۆ دەکەم ، منیش ووتم : وام پی گەیشتووە کە پیاویك بانگەوازی پیغەمبەرایەتی دەکات ئا لیرەدا پەیدابووە ، منیش براکەم نارد بۆ ئەوەی قسەی لەگەلد بکات گەرایەوە هەوالیکی بۆ نەهیناوم وەمنیش پیم خۆش بوو خۆم بیناسم و بزانم کی یە ..؟

ئیمامی علی فەرمووی: جیگەی خۆتت دەست کەوتووە کە بۆی هاتووی راست دەکەیت بەلی ئەوە پیغەمبەری خوایە وەمنیش انشا الله دەچم بۆلای ئەو ( ئەفرموویت ) کە بە بیانیمان لی بووە وە ووتی : دوام کەوە بەر هەر شوینیکدا رۆیشتم دووربە دوور دوام کەوە بەدامدا وەرە ئەگەر من یەکیك لە کافرانم بینی کەبترسم یە خەت پی بگریت و بلیت ئەوەچی دەکەیت لیرە ، من یەکەسەر دەچمە لای دیوارەکەوەنەعلەکانم دادە نیم بۆ ئەوەی بزانیت کە خەریکی چاکردنی

ئ

نەعلەکەمم تۆش بزانە ئەوە یەکیکە لە کافرەکان و لی دوور بکەرەوە  واتە : خۆت بشارەوە  ، ئەفرموویت : بەم شیوەیە رۆیشتم بەدوایدا هەتا لەگەلیدا چوومە ئەو شوینەی کە  پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تیابوو ئینجا چوومە خزمەتی و پیم ووت : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئیسلامم پی رابگە یە نە ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئیسلامی پی راگەیاندم وە هەر لەوی دا دەست  بە جی موسلمان بووم ، کە موسلمان بووم ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (( ابو ذر ، موسلمان بوونی خۆت ئاشکرا مەکە ، وبگەریرەوە  بۆ ناو هۆزەکە ی خۆت کە  پیت گەیشت ئیمە خوا گەورە شکۆمەندی کردووین و بە دەسەلاتین ئە و کاتە بگەریرەوە لامان )).

لەیوایەتیکی تردا ئەفەرموویت : پی ی فەرمووم ( بگەریرەوە بۆ نا و کە س و خزمانت و هەوالی منیان پی بگەیەنە هەتا من هەوالت بۆ دەگیرمەوە  ، منیش ووتم : سویند بەوەی کە تۆ بەحەق ناردووە تا هیزم هەبی بەئاشکرا بە گوییاندا ئەدەم  کە من موسلمان بووم هەر ئەو رۆژە هاتم بۆلای کەعبە  و قورەیش هەموویان  لەوی دانیشتبوون ، منیش رووم کردە هەموو سەر کردەکان کە لەلای ( دار الندوە ) ( مەلە ء ) ی بەرامبەر کەعبە دانیشتبوون ووتم : هۆ کۆمەلانی قورەیش من شایەتی  دەدەم کە هیچ خوایەك نی یە تەنها ( الله ) نەبیت وە محمد ( صلی الله علیه وسلم ) پیغمبەری خوایە ، ئەبو زر ، ئەفەرمووی : هەر هە موویان هەستانەوە بۆ ووتیان : هەستن بۆ ئەم بی ئاینە ئینجا هە موویان  ئەوەندەیان لیدام تا وایان لی کردم کە خەریك بوو بمرم ..؟!

ئەفەرموویت : ئە مەندیان لی دام تاکو عەباس  گەیشتە سەر  و خۆی دا بەسەرم دا و رووی کردە ئەوان  و ووتی : مالتان ویران بیت ئەمە  پیاویکە لە بنی غەفار ، واتە : لە بنی غیفارە چۆن دەتوانن والی لی بکەن ئیوە ریگەی بازرگانی یە کەتان لە لای بنی غەفارە ئەمەش  پیاویکە لەغیفار بۆ وای لی دەکەن ؟! ئەفەرموویت : یەکسەر لیم دوورکەوتنەوە بۆ بەیانی دیسان چومەوە بەردەمیان بە هەمان شیوەش عەباس لەولاوە بوو هاتەوە خۆی دایە وە بە سەرمدا و ئە

ئ

**مانی لی دوور خستمەوە ووتی : مالتان نەشیوی ئە مە لە بەنی غەفارە کاروانەکانتان بەلای ئەماندا تیپەریت بۆ ولی دەکەن ئەفەرموویت ئیتر لیم دوور کەوتنەوە .. )**

**اخرجه : البخاری ٣٨٦١.**

**موسلمان بوونی ( حوصەینی کوری عوبەیدی خوزاعی ) -خوالی رازی بیت -:**

**حوصەین کە ( باوکی عیمران کوری حصین ) یەکیك بوو لە هەرە پیاو ماقول و ناوداری هۆزی خی بوو ، پیاویکی گەورە ناوردا بوو ، هە روەها پیاویك زادا و داناو دیار بوو ، قورەیش ناردیان گفتو گەیەك ئە نجام بدا لە گەل پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەبارە بە م ئاینەی کە پیی هاتووە ، تا ئەوە بووە هۆی موسلمان بوونی ، هاوەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه**

ئ

وسلم ) . ( عمرانی کوری حوصین ) ( خوا لی رازی بیت ) ده فەرموویت : قورەیش هاتنە لای (حوصین ) و بە گەورەیان دەزانی و پیییان ووت : بۆ گفتو گۆمان بۆ بکە لای ئە پیاوە کە بەخرا پە باسی خواکانی ئیمە دە کات ( عمران ) دەلیت : لەگەلیدا هاتم تا نزیکیان کردەوە لە مالی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە پیغەمبەری خوا هات بۆ لای فەرمووی : ( اوسعوا للشیخ ) واتە : ( جیگە ی ئەم پیاوە بەتەمەنە ناودارە بکەنەوە ) ( عمران ) و هاوەلانی تر کە موسلمان بوون هەموویان لەوی بوون ( حوصین ) سەرەتا ووتی : ئا ئەمە چی یە پیمان گەیشتووە لەلایەن تۆوە کە بەخرا پە باسی خواکانمان دەکەیت ئەی محمد ؟ عبدالمطلب چاکتر بوو لە تۆ ؟ بۆ خزم و هۆزە کەی خۆی ( عبدالمطلب ) جگەر و پیوی دەرخوارد دەدان و بەلام تۆ سەریان دەبریت ؟ پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموو : ( یاحصین کم تعبد من اله ) واتە : ئە ی حوصین تۆ چەند خوا دە پەرستیت ؟ ووتی : حەوت شەشیان لە زەوی یەکیان لە ئاسمان ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی: (( فإذا أصابك الضر من تدعو )) واتە: ئەگەر تووشی زیانیك هاتیت هاوار لە کامیان دەکەیت ؟ حوصین ووتی : هاوار لەوەیان دەکەم کە لە ئاسمان دایە ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (( فإذا هلك المال من تدعو )) ...؟!

واتە : ئەگەر پارەت نەما هاوار لە کامیان دەکەیت ؟ حوصین ووتی : هاوار لەوەیان دەکەم کە لە ئاسماندایە ، پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : تەنها ئەوەی ئاسمان هەمووشتیکت بۆ جی بەجی دەکات ، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەوانەی زەویش هابەش دە کەیت لە گەلیدا ؟! ئایا رازی دەبیت کە سوپاسیان بکەیت یان لەوە دەترسیت کە ئەو خوایانەی زەویش زال بن بەسەرتدا ؟ حوصین ووتی : ئەوان هیچیان نیە ، حوصین دەلیت : زانیم کە ئەم پیاوە

ئ
وەکو هیچ پیاویکی تر نیە  کە من قسەم لەگەلدا کردبیت دوای ئەوەپی ووتم : ئەی حوصین موسلمان ببە سەلەت دەبیت ؟!

ووتم من کە سو هۆزەکم هەیە ، حوصین دەلیت  : وتی ئەوە ویستم برۆم ووتم :چی بلیم ؟ پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم فەرمووی : ( اللهم قني شر نفسي واعزم لي على ارشد امري ) واتە: بلی  خوایە پەنام بدە ی لەشەری نەفسی خۆم  وە جیگیرم بکەیت لە سەر چاکترین رەفتاری خۆم ،  حوصین رۆیشت و هیشتا موسلمان نە بوو بوو ، دوای ماوەیەك موسلمان بووپاشان گەرایەوە و ووتی : ئە ی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم )  من هاتم بۆلات و پیم ووتی : فیرم کە ، تۆش ئەو ووتەیەی پیشووت : فیر کردم ،  ئیستا  موسلمان بووم چی بلیم ؟ پییغەمبە ر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : بلی خوایە  پەنام بدە ی لە شەری نەفسی خۆم و جیگیرم بکەیت لە سەر چاکتریت رەفتاری خۆم ، وەلە گوناهانەشم خۆش بە کە  پەنامە کی و بە ئاشکرا و بە هەلە و ئەنقەست و بە زانین و بە نەزانین ئە نجامم داوە ) ) .اخرجە : احمد ٤/٤٤٤ .ابن ابی شیبە ( فی المنصف ) ١٠/٢٦٧ ، والتبرانی ( فی الکبیر ) ٣٥٥١ .

## پە یمانی نووسراوی ستەمکارانە و هەلوەشاندنەوەی نوسراوە ستەم کارانەکە

بەلی بی گۆمان ئاراستەی بارو دۆخە کە گۆرانی بەسەردا هات قورەیش هەر بەردەوام بوو لە دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) چەندین جار ئازاریان داو هەولی کوشتنی شیان دا ، بەلام هەر سەری ن گرت ، وە بەردەوام هەولی و بەرگری کردنی ( ابوطالیب ) مامی وە  پاراستنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە موشریکانی قورەیش ، وەهەر

ێ
وەها موسلمان بوونی ( حمزەی کوری عبدالمطلب ) مامی ،و( عمری کوری خطاب ) ئە م دوو پیاوە ئازاو بە جگەر لە پشت بوو ، کە لە گەل ( ابوطالیب ) مامی ، بەلی لە ماوەیە کی کورتدا چوار رووداو رویاندا ئەویش موسلمان بوونی ( حمزە ) و پاشان ( عمر ) و پاشان رەتکردنەوەی سازشی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) لە موشریکانی قورەیش پاشان هاتنە دەنگی نەوەی عبدالمطلب ، بە موسلمانە کان و کافرانەوە بۆ پاراستنی ژیانی ئازیزمان وە بەرگری لی کردنی ، بەلی موشریکە کان سەر سام بوون ، بەم رووداوانە نا حەقیشیان نەبوو ، چونکە خۆیان دە یان زانی ئە گەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله وسلم ) بکوژن خوینی دە کە تە ئە ستوی ئەوان لە دە ست ( بنی هاشم و بنو عبدالمطلب ) رزگاریان نابی ، هەروەها خوینی هە موویان لە شیوە کە ی شاری مککە دا دەرژیت ، هەروەها موشریکانی قورەیش بیریان لە شتیکی تر کردە وە ، ئەویش پە یمان نامەی ستەم دەست دریژی ببەستن ، ئەوەبوو قورەیش لە ( ضیف ) ی ( بنی کنانە ) لە شیوی ( المحصب ) کۆبونەوە و پە یمانیاندا دژ بە( بنی هاشم ) و ( بنو عبدالمطلب ) دا کە ئیتر لە مەودوا نە ژن و ژنخوازی و ، نە کرین فرۆشتن ، و هاودمی کردن هاوا هەنگی کردن ،تیکەلاوی بوون ، هاتووچۆو کردن ، و وە قسەیان لە گەلدا نەکەن ، هەتا پیغەمبەریان تەسلیم نەکەن بۆ کۆشتن ، لەبارەیەوە پە یمان نامەیەکیان نووسی چەند بەلین و پە یمانی تیدا بوو کە هەرگیز هیچ جۆرە سولحیکیان لە گەلدا نە کریت ، بە زەیان پیایاندا نە یەتەوە ، هە تا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) تسلیم دەکەن بۆ کوشتن ...

( ابن قیم ) دەفەرموویت ( دەلین ووتراوە کە ( منصوری کوری عکرمە ی کوری هاشم ) نووسیویەتی ، و ووتراویشە کە ( نضری کوری حارث ) نووسیویەتی بەلام قسەی راست ئەوەیە کە دە لین : ( بغیض کوری عامري کوری هاشم ) نووسیویەتی ، پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیە وسلم ) دوعای لی کردووە ، هەر دوو دەستی ئیفلیج بوون .زادالمعاد ٢/ ٤٦ .

ئ

هەروەها ئەم پەیمانە تەواو بوو ، بەسترا وینەیە کی بە دیواری ناوەوەی کەعبەدا هەلواسرا ، هەموو (بنی هاشم ) و (بنوعبدالمطلب ) بە کافرو موسلمانەوە لایەنگر بوون جگە لە (ابولهب ) بۆ یە هەموویان لە سیوی (ابوطالب) دا سەرەتای شەوی مانگی محرم سالی حەوتەمی پیغەمبەرایە تی بەندی کران .

بەلی لە دوای ئە پەیمان نەی کە بەستیان (٣) ئابلوقەیان خستە سەر ( ابو طالب ) هەمووئاو خۆ راکیان نەما ، موشریکەکان نەیان دەهیشت هیچ خۆراك و کرین و بازرگانیە بیتە مککە و نەیکرن ، هەتا وای لیهات زۆریان بۆ هات کەوتنە خواردنی گەلای دار گیاو گۆر

حە کیمی کوری حوزام پیدە چوو گە نمی پی بیت بۆ خەدیجەی پوری ، جاریکیان (ابوجهل ) هاتە سەر ری ولی نەدەبووەو نەیدە هیشت تا (ابو البختری ) کەوتە نیوانیان و یارمە تیدا گە نمە کە بۆ پوری ریت .

(ابوطالب ) زۆر لە گیانی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دەترسا ، بۆ یە کاتیك خەلك بەرەو خە وتن دەچوون ئەو شوینی خۆی لە گەل پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دە گۆری بۆ ئە وە ئەگەر کەسیك بیت بۆ کوشتنی با ئەو ببینیت ...

بەلی (٣) سالی رە بەق بەم شیوە یە بوو ، بۆ ئازاردانی ئیماندارا ، وە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە مانگی موحەرم بوو سالی دەهەمی پیغەمبەرایەتی دا بوو روودا وی هەلوەشاندنەوەی پەیمانە نوسراوە کە ی موشریکانی قورەیش روویدا بەلی سالی دە هەمی پیغەمبەرایەتی دابوو ، هەندیك لە کافران پی رازی بوون هەندیکیش پی رازی نەبوو ، بۆیە

ئ

لە کاتەدا بوو کە هەولی هەلوشاندنەوەی نووسراوە کە یاندا ، ئەوەی بەم کارە هەلسا (هشامی کوری عمری ) کە لە بنی عامری بن لوی ) بوو ، شەوانە خواردنی بە دەنهینی بۆ دە بردن بۆ شیوە کە ، هەر ئەم پیاوە چووە لای (زهیری کوری ابی امیه الخزومی ) دایکی (عاتکە ) کە کچی (عبدالمطلب ) ، پی ووت: ئە زهیر ، من بەتنهام چی بکەم ، وەللاهی یەك پیاوم ترم لەگەلدا بوایە ئەو نووسراوەم ئەدراند ، وتی من پیاویکم دۆزیە وە وتی کی یە ؟ ووتی : منم !! واتە : زوهیر ، لەو کاتەدا زوهیر ووتی : کە واتە پیاوی سی یەم بدۆزەرەوە ..

چووە لای (ابو البختری کوری هشام ) چی وو تبوو بە (مطعم ) بەویشی ووت : ووتی : جاکەس هەیە هاوکاری ئەم کارە بکات ؟

ووتی: بەلی ، ووتی کی یە ؟

ووتی: (زوهیر ) و (مطعم ) کوری (عدی ) و منیش لە گەلتدام ، ووتی پینچەم مان بۆ پەیدا بکە ؟ چووە بۆلای (زمعە ) کوری (اسود ) کوری (المطلب ) ی کوری (اسد ) قسەی لە گەلدا کردو باسی خزمایەتی و مافەکانی بۆ کرد ، پی ووت: ئایا بۆ ئەو کارەی من بۆ بانگ دەکەی کە سی تر هە یە ؟ ووتی : بەلی . وە ناوی ئەوانەی تریشی برد ، ئینجا لە (الحجون ) کۆ بوونەوە و ، پە یمانیان بەست لە سەر هەلوەشاندنەوەی پەرەی نووسراوە کە و ، زوهیر ووتی : من دەست پی دە کەم و یەکەم کەستان دەبم بۆ ئەو کارە ، بۆ رۆژی سەبەینی کەچوونە یانەکانی خۆیان ،زوهیر هاتەدەرەوە ملوانکە یە کی لە ملدا بوو ، حە وت جار توافی کرد بەدرەوەی کەعبەدا ، پاشان رووی کرد خەلك ووتی : ئە ی خەلکی شاری مککە رەوایە برۆن ، نەکەس شتیان پی بفرۆشیت و نە کەس شتیان لی بکریت ...؟!

وەللاهی دانا نیشم هەتاکو ئەو پەرە نووسراوە ستەمکارە داوبراوە نەدرینرین !! ئەوە بوو (ابوجهل ) کە لە گۆشە یە دا دانیشتبوو ووتی : درۆ ئە کەیت !! وللاهی نابیت بدریت ، (زومعە هەلیدایەو ووتی : وەللاهی (ابوجهل ) تۆ درۆ دە ئە کەیت ، ئیمە رازی نەبووین

ێ
بنووسین ئه په یمان نامه‌یه کاتیك نووسراوه ، ئینجا (ابو البختری) ووتی : (زومعه ) راست ئه کا ، ئیمه رازی نه‌بووین به‌وه‌ی تییدا نوسراوه و دانی پیدا نانین .

(مطعم) ووتي : ئیوه راست ئه کەن ، هه ر که‌سیکیش وه ئیوه نه‌لیت خۆی و ئه‌وه‌ی نووسیویه‌تی ده‌دینه ده‌ست خوا . (ابو جهل ) ووتی : ئه‌مه کاریکه به‌شه‌و تگبیری بۆ کراوه ، له شوینیکی تردا پرس و رای له‌سه‌ر کراوه ، (ابوطالیب ) له لایه که‌وه دانیشت ببوو ،چووه لایان چونکه خوای گه‌وره هه‌والی دا بوو به پیغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم ) که‌په‌ری نووسراوه که چی لیهاتووه و ، چۆن خۆره‌ی بۆ ناردووه‌و ، هه‌رچی باسیکی تیدایه له سته‌م و دابرینی په‌یوندی خزمایه‌تی و زۆردایی خواردوویه‌تی جگه له‌باسی خوادی گه‌وره ، ئه‌م هه‌واله‌ی دا به مامی (ابوطالیب ) هه‌ستاو چوو بۆالی قوره‌یش و هه‌والی پیدان که‌برازاکه‌ی ئه‌وه ئه‌وه‌ی فه‌رمووه : ئه گه‌ر درۆی کرد ئیمه‌لاده‌چین خۆتان چاری بکه‌ن ، ئه‌گه‌ر راستیشی کرد ده‌بیت له سته و دابرینه پاشگه ز ببنه‌وه پاشه کشه بکه‌ن ، ووتیان: به‌راستی به‌ویژدانیت.پاش ئه‌وه‌ی گفتوگۆ له‌نیوان : ئه‌و کۆمه‌ل و (ابوجهل ) جا به‌رجه‌وام بوو ، (مطعم) هه‌ستا نوسراوه که بدرینیت ، سه‌یری کرد رۆژ هه‌مووی ره‌ش کرد دۆته‌وه جگه له وشه‌ی پیرۆز نه‌بیت ( باسمك اللهم ) وه هه‌رچیه ناوی خودای له‌ناو بووبیت ره‌شنه کرا بۆ وه ، پاشان په‌ری نووسراوه که هه‌لوه‌شیندرایه‌وه و ، پیغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم ) و ئه‌وانه‌ی له شیوه که‌دا له گه‌لی بوون هاتنه ده‌ره‌وه‌و ، موشریکان نیشانه‌یه کی گه‌وره ی پیغه‌مبه‌ریتی محمد ده‌یان بینی (صلى الله عليه وسلم ) ..؟!

به‌لام هه‌ر وه‌کو (خوای گه‌وره ) ده‌فه‌ر موویت :﴿ وَإِنْ يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُسْتَمِرٌّ وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُسْتَقِرٌّ﴾ القمر ٢-٣ .واتا: خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌وتنه هه‌ر موعجیزه و به‌لگه یه ك ببینن پشت هلده که‌ن و ده‌لین : ئه‌مه جاوویه کی به‌رده‌وامه .حه‌قیقه‌ت و راستی به درۆده‌زانن و شوینی ئاره‌زووه‌کانیان که‌وتوون ، له کاتیکدا خه‌مووشت تواو ده‌بیت و ، هه موو کاریك کۆتایی دیت و دنیا ته‌واو ده‌بیت وه به به‌رپابوونی قیامه‌ت له‌نگه‌ر ده‌گریت .

ئ

**صحيح البخارى باب نزول النبى بمكه ٢١٦/١ وباب تقاسيم المشريكين على نبى ٥٤٨/١ ،**

**زاد المعاد ٤٦/٢ ، سيره ابن هشام ٣٥١-٣٧٤-٣٧٧ .**

## چەند موعجیزە یەك لەسەردەستی پیغەمبەر ﷺ روویدا

**موعجیزە كانی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەگەنە هەزار موعجیرز وەك لە لای زانانی ئاینی ئیسلام چەسپاوە . كليات رسائل النور: ٢/ المكتوبات :١١٤ لبديع الزمان سعيد النورسى .**

ئ

جا لیره دا پیمان خۆشه چه‌ند موعجیزه یه‌ك بخه‌ینه به‌رچاوی خوینه‌ری به‌ریز .. بۆ زیاتر ئاشنا بوون به ناسینی رۆشنایی چاومان ئازیزمان سه‌رووه‌رمان ، خوینه‌ری ئازیز بۆ زیاتر ئاشنا بوون به موعجیزه کانی پیغه‌مبه‌ری رۆشنایی چاومان ( صلى الله عليه وسلم ) سه‌ردانی کتیبی ( موعجیزاتی ئه‌حمدیی ) بکه ن واته له مه‌کتووبی ۱۹ کتیبی ( المكتوبات :۱۱۱_۲۵٦ لبديع الزمان النورسی ، که زیاتر له ۳۰۰ موعجیزه ی له خۆ گرتووه .

یه‌کەم : موسلمان بوونی ته‌میمی داریی :

له کتیبی دلائل نبوه ( ابی نعیم ) تخریجی کردووه ، له ته‌میمی داریه وه ، ده‌گیریته‌وه ، ده‌لیت : کاتیك پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وه‌حی بۆ هات من له شام بووم ، ئه‌وه بوو بۆ ئیش و کاریکی خۆم ده‌رچووم و شه‌و به‌سه‌ردا هات ، ووتم : ئه‌م شه و خۆم ده خه‌مه پانای گه‌وره ئه شیوه‌وه ، ئه‌لیت : کاتیك که راکشام بۆ خه‌وتن ، گویم له له ده‌نگیك بوو بانگی ئه کرد ، به‌لام نه‌بینی : په نا به خوا بگره ، چونکه جیننی له حزووری خوا دا ئه‌وو بی شه‌رمی یه ناکه‌ن و په‌نای هیچ که‌سیك نادەن ، ووتم : سویند به خوا ! ئه‌لییت ...

ووتی : پیغه‌مبه‌ری ئوممی یه کان ( عه‌رب ) پیغه‌مبه‌ری خوا ده‌رکه‌وتووه و ، له حه‌جوون له دوایه‌وه نویژمان به جی هینا و ، موسلما ن بووین شوینی که وتین و ، فروفیلی جینن تیا چوو و ، ئه‌تیسره‌ی کشاویان تی گیرا .. برۆ بۆ لای محمد ی پیغه‌مبه‌ر ( صلى الله عليه وسلم ) ( رب العالمين ) و موسلمان ببه . ته‌میم ئه‌لیت : که‌رۆژم لی بوویه و ه چووم بۆ گوندی ( دیر أيوب ) و ، له‌وی پرسیارم له راهیبیك کرد و ، هه‌واله که‌م پی دا ، و له حه‌ره‌میشه‌وه کۆچ ئه کات و

ئ

، چاك ترینی پیغەمبەرانە ، نە کەی هیچ کەس پیشت بکەوی بۆ لای ، تەمییم ئەلیت : هەولم ئەدا بەسەر شا و گردا سەر بکەوم ، تا ئەوەبوو گەیشتمە خزمەتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم موسلمان بووم . فی البدایه والنهایه۲/ ۳۵۰ .

دووەم : شیری مەرە نەزاوەکە :

ئیمامی احمد لە (ابن مەسعوود وە ) تەخریجی کردووە ، دەفەرمووی : (( مەرم بۆ (عوقبەی کوری ئەبو موعەیت ) ئەرەوەلاند پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە گەل (ابو بکر صدیق ) (خوا لی رازی بیت ) بەلامدا تیپەریان کرد و ، فەرمووی : ((یاغلام ! هل من لبن )) فەرمووی : رۆلە ! شیرت لەلا هەیە ؟ منیش ووتم : بەلی ك بەلام پیم سپیرراوە . فەرمووی : (( فهل من شاة لم ینز علیها الفحل ؟ )) . فەرمووی : ئەی مەریکت بەلاوە نیە کەبرانی نە گرتبی ؟ منیش مەریکم بۆ هینا و ، دەستی بە گوانیا هینا و ، شیر هاتە خوارەوە و ، دۆشی یە ناو دەفریك ، خۆی لی خواردەوە ، و دەرخواردی (ابو بکر صدیق ) دا و ، پاشان بە گوانە کەی فەرموو : (اقلص )) فەرمووی : وەرەوە یەك ، ئەویش هاتە وە یەك ، عبدالله ئەلیت : پاشان هاتمە خزمەتی ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لەم فەرمایشتەم فیر بکە .

( کەشیری پی دیتە ناو گوانەوە ) ئەلی : دەستی بەسەرم دا هینا و ، فەرمووی : ( یاغلام ! یرحمك الله ،فانك علیم معلم ) فەرمووی : رۆلە گیان ! (خوای گەورە ) رەحم سۆزی برژینی بەسەرت دا ، دوایی فیر ئە بیت .

هەر بەم مانایە وە بیهقی تخریی کردووە تیدا ئەلیت: منیش گیسکیکی میچکەم بۆ هینا و ، گرتی و ، پاشان دەستی بە گوانی هیناو دوعایی کرد و ،(ابو بکرصدیق ) قاپیکی بۆ هینا وشیری دۆشی یە ناوی و دەرخواردی (ابو بکر ) دا پاشان خۆیشی خواردیەوە .

شرح حیاە الصحابە ٤/ ٤٩٣-٤٩٤ ، و فی البدایه والنهایه٦/١٠٦ .

سی یەم : دوعای گرانیی :

ئ

قورەیش زۆر  نالەبار بوون ، چونکە بەچاوی خۆیان هەلویستی جوانی پیغەمبەر و هاوەلانیان ئەدیی و ، ریك وپیکی قورئانی پیرۆز سەرنی هەموویانی راکیشا بوو و ، لەم لاوە کە سانی ژیر و بە سەلیقە ئە هاتن  و بەچەند ساتیکی کەم لەراستگۆیی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) و پاکی دینە کەی ئە گەیشتن و ئیمانیان ئە هینا، کە چی قورەیش  هەر ملە جەرەیان ئە کرد و ، ئازاری ئیمان دارانیان ئەدا ، تا ئەوە بوو جاریکیان پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دوعای لی کردن و ، فەرمووی : (( اللهم أعني عليهم بسبع كسبع يوسف )) فەرمووی : خوایە یارمە تیم بدەی تا بەسەریاندا زا ببم ، بەوەی کە حەوت سال گرانی یان ، بە وینەی حەوت سالە  گرانی یە کەی یوسف  پیغەمبەر (سەلامی خوای لی بیت ) تووش بکەی . ئەوە بوو بەم دوعایە  ( خوای گەورە ) یەك سال گرانیی هینا بەسەریانا کە ئەوەبوو شتی بیس و مردارەوەبوو وئیسقانیا ئە خوارد ، هە تا هی وایان هەبوو لە برسان دا شتیکی وەك دووکەلی لەنیوان خۆی و ئاسمان دا ئە بینی، پاشان (ابوسفیان ) و لە گەل چەند پیاویکی خزمی هاتنە خزمەتی پیغەمبەری خوا (صلی اللہ علیه وسلم ) ووتیان: ئەی محمد تۆ وای ئە گەیە نی کە بە شیوەی رەحمەت رەوانە کراوی ، کە چی وا خزمە کانت تیا چوون ، لە خوا بپاریرەوە بۆیان ، ئەوەبو پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دل پر رەحم و شەفەقەت بۆیان پارایەوە و ...!!

( خوای گەورە ) ش گرانی یە کەی لە سەر لابردن و بارانیان بۆ باریی و ، حەوت رۆژ لە سە ر یەك بارانی رۆریان بۆ باریی ، بە رادەیەك کە خەلکەکە بەدەست بارانی زۆرە وە هاواریان لی هەلسا ، پیغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (اللهم حوالينا ولا علينا ) ئەوە بو هەر وك لەسەریا رەویەوە،بەلی باران بۆ خەلکە کە باری (خوای گەورە ) ش ئاماژەی بۆ کردووە دە فەرموویت: ﴿فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ  يَغْشَى النَّاسَ هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ  رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ  أَنَّى لَهُمُ الذِّكْرَى وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُبِينٌ ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَجْنُونٌ  إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلًا إِنَّكُمْ عَائِدُونَ﴾ الدخان ١٠-

ئ
١٥ . كه چی بت پەرستان گەرانەوە سەر گومرای خۆیان و کوفریان دە کرد ئیمانیان نەهینا ، (خوای گەورە ) هەرەشەی گەورەی لی کردن فەرمووی : ﴿يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنْتَقِمُونَ﴾ الدخان ١٦. ئەم هەرەشە یەش هەرەشە بوو لە ژیانی دونیا وەك غەزای بەدری گەورە یان لە رۆژی قیامەت حیساب کتاب ، الله یعلم .

سیره النبویه لابی شهبه :١/٣٨٧-٣٨٨ .

## سالی لە دەست دانی ئازیزە کانی پیغەمبەری خوا ﷺ

بە داندنی نووسراوە ستەمکارانە کە خەم و مەینەتی و برسیتی لە کۆل (بنی هاشم ) و (بنی عبدالمطلب ) کەوتن ، پیغەمبەری خوا باری سەر شانی سووك بوو و ، کاروباری شاری مککە ئاسای بوویەوە ، بەلام ئەوەبوو دوو رووداوی گرنگ روویان دا ، هەر دوو کی شیان بوونە مایە ی خە مو خەمناکی و پەژارە یەکی زۆر بۆ پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) .

ێ

بەلی پاش گە مارۆ ئابووریە کە قورەیش بە سەر موسلمانان ، وە هەر وەها دراندنی پەری پەیمانە قیزەونە کە ، موسلمانان پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) ئاهیکیان هاتوە هەناسەیەکیان هەلمژیی و لە و هە موو ئازارو ئەشکەنەیە ی کە قورەیش بە سەریاندا هینا بوو ، بەلی پاش ئەوەی موسلمانان و پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) قۆناغیکی ١٠سال پر لە رووداوی گەورەی بەری کرد ، هەر لە ماوەیە دا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوو رووداو کارە سات و مەینەتی بەلای گەورە ی تووش هات کە ئەوانیش : مردنی ( ابو طالب ) مامی خوشەویست و پاریزەری و پال پشتی و داکۆکی کەری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ، وە مردنی هاوسەری خۆشەویستی خاتوو ( خەدیجە ) دایکی ئیمانداران ، ئەم دوو رووداوە خەمناکە زۆر کاریگەی لە سەر دە روونی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دا هەبوو ، بۆیە لە سەردە مە دا کە دە سال بەسەر پیغەمبەرایە تی دا تیپەری بوو لە سالی ١٠ یە می پیغەمبەرایەتی دا بوو ، ئەم دووئازیزەی لە دەست دا تازە پەیمانە نووسراوە کە ی قورەیش دراندرا بوو ، کۆتایی پی هاتبوو ، شاری مککە کە وتەوە باری ئاسایی خۆی لە رووی ئابووری برسیە تیە وە ، بەلام ئەوە بوو کە دوو زیدە ئازیزی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کۆتایان بە ژیانیان هات و کۆچی دوایان کرد .

## یەکەم : کۆچی دوای ( ابو طالب )

ئەوە بوو ( ابو طالب ) کە وتە جیگە وە نەخۆشی بەرۆکی بەر نەدا و ، زۆری پینە چوو کۆچی دوای کرد ، لە مانگی رەجەبی سالی دە هەمی پیغەمبەرایەتیدا بوو ، پاش شەش مانگ لە هاتنە دەرەوەی لەشیوە کەی مککە واتا لە ئابلوقەدانی قورەیش لە رووی ئابووری برسیەتی ، وە ووتراویشە لە مانگی رەمەزاندا بووە پیش وەفاتی خاتوو خەدیجەی هاوسەری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەسی رۆژوە فاتی کردووە .

ئ

لەصحیح بوخاری دا هاتووە لە (المسیب ) وە : (( کاتیك ( ابو طالب ) کەوتە جیگەوە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) چووە لای (ابوجهل ) لەلای دانیشتبوو ، فەرمووی : مامە بلی : ( لا اله الا الله ) بە م شویە یە دوای لی خۆش بوونت بۆ بکەم لەلای خودا ، ( ابو جهل ) و ( عبدالله ) کوری ( امیە ) ش دەیان ووت : ( ابو طالب ) ئایا لە ئاینی ( عبدالمطلب ) بەشیمان دەبیتەوە ؟ وازیان لی نە هینا هەر قسەیان لە گەل دا دەکرد تا دوا وشەی پی وتن : لە سەر ئاینی ( عبدالمطلب ) پیغەمبەر یش ( صلی الله علیه وسلم ) دوای لی خۆش بوونت بۆ دە کە م هە تا لیم قەدەغە نە کریت ، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ( خوای گەورە ) دەفەموویت : ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ التوبه ١١٣ . صحیح البخاری باب قصه ابی طالب ٥٤٨/١.

بەراستی (ابو طالب ) وەك قەلایە ك بوولە پشتی کە بانگەوازی ئاینی ئیسلامی پی دەپاراست و ، لەشالاوی گەورەی بی عەقلی قورەیش بە دووری ئە خست و ،هەروەها وەك پەرژینیك بۆ پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وابوو ، هەروەها چواردەوری پیغەمبەری دەدا بەرگری لی دە کرد و ، لەسەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) توورە دە بوو نەی دە هیشت زیانی پی بگات لە لایەن قورەیشە کانەوە بە بەرگریە کی سە خت و وە ك دیواری ك وا بوو بۆی بەرەنگاری موشریکانی قوریش دە بۆ وە لەسەر پیغەمبەری ئازیز مان ...

بی گومان (ابو طالب ) یەکیك بوو لە هەرە دلسۆزە کانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەردەوام پەنای دەدا و پاریزگاری لی دە کرد بە هەمو ۆریك پشت و پەنای دە کرد ، بەلام (ابو طالب ) باوەری بە پەیامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نە بوو ، کە چی هیچ کاتیك دژایەتی نە کرد و ، بەلکو پال پشتی بوو ..ئیمامی علی ( خوا لی رازی بیت ) خۆی بۆمان دەگیریتەوە و دەفەموویت : (( کاتی (ابو طالب ) مرد هاتم بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە پیم ووت: مامە پیرە گومراکەت کۆچی کرد کی بیشاریتەوە ؟ پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : برۆ بشارەوە هیچ مەکە تا دیتەوە بۆلام ، منیش ووتم : لە سەر هاوتا بریاردان مردووە ؟ فەرمووی : برۆ بیشارەوە ، ئینجا رۆیشتم شاردمەوە

ێ

و هاتمەوە بۆلای و پیی ووتم : برۆ خۆت بشۆرەوە هیچ نەکەیت تا دیتەوە لام ، منیش چووم خۆم شت وهیچم نه کرد تا هاتمەوە بۆلای پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئینجا هەندی دوعای بۆ کردم کە لام خۆ شە ویستر بوو لە ووشترە سوور و رەشە قەلە وەکان )) . اخرجه : النسائی ١١٠/١ ، ابو داود ٣٢١٤، بیهقی ٣/١-٤-٥.بەلی لە پاداشتی ئەو هەمووچاکەیەی ( ابو طالب ) کە کردی سەبارەت بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە بەرگری و بەگژ دا چوونەوەی کافرانی قورەیش و دوژمنکاریە کانیان بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وە سەرەرای شیعرە وانە کەی کە بەناوبانگە بە ( القصيد اللاميه ) کە لە مەدحی پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دا داینا بوو ، لەشعیرەکاندا بە خراپی باسی هاوبەشی پەیدا کارەکان دەکات لایەنی چاکەی موسلمانان باس دە کات ، وە دووپاتی دەکاتەوە کە محمد راستگۆیە و هەرگیز درۆی نەکردووە بۆ یە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) تکای بۆ دە کات لە رۆژی قیامەت دا کە سزاکەی لەسەر سوك بکریت : ( عباسی کوری عبدالمطلب ) برای ( ابو طالب ) بە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ووت: ئایا هیچ سودیکت بە ( ابو طالب ) گەیاندووە چونکە ئەو یارمەتی دەدایت و تورەدەبوو لە پیناوی تۆدا؟ پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( نعم وجدته في غمرات من النار فأخرجته الى ضحضاح من النار ) واتە :بەلی دۆزیمەوە لە ناوەراستی دۆزەخ دا بوو من دەرم هینا بۆ لای تەنکایی و قەراغی ئاگری دۆزەخ ). اخرجه : مسلم فی صحیح( ٥١٠ ).

## دووەم : کۆچی دوای ( خەدیجەی کچی خوەیلد )

پاش کۆچی دوایی ( ابو طالب ) مامی بە دوومانگ یان سی مانگ لە گەل بوونی جیاوازی رای زانایانی سیرە ، بە لی دایکی ئیمانداران خاتوو خە دیجە ی هاوسەری پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کۆچی دوای کرد ، بەلی کۆچی خاتوو خەدیجە لە مانگی رەمەزانی سالی دەهەمی پیغەمبەرایەتی دا بوو ، ئە و کاتە تەمەنی خاتوو خەدیجە ٦٥سال بوو ، پیغەمبەریش تەمەنی ٥٢سال بوو.

ئ

بەراستی کۆچی خەدیجە (خوا لی رازی بیت ) کاریگەریە کی زۆر  توندو بەهیزی لەسەر پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دا بە جی هیشت ، چونکە هەر ئەو بوو لە تەنگانە ترینی کاتیدا پشتی گرت ، هەر وەك ئەلین لە پشت هەر پیشە وایەك یان سەرکردە یە ك ژنیك هەیە وەك قەلا لە پشتیە تی ، بەلی خاتوو خەدیجەیارمەتی دەری پیغەمبەری خوا بوو لەبلاو کردنەوەی پەیامەکەی زۆر بە جوانی و ریك وپیکی ، خاتوو خەدیجە بەژداری خۆشی و ناخۆشیە کانی دە کرد ، بەمال و دەروونی خۆی لە گەلیدا بوو ، دلنەوای ئەکرد و دلی دەدایەوە لە کاتی ناخۆشیە کان هەبەسەری دە هات بە دەست موشریکانی قورەیشەوە ، بەلی لە کاتی تەنگەشە و ناخۆشی و نارەحەتی لە پالیدا بوو ، بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك بەیەکەوە لە گەلیدا هەلگری ئیش و ئازارو فرتوفیلی دوژمنانیانی قورەیش بوون ، بەلی کۆچی دوای خاتوو خەدیجە لە گەورەترین ئەو بلاو کارە ساتانە بوو کە بەسەر پیغەمبەر دا (صلی الله علیه وسلم ) هات ، بەشیوەیەك کۆچی دوایی خاتوو خەدیجە کاری کردە سەر ژیانی ، بە دریژایی ژیانی هەر باسی دەکرد وپییایدا دەگوت ، چاکە و باشە و فەزل و ریزی بۆ خەلکی روون دەکردوە ، لە خاتوو عائیشەوە –خوالی رازی بیت – دەفەرموویت : (( كان النبي -صلى الله عليه وسلم- إذا ذكر خديجة أثنى عليها فأحسن الثناء، قالت فغرتُ يوماً فقلت: ما أكثر ما تذكرها، حمراء الشدق قد أبدلك الله عز وجل بها خيراً منها، قال: ما أبدلني الله عز وجل خيراً منها، قد آمنت بي إذ كفر بي الناس، وصدقتني إذ كذبني الناس، وواستني بمالها إذ حرمني الناس، ورزقني الله عز وجل ولدها إذ حرمني أولاد النساء )) . اخرجه : احمد .

دەفەرموویت ( پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەگەر باسی خەدیجەی بکردایە بە باشترین پیاهەلدان پییادا هەلدەگوت ، دەلیت : رۆژیك غیرەت گرتمی (چۆن دوو خیزان هەمیشە بەرامبەر یەك غەیرەیان هەیە ) ووتم : ئای کەچەندە زۆر زۆر باسی دەکەیت ە روومە ت سووریك بوو خوا بەباشترین و چاکتر بۆی گۆریت ، فەرمووی : خوا بە باشتر لەو بۆی نەگۆریوم (خیزانی باشتر لەوم نە بووە ) بەراستی ئەو ئیمانی پی هینام کاتیك خەلکی بی باوەر بوو ن پیم ، بە راستگۆی زانیم کاتیك خەلکی بە درۆزنیان دەزانیم ، بە مال و سامانی خۆی دەلدەی دام کاتیك خەلکی بیبەشیام کردم (خوای گەورە لە مندالی پی بە خشیم کاتیك منالی لە وژنانی تر پی نەداوم )) .لە ( ئە بوو هوریرەوە ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت

ئ

: ((أتى جبريل النبي صلى الله عليه وسلم، فقال: يا رسول الله، هـذه خديجة قـد أتتت، معها إناء فيه إدام أو طعام أو شراب، فإذا هي أتتك فاقـرأ عليها السلام من ربها، وبشرها ببيت في الجنة من قصب و لا صخب و لا نصب)) رواه البخاري .

واته: جوبرەئيل هات بۆ لام ووتى : ئە ى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوە خەديجە يە هات ، بەرداخيكى پييە خواردن يان خواردنەوەى تيدايە ، جا ئەگەر هات لات لەلايەن پەروەردگاريەوە سەلامى لى بكەو مژدەى پى بدە لە دارقاميش و نەى لە بەهشتان كە نەژاوە ژاوەى تيابى ونە ماندوو بوونيش.

هەروەها (ابن اسحاق) (خوا لى رازى بيت) دە فەرموويت : (ثم ان خديجة بنت خويلد و ابا طالب هلكا في عام واحد فتتابعت على رسول الله (صلى الله عليه وسلم) المصائب بهلك خديجة وكانت اة وزير صدق على الاسلام يشكو اليها .. . وذلك قبل مهاجره بثلاث سنين ..)).

سيرة نبوية ابن هشام ٢/٢١٤ .

واته: دوايى (خديجە بنت خويلد) و (ابو تاليب) لە ساليكد كۆچى دوييان كرد ، بە وشيوەيە بلا لەسەر بلا بۆ پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم) بەردەوام بوو ، كە خەديجە وەزيريكى زۆر چاك بوو بۆى ، زۆر جار پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەردە دلى خۆى لاى خەديجە ى هاوسەرى دەكرد .

هەروەها پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) لە بارەى خەديجە وە دەفەرموويت : (( خير نسائها مريم وخير نسائها خديجه )) . رواه البخارى فى صحيح ٣٨١٥ .

ئ

**واته: چاكترين ئافرەتانی رۆژگار خۆی مەريم بووە ، وە خەديجە چاكترينی ئافرەتانی رۆژگاری خۆيەتی .**

**لە ( ابن عباس ) وە دەفەرموويت : (( پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) چوار هيلی كيشا لە زەويداو ئينجا فەرمووی ئە زانن ئە چوار هيلە چين ؟ ووتمان : خوا و پيغەمبەری خوا باشتر دەزانن . فەرمووی : ( افضل نساء اهل الجنة خديجة بنت خويلد ، و فاطمة بنت محمد ، و مريم بنت عمران ، و اسية بنت مزاحم امراءة فرعون )) .واتە : چاكترين ئافرەتی ئەهلی بە هەشت خەديجە ی كچی خويلد ، و فاتمەی كچی محمد ، و مريمی كچی عمران ، و اسيای كچی مزاحم خيزانی فرعونە )). اخرجە : احمد فی المسند ١/٢٩٣ .**

**بەلی دوای كۆچی دوای ( خەديجە كچی خويلد ) پاش ماوەيەك ( عائيشەی كچی ابو بكری صديق ) مارەكرد، بەلام نەی گوازيەوە ، دواتر ( سودەی كچی زەمعەی ) مارە كرد و گوازتيەوە ، پيش ئەوەی عائيشە بگوازيتەوە ...**

## خوازبينی كردنی خاتوو ( عائيشە ) بۆ پيغەمبەری خوا ﷺ

**لە ( عائيشە ) وە ( خوا لی رازی بيت ) بۆمان دە گيريتەوە دەفەرموويت : ( كاتيك خەديجە وەفاتی كرد ، ( خولەی كچی حكمی كوری ئەوقس خيزانی عثماني كوري مضعون ) هاوەلی پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بوو ، لە مككە بە پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ووت ئەی پيغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ژن ناهينيت ؟ پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : كی ؟ ئەويش ووتی : ئە گەر ويستت لی يە كچ هەيە وە ئەگەر ويستت لی هەبی**

ئ

ژنیش هەیە ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : کچە کە یان کی یە ؟ ووتی : کچی خۆشەویسترین دروست کراوە لای تۆ ، عائیشەی کچی ( ابو بکرە ) پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئە ی ژنە کە کی یە ؟ ووتی : سەودەی کچی ( زمعە ) یە کەباوەری پیت هیناوە و شوینت کەوتووە لەسەر ئە و باوەرەی کە تۆ لەسەر یت ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموو : برۆ خوازبینی هەردوو کیانم بۆ بکە ، خەولە ئەلیت : چووم بۆ مالی ( ابو بکر ) ئوم رومانی دایکی عائیشە لە مال بوو پیم ووت : ئەی ئوم رومان ئای لە و دەرگا خیرو بەرەکەتەی کە بە رووی ئیوەدا کراوەتەوە ئەوە تا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) منی ناردووە بۆلاتان تا خوازبینی عائیشە بکەم ، ئوم رومانیش ووتی : خۆزگە دەخوازم بەلام جاوەریکە تا ( ابو بکر ) دە گەریتەوە ، ئەوە بوو ( ابو بکر ) گەرایەوە و ( خەولە ) پی ی ووت:ئەی ( ابو بکر ) خوای گەورە چ دەرگایەکی خیرو بەرەکەتی بەرووداکردویتەوە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ناردوومی تا خوازبینی عائیشە بکەم ، ( ابو بکر ) ووتی : ئایا بۆی دەشیت چونکە عائیشە کچی براکەیەتی ؟ ئەفەرموویت : ئەویش گەرایەوە بۆلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە قسەکەی ( ابو بکر ) بۆ پیغەمبەر گیرایەوە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی:( برۆرەوە بۆلای و پی بلی تۆ برامی لەئیسلام دا ئەویش دەشی بۆمن )

خەولە : ئەلی : چوومەوە بۆ لای ( ابو بکر ) قسەکەی پیغەمبەری خوام ( صلی علیه وسلم ) پی راگەیاند ، وە ( ابوبکر ) ووتی : با پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) تەشریف بهینیت ))

اخرجه : احمد ٦/٢١٠-٢١١ ، والتبرانی فی الکبیر ٢٣/٢٣ .

لە ریوایەتیکی تردا دەفەرموویت : (( دوای ئەوە ( خەولە خیزانی عثمانی کوری مضعون ) رۆی بۆ لای ( سەودەی کچی زمعە ) پی ووت : ئای سەودە خوای گەورە چ خیرو بەرەکەتیکی بە رووداکردونەتەوە ؟ سەودە ووتی :چی بوو ؟ خەولە ووتی : پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ناروومی بۆلای تۆ خوازبینیت بکەم ؟ ئەویش ووتی : خۆزگە دەخوازم بەلام بچۆ بۆلای باوکم

ئ

و ئەوەی بۆی هاتووی پی رابگەینە ؟ دەفەرموویت : باوکی پیاویکی بەسالاچووی پیر بوو نەیدەتوانی هەتا بچیت بۆ حەج ،خەولە  دەفەرموویت : چوومە ژوورەوە وسلاوم لی کرد بە سلاوی جاهیلانەی خۆی وە ئەویش ووتی : ئەوە کی یە ؟ ووتم خەولەی کچی حەکیە ووتی: ها چیت دەویت ؟  خەولە دەلیت ووتم : ( محمد کوری عبدالله ) ناروومی بۆلای تۆ تا ( سەودە ) ی بۆ خواز بینی بکەم ، خەولە ئەلی : ئەویش ووتی : هاوشانیکی بەریزە هاوریکەت دەلی چی ؟ خولەش ووتی : پی ی خۆشە ، باوکی سەودەش ووتی : دەبچۆ بۆم بانگ بکە ، خە ولە ئەلی : منیش چووم بۆم بانگ کرد و پی ووت : کچە کەم ( محمد ی کوری عبدالله کوری عبدالمطلب ) دەیەویت خواز بینیت بکات ، محمدیش پیاویکی هاوشانی بەریزە  پیت خۆشە  مارەت بکەم بۆ محمد ؟ ئەویش ووتی : بەلی . باوکی سەودەش ووتی : دەبچۆ محمدم بۆبانگ بکە ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هات و باوکی رازی بوو، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) سەودەی مارە کرد و گۆزیەوە )).اخرجه : احمد ٢٥٧٦٩ .

دەگیرنەوە دە لین : ( سەودەی کچی زمعە ) هاوسەری ( سکرانی کوری عمر ) بوو ، ( سەودە ) لە شەویکدا خەونیك دەبینیت ، دەلی : ئامۆزا لە خەوەکەمدا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بینی ( قد وطي عنقي ) تفسیری ئەم خەوەم بۆ بکا ...

سکرانی کوری عمر ئەلی : خەونەکەت راستە ئەی( سەودە ) من دە مرم تۆش دەبیتە هاوسەری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) . سیره ابن هشام ،فی سیره اعلام النبلاء ب٢ .

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەسالی ١٠ پیغەمبەرایەتی دا ( سەودەی ) مارە کرد ،سەودە بەخۆ بە هاوسەرەکەی کۆچی دووەمی یان کرد بۆ حەبەشە هاوسەرەکەی نەگەرایەوە بەنەخۆشی وەفاتی کرد ناوی ( سکرانی کوری عمر ) بوو.

ئ

## چوونی پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) بۆ شاری ( طائف )

کاتیك پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فشاری زۆری لەسەر قورەیشیەکان زۆر لە گەلی خراپ و زالم و ستەم کار بوون ، بەلی پیغەمبەر ی خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بیری کردەوە کە ئەو بانگەوازو پەیامە بەریتە دەرەوەی مککە ، بۆیە لە گەل ( زیدی کوری حارثە ) کە کردبووی بە کوری خۆی ، بەرەو شاری ( طائف ) بەری دە کەوی ، هەلبەتە بە دلشکاوی و بە دلیکی پرلە خەمەوە ، بەلام بەدلیکی خەفەتبارترەوە دە گەریتەوە بەرەو شاری مککە دوای ئەوەی کە لە شاری ( طائف ) ( ١٠ ) رۆژی پی دە چی . وەك لە سیرە ابن هیشام دا هاتووە ئەوا باس دە کات بۆمان دەفەرموویت : ( دوای ئەوەی ( ابو طالب ) ی مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم

ێ

) وەفاتی کرد ، کافران و قورەیشە موشریکەکانی شاری مککە ، ئازارو ئەشکە نجەیەکی زۆری پیغەمبەری خوایان داو، بە هەلیان زانی و ئازارە کەیان زیاتر کرد بۆی ، لەئە نجامدا پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه‌وسلم ) لە گەل (زیدی کوری حارثە) رۆیشت بەرەو شاری (طائف) بۆ ئەوەی دوای یارمە تی لە بنی (ثقیف) بکەن ، کە جیدی قورەیش زولی لی نەکەن ، ئەوەبوو پیغەمبەر چوو بۆ لای سی برایان کە ئەو کاتە ریش سپیانی شاری (طائف) بوون ، ئەم سی برایە ئەمانە بوون (عبد یالیل بن عمرو بن عمیر )، (مەسعودی بن عمرو بن عمیر ) ، ( حبیب بن عمرو بن عمیر ) بوون ، پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە لای ئەوان دادەنیشیت و قسەیان بۆ دەکات ، بانگیان دە کات بۆ ئیسلام ، وە دوایان لی دە کات کە یارمەتی بدەن و پشتی بگرن ، بەلام وەلامیکی زۆر نەفامانەی دەدەنەوە ، یە کەمیان : (عبد یا لیل ) کەبرا گەورەیان بوو ، دەلی : (هو يمرط ثياب الكعبة ، ان الله ارسلك ! ) واتە :

(من پەردەی کەعبە بدرینم ، ئەگەر خوا تۆی ناردبی ) وا دیارە لە م سەردەمەدا دراندنی پەردە ی کەعبە زۆر کاریکی خراپ و یان زۆر شتیکی گەورە بووە ، قسە کەی (عبد یا لیل ) وادەگەینی واتا : تۆ راست ناکە ی خوا تۆی نەناردووە !!...

برای دووەمیان دەلیت : ( أما وجد الله احد يرسله غيرك ؟! ) واتە : ( ئەوە خوا کەسی دیکەی دەست نەکەوت بینیری تۆ نەبی ؟! ) بەلی بی گومان ئەمەش قسە یەکی زۆر ناخۆش بوو ، بە مانەی ئەوە دە گەینی یانی (تۆ لە هەموو کەس خراپ تری )) .

برای سی یەمیشیان دە لیت : (والله لا أكلمك أبدا ، لئن كنت رسولا من الله كما تقول ، لأنت أعظم خطرا من ان أرد عليك الكلام ، ولئن كنت تكذب على الله ما ينبغي لي ان اكلمك ) واتە : سویند بەخوا یەك ووشەش قسەت لە گەل ناکەم ، چونکە لە دوو حالان بەدەر نیە ، یان وەك بۆ خوت دەلی رەوانە کراوی خوای ، ئەگەر رەوانەکراوی خواش بی تۆ لەوەی گەورە تی ، کەمن قسەی تۆ بەرپەرچ بدەمەوە ، ئەگەر بەناوی خواوە درۆبکەی ، ئەوە بۆ من شایستە نیە ، کە قسە لەگەل کەسیك بکەم بەناوی خواوە درۆ بکات ! ).

ئ

پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموویت : ( مادام واتان کردو وەلامەکەتان ئاوا بوو ، ( کە ئەوە هەر وەلام نیە ) با ئەو هەر لەلای خۆتان بیت و باسی مەکەن ، چونکە پیغەمبەر ( صلى اللہ عليه وسلم ) کە لە شاری مککە وە هاتووە ، دوای لە دەستدانی هەردوو پشتیوانی دەرەکی و نیوەکی ( ابوطالب و خديجة ) وە لە دەست زولم و سە تمی قورەیشە کان هاتوە بۆ شاری ( طائف ) ئەگەر ئەو هەوال بگاتەوە قورەیش زیاتر دژایەتی دەکەن و پیی دەلین تۆ لە هیچ شوینیك قبوول ناکریی و ....هتد ، کە چی ئەوانە لە جیاتی ئەوەی وەلامەکەیان بشارنەو ، هەموو خەلکیان لەوە تیگەیاندو مندال وپیاو و خەلکی نەفامیان تیبەردا ، کە بە دوای بکەون جنیوی پی بدە و بەرد بارانی بکەن ، بە لی لەم کاتەدا رۆشنایی چاومان پەنای بردە بەر شاری ( طائف ) خەلکە کەی و سەرانی هۆزی ثقيف چ وەلامیکیان دایەوە ، وە چ کاردانەوەیە کیان دەر حەق بە پیغەمبەری خو( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلە بەریزە کە ی ( زیدی کوری یحارثە ) کردو چ جۆرە هەلویستیکی قیزەونیان نواند ...

لە( محمدی کوری کەعبی قورضي ) بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلى الل عليه وسلم ) پی نا خۆش بوو کە ئەم هەوالە بگاتەوە شاری مککە و خزم و کە س و کاری قە ومە کەی خۆی ، بەلام خەلکە کەی شاری ( طائف ) وازیان نەهینا و نەفام و کۆیلە کانیان خستە دوای پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و جوینیان پی دەدا و هاواریان لی دەکرد هە تا خەلکا نیکی زۆر یان لی خر کردەوە و بەدوای دا کەوتن تا پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم بە نا چارانە رووی کردە ، باخچەکەی ( عوتبەی کوری ربيعه ) و ( شیبەی کوری ربيعه ) واتا : دوو دوژمنی سەر سەختی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوون لە شاری مککە ، کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چووە ناو باخە تریکە یانەوە ئینجا نەفامەکانی بنی ( ثقیف ) کە دوای کەوتبوون گەرانەوە ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چووە ژیر سیبەری میوەکەیانەوە وە هەردوو کورە کەی رەبیعە واتە :( عوتبە و شیبە ) تەماشای پیغەمبەریان( صلى الله عليه وسلم ) دەکرد کە کۆیلە کانی بنی ( ثقیف ) چی دە کەن

ئ

بەرامبەری کاتی پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) لە ژێر سێبەری میوەکەدا ئارم بوو کەمێك حەوایەوە .. لەریوایەتیکی تردا دە فەموویت : ئەم دوعایە ی کردو فەرمووی : ( ئە ی پەروەردگارلاوازی و بی دەسەلاتی و فیل نەزانی و سوکیم لە لای خەلکان تەنها لای تۆ دەکەم کە بە بەزە یترین خاوەن بە بەزەیە کانی ، تۆ خاوەنی چەوساوەکانی و خاوەنی منی بۆ لای کیم دەنێریت بۆلای دوژمنیك کە رووم لی گرژ دەکات یان دوژمنیك کە کاری منت کردووەتە ژێر فەرمانی ئەو ، ئەگەر تۆ هیچ تورە نەبیت لەمن ئەوا من هیچ باکم نی یە ، بەلام سەلامەتی تۆ فراوانترە بۆ من ، پەنا دەگرم بەو نوری روەت : کە هەموو تاریکایەکی لە روودا رووناك کردۆتەوە ، و دونیا کۆتایی لەسەر چاکراوەکە لەوەی تورەبوونی خۆتم پی بگە یەنیت یان رقی خۆتم پی بگەیەنیت جی ی خۆیەتی گلەیت هەبیت تا رازی دەبیت وە هیچ توانا و دەسەلاتم نیە تەنها بە پشتیوانی تۆ نەبیت .. ) .

اخرجه : احمد ٣٣٥/٤، والطبراني في الكبير ٤٣٥/٢ ، الطبراني في التاريخ ٨٠/١ ، ابي نعيم في دلائل . خوینەری بەریز ئەم فەرموودەیە ضعیفە لاوازە .

بە لی دوای ئەوەی دوو کورەکەی ربیعە واتە: عوتبە و شیبە ) بینیان پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )چی بەسەر هاتووە بەزەیان بۆی بوو، ئینجا خزمەتکاریکی گاوری واتا نصرانی یان هە بوو ، خزمەتکارە کەی خۆیان بانگ کرد کە ناوی ( عەداس ) بوو پییان ووت : ئەو ووشەیە تریە بکەرە سەر ئە و دوو گەلایە و ببیە بۆ ئەو پیاوە کە لەویدا دانیشتووە با بیخوات ، ( عەداس ) چوو لە بەردەمی پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دا داینا و پی ووت: بیخۆ ؟ پیغەمبەر دەستی بۆ بردوو فەرمووی : ( بسم الله ) ئینجا خواردی ، ( عەداس ) تەماشای پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ی کردو پی ی ووت: وەلاهی ئەم ووشەیە هیچ کەسیك لە خەلکەکانی ئەم وولاتانە نایلین ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : تۆ خەلکی کام وولاتی ؟ ئەی ( عەداس ) و ئاینت چی یە ؟ ووتی : من گاورم یان نصرانیم و خەلکی نەینەوام واتا موصل ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : گوندە کەی پیاو چاکەکە ( یونس کوری مەتا ) ؟ ( عەداس ) ووتی : تۆ چۆن دەزانی یونس کی یە ؟ پیغەمبەر ( صلى الله

ئ

عليه وسلم ) فەرمووی : ئەوە برامە پیغەمبەر بووە منیش پیغەمبەرم، ( عەداس ) کە وتە ماچ کردنی دەم و چاوی پیغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ) هەر دوو دەستی و هەردوو قاچی ماچ کرد ، وە دوو کورە کەی ربیعە واتە: ( عوتبە و شیبە ) لە دووورە وە چاویان لی بوو کە( عەداس ) چی دەکات یە کیکیان بەوی تریانی ووت: ئەوەخزمەتکارە کەمانی تیك دا ، کاتی ( عەداس ) گەرایەوە بۆ لایان پییان ووت : مالت ویران بیت ( عەداس ) ئەوە چی بوو تا دەستی ئەو پیاوەت ماچ کرد ؟ ( عەداس ) ووتی : گەورەم لەسەر زەویدا پیاوی واچاکتر نیە شتیکی بۆ گیرامەوە کە تەنها پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نەبیت نایزانیت ؟ ووتیان : ( عەداس ) مالت ویران بیت دوورت نەخاتوە لەئاینی خۆت چونکە ئاینی تۆ لە دینی ئەو چاکترە ... )) .

اخرجه : ابن هشام فی السیره رقم ۲۹۹، البیهقی فی دلائل نبوه ۲/۴۱۵ .

لە( خالیدی عدوانی )یەوە دە گیرینەوە کە فەرموویەتی : (( بینیم پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )خۆی دا بەسەر گۆچانیکدا یان کەوانیکەدا لە رۆژهەلاتی سەقیف کاتی کە هاتبوو بۆ لایان بۆ ئەوەی پشتگیری لی بکەن ، وە گویم لی بوو لە و کاتەدا سورەتی الطارق ئایە تی (۱) ﴿وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ﴾ ی دەخویندوە ئەوای کرد ، ئینجا خالید دەفەرموویت : من لە زەمانی نەفامیدا ئەم سورەتەم لەبەر کرد کە موشرك بووم وە لە ئیسلامیش دا خویندم دوای ئەوەی کە ئەمەم گوی لی بوو کەسانی سەقیفی خۆم هاتن بۆلام ووتیان : چیت گوی لی بووە لەو پیاوە منیش ووتم : گویم لی بوو کە ئەوەی خویندی و منیش هەموویم بەسەر ئەواند خویندەوە و یەکیك لەویدا کە خەلکی شاری مککە بوو ووتی : ئیمە چاکتر دەزانین کە ئەم هاوەلە مان چی یەو چی نیە ئەگەر بمانزانیایە ئەو کارە راستە شوینی دەکەوتین )).

خوینەری بەریز ئەم ریوایەتە ضعیفةبۆ ئاگارداری تەنها بۆ زانیاریە . اخرجه :احمد ۳۳۵/٤

ئ

له (عائیشه وه ) (خوا لی رازی بیت )دەفەرمویت : (( به پیغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم ) ووت: ئایا هیچ رۆژیك هاتووه بەسەردا سەخت تر بوو بیت له رۆژی غەزای (ئوحد) پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( لقد لقیت من قومك ما لقیت وكان اشد وكان ما لقیت منهم یوم العقبة ، اذ عرضت نفسي علی (ابن عبد یالیل بن عبد كلال )،فلم یجبني الی ما اردت ،فانطلقت و انا مهموم علی وجهي ، فلم استفق الا وانا بقرن الثعالب ،فرفعت راسي ،فإذا انا بسحابة قد اظلنی ، فنظرت فإذا جبریل ، فناداني فقال : ان الله قد سمع قول قومك لك و ماردووا علیك ، وقد بعث الله الیك ملك الجبال لتأمره بما شئت فیهم ، فناداني ملك الجبال فسلم علی ثم قال : (یا محمد ) فقال : ذلك فیما شئت ان شئت ان اطبق علیهم الأخشبین ) فقال النبي (صلی الله علیه وسلم ) (بل أرجو ان یخرج الله من اصلابهم من یعبد الله وحده لایشرك به شیئا ))

.اخرجه : البخاري ٣٢٣١،ومسلم ١٧٩٥،ابو نعیم في الدلائل ٢١٣ .

واتا: ئەوەی تووشم بوو له خزمانی خۆت ئەوە بوو ، بلام سەخترینیان لای من رۆژ عەقەبە بوو كاتی چووم بۆلای كورەكەی (عبد یا لیل ) بۆ ئەوەی خۆمی پی بناسینم بەلام ئەو وەلامی نەدامەوە و منیش به خەفەت باریەوە گەرامەوە و ئاگام له خۆم نەبوو تاكو گەیشتمە لوتكەی (ریوی ) یەكان كه سەرم بەرز كردەوە پەلە هەوریكم بینی به سەرمەوە بوو سیبەرەكەی بەسەرمدا هات تەماشام كرد جبریلی تیایە ،بانگی لی كردم و ووتی : (خوای گەورە) قسەی خزمەكانتی بیست وه كه چیان ووت بەرانبەر به تۆ وه (خوای گەورە) فریشتەی شاخه كانی بۆ لای تۆ ناردووە بۆ ئەوەی كه بەویستی خۆت چی فەرمانیكی پی دەكەیت بەرانبەر خزمانی خۆت تا بۆت جی بەجی بكات ئینجا فریشتەی شاخەكان بانگی لی كردم و سەلامی لی كردم و ووتی : ئەی محمد ئەمە لەویستی خۆتایە ئەگەر ویستت وایە با هەر دوو شاخەكە بینمەوە یەك و له ناویان ببەم ، پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم )

ێ
فەرمووی: نەخێر هیوام وایە کە (خوای گەورە) کەسانێك دروست بکات لە نەوەی ئەوان کە خوا بپەرستن و بە هیچ جۆرێك شەریکی بۆ بریارنەدەین )).

کەواتە : لێرەدا بەراشکاوانە دەردەکەویت کە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چووە بۆ (طائف) وە سە خترین رۆژی سەۆجەم ژیانی ئەو رۆژە بوو لە (طائف) دەر چووە کە ئەوان بەر پەرچیان داوەتەوە . (ابن سعد) دەفەرموویت : ( سەفەرەکەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ (طائف) مانگی شەوال لە سالی (١٠) پیغەمبەرایەتی بوو وە دە رۆژ لە ناو شاری (طائف) دا مایەوە و کەس باوەری پی نەهینا ) کە واتە : سەلمینرا پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چووە بۆ (طائف) وە ك لە ریوایەتە کەی : محمدی کوری کەعبی قرضي بیشوودا هاتووە .

کەواتە: چوونی پیغەمبەری خوا ((صلی الله علیه وسلم) بۆ شاری (طائف) لە شەوال ی سالی (١٠) پیغەمبەرایە تی دا بووە بەرامبەر بە سالی ٦١٩ زاینی دا .

بەلی ، کاتیك چووە بۆ شاری (طائف) خەلکە کە بە شیوەیە وەلامیان دایە وە خەلکی نەفام و هەرزە کارو بی عەقلیان بەدوای کە وتن و هیچ بیریان لە میواندارییە تی خانە خیاتی نە کرد کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سەردانی کردن ، کە چی بە دوای کە وتن بە بەردان و جنیودان و ئازاردانی ئازیزمان ، هەتا کو نەعلە کانی پر خوین بوو، وە (زیدی کوری حارثة) لە گەلدا بوو خۆی دا بەسەریا تاوەکو بەردی پینە کەویت ، ئەوە بوو بەردیك بەسەری (زید ) کە وت سەری خوینی لیهات ، پاشان گەرانەوە بۆ شاری مککە لە گەرانەوەیاندا خۆیان کرد بە باخەکەی کورە کانی رەبیعە (عوتبە و شیبە) ، هەروەها پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) پاش دەر چوونی لە باخەکەی کورەکانی رەبیعە گەرایەوە بۆ شاری مککە ، کە گەیشتە (قرن المنازل ) خوای گەورە جوبریلی نارد بۆ لای ، فریشتە ی شاخەکان لە گەلدا بوو

ئ

، دواتر بەریکەوت بەرەو مككە هە تا گەیشتە شیوی (النخلە ) چەند رۆژیك لەویدا مایە وە لەشیوی (النخلە) دوو جیگە هەیە بۆ هەوارگە خستن باشە کە بریتیە لە ( السیل الکبیر ) و (الزیمە ) ، بەهۆی ئەو ئاو و لەوەرە زۆرەوە کە تیایاندایە ، لە و شیونەی کە تیدا مایە وە (خوای گەورە ) چەند کەسیکی لە جنۆکە یان پەری بۆ نارد ،(خوای گەورە ) لە دوو شوینی قورئاندا باس دە کات ، (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ **الاحقاف ٢٩-٣٠** .

هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا (١) يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَنْ نُشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا﴾**الجن ١-٢** ..

هەروەها ئەم دوو ئایە تە ئاماژە بە مژدی سەرکەوتنی پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم )

(خوای گەورە ) دەفەرموویت :﴿ وَمَنْ لَا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءُ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ **الاحقاف ٣٢** .

(خوای گەورە ) دەفەرموویت :﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّا أَنْ لَنْ نُعجِزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ وَلَنْ نُعْجِزَهُ هَرَبًا﴾**الجن١٢** .

ئ

## گوی گرتنی كۆمەلیك لە جنۆكە بۆ قورئانی پیرۆز

لە ( ابن اسحاق ) وە دە گیریتەوە دەفەرموویت : (( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوای ئەوەی شاری ( طائف ) بەجی هیشت گەرایەوە بەرەو شاری مككە و بی هیوا بوو كە خەلكانی بنی سەقیف پشتگیری لی بكەن كاتی لەریگە لای دایە دۆلی ( نخله ) لە نیوە شەودا ، كە نویژی دەكرد تاقمیك لە جنۆكە كان بەلایدا تیپەرین ، ئەو جنۆكانە بوون كە خوای گەورە باسی دەكات لەسورەتی لاحقاف )) .سیره ابن هشام ٣٢/٢ ،ابو نعیم فی الدلائل ٢٥٩ .

ئە وە بوو هەتا زەمانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) جنۆكە دەیان توانی بچنە ئاسمانە كان بە تایبە تی ئاسمانی یەكە م ، گوی بگرن لە و قسانەی كە فریشتەكان دەیان كرد ، بەلی بە هاتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەم ریگەیان لی گیرا ...

ئ

له ( ابن عباس ) وه دەفرموویت : (( جنۆكەكان بەرز دەبوونەوە بۆئاسمان و گوییان له وەحی دەگرت گەر ووشەیەكیان بەر گوی بكەوتایە نۆ قەسەیان پیوە دەنا واتە : ( ١ ) یەك قسەیان ببیست با نۆ ( ٩ ) قسەیان پیوە دەنا ،ودرۆیان تیكەلاو دەكرد ، ئەوە بووقسە راستە كە راست دەردەچوون بەلام ئەوانەی تر كە بۆ یان زیاد كردبوو درۆ دەردەچوون ، كاتی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نیررا جنۆكە كان شوین دانیشتنەكانیان لی قەدەغە كرا ئەوەیان گیرایەوە بۆ ئیبلیس پی ی ووتن : ئەمەی كە بووە تەنها لەبەر شتیكە كەلە زەویدا رووی داوە ئینجا سەربازەكانی بلاوە پی كرد تا جنۆكە كان بینیان پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) نویژ دەكات لە نیوان دوو شاخدا و گەرانەوە بۆ لای ئیبلیس و هەواله كەیان پی راگەیاند ئینجا ئیبلیس ووتی : ئەمە ئەو رووداوەیە كە رووی داوە )).

اخرجه : احمد ١٧٤/١ ( ٢٩٧٧ ) ، وانسائی فی التفسیر ( ٦٤٦ ) ، والترمزی ( ٣٣٢٤ ) والتبرانی فی الكبیر ( ١٢٤٣١ ) والبیهقی فی الدلائل ٢٢/٢ .

وە هەروەها له ( ابن عباس ) وه دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له گەل چەندین كەس له هاوەلانی هاتن بەرەو بازاری ( عكاظ ) واتە : ( بازرگەی دولی نخله )له و كاتەدا شەیتانەكان ریگەی ئاسمانەكانیان لی گیرا بوو وە پریسكە و شالاوی ئاگریان تیدەگیرا ئەوان گەرانەوە بۆ لای كە سانی خۆیان و ووتیان : وامان لی كراوە كە نەتوانین بەرز ببینەوە و هەوالی ئاسمانە كانمان پی نەگات و شالاوی ئاگرمان تی دە گیریت ، ئەوانیش ووتیان : ئەمەی وای لە ئیوە كردووە كە نەتوانن بچن بۆ ئاسمان و گوی بگرن ،دیارە شتیك رووی داوە برۆن بگەرین بە رۆژ هەلات و رۆژئاوای زەویدا بروانن و بزانن ئە شتە چیە ؟ ئە و تاقمە بەریكەوت بەرەو دۆلی توهامە و بەرەو لای پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لەوی نویژی بەیانی بە هاوەلانی دەكرد ، جنۆكەكان كە قورئان كەیان بەر گوی كەوت وەستان و گوییان بۆ گرت ووتیان : وەلاهی ئا ئەمەیە كەوای لی كردووین نەتوانین گوی بگرین له هەوالی ئاسمان ، ئا له و كاتەدا گەرانەوە بۆلای خزمانیان و هەوالی ئەوەیان پی گەیاندن ووتیا: ئە خزمان ئیمە گویمان لەقورئانیكی سەر سورهینەر بوو كە خەلكان

ئ
رینمویی دەکات بۆ راستی و ئیمە باوەرمان پی هیناوە و بەهیچ جۆری هاوتا بۆ خوای خۆمان بریار نادەین ئەفروویت ) : ئینجا خوای گەورە سورەتی ( الجن ) هینایە خوارەوە :

﴿ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا﴾ **الجن ١** .

بەلی ئەوانەی هاتنەلای پیغەمبەر ( صلى الله عليه و سلم ) ئەو کۆمە لە لە جنۆکە حەوت جنۆکە یان نۆ جنۆکە بوون .

**اخرجه :البخاری ( ٧٧٣ ) و مسلم ( ١٠٠٥ ) والبيهقى فى الدلائل ٢٧٧/٢ .**

لە ( ابن مسعود ) وە دە گیریتەوە دەفەرموویت : (( جنۆکە کان دابەزینە سەر پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتی کە قورئانی دە خویند )).**اخرجه : احمد ١٦٧/١** .

وە لە ریوایەتیکی تردا دەفەرموویت : ( کاتی پیغەمبەری ( صلى الله عليه وسلم ) نویژی عیشای دەکرد لە دۆلی نخلە جنۆکەکان قورئانیان بەر گوی کەوت ووتیان: بی دەنگ بن وە هەموویان نۆ کەس بوون یەکیکیان ناوی ( زوبە ) بوو ، ئینجا ( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە دەفەرموویت : ﴿وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ﴾ **الاحقاف ٢٩** .

لە ریوایەتیکی تردا ( ابن عباس ) دە فەرموویت : ((ئەوانە حەوت کەس بوون لە جنۆکە کانی شاری ( نصیبین ) پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ئە و حەوت جنۆکەی کرد بە نیراوی خۆی بۆ گەیاندنی ئیسلام بە جنۆکە کانی خزمانی خۆیان )) . **اخرجه : التبرانی ( ١٦٦٠ ) ، و ( زاد المعاد ) ٩٦/١ .**

شاینی باسە شاری ( نصیبین ) دە کەویتە سەر سنوری سوریا و تورکیا دایە ئیستا سەر بە دەولەتی تورکیایە ، لە نزیکە لە شاری قامیشلوی سوریا لەسەر سنوورن هەر دوو شار .

ئ

بۆیە (مەسروق) قوتابی ابن مسعودە دەفەرموویت : من پرسیارم لە ابن مسعود کرد ووتم : کی پیغەمبەر ی (صلی الله علیه وسلم) ئاگادار کردەوە لە جنۆکەکان لە شەوەدا کە ئەوان هاتن و گوییان لە قورئان خویندن کەی گرت ؟ ابن مسعود فەرمووی : داریکی (السمر) پیغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) ی لی ئاگادار کردنەوە ) اخرجه : البخاری ٨٥٩ ومسلم ١٠٠١

بی گومان هاتنی نینەرانی جنۆکە هەر ئەم جارە نەبوو بەلکو چەندین جا ر بووە وە ژمارەیان جیاجیا بووە ، هاتوونەتە خزمەت سەروەری مرۆڤایەتی و رۆشنایی چاومان ...

هەروەها (ابن امسعود) دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئیمەی برد و شوینی دانیشتن و جی ئاگر کردنەوە کە یانی نیشان داین وە ئەوانیش لە و کاتە دا دوای خواردنیان لە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کرد بوو پیغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) بە وانی فەرموو: هەموو ئیسکیك کە ناوی خوای لەسەر هینرابیت ئەبیت بە پارچە گۆشتیکی قەڵەو دەکەویتە دەستی ئیوە ، وە هەموو تە پالەیەکی ئاژەڵی موسلمانان دەبیت بە لەوەر بۆ ئاژەڵە کانتان بۆیە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی : بە پاشەرۆی ئاژەڵ و ئیسقان خۆتان پاك مە کەنەوە چونکە ئەوانە خواردنی برا جنۆکە کانتانە ..)) اخرجه :مسلم ١٠٠٦.

هەر وەها لە ( ئەبو هوریرەوە ) بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت: پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی ( پینج شتم پی بەخشراوە کە نەبە خشراوە بە هیچ کەسی لە پیغەمبەرانی پیش خۆم ئەوان بۆ لای کەسانی تایبەتی خۆیان دەنیرران بەلام من نیرراوم

ئ

بۆ لای هەموو دروست کراوەکانی خوا ... وەپیغەمبرایەتیشم پی کۆتایی هاتووە ))

.اخرجه : بخاری ( ٣٣٥٠ ) ومسلم ( ١١٦٣ ) والترمزی ( ١٥٥٣ ) ابن ماجه ( ٥٦٧ )

بە لی بەم شیوە بوو ، گەرانەوەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە شاری طائف کەسی رینویی نەکرد بەلکو لە گەرانەوەیدا کۆمەلیك لە جنۆکەی بانگ کرد بۆ ئیسلام رینمویی کردن ...

هەروەها لە ئیمامی ئەمەوی لەمەغزییە کەیدا دەفەرموویت : ( ئینجا پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم ) ( ئوریقیتی نارد بۆلای ئە خنەسی کوری شورەیق و دوای لی کرد بۆ ئەوەی پەنای بدات ، ئەخنەس ووتی : من هاوپەیمانی قورەیشم هاوپەیمانی ناتوانیت پەنای کەبدات بەرانبەر قورەیش ، پاشان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ناردی بۆلای متعمی کوری عەدی بۆئەوەی پەنای بدات ، ئەویش ووتی : بەلی بچۆ بە محمد بلی : بابیت ، ئەویش چوو پی ی راگەیاند و پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هات و ئەو شەوە لە مالی ئەوان مایەوە ، کە بەرە بەیان بووە وە خۆیی و شەش یان حەوت کورەکەی ( متعم ) چواردەوری پیغەمبەریان ( صلی الله علیه وسلم ) گرت ت چووە لای کەعبە و تەوافی کرد ،ئەوان پاریزگاریان لی کرد و ئاگاداری قورەیشیان کردەوە کە کەس بۆ نیە هیچ لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بکات یان دەست بهینیتە ری ، ( ابو سفیان ) تورە بوو چووە لای ( متعم ) ووتی: تۆ باوەرت پی

ئ

هیناوه یان پەنات داوە ، ( متعم ) ووتی : پەنام داوه ، ووتی : حه قمان نیه بەسەریه وه بەم شێوەیه تەوافی کرد و گەرایه وه ، ( متعم ) دوای ئەوه مرد پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەم چاکەیەی ئەوپیاوه ، قەت لەیاد نەچوو ، ئەوەبوو کاتی باسی حەفتا دەست بەسەرەکه ی غه زای بەدر هاته پێش ئا لەویدا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموو : گەر ( متعم ) زیندووبوایه وقسەی لەگەلم بکردایه و تکای ئازادکردنی بۆ ئەم دەست بەسەره بۆگەنانه بکردایه هەر هه موویانم بۆ ئازاد دەکرد )) البدايەوالنهايه ابن كثير ١٣٧/٣ .

## گەشتی ئیسراو میعراج

( الاسراء ) واته : شەورۆیی ، ( المعراج ) واته : بەرزبوونەوه ، شەورۆیی له ( مككه ) وه بۆ ( بيت المقدس ) بووه ، وه بەرز بوونەوه کەش له ( بيت المقدس ) وه بۆ ئاسمانه کان و پشت ئاسمانه کا بوو ، جا ئەو ڕووداوه گەورەو گرنگه زۆربەی لیکۆلەرەوان و زانایانی ئیسلام له سەر ئەمه رای جیاوازیان هەیه ، له سەر سالی ڕوودانی گشتی ( ئیسراو میعراج )

١-ووتراوه: گشتی ( ئیسراو میعراج ) له یەکەم سالی پێغەمبەرایەتی دا ڕوویداوه ئەمه رای: ( طبريه ) .

٢- ووتراوه: گشتی ( ئیسراو میعراج ) له پینچه م سالی پێغەمبەرایه تی دا ڕوویداوه ئەمەری : ( قرطبي ).

ی

٣- ووتراوە: گشتی (ئیسراو میعراج ) لە شەوی ٢٧ مانگی رەجەبی سالی (١٠) ی پیغەمبەرایەتی دا روویداوە ئەمە رای : ( عەللا المنصور فوری ) ئەمەی پەسند کردووە .

٤- ووتراوە: گشتی (ئیسراو میعراج )پیش کۆچ بە (١٦) مانگ بووە ، واتە: لە رمەزانی سالی ١٢ی پیغەمبەرایە تی دا روویداوە .

٥- ووتراوە: گشتی (ئیسراو میعراج )پیش کۆچ کردن بە سالیك و دوومانگ بووە ، واتە: لە مانگی ( محرم ) ی سالی ( ١٣ ) پیغە مبەرایەتی دا روویداوە .

٦- ووتراوە: گشتی (ئیسراو میعراج )سالیك پیش کۆچ کردن بووە ، واتە: لە (ربیع الاول ) ی سالی ( ١٣ ) پیغەمبەرایەتی دا روویداوە.

٧- ووتراوە: گشتی (ئیسراو میعراج ) لە سالی (١١) یەمی یان (١٢) پیغەمبەرایەتی دا بووە ، واتە: سالیك پیش کۆچ کردن بۆ مەدینە ...

٨- ووتراوە: وەفات کردنی دایکی ئیمانداران (خەدیجە ی کچی خویلد ) هاوسەری پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە سالی (١٠) پیغەمبەرایەتی دا وەفاتی کردوە ، وەفات کردنەکەشی پیش فەرزکردنی (٥) نویژەکە بووە ، وە رای جیاواز نیە لە سەر فەرزکردنی (٥) نویژەکە کە لە شەوی (ئیسرا ) دا بووە .

بە لی بی گومان ئە و رووداوە گەورەو گرنگە سەر سورهینەرە گەورەترین ریز لی گرتنی (خوای گەورە ) و پەروەردگاری تیدایە بۆ پیغەمبەری (صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ئەو هەلو مەرجە سەختە و ، ئەو ئیش و ژانەی ، کە پغیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە ماوەی پیش گشتی ئیسرا و میعراج دا ، چیشتبووی ، بۆ ئە وەی خوای بە بەزەیی دلی بداتەوە دلی خۆش بکات ، بەلی (خوای گەورە ) بەرزو مەزنیش زۆر کار بە جی یە هە رکاتیك بینی یەکیك لە بەندە کانی خۆی تووشی نارەحەتی و ئیش و ئازار دە بیت ، بە شتیك دلی خۆ دەکات و

ئ
پاداشتی نارەحەتیە کەی دە داتەوە ، بی گومان ئەم گەشتە وئەم سەفەرەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) گەورەیە سەر سورهینەرە لە لایە کەوە دلخۆشکەریکی گەورە بوو بۆ پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە لایە کی دیکەشەوە وزە بەر خستن و هیزو توانا تیدا پەیدا کردنی زیاتر بووە بۆ پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) تا کو بتوانی لە قوناغە کانی دوایدا دەوری زیاترو گاریگەر تر ببینی ، چونکە قوناغە کانی کۆچ کردن بۆ مەدینە و ، پاشان دامەزراندی دە ولە تی ئیسلام و ،وە ئەم هە موو جەنگەو غەزاو جیهادەی کە دوای قوناغی دامەزراندنی دە ولەتی مەدینە کردی، قوناغی زۆر سەخت بوون .

ئینجا سەرەتا لەبەر تیشکی چەند ئایەتیکی قورئاندا باسی ئە و رووداوە ی گشتی (ئیسراو میعراج ) دە کەین بە هەردوو قوناغەکەیە وە و دواتریش چە ند فەرموودە یەك باس دەکەین .

(خوای گەورە ) دەفەرموویت ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ الاسراء ١ .

وتا: پاکی و بیگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەورەوی کرد لە بەشیکی کەمی شەودا بە بەندەی خۆی محمد(صلى الله عليه وسلم ) لە مزگەوتی (حرام ، واتە : کەعبە پیرۆزەوە ) بۆ مزگەونی (الاقصى ) لە (بيت المقدس ) کە دەوروبە یمان پیرۆز و پر بەرەکەت کردووە ، تا هەندیك نیشانەو بەلگەی دەسەلاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین ، بەراستی ئەو زاتە بیسەرو بینایە .

هەروەها (خوای گەورە ) دە فەرموویت : ﴿وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَى ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى

ﯼ

مَا يَرَى  وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى  عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى  إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى  مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى﴾ **النجم ١-١٦** .

**واتا: سویند به ئەستیرە كاتیك لە شوینی خۆی دەترازیت و بە خیرایی بەدەبیتەوە و ئاوا دەبیت . هاوەڵ و هاوریی ئیوە محمد (صلی اللە علیەوسلم ) گومراو سەر لی شیواو نەبووە ، لەریگەی راست و رەوان نەترازاوە . قسەو گوفتاریشی ئەوەی كە( قورئانە ) لە ئارە زوو بازی و هەواو هەوەسەوەنیە . ئەمەی كە رای دەگەیەنیت تەنها نیگا و وەحی خوا یە . جوبرەئیلی فریشتە خاوەن هیزو توانای زۆر ، قورئانی فیر كردووە .ئەو جورەئیلە كە خاونی بیر هۆشیكی زۆر بە هیزو دیمەنیكی جوان بوو ، ئینجا لە سەر شیوەی راستەقینە كەی خۆی وەستا .لەكاتیكدا لە ئاسۆی هەرەبەرزو بلندەوە سەری هەلدابوو ، ئاسۆی پر كرد بوو . لەوە ودوا تا دەهات نزیك دبۆوە و سەر ئە نجام هاتە خواروەوە بۆ لای پیغەمبەری خوا( صلی اللە علی وسلم ) ...**

**ئەوەندە لی نزیك بۆ وە نیوانیان بە قەدەر دوو كەوانە یان كەمتریش بوو ،ئینجا خوا لەریگەی ئەوەوە ،نیگای كرد بۆ بەندەی خۆی ، ئا چ نیگایەك بوو !!.ئەوسا ئەوەی كە بە چاوی سەری بینی ، لە ناخ و دەروینەوە بروای پیی هەبوو ، ناخ و دەروونی راستیە كانی بە درۆنەدانی .جا ئایا راستە ؟ ئیوە موجادەلەی لە گەلدا دەكەن لەسەر شتیك كە ئەو دلنیایە لە دیتنی ؟!. سویند بە خوا بی گومان جاریكی تریش لە دا بەزینیكی تردا جوبرەئیلی بینیووە كاتیك هاتووە بییات بۆ شەو رەوی .لە كاتیكدا لە (سدر المنتهی ) دابوو .كە لەویدا بەهەشتی (مروی ) هەیە بە واتای لانەو جیگەی حەوانەوە . كاتیك ئەوەی – سدرە – ی دا پۆشی مەگەر هەر خوای خۆی بزانیت كین و چین و كایان چیە ...**

**هەروەها لە (انس كوری مالك ) وە لە ابو زر الغفاری ) یەوە بۆ مان دەگیرتەوە دەفەرموویت : (( كە پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویە تی : لە مككە بووم سەقفی خانوە كەمان لیك بۆوە (جبریل ) لیهاتە خواری ، سینەی لەت كردم ، وە دل و هەناوو سینەمی بە ئاوی زەمزەم شوردەوە ، دوایی تەشتیكی زیری هینا ، كە پر بوو لە حیكمە تو ئیمان ، هەمووی**

ئ

له نیو سینەی من کرد ، دوایی سینەمی بەیە کەوە نوساندەوە ، پاشان دەستی گرتم بەرەو ئاسمانە کان بەرزی کردمەوە سەری خستم )) .صحيح بوخاری ٢٣٤٢ ، صحيح مسلم ٤١٣ .

هەروەها لە فەرموودە کی تردا (انس ی کوری مالك ) بۆمان دە گیریتەوە چونیەتی بەرز بوونەوە کە ی دە فەرموویت : (( بوراقیان بۆ هینام ، کە ئاژەلیکی سپی دریژە ، لە گویدریژ گەورەترە ، وە لە ئیستر بچووکترە ، سمی لە کۆتایی شوینیك دادەنی ، کە حوکمی چاو دەگاتی ،واتە: هەر بازیکی بە ئەندازەی بینینی چاوە ، کە تەنها خوا دەزانی چاوی چەند حوکم دە کات ، سواری بووم هەتا هاتمە (بيت المقدس ) دوایی (بوراق ) کە بەستەوە بە ئەلقەیەك ، کە پیغەمبەران –عليهم السلام – پییان بەستۆتەوە (دیارە هەموو پیغەمبەرانی دیکەش –عليهم السلام – ئەو سەفەرە ئاسمانییە یان هەبووە ، بەلام مەرج نیە هەموویان گەیشتبنە ئەو شوینەی ، کە پیغەمبە ر(صلى الله عليه وسلم ) پی گەیشتووە )، ئینجا چوومە مەزگەوتی (الاقصى ) دوو رکات نویژم تیدا کردو دوایی چوو مە وە دەر ، دوایی (جبريل ) هات ، قاپیك شەراب و قاپیك شیری بۆ هینام ، قاپە شیرەکەم هەلبژارد ، دوایی بەرزکراینەوە بۆ ئاسمان ، پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) سورای بوراق بوو ، بەلام (جبريل

ئ

) پێویستی بە سواری بوراق نەبووە ، ئینجا ( جبریل ) دوای کرد ، کە دەرگای بۆ بکەنەوە ، ووتیان : تۆ کی ؟ ووتی : جبریل ، ووتیان کێت لە گەڵ دایە ؟!

ووتی : محمد ، وە گوتراوە :ئایا کراوەتە پێغەمبەر ؟ ووتی : بەڵی کراوەتە پێغەمبەر ، دەرگامان بۆ کرایەوە تەماشام کرد لە ئاسمانی یە کەم ( ئادەم ) ( سەلاوی خوای لی بێت ) بە خێری هێنام ، وە دووعای خێری بۆ کردم .

دوایی بەرەو ئاسمانی دووەم بەرز کراینەوە . ووتیان : تۆ کی ، ووتی : جبریل . وویتان : کێت لە گەڵدا یە ؟! ووتی : محمد . ووتیان : ئایا کراوەتە پێغەمبەر ؟ ووتی : بەڵی کراوەتە پێغەمبەر.

دەرگامان بۆ کرایەوە ، دوو کورە پورە کانم بینین ( ئەوانەی ، کە دایکیان خوشکن ) ( عیسی ) ی کوری ( مریم ) و ، ( یحیی ) کوری ( زکریا ) ئە وانیش بە خێر یان هێنام و دووعای خێریان بۆ کردم ...

دوای بەرز کراینەوە بۆ ئاسمانی سی یەم .

( جبریل ) دوای کرد دەرگای بۆ بکریتەوە . ووتیان : تۆ کی ؟ ووتی : ( جبریل ) ووتیان : کێت لە گەڵ دایە ؟! ووتی : محمد . ووتیان : ئایا کراوەتە پێغەمبەر ؟ ووتی : بەڵی کراوەتە .

ئینجا دەرگامان بۆ کرایەوە ( یوسف ) م بینی کە نیوە جوانیی پێدار بوو ، ئەویش پێشوازی لیکردم و دووعای خێری بۆ کردم .

دوای بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی چوارەم . ( جبریل ) دوای کرد دەرگای بۆ بکریتەوە . ووتیان : تۆ کی ؟ ووتی : جبریل ) ووتیان : کێت لە گەڵ دایە ؟ ووتی : محمد ، ووتیان : ئایا کراوەتە پێغەمبەر ؟.ووتی : بەڵی کراوەتە پێغەمبەر . دەرگامان بۆ کرایەوەو لەوی ( ادریس ) م بینی ، ئەویش پێشوازی کرد م دووعای خێری بۆ کردم ، کە خوا زاڵ و شکۆدار لەباریە وە دەفەرموویت : ( وە پلە و پایەمان بەرز کردەوە )

ئ

دوایی بەرزکرامەوە بۆ ئاسمانی پینچەم .

جبریل دوای کرد دەرگای بۆ بکریتەوە . وویتان : تۆ کی ؟ ووتی : جبریل . ووتیان : کیت لە گەلدایە ؟! ووتی : محمد . ووتیان : ئایا کراوەتە پیغەمبە ر؟ ووتی : بەلی کراوەتە پیغەمبەر . ئینجا دەرگامان بۆکرایەوە ( هارون ) لەوی بینی پیشوازی لی کردم و دوعای خیری بۆ کردم .

دوایی بەرزکارینەوە بۆ ئاسمانی شەشەم .

جبریل دوای کرد دەرگای بۆ بکریتەوە . ووتیان : تۆ کی ؟ ووتی : جبریل . ووتیان : کیت لە گەل دایە ؟ ووتی : محمد . ووتیان : ئایا کراوەتە پیغەمبەر ؟. ووتی : بەلی کراوەتە پیغەمبەر .ئینجا دەرگامان بۆ کرایەوە ( موسی ) بینی و پیشوازی کردم و ، دووعای خیری بۆ کردم ...

دوای بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم .

جبریل دوای کرد دەرگای بۆ بکریتەوە . ووتیان : تۆ کی ؟ ووتی : جبریل . ووتیان : کیت لە گەل دایە ؟ ووتی : محمد . ووتیان : ئایا کراوەتە پیغەمبەر ؟ ووتی بەلی کراوەتەە پیغەمبەر . دەرگامان بۆ کرایەوە ، ( ابراهیم ) بینی پشتی بە ( بیت المعمور ) وە دابوو، کە هەموو رۆژی حەفتا هەزار فریشتە دەچوونە نیوی و نەدە گەرانەوە بۆی ، دوای بەرەو ( رەختی کۆتایی ) بردرام ، گەلاکانی وەکو گویی فیلان بوون ، بەرکەشی وەکو گۆزەو کووپە وابوون ، کاتیك کە داپۆشی ئەوەی ، کە داپۆشی بە فەرمانی خوا ، ئەو درەختە بە شیوەیەك جوان بوو ، کە هیچ کە س لە دروستکراوەکانی خوا ناتوانی وەسفی جوانیە کەی بکات ، دوایی خوا ئەوەی بە پیویستی زانی قەسەی لە گەل کردم .وە وەحی بۆنارم ، وە پە نجا نویژی لە شەو رۆژیکدا لە سەر فەرز کردم ، ئینجا دابەزیمە ئاسمانی شەشەم ، گەیشتمە ( موسی )ووتی:

ئ

پەروەردگارت ،چی لەسەر ئومەتەکەت فەرز کرد ؟ ووتم : شەو رۆژی پەنجا نویژ، ووتی : بگەریوە بۆلای پەروەردگارت ، دوای لی بکە بۆت سووك بکات ، ئومەتەکەت ئەوەندەیان بۆ جی بەجی ناکری ، چونکە من لە بنی ئیسرائیل دا ئیش و ژانی زۆرم بینیوە و شارەزیان بووم .

دوای گەرامەوەلای پەروەردگار ئەویش شوینەی کە جاری یەکەم قسەی لەگەلکردم ، وە ووتم: ئەی پەروەردگار ! لەسەرم ئۆمەتەکەم سووك بکە ، پینج نویژی لابردن ، دوای گەرامە وە بۆ لای ( موسی ) ووتم : پینج نویژی لابردن ، ئەویش ووتی : ئۆمەتەکەت ئەوەندە ناتوانن دوا لە پەروەردگارت بکە لەسەرت سووك بکا ، بەو شیوەیە لە نیوان خوا –تبارك وتعالی – ( موسی )دا هاتم و چووم تا خوا فەرمووی : ئەی محمد ! ئەوە پەنجا نویژن ، وە هەر کەسیك بیەوەی چاکەیەك بکات و دلی لەسەر بچەسپی ، ئەگەر چاکە کەش نەکات ، پاکە یەکی بۆ دە نووسری ، ئەگەر کردی بە دە چاکە بۆی دەنووسری ، وە هەر کەسیکیش ویستی خراپەیەك بکات ،بەلام نەیکرد ئەوە هیچی بۆ نانووسری ، وە ئەگەر کردیشی یەك خراپەی بۆ دە نووسری ...

فەرمووی : ئینجا دابەزیم هەتا هاتمەوە لای ( موسی ) هەوالم پیدا ، ووتی : بگەریوە بۆ لای پەروەردگارت وە دوای لی بکە بۆت سوو بکا .( دیارە ( موسی ) لە گەل ئیمە زۆر دلسۆز بووە ، کە بیگومان هەموو پیغەمبەرانی دیش هەروان ) منیش ووتم : ئەوەندە گەرمەوە بۆ لای پەروەردگارم وە داوام لی کردووە هەتا شەرمم لی کرد )). صحیح مسلم ٤٠٩ .

هەروەها لە ( ابو هوریرەوە ) بۆمان باس دە کات کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گیرایەوە تەوە کە تووشی چی بووە کاتیك ئەوە بەسەر هات بۆ قورەیشە کان باس دە گیریتەوە دەفەرمووی : (( رۆژیك لە ( حجر ) بووم ، قورەیش پرسیاریان لی کردم و ووتیان: دەلی من چووم بۆ _بیت المقدس _ و بەرزبوومەوە بۆ ئاسمانەکان ؟ وەرە بۆ مان باسی شاری- ( قودس ) و مزگەوتی ( الاقصی )- بکە ؟ دەلی : هەندیك شتیان لی پرسیم ، کە نەمتوانی ببو لە

ێ
میشکی خۆمدا بیچەسپینم ، بۆیە بەشێوەیەك خەفەتم خوارد ، کە قەد خەفەتی وام نەخوارد بوو ، بەلام خوا (بیت المقدس) هینایە پیش چاوم ، تەماشام دەکرد ، ئەوانیش پرسیاریان لی دە کردم کەفلان شتەی چۆنە ، فلان چۆنە ...؟! هتد ، منیش بۆم وەسف کردن ، وەهەر پرسیاریکیان دەکرد ، وەلامم دەدانەوە ، وە خۆم بینی لە (بیت المقدس ) لە گەل کۆمەلیك لە پیغەمبەران (علیهم الصلاە والسلام ) کاتیك وەختی نویژ هات پیش نویژییم بۆ کردن (تاکو دەرکەوی کە محمد سەرووەری هەموو پیغەمبەرانە ، وە ئەو پەیامە ش کە بەودا نیراو راست دانەرو تەواوکەری پەیامو بەرنامەی هەموو پیغەمبەرانی پیش خۆیەتی ...) وە کاتی نویژە کە تەواو بوو ، یەکی بانگی کردم ووتی : ئە محمد ! ئەوە (مالك ) سەر پەرشتیاری دۆزەخە سەلامی لی بکە ، منیش ئاورم لی دایەوە پیش ئەووەی سەلامی لی بکەم ئەوسەلامی لەمن کرد )). صحیح مسلم ١٧٢.

ئینجا ئەووەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) باسی گشتی (ئیسراو میعراج ) ی گیرایەوە موشریکە کان بیستیان باوەریان پی نەکردو بە درۆیان زانی ، وەئەوە بەسەرهاتە مایەی تاقیکردنەوە بوو بۆ خەلکی ، وەهەندیك لەوانە موسلمانیش بوون کەوتنە گومانەوە ، بۆیە موشریکە کان هاتنە لای (ابو بکر صدیق ) ( خوا لی رازی بیت ) پییان ووت : دەلی چی سەبارەت بە قسەیە ی برادەرە کەت کە دەلی : ئەمشەو شەورۆیم پی کراوە بۆ بیت المقدس ؟!

(ابو بکریش ) ووتی : ئاوا دەلی ؟

ئەوانیش ووتیان : بەلی .

(ابو بکر ) ووتی : ئەگەر وا بەلی راست دە کات .

ووتیان : باشە تۆ باوەری پی دە کەی ، کە ئەمشەو برووەتە بیت المقدس و پیش ئەووەی رۆژ ببیتەوە گەراووەتەوە ؟

ئ

( ابو بكر ) ووتی : بەلی من باوەری پی دەكەم ، لەوەش زیاتر بلی . دیارە لەبەر ئەوەش ناوی لینراوە ( الصدیق ).

لە گەشتی ( ئیسراو میعراج ) ئەوە مان بۆ دەردە كەویت ، كە گەشتە كی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە رووح و لاشە بووە ، ئە گەر بەروو و لاشە نەبویە كافرە كانی قورەیش ئینكاریانە نەدە كرد ، چونكە هەموو كە سیك دە توانی بەرووح خەون ببینی لە ماوەیە كی كە مدا ، هەروە ها گرنگی گەورەیی مە زگەوتی ( الاقصی ) دەردە كەویت ، وبینینی پیغەمبەران یەكبوونیان لە یەك عقیدە كا ئەویش ئیسلامە ، وە فەرزكردنی نویژ لەئاسمانە كاندا، وەهەروەها هەلبژاردنی ( شیر ) بەسەر ( شەراب ) دا ...

بی گومان ریوایەتەكانی فەرموودەی ( ئیسراو میعراج ) یەكجار زۆرن كە ئە گەنە پلەی تەواتر، هەندیك لە ناوی هاوەلانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) كە ریوایەتی یان كردووە ، ( عمری كوری خطاب ) ، ( علي كوري ابو طالب )، ( ابن مسعود ) ، ( ابو ذر الغفاري ) ، ( انس كوري مالك ) ، ( مالك كوري صعصعه ) ، ( ابو هوريره ) ، ( ابو سعيد ی خضري ) ، ( ابن عباس ) ، ( شدادي كوری اوس ) ، ( اوبي كوري كعب ) ، ( عبدالرحمانی كوری قرظ ) ، ( ابو عبيدی الانصاري )، ( ابو ليلا ی لانصاري ) ،( عبدالله ی كوری عمری كوری عاص )، ( ابو ايوبي الانصاري ) ، ( ابو ئوبامە )، ( صهيب ی رومي )، ( ام هاني كچی ابوطالب ) ، ( عائيشە ) .

هەروەها ( ابن القيم ) لە كتابی ( زاد المعاد بەرگی دوو لاپەرە ٤٧-٤٨ ) بۆمان باس دە كات ئیمە بە كورتی باسی دە كەین ، دەفەرموویت : ( راست وەهایە كە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە جستە شەورەوی پیكراوە ، لە مەزگەوتی حەرامەوە بۆ بیت ( بيت المقدس ) ،

ئ

به سواری بوراق و به هاوریبه تی ( جبریل ) له ( بیت المقدس ) دا به زیوه ، نویژی ئیمامه‌تی بۆ پیغه‌مبه‌ران کردووه ، جله‌وی بوراقیشی به ئه‌لقه‌ی ده‌رگای مه‌زگه‌وته‌وه به ستۆته‌وه .

پاشان هه‌ر له‌و شه‌وه‌دا له ( بیت المقدس ) وه بۆ ئاسمانی دونیا بلند کرایه وه ...هتد

پاشان به‌رز کرایه‌وه بۆ ( سدره المنتهی ) و ئینجا بلند کرایه‌وه بۆ ( البیت المعمور ) پاشان به‌رزکرایه‌وه بۆ لای ( الجبار عز وجل ) ئه‌وه‌نده لی نزیك بووه،وه‌ك ( خوای گه‌وره ) ده‌فه‌رموویت : ﴿ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ﴾ النجم ٧ .هه‌تا به ئه‌ندا زه‌ی دووکه‌وانه یان که‌متر مابووه ، هه‌روه‌ك خوای گه‌وره ده‌فه‌رموویت :﴿ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ﴾ النجم ٨.

ئینجا ئه‌وه‌ی ویستی وه‌حی کرد بۆ پیغه‌مبه‌ر ( صلی الله علیه وسلم ) (٥٠) نویژی له سه‌ر فه‌رز کرد ، دوا تر گه‌رایه‌وه به‌لای ( موسی ) تیپه‌ر ی پیی فه‌رموو : به چی فه‌رمانی پی کردی ؟! فه‌رمووی : به (٥٠) نویژ، ( موسی ) فه‌رمووی : ئوممه‌ته‌که‌ت به‌رگه‌ی ئه‌وه ناگریت ، بگه‌ریره‌وه بۆلای په‌روه‌دگارت داوای لی بکه سووکی بکات له سه‌ر ئوممه‌ته‌که‌ت ، لای کرده‌وه به‌لای جبریل دا ، وه کو بیه‌ویت رای ئه‌و وه‌ربگریت ، ئاماژه‌ی فه‌رموو: به‌لی ئه‌گه‌ر حه‌زت لی بیت ( جبریل ؟ ) به‌رزی کرده‌وه هه‌تا چوه خه‌زمه‌ت ( خوای گه‌وره ) ، له‌جیگه‌ی خۆیدابوو ، ئه‌مه قسه‌ی بوخاریه له چه‌ند ریگه یه که‌وه .

ئینجا (١٠) نویژی له‌سه‌ر که‌م کرده‌وه پاشان دابه‌زیه‌وه هه‌تا به‌لای موسی تی په‌ری ، هه‌والی پیدا ،فه‌رمووی : بگه‌ریره‌وه لای په‌روه‌ردگارت و داوای سووك کردنی لی بکه ، به‌رده‌وام له هاتوچۆدا بوو له‌نیوان موسی و ( خوای گه‌وره ) ، هه‌تا بۆکرد به پینج نویژ، موسی فه‌رمانی پیدا که دوای سووك کردنی بکاته‌وه ، فه‌رمووی : شه‌رم ده‌که‌م له په‌روه‌ردگارم بلام رازی ده‌بم

ێ
و ملكەچم ، كە دورکەتەوە بانگ بیژێك هاواری کرد : من بریاری فەریزەکەم داوە سەرشانی بەندە کانم سووك کرد .زاد المعاد ٢/٤٧-٤٨ .

(ابن القيم ) دەفەرموويت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوو جار جبريل ی بینیوە جاریك لە سەر زەوی جاريك لە (سدرە منتهى ) والله اعلم .

رووداوی سینگ لەت کردنەکەشی دووجار روويداوە جاریك لە تەمەنی مندالی دا کە لە لای داینەکەی بوو (حلیمە ) جاریکی تریش لە رووداوی (ئیسراو میعراج ) دا بووە . والله اعلم .

بەلی رووداوی سینگ لەت کردن روویداوە لە گەشتی (ئیسراو میعراج ) وە کۆمەلیك شتی جۆراو جۆری بینی :

(شیر)و (شراب ) خرایە بەردەستی ، پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) (شیرە ) کەی هەلبژارد ، پی ووتراوە : ریگەی فیترەتتهەلبژارد یان فیترتت پیکا ، خۆ ئەگەر (شرابی ) هەلبژارادایە ئەوا ئوممەتەکەی سەر لی شیواو دە بوو تیکدە چوو ...

هەروەها چوار روباری بینی لە بەهشتدا : دوو رووباری دیارو ، دوو رووباری نادیار ، دوو رووبارە دیارە کە بریتیە لە (نیل و فورات ) مانا کەشی ئەوەیە کە پەیامە کەی نیشتەجی ئەو دوو شیوە بە پیتە دەبیت لە ( نیل و فورات ) داو وە خەلکە کەی دەبنە هەلگرانی ئاینی ئیسلام نەوە لە دوای نەوە ، ماناکەی ئەوە نیە کە م دوو رووبارە ئاوەکەی لە بەهەشتەوە هەلدە قولیت . والله اعلم . زاد المعاد ٢/٤٧-٤٨

هەروەها مالکی دەرگاوانی دۆزەخی بینی هیچ پی نەدەکەنی ، وە هەر وەها بەهەشت و دۆزەخی بینی .

وە ئەوەانەی بینی لە دۆزەخ دا بوون ، کە مالی هەتیوانیان بە ناحەق دە خوارد ، گردۆکە یان هەبوو وەك وشتر ، پارچە پارچە ئاگری وەك مشتە بەرد دەکرا بە دەمیانداو ، لە دەرچەیانەوە دە چووە دەرەوە . هەروەها سووخۆرەکانیشی بینی کە سکیان گەورە بوو بوو ، نەیان دە توانی

ئ

لە جیگەی خۆیان بجولین ، بۆ پیشاندانی دۆزەخ ئال و بەیتی فیرعەون بەلایاندا تیدە پەرین و پییان پیدادە نان . هەروەها زینا کارە کانیشی بینی گۆشتیکی پاکو قەلەو و گۆشتیکی هەلاوساوی بۆگەنیان لەبەردەستدا بوو ، لە گۆشتە پیسە بۆ گەنە کەیان دەخواردو ، وازیان لە گۆشتە پاکە قەلەوە کە هینا بوو . هەروەها ئەو ژنانەشی بینی کە مندالی بیژی یان زۆل یان بە نا شەرعی مندال دە خەنەوە ، بە مەمکەکانیان هەلواسراو بوون ، یان بەداری وە کرا بوون .

هەروەها کاروانیکی بازرگانی خەلکی شاری مککەی بینی لە چوون و گەرانەوەد بوو ، ووشتریکیان لە پیشەوە بوو دیاریی کرد ، لەسەریان وەستا ئاوی لەدەفریکی سەر دا پۆشراویان خواردەوە ئەوان نووستبوون ، پاشان دەفرەکەی بەسەردا پۆشراوی هیشتەوەو رۆشت ، ئەوش بوو بەبەلگە بانگەوازەکەی لە بەرەبەیانی شەوی ( الاسرا و میعراج ).زاد المعاد ٤٨/٢ .

## جەنگی رۆم و فارس

پیش کۆچ کردن بۆ مەدینە جەنگیك یان شەریك لە نیوان رۆم و فارسدا روویدا ، کە ئەوە بوو فارسە کان بەسەر رۆمەکاندا زال بوون یان سەرکەوتن ، بت پەرستەکانی مککە بەم سەرکەوتنە دل خۆش بوون ، بە بۆنەی ئەوەوە کە ئیرانی یەکان وەك خۆیان بت پەرست بوون .. لە هەمان کات دا موسلمانە کانیش ئەو ژیرکە وتنەی رۆمەکانیان پی نا خۆش بوو .. ئەوەیان پی خۆش بوو کە رۆمەکان سەرکەون ، چونکە بە بۆنەی ئەوە وە کە ئەوانیش وەك خۆیان هەل گری دینی ئاسمانن و ، هەردووکیان موسلمانە کان و رۆمە کان کتیبی ئاسمانیان بۆ هاتووە .

ئ

بەم بۆ نەیەوە بت پەرستانی شاری مککە کەوتنە گفتو گۆ کردن لە گەل موسلمانە کان دا، وە بت پەرستان خۆشیان دەر دەبری ، وە ئەیان ووت: ئیوە خاوەنی کتیبن و ، نصرانیە کانیش خاوەنی کتیبن ، ئیمەش ئوممیین و ، برا هاو بت پەرستەکانی وەلاتی فارس بەسەر برا هاو کتیبە کانی ئیوەدا سەرکەوتن ، ئە یان ووت : جا ئە گەر ئیوەش بین بە گژماندا ئەوا ئیمە بەسەرتان سەردە کەوین کە جۆن فارسە کان سەرکە وتن بەسەر رۆمە کاندا .

هەروەها بەم بۆنەیە (خوای گەورە ) ئەم ئایەتانەی سورەتی رۆمی نارد خوارەوە کە دەفەرموویت : ﴿الم غُلِبَتِ الرُّومُ فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ بِنَصْرِ اللَّهِ يَنْصُرُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ﴾الروم ١-٧. واتا: سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرە )بدە .رۆمەکان تیك شکینران بەدەستی فارسەکان .لە نزیکترین و نزمترین ولاتیاندا ، بەلام لە ئایندە نۆرەیان دیتەوە ،رۆمەکان دوای شکستیان سەردەکەون .لە چەند سالیکدا ،چەند سالیکی داهاتوو نیوان ٣-٩ سال ، هەموو کارو فەرمانیك تەنها بەدەست خوایە ، لەوەو پیش و لەوە و دوایش لە هەموو کات و هەموو شوینیك ،جا ئەو رۆژە ئیمانداران خۆشحال و شاد دەبن . بەسەرکەوتنی خوا

ئ

کەبە خشی بە ئیماندارن و بەرۆمەکان ،هەر کەسیك یان هەر دەستەیەك ئەو زاتە بیەویت سەری دەخات ، هەر ئەو خوایەش خاوەنی دەسەلاتی بی سنوورە و زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە. بی گومان ئەوەبەلینی خوا خۆیەتی کە ئیماندارن و رۆمەکان سەردەخات بەسەر فارسە کاند، خوا سەرپیچی ناکات لە بەلینەکەی ، بەلام زۆربەی خەلکی تەنها روالەت لە دنیا دەزانن عەقلیان لە چاویاندایە ، ئەوانە بی ئاگاوبی خەبەرن لە رۆژی دوایی و قیامەت ..ئەوانە هەر روالەت لەیانی دنیا بەدی دەکەن ، لەبەرامبەر قیامەتیشەوەبی ئاگان .

بەلی کاتیك ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە ، (ابو بکر صدیق ) خوا لی رازی بیت ، لە واتەکەیان تی گەیشت ، بۆی روون بووەوە کە خوا بەلینی سەرکەوتنی رۆمە کانی داوە بۆیە کە هاتە دەرەوە ناو کافرانی قورەیش پی فەرموون : ئایابەسەرکەوتنی براکانتان بەسەر براکانماندا دلتان خۆش بووە ؟! با دلتان خۆش نەبی و ، (خوای گەورە ) چاوتان روون نەکاتەوە ، دە بە خوا (خوای گەورە ) رۆمەکان بەسەر فارسە کاندا سەردەخات ، ئەمەش هەوالیکە کە پیغەمبەری ئازیمان رۆشنایی چاومان پی راگەیاندووین .

(ئومەیی کوری خلف ) بۆی هەستایەوە ووتی : ابو فیصل ! درۆت کرد .

(ابو بکر صدیق ) فەرمووی : تۆ خۆت درۆت کرد ، ئە ی دوژمنی خوا !

ئ
( ئومەیی کوری خلف ) ووتی : گرەوت لەگەلدا دەکەم لەسەر ( ١٠ ) ووشتر بەهیز و کەم تەمەن واتا: ووشتری گەنج ، هەروەها ووتی : ئەگەر تا ماوەی ( ٣ ) سال رۆم بەسەر فارسدا سەرکەوت ، ئەوا من ئە ئەدۆریم و ، گەر فارسیش بەسەر رۆم دا سەرکەوت تۆ ئە دۆریت .

بی گومان ئەمە هیشتان گرەو لە ئیسلامدا حەرام نەکرابوو .

ئەوە بوو ( ابو بكر صديق )گەرایە وە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەوالە کە ی بۆ گیرایەوە ، پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( ما هكذا ذكرت ،انما البضع ما بين الثلاث الى التسع ،فزايدة في الخطر و ماده في الاجل ) وتا: فەرمووی: وام باس نەکردووە ، بەلکو ووشەی ( البضع ) سی هەتاکو نۆ ئەگیرتەوە ، برۆ گرەوەکەی بۆ زیاد بکە و ماوەکەیشی دریژ بکەرەوە .

ئەوە بوو ( ابو بكر ) چووە دەرەوە ، تووشی ( ئومەیی کوری خلف ) هات و وپیی ووت : دەری پەشیمان بیتەوە ؟ ( ابو بكر ) فەرمووی : نەخیر ، وەرە با گرەوەکەت بۆ زیاد بکەم و ، ماوەکەشیت بۆ دریژ بکەمەوە ، گرەوەکە بکە ( ١٠٠ ) ووشتر و ماوەکەش تا ( ٩ ) سال بیت .

ئومەیی کوری خلف ) ووتی : باشە ...

بی گومان بەر لەوەی ( ٩ ) سالە کە تەواو بیت رۆمەکان بەسەر فارسە کاندا سەرکەوتن و بە مەش موسلمانەکان زۆر دل خۆش بوون ، وا ئەوەی کە قورئانی بەلینی دابوو هاتە دیی و ، هەوال دانەکەی پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) بە راست دەرچوو ، بەوەی کە رۆمە کان خاوەن کتیبەکان بەسەر فارسە ئاگر پەرستەکاندا سەرکەوتن .

هەروەها ئەم سەر کە وتنەی رۆمە کان نەزانراوە لە چ سالیك دا بووە ، بەلام ئە م گروە وی ( ابو بكر صديق ) لە مككە دا بووە پیش کۆچ کردن بۆ شاری مەدینە بووە ، بەلی دوای کۆچ کردنیش رۆمە کان سەر کە وتن بەسەر فارسە کاندا ، جا هەندی ئە لین: دوای غەزای بە دری گەورە بووە ، کەواتا لە سالی دووهەمی کۆچی دا بووە ، ئەمەش ئەوە دە گەیەنی کە( ٣ ) سالی خەیاندوە لە کاتی گرەوە کەی ( ابو بكرصديق ) لە گەل ( ئومەیی کوری خلف ) ، کەواتە : گرەووکەی ( ابو بكر صديق ) بەر لە وادە کەی خۆی کە لەسەری ریکەوتبوون لە گەر ( ئومەیی

ئ

کوری خلف ) هاتە دی رۆمە کان سەر کەوتن بەسەر فارسەکاندا، ئەمە ش یەکیکە لە موعجیزە غیبیە کانی قورئانی پیرۆز ، هەروەها موعجیزە کی تر هەر لەم ئایەتانەی قورئانی پیرۆز ئە وەیە کە دەفەرموی : لە نزم ترین زەوی دا ئەم جەنگە رووی داوە کە دە کەویتە وەلاتی الاردن ناوچەی غور لەسەری دەریایی مردووە . ئەم شوینەیە کە ئەم جەنگەی تیدا رووی داوە ، ( خوای گەورە ) ش دەفەرمووی لە نزمترین زەوی ، بۆ یە زاناکانی زانستی بایلۆجی ئەلین بەلی ئەم شوینەیە کە نزم ترین زەویە لەسەر رووی زەویدا .والله اعلم .

## بانگەوازی ئیسلام لە دەرەوەی شاری مککە بۆ هۆزو تیرە کان

لە شوالی سالی (١٠) پیغەمبەرایەتی واتە لەکۆتایی مانگی (مەی) یان سەرەتای یۆنیوی سالی ٦١٩ ی زاینی دا ، پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) وەکو لە سەرەوە باسمان کرد بەرەو (طائف) بەریکەوت وە (زیدی کوری حارثە ) لە گەلدا بوو .

بەلی لە (ذي العقدة ) ی سالی (١٠) ی پیغەمبەرایەتی دا کە دە کاتە سالی ٦١٩ زاینی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) گەرایەوە شاری مککە ، بۆ ئەوەی سەر لە نوی خیل و هۆزە تەکە کانی قورەیش بۆ ئیسلام بانگ بکات و ، هەروەها بە هۆی نزیکبوونەوەی وەرزی حج وە خەلك بەپی سواری ووشتری لەرەوە لە هەموو لایە کەوە دە هاتن بۆ بەجیهینانی فەریزەی حج کردن ، بۆ ئەوەی سوودیان دەست کەویت و ، لەچەند رۆژیکی دیاری کراو یادی

ئ

(خوای گەورە ) بکەن ، پیغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) ئەم دەرەفتەی قۆستەوە ، هۆزبە هۆزو خیل بەخیل دە چووە لایان و باسی ئیسلامی بۆ دە کردن ، هەروەکو چۆن لەسالی چوارەمی پیغەمبەرایەتی دا بانگی دە کردن .

ئەو خیلانەی باسی ئیسلامی بۆ کردن :

(زهری ) دەلیت : ئەو خیلانەی کە ناوەکانیان هەیەو پیغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) بانگی کردون بۆ ئیسلام وە بە خۆی تەشریفی چوەتە لایان بریتیە لە (بنی عامری بن صعصعه ) ، و (محارب بن خصعه ) ، و (فزاره ) ، و ( غسان ) ، و ( مره )،و(سلیم ) ، (عبس ) ،و(بنی نصر ) ، و ( بنو البكاء ) ، و(كندة ) ، و(كلب )، و(الحارث بن كعب ) ، و (عذرة ) ، و (حضارمة ) ئە مانە کە سیان نە هاتن بە دە میە وە . مختصر سيرة الرسول ص ١٤٩.

بەلی ئەم هۆزو خیلانەی کە (زهری ) باسیان دەکات لە سالی چوارەمی پیغەمبەرایەتی دا تا سالی پیش کۆچ کردن ، واتە: لەیەك وەرز دا نەبووە ، وە لەیەك سالی دیارکراویش نەبوو بەلکو کۆی ئەو ماوەیە بووە کە لە سالی چوارەمی پیغەمبەرایەتی دا تاکو پیش کۆچ کردن بۆ شاری مەدینە بووە .

بەلی هەندیك هۆزو خیل هەبووە وەك (علامه المنصورفوری )دە لیت : لە سالی (١٠) پیغەمبەرایەتی دا باسی ئیسلامی بۆ کراوە وە ك : (بنو كلب ) چووە لای تیرەیەکیان پی دەلین : (بنو عبدالله ) وە بۆلای (خوای گەورە ) بانگی کردوون و خۆی پی ناساندون ، وە هۆزی (بنو حنیفه ) چووە ناو مالە کانیان بانگی کردوون بۆ لای (خوای گەورە ) بەلام هیچ کەسیکی عەرب لەم هۆزە خراپتر وەلامی پیغەمبەری خوای (صلى الله علیه وسلم ) نەدایەتەوە ، هۆزی (بنی عامر بن صعصعه ) بانگی کردن بۆ لای (خوای گەورە ) ، وە ( بحیره کوری فراس ) کە یەکیك بوو لەم هۆزە ووتی : وەللاهی ئەگەر دەستی ئەم کورەی قورەیش بگرم ، هەموو

ئ

عەرەبی پی قووت دەدەم ، پاشان ووتی : رات چی یە ئەگەر ئیمە بەلینت بدەینی و ، پاشان ئەگەر خوا سەری خستی بە سەر دوژمنە کانت دا ، ئایا کارو باری دوای تۆ بۆ ئیمە دەبیت ؟ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : کارو بار بۆ خودایە ویستی لەسەر کی بوو لەسەر ئەوی دادەنیت ، ئینجا ( بحيره ) ووتی : ئیمە پیویستمان بەم کارە تۆ نیە ، گویان پینەدا ، ئەمە وەلامە کەی ( بحيره ) بوو ، بۆ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ).

ئیماندارانی دەرەوەی مککە ، هەروەکو پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) باسی ئیسلامی بۆ خیل و شاندە کان دەکرد ، خۆی بە تاکەتاکە خەلکی دە ناساند لە لای هەندیکیان وەلامی باشی دەست دەکەوت ...

## ئەوپیاوانەی باوەریان بە پیغەمبەری خوا ﷺ هینا لە وەرزی حەج کردن دا

١-( سويد بن صامت ) شاعیریکی ژیر و عاقلی خەلکی شاری ( يثرب ) واتە: شاری ( مدينه ) بەهۆی ئازایەتی و شاعیریتی و پلە و پایەو بنەمالەکەیەوە ناویان نا بوو ( الكامل ) بۆ حج هتبوە شاری مککە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بانگی کرد بۆ ئیسلام ، پیی ووت : لەوانەی ئەوەی لای تۆیە لەوە بیت کە لای منە ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم فەرمووی تۆ چیت پییە ؟ ئەویش ووتی : دانایی لوقمان ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : بۆم باس بکە ، بۆ پیغەمبەری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) باس کرد ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئەمە ووتەی جوانە ، بەلام ئەوەی لای منە جوانترە لەوە ، ئەوەش قورئانیکە ( خوای گەورە ) بۆمی ناردۆتە خوارەوە ، نوورو رینوینیە ،ئە نجا هەندیك قورئانی بەسەردا خویندەوە و، بانگی کرد بۆ ئیسلام بوون ، موسلمان بوو ،

ئ
(سوید بن صامت ) ووتی : بەراستی ئەمە ووتەیەکی جوانە ، کە ڕۆیشتەوە بۆ مەدینە زۆری پی نەچوو لە ڕۆژی (بعاث) موسلمان بوونەکەی سەرەتای سالی (١١) پیغەمبەرایەتی دا بوو .

(تاریخ الاسلام ) نجیب ئابادی ١٢٥/١.

٢-(ایاسی کوری معاذ ) کوریکی گەنجی شاری (مەدینە) بوو ، لەگەل لەگەل شاندیکی هۆزی (اوس) دا هاتبوون بۆ ئەوەی پەیمان ببەستن لەگەل قورەیشدا دژ بە خزمانیان لە (خزرج) ئەمەش پیش جەنگی (بعاث) بوو کە لە سەرەتای سالی (١١) ی پیغەمبەرایەتی دا ڕوویدا ...

چونکە ئاگری شەر لەنیوان هەردوو هۆزە کەی (مەدینە ) واتە: (اوس ) و (خزرج ) هەلگیرسابوو ، (اوس) یەکان لە (خزرج ) یەکان کەمتر بوون ، کە پیغەمبەری خوا زانی هاتوون بۆ شاری مککە چووە لایان و لەگەلیاندا دانیشت و پیی ووتن : ئایا لەم هاتنەتاندا حەز تان لە چاکە هەیە ؟ ووتیان ئەم چاکەیە چیە ؟ فەرمووی : من پیغەمبەری خوام ، (خوای گەورە) منی ناردووە بۆ لای عەبدە کانی ، بانگیان دەکەم بۆ خودا پەرستی و وازهینان لە (شیرك ) وە (قورئانی ) بۆ ناردووم ، پاشان باسی ئیسلامی بۆ کردن ، و قورئانی بۆ خویندنەوە ، (ایاسی کوری معاذ) ووتی : خزمینە وەللاهی ئەمە باشترە لەوەی بۆ هاتوون ، (ابو الحیسر ) و ٠انس کوری رافع) کە پیاویك بوون لە شاندە کە ، مەشتیك خۆلی (بطحاء) ی هەلگرت و کردی بەدەم و چاوی (ایاسی کوری معاذ) دا ووتی : وازمان لی بینە ئیمە بۆ کاریکی تر هاتووین ، (ایاسی کوری معاذ) بی دەنگ بوو پیغەمبەری خوداش (صلی الله علیه وسلم ) هەستاو ، ئەوانیش بەبی ئەوەی هیچ پەیمانیك لەگەل قورەیشدا ببەستن گەرانەوە بۆ

ئ
شاری مەدینە. پاش گەرانەوەیان بۆ شاری مەدینە زۆری پی نەچوو ( ایاسی کوری معاذ ) مرد ، لەکاتی سەرە مەگدا زیکی ( لا اله الله ) و ( الله اکبر ) و ( سبحان الله ) ی دەکرد کەس گومانی نەبوو لەوەی کە بەموسلمانی مردووە ). ابن هشام ١/٤٢٧-٤٢٨.

٣-(ابو ذر الغفاري ) خەلکی شاری دەوروبەری (مەدینە ) بوو ،کاتیك هەوالی وەحی بۆ هاتنی پیغەمبەر بەرگویی کەوت ، بەسەرهاتی ( سویدی کوری صامت )و ( ایاس کوری معاذ ) بەهەمان شیوە کەوتە بەر گویی ( ابو ذر الغفاري ) ش ئەمە بووە هۆی موسلمان بوونی .

ابن هیشام ١/٤٢٧-٤٢٨.

بوخاری لە ( ابن عباس ) وە بۆمان دەگیریتەوە ، ( ابو ذر الغفاري ) ووتی : ( غەفاری ) بووم ، هەولمان پیگەیشت کە پیاویك لە مککە دەرکەوتووە ، دەلیت من پیغەمبەرم ، ووتم بەبراکەم : برۆ بۆلای ئەو پیاوە قسەی لەگە لدا بکەو ، هەوالەکەیم پی بدەرەوە پی گەیشتبوو ، پاشان گەرایەوە ، ووتم چیت پییە...؟!

ووتی: وەللاهی پیاویکم بینی فەرمان بە کاری چاك دەکات و نەهی دەکات لە هەموو کاریکی خراپە یەك ، ئەلی پیم ووت: دلم ئاو ناخواتەوە ، هەستام تویشەبەرو داریکم گرت بە دەستمەوە ، بەرەو مککە کەوتمەری ، خۆم والیکرد کە نایناسم و ، حەزم لەچارەی نیە ، لەئاوی زەمزەمم خواردەوەو چوومە مزگەوت ، ( علی کوری ابو تالیب ) بەلامدا تیپەری کرد ، ووتی : پیدەچیت تۆ پیاویکی غەریب بیت ؟ ابو ذر الغفاري ) ئەلیت ووتم : بەلی . ابو ذر الغفاري ) ئەلیت : ( علی ) کەوتە ری بۆمالەوە ، منیش لەگەلیدا چووم ، نە ئەو پرسیاری لی کردم ، نە منیش هیچ پرسیاریکم لە ئەو کرد . کە رۆژ بۆوەوە چووم بۆ مەزگەوتە کە و هەوالم نە پرسی ، کەسیش نیە هەوالی ئەم بداتی ، ابو ذر الغفاري ) ئەلی : ( علی ) بەلامدا تیپەری ووتی : ئایاهیشتا مالی کابرات نەدۆزیتەوە ؟ ئەلیت : ووتم : نا .

ئ

ابو ذر الغفاري ئەلیت : علی ووتی : کەواتە وەرە لەگەلم ، ئەلیت پی ووتم : چیت لە کابرا ئەوی ؟! وە چی تۆ هیناوەتە ئەم شارە ؟! واتە : شاری مککە ، ابو ذر الغفاري ئەلیت من پیم ووت : ئەگەر لەلای کەس قسە نەکەی پیت ئەلیم ، ئەلی : علی ووتی : باشە وادەکە م ،

ابو ذر الغفاري ئەلیت: ووتم : هەوالمان پیگەیشتووە کە پیاویك هەلکەوتووە دەلیت : من پیغەمبەری خوام ، براکەم نارد بۆ لای قسەی لەگەلدا بکات ، گەرایەوە مالەوە هەوالە کەی بۆ باس کردم دلم ئاوی نەخوارد خۆم هاتووم بۆ بیبینینی .

ئەلی : علی پی ووتم : ریگەت دۆزیتەوە، رووی منیش لە وییە ، چۆن من چوومە ژوورەوە تۆش برۆ ژوورەوە ، ئەگەر کەسیکم دی جیگەی مە ترسی بیت بۆ تۆ دەچمە پال دیوارەکە و خۆم بەچاککردنی نەعلە کانمەوە خەریك دەکەم و ، تۆ بەریی خۆتەوە برۆ ، ابو ذر الغفاري ئەلیت : علی رۆیشت منیش لە گەلیدا رۆیشتم هەتا چووە ژوورەوە ، لەگەلیدا چوومە ژوورەوە بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ...

ابو ذر الغفاري ئەلیت : من بە پیغەمبەری خوام ( صلى الله عليه وسلم ) ووت: باسی ئیسلامم بۆ بکە ، ئەویش بۆی باس کردم ، منیش دەست بە جی موسلمان بووم ، ابو ذر الغفاري ئەلیت : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پی فەرمووم : ابو ذر ، ئەم کارە بپۆشەو با بەنهینی بیت ، بگەریرەوە بۆشارەکە ت ، واتە: مدینە ،هەوالی سەرکەوتنی ئیمەت پیگەیشت ئینجا وەرەوە ، ابو ذر ئەلیت : منیش ووتم : سویند بەو کەسەی تۆ بەحەق ناردووە لە ناویاندا بەدەنگی بەرز هاوار ئەکەم ، ئینجا چوومە مزگەوت قورەیشی لی بوو ، ووتم: ئەی هۆزی قورەیش ، من شایەتی دەدەم ( اشهد ان لا اله الا الله ) و ( ان محمدا عبده ورسوله ) ابو ذر ئەلیت : قورەیشە کان ووتیان : ئادەی برۆنە گیانی ئەو هلگەراوەیە ، بۆم هەستان ، لیدانیك لی ددرام کە بمرم ، عباس بە فریام کەوت ، خویدا بەسەرمدا ، پاشان رووی تی

ێ

کردن و فەرمووی : دایك رۆلە رۆتان بۆ بکات ئایا پیاویکی غەفاری دەکوژن ؟! لە کاتیدا کە ریگەی بازرگانی و هاتوچۆتان بەسەر خیلی غەفارەوەیە ؟ ئیدی وازیانلی هینام کە رۆژبووەوە ، گەرامەوە ، ئینجا هەمان وشەکەی دوینیم دووبارە کردەوە ، ووتیان : ئادەی هەستن بۆ ئەو هەلگەراوەیە ، وەکو دوینییان لی کردمەوە ، عباس فریام کەوت ، خۆیدایەوە بەسەرمداو وەکو قسە کانی دوینی فەرمووی ). صحيح بخاری باب قصه اسلام ابو ذر ٥٤٤/١-٥٤٥.

٤-( ضماد الازدي ) لە هۆزی ( الازدي ) یە مەن بوو ، خەریکی نوشتە کردن بوو ، گەیشتە شاری مککە گویی لەبی عەقلەکانیان بوو دەیان ووت : محمد شیتە ووتی : ئەگەر من برۆمەوە لای ئەو کابرایە بەلکو خودا لەسەر دەستی مندا شیفای بدات ، بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشت پی ووت : ئەی محمد ، من نوشتە دەکەم ، ئایا پیت باشە نوشتە ت بۆ بکەم ؟!

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( إن الحمد الله نحمده ونستعينه ،من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلله فلا هادي له ، وأشهد ان لا اله إلا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ، اما بعد ).

( ضماد الازدي ) ووتی : ئەم ووشانەم جاریکی تر بۆ دووبارە کەوە ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سی جار بۆی دووبارە کردەوە ، ( ضماد الازدي ) ووتی: من گویم لە قسەی فالگرو جادوگەرو گوتەی شاعیران بووە ، بەلام هەرگیز گویم لە هاوینەی ئەم قسانەی تۆ نەبووە ، بەراستی گەشتونەتە فەرهەنگی دەریاکان ، دەستت بینە با لە سەر ئیسلام بەیعەتت بدە می ، بەیعتی دا بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ).مسلم مشكاه المصابيح.باب علامات نبوه ٥٢٥/٢.

بەلی لە وەرزی حج سالی (١١) پیغەمبەرایەتی دا بوو ، کە دە کاتە سالی ٦٢٠ زایینی ، بانگەوازی ئیسلام چەند شنەبایە کی فینکی لی بەدی هات ،ئەوە بوو لە ناوشاری مککە قورەیشە کان پیغەمبەری خوایان بە درۆ دەخستەوەو ناو ناتۆرەیان لی دە نا جاریك دەیان

ئ
ووت: شیته ، وەجاریك دەیان ووت فالگرەوەیە ، جاریك دەیان ووت : ساحیرە ،جاریك دەیان ووت : فالگرەوەیە ، جاریك دەیان ووت : شاعیرە ، چەندی قسەی بوختانیا بۆ هەلئە بەستی ، وە رووبەروی دە بوونەوە ، بۆیە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نا جا ر دە بوو لە تاریکی شەودا بانگەوازی پەیامی ئیسلام بە خەلکی رابگەیەنی بانگەوازی بۆ ئیسلام دە کرد ، ئەوەبوو بەم شیوەیە شەویکیان دەرچوو ، لە گەل ( ابو بکرصدیق ) و ( على کوری ابوطالب ) بوو ، بە سە ر مالە کانی ( ذهل ) و ( شیبان ) و( ثعلبة ) دا چوون و لەبارەی ئاینی ئیسلام قسەی لەگەلدا کردن ، لە نیوان ( ابو بکر ) پیاویکی هۆزی ( ذهل ) دا پرسیارو وەلامیکی خۆش رووی دا ( بنی شیبان ) وەلامیکی دل خۆش کەرو ئومید بەخشانەیان دایەوە ، بەلام لە قبول کردنی ئیلامدا وەستان . ( مختصر سیره الرسول ) ( شیخ عبدالله ی نجدی ) ١٥٠-١٥٢ .

پاشان پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە ( عقبە ی مینا ) دا تیپەری ، گویی لەدەنگی چەند پیاویك بوو قسەیان دەکرد ، چووە لایان ، شەش گە نجی شاری ( یثرب ) واتە: مدینە بوون ،هەر هەموویان لە هۆزی ( خزرج بوون ، بریتی بوون لە مانە :

١-( اسعد بن زراره ) لە تیرە ی ( بنی النجار )

٢-( عوف بن الحارث بن رفاعة ابن عفراء لە تیرە ی ( بنی النجار )

٣-( رافع بن مالك بن العجلان ) لە تیرە ی ( بنی زریق )

٤-( قطبة بن عامر بن جديدة ) لە تیرە ی ( بني سلمه )

ئ

**٥-عقبه بن عامر بن نابي ) له تيره ى ( بني حرام بن ككعب )**

**٦-( جابر بن عبدالله بن رئاب ) له تيره ى ( بني عبيد بن غنم )**

بەلى يەكى لە خۆشيە كانى خەلكى شارى مەدينە ئەوە بوو ، كەلە جوولە كە هاوپە يمانەكانيان دەبيست لە مەدينە دا كە يەكيك لە پيغەمبەران لەو رۆژگارانەدا دەردەكەويت ، ئينجا شوينى دەكەوين ، ئينجا ئيمە( جوولەكە ) لەگەل ئەو پيغەمبەرەدا دە بين ئيوە دەكوژين وە كو ( عاد ) و ( ارام ). زاد المعاد ٢/٥٠ .

بەلى كاتيك پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەم شەش پياوە گەيشت پى فەرموون : ئيوە كين ؟! ووتيان ئيمە چەند كەسيكى لە هۆزى ( خزرەج ) فەرمووى : هاوپە يمانەكانى جوولەكە ؟! ووتيان : بەلى . فەرمووى : دادەنيشن قسە تان لە گەلدا بكەم ؟ ووتيان : بەلى ، لەگەليدا دانيشتن ، ئينجا پيغەمبەرى خوا باسى ئيسلامى بۆ باس كردن ،بانگى كردن بۆ لاى ( خواى گەورە ) هەروەها قورئانى پيرۆزى بۆ خويندنەوە ، هەنديكيان بە ئەوانەى تريان ووت: ئەرى دەزانن وەللاهى خەلكينە ، ئەم ئەو پيغەمبەرەيە كە جوولەكە هەرەشەيان پى لەئيوە دەكرد ، نەكەن بهيلن پيشتان بكەون ، دەست بەجى وەلامى بدنەوە وموسلمان بن...

بەلى ئەم شەش كەسە يان ئەم شەش پياوە ژيرە كانى شارى مەدينە بوون ، كە هات بوون بۆ شارى مككە لەويدا چاويان بە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەلى ئە م شەش كەسە شە پياوى هۆزى ( خزرج ) بوون ، شەش پياوى الانصار بوو ن، كە هەر زوو بە دەم بانگەوازە كەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دا هاتن ، بەلى ئەم شەش پياوەى خزرج كە دووبەرەكى و ناكۆكى ناوەخۆى شارى مەدينە زۆر ماندووى كردبوو ، چونكە كە جەنگ و شەر و دووبەرە كى زۆرى پى نەچوو بوو كۆتايى پى هاتبوو ، بەلى ئەمانە زۆر ماندوو بوون ، لەم ئاژاوە دووبەرەكى يە ، بى گومان ئوميديان وابوو كە بۆ كەپ كردنەوەى ئەم شەر و دووبەرە كى يە ببيتە هۆيەك بۆ وەستاندنى ئەم جنگە ، چونكە هيشتا گلپەى مابوو، بە لى ئەم شەش

ئ

پیاوە ووتیان : بە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئیمە لە حالیکدا دەژین کە هۆزە کەمان بەجی هیشتووە هیچ هۆزیك بە قەد هۆزە کەی مە لەم ناوەدا بە ئەندازەی هۆزەکەمان شەرو کوشتارو دووبەرەکی لە ناو دا نیە ، ووتیان: ئیمە لە خوا دوا کارین کە بەهۆی تۆ وە ئەی پیغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) کە تیرە کانمان و هۆزە کەمان کۆبکەیتە وە ،لە گەل یەکدا یەك بگرین و ئاشتی بەرقرار بی لە ناوماندا ، ووتیان : ئیمەش ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بانگیان دە کەین بۆ لای تۆ ، ئەگەر لەسەر دەستی تۆدا یە ك بگرن ، وە هەرگیز رییان بە کەسیك ناکەویت لە تۆ زیاتر باشترو پایە بلندترو بە حیکمەتر بیت ، ئەوە بوو دوای چاوپیکەوتنیا لە گەل پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئەم شەش پیاوە ژیرو بەصەرقەیە عاقل ود دانایە ،ئەم کۆمە کەسە گەرانەوە بۆ شاری (مەدینە ) پەیامی ئیسلامیان بۆ بردن ،خەلکە کە بە دلخۆشیەوە پەیامەکەی پیغە مبەری خوا (صلى الله عليە وسیلم ) یان وەرگرت بەلام ئەو ئیماندارانەی کە لە دلەوە پەیامی ئیسلامیان پیگەیشتبوو ،ئیمانداری دامەزراو بوون ، جگە لە منافقە کانی شاری مەدینە کە خوای گەورە لە سورەتی بقرە دا زۆر باسیان دەکات ، بەلی ئەم شەش کەسە وەك قودوە و سونبل مال بەمالی شاری مەدینە پەیامی ئیسلامیان پی گەیان تا وای لیهات مالیك نەما لە مالە کانی (انصار ) باسی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) تیدا نە بیت .زاد المعاد/١/٤٢٨-٤٣٠، الرحيق المختوم سيره النبويه ص١٢١.

## پە یمانی عەقەبەی یەکەم

هەروەك لە پیشتر ووتمان کە شەش پیاو لە خەلکی شاری (مەدینە ) لەوەرزی حج سالی (١١ ) پیغەمبەرایەتی دا موسلمان بوون، پە یمانیان دا بە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) کە پەیامەکەی بە کەس و کاریان لە شاری مە دینە بەگەیەنن ، واتا: ئەمانە لە (الانصارە) کان بوون کە لە باسەکانی دواتر دا باسیان دەکەین کە ج جۆرە خەلکانیك بوون ، (خوای گەورە ) لە قورئانە پیرۆزە کەیدا باسیان دە کات دەفەرموویت : ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾التوبە ١٠٠ .

ئ

واتا: لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون ، لەئیسلام بوون ، و خزمەت کردنی ئیسلامد لە کاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە بە ریکو پیکی شوینیان کەوتوون ، رازی بووە و ئەوانیش لەو رازی بوون، باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون کە چەندەها رووبار بە بەردەم کۆشکەکانی و بەژیر درەختەکانیدا دەروات ، هاوری لەگەل نەمریدا بۆ هەمیشە یش تیاید دەمیننەوە ، ئەو سەر ئە نجامەسەر کەوتنیکی زۆر گەورەیە .

بەلی لە ئاکامی ئەم شەش کەسەدا کە وەرزی حج کردن هاتە پیشەوە واتا: سالی دواتر بەلی لە وەرزی حجی سالی (١٢) پیغەمبەرایتی دا ، بەرامبەر بەسالی ٦١٢ ی زاینی بوونە (١٢) پیاو ، (٥) کەسیان لە و شەش کە سە بوون ، کە لە سالی (١١) پیغەمبەراتی دا هاتبوون واتا: سالی رابردوو ، پەیوەندیان پیوە کردبوو ، بەلام شە شەمیان ئامادە نەبوو (جابری کوری عبداللە کوری رئاب ) بوو ...

لەگەل (٧) کەسی تر کە بریتی بوون لە مانە :

١-(معاذ) کوری حارث ) لە (بني النجار) خزرە جی

٢-(ذکوان ی کوری عبد القیس) لە( بني زریق ) خزرە جی

٣-( عبادە ی کوری صامت ) لە (بني غنم ) خزرە جی

٤-(یزید ی کوری ثعلبة) لە (بني غنم ) خزرە جی

٥-(العباس ی کوری عبادە کوری حنظلة ) لە (بني سالم) خزرە جي

٦-(ابو الهیثم ی کوری التیهاني ) لە بني (عبد الاشهل ) ئە وسي

ئ
٧-( عويم ی کوری ساعده ) له ( عمرو بن عوف ) ئه وسي

بەلی دوانەکەی کۆتایی لە هۆزی ( ئەوس ) بوون ئەوانەی تریش لە هۆزی ( خزرەج ) بوون .

ئەمانە لە ( عەقەبەی مینا ) دا بەیعەتیان دا یان پە یمانیان دابە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) .

بوخاری لە ( عبادە ی کوری صامت ) وە بۆمان دەگیرتەوە دەفەرمووی : ( لە پیغەمبەرەوە ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : وەرن ، بەیعەتم بدەنی کە هاوەڵ بۆ خودا پەیدا نەکەن و دزی نەکەن و زینا نەکەن و رۆلەکانتان نەکوژن بە ناحەق ،بوختانی دەست و داوین هەڵنەبەستن ، و لە هیچ چاکەیەکدا سەرپیچیم نەکەن ، هەر کەسیك لەئیوە وادەی خۆی بردەسەر ئەوە پاداشتی لە سەر خوایە ، هەرکەسیکیش سنووری یەکیك لەوانە ببەزینیت و لە دونیادا سزابدریت دەبیتە مایەی سرینەوە گوناهەکەی ، هەر کەسیکیش سنووری بەزاند و خودا بۆی پۆشی ئەوا کاروبارو سەرە نجامی بۆلای خوا دەبیت ، ئەگەر ویستی سزای دەدات ، ئەگەر ویستیشی لەسەر بوو لی خۆش دەبیت ، فەرمووی : بەیعەتیان پیدا ).

**صحيح البخاری باب بعد حلاوه الا يمان ٧/١ ، باب وفود الانصار ١/٥٥٠-٥٥١ .**

( ابن اسحاق ) دە فەرموویت : ( خوای گەورە ویستی خیری هەبوو کە ئاینە کە شکۆدار بکات و پیغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) سەربەرز بکات ، وە پە یمانی خۆی بهینیتەدی ئەوە بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە کاتی وەرزی حەج دا رۆیشتە لای هەندی لە کورانی الانصار لە هۆزە کانی عەرەبی تردا و خۆی پی ناساندن ، ئەوە بوو ( خوای گەورە ) کارە کەی گەیاند ، ئەوەی کە بگاتە بە هەندی لە ( کورانی لانصار ) لە لای دۆلی ( عقبە ) وەعاصی کوری عمر لە هەندی لە پیاوە بەرزەکانی قەومی خۆی بۆی گیرامەوە کە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشت بەوان و پی ی فەرموون: ئیوە کین ؟! ووتیان ئیمە کەسانیکی خەزرەجی ( واتە: خەلکی مەدینە ؟ ) پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی: ئیوە هاوپە یمانی جوولەکەکانن ؟! ووتیان بەلی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی دانیشن تا قسەتان لەگە لدا بکەم ؟ ووتیان فەرموو :ئە نجا دانیشتن و هەموویانی بانگ

ئ

کرد بۆ لای پەرستنی (خوای گەورە) ئیسلامی پی راگە یاندن و قورئانی بۆ خویندنەوە ، دەفەرموویت : یە کی لە چاکەکانی ئەم باسە ئەوە بوو خوای گەورە وای کردبوو کە کورانی (ئەوس ، خەزرەج) نزیکی جوولەکە بوون ، وە جوولە کە کانیش خاوەنی کتیب و زانست بوون ،وە ئەوانیش لە سەر بتپەرستی خۆیان بوون ، وە بتیان دەپەرست و زال بوو بوون بەسەریاندا و هەر کاتیك شەریك لە نیوانیاندا بەرپا ببوایە جوولە کە کان هەرەشەی ئەوە یان لی دەکردن و دەیان ووت: پیغەمبەریك دە نیریت و و هاتنەکەی نزیك بووە تەوە وشوینی دە کەوین و بەو کوشتنەی کە قەومی (ئارام ، عاد) پی کوژرا دەتان کوژین ، دەفەرموویت : کە ئەو کۆمەلە قسە یان لە گەل پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دا کرد ، پیغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) بانگەوازی کردن بۆ لای (خوای گەورە) ئەوە بوو هەندیکیان بە هەندیکیان ووت: دەزانن خەلکینە ئەوە ئەو پیغەمبەریە کە جوولەکە هەرەشەیان بە و لی دەکردین هە تا ئەوان پی ی نە گەیشتوونە با ئیمە موسلمان ببین ...!!

دەفەرموویت : ئەوان گویی بیستی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بوون ، لەویدا بەراستیان خستەوە و ئاینی ئیسلامیان وەرگرت و ووتیان : ئیمە خزمانی زۆرمان بە جی هیشتووە و شەرو ئاشوب و دووبەرەکی و ئاژاوە لە نیوانیاندا هەیە بەلکو (خوای گەورە) بە هۆی تۆوە یەکیان بخات ، وە ئیمە دە گەرینەوە بۆ لایان و ئەوەی بە ئیمەت گەیاند ئیمە پییان دەگەیەنین و بانگەوازیان دەکەین و پیشیان دەگەیەنین ، کە ئیمە جۆن باوەرمان پیهیناویت گە ر (خوای گەورە) ئەوان کۆکاتەوە لە ژیر سەرپەرشتی تۆ دا ،ئەوا هیچ پیاویك بەهیز تر و سەربەز ت نابیت لە تۆ ، پاشان پیغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) بەراست خست بووە ، شەش کەس بوون لە (خەزرەج) لە کورانی بنی ( نجار) دەفەرموویت : کاتیك گەراینەوە بۆشاری مەدینە بانگەشە ی خزمانی خۆمان کرد بۆ ئاینی ئیسلامەی پیغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بانگەوازی بۆ کردین ئەوە بوو ئاینی ئیسلام بلاو بۆوە لە ناویاندا تاوای لیهات مالیك لە مالەکانی الانصار نەمابوو کە باسی پیغەمبەری (صلی الله

ئ

علیەوسلم تیا نەکریت  تا سالی ئاینده هات (١٢) پیاویان گەڕایەوە بۆلای پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) و لە دۆلی (عەقەبە ) ریکەوتنیان لە گەل پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) ئەنجامدا لای شەیتان رەجم کردن ، لەویدا بەیعەتیان دا بە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) پیش ئەوەی شەر یان جیهاد فەرز ببیت لەسەر موسلمانان ، وە پیاوانی ئامادە بووی گفتی (عەقەبەی یەکەم ) ئەمانە بوون : (ناوەکانیان لە سەرەوەدا باسم کرد بوو ...)

**سیره ابن هشام ٢/٣٨، ابونعیم فی دلائل ٢٢٣ ، التبرانی فی التاریخ ٢/٣٥٣ ، البیهقی فی الدلائل ٢/٤٣٣ .**

بەلی دوای موسلمان بوونی ئەم هاوەلە بەریزانە و گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە ، بی گومان ئەوان بەباشیان زانی یەکی لە هاوەلە بەریزە کانی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) کە چەندین سالە لە خزمەت پیغەمبەری خوا دایە (صلی الله علیه وسلم ) باش شارەزای لە ئاینی ئیسلامە وە دە زانی قورئان بە باشی بخوینیتەوە ، لە گە لیاندا بەروە شاری مەدینە بکەویتە ری تاکو وەك نوینەریکی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە ناویان بیت بۆ بلاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام و خویندنەوەی قورئانی پیرۆز بەسەر خەلکی شاری مەدینەدا تا کو خەلکی الانصار یان خەلکی شاری مەدینە زیاتر شارە زای ئاینی ئیسلام بن ، هەروەها زیاتر (خوای گەورە ) بناسن لەسەر ریگا راستە کەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) برۆن و پەیامە کە بە باشی بە گە یەنن بە خەلکی شاری مەدینەدا ...

ئ

## نوینەر یان سفیری پیغەمبەری خوا ﷺ لە شاری مەدینە دا

لە (عەروەی کوری زوبی) خوا لی رازی بیت دەفەرموویت : (کاتی خەلکانی شاری مەدینە و خاوەنە کانی پەیمانی (عەقەبەی یەکەم ) گەرانەوە بۆ لای خزمانی خۆیان بە بە نیهینانە بانگەوازی ئیسلامیان پی دە گەیاندن و هەوالی پیغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم ) بۆ دەگیرانەوە لە گەل باسی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە (خوای گەورە ) بە پیغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم ) ناردیەتی ئەوان بانگەوازی قەومەکەی خۆیان کرد و هەتا وای لی هات هەموو خانوویەك لە خانووە کانی الانصار موسلمانیکی تیا بوو ، پاشان ناردیان بۆلای پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) وە داوایان کردو ووتیان : پیاویك لای خۆتەوە بنیرە بۆلامان تا خەلکان بانگەواز بکات بە کتیبەکەی خوا چونکە ئەوەنزیکترە لە بە ئاگا بوونیان و باشتر شوین کەوتنیان بۆ ئیسلام ، ئینجا پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) (موصعەبی کورعومەیر ) ی بۆ ناردین ... ). ابو نعیم فی الدلائل ٢٢٧، والتبرانی فی الکبیر ٣٦٢/٢٠ .

ی

له ریوایەتیکی تردا هاتووه (ابن اسحاق ) دەفەرموویت : (( پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی کرد به (موصعەبی کوری عومەیر ) که قورئانی بەسەریاندا بخوینیت و ئیسلامیانپی راگەیەنیت و لەئاینی پیرۆزی ئیسلام شارەزایان بکات، (موصعەبی کوری عومەیر ) هەر له شاری مەدینەدا نازناوی قورئان خوینی لی نرا بوو، ئەویش یەکەم جار چوو بۆلای کورانی بنی غنم ،بۆلای پیاوی پایه بەرز (اسعدی کوری زوراره ) له مالی ئەودا به نهینیانه خەلکی بانگ دەکرد بۆ ئیسلام تا بانگەوازەکه بلاو بۆوه وشوینی کەوتنی زۆر بوون ئەوانیش هەر بەنهینی بەردەوام بوون تارۆژیك (اسعد ) لەگەل ( موصعەب ) دا هاتنه لای بیری (مرق ) نزیك بەو شوینەی له نزیك دارخوماکاندا دانیشتن و هەندی له خاوەن زەوی موسلمانی ئەو شوینەیان بانگ کرد به نهینی و کۆبوونەوه یەکیان له گەل کردن لەو کاتەدا موصعەب قسەی بۆ دەکردن و بەسه رهاتی بۆ دەگیرانەوه ...

هەوالی ئەم کۆبونەوەیه گەیشت به پیاوی پایەبەرز (سعدی کوری معاذ ) . له ریوایەتی کی تردا (ابن اسحاق ) دەفەرموویت : (ئه و رۆژه (اسعد و ئوسید ) دوو گەوره هۆزی خۆیان بوون له کورانی (بنی عبدالاشهل ) که هیشتا هەر موشریك بوون ، له سەر ئاینی خزمانی خۆیا بوون، کاتی که گویان لی بوو که یەکی له شاری مککه وه هاتووه و بانگەوازی بلاودەکاتەوه لەو شاره دا واته: شاری مەدینه ، (اسعد به ئوسید ی ) ووت : باوکت له دەست نەچیت بچۆ بۆلای ئەو دوو پیاوه واته (اسعدی کوری زورار ، موصعەبی کوری عومەیر ) که هاتوونەته ناو ئەم خانوانه بۆ ئەوەی لاوازه کا نما بی عەقل بکەن ، بچۆ لیان تووره ببه ،وه داوایان لی بکه دەست لەو کاره هەلگرن ، ونزیکمان نەکەونەوه ، چونکه تۆ دەزانی که (اسعدی کوری زوراره ) چەند خزمایەتی یەکی نزیکی هەیه له گەلمدا و هەروەها که کوری پورمه ومن ناتوانم بچم و هەل کوتمه سەری گەر وانەبوایه خۆم دەچووم و پیویستی نەدەکرد که تۆ بچیت (ئوسیدیش ) رمەکەی هەلگرت و بەرەولای ئەوان چوو کاتی که (اسعد ) لای (موصعەب ) دانیشتبوو بینی (ئوسید ) وا بەرەو ئەوی هات به (موصعەب)ی ووت: ئەوەسەرکردە ی هۆزەکەی خۆیەتی

ئ

کەهات بۆلات بەراستی ئیسلامیپیبگەیەنە ، (واتە : سوور بە لەسەر ئەوەی کە ئەم پیاوە لەئیسلام باش حالی بی )

(موصعەبیش ) ووتی : گەر دانیشیت لامان قسەی لە گەل دەکەین ، (ئوسید ) هاتە لایان وەستا و بە توورەیەوە پی ی ووتن: جی وای لی کردوون بین بۆلای ئیمە تا لاوازەکانمان بی ئەقل بکەن و فریویان بدەن ، دوور کەونەوە لیمان گەر خۆتان لا خۆشەویستە، (موصعەبیش ) ووتی : ئەی بۆ دانانیشیت گوی بگریت گەر رازی بوویت بەشتیك وەری گرە ئەگەر بیت ناخۆشە لیت دوور دە خەینەوە ، (ئوسید ) ووتی : بەراستی قسە کەت دادپەروەرانەیە ، ئینجا رمەکەی چەقاند و دانیشت لایان ، (موصعەب ) ئیسلامی تیگەیاند و بۆی روون کردەوە و قورئانی بەسەردا خویندەوە ...

دوایی (موصعەب و اسعد ) ووتیان : وەلاهی پیش ئەوەی (ئوسید ) قسە بکات ئیمە ئیسلامەتیمان دەبینی لە روویدا دیار بوو پیش ئەوەی شایە تمان بینی چونکە رووی زۆر گەش بوو ، وە جوان حال ئەبوو ، وەبەباشی گویی بۆ گرتبوون بۆبانگەوازەکە ، کە بۆمان روون کردەوە لە کۆتاییدا ووتی : ئە قسەیەی کە تۆ دەیلیت جوانە زۆر چاکە ، ئەوە چی دەکەن کە بتانەویت بچنە ناو ئەم ئاینەوە؟ هەر دووکیان پییان ووت : دە بیت خۆت بشۆیت و هەر دوو جلەکەت پاك و خاوین بکەیت و پاشان شایەتی بەحەق بدەیت و دوورکات نویژ بکەیت ئینجا ئەویش هەستا و ئەوانەی جی بەجی کرد ووتی : پیاویکم بەجی هیشتووە لە دواوەمەوەیە ، گەر ئەو موسلمان ببیت هیچ کەسیکی ئیرە دوا ناکەویت لە موسلمان بوون و منیش ئیستا دەچم دیهینمە لاتان و ئە ویش (سعدی کوری موعاذ ) ئینجا رمەکەی هەل گرت و چوو بەرەو لای (سعد ) سعدیش لەگەل خزمانی خۆی دانیشتبوو لە جیگەی دانیشتنی خۆیدا کە کاتی (سعد (ئوسید ) بینی بە رمەکەیەوە گەرایەوە بۆئەوەی بەو کەسانەی خزمی کە لەلای دانیشتبوون ووت: سویند دەخۆم بە خوا (ئوسید ) هاتەوە لامان و بەو دەم چاوەی یەکەم جاری کەرۆی نەهاتەوە، (ئوسید ) کاتی هاتە لایان و وەستا ، (سعد ) پی ی ووت: چیت کرد ؟ ئوسید ووتی

ێ
: قسەم لەگەڵ دوو پیاوەکە کرد و شتی وا خراپم لی نەبینین و دوام لی کردن کە دەست لە و کارەیان هەلگرن ، ئەوانیش ووتیان : ئەوەی تۆ پیت خۆشە ئەوە دەکەین بەلام هەوالم پیگەیشتووە کە کورانی (بنی حاریثە ) هەمووچوون بۆ (اسعدی کوری زورار ) بۆ ئەوەی رقی تۆی پی هەلسینن و پەنای تۆی پی بشکینن ، پاشان (سعد) بە تورە بوونیکەوە هەستا نەوەك کورانی (بنی حاریسە ) (اسعد ) بکوژن ورمەکەی لەدەست ئوسید سەند و ووتی: وەلاهی وابزانم هیچ سودیك نەبوو ، پاشان چوو بۆلایان و نزیك بۆ وە (اسعدی کوری زورار ) ی کوری پوری خۆی بینی لە گەلیدا دانیشتبوو وەهیچ ترس و باکیان نەبوو ، وە هیچ شەریك لە ئارادا نەبوو ...

ئینجا بە تووەییەوە لای هەردووکیا وەستا و بە ( اسعدی ) کوری پوری خۆی ووت: ئەبو ئوبامە وەللاهی خۆت باش دەزانیت ئەو خزمایەتیەی کە هەیە لە نیوان من تۆدا گەر ئەوە نەبوایە تۆ وات نەئە کرد بەرامبەر بەمن ، ئەوە بۆ چی ئەم تاکە کەسە دەرکاوە و بی هاوتا و غەرییەت گرتۆتە لای خۆت بۆ ئەوەی کەم هۆش و نەزانەکانمان تیك بدات و بە شتی پروپۆچ فریویان بدات ، وەدواجار ئیوەش تیك ئەدات ، من وای بە باش دەزانم کەلی ی نزیك نببنەوە ،ئینجا بە (موصعەبی ) ووت : بۆچی دیتە ناو خانوە کانمان و شتی نارەحتمان بەرامبەر دە کەیت ؟ ( پیش ئەوەی (سعد) بچیت (اسعد) بە (موصعەبی ) ووت : ئەی موصعەب وەلاهی سەرکردەی قەومیك واهات بۆلات ئەگەر شوینت بکەویت هیچ کەس لە قەومەکەی دوا ناکەویت لە شوین کەوتنی بۆ ئاینی ئیسلام )، (موصعەبیش ) بە (سعدی ) ووتبوو : گوی بگرە گەر شتیکت پی رازی بوو ئەوا وەری گرە و ئەگەر شتیکت پی نا خۆش بوو ئەوا لیتی دوور دەخینەوە ، (سعد ) ووتی: قسە کەت زۆر زۆر دادپەروەرانە بوو ، ئینجا رمەکەی چەقاند و دانیشت لەلایان و (موصعەبیش) ئیسلامی پی گەیاند ، (اسعد ) هەندی نەرم و نیانی بینی لەلایەن (سعد ) وە و پی ووت: ئەی پورزام گوی گرە لە قسەی ئەگەر شتیکی راست بوو ئەوا ملکەچ و گویرایەلی

ێ

ببە (سعد) بە (اسعد) ی ووت : (موصعەب چی دەڵیت ؟ (موصعەبیش) سەرتای سورەتی (زخرف) ی بۆخویندەوە کە (خوای گەورە )دەفەرموویت : ﴿حم ۝ وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ ۝ إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝ وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾**زخرف** ١-٤.

هەردووکیان وویتان: وەللاهی ئیسلامەتیمان دەبینی لە رووی گەشی (سعدی کوری موعا ذ ) پیش ئەوەی قسەبکات دوای ئەوەی (موصعەب ) لە قسەکانی تەواوبوو (سعد) بەهەر دووکیانی ووت:چی دەکەن گەر بتانەویت موسلمان بن و بچنە ناو ئەم ئاینەوە ؟ ووتیان : هەستە و خۆت بشۆ و هەردوو بەرگەکەت خاوین بکە و شایەتی بە حەق بدە و دوو رکات نویژ بکە ئەویش ئەوانەی جی بەجی کرد...

پاشان رمەکەی هەڵگرت و بەپەلە گەرایەوە بۆلای قەوم و هۆزەکەی خۆی ، (اسعد) دەفەرموویت: کە قەومەکەی خۆی بینی (سعد)، (ئوسید) گەرانەوەبۆلایان هەر لەوی پیش گەیشتنی ئەو دووانە بۆلایان ووتیان : سویند بە خوا (سعد) بە روویەکەوە گراوەتەوە بۆلامان لەرووی جارانی جیاواز تر بوو کە لیرەوە رۆیشتن ، ئینجا (سعد ) هات و وەستا لەلایان و پی ی ووتن : کورانی (بنی عبد الاشهل ) قسەی من چۆنە لە ناوتانا ؟ ئەوانیش ووتیان : تۆ گەورەمانی و بۆ چوونت لە بۆ چوونی هەموومان چاکترە و تۆ لە هوومان گەورەت و بەرزتری ، (سعد ) ووتی:گوی بگرن قسەکردنی ئافرە تانتان و پیاوانتان لەسەرم حەرام بیت تا باوەرنەهینن بە خوا و بەپیغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم ) وە هەر کەسیك گومانی هەی لەم ئاینەدا لەبچووك و گەورەتان وە لە پیاوان و ئافرەتانتان با شتیکی چاکتر بۆمان بهینیت لەم ئاینەی کە پی ی هاتووە وەللاهی فەرمان و ئاینیك هاتۆتە پیشەوە سبەی رۆژملەکانی لەسەر هەڵدەکەنرین .(عوروە دەفەرموویت: )

وەللاهی ئیوارەی پی نەچوو تا خانوویەك لە خانووەکانی (بنی عبد الاشهل) نەما چ پیاو چ ئافرەت تا هەموویان سەرجەم یان لەریگەی (سعد) وە موسلمان بوون ، (اسعد) و(موصعەب)

ئ

گەرانەوە شوینی خۆیان واتە: مالی (اسعدی کوری زوراره) پاشان بە ئاشکرا ئیسلامیان دەگەیاند بەخەلکان تا (خوای گەورە ) کەسانیکی زۆری لەسەردەستی دا رینوویی کرد تا مالیك نەمابوو لە مالە کانی ئەنصار داکەسانیکی لی موسلمان نەبوو بیت بەسەرکردەکانیانەوە وە : (عمری کوری جەموح ) وە ئەو موسلمانانەش کەوتنە شکاندنی بتەکان وە کەسانیکی خاوەن دەسەلات بوون سەرکردەی هۆزو تیرەکان بوون ژمارەیان زۆر بوو لەشاری مەدینەدا ... ) .

سیره ابن هشام ٤٣/٢، والتبرانی فی التاریخ ٣٥٧/٢،والبهقی فی دلائل ٤٣٠/٢-٤٣٧.

هەروەها لە ریوایەتیکی (ابن عباس) د هاتووە دەفەرموویت : ((خوای گەورە ) ری دا بوو بە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) کە کۆبوونەوەی جمعەی ئەنجام بدات پیش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە بەلام پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) نەیتوانی جمعە بکات لە بەر باروذۆخی شاری مککە ، بۆیە هەوالی بۆ (موصعەب ) نارد لە شاری مەدینە کەلە ناو شاری مەدین دا بوو ، بۆبلاو کردنەوەی بانگەوازی پەیامی (خوای گەورە ) پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بە (موصعەبی ) فەرموو: تە ماشا بکە ئەو رۆژەی کە جوولە کەکان بە ئاشکرا زبووری تیاد دە خوینن و ئافرەتان و کورانتان لەو رۆژەدا کۆبکەنەوە کاتیك کە گەیشتنە نیوەرۆ و خۆر لایدا ئالە و کاتەدا دوو رکات نویژ بکەن تا نزیك بنەوە لە (خوای گەورە ) دەفەرموویت: یەکەم کەسیك کە نویژی جمعەی کر بیت بۆ خەلکی پیش هاتنی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بۆ شاری مەدینە (موصعەب ) بوو ، تا دواجار پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) کۆچی کرد بۆ مەدینە و خەلکانی ناو شاری مەدینەی کۆکردەوە و بەئاشکرا ئەنجامیدا )). الشیخ الالبانی فی (ارواء الغلیل ) ٦٨/٣.

هەروەها لەو کاتەشدا ژمارەی موسلمانان لە ناو شاری مەدینەدا دە گەیشتە (٤٠) کەس .

ئ

( کەعبی کوری مالك ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : (( یەکەم کەس کە کۆی کردینەوە بۆ نویژ جمعه ( اسعدی کوری زوراره ) بوو لە ناو چەی ( هزم النبیت ) لای حەرەی بنی بەیازە ، کوره کەی پی ووت: ئەو رۆژە ژمارەتان گەیشتبووە چەند موسلمان ؟ کەعب ووتی: ( ٤٠ ) کەس دەبووین )) .

اخرجه ابو داود ( ١٠٦٩ )، وابن ماجه ( ١٠٨٢ ) ، والتبرانی فی الکبیر ( ٩٠٠ ) .

## پەیمانی یان بیعەتی عەقەبەی دووەم

پەیمانی دووەمی عقبە ئەم پەیمانە بوو کەوا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە سالی ( ١٣ ) هەمی پیغەمبەرایەتی دا بوو بەرامبەر بە سالی ٦٢٢زاینی ، ئەوە بوو کەوا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل نوینەرانی شاری مەدینە یەکتر ببینن لە لای ( عقبە ) ، ( ابن هیشام ) لە وبارەیەوە دەلی : ( دوای ئەوەی کە ( موصعب کوری عومەیره ) بۆ ماوە یەك سال لە شاری مەدینە دەمینیتەوە لە سالی دا هاتوودا و لە کاتی وەرزی حەج کردن دا دە گەریتەوە بۆ شاری مەدینە لە گەل ئەو موسلمانانەی کەلەسەر دەستی ( موصعب ) ئیمانیان هینا بوو ، بەلام کاتی لە شاری مەدینە بە ری دە کەون خۆیان لە موشریکانی شاری مەدینە جیا ناکەونەوە بەیەکەوە دین ، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن کەس زیانیان پی نە گەیەنی ، کاتیك کە دە گە نە شاری مککە لەوی کات و شوینیك دادە نین لە گەل پیغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ) بۆ چا پیکە وتنیان لە گەل پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە لای عقبە ، ( کعب کوری مالك ) یەکیکە لەو پیاوانەی کە ئامادە پەیمانی دووەمی عقبە بووە ، دەفەروویت: ( دوای ئەوەی کە لە مراسمی حەج بوینەوە ، ئەو شەوەی ، کەبریار بوو

ئ

پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تيدا ببينين سەرە تاى شەو لەگەل موشريكە كان لە لاى مەنزلگا خۆمان خەوتين هە تا سى يەكى شەو رۆيشت ، دواى ئيمە بە پنهانى هەستاين و لە لە مەنزلگاكەى خۆمان هاتينە دەرەوە بە پنهانى رۆيشتين تا كو شيوەكانى عقبە لە ويدا هە موومان كۆ بوينەوە ، ( كعبى كور مالك ) ئەلى : ( ٧٠ ) پياوو ( ٢ ) ئافرەت بووين ، دوو ئافرەتە كەش ( نسيبە كچى كعب ) بوو ، كە نازناوى بە ( دايكى عمارە ) واتە : ( ام عمارە ) ئەووەى تريش ( اسماء كچى عمرو ) بوو ، كە نازناوى بە ( دايكى دايكى منيع ) واتە : ( ام منيع ) بوو ، هەروەها ( كعب كورى مالك ) دەلى : لە م شوينەدا وتە: لە شيوى ( عقبە )دا پغبەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) قسەى بۆ كردين و قورئانى بۆ خويندينەوە و بانگى كردين بۆ ئيسلام ، پاشان فەرمووى: ( أبايعكم على أن تمنعوني مما تمنعون منه نسائكم وأبناكم ) .

واتا: ( پەيمانتان لە گەل دەبەستم ، كە بەر گريم لى بكەن و پشتگيرم بن وەكو چۆن پشتگيريى و بەرگريى دەكەن لە هاوسەرو مندالە كانى خۆتان ) سيره النبوى ابن هشام ٢٢٦/٢.

( كعب كورى مالك ) ئەلى : ( براء ى كورى مالك ) لە پيش هەمووانداا دەستى پيغە مبەرى خواى ( صلى الله عليه وسلم ) گرت و ووتى : بەلى سويند بە و

زاتە ى كە تۆى بە حەق ناردوە ، تۆ دەپاريزين لە هەموو شتيك ، كە نامووس و مال مندالى خۆمانى لى دەپاريزين .

( كعب كورى مالك ) دەلى : گوتمان ئەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پە يمانمان لە گەل ببە ستە سويند بە خوا ئيمە كورى شەرو ئامرازى جەنگين ، لە باب و باپيرانەوە بە ميرا تمان گرتوە ( وەنەبى تازە فيرى شەر بووبين ) .

( كعب كورى مالك ) دەلى : كاتيك كە ( براء كورى مالك ) قسەى لە گەل پيغەمبەردا ( صلى الله عليه وسلم ) دا دەكرد ، ( ابو الهيثم كورى التيهان ) قسەى پى برى و ، ووتى : ئەى

ئ

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە نیوان ئیمە و جوولە کە کاندا پە یمان و بەلین هەیە ، ئیمە کە دوای تۆ بکەوین دەبی ئەو پە یمانە هەلوەشیتەوە ، جا ئایا کاتیك ئیمە وامان کردو خواش تۆی سەرخست ، دوای تۆ دە گەریتەوە بۆ نیو قەومەکەت واتە : ( قورەیش ) ئیمە بە جی دە هیلی و ( پشتمان بەردەدەی لە بەرامبەر ناحە زا نماندا )

( کعب کوری مالك ) دە لی : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) زەردە خەنەیەکی هاتی و فەرمووی : ( بل الدم الدم والهدم والهدم ، أنا منكم وأنتم مني ، أحارب من حاربتم واسلم من مسالمتم ) واتە : بەلکو خوینم لە گە ل خویننتانە و مال لی تیچوونیشم لەگەل مال لی تیکوونتانە ، منە لە ئیوە م و ئیوەش لە منن لە گەل کی شەر بکەن شەری لە گەل دەکەم ، ووە ئاشتیش لە گەل کی بکەن ئاشتی لەگەلدا دە کەم ...

( کعب کوری مالك ) دەلی : ئینجا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرمووین : ( أخرجوا الی منكم اثني عشر نقيبا ليكونوا على قومهم بما فيهم ) واتە : دوانزە ( نقیب ) لە نیوان خۆتاندا بۆ هەلبژیرن ، بۆ ئەوەی هەر کامیکیان بەرسەر تیرە کەی خۆیە وە برا گەورە بی . سیره النبویه ابن هشام ٢/٢٢٨. حیکمەتی ئەم دوانزە ( نقیب ) ئەوە یە ناکری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە کاتیدا لە گەل یە ك یەکیان قسە بکات چونکە زۆر بوون ، بۆ یە پیویست بوو یەکیك ببیتە نوینەری کۆمەلیك یان تیرە یەك .( کعب کوری مالك ) دەلی : ئینجا ئیمەش دوانزە نقیب مان لە نیوان خۆ مان هەلبژاردن ، وە بە پیغەمبەرامان ناساندن، کە ( ٩ ) کەسیان لە هۆزی ( خەزرەج ) بوون ( ٣ ) شیان لە هۆزی ( ئەوس ) بوون .

ئەم ناوانەی خوراە وە دوانزە نقیبە کەن :

١-اسعد بن زرارة ........................... ٢-سعدبن الربيع .

٣-عبدالله بن رواحة ...................... ٤-رافع بن مالك بن العجلان .

٥-البراء بن معرور بنصخر................ ٦-عبدالله عمرو بن حرام .

ئ

٧-عبادةبن الصامت ....................... ٨-سعدبن عبادة.

٩-المنذر بن عمرو بن خنيس .............. ١٠-اسيد بن حضير .

١١-سعد بن حيثمة بن الحارث ........... ١٢-رفاعة بن عبدالمنذر بن زبير .

سيرة النبوية ابن هشام ٢/٢٢٩.

(ابن اسحاق ) ده لی : ئینجا پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بە (نقيب) بە كانی فەرمووی: ( أنتم على قومكم بما فيهم كفلاء ككفالة الحواريين لعيسى بن مريم (عليهم السلام ) وأنا كفيل على قومي ، يعني المسلمين ؟ قالوا نعم ).واتا: ئیوه هەرکامیکتان لەسەر قەوم و

خزمانی سەرپەرشتیار دەبی ، وەکو چۆن حەوارییە کان کەفیل و وەکیلی عیسى کوری مریم بوون ، وەمنیش کەفیل وەکیلی بەسەر هەموو قەومە کەمەوە ،واتا : موسلمانان ، ئەوانیش گووتیان : (بەلی ) . سیره ابن هشام ٢/٦٣ .

(کعب کوری مالك) دەلی : پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( ارفضوا الى رحالكم ) واتا: ئیستا بلاوببنەوە بچنەوە بۆ لای شوینە کانی خۆتان واتەك بنە و بارگە کانتان . بۆ ئەوەی موشریکە کان هەستان پی نەکە ن . (کعب کوری مالك )دەلی : (عباس بن عبادە ) بە پیغەمبەری (صلى الله عليه وسلم ) ووت: سویند بەو خوایەی بە حەق رەوانەی کردووی ، ئەگەر حەز دە کەی و پیت چاکە بەیانی بە شمشیرە کانمان لە موشریکە کان دەدەین ..!! پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لە وەلامدا فەرمووی : ( لم نؤمر بذلك ولكن ارجعوا الى رحالكم ) واتا: جاری فەرمانمان بە وە پی نەکراوە ، بەلکو بگەرینەوە بۆ نیو

ئ
بارگەکانی خۆتان ئیمەش گەراینەوە بۆ لای بنکە و بارە گاکانی خۆمان و خەوتین هە تا بەیانی .(جابر کوری عبدالله ) یەکیك بوو لە وانە لە و پە یمانەدا بەشدار بوو دەلی : ووتمان ئیمە هەتا کەی بهیلین پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە شاخەکانی مککە دا دەربکریت ، وە بترسینریت ، دەبی بچین بیهینین و لە شاری خۆمان لە خزمەتی دابین . (جابر کوری عبدالله ) دەلی : بۆیە لە وەرزی حەجدا (٧٠) کەس زیارت رۆیشتین بۆ شاری مککە بەلینمان پی دا شوینما دیاریکرد ، لە شیوە کانی (عقبە ) یە ك یە ك و دوو دوو چووین بۆ ئەوەی هەتا هە مووماں کۆبوینەوە ، وە بە پیغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم ) ووت: ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لەسەر چی پە یمانت پی بدەین ؟!

سيره النبويه لابن هشام ٢/٢٣٠.

ئەویش فەرمووی : (تابيعوني على : السمع والطاعة في النشاط والكسل والنفقة في العشر واليسر ، وعلى الامر بالمعروف والنهيى عن المنكر ، وأن تقولوا في الله لا تخافون في الله لومة لائم و وعلى أن تنصروني فتمنعوني اذا قدمت عليكم مما تمنعون منة أنفسكم وأزواجكم

وابنائكم ، والكم الجنة ) .

بەندە کانی قبەی دووە م بەم شیوە بوون :

١-گویم بۆ بگرن و فەرمان بەرییم بۆ بکەن ، لە کاتی پی خۆ بوون و پی ناخۆش بووندا ، یان لە کاتیکدا ، کە لە قەلبتان خۆشە و لە کاتیکدا ، کە لەسەر شانتان قورسە .

٢-مالی خۆتان ببەخشن لە کاتی سەغلەتیی و ئاساییدا یان لەکاتی گرانی و هەرزانی دا.

٣-فەرمان بە چاکە بکەن، و ری گری بکەن لە خرا پە کردن .

٤-قسەی حەق بکەن لەبەر خاتری خوا ، وە لە حەق گوتن نەسلە مینەوە و گوی نەدەن بەلۆمەی لۆمە کاران.

ئ

٥- پشتم بگرن و بەرگریم لی بکەن سەرم بخەن ، دوای ئەوەی کە دیمە لاتان بۆ شاری مەدینە وەبم پاریزن لە هەر شتیك ، کە خۆتان و مال و خیزان و مندالە کانتانی لی دەپاریزن ، لە بەرامبەریشدا بە هەشتان هەیە .

( جابر کوری عبداللە ) دە لی : دوای تەواو بوونی فەرمایشتە کانی ئیمەش هەلساین و پەیمانمان پیدا و ، وەپەیمانی لە ئافرەتەکانییش وەرگرت ، بەلام پیغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) دەستی نەخستە نیو دەستی ئافرەتەکانەوە، بەلکو پاش ئەوەی پەیمانمان پیدا فەرمووی : ( إذهبن فقد بایعتکن ) واتە : برۆن ئەوە پەیمانم لیتان وەرگرت .

اخرجە : الامام احمد باسناد صحیحە ، والبدایة والنهایة ( ابن کثیر ) ١٨٤/٣.

( لە عوروەی کوری زوبیرە وە ) دەفەرموویت: ( سالی ئایندە واتە: سالی پەیمانی عقبەی دووەم ، ( ٧٠ ) پیاو لە پیاوانی ئە نصار هاتنە خزمە ت پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) وە ( ٤٠ ) کەسیان لە هەروە سەرکردە و پیاوە ریش سپی و گەورە پیاوەکانیان بوون ، وە ( ٣ ) کەسیان لە گە نجە خوین گەرمەکانی ئەنصار بوون و، وە بچووك ترینیان ( عوقبەی کوری عمرو ) و ( ابن عباس ) و ( جابر کوری عبداللە بوو،

لەریوایەتیکی تردا هاتووە دەفەرموویت : ( کۆبووینەوە عباس بە پیغەمبەری خوای ( صلی اللە علیە وسلم ) ووت : برازا ئەمانە نازانم کینە هاتوون ؟ من خەلکانی مەدینە لی یان دەناسم ، وە دانە دانە لی ی کۆبووینەوە عباسیش رووی تی کردین و دەی ووت : ئەماننە کەسانیکن نایان ناسین ، ئەمانە کەسانیکی گە نجن ، ئیمە کاتی کە دانیشتین یەکەم کەس کە قسەی کرد عباس کوری عبدالمطلب بوو هەستاو بەئیمەی ووت: ئەی کۆمەلانی خەزرەج ( عەرەب بە گشتی بە دانیشتوانی شاری مەدینەیان دەووت کۆمەلانی خەزرەج ، پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) باش دەزانن کەچی ئیمەیە و چ پلەوپاییەیەکی هەیە لەناوماندا وپشت گیریمان لی کردووە دژ بە کەسانی خزمانی خۆشمان کە بە پیچەوانەی ئەووەرەفتار دەکەن ، وە محمد سەربەرزە لە ناو شارەکە ی خۆیدا بەلام ئەو هەر پی ی خۆشە بگاتە لای ئیوە و گەر ئیوە وا

ئ

دەزانن سبەینی تەسلیمی دەکەن و پشتی لی دەکەن دوای ئەوە کە دەگاتەلاتان ئەوە هەر لەئیستاوە وازی لی بهینن ، چونکە خزمانی زۆر سەربەزانە بەرگری لی دەکەن لە وولاتی خۆیدا، ئیمەش ووتمان : گویمان لەقسە کانت بوو و ئەی عباس تۆش ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بە فەرموو ئە و پەیمانەمان لی وەربگرە کە پیت خۆشە بۆ خۆت و خوای خۆت ! ) .

**التبرانی : فی الکبیر ٣٦٢/٢، ابونعیم فی الدلائل النبوه ص( ٢٢٧ )، التبرانی فی التاریخ ٣٦/٢،ابن هیشام فی السیر ٤٧/٢،زاد المعاد ٤٤/٣، والبیهقی فی الدلائل ٤٤٤/٢.**

## کورتە باسیکی شاری مەدینە پیش کۆچ کردن

کۆمەلیك خەلکیك کە نیشتە جی شاری مەدینە بوون ، عەمالیقەکان بوون ، کەلە نەوەی (عملیق کوری لاوز کوری ارام کوری سام کوری نوح ) ئەوانیش دەسەلاتدار وبەهیز پاشماوەی گەلی عاد بوون ، لە سەردەمی (موسی ) سەلاوی خوای لی بیت .

هەروەك (خوای گەورە ) لە قورئانە پیرۆزە کەیدا باسی قەومی (عاد و ارم ) دە کات کە دفەرموویت : ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ﴾ **الفجر ٥-٦** .

واتا : ئایا نە تانزانیووە پەروەردگاری تۆ چی کرد بە قەومی عاد ،کە ویش هۆزی (ارم ) و خاوەنی پایەی بەرزو کۆلەکە و نیرگەی دریژ بوون (قەومی عاد لەشاری ئیرەم کەبالابەرزو تیکسمراو بوون ، خانووبەرە و کۆشك تەلاری گەورە و بەرزیان دروست دەکرد ).

ئە مانە واتە : عمالیقەکان ،لەشام بوون پاشان بلاوەیان کرد و ئیتر هاتن بۆ شاری (یثرب ) واتە : شاری مەدینە ، لەوی نیشتەجی بوون ، پاشان هەندی تیرە و هۆزی جوولە کە کە لە دەرئە نجامی شەری رۆمان و دەر کردنیان لە ولاتی شام هاتن بۆ شاری (یثرب ) ئیتر پەنایان بر د بۆ شاری ((یثرب ) هاتنە ئەوی لە ویدا نیشتە جی بوون ، لە سەرووی هە مووشیانەوەی

ئ

هۆزی یان ئەوەی (بنو نضیر ) ، (بنو قینقاع ) ، (بني قوریضه ) هاتن و لە وی نیشتەجی بوون ،وە جوولە کەش لە شاری مەدینە مانەوە تاکوو هەندی لە تیرە و هۆزە کانی عەرەب لە ئەندامی رووخان و نەمانی پردی (مئرب ) لەیەمەن ئەوییان بەجی هیشت و هاتن لە مەدینە ئەوانیش نیشتەجی بوون ، بوون ، جوولە کە کانی وە هۆزی (ئەوس و خەزرەج ) بۆ ماوەیە ك بە خۆشی و شادی ئەژیان ، بۆ پارراستن و ئەمین بوون لەیکتری هاوپەیمانیان لە ناو خۆیان دروست کردبوو ، کاتیکیش جوولەکە هەستیان بەهیز و توانای ئەوس خەزرەج کرد لییان هەلگەرانەوە م کوو تەتایان لەسەر کردن ، ئەو پەیمانەیان هەلوەشاندەوە کەلە نیوانیاندا کرابوو ،ئیتر عەرەبە کان دوای کۆمەك و یارمەتییان لەغەساسینەکانی هاوزمان ورەگەزی خۆیان کرد ئەوانیش لەدژی جوولە کە یارمەتتیان دان...

بەلی هەرەیەکەلە هۆزی (ئەوس خەزرج ) بە خۆشی و دل ئارامییەوە دەژیان بەیەکەوە بەردەوام بوون لەسەر ئەمەتاکوو شەر و جەنگ کەوتەنیوانیان ، سەرکەوتنە کانیش زۆربەی جار بۆ خەزرەج دە بوو ، ئەمەش وای کرد ئەوەس هاوپەیمانی لە گەل جوولە کە کان ببستن و ئەوانیش پال پشتیان لی کردن و لە رووداوی (بعاث ) دوای ئەوەی کوشتاریکی گەورەیان لی کردن ، ئەوسە کان سەرکەوت بەسەر خەزرەجیە کاندا .

پاشان هەردوولا ئاشت بوونەوە و پییك هاتن لەسەر دورستکردنی حکوومەتیك بۆ بەریوەبردن و جیگیر کردنی کارەکانیان لە شاری مەدینە بەسەرۆکایەتی (عبدالله کوری ئەبەی کوری سەلوولی ) خەزرەجی .دوای رە وانەکردنی (موصعب ) بۆ شاری مەدینە و پەیمانی عەقبەی یە کەم و وە عەقبەی دووە م بلاو بوونەوەی ئیسلام لە شاری مەدینە و ە هاتنی نوینەرانی ئەوس خەزرەج و دانادی دوانزە (نقیب ) کە بۆ هەردوو هۆزە کەی (ئەوس و خەزرەج ) پاش ئەوەی هەستیان بە خۆشی ئمان کرد و لە زەتی بەندا یەتی کردن بۆ (خوای گەورە ) و وە هاتنی ئەو پیغەمبەری کە جوولە کەکانی شاری مەدینەبانگە شەیان بۆ دە کرد کە هاوپەیمانەکانی ئەوس خەزرەج بوون ، بەلی بە دل خۆشیەوە باوەشیان بۆ پەیامە کەی (خوای گەورە ) کردوە بەدەم بانگەوازیە کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیەوسلم ) هاتن . کاتیکیش پیغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم ) کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە هەموو مەلکەچی فەرمانە کانی خوا

ێ

پێغەمبەرە کەی بوون ، بە دلی خۆشیەوە هاتنە ناو ئیسلام ، بەلام گەورە سەرکردە ی ئەوس و خەزرەج کە ( عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلوولی ) بەرووالەت ئیسلام بوون ، لە کاتیکدا زانی دەسەلات و پلەو پایەی نە ما کەوتە دژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بەلی( عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلوول ) یەکیك بوو لە گەورە مونافیقە کانی شاری مەدینە بەردەوام بانگەشەی درۆی بوختان و قسەی پرو پووجی هەلدەبەستی ، کەسیکی دوو روو درۆزن بوو هەولی ناکۆکی و دووبەرەکی دەد لەشاری مەدینە بی گومان لەباسەکانی دا هاتوو دا بەدریژی باسی ئە و پیاوە مونافیقە دوو رووە دە کەیت ...

## سەرەتایی کۆچ کردن بۆ شاری مەدینە

بی گومان کۆچ کردن ، لەراستی دا کاریکی گران و نا خۆشەو نارەحەتە و هیچ مرۆڤیك ئاواتی بۆ ناخوازیت ، نشتیمانی باب باپیرانی بە جی بهیلت ، دوورە وەلات بژی دوور کە کەس و کارو خزم و دۆستانی ،هەموو کۆچ کردنیك هۆکاری خۆی هەیە لە هەر کاتیکدا و لە هەر شوینکدا جا هۆکاری ئازادی رادەربرین بیت یان هۆکاری ئازادی ئاینی بیت یان هۆکاری ئابووری و قات و قیری بیت ، کۆچ کردنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم ) لە بەر ئازادی ئاینەکەی بوو ، وە کۆچ کردنی ئەم سەردە مە بۆ هۆکاری سیاسی و ئابووری گەندەلی وەلاتانە خەلك روو لە وەلاتانی رۆژئاوا دە کات ، لە بەر نا عەداڵە تی لە سیستەمی سیاسی و ئاوبووری و کۆمەلایەتی و ئازاردانی دەروونی و دەست بەسەر دا گرتنی مال و سامانی خەلك بە نا حەق ئە مانە هەمووی هۆ کارن بو کۆچ کردنی بە تاك و بە کۆمەل ، ئا ئەوەتا لە سەردامی رژیمی بەعس خەلك کۆچی دە کرد لە بەرد درندایە تی بەعس بوو دەمار گیری نەتەوایەتی زال بوو ، بەلام ئیستا خەلك کۆچ دە کات لەبەر نا عەدالە تی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و گەندەلی بەرپرسانی ئەم هەریمە، خەلك سەری خۆی هەلدەگریت بۆ وەلاتانی رۆژئاوا ، پیوایە لەم وەلاتانە ما فیان پاریزراوە و ژیانیان پاریزراوە ، بۆیە کۆچ کردن

ێ

بریتیە لە دەست هەڵ گرتن لە هەموو بەرژەوەندی یەك و ، تووش بوونی زەرەرو ، وە لە دەست چوونی ماڵ و سامان ، بە هیوای خۆی دەرباز کردن بەرووت و قووتی بە جی هیشتنی ماڵ و حالی خۆی لە پیناوی ئەوەی بە ئازادی بژی ، یان بە ئازادی خوابەرستی بکە ، یان بە ئازادی رای خۆی دەربری ، یان بە ئازادی ،دوای مافی خۆی بکات ، دوور لە زولم ستەم ، هەروەها کۆچ کەر تووشی نارەحەتی دەبێت جاری واش هەیە کۆچ کەر لەریگادا تیا بچی سەری لەریگای کۆچ کردنە کەی دا نی ، یان تووشی برسیە تی و دەست کورتی ببیت ...

چونکە بەرەو دوارۆژ و چارە نووسیکی نادیار کۆچ دە کات ، وە ناش زانی چ مەینە ت و خە م خەفەتیکی لەریگا دا دیتە ری ،هەموو ئەم ئازار و نارە حەتی و نا خۆشیەی کە دیتە ری ،هۆکارە کەی ئە گەریتەوە بۆ ئە و سزاو ئازارەی کە زالمان و ستەم کاران بە مرۆڤە کانی دە کەن یان بە ئیماندارانی ئەچیژن ، نار چار لەبەر بەرگە نەگرتن ، نا چار ئە بن وەلات بەجی بهیلن ، وە جاوەروانی رەحمی ( خوای گەروە ) دەکەن کە دەرووی خیریان لی بکریتەوە ، لە شوینی کی ئەمین و ئەماندا خۆیان بحەسینەوە ...

ئەوەبوو ئیماندارانی شاری مككە لە لایەن كافرانی قورەیش و موشریکان تەنگاین پی هەڵ چنرا بوو ، سزاو ئاردانیشیان لە رادە بەرد بوو لە لایەن موشریکانەوە ، هەر بۆ یە هەندیکیان کۆچی یە کەمی حەبەشە یان کردو، پاشانیش کۆچی دووەمی حەبەشەیان کرد هەروەك لە باسە کانی رابردوو باسی ئەم دوو کۆچ کردنە مان باس کرد بوو ...

بەلی کۆچ کردن بۆ مە دینە ئەوە بوو کە ( خوای گەورە ) کۆمە کو پشتیوانی بۆ موسلمانانی شاری مككە کرد ، ئەویش ئەوەبوو کە هەندیك لە خەلکی شاری مەدینە وەك لە هۆزە کانی (ئەوس و خەزرە ) کە (٧٠ ) پیا بوون ئیمانیان هیناو پەیمانی عقبەی یەکەم دووەم میان بەست بۆ پشتیوانی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) موسلمانانی شاری مككە ، بە لی

ئ
ئەم پیاوانە ی شاری مەدینە مردو قارەمان و چاو نەترس بوو کە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) وە بە لینی پاراستنی ئاینی ئیسلامیاندا ، وە پاراستنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە رووح و بە گیان و بە مال سامان لە خزمەت پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دا بوون ، وە بەلینی یان دا بە پێغەمبەر و موسلمانان دا وە ك چاویان بی پاریزن ، ئەگەر هەموو دونیاش دوژمنیان بیت هەرگیز پشتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بەر نادەن ، وە تازە ریگای راستیان دۆزیتەوە ودەست بەردادری نابن...

بی گومان بەبیری کەس دا نە ئەهات وەها بەو شیوەیە و بە کۆمەل دانیشتوانی شاری مەدینە ئیمان بهینن و، وە لەو ئیمان هینانەشیان دا ئەوەندە راست گۆ دەرچن و ، بەو شیوە بی وینەیەو قارەمان و چاو نەترس دەرچن .. هەروەها ئەمرۆش لە و جیهانەدا موسلمانان بی نازن بی کەس ماون غریب و لی قەماو بی جارەن ، ئە مەش هەموویشی ئەگەریتەوە بۆ گلیلی و نەفامی سەرکردە کانی وەلاتانی موسلمان کە هە رگیزاو هەرگیز ئەمانە سەرکردە ی موسلمانان نین و ، موسلمانان بی بەرین لەم جۆرە سەرکردانە ،چونکە ئەوەندە گیل و نەفام و گیژو خەلە تاون ، بە هەولی پاراستنی کورسیە کەی خۆیان ئەدەن کەس و کارە کەیان تیر بیت با دونیا ویران بیت ،ئەم سەرکردانە هەر دە خۆن و هەردە خۆن وەك ئاژەل دە ژین گوی بە حەلال وحرام نادەن تەنها لە فکری وورگی خۆیانن ، بیر لە ئاینەکەی خۆیان ناکە نەوە ، کە چی بەسەر هاتووە لە دەست ئەم سەرکردە زالمانەی وەلاتانی ئیسلام سەرجەمیان وەك یەکەن ،هەر موشریکیك یان کافریك یان مونافیقیك دوو قسەی لووسی بۆکردن خیروا بە پەلە شوینی دە کەون ، پیشەواو خەم خۆری خۆیان ناناسن ،کە خەم خۆری راستەقینەی وەلاتن خەم خۆری ئەم خەلکە موسلمانەن ، بی گومان کەسانی راست گۆ لە لای ئەوان بە خیانەت کار ناو دەبری یان بوختانی پی دە کەن و بەناوی ئاسایشی وەلات تاوانی دژە تیرۆرو خیانەتکارو نا پاك ناوی دەبەن ، کەچی هەر ئەم جۆە کەسانە خەم خۆرن نشتیمان دەپاریزن لە بەد رەوشتی ناعەدالە تی کۆمەلایەتی و ، فسادی و گەندەلی و پاراستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .. بەلام

ئ

**ها كا ( خوای گەورە ) رحمی خۆی فریای موسلمانا بکەویت و دەرووی خیری لە ئیماندارانی ئەم سەردە مە بکاتەوە ، لە دەست ئەم زالمانە قوتارمان بیت پیشەوایەك ببیتە سەر كردەی موسلمانان ، وە گەرانەوەی راستە ریگای ئیسلام و داد پەروەری و ببنرکردنی زلم و ستەم ...**

**بەلی ئیماندارانی شاری مککە ( خوای گەورە ) دەرووی خیری لی کردنەوە ، چونکە قۆناغی پەروەردەی مککە یان تەواو کردبوو و بووبوونە خاونی ئیمان و تەقوایەك کەشیاو بن ببنە هەلگری قورئان و ، پیشەوای موسلمانان .. بەلی ئەم ئیمان دارانە ( خوای گەورە ) برای دل سۆزی بەوەفای بۆ ناردن تا لە مەدینە دا بناغەی دەولەتیکی ئیسلامی دا بمەزرینن ..**

**بۆیە ئەم کارە ئیش و ئازاریکی زۆر بەبتپەرستەکانی مککە گەیشت و ، چونکە زۆریان بەلاوە گران بوو دینی ئیسلام لە مەدینە دا بنکەی هەبیت ، بۆ زیاتر لە جاران سزا وئازاری موسلمانەکانیان ئەدا ، بە تەواوەتی تەنگیان پی هەل چنین ، بۆیە جگە لە کۆچ کردن هیچ چارەیەکی تریان بۆ نەمابوویەوە..لە لایەکی تریشەوە شاری مککە بە بۆنەی ژایەتی کردنی موشریکانی قورەیشەوە ، کەلکی ئەوەی پیوە نەمابوو ئیسلام تیدا بلاو بکریتەوە و ، ئەوەی تیدا مابوویەوە بەهیچ شیوە یەك بیری لە موسلمان بوون نە ئەکردەوە ،لەو لاشەوە ئیماندارانی شاری مەدینە، کە بوونە خوشك برای موسلمانانی شاری مککە ...**

**هەروەها ( خوای گەورە ) زەمینە سازی کرد بۆ کۆچ کردن و ئەویش چەند ئایەتیکی قورئانی پیرۆزی ناردە خوارەوە و ، کە باسی کۆچ کردن و پاداشتی گەورەی ئەوانەدەکەن کەلە پیناوی خوادا مال و حال و وەلات و نشتیمانی خۆیان بەجی دەهیلین ، وە دلی موسلمانانی خۆش کردن بەوەی کە ( خوای گەورە ) دەرووی خیریان لی دەکاتەوە ، پاداشتی گەورەیان دەبی ، کە بی**

ئ

گومان ئەوەش زمینەسازیکی قورئانی پیرۆز بوو بۆ کۆچ کردن و دوای ئەوەی کە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) زمینەسازی سیاسی و کۆمەلایەتیکی کرد بە ناردنی (موصعەب ) موسلمان بوونی خەلکی مەدینە و وە بیعەتی عەقەبەی یەکەم بیعەتی عەقەبەی دووم دانانی دوانزە نقیبەکەی ئەوس و خەزرەج ، وەپال پشتی ئەنصار بۆ موسلمانانی شاری مککە ..

بەلی وەحی هاتەخوارە وە دەربارەی کۆچ کردن ئەمەش چەند ئایەتیکی قورئانی پیرۆزە :

(خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ الزمر ١٠.

واتا: ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم ) ! تۆ بەناوی منەوە بانگی بەندەکانم بکەو) بلی:ئەی ئەو بەندانەم کەئیمانتان هیناوە ! پاریزە لە پەروەردگارتان بکە ، بۆ کەسانیك لە ئیوە ، کە چاکە دەکەن لەدونیادا ، چاکە هەیە لە دوا رۆژدا ، وە سەرزەمینی خواش فراوانە (واتە: ئەگەر لەشوینیك دنیاتان لی وەتەنگ هات ' وە ریگای دینداریی خواپەرستییان لی گرتن ، ئەو شوینە بەجی بیلن و بچن بۆ شوینیکی دی ، کە خوای گەورە تیدالە خۆتان رازیی بکەن ، وە شەریعەتی خوا لەژیانی خۆتاندا جی بە جی بکەن ، بیگومان بی حیساب پاداشتان دەدریتەوە ..(خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَالَّذِينَ هَاجَرُوا فِي اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ النحل ٤١-٤٢ .واتا: ئەی ئەوانەی لە پیناوی خوادا کۆچیان کردوە دوای ئەوەی زولمیان لی کراوە و چەوسینراونەوە ، ئیمە هەر لەدونیا لەجیگایەکی باشدا نیشتەجی یان دەکەین ، وەپاداشتی دوارۆژیش گەورەترە ئەگەر بزانن ، ئەوانەی کە خۆراگرن ، وەپشت بە

ئ
خوای گەورەیان دەبەستن .ئەوانەش ئەوانەن کەبە ئارام وخۆراگرن بوون وپشت وبە پەروەردگاریان دەبەستن . بەلی پیش ئەوەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کۆچ بکات بۆ مەدینە ( خوای گەورە ) شاری مەدینەی نیشان دابوو کە لەویدا جی ی کۆچ کردنی دەبیت .( لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە هاوەلانی خۆی ووت : ( رأيت في المنام أني أهاجر من مكة الى أرض بها نخل ،فذهب وهلي الى انها اليمامة أو هجر فإذا هي يثرب )واتە : لە خەومدا بینیم کۆچ دەکەم لە مککەوە بەرەو خاکیك خورمای تیدایە خەیالم وا رۆیشت کە یەمامە یان هەجەر بیت ، بەلام مەدینە بوو .

اخرجه : البخاری ( ٤٠٨١ ) ومسلم ( ٢٢٧٢ ) و ابن ماجه ( ٣٩٢٦ ) .

لە ( عائیشە وە ) ( خوا لی رازی بیت ) دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( ئەو کاتە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بە موسلمانانی فەرموو : ( جیگەی کۆچ کردنی ئیوەم نیشان دراوە خاکیکی پر دار خورمایە لە نیوان دوو بەرزایی دایە ) ئینجا ئەوانەی لەوی بوون ئەم قسەیەیان بیست لە پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) کۆچیان کرد بەرەو شاری مەدینە لە کاتیکدا پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەو وصفەی بۆ کرد بوون و هەندیك لە پیاوە کۆچ کارەکانی حەبەشە گەرانەوە و کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە ). اخرجه : احمد ٦/١٩٨ ، والبخاری ( ٥٨٠٧ ) .

( ابن اسحاق ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( کاتی پیاوەکانی ئەنصار شوین پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کەوتن ئاینی ئیسلامیان قبول کرد و موسلمان بوون وە پیغەمبەریان ( صلى الله عليه وسلم ) سەرخست و بیعەتی سەرکەوتنی ئاینە کە و شوین کەوتوانی ئەو ئاینەیان گرتە ئەستۆی خۆ هەندی لە موسلمانەکان گەیشتنە ئەوی ( واتە : کۆچیان کر بۆ مەدینە ) دوای ئەو پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم فەرمانی بەو هاوەلانی دا و ئەوانەی کە شوین کەوتن بوون لە موسلمانانی مککە تا برۆن بەرەو شاری مەدینە و کۆچ بکەن بۆ ئەوەی و بگەن بە برا تازەکانیان لە ئەنصار وەپی ی ووتن : خوای گەورە برایانیکی تازە و جیگە یەکی تازەی بۆ دیاری کردون لەوی بەبی ترس ئاینی خۆتان بەر قەرار بکەن ) ئینجا کۆمەل کۆمەل بەریکەوتن ، وەپیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) لەشاری مککە مایەوە

ئ
وچاوەری ی ئەوەی دەکرد کە لەلایەن خواوە رگەی پی بدریت تا کۆچ بکات بەرەو شاری مەدینە ). سیرە ابن هشام ٢/٦٦.

یە کەم : ( ابو سلمە ) یەکەم کۆچ کەر بوو، کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە :

( ابن اسحاق ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( یەکەم کەس کۆچی کرد لە هاوەلەکانی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کە لە قورەیش بووە لە بنی مەخزووم بوو ، ( ابو سلمە کوری عبدال اسد بوو ، کە ناوی ( عبداللە ) بوو ، کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە پیش ئەوەی بیعەتی عەقبەی بکریت بەسالیك ، ( ابوسلمە ) یەکیك بوو لەوانەی کە پیشتر کۆچی کردبوو بۆ حەبەشە بەلام کاتی گەرایەوە قورەیش دیسان ئازاریان دا تا ئەمجارە بە ناچاری هەولیدا کۆچ بکات بەرەو شاری مەدینە ). سیرە ابن هشام ٢/٦٧.

( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : ( ئەبی اسحاقی کوری یەسار ) بۆی گیرامەوە لە ( ام سلمە )وە خیزانی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کە فەرموویەتی : ( کاتی ( ابوسلمە ) ی میردم ویستی لە شاری مککە دەرمان بکات و و بمان بات بەرەو شاری مەدینە ووشترەکەی بۆ ئامادە کردین و منی سواری پشتی کرد و سلمەی کوری سوار کرد لەگەلم دا و کردمە باوەشمەوە رەشمەی ووشترە کەی گرتم تا کۆچ بکەین بەرەو شاری مەدینە کاتی پیاوەکانی کورانی بنی مغیرەی کوری عبداللە ی کوری مەخزووم ( واتە : خزمانی ام سلمە ) بەمەیان زانی هەستان بۆی ووتیان : ئەو تۆ هیچ دەسەلاتمان نیە بەسەرتا بەلام چۆن ئەهیلین ئەم ئافرەتە ی قەومی خۆمان وولاتەو وولاتی پی بکەن ، ئینجا رەشمەی ووشترەکەیان لە دەست سەند و

ێ
منداڵەکەیان گێڕایەوە بۆ (ابو سلمه ) لەیەکی ترەوە کورانی بنی ئەسەدی خزمانی (ابو سلمه ) ئەمەیان بینی ووتیان: نەخێر وەڵلاهی بەهیچ جۆرێك نا یەڵین کوڕەکەمان لای ئەو ژنە بێت و دوای ئەوە لە مێردەکەیتان سەندەوە ،ئینجا کورانی بنی (سلمه) لە گەڵ خزمانی هەردوو لامان کەوتنە ڕاکیشانی منداڵە کە (واتە: سلمه ) تا دەستی لە گەڵ چوو ، ئەوەبوو کورانی بنی ئەسەد بەوشێوەیە دەستی مناڵە کەیان لە جی برد وەلییان سەندمەوە بردیانەوە بۆ خۆیان وە کورانی ( بنی مغیره )ش منیان لای خۆیان سجن کرد و (ابو سلمه) ی مێردیشم کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە بەتەنها ...

بەم شێوەیە منداڵیان لی کردم و دووریان خستینەوە لەیەکتری و منیش هەموو ڕۆژێك لەبەرە بەیاندا لە (ابطحي ) ئەو پەری شاری مککه دادەنیشتم و بەردەوام دەگریام و بەو شێوەیەش ماوەی ساڵیکی تێپەری تا پیاوێك لە ئامۆزاکانی خۆم کە لە پیاوانی بنی مغیره بوو بەلامدا تێپەری و بینی چەندە حاڵم پەرۆشە و بەزەیی پیامدا هاتەوە و بە کورانی مغیرەی ووت: ئایا ئەم داماوە بۆ ئازاد ناکەن لە ناوتاندا منداڵە کەی و مێردەکەیتان لی دوور خستۆتەوە پاشان ئەوان ووتیان : بڕۆوە بۆ لای مێردەکەت گەر پێت خۆشە .

دەفەرموویت : کورانی (عبد الاسد ) کە ئەمەیان بینی کوڕەکەیان گێڕایەوە بۆلام و منیش ووشترەکەم ئامادەکرد و کوڕەکەشم خستەباوەشمەوە و سواری بووم بەرەو شاری مەدینە بڕۆم بۆلای مێردەکەم و هیچ کەسیك لە دروست کراونی خوام لە گەڵ دا نەبوو لە سەفەردەدا بەلام دەم ووت: هەرکەسم پیگەیشت لە ڕیگادا هەتا ئەو ماوەیەی لەگەڵ مدایە لەگەڵ یاندا دەبم ، هەتا گەیشتمە ئەو پەری شاری مککه لەوی (عثماني كوري ابو طلحه م ) پی گەیشت لە کورانی عبدالدار ) بوو پی ووتم : ئەوە بۆ کوێ سەفەرد دەکەی ئەی کچەکە ئەبو ئومەیە ؟! منیش ووتم : ئەمەوی بڕۆم بۆلای مێردەکەم بۆ شاری مەدینە ، ووتی : کەست لە گەڵدایە ؟

ووتم: نە وڵلە تەنها کوڕەکەم نەبێت . ئەویش ووتی : وەڵلاهی وازت لینا هینریت ئینجا ڕەشمەی ووشترەکەی گرت و لە گەڵمدا هات و بەریکەوتین ، دەفەرموویت : وەڵلاهی لەژیانمدا هاوەڵداریتی پیاوێکی بەرێزم ترم نە کردووە ، لە (عثماني كوري ابو طلحه ) بەریز تر بێت

ئ

دەفەرموویت : کە دە گەیشتینە شوینی حەوانەوەمان ووشترەکەمی یەخ دەداو لیم دوور دە کەوتەوە پاشان دادەبەزیم ئەڕۆیشتمە شوینیك و پشووم ئەدا ئەویش دوای ئەوەی کەمن دەڕۆیشتم ووشترەکەمی دەهینا و دەیبردو ئاوی دەدا و ئالفی پی دەدا و ئەچوو لە شوینیکی دوورەوە لای داریك پشووی دەدا و کاتی وەختی بە جی هیشتنی ئەو شوینە بهاتایە دەهات ووشترەکەی هەلدەستاندم وە کۆپان و شتەکانی لیدەبەست و ئامادەی دەکرد و یەخی لیدەدە و دووردەکەوتەوە لیم تاکو سورا دەبووم ...

پاشان دەهات و رشمەی ووشترەکەی دەگرت و ، بەو شیوەیە تا گەیشتینە شاری مەدینە لای ( کورانی بنی عمری کوری بنی عەوف )لە ( قوبا ) کە گەیشتنە ( قوبا ) عثمان بەمنی ووت: میردەکەت لەم گوندەیە ؟! دەفەرموویت : ( ابو سلمە ) ش هەر لەوی دابەزی بوو یەکە مجار ئینجا لەوی خوا حافیزی لی کردم ئەو گەرایەوە بەرەو شاری مککە و ام سلمە دەفرموویت : وەلاهی بەردەوام ئەمەم دەگیرایەوە و دەم ووت ئەوەی ( خوای گەورە ) توشی خیزانی ( ابوسلمەی ) کردووە لە پیناوی ئیسلامدا توشی هیچ خیزانیکی تر نەکردووە و هیچ هاوەلیکی بەریزتر مان نە دیوە لە ( عثمان کوری ابو طلحە ) ) .زادالمعاد٣/٥٠ .

ئ

**دووەم : کۆچ کردنی ( عمری کوری خطاب ) و ( عیاشی کوری ربیعە ) و ( هیشامی کوری عاص ) :**

بەسەرهاتی کۆچ کردنی ئیمامی( عمری کوری خطاب ) کە خۆی بۆمان دە گێریتەوە و دەفەرموویت : ( کاتی ویستمان کۆچ بکەین بۆ شاری مەدینە من و عیاش و هیشام جیگەیەکمان دانا ناوی ( التناصب ) بوو لە لای جۆگە کەی کورانی بنی غیغار لای ( غەدیر ) وە ووتمان دەبی هەموو مان بگەینەوئەوی ئەو کەسە ش بەرە بەیان نەگەیشتە ئەم شوینە دیارە بەنکراوە و ریگای پینەدار بوو بۆ کۆچ کردن ، ئەوانی تریش لە سەر ئەوان نەوەستن وبرۆن ، وە دەفەرموویت من و عەیاش گەیشتینە ئەم شوینە ی دیار مان کرد بوو ، بەلام هیشام نەهات و زانیمان ریگری لی کراوە و گیراوە بواری پینەدراوە ئیمەش بەریکەوتین بەرەو شاری مەدینە . لەریوایەتیکی تردا دەفەرموویت ( بیست کەسیکیان لە گەل دابوو ).

لەریوایەتیکی تردا لە بوخاریەوە تەخریجی کردووە دەفەرموویت : ( کە گەیشتنە لای کورانی بنی عمر ی کوری بنی عەف لە ( قوبا ) لە نزیك شاری مەدینە لامان داو ، لە کاتیدا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە شاری مککە هیشتا مابووە وە کۆچی نەکرد بوو ، کاتی ( ابو جهل ) بەمەی زانی لە گەل حەرسی برای دا ئەوان لە شاری مککە هەستان هاتن بۆ شاری مەدینە تا عیاش بگیرنەوە چونکە عیاش ئامۆزای هەردووکیان بوو، کاتی هاتنە شاری مەدینە قسە یان لە گەلدا کرد وو و تیان : دایکت نەزری کردووە کە قژی دانە هینیت بە هیچ جۆریك وە ناچیتە ژیر هیچ سیبەریکەوە و خۆی ناپاریزیت لە رۆژ تا تۆ نەبینیت ئەویش دلی نەرم بوو بۆی و ( ئیمامی عمر ) ووتی ئە ی عیاش وەلاهی ئەمانە ئەیانەویت تۆ بەرنەوە و

ئ

**به فیتنەت بەرن لە ئاینەکەتدا ، خۆت بپاریزە لییان وەلاهی ئەگەر دایکت ئەسپی زۆری بۆ بهینیت نا چار دەبیت کە قژی دابهینیت وە ئەگەر خۆری تینی بۆ بهینیت ناچار دەبیت کە بچیتە ژیر سیبەرەوە ...**

**عیاش ووتی : ئەچمەوە بۆ ئەوەی سویندەکەی دایکم نەخەم وە هەندی پارەشم هەیە لە شاری مککە لەوی کۆی دەکەمەوە ( ئیمامی عمر ) ووتی : خۆت دەزانی من یەکیکم لە وانەی کە پارەیان زۆرە لە قورەیشدا ئەوە نیوەی مالە کەم بۆ تۆ مە گەریرەوە لە گەلیاندا ، ( ئیمامی عمر ) دەفەرموویت : بە گوی نەکردم و ، هەر بەلایەوە باش بوو لە گەل ئەو دووانەدا بگەریتەوە ، ( ئیمامي عمر ) دەلی : من پیم ووت : بەلام کە وا دە کەیت ئەم ووشترەی من ببە لە گەل خۆت چونکە ووشتریکی چالاك و ووریا یە و خیرایە و لەسەر پشتی دانە بەزیت ئەگەر شتیکت بینی لەم دووانە یەکسەر لەسەری خۆت رزگار بکە و بگەریرەوە ، ( ئیمامی عمر ) دەفەرموویت : لە گەلیاندا رۆیشت تا لە نیوەی ریگادا ( ابوجهل ) پیی ووت : وەلاهی براکەم واتە : ( چونکە زر برایەتی ) ووشترەکە پەکی کەوتووە و ناتوانیت بروات ئەوە بۆ سواری پشتی ووشترەکەی خۆتم ناکەیت ؟**

**عیاش دەفەرموویت : باشە ، ووشترە کە ی یخ لیدا و دابەزی و هەردوویکان ووشترەکەیان یخ لیدا بۆ ئەوەی ( ابو جهل ) سواری ببیت بەلام یەکسەر هەلیان کوتایە سەری و گرتیان و بەستیانەوە ، پاشان پیش خۆیاندا و بریانەوە بەرەو شاری مککە ( ئیمامی عمر ) دەفەرموویت : ( خوای گەورە ) لەو کەسانەی کەبەدەستی خۆیان وایان کرد لە خۆیان ناسیوە و بەلام گەراونەتەوە بۆ کوفر لە سەر بەلایەکی کەم ، دەفەرموویت : ئەمانەمان یەوان دەووت و بە خۆشمان بەلام کاتی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە مەدینە و لەوی دابەزی ئەوەمان بۆ گیرایەوە و ( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی دابەزاند دەفەرموویت :** ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ

ئ
﴿الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾

**الزمر ٥٣ . ( ئیمامی عمر ) دەفەرمویت : منیش ئەم ئایەتەم بەدەستی خۆم لە سەر پارچە كاغەزیكدا نووسی و ناردم لای هیشامی كوری عاص ، هیشام دەفەرموویت : كاتی كە ئەو پارچە كاغەزەی ( ئیمامی عمرم ) پیگەیشت دەم خویند لە ( ذی طوا ) لە دۆلە كەی ئەو پەری شاری مككە و دۆل لەدۆل هەر ئەرۆیشتم ئەم خویندەوە و دەم ویست بزانم ئەوەچی یە و هەر لی ی تینەدەگەیشتم ...**

**ووتم : خوایە تیم بگەیەنە ئەم ئایەتە باسی جی دەكات ئەوە بوو ( خوای گەورە خستیە دلەوە كە ئەم ئایەتە باسی تاوانەكەی من دەكات چونكە من لیرە ماوم كۆچم نەكردووە دوای ئەوە منیش ووشترەكەم ئامادەكرد و لەسەری دانیشتم و گەیشتم بە پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) وە كۆچم كرد بۆ شاری مەدینە ). البیهقی فی الدلائل ٤٦١/٢-٤٦٢.**

## سی یەم : كۆچ كردنی ( صهیب ) كاتیك ویستی كۆچ بكات بۆ شاری مەدینە :

**بەلی كافرانی قورەیش پییان ووت : كە هاتیتە ناومان خزمەتكاریكی كەم دەست بووی ، واتە : هەژارو نەدار بی دەرامەت بووی ، بەلام ئیستا لە ناو ماندا مال وسامانیكی زۆرت هەیە ، ئیستاش گەیشتیتە ئەم حالەت ، پاشان دە تەویت بەخیزان و مالەوە دەربچیت ؟ سویند بیت هەر گیز شتی وا نابیت ( صهیب ) پی ی ووتن : ئە گەر مالە كە تان بدەمی وازم لی دە هینین ؟!**

**ووتیان : بەلی ، ووتی : ئەوە منیش مال و سامانەكەم بەخشی بە ئیوە . ئەم هەوالە گەیشتە پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) فەرمووی : بەراستی ( صیهب ) قازا نجی كرد ، بەراستی ( صهیب ) قازا نجی كرد .**

ئ

## پەرلە مانی قورەیش (دار الندوه )

به لی کاتیك موشریکان و کافرانی قورەیش ، به مەیان زانی کە وا هاوەلە کانی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) هەندیکیان کۆچیان کردو هەندیکیان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ کۆچ کردن و مال و سامان و خیزان و مندالە کانیان دەبرد بۆ لای برا ئەنصارە کانیا لە شاری مەدینە یان بۆ لای ئەم دوو هۆزە بەناوبانگەی شاری مەدینە وەك (ئەوس و خەزرەج ) بی گومان موشریکانی قورەیش خەم دلە راوکی دایگرتن ، تووشی خەمۆکی بوون هیچ کات شتی وە هایان بە خۆیانەوە نەدیبوو ، بەلی مە ترسیە کی گەورە هاتبووە پیشیان ، کە هەرەشەی لە قەوارەی ئابووری و سیاسی و بتپەرستەکەیان دەکرد ، دەرکیان کردبوو بە کەسایەتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) وە کاریگەریەتی لە سەر تەواوی ناوچە کەدا وەك سەرکردە یەکی رینموویی کەری مرۆڤە کاندا دە بینرا ، هەروەها کافرانی قورەیش دەیان زانی کە شاری مەدینە چ جیگەیە کی ستراتیژی گرنگی هەیە سەبارەت بەو ریگە بازرگانیەی کە بە کەناری دەریا سووردا لە یمەنەوە بەرەو شام دەروات ، خەلکی مککەش سالانە بری چارەکە ملیونیك دیناری ئالتون بازرگانیان بەرەو شام دەبرد ، ئەم جگە لە بڕەی دەستی خەلکی شاری ( طائف ) شوینەکانی تر دەکەوت ، دیاریشە کەبنەرەتی بازرگانی لەو شوینە دا پشتی بە ئاسایشی ئەوریگەیە بە ستبوو ، وە شاراوەش نەبوو کە بانگە وازی ئیسلام وا لە شاری مەدینە چر تر دەبیتەوە ، ئینجا چ مەترسیەکی دەبیت و خەلکەکە یان چ رووبەروو بوونەوەیەکیان لە گەلدا دەکەن . ئیتر موشریکە کان و کافرانی قورەیش بە تەواوی هەستیان بەو مەترسیانە کرد ەبوو ، وە هەرە شە بوون بۆ سەر قەوارەکەیان لە شاری مککەدا ...

ئ

به هەموو تواناياندا دە گەران بەشوين ريگە جارەيەك بۆ پيش گرتن بۆ ئەم مەترسيانەى كە ديتە ريگەيان ، هەروەها بەشوين باشترين ريگاو ئامرازدا دە گەران بۆ رووبەرووبوونەوەى ئەم مەترسيانەيان بە هەموو هيزو توانايەوە دەيان ويست ئەم مەترسيانە لە خۆ دوور خەنەوە ، كە تاكە هۆكارى سەرەكى ئەوە بوو ، كە هەلگرى ئالاكە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو كە ئالاى ئيسلامى بە دەتەوە بوو لە ژيرسايە سەرورى مرۆڤايەتى رۆشنايى چاوان پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) .

ئەوە بوو لەرۆژى ( ٥ ) شەمەى مانگى ( صفر ) سالى ١٤ پيغەمبەرايەتى هەمى پيغەمبەريتى دا واتە پاش دوو مانگ و نيو لە بيعەتى عەقەبەى دووەم دا پەرلەمانى قورەيش واتە : ( دار الندوە ) لەشارى مككە ،ترسناك ترين كۆ بونەوەيان ئە نجا مدا لە ميژووى خۆياندا ، لە كۆ بوونەوەيە دا نوينەرى هەموو هۆز و تيرە كان موشريكان و كافران نى قورەيش ئامادە بوو ، بۆ ليكۆلينەوە لە نەخشەيەكى يەكلا كەروە كە هەلگرى ئالاى بانگەوازى ئاينى پيرۆزى ئيسلام لە ناو بەرن بۆ يەك جارى و هەتاهەتايى نورى ئيسلام و تيشكە كەى بكوژينەوە .

زالمان و كافرانى قورەيش لە شارى مككە ئەمانە بوون كە بريتى بوون لە :

١-( ابوجهل كورى هشام ) لەجياتى تيرەى ( بنى مخزوم ).

٢-( جبيرى كورى مطعم ) و ( طعمية كورى عدى ) و( الحارث كورى عامر ) لە جياتى تيرە ى ( بنى نوفل ) كورى ( عبد مناف ).

٣-( شيبە ) و( عتبە ) كورانى ربيعە بوون ،و ( ابوسفيان كورى حرب ) لە جياتى تيرهى بني ( عبد الشمس ) كورى ( عبدمناف ).

٤-النضرى كورى الحارث ) لە جياتى تيرە ى ( بني عبد الدار ) ئەوكەسە بوو كەسەرو پى ئاژەلى دا بەسرى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليە سلم ).

٥-( ابو البخترى ) كورى هشام ) و ( زمعە كورى اسود ) و ( حكيم كورى جزام ) لەجياتى تيرەى ( بنى اسد ى كورى عبدالعزى ).

ئ

٦-( نبيه ) و ( منبه ) هەر دووكورەكەى ( الحجاج ) لەجياتى تيرەى ( بنى سهم ) .

٧-( اميەى كورى خلف ) لە جياتى تيرەى ( بنى جمح ).

كاتيك هاتن بۆ پەرلەمان ( دار الندوە ) شەيتان لەشيوەى پياويكى شكۆدار دا هاتە ريگەيان ،تاجە گولينەيەكى بەسەرەوەبوو، لەبەردەكەكەيدا وەستابوو ، ووتيان : ئەم پياوە پيرە كييە ؟ ووتى: پيرە پياويكى نەجديم بيستم كە خۆتان بۆ چى ئامادە دەكەن ، ئامادە بووم تا گويم لە گوتەكانتان بيت ، بەلكو لە ئامۆژگارى و بۆچوونەكانى خۆى بى بەشتان نەكات ، ووتيان : قەيدى نيە وەرە ژوورەوە لەگەلياندا چوە ژوورەوە ...

لە ( ابن عباس ) وە دە گيريەتەوە دەفەرموويت : (( كاتى قورەيش زانيان پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلانى لايەنگريان بۆ دروست بووە لە شاريكى تردا واتە: ( مەدينە ) جگە لەشارى مككە وە كۆچ كردنى هاوەلانى پيغەمبەرى خوايان ( صلى الله عليه وسلم ) بينى كە كۆچيان دە كرد بۆ شارى مەدينە ئينجا ئەوان زانيان كە ئەوانە دابەزيونەتە جيگەيەك و هيزو توانايەكيان بۆ خۆيان دروست كردوە ، ئەوان ترسان لەوەى كە پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بەرو ئەوى بكەويتە رى لە بەر ئەوە لە خانووە كە ى( قوصەى كورى كيلاب ) دا كۆبوونەوە قورەيش هيچ كاريكى گرنگيان ئە نجام نەدەدا تەنها لە و خانووە دا نەبيت لەوى راويژيان كرد كە چى بكەن سەبارە بەكادانەوەيان بەرامبەر بە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەوە دە ترسان كە پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) كۆ بكات بۆ شارى مەدينە ،بۆ يە ئەوان كۆبوونەوە بۆ ئەو مەسەلەيە لەو رۆژەى كە خۆيان دياريان كردبوو كە پييان دە ووت : ( رۆژى زەحمەت ) ئيبليس ئەو رۆژە لە شيوەى پياويكى بەسالا چوو واتە لە شيوەى پيرە پياويكى پير هات ،كە پالتۆيەكى لەبەردا بوو وەستا بوو لەبەردەم دەرگاى ( دار الندوە ) دا...

که کاتی ئەوان هاتن وبینییان ئەو پیاوە ریش سپی یە لەبەردەم دەرگاکەدا وەستاوە پییان ووت: ئەم پیاوە ریش سپی یە کی یە ؟! ئەویش لە وەلامدا ووتی : ریش سپی یە کی خەلکی ( نجدە ) گویی لەو بریارە بوو کە دەتانەویت بیدەن لەو کۆبوونەوەیە دا و ئامادەیە لە گەلتاندا بیت بەلکو ئامۆژگارییە کی بەسودتن پی بگەیەنیت ووتیان: بەلی فەرموو وەرە ژوورەوە ئینجا چوونە ژوورەوە سەرکردە ناودارە کانی هەموومو شریکانی قورەیشی تیادا کۆبوونەوە ... ناوە کانیان لەسەرەوە باسکراوە ... لە گەل هەندی کەسانی تر کە بە قورەیشی نەدە ژمیردران هەندیکیان بەهەندیکان ووت: وەلاهی ئیمە متمانە بەوە ناکەین هاوپە یمانانی ئەوشوینە هەلنەکوتنە سەرمان با کۆ بوونەوەیەك بکەین و رایەك دەربرین و راویژ بکەین یەکیکیان ووتی : با بەندی بکەین بەئاسن و دەرگای لەسەر دا بخەین و چاوەری ی مردنی بکەین ئەو مردنە کە هاوشیوەی شاعیرانی پیشتر چاوەرییان دەکرد وە ك ( نابیغە ) و ( زوهیر ) ئەوانەی پیش خۆیان کە بە و دەورە رۆیشتون ئیمە با بەندی بکەین هەتا ئەوەی دەمانەویت بەرامبەری ئە نجامی بدەین ، ریش سپییە نجد یەکە ووتی : نەخیر وەلاهی ئەمەراو بۆ چوون نیە !، وەلاهی ئەگەر ئیوە بەندی بکەن هەوالەکەی لە پشتی دەرگاکەوە دەردەچیت کەئیوە لەسەرتان داخستووە و دەگاتە بەهاوەلانی و ئەوەندەی پیناچیت هەوەلانی هەلدەکوتنە سەرتان و دەری دینن لەژیر چنگتاندا و پاشان ژمارەیان زۆر دەبن زال دەبن بەسەرتاندا ئەمە راو بۆ چوون نیە! بیر لە رایە کی تر بکەنەوە ؟

ئ

ئینجا راوژیان کردو یەکیکی تر ووتی : دەری دەکەین لەناوماندا و دووری دەخەینەوە لە وولاتماندا ، کە دوور کەوتەوە بەلامانەوە گرنگ نیە بۆ هەر جی یەك بچیت و کی بیگریتە خۆی ، ئەوجا دوور دەبیت لیمان و لە نارەحەتی ئەو بەدوور دەبین ، ئینجا بە خۆماندا دەچینەوە و سەر قال دەبین بەئیش و کاری خۆمانەوە ، ریش سپی یە نجدی یەکە ووتی : نەخیر وەلاهی ئەمەراو بۆچوون نیە نابینن قسەکانی و شیرینی ووتەکانی کەزال دەبیت بەسەر دلی پیاواند بەو شتەی کە پی ی هاتووە کە قورئانە ، وەلاهی ئەگەر ئیوە ئەوەبکە ن من لەوە ئەمین نیم کەبچیتە لای خیلیك لە خیلەکانی عەرەب و زالبیت بەسەریاندا بە قسەو ووتانەی تا هەموان شوینی دەکەون و ئینجا هەلدەکوتنە سەرتان و فەرمانتان لەژیر چنگ دەردەکەن وەزال دەبن بەسەرتاندا و ئەوەی خۆیان پییان خۆشە دەیکەن بەرامبەرتان ، نەخیر رایەکی تر بدۆزنەوە ئەوە بوو ( أبوجهل ) ووتی : من ئیتا رایەکم هەیە بەرامبەری باوەرناکەم تا ئیستا کەس ئەو رایەی هەبووبیت ووتیان: چی یە ئەی (ابا الحکم ) ؟ ووتی : من وای بە باش دەزانم لە هەر هۆزیك گە نجیکی ناودارو جەربەزە هەلبژیرن و هەر یەکی لەو گە نجانە شمشیریکی تیژی بدەنە دەست وە بە یەکجار بە هەمووتانەوە رووی تی بکەن بیکوژن و ئەو کات خوینەکەی بلاودەبیتەوە بە ناو هەموو عەشیرەتەکاندا ئەوجا رزگارمان دەبیت ئەگەر خوینە کەشی بلاوبویەوە (بنی عبد مناف ) ناتوان بجەنگن دژ بە سەرجەم خزمانیان وە ناچارانە رازی دەبن بە خوینەکەی و ئیمەش خوینەکەی دەدەین و کۆتایی پی دیت . ریش سپی یەکە ووتی: قسە ی تەواو ئەم قسەیەیە کە ئەم پیاوە کردی ئەمە راو بۆچوونە لە هەمووراو بۆ چوونە کانی تر چاکترە ، ئینجا بلاوەیان لی کرد سوور بوونلەسەر ئە نجامدانی ئەو راو بۆ چوونە کە (ابو جهل ) پیشنیاری کرد هەموویان لە سەری کۆك بوون کە ئە نجامی بدەن ، هەر ئەو رۆژە جبریل (علیە والسلام ) هاتە لای پیغەمبەری خوا (صلی

ئ
الله عليهوسلم ) كۆبونەوەكەی پی راگەیاند و فەرمووی : ئەو جیگەیەی ئەمشەو تییدا دەنویت تیایدا مەمینەرەوە بەجی ی بهیلە و كۆچ بكە ). اخرجه : ابو نعیم فی الدلائل ١٥٤ ، ابن جریر فی التاریخ ٣٧/٢، والبیهقی فی الدلائل٤٦٨/٢،ابن هیشام فی السیره ٧٩/٢ ، زاد المعاد ٥٠/٣ ، ابن كثير في البداية والنهاية ١٨١/٣ ، الرحيق المختوم ١٤٣-١٤٥

## كۆچ كردنی پیغەمبەری خوا ﷺ لە گەل أبو بكر صديق

وە ك لە پیشەوە دا باسمان كرد موسلمانانی شاری مككە یەك یەك و كۆمەل كۆمە ل كۆچیان كرد بۆ شاری مەدینە ، ئەو بوو هیشتان پیغەمبەری خوا كۆچی نەكرد بوو ، تەنها ( ابو بكر صدیق ) و ( علی كوری ابوطالب ) و ئەوانەی بەند كرا بوون مابوونەوە لە شاری مككە ..

بەلی كۆچ كردنی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەم ماوەیەدا كاتیك كافرانی قورەیش لە پەرلەمانەكەیان واتە: ( دار الندوه ) بریاریكی تاوانكارانەیان دا دژ بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوە بوو بریارەكەی ستەمكارن بەتایبەتی رایەكەی ( ابو جهل ) ئەوە بوو لە ریگای جبریل وە ( علیه السلام ) وەحی هات بۆ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە وا كافرانی قورەیش نەخشە و پیلانیكی قیزە ونیان داناوە بۆت دە بیت جیگەی خەوتنی خۆت بگۆریت ، واتە: لەسەر جیگەی خەوتنی خۆت نەمینیتەوە ، وە هەوالیشی پی دا كە ( خوای گەورە ) مولە تی پی دای كە كۆچ بكەی بۆ شاری مەدینە ، وە كاتی كۆچە كەشی بۆ دیاری كردووە ، وە جبریل پی فەرموو : كە ئەم شەو لە ناو ئەم جیگەیەتدا مەمینە كە شەوانی تر تیایدا دەمایتەوە .سیره ابن هشام ٤٨٠/١-٤٨٢-٤٨٣،زادالمعاد ٥٢/٢ .

لە صحیحی بوخاری دا هاتووە (( ابو بكر خۆی ئامادە كرد بۆ كۆچ كردن بۆ مەدینە بروا ، بەلام پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پی فەرموو : ( على رسلك،فإني أرجو أن يؤذن لي ) فەرمووی : پەلە مەكە ، هیوادارم ماوەی كۆچ كردنی منیش بدری ، ابو بكر فەرمووی : باوكم بە قوربانت ببی ، ئایا بە هیوای ئەوە هەیت ؟ فەرمووی : (( نعم )) ئیتر ابو بكر خۆی بە دیار پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هیشتەوە تا ببیتە هاوەلی و ، بۆ ماوەی چوار

ئ
مانگیش گەلای درەختی سە موری دا بەو دوو وشتری کە بۆ کۆچ کردن بۆ مەدینە ئامادەی کردبوو... صحيح البخارى  باب هجره النبى واصحابه ١/٥٥٣ .

ئەوەبوو کە باسمان کرد پاش ئەوەی جبریل هەواڵە کەی ( دار الندوه ) ی بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) راگەیاند لە ریگای وەحی یە وە ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ نیوەرۆ چووە بۆ لای ( ابو بکر صديق ) بۆ ئەوەی ریك بكەویت لە گەلیدا لەسەر قوناغەکانی کۆچەکەیان ، ( عائیشە ) ( خوا لی رازی بیت ) دە گیریتەوە دەفەرموویت : لە ماڵە کەی( ابو بکر ) دا دانیشتبووین ، لە قرچەی نیوەرۆدا بوو کەسیك هات و ووتی بە ( ابو بکر ) ئەوە پیغەمبەری خوا یە ( صلى الله عليه وسلم ) ، سەرو چاوی پۆشیوە ، ئەمە لە کاتیکدا بوو کە هەرگیز لەو کاتەدا نەدە هاتە بۆ لامان ، خیر ( ابو بکر ) هە ساو فەرمووی : دایکم و بابم بە قوربانی بیت ، سویند بیت دیارە شتیکی گرنگی هیناویەتی لە م کاتەدا .

( عائیشە ) دەلیت : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هات دوای مولەتی هاتنە ژوورەوەی کرد ( ابو بکر ) فەرمووی : ئەوانە هەموو کەسی خۆتن ، دایك باوکم بە قووربانت بی ؟ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : بەلی . پاشان ریکەوتن لەسەر پلانی کۆچکردنەکە ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گەرایەوە بۆ ماڵەکە ی خۆی ، چاوروانی هاتنی شەوی دەکرد . بەلی دوای سیانزە سال مانەوەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مککە دواجار ( خوای گەورە ) ریگەیدا بە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم کە کۆچ بکات ). اخرجه : البخارى ( ٣٨٥١ ) .

( ابن عباس ) دەفەرمووی : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پیدرا کە کۆچ بکات وە ئەم ئایەتی بۆ دابەزی کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقُلْ رَبِّ أَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وَأَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ وَاجْعَلْ لِي مِنْ لَدُنْكَ سُلْطَانًا نَصِيرًا﴾ الاسراء ٨٠ .واتا: بلی : پەروەردگارا یارمەتیم بدە تا هەرکاتیك دەستبەکاری ( هەرخیریك بووم ) بەچاکی و راستی و دروستی ئە نجامی بدەم و لە هەرکاریك بوومەوەو ئە نجامەدا سەرە نجامیکی چاکی هەبیت

ێ
بەجوانی لی دەرچم و هەمیشە و بەردوام لەلایەن خۆتەوە دەسەلاتیکم پی ببەخشە کەببیتە هۆی سەرکەوتنی بەردەوامم ...

لەم کۆچ کردنەی پیغەمبەر دا ( صلی الله علیه وسلم ) لەسەر راویژی جبریل ( علیه السلام ) وە لەسەر رەزامەندی ( خوای گەورە ) بوو کە هاوەلی بەریزی ( ابوبکر صدیق ) لەگەل خۆیدابرد.

( ئیمامی علی ) لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەگیریتەوە فەرموویەتی : (( بە جبریلم ووت کی لەگەلمدا بیت لە کۆچ کردنەکەمدا ؟ جبریل فەرمووی : ابو بکر صدیق ) اخرجە : الحاکم ٣/٥ .

بەلی ( ابو بکر ) پیش چوار مانگ بەر لە کۆچ کردن دوو ووشتری چاکی ئامادە کرد بوو بۆ ئەم ریگە دوورەی کە لەگەل پیغەمبەردا ( صلی الله علیه وسلم ) دەیبریت وەبە وردی خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەم سەفەرە دریژە ، ( عائیشە ) ( خوا لی رازی بیت ) دەفەروویت : ( ابو بکر خۆی ئامادە کرد تا کۆچ بکات بەرەو مەدینە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پی ی فەرموو : لەسەر خۆ بە من هیوام وایە کەریگەش بە من بدریت ، ( ابو بکر ) ووتی : هیوات بە و شیوەیە یە دایك و باوکم بە فیدات بیت . فەرمووی : بەلی ، ( ابو بکر ) خۆی هیشتەوە بۆ ئەوەی ببیت بە هاوەلی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە کۆچە کەیدا وە دوو ووشتری هە بوو کە چوار مانگ گەلای دەرختی سوممەری پی دەدا و دابەستەی کرد بوون ).

اخرجە :بوخاری ( ٣٩٠٥ ) .

لە ریوایەتیکی تردا کە ( عائیشە ) دەگیریتەوە دەفەروویت : (( وەلاهی هەرگیز نەمزانیوە پیش ئەو رۆژە کە مرۆڤ هەیە لە خۆ شیدا بگری دوای ئەوە کە بینیم فرمیسك لە چاوی ( ابو بکر هاتە خوارەوە لە خۆشی هاوەلداریتی پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ).

سیر ابن هشام ٨٢/٢، والتبرانی فی التاریخ ٣٧٧/٢ .

وتمان پاش ئەوەی پیغەمبەری خوا (صلى عليه وسلم) هەوالەکەی جبريل ی پی گەیشت ، چووە مالی ( ابو بكر صديق ) نەخشە و پیلانی کۆچکردنیان دانا دواتر گەرایە وە بۆ مالە کەی خۆی . هەروەها کافرانی پەرلەمان و (دار الندوە) قوریش ) کە پیلانیان دانا بۆ لە ناو بردنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە (دارالندوە ) لە مالەکەی قوصەی کوری کیلاب) دا بوون ، ئەوە بوو ( ابو جهل ) پیلانی بۆ کوشتنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دا داریژت ئەوە بوو چەند پیاویکی ئامادە کرد بۆ ئەم پیلانە و نەخشە بۆ گەنە بۆ ئم نەخشە گراویە خۆیان (١١) سەرۆك لە گەورە تاوانبارانە دانراوبوون کە بریتی بوون لە مانە :( ابوجهل کوری هشام ) ، (الحکم کوری ابی العاص ) ، ( عقبە کوری ابی معیت )، (النضر کوری حارث )، (امیە کوری خلف ) ، (زمعە کوری اسود ) ، (طعيمة کوری عدي ) ، (ابو لهب ) ، (ابي کوری خلف ) ، (نبیە کوری الحجاج )، (منبە کوری الحجاج ).

(ابن اسحاق ) دەفەرمویت : کاتیك کە شەو داهات یان تاریکی دا هات ئەمانە چاودیری دەرگای مالەکەیان کرد تا بخەویت ، ئەوجا بدەن بەسەر مالە کەیدا ) ابن هشام ٤٨٢/١، زاد المعاد ٥٢/٢ .

بەلی ئەمانە متمانەی تەواویان هەبوو بەسەرکە وتنی ئەم پیلانە بۆ گەنە و خراپە کاریە ، هەر بۆ یە تا وای لی هات (ابو جهل بەشیوەیەکی لە خۆ بایی بوون و گالتە جاریەوە بە هاوەلە کانی بلیت : محمد دەلیت ئەگەر لەسەر ئەو کارە شوینی بکەون دەبنە مەلیکی عەرەب و عەجەم ، پاشان زیندوو دەکرینەوە دوای مردن ، ئەو جا باخچەی هاووینەی باخچەکانی ئوردنتان پی دەدریت ، ئەگەر وانەکەن لە ناو دە چن ، پاش مردنیش زیندوودەکرینەوە پاشان ئاگرتان بۆ داخ دەکریت و تیایدا دە سوتینرین )).

سیرە ابن هشام ٤٨٣/١ .

ئ

بەلی کاتی جی بەجی کردنی ئەم پیلانەبۆ گەنەی کافرانی قورەیش ، دوای نیوەشەو بوو ، بەبیداریی مانەوە چاوەروانی سەعاتی سفریان دەکرد ، بەلام ( خوای گەورە ) بالادەستە بەسەر هەموو شتیکدا ، هەموو مولکی ئاسمانەکا نو زەوی بەدەستە ، هەر چی یەکی خواست دەیکات ، ئەو پەنای مرۆڤان دەدات بەبی ئەو کەس ناتوانیت پەنا بدات ، ئینجا ئەو کارەی کرد کە پیشتر پیغەمبەرەکەی پی دواند بوو ، ئەو بوو( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾ **الانفال ٣٠** .

واتا: ئەی محمد ( صلى الله عليه وسلم ) یادی ئەو کاتە بکەرەوە کاتیك ئەوانەی بی باوەر بوون پیلانیان دەگیرا دژی تۆ بۆ ئەوەی بەندت بکەن ، یان بتکوژن یان دەرت بکە ن ، ئەوانە پیلانی خۆیان دەگیرن و خوایش پیلانی خۆی دەخاتەر کار بە پووچ کردنەوەی کارەکانیان ، دالنیابن ( خوای گەورە ) چاکترینی هەموو پیلانسازو نەخشە سازانە نایە لی پیلانیان سەر بگری ).لە ریوایەتیکی تردا هاتوو ( عائیشە ) ( خوا لی رازی بیت ) دە فەرموویت : ( ( بو بکر ) فەرمووی : ئە ی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دوو وشترم هەیە هەر لەمەو پیش ئامادە کردووە بۆ دەرچوون باوکم بە فیدات بیت یەکی لەو ووشترانە بۆ تۆ پیغەمبە ر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( قد اخذتهما بالثمن ) واتە : بە نرخە کەی خۆی دە کرم ) واتە: تا ببیت بە مولکی من ) عائیشە دەفەرموویت : ئینجا ابو بکر یەکیك لە دوو ووشترەکەی کە ( الجدعاء ) بوو دایە دەستی پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وە ئیمە ئامادە مان کرد بە ئامادە کردنیکی یەکجار خیرا و سفرە یەکان بۆ دروست کردن بۆ ئەوەی کە خواردنە کەی تی بکە ن ) . **اخرجه : البخاری** ( ٤٠٩٣ ) ،( ٢٠٣٨ ) ، ( ٤٠٩٣ ) .

ئ

(ابن عباس ) دەفەرموويت : ( كە تاريكايى شەو داهات ئەو نوينەرانە ى قورەيش هەليان بڕادبوون بۆ پيلانەكەيان دژ بە پيغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) هەر هەموو يان هەليان كوتايە نزيك نالى پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و لە دەرگاكەوە چاوديرى مالە كەيان دەكرد ، تا بزانن چى دەكات وەكەى دە خەويت بۆ ئەوەى بچينەسەرى و بيكوژن ، كاتى پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) جيگەكانى بينين و هەستى پى كردن بە ئيمامى على (خوا لى رازى بيت ) فەرمووى: (نم فراشي وتسبح ببردى هذا الحضرمى الاخضر فنم فانه لن يخلص اليك تكرهه منهم ) واتە : لە جيگەكەى مندا بخەوە و عەبا سەوزەكەشم بدە بەسەر خۆتداو مەترسە هيچ شتيك لەوانەوە ناگات بە تۆ كە تۆ پيت نا خۆش بيت ).

دەفەرموويت : پيشتر كە پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەخەوت ئەو عەبا سەوزەى دەدا بە خۆيدا ) .

اخرجه: ابونعيم فى الدلائل (١٥٤) ، و التبرانى فى التاريخ ٣٧/٢،والبيهقى فى الدلائل ٤٨٦/٢ ، وابن هشام فى السيره ٧٩/٢ .

بەلى بم شيوەيە پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) ئيمامى على لە جيى خۆى دانا بەمەبەستى ئەوەى كە كافرەكان ئاگادار نەبن لە دەرچوونى و وە هەروەها بەمەبەستى گيرانەوەى راسپاردەكان (الامانات) بۆ خاوەنەكانيان .

(عائيشە) (خوا لى رازى بيت ) دەفەرموويت : پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمانى كرد بە (على ) كە لە شوينەكەيدا بخەويت تا ئەو شتانەى كەلەلاى پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بوو بيگيريتەوە بۆ خاوەنەكانى ) . اخرجه : البيهقى فى الكبير (١٢٩٦٥) .

ئ

بەم شێوە یە كافرانی قورەیش ئابلوقەی مالی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) یاندا وە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئیمامی ( علی ) لە جی ی خۆی دانا كەوتەری بەرەو ئەشكەوتی ( ثور)...

٣١٥

( ابن اسحاق ) دهفەرموویت : نەم زاینوە ، كە هیچ كەس بەو كۆچ كردنەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم زانیبی جگە لە ( ابو بكر ) و ( علی ) و دوو كچە كەی ( ابو بكر ) خوا لە هەموویان رازی بێت ، وە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ( ئیمامی ( علی ) بە جێهیشت لە سەر جێكەكەی خۆی بۆ ئەوەی ئەو ئەماناتانەی كە لە لای بوو بگەرێنیتەوە بۆ خاوە نەكانیان ، چونكە هەر شتێكی گران بە هاو بەنرخ هەبووا یە لە لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دایان دەنا وەك ئەمانەت لە لای بوو ، دیارە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەندە ئەمینداروجی متمانەی خەلكی مككە بوو ، بۆ یە شتە گران بەها كانی خۆیان لەلا دادەنا ، هەندی لە و خەلكانەش كە هێشتان باوەریان پی نەبوو ، شتی خۆیان لەلادادەنا بە مرۆڤیكی را ست و پاك و دروست و ساغ و ئەمانەداریان زانی بوو ، بۆ یە پێویستە موسلمانان لە سەر رەوشتە جوانەكانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) برۆن لە سەر سوونەتە حكیمانەكە ی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) برۆن ، دەبی موسلمانان وەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەست پاك و ئەمین بین لە ئەمانەتداری و خۆرەوشتی بەرزی و داد پەروەری دەست پاكی ...

سیره ابن هیشام ٢/٢٥١-٢٥٢ .

( ابن هشام ) دەفەرمووی : ( ئەو شەوەی كە بریار بوو پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) شاری مككە بە جی بهێلی ( جبریل ) ( علیه السلام ) هاتەلای پی فەرموو : ( لاتبق هذه الليلة على فراشك الذي كنت تبيت فيه ) واتە : ئەم شەو لەسەر ئەم جێگایەی كە جاران تییدا دەخەوتی مەمینەوە ، دوای ئەوەی كە شەو تاریك دادی ، كافرەكان كۆدبنەوە و چاوەریی دەرگا مالی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەكەن ، كە دا خۆ ئەكی دەخەوی بۆ ئەوەی یەكسەر پەلاماری بدەن ، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) كە ئاوایان دەبینی بە ( علی ) دەفەرمووی

ئ

:( نم على فراشي وتسج ببردي هذا الحضرمي الاخضر فنم فيه ،فإنه لن يخلص اليك شيء تكرهه منهم ) واته: له سەر جی من بخەوە بە پۆشاكە حچرەمییە سەوزەی من خۆتدا پۆشە ، وەهیچ شتیك ، كە پیت ناخۆشە بی لەوانەوە بە تۆ ناگات ... سیره ابن هشام ٢/٢٥٠.

بەلی ئەو شەو پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لەمال چووە دەر ، چنگە خۆلیكی هەلگرت و بەسەر سەری كافرەكانی دا كرد ، (خوای گەورە ) چاوی كافرەكانی لە ئاست ئەودا كویر كرد ، هەروەك ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە كە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ یس ٩. واتا: هەروەها بەربەستمان لەبەردەمیانەوە ولە پشتیانەوە داناوە ، پەردەشمان هیناوە بەسەر چاویاندا مەبەست ئەو بەربەستانەش كەلە دەروونیاندا هەیە و نایە لیت ریگەی راست بدۆزنەوە ئیتر ئەوانە حەق و راستی نا بینن .

پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) كە ئەم ئایەتی خویند ، هیچ كام لەوانە نامینیت كە خۆیان بۆ ئامادە كردبوو ، بۆ كوشتنی ، كە هەندیك خۆلی نە كەویتە سەری ، دوای ئەوەی كە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) دەرباز دەبی ، یەكیك لە كافرە كان پییان دەلی : ها ، ئەوە چاوەری چی دەكەن ؟ئەوانیش دەلین : ئیمە چاوەری محمد دەكەین ! كابرا دەلی : بەدبەختینە محمد رۆیی و دەرباز بوو ، یە كیك لە كۆمەلە كەی كافرانی قورەیش دەچیت لە كونی دەرگاكەی مالی پیغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم ) تەماشا دەكات دەلی : نەخیر وانیە ، ئەوا هەر لەسەر جیگەی خۆیەتی و نەهاتۆتەدەرەوە ، كافرە كانی قورەیش تا بەیانی چاوەری دە كەن ، دوای بۆیان دەر دەكەوی كە ئەوەی لە جیگەكە دیتە دەرەوە (علی كوری ابو طالبە ) (خوا لي رازي بيت . سرة ابن هشام ٢/٢٥١ .

بەلی دوای ئەوەی كە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەو شەوە دەچی بۆ مالی (ابو بكر صدیق ) لە دەرگای دواوەی مالی (ابو بكر ) وە دەچنە دەر نەك لە دەرگای پیشەوە ، وە لەویوە پیكەوە لە گەل (ابو بكر ) دەرۆن بۆ ئەشكەوتی لە چیای (ثور) كە چیایەكە لە خوار

ئ
**شاری مککەوە و پیچەوانەی ئاراستەی شاری (مەدینە ) ئەمە بۆ سەر لی شیواندنی کافرانی قورەیش بوو ...**

وە لە کاتی ڕۆیشتنی دا پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە شوینیك بەناوی (حزورە) وەستاو فەرمووی : ( ولله انك لخیر أرض الله وأحب أرض الله الی الله ، ولولا أخرجت منك ما خرجت )راواه : الترمذي (٣٩٢٥) .واتە: سویند بە خوا تۆ باشترین سەرزەمینی خوای و خۆشەویسترین سەرزەمینی خوای لای خوا ، وە ئەگەر لیت دەرنەکرابام ، بۆخۆم بەجیم نەدەهیشتی . پاشان (ابو بکر ) دوای راویژ کردنی بە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بەم شیوەیە نەخشەی کار دادەنی : ( فەرمان دە کات بە (عبدالله ) ی کوری ، کە بچیت لە نیو شاری مککە هەست رابگری ئا خۆ دەنگ و باس چیە و کافرە کان چی دەلین دەربارەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) ؟! وە دوای ئەو هەواڵە یان بۆ بینی ، هەروەها فەرمان دەکات بە (عامربن فهیرە) کە شوانی مەرەکانی (ابو بکر ) بووە ، کە ئیواران مەرەکان بەلای ئەواندا ببات بۆ ئەوەی سوود لە شیرەکەیان ببینن و ،ئە گەر پیویستی کرد لییان سەربرن ، شوین پی ئەوانییش یان هی عبدالله بسرنەوە ، هەروەها فەرمان دە کات بە (اسماء ) ی کچی ، کە شەو دا هات خواردنیا بۆ بهینیت .سیره ابن هیشام ٢/٢٥٣.(ابن هشام ) دەلی : شەو کە دەچنە نیو ئەشکەوتەکەوە ، لە پیشدا (ابو بکر ) دەچیتە نیو ئەشکەوتە کە وە دەست بە نیو هەموو کونەکاندا دە گری نەوەك زیدەوەریك یان ماریك دووپشکیك یان شتی کی زیان بەخشی لی بیت و ، ئازاری پیغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم ) بدات ، (ابو بکر ) بە دەست و بە پیە کانی کونە کانی دە گرت ، خۆی فیدای پیغەمبەرەکەی دە کرد (صلی الله علیه وسلم ) چونکە هەموو جاریك کە دە ی ووت : دایکم و باوکم بەقوربانت بن ! ) (فداك امی وابی ) ئەوە هەر بە قسە نەبووە ، بەلکو بە کردەوە خۆی فیدا کردووە، ئینجا دوای ئەوەی کە دلنیا دەبیت ئەشکەوتەکە هیچی لی نیە و ئارامە ، دوا لە پیغەمبەری خوا دەکات (صلی الله علیه وسلم ) کە بیتە ژوورەوە بە و جۆرە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) (٣) ڕۆژان لەوئەشکەوتەدا لە گەل (ابو بکر ) مانەوە ، قورەیشە کانیش کە دەزانن هەردووکیان لە مککە دەرچوون (١٠٠)

ئ

**حوشتر دەكەن دیاری بۆ هەر كەسیك ، كە پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم ) و (ابو بكر) بە زیندوویی یان بە مردوویی بینیتەوە بەردە ستیان . سیره ابن هیشام ٢/٢٥٢.**

**هەروەها لە ریوایەتیكی تردا هاتووە دەلی : ( هیچ كونیكی تیا نەمابوو لە كونە كانی ناو ئەشكەوتە كە هەمووی (ابوبكر) پنچەی پیا دەكرد نەوەك جرو جانەوەریكی زیان بەخشی تیا بیت و ئازاری پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم ) بدات ئینجا بە پیغەمبەری (صلى الله علیه وسلم ) فەرموو وەرە ژوورەوە ).**

**اخرجه : التبرانی فی الكبیر ٢٤/٨٥.**

**لە(عائیشە) وە بۆ ماندە گیریتەوە شیوەی خۆ حەشاردنەكەی لە ئەشكەوتی(ثور) بۆ ماوەی (٣) رۆژ پیغە مبەر ی خوا (صلى الله علیه وسلم ) لە گەل هاوەلە كەی (ابوبكر صدیق ) (عائیشە ) دەفەرمووی : (( پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم ) گەیشتە ئەشكەوتی (ثور) (٣) رۆژ لە و ئەشكەوتەدا مانەوە ، و بەشەو (عبدالله كوری ابو بكر ) كە گە نجیكی وورییا و دانا بوو شەو لایان دەمایەوە ولە كاتی پارشیودا پیش كاتی بەیانی بە پەلە دە گەرایەوە ناو شاری مككە ، بی ئەوەی كەس هەستی پی بكات و لە ناو شاری مككە وایان دەزانی ئەمشەو لەوی خەوتووە پاشان دەگەرا بەناو شوینەكانی ناو شاردا و گوی ی دەگرت بۆ ئەوەی هەر هەوالیكی بە گوی بكەوتا سەبارەت بە پیغەمبەر(صلى الله علیه وسلم ) و پیلان گیرانی قورەیش چاك گوی ی لی دەگرت و دەگەرایەوە بۆلای پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم ) كاتی كە تاریكایی شەو دادەهات بەسەریدا ، هەواڵە كانی هەموو پی رادەگەیاندن و عامریش كە هەندی مەری لابوو ئەو مەرانەش شەو دەیهینایە نزیك ئە شكەوتە كەوە و لەوی پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم ) و (ابوبكر ) شیریان دەدۆشی و هەرچی یەكیان بویستایە لییان دروست دەكرد و دەیان خوارد )اخرجه : البخاری (٣٩٠٥ ) .**

ئ

بەلی ئەم کۆچەی پیغەمبەر خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە شەوی ( ٢٧ ) ی مانگی صەفەری سالی ( ١٤ ) چواردەهەمی پیغەمبەر ایەتی دا بوو ، بەرامبە ر بە شەوی ١٣/١٢ ی مانگی ئەیلول سالی ٦٢٢زایینیی دا بوو ، بەلام ( ابن اسحاق ) ووتویەتی : لە هیلالی رەبیعی یەکەم د بووە .

جا پیغەمبەر خوا ( صلی الله علیه ) لە گەل ( ابو بکر صدیق ) دا ئاو خواردنیان لە گەل خۆ برد و ، لە دەرگایە کی بچووکی پشتەوەی مالە کەیانەوە رۆیشتن تا هیچ کەس نەیان بینی و ، بەر لەوەی رۆژ ببیتەوە شاری مککە بە جی بهیلن بە رەوو ئەشکە وتی ( ثور ) لە وی شەوەبۆ شاری مەدینە ..جا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) باش ئەیزانی کەوا کافرانی قورەیش هەول ئەدەن بۆ دەزینەوە دەست خستنی و ، ئەو ریەش کە ئەوان ئەی گرنە بەر ئەو ری یە ی کە بەرەوە شاری مەدینە دەر وات ، بەلام پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەم ریگایە ی گۆری کە بۆشاری مەدینە دەراوات ، پیچەوانەی ئەو ریگە یە کە ریگا باشوری مککە بوو ، کە بەرەو وەلاتی یەمەن ئەروات ، بۆیە بۆ ماوەی پیچ میل رۆیشت هەتا گەیشتە چیای ( ثور ) واتە : ئە شکەوتی ( ثور ) بەلی چیایەکی بلند بوو ، شوینی کی زۆر سەخت و سەر کەش بوو ، سەر کە وتن بۆ ئە م شاخە یەك جار زەحمەت و گران بوو ، بەردی زۆر تیدا بوو، تا ئەوە بوو هەردوو پی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) زامدار بوو ، بۆیە ( ابو بکر ) ( خوا لی رازی بیت ) نا چار بوو کە گەیشتە شاخە کە پیغەمبەری خوا بگریت بە کۆلەوە ، تا بە رحالیك بیت گەیاندیە ئەشکە وتی ( ثور ) ..بەلی کاتیك کە لە ریگادا دە رۆیشتن بۆ ئەو شکەوتی ( ثور ) پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) شتیکی سەیری لە ( ابو بکر ) بینی ئەویش ئەوە بوو ، کە ( ابو بکر ) جاریك لە پیش پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دە رۆیشت جاریکیش لە پشتیەوە ،جاریك لە لای راستیو جاریکیش لە لای چە پیەوە دەرۆیشت !! پیغەمبەری ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەمە پرسیاری لە ( ابو بکر ) کرد ، ئەویش فەرمووی : ئە ی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوەم بە فکر داهات کە کافرانی قورەیش بە

ئ
دواتەوە بین ، منیش بە دواتەوە ئەرۆم ، ئەگەریش لە پیشەوە بین مە لە بەردەمیان بوەستم ریان لی بگرم ،چونکە دلم لیت بی خەم نیە..

پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (( يا ابا بكر ! لو كان شيء لأحببت أن يكون بك دوني ؟ )) واتا : فەرمووی : ئەی ( ابا بكر ) ئەگەر شتی روویدات ! پیت خۆشە تووشی خۆت ببی نەك من ؟!

( ابو بكر ) فەرمووی : بەلی . بەو خوایەی کە حەقی پییدا رەوانە کردووی ؟! ..

بەلی بەردەوام لە تاریکی شەودا لە نیوان دۆل و بەردە کانی دەرۆیشتن هە تا گەیشتنە ئەشکەوتی ( ثور ) کاتیکیش گەیشتنە لای ئەشکەوتە کە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ویستی بچیتە نیو ئەشکەوتە کەوە ، کەچی ( ابو بكر ) نەی هیشت بچیت ، فەرمووی لە شوینی خۆت بوەستە هەتا بزانم کە هیچی تیدا نیە ، خۆ ئەگەر شتیکی تیدا بیت با تووشی من بیت نەك تۆ ..

کە چووە ژوورەوە پاشن پیادا گەراو ، چەند کونیکی تیدا بوو ، ئیزارەکەی لەت لەت کردو ئەو کونانەی پی گرت و تەنها دوو کونیان مان ،بە هەردوو پاژنەی پیی ئەوانیشی گرت ، پاشن بە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : وەرە ژوورەوە کە چووە ژوورەوە ئەوەندە ماندووبوو سەری خستە سەرکۆشی یان رانی ( ابو بكر ) خەوت ..سيرة النبوية في ضوء القران والسنة ص٤٧٨ ، البداية والنهاية ابن كثير ٣/١٨١-١٨٢ .

لە روایەتیکی ( عمرو کوري خطاب ) دا هاتووە دەفەرموویت : (( فەرمانی خوا وا بوو ، یە کی لە کونەکان کە ( ابو بكر ) پاژنەی پیی پیدا گرت بوو ، ماریکی تیدا بوو ، بە ( ابو بكر )ی وەدا واتە : ( ابو بكر ) ی گست .. لە بەر خاتری پیغەمبەری خواش تا خەوەکەی لی تیك نەچیت و بەخەبەر نەبیتەوە ، ( ابو بكر ) نەی توانی بجولیتەوە ، بەلام ئەوەندە ئازاری هەبوو فرمیسك لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە .. وە فریسکی ( ابو بكر ) هاتنە خوارەوە و

ئ
كەوتە سەر دەم و چاوی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش بە خەبەر هات ..
فەرمووی ( مالك يا ابا بكر ؟ ) فەرمووی : ( ابو بكر ) ئەوە چيتە ؟!

( ابو بكر ) فەرمووی : مار پی وەدام ، دايك و باوكم بە قوربانت بن . ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تفی لەشوێنی گەستنە كە دا كرد ، وە بە فرمانی ( خوای گەورە ) چاك بۆ وە .. اخرجه : احمد فی مسند . هەروەها ئەمەش ريوايەتكراوە كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ( ابو بكر ) چوونە ناو ئەشكەوتی ( ثور ) كە لە ( عمری كوری خطاب ) وە فەرموويەتی ( كە دوای مارپی وەدانەكەی ( ابو بكر ) ( خوا لی رازی بيت ) لە كاتی مردنی ( ابو بكر ) دا ئەم ژە هرە كاريگەری لەسەری هەبووە .اخرجه : احمد فی مسند ،مشكاه المصابيح ٥٥٦/٢ .ئەوە ش ريوايەت كراوە كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ( ابوبكر ) كاتێك لە ناو ئەشكەوتەكەدا بوون ، ( خوای گەورە ) فە رمانی كرد درەختێك لە بەر دەرگای ئەشكەوتە كەدا سەوز بوو لقە كانی دەرگاكەيان دا پۆشيی و ، ( خوای گەورە ) بە ئيلهام فەرمانيشی بە جالجالۆكە دا تا لقە كانی ئەو درەختە بە داوەكەی بچنی ، بە ئيلهاميش فەرمانی دا دوو كۆترە كيوی لە نيو لقەكانی ئەو درەختەدا هيلانەيان بەست و هيلكەيان تيا كرد .. بەلی ئەم سی نيشانەيە يان ئەم سی موعجيزەيە كاری گەری چاكيان هە بوو لە چەواشە كردنی موشريكان تا بگەرينەوە و نە چنە ناو ئەشكەوتە كەوە ..بەلام ئەم سی نيشانەيە وە: درەختە كە و ، كۆترو ، جالجالۆكە ، گوايە ئەم سی يانە ريوايەتی ( ضعيف )ە و ناكريت بە بەلگە .. خوی گەورە زاناتر ..

دلائل شرح الموهب ٢٩٩/١ ، البدايه والنيهايه ١٨١/٣-١٨٢ ، كليات رسائل النور ٢/المكتوبات ٢١٥ ، والتبرانی فی ( الكبير ) اب نعيم فی الدلائل ١٥٤ ، ابن سعد ٢٨٨/١ ،البيهقی فی الدلائل ٤٨١/٢ .

ئ

بەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ئەشکەوتی ( ثور ) سی شەو مایەوە ( شەوی هەینی و ، شەوی شممەو ، شەوی یەك شەممە ) فتح الباری ٧/٣٣٦.

بەلی کاتیك کە کافرانی قورەیش لەوە دلنیا بوو کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ( ابو بکر ) لە شاری مککە دەرچووونە نەماون ، هەستان دەسیان کرد بە لیدانی ( علی کوری الوطالب ) را پیچیان کرد بردیا بۆ ماوەیەك بەندیان کرد ، بەلام هیچیان لی وە دەست نەکەوت ، چونکە خۆی فیدای پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) کرد بوو ، بە رووح دل و گیان رۆشنایی چاومانی دەپاراست کە هیچ زیانیك بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەکەویت ، لە دوای ( علی ) چوون بۆ مالی ( ابو بکر ) لە دەرگایاندا ، ( اسمای کچی ابو بکر ) هاتە دەروە پییان ووت : کوا باوکت ؟ ووتی : سویند بە خوا نازانم باوکم لە کوییە ؟! ( ابو جهل ) کە پیاویکی دەم پیسی هەرزەگۆ بوو ، دەستی بەرز کردەوە شەپازلەیەکی لیدا گوارەکەی گویی کەوتە خوارەوە ... رحمە للعالمین ١/٩٦، ابن هیشام ١/٤٨٦ .

بەلی لە دانشتنیکی خیراد کۆبونەوەیەکیان کرد قورەیش بریادا بە بەکارهینانی هەموو ئامرازیك بۆ گرتنی ئەم دوو پیاوە واتە : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ( ابو بکر ) بۆ یە هەموو ریگاکانی دینەناو مککەوە لەهەرچوارلاوە خستیانە ژیر چاودیری خۆیان زۆر بە توندی ، هەروەها بریاریاندا بە خەلاتیکی گەورە کەبریتی بوو لە ( ١٠٠ ) ووشتر بۆ ئەو کەسەکە ئەم دووپیاوە بدۆزیتەوە بە زینوویی بیت یان بە مردوویی رادەستی کافرانی قورەیش بکە نەوە.. صیحیح بوخاری ١/٥٥٤ .

ئ

له (ئەسمای کچی ابو بكر) وه ئەم بە سەرهاتەمان بۆ دە گێریتەوە دەفەرمویت : ( کاتیك قورەیش پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە گەل (ابو بکر ) دا لی یان وون بوو ، گەران بە هە موو شوینیکدا نە یان دۆزینەوە ، بریاریاندا کە (١٠٠) ووشتر بکەنە خەلات بۆ ئەو کەسەی بیان دۆزیتەوە چ بە زیندوویی چ بە مردوویی ، زۆر گەران بە داوا یاندا و سورانەوە بە چیاکانی شاری مککە دا تا گەیشتنە ئەم چیا یە ی کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) و (ابو بکر ) ی تیدا بوو ، وە (ابو بکر ) لە ناو ئە شکەوتە کەدا بە پیغەمبەری خوای (صلی الله وسلم ) فەرموو : (لە کاتیدا کە یەکیك لە کافرەکان کە بەرەو ئە شکەوتە کە دە هات : ئەی (پیغەمبەری خوا (صلی علیه وسلم ) ئیستا ئەو پیاوە دە مان بینیت ؟

پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (کلا ان ملائکه تسترنا باجنحتها ) واتە: نەخیر ملائیکە یەك دەمان دە پۆشیت بەبالە کانی تا نە مان بینن ) اخرجه : التبرانی فی (الکبیر) ٨٥/٢٤.

هەروەها لە صحیح بوخاری دا هاتووە کە (ابو بکر ) (خوای لی رازی بیت ) دەفەروویت : (( قلت للنبي (صلى الله عليه وسلم )وأنا في الغار لو أن أحدهم نظر تحت قدميه لأبصرنا ، فقال : ماظنك يا أبا بكر بإثنين الله ثالثهما ))؟ رواه بوخاري(٣٦٥٣) واتە : تەماشام کرد پییە کانیانیم بینی لە کاتیکدا ئیمە لە نیو ئەشکەوتەکەدا بووین و ئەوانیش بەسەر سەرمانەوە بوون ، گووتم : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەگەر یەکیکیان تەماشای بن پیی خۆی بکا ئیمە دەبینی ! ئەویش فەرمووی : ئەی (ابا بکر )! گومانت چۆنە بەرانبەر دوو کەس ، کە سییەمینیان (خوای گەورە ) بیت ؟! .. (خوای گەورە )ش لە بم بارەیەوە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە دەفەرموویت ﴿إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ التوبه ٤٠ .

ئ

واتا: ئەی موسلمانینە ئەگەر ئیوە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) سەر نە خەن پشتی نەگرن ، ئەوە بی گومان خوا سەری دەخات و پەکی ناکەوی ، کاتیك کە ئە وانەی بی باوەر بوون دەریان کرد لە شارەکەی ، دووەمی دووەکان بوو لە ئە شکەوتە کەدا ، کاتیك کە بە هاوەلەکەی دە ووت : خەمت نەبی خوا لە گەلمانە خواش ئارامی خۆی نارده سەری ،وە بە کۆمەلیك سەرباز پشتگیریی کردو یارمەتیدا کە ئیوە نەتاندەبینین ، وە (خوای گەورە ) کلمەی ئەوانەیە کە بی باوەرن سەرە و ژیر کردو فیل و پیلانی ئەوانی وە بن خست ، وە بی گومان هەر کلمەی (خوای گەورە) نە خشەی خوا لە سەرەوەیەو بەتەئکید خوا بالادەستی کار بە جی یە .یە کیکی تر لە م رووداوانەی ئەشکەوتی (ثور ) ئەوە بوو (سراقە بن مالك ) بوو ، کە بەدوای پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دە گەریت ، لە تەماحی (١٠٠) ووشترەکەدا مال و ساماندا لە صحیحی بوخاری دهاتووە ، سراقە دەلی : کە بیتستم پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و (ابو بكر ) رۆیشتوون ، وە قورەیش (١٠٠) ووشتریان کردوە بە خەلات بۆ هەرکەسیك کە بیان گری ، منیش زانیارییە کم پی گەیشتبوو ، کە بەلای دەریایی سووردا رۆیشتبوون ، بۆیە بەدزی قورەیشەکان رۆیشتم ، کاتیك لییان نزیك بوومەوە بینیم (ابو بكر ) –خوا لی رازی بیت – (عامر بن فهيره )شی لە پشت خۆی سوار کردووە بۆ ئەوەی خزمەتیان بکا ، سراقە دەلی : تەماشام کرد دوولاخ دیار بوون کەسی نەفەریان بەسەروە بوون ، نزیکیان بووم ولاخەکەم سەر چنگیکی بردو کەوت ، دوای هەلسایەوە دیسان کە نزیکتر کەوتمەوە بۆ جاری دووەم ولاخەکەم کەوت ، سەرم سورما !! دوایی هەستایەوە و کە نزیکتر کەوتمەوە بۆ جاری سی یەم ولاخەکم کەوت و پی یەکانی رۆچوون ، وە دووکەلیکیش کەوتە نیوان من و ئەوانەوە و زانیم ئەوەشتیکی خواییە ، بۆ یە ئەمانم خواست و گووتم : من (سراقە ) م ئەگەر بگەمە لاتان هیچ زیانیکم بۆتان نابی ، پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بە (ابو بكر ) ی فەرموو : پیی بلی : چیت لیمان ئەوی ؟! (ابو بكر ) یش وای گووت، سراقە دەلی : منیش گووتم : دە مەوی نامەیەکم بۆبنووسن ، کە نیشانەبی لە نیوا نماندا ئیدی نامەکەیان لە لە ئسقانیك یان لە چەرمیك ، یان لە قوماشیکدا بۆ نووسیم بۆی هەلدام ...

ئ

پاشان سراقە باس دەكات، كە چۆن پاش ئازادكردنی شاری مككە چۆتە خزمەت پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) لە (الجعرانە ) و نامەكەی پیشانداوەو موسلمان بووە ... صحيح بوخاری ٣٩/٦ ،سیرە ابن هشام ٢/٩٦-٩٧.

هەروەها لە (عورووەی كوری زوبیرە ) –خوالی رازی بیت – دە گیریتەوە دەفەرموویت : بی باوەرانی قورەیش سواری ئەسپەكانیان بوون ، بە هەموولایەكی شاری مككەدا دەگەران و بلاو بوونەوە و نوینەرانی خۆیان نارد بۆ گوندە كان بۆ ئاگادار كردنەوە ، كە خەلاتی گەورەیان بۆ داناوە بۆ هەر كەسیك كە پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) و هاوەلە كەی بگریت یان بیكوژیت ، كاتیك كافرەكان هاتنە چیای (ثور) كە ئەشكەوتەكەی تیدا بوو ، وە چوونە سەر ئەشكەوتەكە ئەوەندە ئەوان نزیك بوونەوە تا پیغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم ) گویی لە دەنگیان بوو ، لە كاتەدا ترس و بیمیكی زۆر رووی تیكرد بوو ) .

اخرجە : ابن ابی شیبە ٧/١٢ ، والبخاری (٤٦٦٣ ) ،احمد ٤/١ ، مسلم ٢٣٨١ ، والبیهقی فی الدلائل ٢/٤٨٠.

هەروەها لەریوایەتیکی تردا هاتووە دەفەرموویت : (سەرم بەرز کردەوە قاچی هاوبەش پەیداکەرەکانم بینی و ووتم ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئەگەر یەکیك لەوانە سەیری ژیر قاچی خۆی بکات دەمان بینیت ؟ پغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (ماظنك يا ابا بكر بأثنين الله ثالثهما ) واتە : (ابو بكر ) گومانت چی یە بەرامبەری بە دووکەس کە خودا سی یەمیان بیت .اخرجه : البخاري( ٣٩٢٢ ) ، ( ٣٦٥٣ ).

بە لی بەم شیوەیە بوو لە م ئەشکەوتە سی رۆژ مانەوە ئینجا ریگە نا سە کەیان گەیشتە شوینی مەبەس و دیاری کراو لەویوە کۆچە کە دەستی پی کرد.

لە (عائيشه ) و ە دەفەرموویت : (( لەبەر بەیانی شەوی سی یە مدا ریگە ناسەکە هەردوو ووشترەکەی هیناو لە جیگەی دیاری کراودا ئامادە بوو )). اخرجه : البخاري (٢٢٦٣) . لەریوایەتکی تردا دەفەرموویت : (وە هرە لەو رۆژەدا عامر لە گەل ابو بكر و پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ریگە ناسە کەدا بەری کەوتن و ریگەی خوار شاری مککە یان گرتە بەر ). اخرجه :البخاري ( ٣٩٠٥ ) .

بەلی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه ) لە کاتی تاریکایی شەودا لە گەل (ابو بكر ) لە ئەشکەوتە کە دا هاتنە دەروە ، بەری کەوتن لە سەرە تای شەو تا کاتی نیوەرۆ ، وە راوەنەستان تا بحەسینەوە بۆ ئەوەی بەیکجاری دوور بکەونەوە لە شاری مککە ، بەری کەوتن تا ئەندازە یەکی زۆر دوور کەتنەوە ..

ئ

پاشان پشویەکیاندا ، هاوەلی بەریز (ابو بکر ) – خوا لی رازی بیت – ئەم بەسەرهاتەمان بۆ دە گیریتەوە و دەفەرموویت : کە مینەکانی قورەیش تەنگیان پی هەلچنی بووین لە هەموولایەکەوە بۆیە ناچارانە بەری کەوتین تا گەرمایی نیوەرۆ لەوی چاوم گیرا تا چاوم بەسیبەریك بکەویت لەم بیابانە چۆلەدا بۆ ئەوەی بچینە ژیر ئەو سیبەرەوە و پشویەك بدەین ، چاوم بە بەردیك کەوت و لی ی نزیك بوینەوە و شوینی سیبەرەکەیم تەخت کرد و فەروەیە کم لە گەل خۆمدا هینا بوو دام خست و پاشان پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ئاگادار کردەوە و پیم ووت : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) پشوو بدە لیرەدا پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) پال کەوت و پشووی دا و خەوت منیش رۆیشتم بۆ ئەو ناوە تا بزانم کەس دەبینم کە بە دواماندا هاتبی لە کەمینەکانی قورەیش تەماشام کرد شوانیك مەرە کانی لی خوریت بەرەو ئەو بەردەی کە ئیمە لامان دابووە لای ، ئەویش دەیویست بیت بەرەو ئەو بەردە و لەژیریدا بحەویتەوە ، ومنیش لی ی نزیك بوومەوە و پیم ووت تۆ شوانی کییت ؟ ووتی : شوانی پیاویکی قورەیشم کە ناوی فلان کەسە ، منیش یەکسەر ئەو پیاوەم ناسی یەوە کە کی یە ...!!

منیش ووتم : ئایا مەرە کانت شیر ی تیدایە ؟ ووتی : بەلی . ووتم : تۆزیك شیرم بۆ ئە دۆشیت ؟ ئینجا شوانەکە مەریك لە مەرە کانی گرت و منیش پییم ووت : گوانەکانی جوان پاك بکەرەوە تا تەپ و تۆزی پیوە نەبیت ، پاشان پیم ووت : کە دەستی بدات بە یەکدا بۆ ئەوەی تە پ و تۆزەکە بەدەستی یەوە لی بیتەوە تاوەکو شیرەکە پاك بیت بۆ پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) شوانە کە هەندیك شیری بۆ دۆشیم لە قاپیکدا و منیش هەندیك ئاوم پی بوو قاپە شیرە کە م هینا کردمە ئاوە کەوە کە لە قاپکەدا بوو ، پارچەیەك پەرۆم بەسەرەوە بەست تا ئاوەکە خولاوی نەبیت ماوەیەك تیایدا مایەوە تا کەمیك شیرەکە فینك بووەوە ئینجا بۆ پیغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم ) هینا و تە ماشام کرد خەبەری بۆتەوە لە خەوەکەی ، منیش شیرەکەم پیدا زۆری تینوو بوو زۆربەی خواردەوە و بەشی منی هیشتەوە ..

ئ

پاشان ووتم : ئایا کاتی رۆیشتن هاتووه ئه ی ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ؟ فەرمووی : بەلی . خۆمان پیچایەوە و کەمینەکانی قورەیش هەر بەدوامانەوە بوو وهیچیان بەئیمە نە گەیشتن تەنها ( سراقە ) نەبیت بەسواری ئەسپەکەیەوە ) اخرجه : البخاری ( ٣٩٠٦ )، ( ٣٦٥٢ ).

هەروەها ئەوە ( ابو بکر ) ( عبدالله کوری اریقت اللیسی ) بە کری گرتبوو تا کور ریگایان پی نیشاندە هەر دوو ووشترە کەشی لای ئەو پیاوە دا نا بوو ، بەلام لە و کاتەدا ئەو پیاوە موشریك بوو ، بەلام ئەمان و متمانەی بە ( ابو بکر ) دا بوو ، ئەوە بوولە شەوی دووشمە سەرەتای رەبیعی یەکەم سالی ( ١ ) کۆچی بەرامبەر ( ١٦ ) سبتینبەری سالی ٦٢٢ زایی ( عبدالله ) بە خۆی و بە ووشترە کە وە هات بۆ لایان لە ویدا ( ابو بکر ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دایك و بابم بەقوربانت بیت ، یەکیك لە دوو ووشترە هەلبژیرە ،ئینجا باشترینیانی لی نزیك کردوە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بە نرخی خۆی

یەکە مجار کە لە ئەشکەوتە کەوە دەر چوون روویان کردە باشوور بەرە و یەمەن و پاشان رووی کردە رۆژئاوا بەرەو کە ناری دەیایی سوورەوە رووی کردە باکوور .. ابن اسحاق دەفەرموویت : کاتیك ریبەرکە دەری کردن بەرەو خواری شاری مککە کەوتنەری ، پاشان بەرەو کەناری دەریایی سوور تا لەریگە لایاندا لە خوارووی ( عسفان ) وە ، پاشان بەری کەوتن بەروە خوارووی ( امج ) ، پاشان بەری کەوتن تالە ریگە لای دایەوە پاشن ئەوەی لە ( قدیە ) گوزەرا ، ئینجا لەویش دەری کردن کەوتنەری بەرەو ( خرار ) ئینجا بەروە ( ثنیة المرة )

پاشان بەرەو ( لقف ) ئینجا لەدەروازەی ( لقف ) دەرچوون و ، چوونە ناو دەروازە ی ( مجاج ) پاشان بەرەو ( مرجح مجاج ) پاشن چوونە بەروە ( مرجح العصوین ) پاشان ب ( بطن ذي الکشر ) پاشان بەروە( جداجد ) پاشان ( الاجرد ) پاشان بۆ ( ذاسلم ) لە ( بطن اعداء مدلجة تعهن ) وە بە رە و ( عبابید ) پاشان لە ( الفاجە ) تیپەرین پاشن دابەزین ناو ( العرج ) پاشان بەری کەتن بەرەو ( ثنیة العائر ) هەتاکو دابەزین ناو( بطن رئم ) پاشان بەرەو ( قباء ). ابن هیشام ١/٤٩١-٤٩٢ .

ئ

## كۆچ كردنی لە ئەشكەوتی (ثور) تاكو دابەزینی لە (قباء) وە هەندیك موعجیزلە ریگاد

**یەكەم :**

هەروەك لە پیشدا باسمان كرد ، كە بوخاری لە (ابو بكر صديق) وە _خوا لی رازی بیت - ریوایەتی كردووە ، دەفەرموویت : شەو بەری كەوتین ریگامان بری بەیانیش هەر بەری كەوتین هە تا نزیكە نیوەرۆ دا هات ، لە كاتەدا ریگا چول بوو كە هاتووچۆی نەدەكرد ، ئەوە بوو بەردیكی بەرز هاتە ریگەمان كە سیبەری هە بوو و رۆژی لی نەدەكەوت واتا: سیبەری هەبوو ، لە لای بەردە كە دابەزین ، بە دەست شوینەكە م بۆ پیغەمبەر(صلی الله عليه وسلم) تەخت كرد چاكم كرد هە تا لە م شوینە بخەویت و ، وە فەروەیەكم بۆ راخست و پیم ووت: تۆ بخەوە ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ! من خۆم چاودیری ریگا كان ئە كەم ، (ابو بكر) دەلی : پیغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) خەوت ، منیش چاودیری دەورو بەری شوینەكە م دە كرد ، بینیم وا شوانیك بە مەرە كانیەوە بەرەو لای بەردە كە دیت واتە : بەرەو لای ئیمە ، تا وەك ئیمە بچیتە ژیر سیبەری بەردە كە ، (ابو بكر) دەلیت : بە شوانەكەم ووت : تۆ شوانی كیت رۆلە ؟ ووتی: من شوانی پیاویكی مەدینەم یان مككە !! (ابو بكر) دەلی : ووتم : ئایا مەرە كانت شیریان تیدایە؟ ووتی : بەلی . ئەلی ووتم : بۆمان دە دۆشیت ؟! ووتی : بەلی . (ابو بكر) دەلی : شوانە كە مەریكی گرت و ووتم : گوانی لە خۆل و موو و شتی پیس پاك بكەوە ، دە ستیشت پاك بكەوەر داوەشینە نەوەك خۆل و شتی پیسی پیوە بیت ، (ابو بكر) دەلی : شوانەكە شیری دۆشی ناو دەفریكەوە و منیش دەفریكم پی بوو ، بۆ پیغەمبەری خوا م (صلى الله عليه وسلم) تا ئاوی تیدا بخواتەوە ، و دەست نویژی تیدا هەلگری ، (ابو بكر) ئەلیت : هاتمە خزمەت پیغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) وپیشم نا خۆش بوو لە خەو هەلی بستینم ...

ئ

کاتی کە هەستا ئاوم کرد بەسەر شیرەکە دا هەتا بنی سارد بوویەوە ، ئەلی ووتم : بخۆرەوە ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەنەی خواردەوە تامن رازی بووم ، پاشان فەرمووی ( الم يان الرحيل ؟ )) . واتا : فەرمووی : کاتی رۆیشتنمان نەهاتووە ؟ ووتم : بەلی .( ابو بكر ) دەلی : ئیتر کەوتینە ری )).

دووەم :

هەروەها بیهقی لە ابن عساکر لە ( ابو بکر ) –خوا لی رازی بیت – تخریجی کردووە کە دەفەرموویت : (( لەگەل پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ممکەوە کەوتینە ری ( لە گەشتی کۆچ کردن دا ) تا گەیشتینە ئاوەدانیەکی عەرەب پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەیری مالیکی کرد لە کەنارەوە و ، رووی لی نا . کە دا بەزین ، تەنها ئافرە تیکی لی بوو ، ئەویش ووتی : ئەی بەندە ی خوا ! من ئافرەتم و کەسیشم بەلاوە نیە ، واتا : هیچ پیاویك لە مالە وە نیە ، ئافرتە کە ووتی : ئەگەر میوان داریتان دەویت برۆ بۆلای سەرداری هۆز . ( ابو بکر ) دەلی : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە گویی نەکرد!! ئەمەش کاتی ئیوارە بوو ، لە م کاتەدا کوریکی ئافرە تەکە چەند بزنیکی دا بووە پیشە خۆ دە هاتەوە .. دایکی پی ووت: رۆلە ئەم بزنە و چە قۆیە ببە بۆ ئەم دووپیاوە و پی یان بلی : دایکم ئەلیت : ئەم بزنە سەر ببرن و خۆتان تیر گۆشتی لی بخۆن و بەشی ئیمەش بدەن . کورە کەی هاتە خزمەت پیغەمبە ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی ( إنطلق بالشفرة وجئني بالقدح ) واتا: فەرمووی : چەقۆکە ببەرەوە قاپیکم بۆ بهینە ، ( ابو بکر ) دەلی : کورەکە ووتی : نەرەوەلاوە شیری تیدا نیە !! ئەلی : پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( إنطلق ) کورەکە رۆیشت قاپیکی هینا . پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەستی بە گوانی بزنەکە دا هینا . پاشان شیری دۆشیی ، هەتا قاپەکەی پر کرد . پاشان فەرمووی : ( إنطلق به إلى أمك ) واتا: فەرمووی : بیبە بۆ دایکت...

ئ

ئافرەتە کە ئیتر تیری شیری خواردەوە ، پاشان کورە کە قاپەکەی هێنایەوە و فەرمووی : (إنطلق بهذه وجئني بأخرى ) واتا: فەرمووی : ئەم بزنە بەرەوە و یەکیکی ترم بۆ بهینە . هەر وەك بزنەکەی پیشوو وەهاشی بەمیش کرد و پیغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم ) لە شیر تیر بوو ، ئەو شەوە لەوی ماینەوە و ، پاشان کەو تینە ریگا .. ئەم ئافرەتە پیغەمبەری (صلى الله عليه وسلم ) ناو نابوو موبارەك ، ئەوەبوو مەرە کانی ئەوەندە زۆر بوون جەلەبیکی لیان هینا بۆ شاری مەدینە ، لە و کاتەدا (ابو بكر ) تی پەری و کوری ئافرەتەکەش چاوی پی کەوت و ناسیەوە .ووتی دایکە گیان ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە گەل موبارەك دا بوو ، دایکیشی هەستا بۆ لای و ووتی : ئەی بەندەی خوا ! ئەو پیاوەی کە لە گەلت دا بوو کامەیە ؟ (ابو بكر ) فەرمووی : نازانی کی یە ؟ ووتی : نەخیر . فەرمووی : پیغەمبەرە (صلى الله على وسلم ) . ووتی : دەبم بە بۆ لای . (ابو بكر ) بردیە خزمەتی و پیغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) دەعوتی کرد و ، دیاریی و پیشکەشی کرد ، ئافرەتەکەش هەندی کە لو پەلی ئەعرابی پیشکەش کردو ، پیغەمبەریش خوا(صلى الله عليه وسلم ) جل بەرگی بۆ کرد و دیاریی تر دایە ، ئەویش موسلمان بوو ...

### سی یەم :

(ابو بكر ) – خوا لی رازی بیت - پیاویکی بەسال دا چوو بوو ، هەرچەندە بەتەمەن لە پیغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) گەنج تر بوو، بەلام پیر تر پیش چا و ئە کەوت ، جا لەبەر ئەوەی (ابو بكر ) پیاویکی بازرگان بوو ، خەریکی گشت و گەران بوو ، لە نیوان ریگای ممکە و مەدینە دا زۆر دە بینرا و خەلکیکی زۆر دە یان ناسی ، جا کە تووشی هەر کەسیك بەهاتنایە و پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) میان نە ئەناسی لە (ابو بكر ) یان ئە پرسی ئەم پیاوە لە گەلتدا کی یە ؟ (ابو بکریش ) دەی فەرموو: پیاویکە ریم پیشان ئەدا ، ئەو کەسە وای ئەزانی ئەمە ری نیشادەرە یان دەلیلی ریگایە ، کە چی مەبەستی (ابو بكر ) ئەوەبوو کە ریی خیر و چاکەی پیشان ئەدا ...

ئ
بەلی ئەم کارەی ( ابو بکر ) بە ئامۆژکاریی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو ، ( ابن سعد ) لە ( طبقات ) دا باسی ئەوەی کردووە کە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم )بە ( ابو بکری ) فەرموو: ( اله الناس عني ) فەرمووی : دەربارەی ناسینم خەلك چەواشە بکە . چونکە کاتە کە زۆر ناسك بوو و کافران بە کوڵ بە دوایا ئە گەران . لەریگادا گەر کەسیك ( ابو بکر ) ی نەناسیبا ئەی پرسی : تۆ کیت ؟ ئەویش ئەی فەرموو : بەدوای پیویستی خۆم ئە گەریم . خۆ ئەگەر بو ترایە ئەمە کی یە لە گەلتا ؟ ئەی فەرموو: ری نیشان دەرە و ریم نیشان ئە دا ..

**چوارەم:**

بەلی هەر لە ریگا دا بۆ مەدینە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل ( ابو بکر ) لایان دا لای چادرەکەی ( ام معبد ) کە لە ویش موعجیزە یە کی تری پیغەمبەری خو ( صلی الله علیه وسلم ) دەرکەوت ، بەلی لە هەمان کاتدالی هاتن و ، مەردایەتی و ، سەخاوەت و ، زمان پاراویی و ، رەوان بیژیی و ، پاك داوینی خەلکانی ئەو کاتە،وە بەتایبەتی ئافرە تان و دەر ئەکەویت،چونکە ( ام معبد ) وەصفیکی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کردووە کە گەورەترین زانا و شارە زا سەری لە دارشتنە سور ئەمینی.

هەروەها ئیمامی بیهقی لە حوبەیشی برای ( ام معبد ) و هاوەلانی پیغەمبەری خواوە ( صلی الله علیه وسلم ) ریوایەتی کردووە کە فەرموویەتی : کاتیك پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل ( ابو بکر ) و عامیری کوری فوهەیرە کۆچیان کرد و لە گەل ( عبدالله ی کور ارقىط ) کەریگای پیشان ئەدان ، گەیشتنە ( قودەید ) و دایان بەلای ( ام معبد ی عاتیکی کچی خالیدی کوریی خولەیدی خوزاعی دا ) کە ئافرەتیکی پاك داوینی بەسلاچووی بە هیز بوو ، بە بۆنەی زۆری تەمەنیەوە نە ئەچووە پەنای پەردەوە و ، واتا: ئەم ئافرەتە بەسالا چوو بوو ، خۆ دانەئە پوشت و نە دە چوو ژیر پەردە وە ، لە بەردەم چاردەکە ی دا، دا ئەنیشت و هەر کەسی کیش لە لای تیپەری کردبایە لە نان و لە ئاو تیری ئەکرد ...

ێ

جا پیغەمبەرو (صلی الله علیه وسلم ) لە گەل هاوەلانی لەبەر گرانی سالەکە و کەم خۆراکی خوادنە کەیان تەواو بوو بوو و لەبەر ئەوە و پرسیاری ان لی کرد ئایا شیر ت یان گۆشت بەلاوە هەیە بی کرن ؟ کە چیی هیچی بەلاوە نەبوو و ، ووتی : بە خوا ئەگەر شتیکمان بەلاوە ببوایە ئە مانە کردە میوان داری بۆ تان .

پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) سەیری مەریکی کرد لەلایە کی چادرە کە دا بوو ، بە بۆنەی لاوازیی و بی هیزییەوە لە میگەل بەجی ما بوو ، پرسیاری لی کرد : (( هل بها من لبن )) واتا: فەرمووی : ئەوە شیری تیدایە ؟ ووتی : زۆر لاواز ترە . فەرمووی : (أتأذنين لي أن أحلبها ؟ ) فەرمووی : ماوەم ئەدەی واتا: ریگەم پی ئەدی ، کە بی دۆشم ؟ ووتی : بەلی . دایك و باكم بە قوربانت بن ، ئەگەر شیری تیدا شك ئەبەی بیدۆشە . پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی دا مەرەکەیان هینا و گرتی و دەستی بە گوانی مەرەکەدا هینا ، لە رویوایەتیکی تردا دەستی بە پشتی دا هینا و ، ناوی خوای هینا ، لەریوایەتیکی تردا دوعای بەسەردا خویند ئیتر پیی بلاوکردنەوە و ، شیری لی هات و ، دوای قاپیکی وەهای کرد کە کۆمەلیك لەشیر تیر بکات . شیریکی زۆری دۆشی یە ناو قاپەکەو ، هاوەلانی لەشیر تیر کرد و ، (ام معبد ) دیش لە شیر تیر کرد ، پاشان لەدوای هەموویان خۆشی لەشیر ی خواردەوە و فەرموویشی : (ساقی القوم اخرهم شربا ) فەرمووی : ئەو کەسەی شیر درخوارد ی خەلك ئەدات خۆی لە دوای هەموویان ئەخواتەوە ، پاشان جاریکی تر قاپەکەی پرکردەوە و ، هەر هەموویان دووبارە خواردیانەوە ، پاشان بۆ سی یەم جا پری کردەوە و ،لەلای (ام معبد ) بە جی هیشت . لەریوایەتیکی ترد پیی فەرمووی : (إرفعی هذا لأبي معبد إذا جاءك) واتا : فەرمووی : ئەمەش هەلگرە تا (ابو معبد ) بیتەوە ، پاشان سواری ولاغەکانیان بوون و رۆیشتن ...

ئ

زۆری پی نەچوو ( ابو معبد )ی میردەکەی هاتەوە و چەند بزنیکی لاوازیش لەبەر دەمیەوە لەبەر لاوازیی بی هیزی و لارەلار و بەیورە ئە چوون و ، ئیسقانیشیان موخی تیدا نەمابوو ، کە ( ابو معبد ) چاوی بە شیرە کە کەوت سەری سورما !! ووتی : ( ام معبد ) ئەمەچی یە ؟! ئەمەت لە کوی بوو ؟! خۆ مەرەکە نەلەوەراوە و ، سگیشی تیر نیە یان پر نیە و ، مەری شیردەریش لەمال دا نیە !! ( ام معبد ) ووتی : نە بەخوا ، بەلام پیاویکی موبارەك کە ئاوەها و ئاوەها بوو لیرەوە تیپەری کرد ، ( ابو معبد ) ووتی : ( ام معبد ) وەصفی بکە بۆم ؟

( ام معبد ) بە سەلیقە یەکی یەکجار وردەوە وەصفی پیغه مبەر خوا ی ( صلی الله علیه وسلم ) کرد ووتی:

( رأيت رجلا ظاهر الوضاءة ، مبلج الوجه ، حسن الخلق ، لم تعبه ثجلة ، لم تزر بة صعلة ، وسيم قسيم ، في عينيه دعج ، وفي اشفاره وطف ، وفي صوته صحل ، أحور ، أكحل ، أزج ، أقرن ، شديد سواد الشعر ، في عتقه سطح ، وفي لحيته كثاثة ، ِاذا صمت فعليه الوقار ، وإذا تلكم سما وعلاه البهاء ، وكأن منطقه خرزات نظم يتحدرن ، حلو المنطق ، فصل ، لا نزر ، ولا هذر ، أجهر الناس ، وأجمله من بعيد ،وأحلاه وأحسنه من قريب، ربعة لاتشنوه من طول ، ولا تقتحمه عين من قصر ، غصن بين غصنين ،فهو أنضر الثلاثة منظرا ، وأحسنهم قدرا ، لة رفقاء يحفون بة ، ِاذا قال استمعوا لقولة ، وإذا أمر تبادر وا لأمره ، محفود محشود ، لا عابس ، ولا مفند )).

وتا : ووتی : پیاویکم بینی کە دیمەنی جوان و ریك و پیك و ، دەم چاوی گەشاوە و ، رەوشت جوان بوو .. ئەوەندە ورگی نەبوو ناشیرینی بکا و ، ئەوەندەش سەری بچووك نەبوو کە بۆی عەییە بی .. جوان و پی کەو توو بوو .. چاوەکانی زۆر رەش و ..برژانگی چاوەکانیشی دریژ بوون .. دەنگی کەمیك گر بوو ، بەلام بە ناسکیی .. سپیایی چاویشی زۆر سپیی و .. پیلووەکانی رەش و ..برۆی دریژ و باریك و ...

ئ

هەردوو برۆی بە یەکەوە نووسان بوون .. قژی سەری یەکجار رەش و ملی بەرز و دریژ و ،ریشی پان و پر بوو.. گەر بی دەنگ بوایە ویقاری پیوە دیار بوو و ، گەر فەرمایشتیشی بکردایە گەوهەری لە دەم ئەباریی ، وەك دورر و یاقوت بە شیوەیەکی جوان ئەدرەوشایەوە .. پیاویکی زمان شیرین بوو .. لەسەر خۆ فەرمایشتی ئەکرد .. نەکەم گۆ و نە زۆر بری بوو ، بەبی زیادە رەوی دەنگی لە هەموان بەرز تر بوو ، لە دوورە وە لەهەموو کەس جوا تر و.. لە نزیکیشەوە لە هەموو کەس شیرین تر چاك تر بوو .. چوار شانەیە ك بوو کە لە بەر بالابەرزیی ، یان کوتەبالایی لەبەر چاو نە ئەکەوت . لقی گولیکە لە نیوان دوولق دا ، کە ئەو لە سی کەسە کەدا گەشاوەترین دیمەن و چاك ترین ریزی هەیە . کۆمەلە هاورەی یەکی هەن کە دەورەی لی ئەدەن .. گەر فەرمایشت بکات ئەوانە گویی بۆ ئەگرن و ، گەر فەرمانیش بکات بە پەلە ئە نجامی ئەدەن .. پیاویکە کە هاوەلانی خزمەتی ئە کەن و ، قەلەبالغیی بە دەوردایە .. نە روو گرژ و نە گلەیی کەرە . ( ابو معبد ) ووتی : بە خوا ئە و پیاوە کاکەی قورەیشی یە و ، گەر بە بە خزمەتی بگەیشتمایە شوینی ئە کەوتم و ، تا بۆشم بکری هەولی ئە وە ئەدەم ...بەلی لەو کاتەدا کافرانی قورەیش نەیان دەزانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەرەو کوی تشریفی بردووە تا بی گرن ، لە شاری مککەدا دەنگی جیننی یەك ئەهات کە بی ئەووەی ببینریت بە دەنگی بەرز شیعری ئەووت :

جزى الله رب العرش خير جزائه رفيقين حلا خيمتي أم معبد

هما نزلا بالبر وارتحلا به وأفلح من أمسي رفيق محمد

فيا لقصي ما زوى الله عنكم به من فعال لا يحاذى وسؤ دد

ليهن بني كعب مكان فتاتهم ومقعدها للمؤمنين بمرصد

سلوا أختكم عن شاتها وإنائها فإنكم إن تسألوا الشاة تشهد

ێ

لە ( خوای گەورە ) دوای ئە کرد تا پاداشتی ئەو جووتە هاوەلە بداتەوە کە گەیشتنە چادرەکەی ( ام معبد ) و دوای ریزگرتن لە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە سەری قوصەی و نەوەی کە عبب بەرز کردۆتەوە ، ئەلی : لە خوشکە کەتان و مەرەکەی و قاپەکەی پرسیار بکەن ، خۆ ئە گەر لە مەرەکە بپرسن شاهیدییتان بۆ ئەدات ..

( اسمائی کچی ابو بکر ) دەفەرموویت : نەمان زانیی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رووی لە کوی ناوە یان رووی لە کوی کردووە ، تائەوە بوو پیاویکی جنیننیی لە باشووری شاری مککە وە هات و ئەم چەند دیرە شعرەی سەرەوەی ئەوتن و ، خەلکیش بەدوای دا ئە چوون و ، دەنگیان ئەبیست ، بەلام بە چاو نەیان ئەبینی ، هەتا لە باکوری شاری مککە وە دەرچوو ، اسماء دەفەرموویت : کاتیك دەنگی ئەومان بیست ئیتر زانیمان کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رووی لە کوی ناوە و ، رووی لە شاری مەدینە کردووە .

**پینچەم :** هەر لە کاتی هیجرەت و کۆچ کردن بۆ شاری مەدینەدا رووداویکی تریش روویدا .. ( ابن عساکر ) لە ( واثیلهي کوری اسقع ) وە تخریجی کردووە فەرموویە تی : موسلمان بوونی حیجاجی کوری عیلاتی بهزی ) -خوا لی رازی بیت – بەم شیوەیە بوو :

( جاریکیان حیجاج لە گەل کاروانیکی قەومە کەی دا بەرەو مککە ئەکەویتەری ، کە شەویان بەسەر دا ها ت و ، ئەوانیش لە دۆلیکی چۆلی سامناك دا بوون ، تر س و لەرزیان لی نیشت ، ئەوە بوو هاوەلانی پی یان ووت : حیجاج ! هەستە تۆش بۆ خۆت و هاوەلانت ئە مانیك وەر گرە ، حیجاجیش شعریکی ووت و ، دوای ئەوەی گوی لە دەنگیك بوو ئەفەرموو : ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ تَنْفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانْفُذُوا لَا تَنْفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ﴾ الرحمن ٣٣ .

ئ

کاتیك گەیشتنەوە شاری مککە لە ناو کۆڕو کۆمەلی قورەیش دا ئەم دەنگ و باسەیان گێرایەوە ، قورەیشە کان ووتیان : ڕاست ئە کەییت ، بەخوا حیجاج ! ئەمە لەوەیە کە محمد رای ئەگەیەنی کە دابە زیوەتە سەری . حیجاج ووتی ك دە بە خوا منیش و ئەوانیشم لە گەلدا بوو کە بیستیان ، لە باسەدا بوون لەوە لاوە ( عاصی کوری وائیل ) کە لە گەورە موشریکانی قورەیش بوو ، پییان ووت : ( ابو هیشام ) ! نابیستی ( ابو کیلاب ) چیی ئەلیت ؟ ووتی : چیی ئەلیت ؟ ئەوانیش هەوالە کەیان بۆ گێرایەوە . ئەویش ووتی : جا بۆ چی سەرتان سور ئەمینی ؟ ئەوەی لەوەی ئەوی داوە بە گوی تان دا ، هەر ئەوەش خستۆیەتیە سەر زمانی محمد . ئیتر خەلکە کە لیم کشانە دواوە ، بەلام من خۆم لەسەر کارەکە سوورتر ئە بوو م .

ئەوەبوو هەوالی پیغەمبەری خوام ( صلى الله عليه وسلم ) پرسیی و ، ئاگاداریان کردم کە لە شاری مککە بەرەو شاری مەدینە چووە ، منیش سواری ووشترەکەم بووم کەوتمە ری هەتا گەیشتمە خزمەتی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مەدینە و ، چیم بیستبوو بۆم گێرایەوە ، ئەویش فەرمووی : ( سمعت والله الحق ،هو والله من كلام ربي الذي أنزل علي ، ولقد سمعت حقا ، يا أبا كلاب )). واتا: بە خوا ، ئەی حیجاج ! حقت بیستووە و ، ئەمەش لەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگارمە کە ناردوویەتیە خوارەوە بۆم . ( حیجاج ) دەلی : ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئیسلامم فیر بکە؟

ئەویش شایەدوومانی فیر کردم و فەرمووی : ( سر إلى قومك فادعهم إلى مثل ما أدعوك إليه فإنه الحق ). واتا:بڕۆرەوە بۆ ناو قەومەکەت و بۆ سەر ئەمەی کە من پیشانم دای بانگیان بکە ...

ئ

**شەشەم : لە سەفەری کۆچ کردندا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بانگی چەند کەسی کی کرد بۆ ئیسلام:**

**بەلی پیغەمبەری رۆشنایی چاومان بانگی چەند کەسی کی کرد بۆ ئیسلام لە کاتی کۆچ کردن لە ممکه وه بۆ شاری مەدینه ، سوپاس بۆ خوا ئەوانیش بەدەم بانگەوازیه کەی هاتن .**

**لە ئیمامی احمد ٧٤/٤ لە ابن سعدی اسلمیه وه ، کە ئەو پیاوە رینشاندەری کۆچ کردن بووه – خوا لی رازی بیت – تخریجی کردووه کە ابن سعد فەرموویه تی : باوکم بۆومنی گیراوە تەوه کە : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل ( ابو بکر ) دا تەشریف دینن و ، ( ابو بکر ) یش کچیکی شیرە خۆرەی لە لامان بوو ، پیغەمبەری خوا ئەی ویست ریگای شاری مەدینه کورت بکاتەوه ، ( ابن سعد ) ووتی : ئەمەریگای غائیرە کە لە رەکووبەوه بۆی ئەچیت و ، دوو دزی نەوەی ئەسلەمی لی یه کە پی یان ئەوتری ( المهانان ) واتە : چووتەسووکە کە ) ، جا ئە گەر بفەرمووی لە لای ئەوانەوه ئەرۆین ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( خذ بنا علیهما ) واتە : لە لای ئەوانەوه بمان بە .**

**( سعد ) دەلی : کەوتینە ری تا ئەوە بوو لە شوینیکی بەرزەوە تەماشامان کرد بەسەریان دا یەکیکیان بە هاوری کەی ووت: ئەوە کابرای یە مەنی یە ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بانگی کردن و باسی ئیسلامی بۆ کردن ، ئەوانیش هەردووکیان موسلمان بوون ، پاشان لی پرسین کە ناویان چیه ؟ ووتیان : ئیمه ناومان ( المهانان ) فەرمووی : ( بل أنتما المکرمان ) فەرمووی : بەلکو ئیوه جووتە ریز لی گیراوە کەن.فەرمانیشی دا لە شاری مەدینەدا سەری لی بدەن ...**

ئ

هەروەها (ابن سعد ) ٢٤٢/٤ لە عاصم ی کوری ئەسلمی یەوە تەخریجی کردووە کە دە لیت : کاتیك پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە مکكە وە کۆچی بۆ شاری مەدینە کرد و گەیشتە غەمیم ، لەوی بورەیدی کوری حەصیب هاتە خزمەتی و ، پیغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم ) بانگی کرد بۆ ئیسلام و ، ئەویش بە خۆی و ئەوانەشەوە کەلەگەلی بوون موسلمان بوون ، کە نزیکەی (٨٠) مال ئە بوون ، ئەوە بوو پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) نویژی عیشای بۆ کردن و ئەوانیش لە پشتی سەریەوە نویژە کەیان بەجی هینا .

شایانی باسە (بورەیدە )لە گەل پیغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) بەژداری (١٦) غەزای کردووە ، وە لەسەردەمی خلیفایەتی عثماني کوري عفان چۆتە بۆ غەزای خۆراسان و لەویوە رووی لە (مەرۆ) ناوە و ، لە وی نیشتەجی بووە تا سالی ٦٢یان ٦٣ ھ لەوی کۆچی دوای کردووە .. لە هەردوو صحیحە کەدا هاتووە .

حەوتەم : بە سەرهاتی( سوراقەی کوری مالیکی کوری جوعشومی مودلیجییش ) :

لە پیش دا باسی (سوراقە ) مان بە کورتی لیرە دا باسی دە کەی بەدریژی (سوراقە ) پیاویکی ئازاو سوارچاکیکی ئازاو لی هاتوو و کۆلە نەدەر بووە ..

سورقە ئەلی : لە کایتك دا کە لە کۆریکی یان دانیشت نیکی قەومەکەم دا ، کە لە بنی مدلیج بوون دانیشتبووم ، پیاویکی هۆزەکەمان هات و لەسەر سەرمان وەستا و ئیمەش دانیشتبووین . ووتی : سورقە ! کەمیك لە مەو پیش لە کەناری دەریا دا رەشایەتیی چەند کەسیکم بەر چاو کەوت ، وای ئەبینم کە ( محمد ) و هاوەلە کانی بوو بن ، (مەبەستی ئەوەبوو کە (سوراقە ) ئاگادار بکات تا پیکەوە ، بۆ بە دەست هینانی خەلاتەکە ی قورەیش ئامادەی کردووە کە دوایان بکەون ) . (سوراقە ) ئەلی : زانیم ئەوان بوون ، بەلام ووتم : ئەوانە ئەوان نین ، ئەوە فلان و فلان بوون بە ر چاومانەوە رۆیشتن و بە دوای ئاژەلی ووون بوودا ئە گەرین ...

ئ

(سوراقە ) (مەبەستی ئەوەیە کە خەلکە کە واز بهێنن و دوایان نەکەون ) دوای خۆی بە تەنها بچێت و دە ست گیریان بکات ، ئیتر لە و کاتەدا کابرای هەواڵە کەی هێنا بوو بی دەنگ بوو .(سوراقە ) ماوەیەك لە کۆڕەکەدا مایەوە ، پاشان بەبی دەنگی هەل دەستیت و ئەگەڕیتەوە مالەوە ، فەرمان ئەدا بە کەنیزەکەی دا تا ئەسپەکەی بۆ ببات بۆ ئەو دیوی دۆلە کەوە لەوی ببیەستیتەوە ، هە تا خۆشی دوای کەنیزە کە رمەکەی هەلگری و بە خیرای بروات بۆ لای ئەسپە کە ، ئەوە بوو لە پشتەوە لە مال دەرچوو و، وە رمەکەی بەشیوەیەك لی کرد کە کەس نەی بینی ، کە گەیشتە لای ئەسپە کە خۆی هەلدا سەر پشتی و بە پەلە لی ئە خوری هەتا نزیکی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) و هاوەلە کانی ئەکەویتەوە ، لەو کاتەدا بە فەرمانی (خوای گەورە ) ئەسپە کە ی پی هەلە ئەکەوی و سوراقە ش لە سەریەوە بەردە بیتە خوارە وە و ، دەست ئەبا بوۆ تیردانەکەی و چی ئەزلامی تیدا ئەبی (ئەو تیرانەی کە پەر و کلیکیان پیوە نیە ) دەریان ئەهینی و شانسی خۆی پی یان تاقی دە کاتەوە، تا بزانی دەستی پیان ئەبات یان نا ، کە چی ئەوەی بۆ دەرچوو کە ئەو پی ناخۆش بوو ، چونکە پی خۆش بوو پیغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) بگەریتەوە و ، وە (١٠٠) ووشترەکە وەربگری یان خەلاتەکە وەربگری بە دیاری لە باتی ئە هە ولە کە بۆی دابوو ، چونکە لەبەر تەما ع و جاو جنۆکی مالی دونیا گویی بە هیچ نەدا دیسان سواری ئەسپە کە دە بیتەوە بە دوایان دە کەویت وە دیسان لی یانە نزیك دە بیتە وە.. ئەوەندە لی یان نزیك ئە بیتەوە کە گویی لە خویندنی قورئان بوو ، کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دەی خویند ، کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئاوری نەئەدایە وە بەلام (ابو بکر ) زۆر ئاوری ئەدایەوە و ، زۆریش ئەترسا کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) تووشی نارەحەتی بی ، (ابو بکر ) فەرمووی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەوا سوار چاکیکە وا گەیشتە لامان ...

ئ

لەریوایەتیکی تردا ئەفەرمووی : ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوەی بەدوامانەوەیە وا گەیشتە لامان ، ( ابو بکر ) ئەلی : پیغەمەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( لا تحزن إن الله معنا ) . واتە : خەمبار مەبە ( خوای گەورە ) لە گەل مانە ، جا کە نزیك تر کەوتەوە ئەوەندەی رەمیك یان دوو رم ، یان ئەفەرمووی : ئەوەندە ی دوو رمیك یان سی رمی ما بگاتە لامان ، ووتم : پیغەمبەری حوا ! ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوەی بە دوا مانەوەیە وا گەیشتە سەرمان و ، دەستیشم بە گریان کرد ، فەرمووی : ( لم تبکی ) ؟ فەرمووی : بۆ چ ئەگریت ؟ ئەلی : ووتم بە خوا بۆ خۆم ناگریم بەلکو بۆ تۆ ئە گریم . ئەوە بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوعای لی کرد و فەرمووی : ( ألّلهم اصرعه اللهم اکفناء بما شئت ) واتە : فەرمووی : خوایە ! بیدە بە زەویی دا .. خوایە ! بەشتی کە خۆت ویستت لەسەری بی لە کۆلّانی بکەرەوە ..

( سوراقە ) ئەلی : هەردوو لاقی ئەسپەکەم تا ئە نیشکی چوو بە ناخی زەویدا و ، منیش لەسەری کەوتم و دامی بە زەویدا ، پاشان پیایا هەل شاخییم .. هەر ئەوندە بوو کە هەردوو لاقی لە زەویکەدا دەرهینان و ریك وەستا ، ئەبینم لە شوینی لاقە کانی ئەسپەکە وە تۆز و گەردیکی وەك دووکەل بۆ ئاسمان بەرز بوویە وە . بەلی جارکی کی تر بە ختی خۆم تا قی کردووە بەلام سەر نەکەوتم ، بۆیە بانگم لی کرد تا ئەمانیا لی وەربگرم و ووتم : من ( سوراقەی کوری مالیکی کوری جوعشومم ) ، بوەستن هەتا قسە تان لە گەل دا بکەم ، دە بە خوا ! کاریك گومانی لی بکری بەرامبەر تان نایکەم ، شتیککیشتان لە گە ل ناکە کە ئیوە پیتان نا خۆش بیت ، لە خوا بۆم بپارەوە و ، زیانت پی ناگەیە نم ، پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) دوعای بۆ ( سوراقە ) کرد ..

ێ

( سوراقه ) ئەلی : ئەوان وەستان و ، منیش سواری ئەسپەکەم بووم و، هاتم تا گەیشتمە لایان و ، کاتیك کە ئەو شتانە هاتنە ریم ئەوە کەوتە دلمەوە کەلە لایەن ( خوای گەورە ) وە ئەم پیاوە پاریزراوە و ، کاری پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەر ئەگری ، بۆیە پیم ووت : خزمە کانت خەلاتیان داناوە بۆ دەست گیر کردنت یان کوشتن ، هەوالی ئەوەشم دایە کە خەلکی چۆن هەول ئەدەن کە دەست گیرت بکەن یان بت کوژن ، هەرەوەها دوام کرد نان و کەل و پولم پیە کە لیم وەر بگرن ، کەچی هیچ شتیك لەوەی کە پیم بوو وەریان نەگرت و ، داوای هیچیشیان لی نەکردم .. ئەوەبوو ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ! چیت پی خۆشە فەرمانم بەسەردا بدە ؟ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( قف مكانك ، ولا تترك أحدا يلحق بنا ، وأخف عنا ) واتە : فەرمووی : لەو شوینی خۆت دا بوەستە و مەهیلە هیچ کەس پیمان بزانیت و دەنگ و باسمان ئاشکرامە ..

( سوراقە ) خوا بۆی کرد تا گەشتە کەی بەقازانج بۆی تەواو ببی ، ئەویست لەسەر خوینی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلانی دەولە مەند ببی ، کە چی ( خوای گەورە ) بە پاسە وانی پیغەمبەرو بەرگری کەر وەری گیرا ..

( سوراقە ) ئەلی : دوام لی کرد نامەیەکی ئەمانم بۆ بنووسی ، ئەویش فەرمانی بەسەر ( عامیری کوری فوهەیرە ) دا تا لەسەر چەرمیك بۆی بنووسی ، پاشان هەلی دا بۆم و ، منیش هەلم گرت و خستمە ناو تیردانەکەمەوە و ، گەرامەوە ..

بەلی چیرۆکی ( سوراقە ) هەر بەمە نەوەستا کە بریتیی بی لە دەر کەوتنی موعجیزەیەکی گەورە ، کە بە ئاشکرا دەربکەوی ئەم پیاوە راست ئەکا پیغەمبەری خوایە و ، ( خوای گەورە ) هیزی ئە خاتە کار بۆ پاراستنی ، بەلکو ئازیز و رۆشناویی چاومان ( صلى الله عليه وسلم ) هەوالیکی دوا رۆژی راگەیاند کە بە ئەندیشەی هیچ کەسیك دا نە ئەهات ، تا بیسەلمینی کە ئەم هەوالە تەنها پیغەمبەریك ئەتوانی رای بگەیەنی کە خوای گەورە خەسییتە دلیەوە ...

ئ

کاتێك کە ( سوراقە ) ویستی بگەڕێتەوە و ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئاوڕی دایەوە بۆ لای و ، فەرمووی : ( كأني بك ، يا سراقة ! تلبس سواري كسرى ) واتە : فەرمووی : وا ئەبینم ، سوراقە ! جووتە بازووبەندە کەی کیسرا لە دەست بکەیت . ( سوراقە ) بەسەر سورمانیە وە ! ئە پرسی : کیسرای کوڕی هورموز ؟! پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( نعم ) واتە : بەڵی .

( سوراقە ) بە ئەو پەری سەرسامی یەوە رووی تی کرد .. هەوالیکی سەیرە ! شتی زۆر دڵی دا هات .. بە بۆنەی موعجیزەکەوە بروای بەمەیش ئەکرد ! بەلام چۆن ؟ زۆر سەیرە ؟! محمد ی کوڕی عبدالله قورەیشی خۆی لە خزمەکانی ئەشاریتەوە ، نەوەکو بی گرن و بی کوژن .. کە چیی بەلێنی وەهای بە( سوراقە ) ئەدا .. ئەبی ( سوراقە ) بمینی تا ئەو رۆژەی کە ئەم دینە کەم دەسەلاتە پەرە ئەسینی و ، بەسەر دەولەتی ساسانی دا سەر ئەکەوی و ، کەل و پەل و تاج و بازووبەندەکان لە دەست ئەکات ! بەراستی بەلێنیکی گەورەیە ..

بەلی ( سوراقە ) ئەو رۆژە کە بەلێنی دا کە زیان بە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلانی نە گەیە نی ، تووشی هەرکەسیك کیش ببیت کە بیەویت دوایان بکەویت و بیان گری ، بی گەڕینیتەوە ریان لی بگری و شوینیان پی نەلیت ، بەلی ئەوە بوو ( سوراقە ) بە باشی بەلینەکەی برد سەر و ، تووشی هەرکەس ببوایە ئەی ووتم : من ئەم ناوە گەڕاوم ..چەند رۆژیك دەنگی نەکرد هەتا دڵی لەوە بی خەم بوو کە کۆچ کەران بە سەلامەتی گەیشتوونەتە شاری مەدینە ، ئەوسا باسەکەی خۆی موعجیزەکەی پێغەمبەری ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ خەلك ئەگێرایەوە کە چۆن بەسەر ئە سپە کەیەوە چەند جاریك کەوتۆتە خوارەوە و ، دەست و پەلی ئەسپە کەشی بە ناو زەویدا رۆچوون ، تام ئەم دەنگە و باسە بەسەر زمانی خەلکی یە وە گەیشتەوە شاری مککە و ، سەردارانی قورەیش لەوە ترسان کە ئەم رووداوە ببیتە هۆیەك بۆ موسلمان بوونی هەندی لە دا نیشتوانی شاری مککە...

ئ

بۆ ئەمە (ابو جهل ) ی خوا نە ناس و موشریك نامەیەكی بۆ (بنی مدلج) نووسی ، كە (سوراقە ) ئەمیری و سەرۆكیان بوو ، تا بە گویی نەكەن و ، كۆمەلیان تیك نەدا بەووەی كە براوی پی نەكەن و موسلمانبن پارچە پاچە ببن:

بني مدلج إني أخاف سفيهكم          سراقة مستغو لنصر محمد

عليكم بة ألا يفرق جمعكم          فيصبح شتي بعد عز وسؤدد

(سوراقە) ش وەلامی (ابو جهل ) ئەداتەوە دەلی : سویند بۆ ئەخوا كە ئەگەر چاوی لی بوایە چۆن دەست و پەلی ئەسپە كەی ئەچوون بە زەویی دا ، گومانی لەوە نەئەما كە محمد (صلی الله علیه وسلم ) پیغەمبەری خوایە و ، كەسیش ناتوانی دژایە تیی بكات:

أباحكم ! والله لوكنت شاهدا          لأمر جوادي إذا تسوخ قوائمه

علمت ولم تشكك بأن محمدا          رسول وبرهان فمن ذا يقاومه

بەلی رۆژان رابوردن زەمەن كۆرا و ، موسلمانان دە ولەتیان دامەزراندو شكستیان بە م دوو ئیمپراتۆرە هینا وە (فارس ، رۆما ) ، هەروەها وە رۆژانی رەش و سەختی شاری ممكە یان بەسەر بردن ، رۆژانی برسیە تی و نارەحەتی و گەمارۆ جەنگ و هەرای مەدینەشیان بەسەر برد ، تا ئەوەبوو پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەتحی شاری مككە ی كرد و ، دواتریش شاری (طائیف ) ی رزگار كرد دوای جەنگی حونەین سوراقە لە (جعران ) هاتە خزمەتی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و نامەكەی رۆژی كۆچ كردنی پیشان دا.. فەرمووی : (اليوم يوم الوفاءوالبر ، أدن ) واتە: فەرمووی : ئەمرۆ رۆژی وەفا و چاكە كردنە ، وەرە پیشە وە .. سوراقە ش لە رۆشنایی چاومان چووە پیشەوە و شایە تمانی حە قی هینا ...

ئ

( خوای گەورە ) تەمەنی بە( سوراقە ) بە خشی و ، تا سەردەمەی خەلیفە موسلمانان ( عمری کوری خطاب ) ژیا ، تا ئەوە بوو سوپای رزگاری خوازی ئیسلام بۆ رزگار کردنی گەلان لەژێر چنگی زالمان کەوتە ری ..

بەلی سوپای ئیسلام بەرەو ئیمپراتۆری ساسانی قەلای ساسانیە کانی رۆخاند ، کە پایتەخیت زولم و زۆرداری بوو لە م سەردەمە ، بەلی پادشای خوانەناسان کیسرا، کۆشکو تەلارەکانی بەجی هیشت و لە گەل تاج و ئالتونو جل و بەگ و وە جووتە بازنەکەی بە جی مان ، لە گەل گە نجینەیە کی زۆر وە زیر و زیزو دەولەت کەوتنە دەست سوپای ئیسلام ، بەلی بەدەستیکی پاکەوە ئەو غنیمەتەی ئان ئە و دەست کەوتانە یان هینایەوە بۆ شاری مەدینەی پایتەخیت دەولەتی ئیسلام ، ئەو زیرو زیوو یاقوتانە ئەوەندە زۆر بوون کە بە ملیۆنەها دینار یادن درهم مەزەندە ئە کران .. خلیفە ( عمر ) سەری سورما بوو کەچۆن سەربازە کانی ئیسلام فەرماندە کەنیا ئەم هەموو دەست کەو تانەیان لە وەلاتی فارسە وە هیناویانە بۆ شاری مەدینە پایتەخیت دەولەتی ئیسلام و کە هیچی لی کە م بکەن !! بۆیە فەرمووی : کەسانی ئەمانەیان هیناوە کەسانیکی دەست پاك خاوەن ئەمانەتن !! ئیمامی( علی ) لەلای ئامادە بوو ،فەرموو : تۆ خۆت دەست پاکیت ،بۆیە سوپاکەت دەست پاك دەر چوون .. ئامیری موسلمانان خلیفە ( عمری کوری ختاب ) هەموو ئەو دەست کەوتە بەنرخانەی بەسەر سوپای ئیسلام و موسلمانان دابەش کرد بی ئەویە هیچ شتیك بۆ خۆی ببات بەلی لە و کاتەدا خلیفە ئەو بەلینەی بەبیری هاتەوە کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) هاتەوە یاد ، کە بە سوراقەی و فەرموو بوو جووتە بازووبەندەکەی کیسرا لەدەست ئەکات ...

ئ

بەلی جووتە بازو بەندە کەوتنە دەست موسلمانان و ، بە فەرمانی خوا گەیشتنە مەدینە ، تا بەلینەکەی رۆشنایی چومان گەیشتە جی ، (عمر) بانگی کردە (سوراقە) و هەردووو بازووبەندەکەی کیسرای کردە دەستی ، جا ئەلین هەردوو قولی سوراقە مووی زۆریان پیوە بووە ، دوای لە دەست کردن (عمر ) فەرمووی : (الله اکبر ) ! سوپاس بۆ ئەو خوایە کە ئەم جووتە بازووبەندەی لە کیسراکوری هورموز سەندەوە و ، کردنیە دەستی ئەعرابی یەکی ئەوەی مودلج ، کە سوراقە ی کوریی جوعشومە ، خلیفە دەنگی بەرز کردەوە و پاشان سوراقەی سواری ولاغیك کرد و شاری مەدینەی پیوە گەرا و خەلکیش دەوریان لی دابوو و ، سوراقەش بە دەنگی بەرز فەرمایشتەکەی خلیفەی عمور دووبارە ئەکردەوە ، بەراستی ئەو رۆژە دانیشتوانی مەدین ە ، گەورە و بچووك ، هەر هەموو کۆبوو بوونەوە تا بەلین.. فەرمایشت موعجیزەی دەمی رۆشنایی چاومان بە چاوی خۆیان ببینن ، بەراستی رۆژیك بوولە رۆژە ناودارەکانی شاری مەدینە ، کە موسلمانا سوپاسی خوایان ئەکرد والە سایەی ئەم دینە پاکەدا بوونەتە خاوەنی بوون و ریز شەرەف و سەربەرزی دنیا و قیامەت ..

**هەشتەم :** هەر لە سەفەری کۆچ دا بوو ، پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە گەل هاوەلانیدا لە (جوحفە) لا یاندا بەلای میگەلە ووشتریکی (مالك ی کوری ئەوسی ئەسلمی ) دا کە مندالیکی شوانی لە لا بوو ، پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (لمن هذه ) ؟ واتە :ئەمانە ووشتری کین ؟ ئەویش ووتی :هی پیاویکە لە هۆزی ئەسلم . پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئاوری دایەوە بۆ لای (ابو بکر ) فەرمووی: (سلمت إنشا الله ) . بە مندالەکەی فەرموو : (ما اسمك ) واتە: ناوت چیە ؟ ووتی : (مسعود) دیسان ئاوری دایەوە بۆلای (ابو بکر ) فەرمووی: (سعدت إن شاء الله ) واتە : ان شا الله بختەوەر دەبیت جا عادەتی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) وەها بوو کە دزی لە گەش بینیی بوو ، وە رقی لەرەش بینینی بوو ..

ئ
**نۆهەم : یەكی كی تر لە رووداوە كانی كۆچ كردنی بۆ شاری مەدینە تووشی كاروانیكی موسلمانان دەبێت :**

**بەلی لە كاتی كۆچ كردندا بۆ شاری مەدینە ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چاوی بە كاروانیكی موسلمانا دەبێت ، كە ( زوبێری كوری عوام ) ی شیان لە گەل دا بوو ، كە لە بازرگانی وەلاتی شامەوە ئەگەرانەوە ، ئەوە بوو ( زوبێر كوری عوام ) دەستە یەك پۆشاكی سپی بە هەر یەكە لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) و ( ابو بكر ) بە خشی .. هەروەها ئەگێرنەوە دەلێن ( طلحة ي كوری عوبیداللە ش لە شامەوە ئە گەریتەوە و چاویان پی ئە كەویت و ، ئەویش هەندی پوشاكیان پێشكەش ئەكات ..**

**بە لی كاتیك موسلمانە كۆچ كەرە كان لەشاری مەدینە هەوالی دەرچوونی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مككە زانی ، هەموو رۆژیك سەر لە بەیانی ئە هاتنە قەراغی شارەوە ،هە تا چرقەی گەرمای نیوەرۆ چاورەی یان ئە كرد ، بەلی بۆ ماوەیەك ئەمە پیشەیان بوو ، هە تا ئەوە بوو رۆژیكیان چاوەروانی زۆریان كرد و ، كە لە بەر زۆری گەرمایی نیوەرۆ گەرانەوە بۆ مالەوە ،كە جوولە كەیەك بۆ كاریكی خۆی سەر كە تبووە سەر قەلایەكی شاری مەدینە ، سەرنجی دا لە دوورەوە پێغە مبەر هاوەلانی بە دی كردن كە بەرگی سپی یان لە بەردا بوو ، لە ناو سرابی بیابانەكەدا نووقم ئە بوون ، جوولەكە كە خۆی پی نەگیرا بەدەنگی بەرز هاواری كرد : ئەی كۆمەلەی عەرەب ! ئەوە گەورە كەتانە كە چاوەروانتان دە كرد .. موللمانەكان هەر هەموویا هەلمەتیان دایە چاكە كانیان (بۆ ئەوە ی تا هیزو دەسەلاتی موسلمانان بنوینن و ، دەری بخەن كە پاریزگاری پێغەمبەرن ) بەلی لە و كاتەدا بەرەوو رووی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رۆیشتن .. ( ابن قيم ) لە زاد المعاد ئەلیت : لەناو نەوەی ( عمری كوری عەوف ) دا دەنگی ( الله اكبر ) ئەبیسترا و ، موسلمانە كانیش لە خۆشیی گەیشتنی دا تەكبیریان كرد و ، هەموو هاتن بە پیریەوە و پیشوازیان لی كرد و ، هەموو بە جاری دەور یان لی دا بوو ، بەدەوریشیا ئەسورانەوە و ، هیمنی و دامەزاویش بالی بەسەریان كیشا بوو ..**

ئ

لەو کاتەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت: ﴿فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ﴾ **التحريم ٤**.

**کەبەخزمەتی گەیشتن بەرەو لای راست لای چەپی دان ، تا ئەوەبوو تەشریفی لە ناو نەوەی ( عمری کور عەوف ) دا دابەزی . بەلی مەنزل و هەواری نەوەی ( عمری کوری عەوف ) لە ( قباء دا بوو ، لە رۆژی دووشەمەی هەشتەم رۆژی مانگی رەبیعی یەکەمی سالی چواردەهەکی پیغەمبەرایەتی دا بوو ، کە بریتی یە لە سالی یە کەمی کۆچیی و ، بەرامبەر ٢٣ رۆژی ئەیلوولی سالی ( ٦٢٢ ) زاینی بووە ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل هاوەلانی گەیشتن و ، بۆ ماوەی چوار رۆژ ، واتە دووشەمە و ، سی شەمە و و چوارشەمە ، پینچ شمە لەوی مانەوە و ، پاشان لەرۆژی جمعە دا تەشریفیان بردە ناو شاری مەدینە..**

# بەشی : چوارەم

سالی یە کەم کۆچی دابە زینی پیغەمبەرخوا (صلی الله علیه وسلم ) لە (قباء )

چوونی بۆناوشاری مەدینە دروست کردنی مەزگەوتی مەدینە

برایە تی نیوان کۆچ کەران و ئەنصارە کانی شاری مەدینە

بنیات نانی کۆمەلگای ئیسلام لە شاری مەدینەدا

نووسینی دەستوور(الصحیفة ،الوثیقة ) لەشاری مەدینە دا

سیفات و هەلویستی مونافیقەکان لە شاری مەدینەدا

سیفات و هەلویستی جوولە کە لە شاری مەدینەدا

هەلویستی عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول سەرۆکی منافقان

هەلویستی کافرانی قورەیش دژبەموسلمانان لە شاری مەدینەدا

ئ

## سالی یه کەم کۆچی دابه زینی پیغەمبەر خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له ( قباء )

له رۆژی دوو شممه ی ( ٨ ) ربیعی یەکه می سالی چوارده هەمی پیغەمبەرایەتی ، که سالی یەکەمی کۆچیه و بەرامبەره له گەل ( ٢٢ ) سپتیمبەری سالی ( ٦٢٢ ) ی زاییینی ، که پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له ( قباء ) دابه زیی .

له ( عروه ی کوری زبیر ) ده فەرموویت : موسلمانه کان هەوالیان بیستبوو که پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له شاری مککه دەرچووه ، هەموو بەیانیان دەهاتنه دەره وه ، چاوەر وانیان دەکرد تا گەرمای نیوەرۆ ، رۆژیکیان پاش چاوەر وانیه کی زۆر گەرانەوه بۆ مالەوه ، کاتیك چوونەوه ماله کانیان ، پیاویکی جووله که له سەر یەکیك له دار خورما کانەوه بوو ، سەیری دەوروو بەری د مکرد ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و هاوەله کانی بینی له ناو سیرابی بیابان دەرکەوتنه که جلی سپیان له بەردا بوو ، کابرای جووله که خۆ پی رانەگیرا و ، به دەنگی بەرز هاواری کرد ، ووتی : ئەی هۆزەکانی عەرەب ئەو پیاوەی یان ئەو ه بپیرتانه که چاوریتان ده کرد ، مووسلمانان هەموویان بەرەو چه که کانیان رۆیشتن . صحیح بوخاری ١/٥٥٥ .( ابن قیم )- خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( له ناو هۆزی ( عمری کوری عوف ) ، سرودی ( وجبت ) و الله اکبر ، دەبیسترا ، وه موسلمانان به هاتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له خۆشیان تکبیر یان ده کردو ، وه چوونەدەرەوه بۆ خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) به خیرهاتن ه سلاویان لی کرد ، وه بازنەیان یان ئەلقەیان به دەوەری بەست وه لی خر بوونەوه ، له و کاتەدا ئارامی لی نیشت و ( وەحی یان نیگا ی ) بۆ دا بەزی که ( خوای گەوره ) دەفەرموویت : ﴿فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ﴾ التحريم ٤.( عروەی کوری زبیر ) دەفەرموویت : ( چوونه خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەلای راستیدا لای دا ، تا کو له ناو هۆزی ( بنی عمر ی کوری عوف ) دا دابەزی ، ئەمه لەرۆژی دوو شەممەی مانگی رەبیعی یەکەمدا بوو ، ئینجا ( ابو بکر صدیق ) هەستا بۆ خەلکەکه و پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) بەبی دەنگی دانیشتبوو ، هەندیك لەو ئەنصاریانەی که هیشتا پیغەمبەری خودایان نەدیبوو ، دەهاتنه خزمەتی بۆ سلاو لی کردن ، له ریوایەتیکدا هاتووه ، دەلیت : دەهاتنه لای ( ابو بکر ) تا وای لیهات رۆژ بەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کەوت ئینجا به کراسه کەی سیبەری کرد بۆ سەری ، ئیدی لەویدا خەلك زانیان کامەیان پیغەمبەری خوایه ( صلی الله علیه وسلم ) صحیح بوخاری ١/٥٥٥ .

ی
بەلی هەموو خەلکی مەدینە هاتبوونە دەرەوەی شار بۆ پیشوازی ، رۆژیکی کەم وینە بوو کە هەرگیز مەدین لە میژوودا شتی وای بە خۆوە نەدییوو ، جوولە کەش راستگۆیی مژدەکەی ( حبقوق ) پیغەمبەریان بینی کەدەلیت : ( خودا لە تەیمانەوە هات و ، قدسیش لە شاخی فارانەوە . صحیفە ( حبقوق ) ٣/٣ .

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە ( قباء ) لە مالی ( کلثوم ی کوری الهدم ) دابەزی ، وەلە روایەتیکی تریشدا هاتووە ، لەمالی ( سعدی کوری خیثمة ) دابە زیوە ، وە ( علی کوری ابو طالب )یش لە مککە دا بۆ ماوەی سی رۆژ مایەوە ، هە تاکو ئەماناتە کانی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) دایە وە کە خەلکی شاری مککە لە لایان دا نا بوو ، پاشان بە پی کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە لە ( قباء ) پییان گەیشت وە ئەویش لە مالی ( کلثوم ی کوری الهدم ) دابەزی .

زالمعاد ٥٤/٢ ،ابن هشام ٤٩٣/١،رحمەللعالمین١٠٢/١ .

بەلی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە ( قباء ) چوار رۆژ مایەوە : دووشەممە و ، سی شەممە و ، چوارشەممە و ، پینج شەممە ،مەزگەوتی ( قباء )ی دروست کرد نویژی تیدا کرد ، کە ئەوە یەکەم مەزگەوت بوو لە دوای پیغەمبەریتیدا بنیاتنرا بیت لەسەر تقوا ، کە رۆژی پینج هات رۆژی هەینی بوو ، بە فەرمانی خوا سوار بوو ،( ابو بکر )یش لە پشتیەوە بوو ، ناردی بەشوین مالی ( بنی نجار ) ی خالوانی دا هەموویان بە چە کەوە هاتن ، بەرووە مەدینە کەوتەری ، لە هۆزی ( بنی سالم ) کاتی جمعە هات ، هەموویان کۆکردەوە لەناو مزگەوتی شیوەکەدا نزیکەی سەد پیاو دە بوون .

ابن هشام ٤٩٤/١ رحمە للعالمین ١٠٢/١ ، زاد المعاد ٥٥/٢ ، صحیح ٥٥٥/١ .

لە ریوایە تیکی تردا هاتووە دەفەرموویت : ( پغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) چواردە شەو لە ( قباء ) مایەوە ، وە هەر لەویش ئەو مزگەوتەی بنیات نا کە یەکەم جار بوو مزگەوت بنیان بنریت ، پیغەمبەری خواش بەشداری لەگەلدا کردن ). اخرجە : البخاری ٣٩٠٦ .

بەلی شیوەی بەشداری کردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە مزگەوتی ( قباء ) دا بە یەکەم مزگەوت دادەنریت ،لە سەر خاکی شاری مەدینە دا ...

سەبارەت بەم باسە ( شموسی کچی نعمان ) بۆمان دە گیریتەوە و دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ بەشاداری لە دروست کردنی مەزگەوتە کەدا ، دابەزیە لای ئیمە ئەم بینی بەردی وا گەورەی

ئ

هەڵدەگرت وەخت بوو بەلادا بکەویت ، تەپ و تۆزی ئیش کردنە کە دیار بوو بە هەندی شوینی پیغەمبەرەوە ( صلی الله علیه وسلم ) پیاویك لە هاوەلانی خۆی دەهات و دەیووت: دایك و باوکم بە فیدات بی لیم گەری با ئەو بەردەت لی وەرگرم ، پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) دەیفەرموو :نە خیر تۆش بچۆ بەردیکی وەك ئەمە بهینە و هەلی بگرە ، بە شیوەیە تاکو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مزگەوتە کەی دروست کرد ). اخرجه : التبرانی ( فی الکبیر ) ٨٠٢/٢٤ .

لە ( انسی کوری مالك ) دەفەرموویت : ( کاتیك پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ویتسی لە ( قباء ) بچیت بەروە شاری مەدینە یەکەم جار ناردی بۆ لای چەند کەسانیك لە کورانی بنی نجاری خزمانی خۆی کە دانیشتووی شاری مەدینە بوون ، ( انسی کوری مالك ) دەفەرموویت : پاشان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نوینەرای نارد بۆلای پیاو ماقولانی بنی نجار ئەوانیش شمشیریان لە خۆیان بەست و هاتن بۆلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئیستاش لەبەر چاومە کە چون پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) سواری ووشترکەی بوو بوو وە ( ابو بکریش ) لەدوایەوە و کورانی بنی نجاریش بەچەکەوە رۆیشتن تاکو گەیشتنە نیوان ریگای ( قباء ) و شاری مەدینە ). اخرجه : البخاری ( ٣٩٣٢ ) .

لە ریوایەتیکی تردا هەر لە ( انسی کوری مالك ) وە دەفەرموویت : ( من رام کرد ناو مندالەکانی شاری مەدینەدا ( چونکە ( انسی کوری مالك ) ئەو کاتە منال بوو ، و منالان دەیان ووت: محمد ( صلی الله علیه وسلم ) هات و منیش رام دەکرد و هیچم نەدەبینی و ئەوانیش هەر دەیان ووت : محمد ( صلی الله علیه وسلم ) هات ، وە منیش هەر رام دەکرد تا گەیشتم بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و چاوم پی ی کەوت کە لە گەل هاوەلی بەریزی خۆی ( ابو بکر )دا بوو ، ئاگام لی بوو لای هەندی لە باخە خورماکانی نیوان ( قباء و مەدینە ) لایدا ، پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) و کورانی بنی نجار لەوی پیاویکی ئەهلی لادییان نارد بۆ ئەوەی پیاوانی ئەنصاری شاری مەدینە ئاگادار بکەنەوە بە نزیك بوونەوەی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە شاری مەدینە ، بە گەیشتنی ئەو هەوالە پینج سەد کەس لە ئەنصاریەکان بەچەکەوە چوون بۆ پیشوازی کردن تا گەیشتن بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و پیشوازیان لی کرد ... ) .

اخرجه : احمد ٢٢٢/٣ ، والبیهقی فی الدلائل ٥٠٧/٢ ،ابن ابی شیبه ١١٤/١٤ .

کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە ( قباء ) لە ماوەیەکی کەم دا دەستی کرد بە دروست کردنی مزگەوتی ( قباء ) لە پاشان کە تەشریفی بر بۆ شاری مەدینە، پیش هەمووشتیك دەستی کرد بە

ێ

دروست کردن مزگەوت ، هەر لە بەر گەورەیی مزگەوت دەبێت شتێك بزانین دەربارەی فەزل و پلە خێری مزگەوت ، هەروەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ الجن١٨.

هەروەها مزگەوتەکان شوێنی دابەزینی مەلائیکە ت و ، شوێنی حەوانەوە و دل ئاراخوا ناسانن ... بەلی لە مزگەوتەکانەوە مرۆڤی ئیمان دار پەیوەندی بە ئاسمانەوە دە کات ..دل پاك ئە کاتەوە ،روحی خاوین ئەبیتەوە ،بە پلە کانی ئیمان سەر دەکەوەی ، بەلی بی گومان ئیستا سەر زەوی پریەتی لە مزگەوتی مالی خوا ، وەلاتیك نەماوە کە مزگەوتی تیدا نەبیت ،هەر هەموویان شوینی ریزو حورمە تو ویقارن ، لە سەرەتایی میژووی ئیسلام دا مزگەوتەکان ، بەتاییە ت مزگەوتی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مەدینە خزمەتیکی زۆری بە موسلمانان پیشکەش کرد ، هەر بۆیە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ماوەیەکی کەمی ( قباء ) مەزگەوتی دروست کرد ، ( خوای گەورە )دەفەرموویت : ﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَنْ تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَنْ يَتَطَهَّرُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ﴾ التوبە ١٠٨ .

لە( لەابن عباس ) دەفەرموویت : ( کاتیك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ناردی بۆ لای ( عوەییمی کوری ساعیدە ) و فەرمووی : ( ما هذا الطهور الذي أثني الله عليكم ؟ ) واتا: فەرمووی: ئەم پاکی یە چی یە کە ( خوای گەورە ) بە بۆنەیەوە ستایشی ئیوەی کردووە ؟ ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ! هەر پیاو و ئافرەتیکمان دەست بە ئاو بەگەیەنن بە پاکیی عەروەتیان ئەشۆن . پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ( هو هذا ) ). راواە : الترمذي ابن ماجة .

لە چەند راویەتیك دا هاتووە ،کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) جا لە بەر ئەوەی کە مزگەوتی ( قباء ) یەکەم مزگەوتیك بوو کە لە ئیسلام دا دروست کرابوو ، کرابووە مزگەوتی گشتی ئۆممەتی ئیسلام

ئ

،ئەوا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) خوشەویستی یەکی تایبەتی لە دلیا بۆ مزگەوتی (قباء ) حەشاردابوو ، لەریوایەتیکی تردا هاتووە ، کە رۆژانی شەممە جاری بە سواری جاریکیش بە پیادە ، سەری لە مزگەوتی (قباء ) دەدا .. هەروەها لە ئوسەیدی کوری زوهیرە وە ریوایەتی کوردووە دەفەرموویت : ( لە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( الصلاة في مسجد قباء ركعتين أحب الى من أن آتي بيت المقدس مرتين ، لو يعلمون ما في قباء لضربوا إليه أكباد الإبل ). واتا: دوو رکعەتی نویژی مزگەوتی قوباءم بەلاوە خۆشەویست ترە لەوەی دوو جار زیارەتی (بيت المقدس ) بکەم ، ئەگەر خەلك بیان زانیایە لە مزگەوتی قوباء دا چ خیرو چاکەیە کیان تووش ئە بیت ئەوا بەسواری ووشتر بۆ ئە هاتن ).

هەروەها (ابن ماجه ) لە ( سەهلی کوری حنیف ) ئەگیرتەوە کە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویە : (من تطهر في بيته ،ثم أتى مسجد قباء فصلى في صلاة كان كأجر عمرة ) واتا: هەرکەس لە مالەوە دەس نویژی گرت و ، دوای ئەوە هات بۆ مزگەوتی قباء و نویژیکی تیا بەجی هینا ئەوەندی پاداشتی عمرەیەك خیری بۆی ئەبی .. )...

## چوونی بۆ ناو شاری مەدینە

ئ
گەشتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بۆ مەدینە ، لە پێشیدا باسمان کرد کە موسلمانە کان هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بیستبوو ، کە لە شاری مککە دەرچووە بەرەو شاری مەدینە کەوتۆتەری ، هەر بەم بۆ نەیە موسلمانانی شاری مەدینە بە گەورە و بچووکەوە هەموو بەیانیەك دە چوونە دەرەوەی شار ی مەدینە چاوە ری هاتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵە کانیان دە کرد ، دە مانەوە تا گەرمای نیوەڕۆ پاشان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە ، ئا بەم شێوەیە بۆ ماوەیەك هەروا مانەوە ، بەڵی ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) گەیشتە شاری مەدینە ، خەڵکەکە هەر لە چاوەڕوانی دا بوون ، تا کو هیچ سێبەرێك نەمابەوە لەژێریدا بحە سینەوە ، کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) گەیشت ئەوان بەرەو ماڵ ڕۆیشتبوونەوە ،جوولە کەیەك کە لەوێ مابووە و لە دوورەوە چاوی پێ کەوت و بانگی موسلمانانی کرد ، ئەوانیش زۆر بە خۆشی و بە پەلە وە هاتنەوە دەری و ڕوو بە پێغە مبەرو (ابو بكر ) بە خۆشی و شادییەوە بەری کەوتن .

پێش ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بگاتە مەدینە نزیکەی ١٤ ڕۆژ لە قباء لای نەوەی (عمری کوری عەوف ) لایداو لە و ماوەیەدا مزگەوتی (قباء ) ی دروست کرد .

کاتێك پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم ) ویستی بچێتە ناو شاری مەدینە ، ناردی بەدوای گەورەکانی نەوی نجار و بە خۆیان و شمشێرە کە یانەوە هاتن بە پیریبەوە (واتە مانای ئەوەی دە پارێزن ).

بە پێی ڕیوایەتێك ئەوانەی لە پێشوازی پێغەمبەر و (صلى الله عليه وسلم ) و (ابو بكر ) دا بوون لە پشتیوانە کان پێنج سەد کەسێك دە بوو ن ، چواردەوری پێغەمبەر و (ابو بكر ( یان داو خەندە و شادی و کامەرانی ئاوێتەی ڕوو ڕووخساریان بوو بوو ، ئەمانیش بە سواری بوون ، بە شێوە بە ناو مەدینەدا بەری کەوتن (وتراویشە لە خەڵکەکە ناو مەدینەدا بوون و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) هاتۆتە ناویان ) پیاوان و ژنان چونە سەر ماڵە کانیان و لەوێوە دەیانر وانیبە پێغەمبەر و (ابو بكر ) و خەڵکەکە ، منداڵە کانیش لەناو کۆڵانەکانی مەدینەدا بلاو بوبو نەوەو بە دەنگی بەرز دەیانگوت : یا محمد یا رسول الله ،یا رسول الله .. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بەناو شاری مەدینەدا بەری کەوت تا گەیشتە لای ماڵی (ابو ئە یوبی ئەنصاری )- خوا لێی ڕازی بێت – لەوێ پرساری کرد : ماڵی کام لە ئە هل و کەس و کارمان نزیکترە ؟ (ابو ئەیوب فەرمووی : من ئەی پێغەمبەر خوا ، ئەوە ماڵەکەمەو ئەوە دەگای ماڵە کەمە ، پێغەمبەریش دابەزی و لە ماڵی (ابو ئەیوب ) لایدا ...

لەکتێبە کانی سیرە دا هاتووە ، گەورەو ڕیش سپیە کانی ئەنصارەکان هەریەکەیان دەی ویست و هەوڵی ئەدا

ێ

، كه پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) له مالی ئەو دا بمێنێتەوە ،بەلای مالی هەر مالیکیان برۆیشتایه یان گوزەری بکردایه ،دوای یان لی ده کرد كه پی موبارەكەی بخاته مالی ئەوان ، ئەویش دەی فەرموو : واز له ووشترەکه بهینن فەرمان پیدراوە ، ووشتره كەش له مالی ( ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ) سمی دا و یخ بوو، مالی ( ئەبو ئەیوب ) دووقات بوو یان دوو نهۆم بوو ، ( ئەب ئەیوبی ئەنصاری ) دەفەرموویت : کاتی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هاتەمالی ئیمه پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له نهۆمی خوارەوە بوو یان له قاتی خوارەوە ،وە( ئەبو ئەیوب ) دەلی : من و ئوم ئەیوب لەسەرەوە بووین ، ئەلی . پیم ووت : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) باوك و دایکم بەقوربانت بی ، من پیم ناخۆشه من لەسەرەوەی خانووە کەم تۆش له خوارەوە ، من دیمه خوارەوە تۆش برۆ سەرەوە ..!!

فەرمووی : ئەی ئەبا ئەیوب : سوودمەندترو ئاسنتر به ئیمه و بەوەش كه دالدەی داوین ئەوەیه كه ئیمه له خوارەوە بین .. ( ئەبو ئەیوب ) دەلیت : جامۆلکەیەك كه ئاوی تیدا بوو شکا بەدستمانەوە ، من و ( ام ئەیوب ) به پارچه قوماشیك کەله وە زیاترمان نەبوو هەستاین به ووشك کردنەوەی جیگەی ئاوەکە له ترسی ئەوەی نەوەکا دلۆپیك ئاو دزه بکات خوارەوەو پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئازار بدات ..

به پی راوایەتی ( ابن سعد ) ماوەی مانەوەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له مالی ( ئەبو ئەیوب ئەنصاری ) حەوت مانگ بووە ..

له راستیدا ئەم دیمەنه کەم وینەیه نموونەیکه تا ئیستا له میژووی مرۆڤدا شتیکی وا تۆمار نەکراوە ، گیانی لیبوردەیی و بەخشین و پیشختن و برایەتی و دلسۆزی ، پشتیوانەکان ئامادەبیان دەربری به خۆیان و مال و مندال و ژیانیانەوە یارمەتی کۆچکەرەکانیان دا ، دەرگای ماله کانیان بۆ کردنەوە ، هەریه کەیان بووە برای یەکیك له کۆچکەرەکان ، مافی زیاتریان بەوان دا ، بووەنه خاوەنی فەزل و سەنای گەورە كه ناویان به نەمری چووە ناو میژووە وە و بەردەوام نەوە له پاش نەوە دەیگیرنەوە ، کاتیك ( خوای گەورە ) له قورئاندا باس له بەخشین و دلفروانی و یارمەتیدانیان دەکات و بەردەوام موسلمانان دەی خویننەوە كه ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ **الحشر ٩**...

واتا : ئەوانەی كه پیشتر مال و شوینی خۆیان ئاماده کرد بۆ پیشوازیی له کۆچبەران و دل و دەروونی خۆیان رازاندەوە بەئیمان، ئەوانه شیان خۆش دەویت كه کۆچیان کردووە بۆ لایان و له دل و دەرونیاندا جی

ێ
هیچ جۆرە حە سوودی و بەخیلیەك نابیتەوە لەسەر ئەوەی کەبەشی کۆچبەران دراوە و بەشی ئەوان نەدرواوە حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن ، فەزلی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریشن ، جائەوەی خۆی لە نەفسی رەزیلی بپاریزیت و زال بیت بەسەریدا ، ئا ئەوانە هەر سەر فرازن ..

بەلی لە پیشەوە باسی ئەوەمان کرد کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە رۆژانی دووشمە و، سی شەمە و ،چوارشمە و ، پینج شەمە لە ( قباء ) مایەوە رۆژی جمعە بەرەو ( طیبة ) واتا : شاری مەدینە کەوتە ری ،لە ریگادا گەیشتە ( مەنزلی سالمی کوری عوف ) کاتی نویژی جمعە کاتە پیش ،لە و مەزگەوتەدا کە دەکەویتە ناو دۆلی ( رنوناء ) وە کە ئیستا پی دەوتریت مزگەوتی جمعە ، لەو یدا نویژی جمعە لەگەل موسلماناندا بە جی هینا ،بەلی ئەمەش یەکەم نویژی جمعە بوو کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) ئەنجامی دا ، چونکە پیش گەیشتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ شاری مەدینە، ( ئەبو ئومامە ) و( اسعدی کور زورارە )نجاری ئەم دوو پیاوە یەکیك بوو لە دوانزە پیاوەکەی پەیمانی عەقبەی دووهەم ،بەنقیبی موسلمانانی شاری مەدینە هەلبژیردران ،بۆ یە یەکەم جار نویژی جمعەیان لەگەل موسلمانان دا ئەنجام دا ، بەلی لە شاری مککە موسلمانەکان لەبەر زۆر داری و ئازاردان زولم ستەمی کافرانی قورەیش ،نەیاندەتوانی بەیەکەوە کۆببنەوە نویژی جمعە ئەنجام بدەن ..!!

لە ووتاری یەکەم جمعە دا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رۆشنایی چاومان زۆر بە کاریگەری باسی ئیمان و یەقین و یەك خوا پەرستی و عقیدەی موسلمانان و ، وە ئامۆژگاری موسلمانانی کرد ئە ی فەرموو :

(( الحمد الله ، أحمده وأستعينه ، واستغفره وأستهديه ، وأومن به ولا أكفره ،وأعادي من يكفره ، وأشهد أن لا إله الله وحده لا شريك لة ، وأن محمدا عبده ورسوله ، أرسله بالهدى ودين الحق ، والنور والموعظة على فترة من الرسل ،وقلة من العلم ، وضلالة من الناس ، وانقطاع من الزمان ، ودنو من الساعة ، وقرب من الأجل ، من يطع الله ورسوله فقد رشد ، ومن يعصهما فقد غوى وفرط ، وضل ضلالا بعيدا ..

وأوصيكم بتقوى الله ، فإنه خير ما أوصى بة المسلم المسلم أن يحضه على الآخرة ، وأن يامره بتقوى الله ، فاحذروا ما حذركم الله من نفسه ، ولا أفضل من ذلك نصيحة ، ولا أفضل من ذلك ذكرى ، وإنه تقوى لمن عمل

ئ

به على وجل ومخافة ، وعون صدق على ماتبتغون من أمر الآخرة ، ومن يصلح الذي بينه وبين الله من أمر السر والعلانية ولا ينوي بذلك إلا وجه الله يكن له ذكرا في عاجل امره ، وذخرا فيما بعد الموت حين يفتقر المرء إلى ما قدم ،وما كان من سوى ذلك يود لو أن بينه وبينه أمدا بعيدا ، ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ﴾ ال عمران ٣٠ . هو الذي صدق قوله ، وأنجز وعده ، لا خلف لذلك ، فإنه يقول تعالى : ﴿مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ ق ٢٩. واتقوا الله في عاجل أمركم وآجله ، في السر والعلانية ، فإنه قول تعالى : ﴿ذَلِكَ أَمْرُ اللَّهِ أَنْزَلَهُ إِلَيْكُمْ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا﴾الطلاق ٥ . ، ومن يتق الله فقد فاز فوزا عظيما ، وإن تقوى الله توقي مقته ، وتوقي عقوبته ، وتوقي سخطه ، وان تقوى الله تبيض الوجه ، وترضي الرب وترفع الدرجة.

خذوا بحظكم ، ولا تفرطوا في جنب الله ، قد علمكم الله كتابة ، ونهج لكم سبيله ليعلم الذين صدقوا ويعلم الكاذبين ، فأحسنوا كما حسن الله إليكم ، و عادوا أعداءه ، وجاهدوا في الله حق جهاده ، هو اجتباكم وسماكم المسلمين ، ليهلك من هلك عن بينه ، ويحى من حي عن بينة ، ولا قوة إلا الله . فأكثروا ذكر الله واعملوا لما بعد الموت ،فإنه من أصلح ما بينه وبين الله يكفيه ما بينه وبين الناس ، ذلك بأن الله يقضى على الناس ولا يقضون عليه ، ويملك من الناس ولا يملكون منه ، الله أكبر ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)) . سيرة النبوية لأبي شهبة :٢٢/٢ .

بەلى دواى نويژى جمعه كه تەواو بوو ، (بنى سالم ى كورى عمرى كورى عەوف ) هاتنه خزمەت پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) ووتيان : ئەى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) له ناوماندا له ناو پياوانى بنى سالم دا بەمينيوه ، چونكه پياوانى زۆرمان هەيه و چەك و پاريزگارى باشمان هەيه ليره بەمينيوه ، پيغەمبەرى خواش (صلى الله عليه وسلم ) ئەى فەرموو: (خلوا سبيلها فإنها مامورة ) جلەوى ووشترەكەشى شل ئەكرد و ، هەرچى بەلاى ماليكى ئەنصاريدا ، كه له ريگاكەيدا بوو ، تى ئەپەرى دوايان ئەكرد لەلاى پياوى زۆر چەك و پاريزگاريدا بمينيتەوه ، هەمان فەرمايشتى پى ئەفەرموون .. هه تا ئەوه بوو گەيشته شوينى مزگەوته پيرۆزه كەى و لەوى ووشترەكەى يخى كردو چۆكى دا پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) له سەريەوه دانەبەزيى و ، ووشترەكه هەستايەوه و ، كەميك رۆيشت و پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليەو سلم ) جلەوى بۆ شل كردبوو ، كەچيى ووشتركه ئاورى بۆ دواوه دايه وه و گەرايەوه شوينى يخى كردنى يان چۆك دادانى يەكەم جار و ، چۆكى دادايەوه ..

پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) لەسەرى دابەزى و خەلكەكه هەر يەك له لايه كەوه هەولى ئەدا بيته ميوانيان .. هەروەها پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : ( إني أنزل على اخوال

ئ

عبدالمطلب ،اكرمهم بذلك ) .واتا: بۆ ریز لینان له خلوانی عبدالمطلب ئه بمه میوانی ئەوان . ئەمە کاریی زۆر چاك بوو تا هیچ کەس دلی له خۆی دانەمینی ، چونکه مافی خۆیەتی ببیته میوانی خزمانی . پاشان فەرمووی : ( أي دور أهلنا أقرب ؟ ) واتا : مالی کام له خزمانمان نزیکه ؟ خیرا هاوەلی بەریز ( ئەبو ئەیوب ئەنصاری ) هاته وەلام ووتی : مالی من ! خیرا کەل و پەل کەی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) بردە مالەوە .

پاشان ( اسعدی کوری زوراره ) که له پەیمانی عەقەبەی دووەم دا نەقیبی بنی نجار بوو و کۆمەکی و هاوکاری ( موصعەبی کوری عومەیره )بوو ، له بانگەوازی کردنی ئیسلام و بلاوبوونەوەی پەیامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له ناو شاری مەدینه دا ، هات سەیری پیغەمبەری خوا کرد ( صلی الله علیه وسلم ) لەدەستی چووە و ، شەرفی میوانداری رۆشنایی چاومان بەوی نەبراوە ، بۆیه جلەوی ووشترەکەی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) گرت و لای خۆی هیشتیەوە .. ئەمەش بە ریزو پایه یەك بۆ خۆی دا ئەنا .. بەلی ئەم میوان داریه ی ( ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ) بنی نجار ئەوپەری پایەداریی و بوو بۆ تیکرای نەوەی نجار ..شایه نی باسه ئەنصارەکان هەر هەموویان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ میوان داری رۆشنایی چواومان پیغەمبەری ئازیزمان ، که میوانیان بیت ، هەر بۆیه پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوپەری ستایشی ئەکردن و خۆشەویستس خۆی دەرئەبریی بۆ یان ...

هەروەها له هەردوو صحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە که له ( ئەنسی کوری مالك ) کەوە ریوایەتی کردووە که دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : ( خیر دور الأنصار بنو النجار ، ثم بنو عبد الأشهل ، ثم الحارث بن الخزرج ، ثم ساعدة وفي كل دور الأنصار خير )). رواه البخاري ، والمسلم . واتا: چاکترین بنەمالەی ئەنصار نەوەی نجارن ، پاشان نەوەی عبدولئەشهەل ، پاشان نەوەی حاریسی کوری خزرج ، پاشن نەوی ساعیدە و ، هەموو بنەماله کانی ئەنصار پرن له خیر ...

ئ

لەریوایەتیکی تردا هاتووە له (ئەنسی کوری مالك ) دەفەرموویت : ( کاتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە ناو شاری مەدینەدا ، عبدە حەبەشیە رەشەکانی ناو شاری مەدینە هەلدەقونان و یاریان دەکرد به حەربە کانیان وە دەیان ووت :محمد هات (صلی الله علیه وسلم ) محمد (صلی الله علیه وسلم ) پیاویکی چاکە بەزمانی خۆیان ، ئەنەسیش دەفەرموویت هیچ دیمەنیکم نەدی هاوشیوەی بیت لە گەل پیشوازی کردنی ئەهلی مەدینە بۆ پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) کاتیك گەیشتە ناو شاری مەدینە ). اخرجه : البیهقی فی السن الکبری (٤٢٥٠).

هەر لە (ئەنەسی کوری مالك ) ریوایەتی کردووە فەرموویە تی : ( ئەو رۆژەی کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە ناو شاری مەجین هەمووشتیك رووناك بوو و هیچ رۆژیکم نەدیوە بەقەد ئەو رۆژە چکگ تر بیت و رووناك تر بیت لەو رۆژەی کە پیغەمبەر(صلی الله علیه وسلم ) تیایدا گەیشتە ناو شاری مەدینە ). اخرجه : ابن ماجه ١٦٣١ ، والدارمی ٤١/١ ، والترمزی ٣٦١٨ .

بەم شیوەیە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) وەك باسمان کرد لە پیش دا ، وەکو قوناغی یەکەم پی خۆش بوو کە یەکەم جار لابداتە لای خزمانی خۆی لە بنی نجار کە خالۆیانی خۆی بوو .

هەروەها (عبدالله کوری زوبیر ) دەفەرموویت : ( کاتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە ناو شاری مەدینە ووشترەکەی لەوی یخ بوو حەوایە وە کە لە نیوان خانووە کە ی (جعفری کوری محمد ) ، و (حسن ی کوری زید ) دا بوو و خەلکانی شاری مەدینە هاتنە خزمەت پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) و ووتیان: ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئایا جیگە و شوینت لیرە دەبیت ؟ وە دیسان ووشترەکە هەستایەوە و پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (لی گەرین ئەوە فەرمان پی کراوە ). ئینجا ووشترەکە یەخی دا وئیتر لەوی هەلنەستایەوە . لەریوایەتیکی تردا دەفەرموویت : ووشترکەی بەری کەوت دوای ئەوەی لەو جیگەیە هەستا تا گەیشتە لای خانووە کەی (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ) لەوی یەخی دا وەستا و پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (مالی کام خزمانم لیرە وە نزیکە ؟ (ئەبو ئەیوب ) هاتە خزمەت پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) و ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) من نزیکترین مالم بە تۆ ئایا گۆچا ن و کەل و پەل کانت ببە مەوە مالەوە ؟ پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : بەلی . پاشان یەکەم قسە کە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) بۆ دانیشتوانی شاری مەدینەی کرد ئەوە بوو کە فەرمووی : ( یا ایها الناس افشوا السلام ، واطمعوا الطعام ، واصلوا الأرحم و صلوا باللیل و الناس نیام ، تدخلوا الجنة بسلام ). البیهقي في الدلائل ٥٠٩/٢ .

ئ

واتا: ئەی خەلکان سەلام بەر پابکەن لە نیوانتاندا وە خواردن ببەخشن و سەردانی خزمانتان بکەن و وە کاتی خەلکان نوستوون شەو نویژ بکەن ، بەسەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە .

بەلی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە مالی ( ئەبو ئەیوب ئەنصاری ) دا ( ١٢ ) رۆژ مایەوە دواتر ( خوا گەورە ) سازاندی کە مزگەوت دروست بکریت بۆ پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) وە هاوەلی بەریز ( ئەبو ئەیوب ئەنصاری ) بە جواترین شیوە ریزی لە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دە گرت کاتیك لە مالە کەیدا بوو و وەکو خۆی دەگیریتەوە و دەفەرموویت : کاتیك پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) لایدایە لای مالەکەمان و هاتە ژوورەوە، چووە نهۆمی خوارەوە و ( من و ئوم ئەیوب ) چووینە نهۆمی سەرەوە ).البیهقی فی الدلائل ٢/٥٠٩ ، فی البدایه والنهایه٣/١٩٧ .

بە لی ( ئە بو ئەیوب ) هەموو جاریك خواردنی بۆ پیغەمبەری خوا ( صلی علیه وسلم ) ئامادە دەکرد و دەی نارد بۆ پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) ( ئەبو ئەیوب ) دەفەرموویت : ( جاریکیان خواردمان ئامادەکرد واتە: ( من و ئوم ئەیوب ) ناردمان بۆ پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) جاوە ریمان دە کرد تا خواردنەکەی بگەریتەوە ، خوادنە کە گەرایەوە لەلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سەیرمان کرد شوینی دەستی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پیوە دیار نەبوو کە لە خوادنەکەی خوارد بیت ، چونکە ئیمە هەر کات خواردنەکە دە گەرایەوە لە شوینی جی بەنچە کانی پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) دە خوارد بەلکو بەرەکەت بکەویتە مالە کەمان ، بەلام ئە مجارە پیغەمبەر نەی خوارد بوو ، چونکە هەندی سیرو پیاز لە ناو خواردنەکە دا بوو ، ئەبو ئەیوب ئەلی : منیش ترسام چوومە خزمەتی پیم ووت : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دایك و باوکم بەفیدات بیت خواردنەکەت گەرانەوە لامان نەمان بینی شوینی دەست و پەنچەکانی تۆ تیا بیت ، پیشتر تۆ خوردنەکەت دەگیرایەوەئەمەشوین دەست وپەنچە کانی تۆدا دەگەراین و لەو جیگەیە دەمان خوارد تابەرەکە تمان دەسکەویت ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : من بۆنی سیرم کرد و منیش پیاویکم چیپەم لەگەلدا دەکریت ). رواه مسلم٢٠٥٣ .

لە ریوایەتیکی تردا هاتووە دەفەرموویت : من پیاویکم فریشتە دیت بۆلام بەچپە قسەم لە گەلدا دەکات منیش پیم خۆش نیە کە هات بۆلام ئەو بۆنە ناخۆشەم لە دەمەوە بیت بەلام ئیوە بیخۆن ).اخرجه :احمد ٥/١٠٣ .

ئ

# دروست کرنی مزگەوتی شاری مەدینە

لە و ماوەیەدا کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە مالی ( ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ) دا مایەوە ، مزگەوتەکە ی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە شاری مەدینە بنیات نرا ، ئەوە بوو لەو شوینەدا بیاتیان نا کە ووشترەکەی تیدا چۆکی دا یان یخ بوو ، شوینە کە کە لەبنەرەتدا باخ بوو ، وە هەندیکی ویران بوو بوو و کرابوویە قەبرستان و ، هەندیکیشی کرابووە خەرمانی ووشك کردنەوەی خورماکان ، بە لی ئەم شوینە هی دووبرای هە تیوو بوون ، بە ناوە کانی ( سەهل و سوهەیلی کورانی عمر ) کە ( اسعدی کوری زورارە ) سەر پەرشتی دەکردن ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ویستی موعامەلە و سەودایان لە گەل دا بکات ، هە تا ئەم شوینە بکری بۆ مزگەوت ، کەچی دوو برا کە رازی نە بوون بی فرۆشن و ووتیان : ئەی بەخشین بە خوا بە پیغەمبەرە کەی ، بەلام رۆشنایی چاومان ئازیزمان رازی نەبوو و بریاردا دە بیت بە کرین بی ، بەلی هەروەها ( ابو بکر ) کری بە ( ١٠ ) دینار و ، وە ( ابو بکر صدیق ) یش پارە کەی دا ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی دا دار خورماکان ببرین و زەویە کەش تەخت بکری ..

بە لی موسلمانە کۆچ کەرە کانی شاری مککە لە سزاو ئازاردانی موشریکانی قورەیش زرگاریان ببوو ، لە شاری مەدینەدا دروست کردنی مزگەوتی مەدینە ، وە بە هەوای ئازادیی یەکجار شادمان بوون .. ئەنصاریە کانیش کە ئیمان و تقوای ماموستایانی مککە یان سەرنج ئەدا لە خۆشیانا خەریك بوو بالیان ئە گرتەوە ، ( خوای میهربانیش ) بەم نازو نیعمەتی ئیمانەی هیناوەتە ری یان ، بۆ یە هەردوو لا واتە کۆچ کەران و ئەنصارەکان سەرگەرمی کارکردن بوو لە مزگەوتی شاری مەدینە ، وە بە هیچ شیوەیە نەیان دە زانی ماندوو بوون چیە ، بەلی کە ئەوان خەریکی کار کردن بوون ، پیغەمبەری رۆشنایی چاومان ( صلى الله عليه وسلم ) خەریکی هەلگرتنوو گواستنەوەی خۆل و خشت بوو ..هەروەها لە کاتی کارکردن موسلمانە کان بە کۆچ کەران و ئەنصارەکانی شاری مەدینە سرودی جۆراو جۆریان دەووت ، بۆ ئەوەی ورەیان زیاتر بیت و شەوق و تاسەیان بۆ کارکردن زیاتربیت و ، وە بە زوو ترین کات مزڤەوت تەواو ببیت .. بەلی بەم سرودانە دلیان ئەگەشایەوە و، ماندوو بوونی جستەیان لا ئە چوو و، بەبی وچان کاریان ئە کرد .. هەروەها کاتیك مزگەوتی مەدینە تەواو بوو ، بووە مەلبەندیکی گرنگ بۆ موسلمانان تا چەندین خزمەتیان پیشکەش بکات ، بەلی ئەوە بوو ، شوینی نویژ کردنی بە کۆمەل و جمعە و موسلمانان بوو.. وە شوینی کۆ بوونەوەی تکبیرو راویژ کرد بوو ، تیدا زانستی قورئان و سوونەتیان وەرئە گرت .. لە لایە کی تری مزگەوت سە کۆیەکی هە بوو ، کە هەژاران دەست کورت و بی کەسە کانی تیدا کۆ ئە بوونەوە ، لە مزگەوت ئەژیان ..

ئ

له سەردەمی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دیوارەکە بە خشتی قور دروست کرابوو ، کۆڵەکە کانیشی لە دار خورما ، هەروەها سەربانەکانیشی بە دارخورما لقە و بەدارخورما سەر گیرا بوو ...

بە لی ئەو کاتە (بيت المقدس ) قیبلە بوو ، دروست کردنی مزگەوتی مەدینە ، بەم شیوەیە بوو ، هەر دوو پایە کە لە بەرد بوو ، دیوارە کانیشی لە خشت و قور بوو ، سەرەکەشی بە گەلای یان لقە کانی درا خورما گیرا بوو ، ستونە کانیشی لە قەدی ئە ستووری دار خورما بوو ، زەوییە کە واتا : حەردەکەی لە لم و چەو بوو ، سی دەرگا ی بۆ کرا بوو ، دریژیە کەی لە قیبلە گاکەوە بۆ کۆتاییە کەی سەد بال دە بوو ، هەر دوولاکەشی بەو ئەندازەیە یان کەمتر ، بناغەکەی نزیکەی سی بال دە بوو ، چەند مالیك دروست کران ، مالە کانی (الحجر ) کە لە خشت بوون و سەریشیان بە لق و پۆپ و گەلاو قەدی دار خورما گیرا بوو ، ئەمانە (حجر ) ژووری هاوسەرە کانی بوو ، (صلى الله عليه وسلم ) پاش تەواو بوونی ژوورە کان ، ئیدی پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لە مالی (ئە بو ئەیوب ئەنصاری ) گواستیەوە بۆ ئەوی .صحيح البخاري ٧١/١ ، (٥٥٥ ) ،(٥٦٠ ) زاد المعاد ٥٦/٢ .

مزگەوتیش تەنها بۆ جی بە جی کردنی نویژە کان و عیادەت نەبوو بەس ، بەلکو زانکۆ یەك بوو بۆ موسلمانە کان کە تیدا زانستی شرعی و فەرمایشت ئامۆژگاریە کانی ئیسلامیان تیدا وەردە گرت و ببوە سەکۆیەك بۆ بەیك گەیشتن و هۆگریی یەکترناسینی هەموو توخمە جیاوازە هۆزەکان ، کە دە میك بوو شەرو شۆرو جەنگ و رەوتی دەمارگیری نەفامیانەی ناو خۆیان و دووبەرەکی خستبوە ناویانەوە ، هەروەها مزگەوت بوو بووە بنکەیەك بۆ بەریوە بردنی کاروبارەکان و دەرچوونی بریارەکان و پەرلە مانیك بۆ بە ستنی ئە نجومەنی راویژو جی بەجی کاری ..لە گەل ئەوەشدا مالیك بوو بۆ نیشتە جی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو کۆچکەرە پەنابەرە هەژارانەی لە ناو شاری مەدینەدا نە مالیان هەبوو نە کەس و کارو نە کوروکال.

هەر لە سەرەتای کۆچەوە بانگ دانرا، ئەو ئاوازە بلندە جوانەی کە رۆژانە پینج جار ئاسۆکانی دەوروبەری دەهەژاند و ، هەموو جیهانی بوو نەوەری پی دەزرنگایە وە ..بە سەر هاتی خەونەکە ی (عبدالله ی کوری زید کوریی عبد ربه ) ش لە و بارەیەوە زانراوە .

(ترمزی ) و (ابو داود ) و (احمد ) (ابن خزيمه ) ریوایەتیان کردووە . انظروا : بلوغ المرام (ابن حجر العسقلاني ) ١٥ .

ئ

(كاتى پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بناغەى مزگەوتەكەى دانا يەكەمجار (ابو بكر ) بەرديكى گەورەى هينا و دواى ئە و (عمر ) بە رديكى هينا ، و دواى ئەويش عثمان بەرديكى هينا و لەدواى (عمر )رە وە داينا ، و پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : ( هؤلاء ولاة الأمر من بعدي ) واتا: ئەوانە پشەوا كانى دواى منن ). والبيهقى فى شعب الايمان ٥٥٣/٢ .

لەريوايەتيكى تردا دەفەرموويت : ( عمارى كورى ياسر ) كە دايك و باوكى پيشتر شەهيد كرابوون بە دە ستى كافرەكان و خۆى بەتنها كۆچى كرد بوو بۆ شارى مەدينە ، لەويدا چست و چالاكانە هەلدەسورن بۆ دروست كردنى مزگەوتەكە ، لەو كاتشدا پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) هەواليك دەدات بە گوييدا و بەسەر هاتە كەشى : (ابو سعيد خضري ) بۆمان دە گيريتەوە و دەفەرموويت : ( ئيمە يەك خشت يەك خشتمان هەلدە گرت ،بەلام (عمارى كورى ياسر ) دووخشتى بەيەكەوە هەلدەگرت لە كاتى دروست كردنى مزگەوتەكەدا ، پيغەمبەر (صلى الله عليەوسلم ) (عمارى كورى ياسر ) ى بينى كە تەپ و تۆزيكى زۆر بە جلەكانى يەوە بوو ، پيغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) خۆى بۆى تەكاند وپى ى فەرموو : (ويح عمار تقتله الفئة الباغية يدعوم الى الجنة و يدعونه الى النار ) واتا: هاوار بۆ عمار كۆمەليكى سەركەش دەى كوژن ئەم بانگيان دەكات بۆ بەهەشت وئەوانيش بانگى دەكەن بۆ دۆزەخ ) عماريش ووتى : پەنا بە خواى گەورە دە گرم لە فيتنە ) اخرجه : البخارى (٢٨١٢ ) ، و مسلم (٢٩١٥ ).

سەبارەت بە دروست كردنى مزگەوتەكە (حسن بصرى ) دەفەرموويت : كاتيك پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) كە مزگەوتەكەى خۆى دروست كرد هاوەلانى يارمەتيات دا بۆ دروست كردنى ، پيغەمبەريش (صلى الله عليه وسلم ) خشتى لە گەل هەلدەگرتن تا سەر سنگى هەموو خۆلاوى بوو بوو ، و هاوەلانيش پييان دە ووت :ئەى پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئايا سەقفيكى باش بۆ مزگەوتە كە نەكەين ئەويش لەوەلامدا ئەى فەرمووى : ( لا ابنوه عريشا كعريش موسى ) واتە : نە خير بە شيوەى كەپريك دروستى بكەن وە كە پرەكەى موسى (عليه السلام ) بيت . لە دواى لە (حسن ى بصرى ) يان پرسى كە پرە كەى موسى (عليه السلام ) چەند بەرز بوو ، ئەويش ووتى : ئەوەندە بەرز بووە دەستى بەرز بكردايەتەوە دە گەيشتە سقفە كەى ).اخرجه : ابن سعد (فى الطبقات ) ٥/٢ ، والبيهقي في الدلائل ٥١٠/٢ .

ئ

( طلقه ی كوری علی حه نفی ) دەفەرموویت : هاتمە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تەماشام كرد خۆ ی و هاوەلانی مزگەوت دروست دەكەن ، بەلام پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) كاركردنی هاوەلانی بەباشی بەدل نە بوو ، منیش خاكەنازەكەم گرت بەدستەوە و خۆل و ئاوەكەم تیكەل كرد و قورەكی چاكم گرتەوە ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) وەك كارەكەی منی زۆر بەلاوە باش بوو بیت فەرمووی : (( فرب اليمامی من الطين فأنه أضبطكم للطين واحسنكم له مسا واشدكم منكبا ) واته :

ئەو پیاوەی یەمامە نزیك بكەنەوە لە قورەكە ئەو شانوقولی لە ئیوە بەهیزترە و جوانتر كارەكە دەكات و باشتر ریكی دەخات . اخرجه : احمد ، والتبرانی ( ٨٢٤٢ ).

( ابن قیم ) دەفەرموویت : (( پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە لای راستی مزگەوتەكەوە مالە كانی خۆی دروست كرد كە ژوور ژوور بوون وە هەموو مالی خیزانەكانی خۆی بوو سەقفەكانیشی هەر هەموو لە قەدی دار خورما بو لە گەل هەندی پەلە خورمادا كە خۆلیان لە سەر بوو )). زاد المعاد لابن القيم ٥٦/٣.

( ابو سعید خدری ) دەفەرموویت : (( دوو پیاو لەبەردەم پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دا بوو بەدەمە قالەیان سەبارەت بەو مزگەوتە كە لەیەكەم رۆژەوە لە پیناوی خوادا بنیات نراوە كام مزگەوتە ؟ یەكیكیان ووتی : مزگەوتی ( قباء ) كە لەو پەری شاری مەدینەیە ، ئەوی تریان ووتی : نەخیر ئەوە مزگەوتەكەی پیغەمبەرە ( صلی الله علیه وسلم ) پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئەوەی ئیوە باسی دەكەن ئەم مزگەوتەی ئیوەیە ) واتا : مزگەوتی پیغەمبەرە )). اخرجه : مسلم ( ١٣٩٨ ) .

( ابو هورەیرە ) دەفەرموویت : ( پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی : (( لاتشد الرحال الا الى ثلاثة مساجد : المسجد الحرام و مسجدي والمسجد الاقصى )) واته :كۆچ وبار ئامادە ناكریت تەنها بۆ سی مزگەوت نەبیت ئەویش مزگەوتی ( حرام ) لە ناو شاری مككە و مزگەوتی ( خۆم ) لە ناو شاری مەدینە وە مزگەوتی ( الاقصى ) واته : بیت المقدس ، لە شاری قودس ). اخرجه : النسائی فی السنن ٣٢/٢ .

هەروەها ( ابو درداء ) بۆمان دە گیریتەوە لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی :( الصلاة في المسجد الحرام بمائة الف صلاة والصلاة في مسجدي بالف صلاة ، والصلاة في بيت المقدس بخمس مائة صلاة ) واته : نویژیك لە ( مسجد الحرام ) وەكو سەد هەزار نویژ وایە ، وە نویژیك لە ( مزگەوتەكەی من )دا وەكو هەزار وایە ، وە نویژیك لە ( بیت المقدس )دا وە كو پینج سەد نویژ وایە )) .

اخرجه :التبرانی و البزار ( ٤٢٢ ) .

ئ

له (اوسامەی کوری زید) ده گیریتەوه که پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : ((ما بین بیتي و منبری روضة من ریاض الجنة )) واته: له نیوان مینبەر و ماله کەم باخچەیەك له باخچەکانی بەهەشت ، چونکه دیواری ماله کەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) به مزگەوتەوه بوو ).اخرجه: البخاری (٦٥٨٨) ،ومسلم (١٣٩١) ،والنسائی فی السنن ٣٥/٢ ، و احمد فی المسند ٤٣٨/٣.

ئ

## موسلمان بوونی ( عبدالله كوری سلام )

( عبدالله كوری سلام ) یەكێك بوو لە پیاوە ناودار و زانا جوولەكەكانی ناو شاری مەدینە ، هەر بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ شاری مەدینەیە كسەر دەستی لە كارەكەی هەڵگرت و خۆی گەیاندە لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ئەوەی بە چاو و گوێی خۆی بۆی دەركەویت كە ئەو پێغەمبەرە یان نا . لە ( ئەنسی كوری مالك ) وە –خوا لی رازی بی – دەفەرموویت : (( پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هاتە ناو شاری مەدینە لای مالی ( ئەبو ئەیوب لایدا و لەوی دانیشتبوو قسەی دەكرد لە گەل خەلكانی ئەو دەوروبەرە ، ئەو هەواڵە گەیشتە ( عبدالله ی كوری سلام ) كە لەناو باخە خورما كە ی خزمانی خۆی دا بە داسیكەوە لقە خورماكانی دەبری كە ئەو هەواڵە ی بیست پەلەی كرد و وازی لە كارەكەی هینا ودەستی لی هەلگرت و بە پەلە رۆی تا خۆی گەیاندە لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )) . اخرجە : البخاری ( ٣٩١١ ). هەروەها ( عبدالله كوری سلام ) چەند پرسیاریكی لی كرد دوای گوێ بیست بوونی وەلامەكەی لەلایەن پێغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) ( عبدالله كوری سلام ) موسلمان بوو . لە ( ئەنسی كوری مالك ) ئەم ریوایەتە دە گێریتەوە و دەفەرموویت : (( كاتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گەیشتبووە ناو شاری مەدینە ، وە ( عبدالله ی كوری سلام ) لەم هەواڵە بە ئاگابوو و هات و پرسیاری لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) كرد دەربارە ی هەندی شت وە پی ی ووت : پرسیارت لی دەكەم سەبارەت بەسی شت تەنها پێغەمبەر نەبیت كەس نایزانیت : یەكەم : نیشانەی كۆتایی زەمان چی یە ؟ وە یەكەم خواردنی ئەهلی بە هەشت چی یە ؟ وە بۆ چی هەندی جار پیاو لە باوكی خۆی دەچیت یان شیوەی لە دایكی خۆی دەچیت ؟

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئیستا پیش كەمیك جبریل ئەم سی شتەی پی راگەیاندم ، ( عبدالله ی كوری سلام ) ووتی : جبریل ئەوە جوولە كەكان بە دوژمنی خۆیان دەزانن لە ناو مەلائیكەكاندا ؟ پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( أما أول اشراط الساعة : فنار تحشرهم من المشرق إلى المغرب ، وأما أول طعام أهل الجنة : فزيادة كبد الحوت ، وأما الولد فاذا سبق ماء الرجل المراة نزع الولد إلى أبيه و إذا سبق ماء المراة ماء الرجل نزع الولد إلى أمه ) واتا : یەكەم نیشانەی ئاخر زەمان ئاگریكە لە رۆژهەلاتەوە بەرەو رۆژئاوا دیت و خەلكان كۆدەكاتەوە ، وە یەكەم خواردنیك كە خەلكانی بە هەشت دیخۆن زیادەی جگەری حوتە ، وە سەبارەت بە مندال گەر ئاوی پیاو پیش ئاوی ژن كەوت ئەوا منداڵە كە لە باوكی دەچیت ...

ئ

وه ئەگەر ئاوی ژن پێش ئاوی پیاو کەوت ئەوا منداڵەکە لە دایکی دە چێت ، پاشان ( عبداللە کوری سلام ) ووتی : ( من شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نی یە تەنها ( اللە ) نەبێت و تۆش پێغەمبەری خوایت ( صلی اللە علیە وسلم ) وە ئەوەی کە پی ی هاتوویت لە لایەن خواوە هاتووە کە ئاینی ئیسلامە ) دواتر ( عبداللە ی کوری سلام ) ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) جوولە کەکان کە سانیکی بووختان چین وە باش دەزانن کە من گەورەیانم و کوری زانایانم تۆ بانگیان بکە و پرسیاریان لی بکە پێش ئەوەی بزانن کە من موسلمان بووم ، چونکە گەر ئەوان بزانن من موسلمان بووم شتی وا دەڵین کە لە مندا نی یە ، ئینجا پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) ناردی بەدوایاندا و جوولە کە کان کۆبوونەوە ( دیارە تاقمی سەرکردەکانیان ) و هاتنە لای پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) و کە چوونە ژوورەوە بۆلای پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) پی فەرموون : ( یا معشر الیهود ویلکم اتقوا اللە فو اللە الذي لا إله إلا هو انکم لتعلمون اني رسول اللە حقا و اني جئتکم بحق فاسلموا ) واتە : ئەی کۆمەڵانی جوولە کە ئاگاتان لە خۆتان بێت و لە خوا بترسن ، سویند بەو خوایەی هیچ خوایە نیە تەنها ئەونەبێت ، ئیوە باش دەزانن کە من پێغەمبەری خوام ( صلی اللە علیە وسلم ) بەراستی وە ئەوەی کە پی ی هاتووم حەق و راستەو ئیوەش موسلمان بن ) ئەوانیش ووتیان : شتی وا نازانین ، پیغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) سی جار ئەو ووتەی دووبارە کردەوە لی یان ، پاشان دوایی پرسیاری لیکردن و فەرمووی : ( عبداللە کوری سلام ) چۆن پیاویکە لە ناوتاندا ؟! ئەوانیش ووتیان : حاشا بۆ خوا ئەوە قەت موسلمان نابێت ، پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمووی : ئەی ئەگەر موسلمان بوو ؟! ئەوانیش دیسان ووتیان : حاشا بۆخوا ئەوە قەت موسلمان نابێت !! پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمووی : ( عبداللە کوری سلام ) وەرە دەرەوە بۆلایان ( دیارە لە ژووریکی پشتەوەبووە )

( عبداللە ی کوری سلام ) هاتە دەرەوە بۆلایان و پیی ووتن : شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە تەنها ( اللە ) نەبێت وە محمد ( صلی اللە علیە وسلم ) پێغەمبەری خوایە ئەی کۆمەڵانی جوولە کە لە خوا بترسن سویند بەو خوایەی کە هیچ خوایەك نی یە تەنها ئەو نەبێت ئیوە باش دەزانن کە ئەوە پێغەمبەری خوایە ( صلی اللە علیە وسلم ) و بە پەیامی حەق راستی هاتووە ، جوولەکەکانیش ووتیان : عبداللە خراپمانە و کوری پاو خراپمانە و بوختانیان بۆ کرد ووتیان : درۆ دەکەیت ،ئەوە عبداللە ووتی : ئاڵەوە دەترسام ئەی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کە ئاوا وەلامت بدەنەوە ،دوای ئەوە پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) دوای لی کردن کە بچنە دەرەوە ) ).اخرجه : البخاری ( ٣٩٣٨,٣٩١١ ) .

ئ

## برایه تی نیوان کۆچ کەران و ئەنصارە کانی شاری مەدینە

( ابن هشام ) بومان باسی ئەو برایەتییە دە کات کە لەشاری مەدینەدا بەرپابوو ، لە نیوان موسلمانە کۆچ کەرە کان و موسلمانە ئەنصارە کانی شاری مەدینە ، ( ابن هشام ) دە لیت : (( وآخي رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) بين أصحابه من المهاجرين والأنصار ، فقال بلغنا ونعوذ بالله أن تقول عليه مالم يقل: في الله أخوين أخوين )) وتە: پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) برایەتی بریاردا لە نیوان هاوەلانیدا لە نیوان کۆچ کەران و و پیشتیوانان ، بەو پییە ی کە پیمان گەیشتووە ، وە پەنا دەگرین بە خوا شتیك بلیین پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نەیفەرمووبی ، فەرمووی : ( برایەتی بکەن لە پیناو خوادا دوو دوو ببنە برای یەکدی ).سیره النبویه لابن هشام ٢/٢٦٤ .

لیرەدا لەوانیە پرسیار بکریت ؟ مەگەر ( خوای گەورە ) نافەرمووی : ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ الحجرات ١٠ . واتا: لەراستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن ، کەواتە هەرکاتیك لەنیوان دووبراتاندا ناکۆکی پەیدا بوو ، ئیوە نیوانیان چاك بکەن و ئاشتیان بکەنەوە ، هەمیشە لەخوا بترسن و پاریزکار بن ، بۆ ئەوەی رەحمتان پی بکریت ..

بەلی هەرچەندە موسلمانان بەهۆی ئیمان و عقیدە وە هەموویان برای یەکترن ، بەلام ئەو برایەتیە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە نیوان کۆچ کەران و ئەنصارە کانی شاری مەدینە دا دروستی کرد برایە تی یەکی تایبەت بوو ، کە میراتیان لە یەکدی وەردەگرت و ، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئە برایەتی یەی بریاردا ، چونکە کۆچکەران هیچیان نەبوو ، هەندیك لە کۆچ کەران تەنیا خیزان و منداڵەکانیان لە گەل خۆیاندا بردبوو ، بەلکوهی واهە بوو تەنانەت خیزانەکەشی لەگەلدا نەچوو بوو ، بۆ نموونە ( عمر ) –خوا لی رازی بی – دوو خیزانی هەبوون ، هەردووکیان کافر بوون ، هیچیان لەگەلی نەهاتوون بۆ شاری مەدینە ، هەروەها ( عبدالرحمن بن عوف ) کە خیزانە کەی لە گەلی نەهات بوو … هتد . هەر بۆیە پیویستیان زۆر بە هاو کاری کردن هە بوو ، وە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو کورت ئەو تایبە تمەندیە لەو برایەتییەدا هە بووە ، دوای ( خوای گەورە ) ئەوبرایەتیەی کە بۆ ئەو ماوە دیاریکراوە بریار دار بوو ، هەدلە وەشینیتەوە ، وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا﴾ الاحزاب ٦.

ئ

واتا: پیغەمبەر(صلی الله علیه وسلم ) نزیکترە بەئیماندااران لە خودی خۆیان ( واتە : دەبێت لەخۆیان زیاتر خۆشیان بوێت و فەرمانەکانی لەسەرو فەرمان و داخوازی خۆیانەوەبێت ) خیزانە کانیشی دایکیانن (دایکی ئماندارانن ، دایکی مەعنەویانن ) خزمانیش هەندیکیان لە هەندیکی تریان لەپێشترن ، لە قورئانی خواد ، ئیمانداران و کۆچبەران ، مەگەر لە گەل دۆستان و خزمان و ئاشنایانی چاکیەتان لەنامەی کردەوە کانتاندا بۆتان تۆمار کراوە ..

بەلی بی گومان ئەو برایە تیەی کە پیغەمبەری خوا (صلی علیه وسلم ) کردی لەنیوان کۆچ کەران و ئەنصارە کان ، بی گومان لە جوانترین ئاسەوارە کانی میژووی مرۆڤایەتی یە ، کە ئەویش بریتیە لە برایە تی کردنی نیوان کۆچ کەران و ئەنصارە کان دا ، هەروەها (ابن قیم ) لە زاد المعاد بۆ مان باس دە کات دەفەرمووی : ( پاشان لە مالی (ئەنسی کوری مالك ) دا کۆچ کەران و ئەنصاریەکانی کرد بە برا ، ئەنسی کوری مالك دەلی : (٩٠) کەس دە بوون ، نیوەیان کۆچ کەرو نیوەی تریشیان ئە نصار بوون ، لە سەر بەدە مەوە چوونی یەکتری کردنی بەبراو ، بەدەر لە خزمانیش دوای مردن میراتگرییەکتربن ، تا چەنگی بەدر هات و ، ئایەت هاتە خوارەوە (خوای گەورە ) فەرمووی : ﴿وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ﴾ الاحزاب ٦ . کە میرات گری رەت کردەوە بەبی پەیوەندی برایەتی ، گوتراویشە کە برایەتی دروست کرد نیوان کۆ کەران و ئەنصارە کاندا بۆ جاری دووەم ، بەلام دیارە رای یەکەم پەسندە ، کۆچکەرانیش برایەتی ئیسلام و برایەتی هاومالی و خزمایەتی و کەسایەتی یان پی باشتر بوو لە دروست کردنی هەر برایەتیەکی جیا لە کۆچ کەران لە گەل ئەنصارەکاندا . زاد المعاد ٥٦/٢ .

لە صحیحی بوخاری دا هاتووە دە گیریتەوە (( کاتیك ئەو کۆچ کەرانە هاتنە شاری مەدینە ، پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) برایەتی دروست کرد لە نیوان(عبد الرحمن کوری عوف ) و (سعدی کوری الربیع ) دا (سعد ) ووتی بە (عبدالرحمن ) من لە هەموو ئەنصارەکان زیاتر مال و سامانم هەیە ، مالەکەدابەش دە کەم نیوەی بۆ من و نیوە کەی تریشی بۆ تۆ ، دوو ژنیشم هەیە سەیریان بکە کامەیانت پی باشە بۆت طلاق دەدەم کە عیدەی بەسەر چوو بی خوازە ، (عبدالرحمن ) پی ووت : خوا کە سو خیزان و مال و منالت لی پیرۆز بکات، ئەری بازرەکە تان لە کوییە ؟ سعدیش بازارەکە بنی قینقاع ی یان پی نیشاندا ، کە گەرایەوە لە بازار گوارەو ئالتونیکی باشی پی بوو ، پاشان بەردەوام بوو ، پاشان جاریکیان هاتە خزمەت پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) زەردە هەلگەرا بوو ، پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموو : ئەری چیتە ؟ ووتی : ژنم هیناوە پیی فەرموو :چیت بۆ کردووە بەمارەیی ؟ ووتی : گولیکی ئالتون .

صحیح البخاری : باب اخاءالنبی (صلی الله علیه وسلم ) المهاجرین والانصار ٥٥٣/١ .

ئ
هەروەها لە (ابو هريرە ) دەلیت (( ئەنصارە کان ووتیان بە پیغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دارخورماکانمان بۆ دابەش بکە لە نیوان ئیمەو براکانماندا ،فەرمووی : نەخیر، ووتیان :کەواتە یارمەتیمان بدەن ئیمەش لەبەروبوومدا هاوبەشتان دەکەین ، ووتیان گویرایەلین )).صحیح بوخاری ٣١٢/١

ێ

## بنیات نانی کۆمەلگای ئیسلام لە شاری مەدینەدا

مەبەست لە کۆچ کردن و بۆ شاری مەدینە هەر ئەوەندە نەبوو موسلمانەکان لە سزاو ئازاری قورەیش رزگار بکرین و بەس ، بەلکو لەگەل ئەوەشدا مەبەستیکی گەورە ترو فەراوان تری هەبوو ، کە ئەویش بریتی بوو لە بنیات نانی کۆمەلگای ئیسلام لە شاری مەدینەدا ، بۆ یە هەموو ئیمانداران بە کۆچ کەرو ئەنصارە کانەوە ئەبوایە بە پی توانا و لی هاتنی خۆیان لە هەولی بنیات نانی گۆمەلگەی ئیسلام دا بن لەشاری مەدینەدا ، وە دامەزراندنی حکوومەتی نوی بەشداری بکەن و ، وە هەولی ئەوەش بدە کە ئەم حکوومەتە بەهیز بکەن ، وە لە هەموو نەهامەتی یە کیش لای بدەن ، وادیارە کە یە کەم کەسیك کە لەم کارە بەرپرس بی و ، ئەرکی سەرە کی کەوتبیتە سەر شانی ، یەکەم سەر کردە و پیشەوای موسلمانان و ، رۆشنایی چاوی هەموو موسلمانان ئازیزی دلان خۆشەویستی هەموو موسلمانان ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پیویست بوو لە کۆمەلگای شاری مەدینەدا زۆر بە حەکیمانە لەناو ئەم کۆمەلگایەدا کار بکات ، بۆ بنیات نانی دەولەتی ئیسلام ، وە دروست کردنی کۆمەلگەیە کی نویە لە دوورگەی عەرەبیدا ، دوە دروست کردنی دەولەتی ئیسلام ،چونکە لە کاتە دا پیویست بوو دورستی بکات ، چونکە لەم کاتە دا دەولەتی ئیسلام یەکجار ساوا بوو ، دوژمنانیشی زۆر زەبدن و مل هور بوون .ژمارەی موسلمانەکان لە چاو دانیشتوانی دوورگەی عەرەبی دا یەکجار کەم بوو ، بەلی هەدنیك لە موسلمانەکان بە هۆی کۆچ کردنەوە یەکجار هەژارو نەدار و دەست کورت بوون ، بەلی ئەم کۆمەگایە نویە ئیسلام لە چەند تویژیك پیك هات بوو ، هەر بۆیە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ بنیات نانی ئەم کۆمەگایە نویەی ئیسلام ، لەگەل هەریە یەکە لەو تویژەانە هەلس و کەوتی تایبەتی و حەکیمانە بکات .. چونکە هەر تویژیك یان هەر هۆزیك حال و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبوو..هەر بۆیە پیویست بوو هەر هەموویان بەژدار بن لە دامەزراندنی دەولەتی ئیسلام لەشاری مەدینەدا ، چونکە شاری مەدینە سەرەتایەك بوو ، بۆ دروست کردنی دەولەتی ئیسلام ، تاکو ببیتە بناغەیەکی قایم و بەهیز بەرامبەر دوژمنانی دەوربەری خۆی لە دوورگەی عەرەبی دا ، هەر ئەم دەولەتەبوو بووبەنباغەی هەموو دەولەتانی جیهان نەوە لەدوای نەوە پەیرەوی ئەم دەولەتی مەدینە یان دە کرد تا ئەوەبوو خۆری دەولەتی ئیسلام لە رۆژهەلات و لە رۆژئاواوە دە گەشایەوە بەراستی بوو بە رۆشنایی چاوی هەموو دونیا لە سایە پیشەوای مرۆڤایەتی دامەزرندنی دەولەتی ئیسلام بی گومان هەتا ئیستاش کاتیك ناوی دەلەتی مەدینە دە هینریت دووژمنانی ئیسلام ترس ودلەراوکی دەیان گریت و چاوین بەم دەلەتە هەلنایەت چونکە لەو کاتەدا دووئمپراتۆری بەهیزی رووخاند .بەلی کە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کە کۆچی کرد بووشاری مەدینە ، دانیشتوانی مەدینە لە چوار تویژی سەرەکی پیك هاتبوون : ١- کۆچ کەران ٢-ئەنصارەکان ٣-مونافیقەکان ٤-جوولە کەکان .

ئ

## بەرزی ئیمانی کۆچ کەران لە شاری مەدینەدا

ئەو ئیمانداره موسلمانانەبوون کە لە بەر  پاراستنی دینەکەیان لە شاری مککە کۆچیان بۆ شاری مەدینە کرد و ، جگە لە ئیمان و عقیدە پاکەکەیان نەیان توانی هیچ شتیك لە گەل خۆیان دەربکەن ، جا هی وایان هەبوو ژن و مندالیشی لە گەل خۆی دا کۆچی کرد بوو ، هی واشیان هەبوو ژن و مندالی بە جی هیشتبوو ، بەلی کۆچ کەراه کان لەسەره تا تووشی زەحمەتی و نارەحەتی و بی تاقەتی و نا خۆشی زۆر بوو .. چونکە ئەوان لە نشتیمانی خۆیان واتا : لە شاری مککەو دەرووبەری خۆیان را هاتبوون ، وە بارودۆخی مەدینە یەکجار بۆ یان جیاواز بوو ، سەرەرای دەست کورتی و هەژاریی و بیر کردنەوە لە نیشتیمانەکەیان ،و شوینی لەدایك بوونیان بوو ، بەلام هیمەت و جوامیرانەی برا ئەنصاریە کان ئەم ئازارو ناره حەتی نا خۆشیا نەی هەیان بوو ، هەموویان لە بیر بردنەوە ، شاری مەدین بوو بە نیشتیمانی راستەقینە ی کۆچ کەران ، وە ( خوای گەورە )ش شوینی ئەو مال سامانەی کە لەدەستیان دا بوو بەهۆی کۆچ کردنەوە هەمووی بۆ پر کردنەوە .. بەلی  پیش فتحی مککە ، کەلە سالی هەشتەمی کۆچی دا بوو ، کۆکردن بۆ شاری مەدینە و بەهیشتنی شاری مککە لە سەر موسلمانان واجب و فەرز بوو ، ئەمەش تا ببنە کۆمەکی پیغەمبەری خوا ( صلی اللہ علیه وسلم ) و دل خۆشی بکەن و ، کۆبوونەوشیان لە شوینیکدا هیزیکی ئەو تۆ دروست بکەن تا دوژمنان نە توانن دەستیان بۆ بەرن .

هەروەها قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە ، لۆمەو هەرەشە لەوانە ئەکات کە توانای کۆچ کردنیان هەیە و کۆچ ناکەن ، بگرە قورئانی پیرۆز تەنها چاوپۆشیی لەوانە کرد کە لاواز و بی دەسەلات بوون و توانای کۆچ کردنیان نەبوو .. ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا (٩٧) إِلَّا الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا (٩٨) فَأُولَئِكَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا﴾ النساء ٩٧-٩٩ .واتا: بەراستی ئەوانەی لەسەره مەرگدا فریشتە گیانیان دەکیشن لە کاتیکدا ئەوان هەمیشەستەمیان لەخۆیان دەکرد ئیمان وباوەریان لە مەترسیدا بوو کەچی کۆچیان نەدەکرد بۆ نیشتمانی ئیمان ، بە توندیی پیایاندا هەلدەشاخین ودەلین : ئیمە بی دەسەلات و لاواز کراو بووین لە زەویدا، فریشتەکان دەلین : باشە ئایا زەوی خوا فراوان وپان و پۆر نەبوو تا کۆچی تیدا بکەن و کۆچ بکەن بۆنیشتمانیك  کە ئیمانداران تیایدا فەرمانرەوان یاخود سەربەستن ؟ ئا ئەوانە شوینەواریان دۆزەخ کە جیگەی و ریگە و سەئە نجامیکی ناخۆش وناسازو خرا پە .

ئ

مەگەر ئەوانەیان کە بەراستی بی دەسەلات و ناتەوان و لاوازکراون لەو پیاوانەی ژن ومندالیان لەگەلدایەو ناتوانن تەگبیرو گۆرانکاری یەك بۆ خۆیان بکەن و هیچ ریگە یەکیش شارەزانیین بۆ چارەسەرو دەربازرزکردنی خۆیان .ئا ئەوانە خوا لیبووردن و چاوپۆشی بۆ ئامادە کردوون و خوا هەمیشە و بەردەوام زۆر لیخۆشبووە و زۆریش چاپۆشی دەکات (مەبەست لەو شەی –عسی–بۆ هاتنەدی بەلینە خواییە کەیە ..

بەلی لەم ئایە تانەی سەرەوەدا وادەر ئەکەوی( الله يعلم )، واتە ئەوانە ی کە کۆچیان نەکردووە ستەمیان لە خۆیان کردووە و هەرشەی دۆزەخیشیان لی ئە کری .

بەلام دوای فتحی شاری مککە ئیتر کۆچ کردن واجب نەبوو ، ئەواتا بوخاری و مسلم لەسەر حصحی ئە فەرموودە یە یەك ئەگرن کە ئە فەرمووی : (( لا هجرة بعد الفتح ولكن جهاد ونية )). واتا: ئیتر دوای فتحی مککە کۆچ کردن نەما ، ئیتر نۆرەی جیهاد و نیەتی چاکە..)) لە گەل ئەوەشدا (خوای گەورە ) و پیغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم ) بریاریان وەهایە کە مەدینە نیشتمانی ئەو کۆکەرانەی مککە بیت ، بۆیە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) نیشتەجی بوونی مککەی ، دوای فتحی مککە ، لەسەر ئەوانە حەرام کرد کە پیش فتحی مککە کۆچیان کردبوو .. بەلام مولە تی ئەوەی دا کە هەرکەسیك لەوانە بەنیازی حەج و عومرەوە بچیتە مککەوە ، سی رۆژ تیایا بمینیتەوە ، بەلام زیاتر نا . ئەوە تا لە م فەرموودەیەدا کە بوخاری و مسلم لەسەر صحیحی یەکیان گرتووە و ، پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی (( يقيم المهاجر بمكة بعد قضاء نسكه ثلاثا )) واتا: ئەو کەسەی کەلە مککە وە کۆچی کردووە ، بۆ هەیە دوای حەج و عومرە سی رۆژ لە مککەدا بمینیتەوە ، هەر لە بەر ئەمەش بوو کە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەزەیی بە (سعدی کوری خەولەدا ) ئە هاتەوە کە لە مککە دا کۆچی دوایی کردبوو ...

حیکمەتی حرام کردنی مانەوە لە مککەدا بۆ ئەو کەسەی کەلە مککەوە بۆ شاری مەدینە کۆچی کردبوو ، لە ترسی ئەوە بوو نەوەکا ئەو گەرانەوە و وازهینان لە کۆچ کرن بیت ، چونکە ئە کۆچ کەرانە لە رۆژی سە خت و ناهەمواردا و، لە لە بارودۆخیکی زۆر ترسناك و نادیار خۆیان بە خودا فرۆشت بوو ، مال و سامان و کەس وکار و نیشتیمانیان بۆ رەزامەندی خودا سەر خستن و ، کۆمەکی کردنی پیغەمبەرە کەی (صلى الله عليه وسلم ) بی جی هیشت ، جا (خوای گەورە ) ویستی وا ئەوازهینانە و ، ئەو دەست هەل گرتنە یان هەر بەردەوام بیت ، تا هیزی ئیخلاص و گەورەیی و پاکیی دەروون و ، بەزەیی و بلندو رەشوشتیان بە جوانی بسەلی ، ببنە نموونەیەکی بەرزو پیرۆز بۆ نەوە کاننی دوای خۆیان ،تا کو چاویان لی بکەن و بزانن کە هەر کەسیك لە بەر خوا وازیی لە شتیك هینا ، با هەرگیز لەو بریارە پاشگەز نەبیتەوە ...

ئ

له هەمان كاتدا شاری مەدینە خانەی هیجرەت و پایتەختی یەكەمی دەولەتی قورئان و ئیسلام بووە ، وە مەلبەندی پەخش كردنی بانگەوازی ئیسلام ،چونكە پیغەمبەری رۆشنایی چاومان دوای كۆچ كردن تیا دا مایەوە كردیە بنكەی یە كەمی ئیسلام ، وە هەروەها دوای فتحی مككه لە كۆچكەرە پیشینانە حرام كرا ، تا شاری مەدینە بەجی نەهیلن و شان بە شانی ئەنصار خزمەتی پایتەختی ئیسلام م بكەن ، كەشاری مەدینە بوو ، هەروەها لە ( سعدی كوری وەقاص ) بۆمان دە گیریتەوە دەلیت (( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : (( المدينة خير لهم لوكانوا يعلمون ، لا يدعها أحد رغبة إلا أبدل الله فيها من هو خير منه، ولا يثبت أحد على لأوائها وجهدها إلا كنت له شفيعا ، او شهيدا يوم القيامة ، ولا يريد أحد أهل المدينة بسوء إلا أذابه الله في النار ذوب الرصاص ، أو ذوب الملح في الماء )). رواه مسلم .

واتا: ئەگەر موسلمانان بزان ئەوا مەدینە چاكترە بۆیان ، هەر كەسیش دلی بە مەدینەوە نەبی و بەجی بهیلی ، ئەوا ( خوای گەورە ) كەسی لەو چاكتر بۆ مەدینە پەیدا ئەكات ، هەر كەسیش لەسەر گەرماو سەرما و نارەحەتی مەدینە دان بەخۆی دا بگری ، ئەوا من لە رۆژی قیامەت دا ئان ئەبمە شەفاعەت كەر یان شاهید بۆی ، هەر كەسیش بیەوی بەرامبەر بە دانیشتوانی مەدینەبە خراپی بجوولیتەوە ، ئەوە ( خوای گەورە ) لە ناو ئاگری دۆزەخ دا بە وینەی توانەوەی قورقوشم ،یان توانەوەی خۆی لە ناو ئاودا ، ئەی توینیتەوە .

بەلی كۆچكەران كە هاتنە شاری مەدینە كەوتنە بارودۆخیكەوە كە زۆر اەبارودۆخی شاری مككه جیاواز تر بوو .. بەلی ئیماندارانی شاری مككه هەرهەموویان بریاریان دابوو تا مردن لەسەر بیروباوەری خۆیان بەردەوام بن ، بەلام لە كاتەدا زۆر بی دەست و وبی هیز بوون ، بەدەستی كافرەكانی شاری مككه وە ئە چەوسینرانەوە ، بۆیە توانای بەرپەكرنی كۆمەلگای ئیسلامی یان نە بوو ، هەر لە بەر ئەوەش بوو ، دابەزینی قورئان لە شاری مككه جیاواز بوو لە گەل شاری مەدینە ، چونكە كاتیك قورئانی پیرۆز لە شاری مەدینە دادە بەزی بابەتەكانی دەربارەی عقیدە و توحید و یە ك خوا پەر ستی بوو زیاتر تەئەكیدی لە سەر عقیدەی ئیمان دارن دە كردەوە بابە تەكانی توحید یەك خوا پەرستی فیری موسلمانانی شاری مككه دە كرا ، بەلام لە شاری مەدینە دا ئیمانداران بوونە خاوەنی دەست هەلات و كەس نەی دە توانی دەستیان بۆ ببات ، هەر بۆیە دابەزینی قورئانی پیرۆز لە شاری مەدینە جیاوا بوو لە شاری مككه ، هەر بۆیە دابەزینی قورئان لەشاری مەدینەدا هەموو بابەتە شەرعیە كان فقهی ئیسلامی ئایەتەكان لە مەدین دابەزین وەهەروەها دا بەزینی ئەم یایەتانەی دەربارەی دوو رووە كان هەر لەشاری مەدینە دابەزین ، هەربۆیە زانایانی زانستی قورئان سورەتەكانیان جیا كردۆتەوە ، وە سورەتی مكی و سورەتی مەدنی ...

ئ

## مەردایەتی ئەنصارەکان لە شاری مەدینەدا

ئەنصاریش بریتین لە: هاولاتیانی أصلی واتە: زیدی باوبوو پایرانی خەلکی شاری مەدینە، وەك هۆزەکانی یان خیلە کانی (ئەوس و خەزرەج ) کەلە پەیمانی یەکەم و دووهەمی عەقەبەدا هاتن بەدەم بانگەوازی ئیسلامەوە و، کە کاتیك گەرانەوە شاری مەدینە مژدەی سەرفرازی بە خزمو کەس و کارەکانیان دا ئەوانیش بەدەم بانگەوازیە کەیان هاتن بوونە ئیسلام ، هەروەها بوونە بنکەیەکی بەهیز بۆ دینی خوا ، وە باوەشی برایە تی و خوشەویستی و هاوکاری یان بۆ خوشك و برا کۆچکەرە کان کردەوە ، وە بەشیوەیە کی بی وینە لە میژووی مرۆڤ دا ، شانیان دایە بە ر خزمەت و لە گەل کۆژکەرەکاندا وپاك ترین و بە هیز ترین کۆمەلگا و شارستانیەتیان بەرپا کرد ، کە بوو بە نموونەی هەر هەموو جیهان ، بە هەر دوو لا واتا : ئەنصارە کان کۆچ کەرەکان چاوی پیغەمبەری خوا یان (صلی اللە علیە وسلم ) رۆشن کردەوە وبۆ مرۆڤایەتیشیان سەلماند کە بانگی ئیسلام مایەی سەرفرازیی تیکرای مرۆڤە...

بەلی لە شاری مەدینە سی هۆزی جوولەکە لە کەل (ئەوس خەزرەج ) دا ئە ژیا ، ئەم جوولە کانە لە شام دەرپەرینرا بوون و بەناچاریی خۆیان گەیاندبووە شاری مەدینە و ، لەوی جیگیر بووبوون ، بە هەموو جۆریك هەولیان ئەدا دەست بەسەر کارو کاسبی و باخ و باخاتی ئەم شوینەدا بگرن ، لە هەمان کات دا ببونە مایە پشیوی ناکۆکی دووبەرە کی ناوچە کە و نیوان (ئەوس و خەزرەج ) تا جەنگ و شەری خویناویان لە نیواندا روویدات و هەردوو هۆزەکە لاواز بن ، ماوە ماوەش لە نیوان ئەوس خەزرەج و جوولەکە دا شەر روویدەدا ، جا هەر کاتیك عەرەبە کان واتە: ئەوس خزرەج بەسەر جوو لە کە کان سەر کەوتووبانە جوولە کەکان تووشی بی هیز و شەکست بوونیایە ، ئەیان ووت : سەردەمی پیغەمبەریك ، کە لە عەرەبدا رەوانە دەکری ، نزیك بۆتەوە و ، ئیمەش ئە چینە ژیر بەیداخی و ، بە وینەی کوشتاری عاد و ئارام ئیمەش لە گەل ئەو پیغەمبەرەدا کوشتاری ئیوە دەکەین ..جا (ئەوس خەزرەج ) ئەم هەرەشەی جوولە کەیان هەر لە یاد نە چوو بوو و ، ئاوات خوا بوون ، هەر کە پیغمبەرە کە دەر بکەویت و ، ئەوان خیرا بچن ئیمنی پی بهینن و شوینی بکەوەن ، نە هیلن جوولە کە پیش ئەوان بکەویت ، هەر واش بوو ئەوان پیش جوولە کە کەوتن و ئیمانیان پی هینا ، جوولە کەش لە بەر دوورووی خۆیان خۆ بە گەورە زانیی خۆیان دوا کەتن ئیمانیان نەهینا ، هەر بۆیە (ئەوس خەزرەج ) هەر کە لە وەرزی حەج کردن دا بانگەوازی پیغەمبەری خوایان (صلی اللە علیە وسلم ) بیست خیرا لە نیوان خۆیان ووتیان : ئەمە ئەو پیغەمبەرەیە کە جوولە کە باسی ئە کەن ، نەکەن بهیلن ئەوان پیشتان بکەون ، جا ئە وە یارمەتییەکی خوایی بوو بۆ ئەوەی بەبی سی و دوو لی کردن ئەوس خەزرەج ئیمان بهینن و لەو فەرو بەرەکەت دوا نەکەون ...

ئ
ئەوس خەزرەجیش لە سەردەمی نەفامی دا واتا: سەردەمی پێش ئیسلام ، زۆرجار بە گژ یەكدا ئە چوون شەرو جەنگ لە نیوانیان دا رووی دەدا ، و كوشتاری زۆری یەكیان ئە كرد ، وەك چەنگی رۆژی (بوعاث) جاكە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) یەكەم دەستەی بانگ كرد بۆ موسلمان بوون ، باوەش كردنەوەی بۆ دینی خوا ، بەژیرانە ووتیان : ئیمە كە هاتووین لە نیوان خزمە كانمان دا شەر و ناكۆكی و دوژمنایەتی هەبووە ، جا ئەگەر خوای گەورە بە بۆنەی تۆوە یەكمان بخاتەوە ، هەر واش بوو ، دوای ئیمان هینانی ئەوس خەزرەج بە خوای تاك و تەنیا شوین كەوتنی قورئان ، بوونە برای خۆشەویست و و یە ك گرتوو و ، ئیسلام بووە خیر و بیری رژاند بەسەر شاری مەدینەدا ، ئەوە بوو لەو كاتەدا قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و ، ئەو نیعمەتە گەورەیەی وەبیرە ئە هینانەوە كە بە هۆی بانگی قورئانەوە ، دوای دوژمنایەتی و ناكۆكی ، كە (خوای گەورە ) كردینە برای یە كتر ، بەلی لە سەر رۆخی لی لیواری ئاگر بوون خوای گەورە رزگاری كردن ، جا ئیمانداران دەست بەریبازی قورئانەوە بگرن و بە هیچ شیوەیەك جیاوازی و پەرتەوازە نەبن ، كە (خوای گەورە ) دەفەرموویت ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ال عمران ١٠٣.

ئینجا ئەنصارە كان زۆر بە مەردانە دلی بر كۆچ كەرەكانیان دایەوە ، ئەوپەری ریزیان لی گرتن و ، دەستیان لە مالو سامانیان هەلك گرت بۆیان ، بەردادیە كە خوای گەورە دەربارەی سەخاوەتی و پیاوچاكی یان قورئانی ناردە خوارەوە .. ئەم برایە تیە ئەنصارە مان و كۆچ كەرەكان بەرادەیە كە وەك یەك لاشەیان لی ها ت و ، بەە هەموویانەوە بوونە دەستیكی پۆلاین بۆ پەرچ دانوەی پیلانە ژەهراویە كانی موشریك و موناڤیق و جوولە كە كان ، بەبی وچان بەبی كۆل نەدانیان بە خۆیان دا گرت تا ئەو سی هیزە مل هورە دورندەیان تەفورتوونا كرد ، كە هەر یەكەیان ئەوندەە بەهیز بوو بە تەنیا دەی توانی سوپای ئیسلام لە ناو بەریت ، بی گومان ئە گەر سوپایەكی ئیمانداور بە عقیدە نە بوایە و ، وە (خوای گەورە ) خۆی كۆمە و پشتیوانی نە بوایە ئەوا هەر زوو سوپای ئیسلامیان لە ناو دە برت ، بەلام سوپاس بۆ (خوای گەورە ) هەرسی سوپاكە واتا: (موشریك و موناڤیق و جوولەكە ) تیا چوون ، دینە پاكەكەی خواش بە رۆژهەلات و رۆژئاوادا پەر و بالی بلاو كردەوە ، مرۆڤی چاك ویستە دلسۆزەكانی لە تاركیی دەرهینان و ، خستنیە سەر راستە شەقامی خزمەت كردن و چاكەكردن و یارمەتی دان ...

ئ

# سیفات و هەلویستی مونافیقەکان لە شاری مەدینەدا

ئەمانەش بریتن لە دانیوشتوانی شاری مەدینە کە موسلمان نەبوو بوو .. ئەمانە بەدەم خۆیان وەها دەئەخست کە موسلمان بوون ، کەچیی لە ژیرەوە دژایەتی موسلمانانیان ئەکرد و، لە گەل دوژمناندا دەستیان تیکەل کردبوو .. لە مککەدا پیش کۆچ کردن مونافیق دروست نە بوو ، چونکە کەس ئامادەی هەموو سزا و ئازاریك نەبوایە و ، سەرومالی نە ختستایەتە ئەولاوە ، لە موسلمانە کان نزیك نەئەکەوتەوە .. ئیتر یا ئیمانیکی ریك و پیك یان کوفریکی ئاشکرا .. بەلام لە مەدینەدا عەرەبەکان خۆیان بە تەنیا نەبوون تالەسەر سیفەتی خۆیان بمیننەوە ، بەلکو هەندیکیان سیفەتی نیفاق و دووروویی یان لە جوولە کە وەرگرتبوو ، بۆیە کە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) کۆچی بۆ مەدینە کردو ،کۆچ کەران و ئەنصار یەکیان گرت و ، لە بەر رەزامەندیی خوا بوونە برای یەکتریی و ، هیزیکی لی هاتوویان پیك هینا کە سی حیسابی بۆ بکا و ، دەسەلات راستەقینەی مەدینە کەوتە دەست پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ،

بەلام ئەوە بوو پیش کۆچکردن هەندیك لە گەورە پیاو ناوداری شاری مەدینە سەرداری هۆزەکانیان بوو ، بگرە هی وایان هەبوو کە بە تەمایی ئەوە بوو بی کەنە پادشای شاری مەدینە ، بەلی کە ئەمان دەسە لاتی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) یان بینی و ، سەرنجیان دا موسلمانە کان چۆن گوی رایەلی ئەکەن ، وە فە رمان بەردارن ، بەلی ئەمانە کەوتنە حەسادەت و ، دژایە تی کردنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و ئیسلام و موسلمانە کان وە ستان ..

هەر لە هەمان کات دا جوولەکە فیل بازو ناجسنەکان بە نیاز بوون ، پیغەمبەری ئاخر زمان لە ناو خۆیان هەل بکەوەی ، بە لام کە بینیان لە ناو عەرەبدا هەلك کەوت ئەوانیش کەتنە دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دە سیان کرد بە پیلان گیری کردن ..

بەلام چ عەرەبە مونافیقە کان و چ جوولە کە داخ لە دلە کان ، لەبەر بی هیزیی و ترسنۆکی یان نەیان دە توانی بە ئاشکرا دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئیسلام و پیغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم ) دەر ببرن ، لە بەر ئەمە کەوتنە چرپەو ناو ناتۆرە و پیلان گیرانی بەدزی و دووبەرەکی نانەوە لە ناو شاری مەدینە دا دژایەتی ئیسلامیان ئە کرد ، بە لی عەرەبە مونافیقە کان بەدەم موسلمان بوون ، جوولەکەش پە یمانی هاوکاری یان پیکەوە مۆر کردبوو ، بەلام هەردوولاش دوژمنی داخ لە دلی موسلمانان بوون ..

ی

بەلی ئەمان لە ئیسلامدا ناویان لینرا مونافیقە کان ، پیاوی کیش هەبوو لە ناو شاری مەدینە دا ناوی (عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلوول) بوو لە و کاتەدا خەلکی شاری مەدین خەریك بوون تا جی پاشا یەتی بوو دروست کەن و ، بی کە نە سەردارو پاشای خۆیان ، بەلام بە هاتنی ئیسلام بۆ شاری مەدینە ئیمانیا دامەزراو بوو ، پشتیان لە (عبداللە کوری ئوبی کوری سەلوول) کرد ، هەر لە بەر ئەم هۆ یە (عبداللە ی کوری سەلوول) بوو بە سەرداری مونافیقە کانی شاری مەدینە ، وە دوژمنی داخ لە دلی پیغمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و موسلمانان بوو ، بەلی (عبداللە کوری سەلوول) بەروالەت وا خۆی نیشان دەدا کە موسلمانە بەلام مونافیق بوو دا خ لە دل بوو ، بە لی (عبداللە کوری سەلوول) بە نیهنی ئالای مونافیقی هەل کرد ، کۆ مەلیکیش لە خەلکی شاری مەدینە خۆی ئاسا چوونە ژیر سبەری ئالای (عبداللە کوری سە لوول) .. بەلی یەکیك لە مونافیقانە کە ناوی (ئە بو عامری کوری راهیب) بوو ئەوەبوو لە سەردەمی نەفامیدا جل بەرگی راهیبی لە بەر کرد بوو ، گوایە بۆ تە مەسیحی ، بەلام پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ((لاتقولوا : الراهب ، ولكن قولوا : الفاسق)). واتا: فەرمووی : پی مەلین راهب ، بەلکو بلین (فاسق) . ئەم مونافیقە لە و لاتی شام دا بە بی کەسی و بە تاقی تەنیا و سەرگەردان مرد .. بەلام کوریکی هە بوو نموونەی موسلمانی راستەقینە بوو ، کە ناوی (حنظلە) بوو ، لە غەزای ئوحد شەهید بوو سەری نایەوە و ، نازناوی (غسیل الملائکە) ی لی نرا ، چونکە ملائیکەت شووشت بوویان.. یەکیکی تر لە مونافیقە کان ناوی (جولاسی کوری سووەیدی کوری صامت) بوو بەلام (جولاس) تۆبەی کردو بە چاکیی و پاکی گەرایەوە و ، موسلمانیکی چاکی لی دەر چوو ، وە یەکیکی تر لە مونافیقە کان کە ناوی (نەبتەلی کوری حاریث) بوو ، ئەوە بوو پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی ئەفەرموو : ((من أحب أن ينظر إلى شيطان فلينظر هذا)) واتا: ئەی فەرموو : هەر کەسیك پی خۆشە سەیری شەیتانیك بکا با سەیری ئەمە بکات . ئەم پیاوە زۆر کە تە بوو و ، قژیکی دژراو و ، جووتی چاوی سووری پیوە بوون ، گویی لە فەرمایەشتە کانی پیغەمبەری خوا (صلى الله على وسلم) ئە گرت و دوایش ئە گەیاندە مونافیقە کان ، هەر ئە م پیاوە بوو واتا : (نەبتەلی کور حاریث) ئەی ووت : محمد لە خۆیەوە شت ئەبیستی ، هەر کەس شتیکی بۆ باس بکا ، خیرا بروای پی ئە کات ، ئەوەبوو (خوای گەورە) ئەم پیاوەی بەدرۆخستەوە و قورئانی پیرۆزی لەو بارەیەوە نا ردە خوارەوە ..هەروەها یە کیکی تر (عبادەی کوری حونەیف) بوو ئەمەش یە کی بوو کە لەوانەی مزگەوتی (ضیرار) یان دروست کرد ...

ئ
یە کیکی تریش (مورەببەعی کوری قیظي ) بوو کە پیاویکی کویر بوو ، ئەوە بوو لە رۆژی تۆحود دا کە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ویستی لە باخەکەیەوە تیپەر بکات ، ووتی : ئەگەر تۆ پیغەمبەری من رگەت پی نا دەم لە باخەکەمەوە تپەر بکەیت ، پاشان مشتی خۆلی هەل گرت و ووتی : ئە گەر بزانم جگە لە تۆ ئەم خۆلە بەر هیچ کەسی تر ناکەوی ، ئەوا بۆ ئە هاویشتی ، خەلکە کەش هەلمەتیان دا بی کوژن ، کە چی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەی هیشت کە فەرمووی : (( دعوه فهذا الأعمى ، أعمى القلب ، أعمى البصر )) واتا : فەرمووی : وازی لی بهینن ، کویرە ، کویری دل و ، کویری چاویشە .. ئەوە بوو (سعدی کوری زیدی ئەشهەلی ) هەلمەتی دایەوە بە کەوانەکەی لی دا سەری شکاند ،وە هەروەها برایەیکی موونافیقی هەبوو بە ناوی (ئەوسی کوری قیظي ) ...

یەکیکی تریش لە موونافیقەکان (حاطبي کوری اومیە ی کوری رافیع ) بوو ، کە پیاویکی بەسالا چوو بوو ، ئەمەش کوریکی ی هەبوو بەناوی (زیدی کوری حاطب ) کە موسلمانیکی دامەزراو و ریك و پیك بوو ، لە غەزای ئوحود دا لە چەند لایە کەوە لاشەی برینداز بوو ، دوایش شەهید بوو سەری نایەوە ..

ئەم موناڤیقانەی لە پیش دا باسمان کرد هەر هەموویان لە خیلی (ئەوس ) بوون ..

ئەمانەش کەوا ناویان دە هینین هەر هەموویان لە خیلی (خەزرەجن ) :

١-رافیع کوری وەدیعە.٢-جیدەی کوری قیس . ٣-زیدی کوری عەمر .٤-عەمری کوری قیس . ٥-قیسی کوری عەمر.

بەلی لە هەموویان سەیر تر ئەوە بوو کە (عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلوول ) سەرۆکی موناڤیقانی شاری مەدینە ، کوریکی هەبوو بە ناوی (عبدالله ) کە لە موسلمانە هەرە راستگۆکان ئەژمیرا .. خاوەنی ئیمانیکی دامەزراو بوو ، هەر کە بیستی نا پاکی باوکی بەرامبەر بە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و موسلمانان دەرکەوتووە ، ترسا پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمان بدا و موسلمانیکی تر (عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلوول ) ی باوکی بکوژی ، بۆ یە چوو داوای لە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) کرد فەرمان بدات کە خۆی بی کوژی ، بەلام پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەدل فراوانەیەوە دل خۆشی (عبدالله ) ی دایەوە و پیی راگەیاند کە ئارمی لە گەل دا ئە گرن و نیازی کوشتنی ناکەن ، کە فەرمووی : (( لا بل نحسن صحبته مادام بيننا ))...!!

ئ

هەروەها هەندیك لە جوولە کەکان بەروالەت موسلمان بوون ، کەوتنە شوین ( عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلوول ) ئەمانە بوو : ١- سعدی کوری حەنیف . ٢- زەیدی کوری لوصصەیت . ٣-رافعی کوری حەرمەل .
ئەوە بوو لە رۆژی مردنی دا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) شاهیدیی بۆ دا کە یەکی بووە لە گەورە مونافیقان ، کە فەرمووی : (( قد مات الیوم عظیم من عظماء المنافقین )) . هەروەها ٤-ریفاعەی کوری زەیدی کوری تابووت . ئەوە بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە کاتی گەرانەوە ی لە غەزای تەبووك دا هەوالی مردنی ئەو مونافیقەی راگەیاند . ٥- نعمانی کوری ئەوفا . ٦-عوسمانی کوری ئەوفا .

بەلی ئەو مونافیقانە ئەوەندە سەر لی شیواو بوون ، ئە هاتنە مزگەوت وە موسلمانی راستەقینە گویان لە فەرمایشتە کانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم ) ئە گرت و، کە چی گالتە یان بە موسلمانەکان و بە دینە کەیان ئە کرد ، هەولیانئەدا نهینی موسلمانەکان بە دوژمنانیان بگەیە نن .. بەلی ئەم دەست چەپەلە دەروون نزمە ، کە ئەو پەری ترسنۆکی نارمەدیان لی دە وشایەوە ، چونکە نە ئەوە بوو وەك کافرەکان کافربن و ایلحادی خۆیان راگەیانن ، نە ئەوە بوو وەك موسلمانیکی ئیمان دامەزراو بینە مەیدان ، بەلی ئەم کۆمەلە مونافیقە کۆمەلیکی سووك و ریسواو نامەردو خۆ فرۆشیا لی دە رچوو .بەلی ئەم جۆرە مونافیقانە لە شاری مەدینە ئابرووی خۆیانیان بردو خۆیان ریسوا کرد بەرامبەر بە موسلمانانی شاری مەدینە هیچیشیان بۆ نەکرا ..هەر جەندە هەولیان ئەدا نەخشەو پیلانی گلاویان دە کیشا بەلام سەرئە نجام ( خوای گەورە ) پیلانەکانیانی ئاشکرا دە کرد ، بەس سەر شۆریان بۆ دە مایەوە . خیرا خیرا قورئانی پیرۆز ئەهاتەخوارەوە و ، نەخشەو پیلانە کانیان ئاشکرا ئەکرد و ئابرووی ئە بردن .. هەر فیلیکیان بەکار ئەهینا ، بەسەر خۆیان دا ئە شکایەوە ، هەتا لە ناو خزم و کە سە کانیاندا سووك و ریسوا ببوون ، ئەوە بوو بەشیك لە ئایەتەکانی سوورەتی ( البقره ) و ( ال عمران ) و ( التوبە ) و ( الاحزاب ) هاتنە خوارەوە و ، وە سورەتیکی تەواویش بە ناوی ( المنافقون ) هاتەخوارەوە دەربارە ی مونافیقان هات ، کە خورپەی دلی مونافیقانی ئاشکرا ئە کرد و ئابووی بردن ...

ئ
سەر ئە نجا  رووی رەش و خەجالەت و سەر شۆری دنیا وقیامەت بوون ، هە وەك موناففیقانی ئیستا دا لە سەردەمی نا سەرکردە کانی ئیستادا لەوە لاتانی ئیسلامدا پیشەیان تەنها دژایەتی کردنی ئیسلامە ، بەردەوام خوای گە ورەو بالادەست ، پیلانەو نەخشە کانیان ئاشکرا دە کات رووی راستە قینەیان بە خەلکی ئاشنا دەکات ، هەمووکات لە پیلانی نەخشەی گلاوی خۆیاندان ، بۆ بەدەست هینانی مال و سەروە ت و سامان ، یان بۆ بە دەست هینانی دەسەهەلاتی زالمان بەرامبەر بە خەلکی موسلمان ، ئا ئەوتا هەر لە میژووی موناففیق و زالم و ستەم کارانەوە تاکو ئیستاش بە شیان هەر نامەدری و سوو ك و ریسوایی نا مرۆڤانەیە  ، موناففیقان هەمیشە دار دەستی بیگانە ، بۆ بە رژەوندی خۆیان ، بەراستی زۆر سەیرە ئەم جۆرە کەسانە ژیری خۆیان لە دەست داوە کەم عەقل و نەفامە و کەم تەمەنن ، یان ئەوەتا خەلك بە نەفام دە زانن رۆژانە هەزاران درۆ بۆ خەلك ئەکەن و ،( خوای گەورە ) درۆ کانیان و نەخشەو  پیلانەکانیان ئاشکرا دە کات ، سەر شۆرو ریسوایان دەکات ، بەلی ئەم جۆرە موناففیقانە ئابروویان لە نا و خزم و کەس و کاری خۆشیان نەماوە بەراستی جۆرە مرۆڤیکی قیزەونن ،شەرم لە خۆ ناکەن لە خۆ تەریق نابدنەوە کە هیچ سیفاتیکی مرۆڤا یەتی یان تیدا نەماوە ،چونکە هەمیشە دۆراون ، لە دونیاو قیامەت دا شوینیان لە قیامەتدا لە خواری خوارەوەی دۆزەخ دان ، پیان وایە براوەی دونیان نەخیر راست ناکەن سەر شۆری دونیان هەمووکات...

ێ

## سیفات و هەلویستی جوولە کە لە شاری مەدینەدا

جوولەکە یان یهودی کۆمەلیکی دەروون نەخۆشی پیسی ریبا خۆری دوو رووی منافقی خیانەت کاری داریژەری پیلانی گراوی نا مرۆڤانە بوون ، بەلی ئەمانە هەر هەمووی سیفاتی جوولە کەن بگرە زیا تریش لە رابر دووداو تا ئیستاشی لە گەل بی هەر بەردەوام من لەکاول کاری وەلاتاندا نەخشەو پیلانی خۆیان جی بە جی دەکەن ، کۆمەلیك لە وەلاتانی جیهان ئیستا بووینە هاوپەیمانی جوولەکە ریك سیفاتەکانی جوولە کە لە وەلاتەکانیان جی بەجی دەکەن ، خەلکە کەی خۆیان لە برسا کوشتوە زولم و زۆرداری بلاودە کەنەوە گەندەلی لەوەلاتەکەیاندا زۆر دەکەن ، هیچ شوینیك لە دامودەزگا کانیان نەماوە گەندە لی فسادی تیدا بلاونەکەنەوە، بی گۆمان هەمان سیفاتی جوولە کە پەیرەو دەکەن ، بگر لە ئازاردانی دەروونی خەلك و سزادانیان و زیدانی کردنی خەلك و بەرتەسك کردنەوەی ئازادیە کان ، ترس تۆقاند و دلە راوکی دروست کردن لە ناو خەلك و ، ناوناتۆرە دروستکردن ، دووبەرەکی و ناکۆکی لە ناو خەلکدا ، زیدانی کردنی خەلك بە ناحەقی و ، جاسوسی کردنی دامەزراوەکانی دەولەت بەسەر خەلکدا ،کۆ کردنەوەی پارە و سەروەت و مال بە هەموو جۆرەکانیەوە لە هەمووشوینك دا ، دارمانی باری ئابووری خەلك لە ریگەی کۆکردنەوەی بە ناو باج وەرگرتن ، تەنها خۆیان بە گەورەی وەلات و نشتیمان دەزانن ،کەچی لەم ریگەیەوە ، خۆیان دەولەمەند دەکەن ، گوی بەە نالەی برسیەتی خەلك نادەن ، هیچ بە هایە کی مرۆڤایەتیان تیدانیە ، تینوون بە خوینی خەلك ، وەك درندەیەك مامەلە لەگەل خەلکی رەش و رووت دا دە کەن ، بی گومان جاسوسی یان لە ناو خەلکدا بلاوکردیتەوە لە ریگای دامودەزگا کاینەوە ، وایان کردووە هەر تاکیك لە ناو کۆمەلگا جاسوسی بکات بە سەر براکەیەوە ، هیچ کاریکیان نەهیشتووە کە خەلك بی کات ، هەموو کۆمپانیاکان هی خۆیانن ، وەك ریخراویکی ما سۆ نیکی کاردەکەن بۆ دارزانی خەلك و قورخ کاری سەرچاوە دارایە کاندا ، بەلی بی گومان ئەمانە هەر هەمووی سیفاتی جوولەکەن ئیستا دەستیان بەسەر گوی زەوی دا گرتووە ، بەلام ( خوای گەورە ) هەمیش و بەردەوام نەخشەو پیلانە پیسە کانیان تیك دەدات و رووی راستە قینەیان روون دەکاتەوە لە ناو خەلك دا ئەوتا رۆژانە درۆکانیە سپی دە بیتەوە ، کە چ روویەکیان هەیە ، بی گومانە ئەمانە دونیایەکی کورت بەری دەکەن ، بەلام لە دوا رۆژدا هەر دە گەرینەوە بەردەم باری ( تعالی عز وجل ) ئینجا دەبرینە دۆزخ حیساب و کتابیان لە گەلدا دەکریت بە سازای خۆیان دەگەن ، بۆ هەتا هەتایی شوینیان لە ناو ئاگری دۆزخ دا دەبیت، ئەو کات با هاوپەیمانە جوولە کەکانیا بین شفاعە تیان بۆ بکەن و دەریان بهینن لە ناو ئاگری دۆزخ دا ...

ئ
بەلی رەگەزی جوولەکە ئەگەریتەوە سەر بنی ئیسرائیل کە بریتین لە یوسف و یانزە براکەی کە کورانی یعقوب پیغەمبەری کوری ایسحاق پیغەمبەری کوری ئیبراهیم پیغەمبەر ( علیه السلام ) .

بەلی لە یەکم رۆژی میژووی ژیانیانەوە بەدل پیسی و ، رق قینە و ، ئاژاوە و ، ترس و دلە راوکی و ، دووبەرەکی و ، دوژمنایەتی کردن ، سووخۆری و ، ریبا بارزی و داوین پیسی ی ، کوشتنی پیغەمبەران ، خیانەت کردن و ، بوختان هە ل بەستنوو، ناو ناتۆرە دروست کردن ، ئەمانەو جەندین سیفاتی تریش ها توون ،ئەوە بوو کەوتنە دژایەتی کردنی پیغەمبەر یوسف ( علیه السلام ) هەولیان دا لە ناوی بەرن و بی کوژن ، کە کەوتنە پیلان گیری دژی ( یوسف ) ئەوە بوو بە ویتستی ( خوای گەورە ) یوسف لە دەستیان رزگاری بوو ، دواتر دەسەلاتی وەلاتی ( میصری ) گرتە دەست و ، وە براکانی هینایە لای خۆی ، دواتر چاو پۆشی لی کردن ، بەلی براکانی یوسف دەستیان گەیشتە کارو کاسبی ، سەروەت و سامان وە چە دروست کردن ، دواتر پووڵ پۆل پارەیان ئەپەرست و ، دە ستیان دایە خۆ پەرستی و ، رەزیلیو چاو چنۆکی و ، بەلای دانیشتوانی وەلاتی ( میصر ) سوو ك ریسوا بوون ، سەر ئەنجامیان بوونە ژیر چەپۆك و سزاو ئازاریان چەشت .

بەلی لە سەردەمی ( موسی ) پیغەمبەردا ( علیه السلام ) ( خوای گەورە ) دەرووی خیری لی کردنەوە و ، بە شق بوونی دەریا بویان ،لە دەست فیر عەون و دارو دەست کەی رزگاریا بوو ، هەروەها فیرعەون و سوپاکەشی نخرۆیی یان نقومی دەریا بوون ، هەر ئەوندە کە ( موسی ) لە بیابانی ( سیناء ) وە بە رە و وەلاتی شام یان ( فەلستیین ) خاکی پیغەمبەران کەوتە ری ، لە ریگادا لە ( موسی ) و ( هارونی ) برای هەلگەرانەوە ، و کە تنە بۆلە بۆلە کردن لە گەل ( موسی ) و ( هارون ) دا ، وەك لە تەوراتەکی خۆیان دا هاتووە ووتیان: خۆزگە لە ( میصر ) دا بمردینایە ، چونکە ئیمە لە ( میصر ) دا لەلای قابلە مە گوشت دا پالمان لی دا بوویەوە ،وە بۆ تیر بوون نا نمان ئەخوارد ، کە چی ئیوە هەردوو کتان هاتن واتە : ( موسی و هارون ) ئیمە =تان هینایە ئەم چۆلە وانیە تا ئەم هەموو خەلکە لە برسان بکوژن ؟! وە بۆچی ئیمەتان لە ( میصر ) دەرپەراند ؟! بۆ ئەوەی بە خۆمان و مال منداڵو ئاژەلمانەوە لە تینواندا بمرین ؟! بەلی لە بەرامبەر ئە هەموو ناشکورەیە و نەفامیەدا ( خوای گەورە ) هیشتا هەر بەزەیی پی یان دا ئەهاتەوە ، ئەوە بوو لە بیابانی ( سیناو ) ( خوای گەورە ) دوانزە کانی بۆ هەلقولاندن ،وە هەموو رۆژیکیش رزق و رۆزی پاك و خاوینی پیشکەش دە کردن ، کە بریتیی بوون لە ( گە زۆ و ، گۆشتی بالندە ) ( لمی، والسلوی ) ...

ئ

ئەوە بوو ( موسی ) ( علیه السلام ) لەگەل ( ٧٠ ) پیاوە هەلبژاردەکەدا چوون بۆ ( گفت و گو لە سەر کیوی ( طور ) ) وە هارونی برای لە لایان جی هیشت و ، موسی خۆی رۆیی بۆ گفت و گۆ کردن لە گەل ( خوای گەورە ) بەلام جوولەکەش هارونی برای موسی یان بەلاواز دەزانی و دەستیان دایە پەرستینی کویرە کەیەی کە سامری لە و زیرە بۆی دروست کردن ، کە لە ( میصری یەکان ) دزی بوویان .. بەلی دوای چل رۆژ کە موسی گەرایەوە ئەبینی وا دەستیان داوەتەوە بت پەرستی و ، ئەویش لە توورەیی دا ئەو ئەلواحانەی یان ئەو تەختانەی فیری دا کە دەستووری جوولە کە لەسەر نووسرا بوون ، کە ( خوای گەورە ) لە کاتی گفت و گۆکردن بە موسای بەخشی بوو ، دوای ماوەیە کەوتنە بیانوو گرتن بە ( موسی ) ووتیان ئەی ( موسی ) ئیمە ئیمانت پی نا هینین هەتا بە ئاشکرا ( خوای گەورە ) نەبینی ، ، ئەوەبوو ( خوای گەورە ) مراندنی پاشان زیندووی کردنەوە و ، لە ترسان توبەو پەشیمانیان نواند .. هەروەها ( خوای گەورە ) فەرمانی بە ( موسی ) دا تا پەیمان لە جوولە کە وەرگری ، بۆ ئەوەی گویرایەلی فەرمانە کانی ( خوای گەورە ) بکەن و شوینی تورات بکەون کە ( خوای گەورە ) بە ( موسی ) بەخشی بوو ، کەچی رازی نەبوون پەیمانیشیان نەدا .. بۆ ئەم مل هوریەیان ( خوای گەورە ) فەرمانی دا کە کیوی ( طور ) بەسەر سەریانەوە بەرز کرایەوە ، بۆ ئەوەی بترسن ، کە ئەوە یان بینی لە ترسا خۆیان بەدەستەوە دا و ، پەیمانیان بەست .. بەلی جوولە کە هە تا بۆیان بکرایە لە پیمانیان دا فیلیان دەکرد ، ئەوە بوو ( خوای گەورە ) فەرمانی دا بۆ رۆژی شەممە بۆ خوا پەرستی دیاری بکری و ، لەو رۆژە دا راوی ماسی نە کەن ، جا ئەمە بۆ تاقی کردنەوەی ( خوای گەورە ) بوو ئە وە بوو کە بۆ رۆژی شەممە ماسیەکی زۆر ئە هاتنە شوینی راوە ماسی یە کان و ، لە رۆژانی تردا نە ئەهاتن ، بی گومان ئەمە تاقی کردنەوەی خوای بوو ، ئەوەبوو جوولەکەی بە تەماح و فیلبازو پەیمان شکین ، خۆیان پی را نەگیراو پەیمانی ( خوای گەورە ) یان شکاند ، ئەوەبوو ( خوای گەورەش ) ئم کۆمە لە خەلکەی سزاداو هەر هەموویانی کردە مەیموون...!! کاتیك ( موسی ) بەرەو فلەستین رۆیشت لە پیناوی ( خوای گەورە ) دا جیهاد بکات و رزگاریان بکات ، بە ئەندازەی ژمارەی دوانزە کۆمەلەکەی یان تایفەکەی بنی ئیسرائیل ، دوانزە نەقیبی لە ناو جوولە کەدا هەلبژاراد و ، فەرمانی بە سەریان دا دا پیشی بکەون و ، هەوالی ولاتەکە و دانیشتوانەکەی بزانن ، ئەوانیش رۆیشتن و فەرمانەکەیان جی بەجی کرد و ، گەرانەوە و ، ووتیان : خاکی پیرۆز بریتیە لە : شیرو هەنگوین ، بەلام دانیشتوانەکەی بەدەسەلات و بەهیزن ، هەروا هەر نەقیبك ترسیکی زۆری خستە بەر کۆمەلە کەی خۆیەوە تا نەویرن هەنگاو بۆ پشیەوە بنین و جیهان بکەن لە پیناوی خوا و خاکی پیرۆز خاکی پیغەمبەران ، فەرمانەکەی خوا بشکینن ، بەلی جگە لە دوو نەقیب نەبی کە گەرانەوە هەریەکەیان تایفەکەی خۆی ئاگادار کردووە کە نەترسن و ، هیرش بکەن بۆیان و ، بە پیشتیوانی خوا، زال ئەبن ، بەو مەرجەی ئیماندار بن ...

ئ

بەلام ئیسرائیل جوولە کە بریاریاندا واز لە جیهاد بهینن .. روویان لە (موسی) موسی کرد و ووتیان : ئەو وەلاتە کۆمەلیکی وەها بەهیزی تیادان کە ئیمە توانای جەنگمان لە گەلیانا نیە ، هەتا ئەوان چۆلی نەکەن ئیمە ناچینە ناوی .. دوو نەقیبە مەردەکە هەولی زۆریان دا تا قەناعەت بە جوولە کە بکەن بۆ جیهاد لە پیناوی خوادا ، کەچیی بی فایدە بوو ، بەروە خاک پیرۆز نەکەتنە ری و بە (موسی) یان ووت: هەتا فەلستین دانیشتوانەکەی تیدا بن ئیمە ناچینە ناوی !! ووتیان : تۆ پەروەردگات برۆن کوشتاریان بکەن !! ئیمە لیرە دا ئەنیشین جاوەری ئە کەین !! بەلی لە سەر ئە ترسنۆیەکە (خوای گەورە) سزای دان و بۆ ماوەی چل سال خاکی پیرۆز واتا: (فەلستین ) یان لی حەرام کرا !! لە دووربەری دەشتەکانی فەلستین بە سەرگەردانی مانەوە ، بەلی دوای کۆچی دوایی کردنی (موسی و هارون ) دوای بەسەر چوونی چل سالەی سەرگەردانی بە سەرکردایەتی (یوشەعی کوری نوون ) چوونە ناو خاکی فەلستین یان خاک پیرۆزەوە .. جا (خوای گەورە) ئەم وەلاتەی بۆ فتح کردن و ، بەسەر دوژمنەکەیان دا سەری خستن ، یووشەعی پیغەمبەر یان پیی راگەیاندن کە (خوای گەورە ) فەرمانی وەهایە ، لەسەر ئەم نیعمەتی سەرکەوتنە ، کاتی کە لە دەرگای ئەچنە ژوورەوە سووجدەی شوکر ببەن و بلین : (( حطة)) واتە: خوایە ! گوناهەکانمان لی داوەرینە و لیمان خۆش ببە ، کە چی ئەم فەرمانەی خواشیان بەجی نە هینا و ، دەستیان دایە ستەم و لە خۆ باویی بوون .. دوای ئەوەی کە خاکی فەلستین کەوتە دەست بنی ئیسرائیل و، دەسەلاتیان تیایا دامەزراند ، چەند قازیەك حوکمی وەلاتیان کەوتە دەست و ، ماوەی (١٠٠) سالی خەیاند ، وەك پادشا دەستیان ئەرۆیشت ، لە سەردەمەدا خەلکیکی زۆر لە خوا پەرستی هەل گەرانەوە و و دەستیان دایە بت پەرستی .. گوناە و تاوانیان لە ناو دا زۆر بوو ، وە رەوشت نزمی پەرەی سەند و ، زیناو داوین پیسی و تەشەنەیان کرد ، هەر کە پیاو چاکیك دەستی بدایەتە بانگردن بۆ دینی خوا گەرانەوەی خەلك یەکسەر دەیان کوشت یا زیدانیان دەکرد ، هەروەك ئیستا کە لەم سەردەمە دەبینین، ماموستایانی ئاینی کە ویراسی پیغەمبەرانن، چۆن لە ژیر هەرەشەی کوشتن و زیدانی کردن کە قەسەی حەق دە کەن ،بەلی ووتمان سیفاتی جوولە کە لە هەموو وەلاتیکدا تەشەنەی کردووە ،وەلاتەکانی ئیسلامی و خیرە ئیسلامی بەروو دا رووخانی بەد رەوشتی بردووە ،بەلی ئەوە بوو جوولەکە لەسەر ئەم هەلویستە لارە و ناریکە مانەوە ، بەلی لەسەر ئەو هەموو بەد رەوشتیو زیناو داوین پیسی و سوخواردن ...

ئ

( خوای گەورە ) چەندین بەلاو موصیبەتی بۆ ناردن و ، هەر لەم ماوەیەدا ( خوای گەورە ) کە سانی بەدەسەلاتی بۆ ناردن تا وەلاتیان داگیر بکاو ، خۆیان و مال ومندالیان زەلیل و سەر شۆر بکات ، بۆ نموونە : لەو ماوەیەدا (( شەنعائیم ) پادشای نەهرین ،وە ( حەجلوون ) ی پادشای موئاب ، وە ( یابین ) ی پادشای حاصووری کنعانی و هی تریش جوولە کەیان زەلیل کرد ، لە کتیبە کانیان دا ئەوها هاتووە کە لەسەر ئەوەی لەفەرمانی خوایاخی بوون و لە دین هەلگەرانەتەوە ، ( خوای گەورە ) غەزەبی لی گرتوون و ، کەسانیکی بۆ ناردون تا تالانیان بکەن ، وە سەرە نجامیش زەلیلی و ژیرچە پۆکیی بەشیان بیت..!!

پاشان دوایان لە پیغەمبەریکیان کرد تا پادشایە کیان بۆ دیاریی بکات بۆ ئەوەی فەرماندەیان بیت و ، ئەمانیش لە پیناوی خوادا بچن بە گژی دوژمنان دا و ، پایە و دەسەلاتی جارانیان دەست بکەویتەوە ، پیغەمبەرە کەشیان کەچاك ئەی ناسین چو بابەتیکن !! یان چ جۆرە مرۆڤیکن !! بەلینی لی وەرگرتن کە غیرەتیان هەبی و پشت لە دوژمن نەکەن ،جا کە هەوالی دانی ( طالووت ) پادشایانە ، کەوتنە برو بیانوو کە طالووت بۆ پادشایەتی ئەوان ناشی و ، خۆیان بەوە شایان ترن و ، طالووت خاوەنی سامانی زۆر نیە.

بەهەر حال قەناعەتی پی کرد نوو بە پادشایەتی طالووت رازی بوون ، کە جیهادیان لە سەر فەرز کرا بەلی پادشاش بانگی کردن تا جیهاد بکەن ، کەمیکیان نەبی هەمووپشتیان هەل کرد ، کە لەشکر کەوتە ری تووشی رووباریك هاتن ،کە ( خوای گەورە ) قەدەغەی کرد بوو لە ئاوی ئەم رووبارە بخۆنەوە ، بەلی ئەبوایە لە ئاوی ئەو رووبارە نەخۆنەوە ، کەچی دیسان کە میکیان نەبی هەر هەموویان لی یان خواردە وە دیسان فەرمانەکانی ( خوای گەورە ) یان شکاند ، کە چوونە ئەو بەری رووبارەکە کە جینە کەمەکەی لەگەل دا بوو طالووت پشتیان بە خوا بەست و چوونە مەیدانی جەنگ و شەر کردن ، بە یارمەتی و کۆمەکی ( خوای گەورە ) بە سەر دوژمنانیان دا سەرکەوتن ..

ئ

بەلی لە سەردەمی ( داود و سليمان ) دا ( عليه والسلام ) دەولەتی بنی ئیسرائیل زۆر بەهێز بوو ، بەلام جوولەکە نەیان توانی بە باشی و پاکی دەولە تەکە ببە نەسەر ، بەلکو دیسان دەسیان دایە بەردرەوشتی و بی ئەخلاقی داوین پیسی و زیناکردن و ، خرپە کردنی زەوی پر لە فسادیی وگەندەلی کرد و ، وە دست کاری دینی ( خوای گەورە ) یان کرد و ، هەر پیغەمبەریکیشیان دەستی بهینایەتە ری یان حیبرەکانیان ، خیرا ئەیان کوشت ، بەمە بە یەکجاریی لە فەرمانی خوا دوور کەوتنەوە ، بەلی بەهۆی فسادی و لاور ولادانیانەوە ، لە سەرەتایی سەدەی شەشەمی پیزاینی دا ، ( خوای گەورە ) یە کی لە پادشا کانی بابلی بە ناوی ( نەبوخوزنەسەر ) بە سەر یان دا زال کرد ، ئەوەبوو لە سالی ( ٥٨٧ ) پیش زایین ، پادشای بابل لە شکریکی پیکەوە ناو ، بەروە ( فلستین ) کەوتە ری، کە گەیشتە وەلاتی یان نیشتمانی جوولە کە ، بەلی جوولە کەی ترسنۆك بی غیرەت و خۆ بەزا زان ،وە سەرۆکانی ئەم سەردەمە بەرگەی هیچیان نە گرت و وەلاتەکەیان کەوتە ژیر دەستی ( نەبو خوزنەسەر ) بە خۆی و سووپاکەیەوە چووە ( بيت المقدس ) و وە رووخاندیان و، دەسیان دایە کوشت و بر تلان و بە دیل گرتنی جوولەکە ی ترسنۆك ، هە چیش خاوەنی تواناو هیزو بوو ، بەرەو بابل بە دیل گرتن بردیان واتا کۆچیان بە زۆرە ملی پی کردن بەرەو بابل ..

بەلی جوولەکە لە میژوودا نامەردی زۆریان کردووە ، هەر بە نامەردیش ماوەنەتەوە تا ئیستاش بە خۆیان و هاوپەیمانە جوولەکەکان ، بەلی بەتایبەتی کوشتنی پیغەمبەرەکانیان ، تا ری لە ئارەزووە کانیان نەگرن و ، بەویستی خۆیان دەست کاری دینی خوا بکەن ، جا لە میژوودا چەسپاوە کە پیغەمبەران : ( حەزقیال ، ئەشعیا و ، ئەرمیا ، یەحیا ، زەکریا یان کوشتوون و ، ئەوە بوو هەولیشیان دا ( عیسی ) علیه السلام بکوژن ، بەلام ( خوای گەورە ) دەرەفتی نەدا ..

بۆ نموونە : یەحیا ( علیه السلام ) دژی هەلویستی ( هیرۆدستی ) پادشای جوولە کە وەستاوە کەویستی یەتی کچی کی برازای خۆی بکاتە بە ژنی خۆی .. لەسەر ئەمە یەحیا ئەگریت و دەی کوژیت شەهیدی دەکات .. بەلی کاتی لە دایك بوونی ( عیسی ) علیه السلام نزیك بوو بوویەوە ، کۆمەلگای جوولە کەش کەوتبووە ئەوپەری فسادی و خرا پە کاریی و ، دەست کاری یەکی بنەرەتی دینی خواشیان کردبوو ..

ی

بەلی کاتیك عیسی هات دوای لە بنی ئیسرائیل کرد بگەرینەوە سەر ڕێگای راست و ، بە پاکیی خوا پەرستی بکەن ، کە چی سەرۆك سەردارانی دینەکەیان لی هاتنە دژایەتی کردن ، بەلی تەنها کۆمەلیکی کەمیان ئیمانیان پی هینا ، سەرئەنجام گەورەکانیان سەرۆك حبیرەکان کۆبوونەوە و ، ووتیان : ئەترسین عیسی دینەکەمان لی تیك بدات و خەلکیش شوینی بکەون .. بەلی سەرۆکی کاهینە کانی ئەو رۆژە ناوی ( قیافا ) بوو ، هاتە قسە کردن ووتی : مردنی تاقە پیاویك باشترە لە تیاچوونی گەلیك یان ئومەتیك هەر هەمووی چاکترە !! ئەم فتوایە بۆ حەلال بوونی خوینی ( عیسی ) بوو ، بۆیە گەورە کانیان و حیبرە کانیان بە یەك دەنگی بریاری کوشتنی ئەویان دەرکرد .. بۆ ئەمە کەوتنە شکات کردن لە لای حاکمە رۆمانیاکانەوە لە شاری ( فلستین ) ئەوشیان دا بە گویی عیسی بکوژری و لە دار بدری یان لە خاچ بدری .. بەلی عیسی ئەم هەوالەی زانی خۆی شاردەوە ، ئەوە بوو چووە ئۆرشەلیم ( قودس ) و یەکی لە دوانزە حیوارەیە کەی یان قوتابیە کەی ، کە بە ناوی یەهووزا ی کوری شەمعانی ئیسخریووتی بوو ، شوینی خۆ شاردنەوەکەی عیسی ئاشکرا کرد و ، وە دەست و پیوەندەکانی حوکمەتی رۆما واتا سەربازانی رۆما چوونە سەری ، بەلام کە چوونە ژوورە وە شیوەی یەهووزا وەك شیوەی عیسی لیهات یهووزایان دەست گیر کرد وایان زانی عیسی یە ، بەلی یەهوزایان گرت لە ئاست عیسی چاویان کویر ببوو ، کە دوای لە سی دارە دان بۆیان دەر کەوت کە عیسی لە سی دارە نەدراوە بەلکو یەهووزا لەسی دارە دراوە ، بەلی کارە کەیان شاردووەو تا خەلکی موعجیزەو پایە داری عیسی یان بۆ دەرنەکەوی ، بەوەی کە ( خوای گەورە ) هەلی کیشاوە لە دەست زالم و ستەمکارە جوولە کە کان رزگاری کرد ، بەلگەش ئەوەیە کە نەیان توانیوە بی کوژن ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (١٥٧) بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ **النساء ١٥٧-١٥٨** .

ئەمە رفتاری جوولە کەیە و ، خۆشیان بە کوری خۆشەویستی خوا ئەژمێرن ، جوولە کە هەر بەمەوە نەوستا ، بەلکو پیلانیکی گەورەیان بۆ تیك دانی عقیدەی عیسی و دینی نصرانی نەخشە کیشا ، ئەوە بوو هەولیان دا تا پیاویکی یەکجار لی هاتوو خۆی بگەینیتە نیو دینی نصرانی و هەر لە ریشکەوە دەست کاری بکات .. ئەو پیاوەش بە ناوی ( پۆلس ) بوو کە توانیی بنچینەی دینی نصرانی دەربهینی و لەسەر شیوە پاکە کەی لای بدا ، کە ( خوای گەورە ) ناردی بۆ عیسی ( علیه السلام ) ..

ئ

له بنەرەتدا پۆلس ناوی شاوول بوو ، كه جووله كەیەكی تەر تووسی بوو ، جا هەر جەند پۆلس فریا سەردەمی مسیح كەوتبوو ، بەلام نەچاوی پی كەوتبوو و ، نە گویشیی لە بانگەوازی بوو بوو .. واتا پۆلس بە هیچ شیوەیەك مەسیحی نە بینی بوو ، بەلام لە سەردەمی ئەو دا ژیا بوو ، كاتی عیسی ( خوای گەورە ) هەلی كیشا بۆ ئاسمان ، ئیتر لە دوای ئەو پۆ لس دەركەوت ، هەتا ئەلین : پۆلس لەسەرەتادا گەورە ترین دوژمنی نصرانی بوو و مەسیحیەكانی زیدانی دەكرد ئازارو ئەشكەنچەی ئەدا و دەی كوشتن ، ئەوەبوو ماوەیە دوای بەرز بوونەوەی عیسا دەركەوت ، هابووە مەسیحی و دینی عیسی ی گۆری و ، ئەوەشی بلاكردووە كه عیسی كوری خوا یه .. والعیاذ باللە ..ئینجا دینە سەر باسەكەی خۆمان جوولەكە لەشاری مەدینەدا ، بە سیفاتی جوولە كەو هاو پە یمانانی جوولەكە ئاشنا بوو ین لە میژوودا كە جۆن بوون سیفاتیان جۆن بوون ئیستاش دین باسی جوولە كە دە كەین لەشاری مەدینە دا لە سەردەمی پیغەمبەری ئاخرزمان ( صلی الله علیه وسلم ) ..بەلی كە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە شاری مەدینە و سی هۆزی جوولەكە لە مەدینەدا بوون : ( نەوەی قینقاع ) و ( نە وە ی نضیر ) و ( نە وە ی قوریظة ) جا رای بەهیزی زانایان لە سەر ئەوەیە كە لەسالی ( ٧٠ ) زایینی دا و دوای سزاو ئازرای رۆمەكان لە وەلاتی شام نا چار بوون وەلاتەكەیان بەجی بهیلن روو بكە وەلاتی حیجاز واتا : شاری مەدینە چونكە تەیتووسی رۆمانی هیرشی كردبووە سەر وەلاتەكەیان دەستی بە كوشتن و برین كردبوو بۆ جاری دووەم هەیكەلی رووخاند بوو، هە رلە بەر ئەم هۆەیە و ە هۆیەكی تریش ئەوا بوو كە لە كتبە كانیاندا ناونیشانی پغەمبەری ئاخر زمان ها تبوو لە وەلاتی حیجاز هەر بۆیە روویان لە شاری مەدینەو دەوروو بەری كردبوو .. واللە اعلم .

بەلی لە سەر ریگەی شام قەلایەكیان دروست كردبوو بەو هیوایە ی كە پیغەمبەری ئاخر زمان لە وان هەلبكەویت دەست بە كوشتاری عەرەب بكەن ، هەر بۆیە لە ناو خەلك دا ئەوە یان بلاو دە كردوە كە دوا پیغەمبەر پییویستە لە نا بنی ئیسرائیل دا هەل بكەویت ، بۆیە ئەوانەی كۆچیان بۆ ناوچەكانی حیجاز كردبوو چاوەروانی ئەوەبوون ( خوای گەورە ) ئەو پیغەمبەرە بە شەریعەتیكی تیرو تەواوە وە رەوانە بكات .. هە تا لە ( خوای گەورە ) دە پارانەوە بۆ ئەوەی ئەوریزە چاوەروان كراوە لە خۆیانەوە هەل بكەویت ،هە تا شوینی بكەون و ، كوشتاری ئەو عەرەبە بت پەرستانەی دوورگەی عەربی دا بكەن ، مولك دەسەلاتی بنی ئیسرائیل بەرپا بكەن ، چونكە نەیانزانی كە ( خوای گەورە ) سەر كەوتن و فتحی وەلاتانی زەل هیز پیشكەش بە عەرەبە كان دەكات لە دەستی پیغەمبەری ئاخر زمان دە بیت ، ئەو پیغەمبەرەش هەر لە عەرەبە كان دە بیت ...

ئ

چونکە دەمیك بوو بنی ئیسرائیل بە بۆنەی گوناه و تاوانیانەوە ( خوای گەورە ) غەزەبی لی گرتبوون و ، لە نیوان گەلاندا سووك و ریسوا ببوون ، جا کە دوا پیغەمبەری ئاخر زمان لە ناو جوولەکە هەل نەکەوت ، کەوتنە حەسادەتی و دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە مەرجی بە چاوی خۆیان هەموو سیفەتەکانیان ئەبینی و یەقینیشیان لەوە هەبوو کە محمد ( صلی الله علیه وسلم ) پیغەمبەری ئاخر زمانە :

هەروەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿ وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا مِنْ قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَمَّا جَاءَهُمْ مَا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾ البقره ٨٩. واتا : کاتیك لەلایەن ( خوای گەورە ) وە کتیبیك ( قورئان ) هات بۆیان کە : ئەو کتیبانەی ئەوانیش پەسەند دەکات و بەراستی دەزانیت ، ئەوانیش پیشتر داوای سەرکەوتن و زال بونیان بەسەر ئەوانەی بی باوەر بوون لەخوا دەکرد بە هۆی شوینکەوتنیان بۆ پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کەچی کاتیك ئەو پیغەمبەرەیان بۆ هات کە دەیانناسی ،بروایان پی نەکرد ، کەواتە با نەفرین و لەعنەتی خوا لەسەر کافران بیت..

هەروەها( خوای گەورە )دەفەرموویت : ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ البقره ١٤٦. واتا : ئەوانەی کتیبمان پی بەخشیوون پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) دە ناسن هەر وەك چۆن نەوەکانی خۆیان دەناسن ، بی گومان دەستەیە ك لەوانە ئەو راستییە دەشارنەوە ، لە کاتیکدا دەش زانن محمد ( صلی الله علیه وسلم ) فرستادەی خوایە ..

بەلی جوولە کە هەروەك زالمانی ئەم سەردەمەدا رۆژیك لە رۆژان لە گەل دینی خوا دا راستیان نە کردووە ، بەلکو تەنها چاویان لە بەرژەوەندی خۆیان بووە ، بۆیە دوا پیغەمبەر لە خۆیان هەل نەکەوت پشتیان لە حەق و راستی هەل کرد ، هەر چەندە وەك ناسینی کورەکانی خۆیان پیغەمبەری رۆشنایی چاومان و دەناسی ( صلی الله علیه وسلم ) کە چی ئیمانیان نەهیناو تەنها کە میکیان نەبیت ئیمانی بە حەقیان هیناو بوونە ئیمانداریکی دامەزراو بەرگریان لە دینی خوا و پەیامی ئیسلام دە کرد وەك ( عبدالله کوری سلام ) کە س و کاری و ، وەك ( موخەیریق ) ...

ئ

( موخەيريق ) زانايەكى شارەزاى جوولەكە بوو ، لە هەمان كاتدا پياويكى دەولەمەندى خاوەن باخى خورما بوو ، بە چاكى ئاگادارى پيغەمبەرى خوا بوو، سيفاتەكانى پيغەمبەرى بەباشى دەناسى ، بەلام هۆگرى دينەكەى خۆى بوو ، ئاورى لە ئيسلام نەدە دايە وە هەتا رۆژى غەزاى ئوحود ، ئەو رۆژە بينى وا سوپايە كى گەورەى كافرانى قورەيش بە شيوەيە كى درندانە هاتوو نەتە سەر موسلمانە كان ، بەلى ئەو رۆژە رۆژى شەممە بوو ، ( مەخەيريق ) هەستى كرد موسلمانەكان بى تاوانن و زلم و ستەميان لى دەكريت لە لايەن كافرانى قورەيش ، بەلى ( مەخەيريق ) بيرى لە موسلمانان كردەوە ئەو هەموو ماوەيە كە هاتبوونە شارى مەدينە زوليان لە كەس نەدەكرد بى تاوان بوون و زيانيا بۆ هيچ كەسيك نەبوو ، بەلكو لە چاكە كردن نەبيت هيچ زيانيان بە كە نەدە گەياند ، وە لە هەمان كاتدا پە يمان و بەلينەكان لە نيوان جوولە كە و موسلمانە كاندا هەبوو كە پشتى يەكتر بەر نەدەن ، بەلى ( مەخەيريق ) ئەو رۆژە واتا رۆژى ئوحود رووى كردە كۆمەلە جوولەكە كانى شارى مەدينە و ووتى : ئەى كۆمەلەى جوولەكە ! بە خوا خۆتان چاك ئەزانن كە پشت گيرى محمد لە سەر تان پيويستە ، كۆمەلەى جوولەكە ووتيان : ئەم رۆ رۆژى شەممەيە !! ( مەخەريق ) ووتى : شەممە چى يە ؟! پاشان دەستى دايە چەكەكەى و خۆى گەياندە ئوحود بە خزمەتى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گەيشت و ، وە سيەتيشى بۆ خزمانى كرد و ، ووتى : ئەگەر ئەمرۆ كوژرام ، سامانەكەم بۆ محمد ( صلى الله عليه وسلم ) بيت و تا بەو شيوەى لى بكا كە خوا پى خۆشە .

كە شەر دەستى پى كرد دەستى كردە كوشتار كردنى كافرانى قورەيش هەتا شەهيد كرا .. ئەوە بوو پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەى فەرموو : ( مخيريق خير يهود ) واتا : مەخەيريق چاك ترين پياوى جوولە كەيە ، پاشان پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سامانەكەى وەرگرت كردى بە صەدقە و بەسەر موسلمانانى دابەش كرد..بەلى جوولەكە هەنديكيشيان بە نيقاق خۆيان وادەر دەخست كە موسلمان بوون ، ئەوانە پاليان دا بوو بە سەرۆكى نيفاقە كانى شارى مەدينە كە ( عبدالله كورى ئوبەى كورى سەلوول ) بوو ، بەلى بى گومان جوولەكە بەشى هەرە زۆريشيان كەوتنە دژايەتى ئيسلام وەك ئەمانە :

١- حويەيى كورى ئەختەب ، ٢-ابو ياسرى براى حويەيى كورى ئەختەب ، ٣- سلامى كورى ميشكەم ، ٤- كينانەى كورى رەبيعى كورى ئەبو الحوقەيق ، ٥-عمرى كورى جەححاش ، ٦-كەعبى كورى ئەشرف ، ٧-شاسى كورى قيس ، ٨- ماليكى كورى صەيف ، ٩- كەعبى كورى ئەسەد ، ١٠-وەهەبى كورى يەهووزا .

بەلى ئەم ناوانەى كە باسمان كرد هەر لە يەكەم رۆژەوە كەوتنە دژايە تى كردنى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەموو هەوليكيان دژى موسلمانان دا لە خرا پە كارى سليان نەكردەوە ...

ئ

هەر چەندە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پەیمانی پیکەوە ژیانی لە گەلدا بە ستبوون ،وە ئازادی دینی بە ئەوان دابوو ، لە پراستنی سامان و دارایی یان بی خەمی کردن ، بەو مەرجە ی پیکەوە هاوبەش بن لە پاراستنی شاری مەدینە و بەیەکەوە بەرگری لی بکەن ، وە بەرامبەر موسلمانەکان نا پاکی نەکە و ، نەبنە کۆمەکی دوژمنیان و ، وە دەست دریژی نەکە سەر موسلمانەکان ،یەکیك لەوانەی کە جوولەکە بوو ،بەچاکی لای یەقین بوو محمد ی رۆشنایی چاومان و پیغەمبەری ئاخر زمانە ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ئەوەشدا بریاری دا کە دژایەتی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بکات ، یە کیك بوو لە زانا گەورە کانی جوولە کە بوو ، لە ( بني نضير ) بوو ، بەناوی ( حویەیی کوری ئەختەب ) هەرکە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گەیشتە شاری مەدینە ، ( حویەیی کری ئەختە ) گەیشتە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەلی بۆی دەرکەوت کە پیغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) راست ئەکا ، وە ئەو پیغەمبەرە یە کە جوولە کە چاوەری دەکرد، بەلام مادام لە ناو عەرەب هەلی بژاردووە و ، پیغەمبەرایەتی لە بنی ئیسرائیل سەندۆتەوە ، ( حویەیی کوری ئەختەب ) بریاری دا ئیمانی پی نەهینی و دژایەتی بکات زۆر بە سەختی .. بەلی ( صەفیەی کچی حویەیی کوری ئەختەب ) کە دوای غەزای ( بني نضير ) دەبیتە خیزانی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و دایکی ئیمانداران –خوا لی رازی بی – صەفیە باسی هەلویستی باوکی دەکات لە گەل ئەبو یاسری مامی ، صەفیە دەفەرموویت : من خۆشەویست ترین مندالی باوکم بووم بەلای باوکیشم و ئەبو یاسیری مامیشم ، هەرچی جاریك لە گەل مندالیکی تریانا تووشم ببونایە ، روویان ئەکرد بە لامنەوە ، وازیان لە ئەهینا ، کاتیك پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هاتە شاری مەدینە و ، وە لە ( قوباء) لە ناو نەوەی ( عمرەی کوری عەوف ) دا لای دا ، سەر لە بەیانیی زوو باوکم واتە : ( حویەیی کوری ئەختەب ) ومامم ( ئەبو یاسیر کوری ئەختەب ) چوونەخزمەتی .. صەفیە دەفەرموویت : ئیتر ئەوە بوو لە گەل خۆر ئاوابوون دا گەرانەوە ، هەر دووکیان ماندوو و ، تەممەل و ، هیلاك ، خاوە خا بەریوە ئە چوون ..

صەفیە دەفەرموویت : گویم لە ئەبو یاسیر ی مامم بوو کە بە باوکمی واتە : ( حویەیی کوری ئەختەب ) ئەووت: خۆیە تی ؟! ووتی : ئەری ، بە خوا ، ووتی : چاك ئەی ناسی و ، ئەی سەلمینی ؟! ووتی : بەلی . ووتی : ئەی دلت چۆنە بەرامبەری ؟! ووتی : هەتا ماوم هەر داژیەتی ئەکەم ..!!

ێ

بەلی بەجۆرە ئەم دوو زانا گەورەی جوولە کە لە بەر نەشارەزایی و ، جوانە دەرنەکەتنی راستیی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نەبوو ، بەلکو هەر دژایەتی ئیسلامیان ئەکرد ، بەلکو دلیان پر لە رق و قینە بوو ، بەرامبەر بە ئیسلام و موسلمانان ، بە مەرجیك ئەوا دەری ئەبری کە هیشتا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە ( قوباء ) بوو ، هیشتا نە گەیشبووە ناو شاری مەدینە ، هیچ هەلویست و هەلس و کەوتیکی پیوە نەبینرا بوو کە دژ بە بەرژەوەندیی جوولەکە بیت .. هیشتا موسلمانیك هەنگاویکی بۆ دژایەتی جوولە کە نەنابوو .. بەلام چونکە زانا و سەردار و گەورە کانیان بەتەما بوون پیغەمبەری ئاخر زەمان کە کاتی دەرکەوتنی نزیك بۆتەوە ، لە بنی ئیسرائیل دا هەل بکەوی ، زۆریان پی نا خۆش بوو کە لە ناو عەرەب دا هەل کەوت ، لەبەر ئەوەی ئەوان بەتەما بوون لە سایەی ئەم پیغەمبەرەدا دەسەلات پەیدا بکەن و ، بەسەر هەموو دنیادا سەر بکەون ، چونکە لەناو کتیبە کانیان دا بەلینی سەرکەوتنی درا بوو .. خۆ ئەگەر بەنی ئیسرائیل بە پیی ئەو بەلینە هەنگاویان هەل گرتبایە کە لەوەو پیش بە خوا پەروەردگاریان دا بوو ، کە بریتیە بوو لە کۆمەکیی و پشتیوانی کردن لەدوا پیغەمبەر ، ئەوا هەموو ئاوات و خواستیکیان ئەهاتە دیی و ، سەر بەرزی دونیاو قیامەتیان دەست گیر ئە بوو ، چونکە دینی چینیك یان کۆمەلیك ، یان گەلیك نەبوو ، بەلکو دینی تیکرای سەرزەوی یە ، بۆ یە هەموو کەس و کۆمەلیك لە سایەدا ئەحەسیتەوە و ، بەهەموو ئاواتیکی دنیا و قیامەتی ئەگات .

بەلام جوولە کە ئەوەندە خۆپەست و دنیا پەرست و پوولو پارە پەست بوون ، ئەوەندەش رەزیل و قین لەدل و چاو چنۆك بوون، بەلی ئەونەندەش خۆیان لە مرۆڤەکان بە بەرزترو گەورەتر دەزانی ، بەلی زۆر دل رق بی سۆزو بی ویژدان و زالم و ستەم کار بوو ، بەلی جوولەکە فیلباز موشریك و بەد رەوشت و کەتنە رخنە گرتن لە ( خوای گەورە ) ناوە زایان لە قەدەری خوایی دەربریی کە بۆ چ پیغەمبەری ئاخر زەمان لە وان هەل نەبژارد ؟! پاشان دەستیان دایە دژایەتی قورئان و شوین کەوتوانی ، بەلی بەتایبەتی ( حویەیی کوری ئەختەب ) و ( ابو یاسیری ) برای ، بەلی هەولیان ئەدا خەلك لە ئیسلام دوور بخەنەوە، تا ئەوە بوو قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوەو ئەم نەخشەو پیلانەی کە ئەم دوو برایە دایان دە نا بە رامبەر بە ئیسلام و موسلمانان و پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەلی ( خوای گەورە ) رووی راستە قینەی جوولە کەی ئاشکرا کرد ، کە ئەم جوولە کانە چ هەلویسیکیان هەیە بەرامبەر بە موسلمانان و پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ...

ئ

( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ البقره ١٠٩.

واتا : رۆژێك لە خاوەن كتێبەكان ئاواتە خوازن لەبەر حەسوودی و ناپاكی خۆیان ئەگەر بۆ یان بكریت بتانگێرنەوە ریزی بی باوەران ئەمەش دوای ئەوەی كە حەق و راستییان بە تەواوی بۆ روون بۆتەوە ، بەلام ئێوە هەر لێیان ببورن ولێیان مەگرن و چاوپۆشییان لی بكەن ، تا خوا كاری خۆی ئەنجام دەدات و ویستی خۆی جێبەجی دەكات ، بی گومان خوا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە ...

السیره النبویه لابی شهبه ٢/٣٩-٤٨ ، والرحیق المختوم ١٨٠ .

هەروەها ئەو جوولەكانەی هاتنە ریزی موسلمان و باوەریان هێنا كە ئەمانە بوون : ١- ریفاعی قورەصی ، ٢- عبدالله كوری سلام ، ٣- زیدی كوری سەعنە ، ٤- ئوسامەی كوری عوبەید ، ٥- مەیمونی كوری یامینی زانای جوولەكەكان ) بەلی ئەمانە بوون موسلمان لە جوولە كەكان ..

هەروەها ( ریفاعە ) بۆمان دەگێریتەوە دەفەرموویت : ( ئەم ئایەتە دابەزی سەبارەت بە ئەهلی كیتاب كە من یەكێك بوون لەوانەی باوەرم هێنا بوو بە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەلام ئازاردرین ، لەسەر ئەو باوەر بوونە مان و ( خوای گەورەش ) ئەو ئایەتی دابەزاند خورەوە كە دەفەرموویت : ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِهِ هُمْ بِهِ يُؤْمِنُونَ (٥٢) وَإِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ قَالُوا آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا مِنْ قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ (٥٣) أُولَئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾ القصص ٥١-٥٤ . واتا : ئەوانەی پێشتر كتێبی ئاسمانیمان پی بەخشیوون ، ئەوان بەو قورئانە باوەر دە هێنن ، كاتێكیش قورئان دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا دەلێن : ئێمە باوەرمان پی هێناوە چونكە بەراستی ئەمە حەقیقەت و راستە قینەیە لەلایەن پەروەردگارمانەوە پیمان راگەیەنراوە ، بی گومان ئێمە پێشتر هەر موسلمان و فەرمانبەر دار بووین .ئەوانە دووجار پاداشتیان پیدەدریت بە هۆی خۆگری و ئارام گریانەوە ، بە چاكەش بەر هەلستی خراپە دەكەن ، ئەوانە هەروەها لە ورزق و رۆزیەی كە پێمانداون دەبە خشن .. پی دە چیت ئەوانە سەر كردە نەبوو بوون لە ناوشاری مەدینەدا لەم دەستەیەی كە لە جوولەكە كان موسلمان بوون ، بەلكو دە كەسی تر هەبوون لەسەركردەكانی جوولەكە بوون بەلام ئەوان باوەریان نەهێنا و دژایەتی ئیسلامیان كرد ، هەروەك لە ( ئەبو هورەیرە وە ) دەگێریتەوە دەفەرموویت : كە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : ( لو آمن بي عشرة من الیهود لآمن بي الیهود ) اخرجه : البخاری ٣٩٤٥ .

واتا :گەر دەكەس لە جوولەكەكان باوەر یان بەمن بهێنایە ئەوا هەموو جوولە كە باوەریان دەهێنا ..

مەبەستی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەو سەركردانەی وەك : ( حویەیی كوری ئەختەب ، كەعبی كوری ئەشرف ) بوو كە ئەوان ببونایە ئیسلام هەر هەموو جوولە كە باوەریان دە هێنا ..

ێ
بەلی هەر کا کۆچ کەران هاتنە ناو شاری مەینەو ئەو بوو ، کەوتنە دژایەتی کردنیان و ، هەستان بە بلاو کردنەوەی پر پاگەندە دروست کردن کە ئەوان سیحریا لە موسلمانان کردووە و دە ستیان کرد بە بەرپاکردنی شەریکی دەروونی لە گەل شەرە قسە کردن و تانە و تەشنە و توانج دان لە موسلمانان و ، وەهەروەها پرسیاری قورس و ووشك کردن لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دورست کردنی گومانی گەورە لە دلی موسلماناندا سەبارەت بە ئاین وپیغەمبەرە کەیان ( صلی الله علیه وسلم ) بەلی لەو سەرکردە هەرە خرا پانەی جوولەکە کەرۆلی سەرەکیان هە بوو لە دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وەك باسمان کرد لە پیشدا نەوەی قینقاع ، نەوەی نضیر ، نە وە ی قوریضة ،نە وە ی عە وف ئەوانی تریش ، هەروە ها ئەوانە لە نەوەی قینقاع نەوەی نضیر بوون : حویەیی کوری ئەختەب ، یاسیری کوری ئەختەب ، جودەیی کوری ئەختەب ، سلامی کوری موشکیم ، کینانەی کوری رەبیعی کوری ئەبی الحقیق ، رەبیعی کوری رەبیعی الحقیق ، عمری کوری جەحاش ، کەعبی کوری ئەشرف ، حجاجی کوری عمرو کوری قیس ، وە لە کورانی بنی قینقاع : عبدالله کوری صوریا ، زیدی کوری ، لوسەید ، سعدی کوری حونەیف ، محمودی کوری ،سە یحان ، عوزیری کوری ئەبی عوزیر ، سوەیدی کوری حارس ، فینحاص ،ئوشیع ، نعمانی کوری ئەجا ، بوحرای کوری عمر ، وەشاشی کوری عادی ، شاشی کوری قەیس ، و زیدی کوری حارس ، نعمانی کوری عمر ، سوکینی کوری ئەبی سوکینی ، عودەی کوری زید، نعمانی کوری ئەبی ئەوفا ، محمودی کوری دوحیە ، کەعبی کوری راشد ، عازەر، و رافعی کوری ئەبی رافع ، رافعی کوری حارس ، رافعی کوری حورەیمیلە ، و رافعی کوری خاریجە ، مالیکی کوری عەوف ، رافعی کوری زید کوری تابوت ).

وە لەکورانی یان لە نەوەی( بنی قوریضة ) ( زوبیري کوري طالب ، عەزالی کوری شەمۆیل ، کەعبی کوری ئەسەد، شەمۆئیل کوری زید ، جەبەل کوری زید ، نەحامی کوری زید ، قوردو می کوری کەعب ، وەهبی کوری زید ، نافع کوری نافع ، عودەی کوری زید و حارسی کوری عەوف ، ئوسامەی کوری حەبیب ، رافیعی کوری رومەیلە ، جەبەلی کوری ئەبی قوشتەیر ، وەهبی کوری یوهوزا ).وەلە کورانی نەوەی یانی ( بنی زورەیق ) سیحر بازی ناوداریان هەبوو وەك : ( لوبەیدی کوری ئەعصەم ) وەلە کورانی نەوەی حاریس یان ( بنی حاریس ) ( کینانەی کوری صوریا ) وە لە کورانی بنی عمری کوری عەوف ، کەئەمانە جوولە کەی ئەنصار بوون بەلام جوولەکەی سەرسەختیان تیدا بوو ، کە موسلمان نەبوون وەك : قوردمی کوری عامر ، وەلە کورانی ( بنی نجار ) وەك ( سلسلەی کوری برهام ).سیرە ابن هشام ۱۱۳/۱ .

بەلی جوولە کە دژایەتی زۆر سەختیان دەکرد بەرامبەر بە پیغەمبەر و موسلمانان دە هاتن پرسیاری زۆر سەیر یان دەکرد لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەوەی موسلمانان بکەونە گومان دەر بارەی

ئ

دینە کەیان کە چی هەموو کات هەولە کانی جوولە کە خۆ پەرستەکان شکستی ئەهینا بە سەر شۆڕی دەگەرانەوە ، بۆ سەرنجی خەلك کیان بۆ خۆیان دەدا بە شتی پرو پوچ بی شەرمانە ، هەروە کا ئیستا کە هاو پە یمانەکانی وادە کە سەرنجی خەلك رادە کیش بۆ شتی پرۆ پوچ بی سوود ، بە بەردەوام بەد رەوشتی بلاودەکەنەوە ، شتی بی نرخ بە نرخ دە کە شتیك نرخی هەبیت لە لای خەلك بی نرخی دە کە ن هەروەك ئەو کار بەدەستانەی کەئیستا تەواوی کۆمەلگا بەدەستیانەوە دە نالین ، خاوەن شهادە و علم و زانست و شارەزا پەراویز دە خەن ، کەسی بی مەعریفەت و ناشاروزاو نەخویندەوارە و ناکەس بەچە دەهینن بەرەلای ناو کۆمەگای دەکەن و دەست هەلاتی پی دەدن دەی کەن کار بەدەست ، ئەم وەلاتە ویران دە کە بەفیتی جوولەکە چونکە هەموو سیفات و هەلویستی جوولە کە لەو کار بەدەستانەی ئەم وەلاتـانە بەریوە دەبەن کە سەر بە هاو پە یمانی جوولەکەن سیفاتی جوولە کەیان تیدا بەدی دە کریت ...

هەروەها (شاشی کوری قیس )کە جوولەکە بوو رۆژیکیان تیپەری بەلای ئەنصارە کانی شاری مەدینە و کۆمەلیك لە ئەنصارەکان دانیشتبوون بەیەکەوە ، بەلی تەبای و خوشەویستی و برایەتی لە نیوانیاندا پەیدابىبووە بە هۆی هاتنی ئاینی ئیسلام هاتنی پیغەمبەری خوا بۆ شاری مەدینە ، ئەلی : (شاشی کوری قیس ) چووە ناویان دانیش رۆژی شەری (بوعاث ) کە و رۆژە بوو جەنگ و شەر لە نیوان هۆزی ئەوس خەزرە جدا روویدا بوو ، (شاشی کوری قیس ) ئەو رۆژەی بەبیر دە هینانەوە بۆ ئەوەی فیتنەو ئاژاوەی کۆن زیندوو بکاتەوە ، ئەو بیرنە کۆنانەی ئەوس و خەزرەج تازە بکاتەوە کە پیانی دە ووتن : چاکتان لی یەکتری کوشتووە ، ئەوە بوو هاوا ر بەرز بووەوە لە لاینا هەردوو لاوە واتە: ئەوس خەزرەج ، خۆیان ئامادە کرد بۆ شەر کردن لە گەل یەکتری ، ئەوە بوو پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) گەیشتە ناویان ئەو ئاگرەی نیوانیانی کوژاندەوە ئاشتی کردنەوە برایەتی و تەیابی گیرایە وە ناو ریزی ئەوس خەزرەج و لەلایەك و لەلایەکی ترەوە لە نیوان کۆچ کەران و ئەنصار دا ) سیره بن هشام ١٥١/٢.

هەروەها جوولەکە بەوەشەوە نەوەستان بەلکو کەوتنە بلاوکردنەوەی سیفەتی ناشیرین و ناوی ناشیرین و جنیودان و خراپ باسکردنی (خوای گەورە ) لە نیوان موسلمانانـدا وە ك ئەو رووداوەی کە لە نیوان هاوەلی بەریز (ابو بكر صديق ) لە گەل زانایەکی جوولەکەدا کە بەناوی ( فینحاص ) بوو ...

(ابن اسحاق ) بۆمان دەگیرتەوە بۆمان دەفەرموویت : ( رۆژیك (ابو بکر ) چوو بۆ (بيت المدارس ) واتە: (قوتا بخانەیەکی جوولە کە یەك بۆ خویندنی تورات ) کە (ابو بکر ) چوو بینی کۆمەلیکیان لە پیاویکی زانایان کۆ بوونەتەوە کە ناوی (فینحاص ) بوو ، جگە لەویش یەکیك لە زانا کانی تریشیان کە ناوی

ی

( ئوشەیع ) بوو لە گەڵ یاندا بوو ، ( ابو بكر ) بە فینحاصی ووت: لە خوا بترسە موسلمان ببە تۆ دەزانیت کە محمد پیغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) و بەحەق هاتووە لەلایەن خواوە و دەیبینیت لە تەوراتی خۆتاندا ناوی هاتووە ؟! فینحاص بە ( ابو بكر )ی ووت : ئەی ( ابو بكر ) ئیمە هەژار نین بەلکو خوا هەژارە و پیویستی بە ئیمەیە!!، ( والعياذ بالله ) ، هەروەها فینحاص ووتی : ئیمە لە خوا ناپارینەوە ، خوا لە ئیمە دەپاریتەوە !! ، ( والعياذ بالله ) ، ئیمە پیویستیمان بە خوا نیە و خوا پیویستی بە ئیمەیە !!، ( والعياذ بالله ) ، ووتی : ئەگەر پیویستی بە ئیمە نەبوایە دوای قەرزی لی نەدە کردین وەکو محمد دەکەی لای ئیوە دەلیت !!! ( ابو بكريش ) خۆ پی رانەگیرا کەوتە لیدانی فینحاص وە دوای فینحاص خۆ گەیاند پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ، وە پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) ( ابو بكر ) ی بانگ کرد پی فەرموو: چی وای لی کردی تا وای لی بکەیت ؟! ( ابو بكريش ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەم دوژمنەی خوا قسەی زۆر ناشرینی دەوت بە خوا و دەیووت : کە خوا فەقیرە و ئیمە دەولەمەندین و ... منیش لە پیاوی خوا دا تورە بووم و لیمدا ، فینحاص ووتی : نەخیر قسەی وام نە کردووە و هەرگیز شتی وام نە ووتووە ، سەبارەت بەم رووداوە ( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموویت : ﴿لَقَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا وَقَتْلَهُمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ﴾ ال عمران ١٨١. واتا: سویند بیت بی گومان خوای پەروەردگا گوفتاری ( نابەجی ) ئەو ( جوولەکانەی ) بیست کە ووتیان : خوا هەژارە و ئیمە دەولە مەندین !! ئیمە ئەو گوفتارانە یاداشت و تۆمار دەکەین لەسەریان ، هەروەها کوشتنی پیغەمبەران بەدەستی ئەوان بەناحەق ، لە دۆزەخیشدا ) پییان دەلیین : بچیژن سزای ئاگر سوتینەر . سيره ابن هشام ١٥٤/٢

لە گەڵ ئەم هەمووسیفاتە ناشرینەی کە جوولەکە هەیان بوو، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەر کۆڵی نەدا و دە چووە لایان سەردانی دە کردن بانگی دە کردن بۆ ریگا حەق و راستیدا ، ئەوبوو لە ( انسی کوری مالیك ) وە بۆ مان دە گیرتەوە دەفەرموویت : ( کوریکی جوولە کە هەبوو خزمەتی پیغەمبەری خوای

ئ

( صلى الله عليه وسلم ) دە کرد و ، ئەو خزمەتکارە نەخۆش کەوت و پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) چوو بۆ لای سەردانی کرد و لە لای سەریەوە دانیشت و بەکورەکەی فەرموو : موسلمان ببە ، ( لەریوایەتیکی تردا فەرمووی : بلی : ( لا إله إلا الله ) تا بەووتکات بۆ بکەم لای خوا لە قیامەتدا ، ئەویش لای باوکیەوە نزیك بوو و تەماشای باوکی کرد تا بزانیت رازیە ؟! باو کیشی ووتی : بەقسەی ئەبو القاسم بکە ، ئەویش ووتی : شایەتی دەدەم کە تەنها الله هەر خوایە و ( محمد ) پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) و موسلمان بوو، دوای ئەوە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( الحمد لله الذي أنقذه بي من النار ) واتە : سوپاس بۆ ئەو خوایە کەرزگاری کرد بە هۆی منەوە لە ئاگری دۆزەخ ) اخرجە : البخاری ١٣٥٦.

هەروەها یەکیك لە رووداوەکانی تردا هاتووە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) چۆن سەردانی کردوون و لەگەلیاندا کە وتووەتە گفتوگۆ کرد ، لە ( عەوفی کوری مالیك ) دەگێریتەوە بۆمان و دەفەرموویت : ( رۆژێکیان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ) رۆیشت منیشی لە گەلدا بووم چووە ناو کەنیسەیەکی جوولەکەکان لە ناو شاری مەدینەدا لە رۆژێکدا کە رۆژی چەژنی ئەوان بوو ، ئەوان پیان ناخۆش بوو کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەردانی کردوون لەو رۆژەدا و ئینجا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پی فەرموون : ( يا معشر اليهود أروني أثني عشر رجلا منكم يشهدون أن لا إله الله و أن محمدا رسول الله ، يحط الله عن كل يهودي تحت أديم السماء الغضب الذي غضب عليه ). واتا : ئەی کۆمەلانی جوولەکە دوانزەکەس لە ئێوە نیشان بدەن کەشایەتی بدەن کە ( الله ) تاك تەنهایە ومحمد پێغەمبەری خوایە، خوا غەزەبی بە ئەندازەی نیوان ژێر پەردەی ئاسمان لادەبات لەسەر هەموو یەکی لە پیاوانی ئێوەدا لە غەزەبەی کە دیناوە لەسەرتان ...

جوولەکەکان هەر هەموویان بی دەنگ بوون ، وە کەس وەلامی نەدایە وە ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دووبارە و سی بارەی کردەوە بەلام کەس وەلامی نەدایەوە ، دوای ئەوە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( أبيتم فو الله إني لأنا الحاشر و أنا العاقب و أنا النبي المصطفى آمنتم أو كذبتم ) واتە : سوێند بە خوا رازی نەبوون و پشتان هەلگرد بزانن من ( الحاشر ) و ( عاقبم ) و من هەر پێغەمبەر هەلبژیر راوی خوام باوەرم پی بهێنن یان بە درۆم بخەنەوە وباوەرم پی نەهێنن ، ئە نجا گەرایە وە ) .
اخرجە : فی المسند ٦/٢٥ ، والتبرانی فی الكبير ١٨/٨٣ ، والحاكم فی المستدرك ٣/٤١٥ .

هەروها سەبارەت بە ( حاشر و عاقب ) دوو ناوی پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) ( حاشر ) ئەکەسەیە کە شەفاعەت دەکات و لەریگەی شەفاعەتی ئەووەوە خەلکان حشر دەکرین ، و ( عاقب ) ئەوکەسەیە کە هیچ پێغەمبەریك لەدوای ئەووەوە نەهاتووە و نایەت ...

ئ

هەروەها پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) سەبارەت بەچەسپاندی هەندیك لە حوكمی خوا سزای خوا كە لە تورات دا هاتووە ئەوان دەیان شاردەوە و ، ئاشكرایان نەدەكرد ، چونكە سزا كانیان لە كە تورات دا هاتبوو دەیان شاردە وە كە چۆن لە قورئانی پیرۆز دا هاتووە ، بۆیە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گفتو گۆی لە گەلدا دە كردن ، سەبارە بەو سزاو ئەحكامانەی كە لە توراتە كەی ئەوان دا هاتبوو ..

لە ( ابن عمر ) وە بۆمان دە گیریتەوە دەفەرمویت : ( پیاو ئافرەتیكی جوولە كەیان هینایە لای پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم زینایان كردبوو ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پی فەرموون : ئیوە دەبینن لە تەوراتدا سەبارەت بەو كەسەی كە زینا بكات سزاكەی چیە ؟! ووتیان : روویان رەش دەكەین و پاشان سواری كەریك یان دەكەین و پشتاوپشت دایان دە نیین و ئینجا دەیانگیرین بە ناو شاردا !! پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( فأتوا بالتورات إن كنتم صادقين ) واتە : تەورات بهینن گەر ئیوە راست دەكەن ، ئەوانیش تەوراتەكەی خۆیانیان هینا و دەستیان كرد بە خویندنەوەی هە تا گەیشتە ئایەتە كەی رەجم و دواى ئایەتەكەی رەجمی خویندەوە ، عبدالله كوری سلام ، كە لەگەل پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دا بوو خۆ شارەزای تەورات بوو وە زانایەكی ( حیبری ) جوولەكە بووە ، وە موسلمان بوو بوو ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەو كورە بلی دەست لەو شوینە لابدات و ئەوەی ژیر دەستی بخوینیتەوە ،كاتی كە دەستی لادا تەماشا دەكەن ، ئایەتی رجمی تیدایە ئینجا پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بریاری دا بە رەجمی ئەو دووانە كە لە تەوراتدا هەیە و لەقورئانیشدا هەیە چونكە ئەو دووكەسە ژن و پیاو بوون نەك كورو كچ ).اخرجه : البخاري ٦٨١٩ ،ومسلم ٤٦١١٢ ،ابن ماجه٢٥٥٦.

لە ( برائی كوری عازیب ) بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : (( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەلای جوولە كەیدا تیپەری جەلدەیان لی دابو ئاوی گەرمیان بەسەر دا كردبوو ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بانگی كرد و فەرمووی : ( هكذا تجدون حد الزاني في كتابكم ) واتە : ئایا سزای زینا كار بەم

ێ
شیوەیە دە بینەوە لە ناو کتێبەکەتاندا ؟! ووتیان : بەڵی . پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) یەکی لە زانا جوولەکە کانی بانگ کرد و فەرمووی : (أنشدك بالذي أنزل التوراة على موسى أهكذا تجدون حدا الزاني في كتابكم ) واتە : سوێند دەدەم بەوەی کەتەوراتی ناردۆتە خوارە وە بۆ موسی ، ئایا بە و شیوەیە سزای زینا کار دەبینەوە لە کتێبەکە تاندا ؟! زانا جوولەکە کە ووتی : نەخێر بەلام گەر تۆ سوێندت نەدا بایە بەم سوێندە قەت پێم نەدە وتیت ، راست دەکەیت لای ئیمەش لە تەورات دا هە رەجمە بەلام پیاوە دەوڵەمەند و کار بەدەستە کانمان کاتێك کە زینایان زۆر تیا باوبوو ئیمە گەر یەکێکمان لەوانە بگرتایە لەسەر زینا کردن وازمان لێ دە هیناو سزاکەمان بەسەردا جی بەجی دەکردو دەمان چەسپاند ، بەلام دوای ووتمان : با کۆببینەوە یان شتێك بکەین کە بۆ هەژار و دەوڵەمەند وە یەك وابیت و ئیمەش هاتین جلد و ئاوی گەرم کردنمان بەسەری زیناکاراندا دانا لە جیاتی رەجم کردن ، پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (اللهم إني أول من أحيا أمرك إذا أماتوه ) واتە : خوای پەروەردگار من یەکەم کەسم کە فەرمانەکەت زیندوو دەکەمەوە دوای ئەوان مراندوویانە ، پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرمانیدا کە ئەو جوولەکەیە بیت رەجم بکریت و (خوای گەورە ) ش سەبارەت بەم باسە ئە ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِنْ قُلُوبُهُمْ وَمِنَ الَّذِينَ هَادُوا سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِنْ بَعْدِ مَوَاضِعِهِ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا وَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ فَلَنْ تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا أُولَئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾المائده ٤١. واتا : ئەی پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) غەمبارت نەکات ئەوانەی لە بی باوەریدا پیش رەوی دەکەن ، ئەوانەیان بەدەم و زومان دەلێن : ئیمە باوەرمان هیناوە ، بەلام بە دل باوەر یان نەهیناوە ، وە ئەوانشیان کە بوونەتە جوولەکە و هەردەم گوی بۆ درۆ دەگرن ، گوی بۆ کەسانیکی تری جاسوس و خوانەناس دەگرن کە نەهاتوونە لای تۆ وەك جوولەکەکانی (خەیبەر و تەبوك ) لە باتی ئەوەی کە گوی بۆ تۆ بگرن ، کەچی گوی بۆ خەلکانی تر دەگرن ، وە بە بریاری ئەوان رفتاریان دە کردو قسەی تۆشیان دەبردە لای ئەوان ،وەحوکمە کانی خوا دە گۆرن ،وە، چۆن بەردبارانی زیناکاریان گۆری بۆ قامچی و لیدان ، دەلێن بچن بۆلای محمد ئەگەر حوکمەکەی وەك هی خۆمانە بوو لی وەربگرن ، بەلام ئەگەر وانە بوو ئەوا خۆتانی لی بپاریزن و بەگویی مەکەن ...

هەر کەسی خوا بیەوی بەسەختی تاقی بکاتەوە و گومرای بکات هەر گیز تۆ ناتوانیت لای خوا شتێکی بۆ بکەین و رزگاری بکەیت ئەمانە خەلکانی کەن خوا نایەوێت دلیان لە چلك و چەپەلی و شرك و پاك بکاتەوە بەشیان لەم جیهانەدا رسویە وە لە دوا رۆژیشدا سزای سەخت و گەورەیە .. هەروەها (خوای گەورە ) روونی دە کاتەوە کە ئەو جوولەکانە لە پرسیار کردنەیان مەرامیان ئەوە بووە ووتیان : با برۆین بۆ لای

ی

ئەم پیغەمبەرە بەڵکو شتێکی سوکتر لەلابێت بۆ ئیمە تا لەو ڕەجم کردنە خۆمان بپاریزین و ئەگەر جەلدەو ئاوی گەرمکراوی پی ووتین وەری دەگرین ، بەلام ئەگەر ڕەجمی پی ووتین ئەوا بەقسەی نا کەین . ئینجا (خوای گەورە) سەبارەت بەم جوولەکە کان و کافران ومونافیقان ..

ئەم ئایەتانەی دابە زاند :

(خوای گەورە) دەفەرموویت :﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ **المائدە ٤٤.**

(خوای گەورە) دەفەرموویت:﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ **المائدە ٤٥** .

(خوای گەورە) دەفەرموویت:﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾**المائدە٤٧** .

اخرجە: مسلم ٤٤١٥ ، و ابو داود ٤٤٤٨، و ابن ماجە ٢٥٥٨. بەڵی جوولەکە زۆر دلنیا بوون لە پیغەمبەرایەتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەتایبەتی عبداللە کوری صوریا کە یەکەم زانای جوولەکە بوو وە کو خۆی بۆ مان باس دە کاتە دەلی: (وەلاهی ئەی ئەبو القاسم ئەو جوولەکانە خۆیان دلنیان و دەزانن کە تۆ پیغەمبەریت و نیردراوی خوایت بەلام حەسوودیت پی دەبەن واتە: تۆ لە بنی ئیسرائیل نیت و لە عەرەبیت) .سیر ابن هشام ٢/١٦٠ .

(ابن عباس) دەفەرموویت : ئەو ئایەتانەی لە سورەتی المائدە دا هەیە سەبارەت بە پارەی خوینی کورانی (نەوەی نضیر)،دابە زی چونکە (نەوەی نضیر)بە هیزو سەرورە تر بوون لە نەوەی قوریضة ،نەوەی نضیر کەسانێکیان بکوشتایە لە بنی قوریضة ، ئەوا نیوە خوینەکەیان دەدا چونکە ئەوانەی بنی قوریضة کەسانیکی بی هیزو لاوازو بی دەسەلات بوون ، ئەگەر کەسانیکیان بکوشتایە لە بني نضیر دەبوایە هەموو خوینەکەی بدەن ، سەبارەت بەم باسە هاتن بۆ لای پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) خوای گەورەش ئەم ئایە تانەی دابەزاند ، و روونی کردەوە کە هەموو کەس پارەی خوینی وە یەك وایە دەولەمەند یان هەژار ، بەهیز بیت یان لاواز و پلەبەرز بیت یان پلە نزم )اخرجە التبرانی فی التفسیر ١١٩٧٩،وفی الکبیر ١١٥٧٣ . بەڵی (خوای گەورە) ئەم ئایەتەی دابەزاند لە سورەتی المائدە کە دەفرموویت : ﴿ ... وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ **المائدە ٤٢.**

## هەلویستی (عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلول) سەرۆکی منافقان

لە (ابن اسحاق) وە بۆمان دەگیریتەوە دەفەرموویت : ( کاتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گەیشتە ناو شاری مەدینە لە و رۆژە دا سەرکردە و ناوداری مەدینە عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلول بوو کە خزم و کەسەکانی خۆی ناکۆکیان بە هیچ جۆریك لە ناودا نەبوو سەبارەت بە گەورەیی و سەروەری ئەو

ئ
پیاوە ، هەردوو هۆزی (ئەوس و خەزرەج ) پێشتر کۆنی بوون وەك جۆن کۆبوون لەسەر دیاری کردنی عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول بە پاشای شاری مەدینە ، ئەوە بوو خزمانی هەستان بە ئامادەکردنی تاج بۆی تا بیکەن بە پاشای شاری مەدینە، بەلام لەو کاتەدا (خوای گەورە) پێغەمبەری ئاخر زمانی نارد (صلی الله علیه وسلم ) ئەوە بوو خەلکان و خزمانی هەر هەموو ئەوەی لە چواردەوری بوو بلاوەیان لی کرد و دوور کەوتنەوە و چوونە چواردەوری ئیسلام و پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئا لەو رۆژە وە عبدالله ی کوری ئوبەی کوری سەلول رق و قینەی گەورەی نواند ، بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم ) وادەزانی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) پاشایەتی یەکەی لی زەوت کردووە بەو شیوەیە مایەوە وەکو ناوداریك وە بە دوو دل و بە گومان بوو بەرامبەر ئیسلام و پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) عبدالله ی کوری ئوبەی هەر بەوە نەوەستا بەلکو هەولی دەدا کە ئازاری پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بدات بە قسەو ناو ناتۆرە بەرەو رووی یاخود لە پاشملەوە ). سیره ابن هشام ٢/١٧٦، وابو نعیم فی الدلائل ٤١. بەلی لە هەلویستە نا پەسەندەکانی عبدالله کوری ئوبەی کوری سولول سەبارەت بە پیغەمبەرخوا (صلی الله علیه وسلم ) تەنها دوو هەلویستی دە خیەنە بەر چاو ئیتر بەسە بۆ ناسینی ئەم نامەردە ،ئەم مونافیقە ، ئەم دوو رووە ، ئەم خۆ بە گەورە زانە ، ئەم جاهیلە و نەزانە ، بەلی بی گومان ئیستای وەلاتانی ئیسلام پرە لە عبدالله کوری ئوبەی کوری سە لول ، چونکە خراپە کاری و دووڕووی نەفامی چۆتە قیمەی فسادی و بەد رەوشتی و گەندەلی و زلم و زۆردای ئازاردانی خەلك و کۆ کردنەوەی سەروەت و سامانی خەلك لەلایەن عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول یە کان چونکە هەر هەموویان وەك ئەم پیاوە رفتار دەکەن ، بەقسە ی باق و بەریق جوان لە ناو خەلك خۆیان شرین دەکەن کەچی دەروونیان پر لە پیسی و خراپە کاری کۆمەلگادا هیچ قسەیەکی راست ناکەن تەنها درۆو دووڕووی نەبیت ، سەرنجی خەلکی بۆ خۆیان رادەکیشن بە بەلینە درۆکانیان و هیچ کات لە پەرژەوەندی خەلك قسە ناکەن کارناکەن تەنها مەبەستیان بلاوکردنەوەی فسادی و خراپە کاریە ، بەلی چەژنە کانیان و قسە خۆشە کانیا هەر هەمووی بۆنە نەهامەتی بۆ کۆمەلگای ئیسلامی ، چونکە ئەوانە دووڕوو مونافیقن کەسانی بچوك و ناکەس بەچە و کەم عەقل و کەم تەمەن و جاهل بەدینی خوا ، بۆیە حالی فەقیرو هەژاران ئەمە حالیە تی ...

## دوو هەلویستی خراپی ئەو کابرایە و هاوشیوەی عبدالله کوری سەلول بەسە بۆ ناسینی :

**یەکەم :** لە (ئوسامەی کوری زید )وە بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) سواری گویدرژیك بوو کورتانیکی بەسە پشتەوە بوو ، وەلە ژیر کورتانەکەدا سەر جلیکی فەدەکی (جۆرە قوماشیکی ناوچەی فەدەکە ) پیوە بوو ، ئوسامەی ساور کرد لە دوی خۆیەوە و چوون بۆ ئەوەی

ئ
سەردانی ( سعدی کوری عبادە ) بکەن کە لە کورانی بنی حارسی خەزرەجی بوو ، پیش بەسەر هاتی غەزای بەدر ، پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) تیپەری بەلای کۆرو کۆمەلیکدا کە کە سانیکی موسلمان و موشریك و کافرو بت پەرست و جوولەکە تیادا بوو ، وەلە ناو ئەم کۆمەلەیە ( عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلول ) تیدابوو ،هەر لە کۆمەلەدا ( عبداللە ی کوری رەواحە )شی تیدا بوو ، کاتیك پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بەو گویدریژە نزیك بۆوە لەو کۆرە کۆمەلەدا تەپ و تۆزی پی ی گویدریژەکە بەرووی دانیشتوانی کۆر کۆمەلەکەدا بلاو بۆوە ، ( عبداللە کوری ئوبەی سەلول ) بە هەباکەی کە پووی خۆی گرت و ووتی : ئەو تەپ و تۆزە مەکەن بەسەرماندا ، پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) سەلامی لی کردن و پاشان وەستا و دابەزی و لەوی بانگەوازی کردن بۆ لای ( خوای گەورە ) وە قورئانی بەسەردا خویندنەوە ، ( عبداللە وری ئوبەی کوری سەلول ) ووتی : ئەی ئەو پیاوە هیچ شتیك چاکتر نیە لەم قسانەی تۆ دەیلیت ئەگەر راست بیت ئازارمانی پی مەدە و مەیەرە ناو دانیشتنەکانمانەوە و برۆرەوە مالی خۆت و هەر کەسیك لە ئیمە هات بۆ لات چی بۆ دەگیریتەوە بۆی بگیرەرەوە ، لەو کاتەدا ( عبداللە کوری رەواحە ) ووتی : بەلی ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) زۆر پیمان خۆشە ئەو باسانەمان بۆ بکەیت و بیتە ناومان ، ( ئوسامە دەفەرموویت ) لەو دانیشتنەدا موسلمان و موشریك و بەت پەرست و جوولەکەکان بوو بەشەرە قسەیان هەتا نزیك بوو شەر روویدات لە ناویاندا تا پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) بی دەنگی کردن ، ئینجا سواری کویدریژەکەی بووەوە چوو بۆلای ( سعدی کوری عبادە ) و چووە ژوورەوە و پی ی فەرموو : ئەی سعد ئایا گویت لی نەبوو ( ئەبوو حەباب ) ئەی ووت چی ؟! وای دەووت و وای دەووت !! ( سعد ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لیی ببورە و گوی مەدەری وەلاهی ( خوای گەورە ) کاتی ئەم بەخشیشەی بەتۆ بەخشی لە کاتیکدا بوو کە خەلکانی ئەم دۆلە ( واتە : مەدینە ) هەر هەموو کۆبوون لەسەر ئەوەی کەتاجی بۆ دروست بکەن و بیکەن بە پاشای مەدینە، بەلام کاتی ( خوای گەورە ) ئەو پاشەیەتیەی لی سەندەوە بە و حەقەی کە بەخشیویەتی بە تۆ ، ئەو بەیەکجاری رقی هەستاو وا دەزانی کەتۆ مولکەکەت لی زەوت کردووە و ئەوە وای لیکردووە کە ئاوا بیت ،ئینجا پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) بەخشینی و لی ی بووورا ). اخرجە : البخاری ٥٦٦٣-١٢٠٧،ومسلم ٤٦٣٥.

دووەم : لە ( ئەنسی کوری مالیك ) دەفەرموویت : ( بە پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ووترا : بۆ ناچی بۆلای ( عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلول ) ، ئەوە بوو پیغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) بەریکەوت بۆلای ( عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلول ) و سواری گویدریژیك بوو ، وە موسلمانانیش لە خزمەتیدا بوون بە خاکیکی یان زەویەکی قوراوی سویردا دەرۆیشتن کاتی پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) گەیشتە لای ( عبداللە کوری ئوبەی کوری سولول ) ووتی ( عبداللە ) ووتی : برۆ دوور کەکەوەرەوە لیم وەلاهی بۆگەنی

ئ

گویدیژەکەت ئازاری دام ، پیاویکی ئەنصاریکە لەوێ دانیشتبوو بە (عبدالله) ی ووت: وەلاهی بۆنی گویدریژەکەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە بۆنی تۆ بۆن خۆشترە ، لەویدا یەکی لە خزمانی (عبدالله کوریئوبەی کوری سەلول) لەسەری هەلی داو هەردووکیان کردیان بە شەرە قسەو هەریەك لەد دووانە هاوەلانیکی لەدەور کۆبونەوە و هەستان و بوو بە شەرە پیلاو و شەرە نەعل و شەرەکە بۆکس ، وە وامان پیگەیشتووە کە (خوای گەورە) سەبارەت بەو شەرە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموویت : ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ **الحجرات ٩**.

**اخرجه : البخاری ٢٦٩١، والمسلم ٤٦٣٧.**

واتا: ئەگەر دوو دەستە یان دووتاقم لە موسلمانان بوو بەشەریان ، ئەوەدەستبەجی هەول بدەن ریکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە ، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەست دریژی دەکردە سەر لایە کەی تر ، ئەوا ئیوە بەگژ ئەویاندا بچن کەستەم دەست دریژی دەکات ، هەتا دەگەریتەوە بۆ فەرمانی خوا .. جا گەر لایەنە سەرکەشە کە بۆ فەرمانی خوا سەری دا نە نواند ، ئەوە ئیوە ناو بژیوانیکی دادگەرانە لە نیوانیاندا بکەن و داد پەروەری ئە نجام بدەن ، چونکە بەراستی خوا ئەوانەی خۆش دەویت کە داد پەروەری ئە نجام دەدن..

هەلویستەکانی تری عبداللەی کوری ئوبەی کوری سەلول ، لە بەشەکانی دا هاتووە باسی دە کەین کەلە جەنگ و غەزاکان چۆن دووڕووی خۆی نیشاندەدا بەرامبەر بەموسلمانان و پەیغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) هەروەها (ابوهوریرە) بۆمان دەگیریتەوە دەربارەی سیفاتی منافق کە پیغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) فەرموویە تی :(ایة المنافق ثلاث : إذا حدث كذب ،وإذا وعد أخلف ،وإذا أؤتمن خان)

واتا: نیشانەی منافق سی یانە : ئەگەر قسەی کرد هەمیشە درۆ دەکات ، ئەگەر بەلینی دا بەهیچ شیوەیەك بەلینە کە نایاتەسەر ،ئەگەر راسپاردە یان ئەمانەتیکی پیدرا خەیانەتی لیدەکات ...

## هەلویستی کافرانی قورەیش دژبەموسلمانان لە شاری مەدینەدا

**یەکەم هەلویست :** یەکەم هەنگاویك کە کافرانی قورەیش پی هەستان دژبە موسلمانان و پیغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) ئەوە بوو هەستان بە ئاژاوە نانەوە لە ناوشاری مەدینەدا ، بۆ ئەوەی پیغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) نەتوانیت لە شاری مەدینەدا نیشتە جی بیت یان جیگیر بیت ، ئەوە بوو نامە

ئ
یەکی هەڕەشە ئامێزیان ئاراستەی سەرکردەی موونافیقان کرد کە ( عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول ) بوو بەلی قورەیش هەڕەشەی توونديان لی کرد وە پییان ووت : گەر محمد و کۆچ کەران بگرنە ئەستۆی خۆتان ئەوا چاوەری هەرەشەی تۆلە سەندنەوەی قورەیش بن ...

وەك ( عبدالرحمن ی کوری کەعبی کوری مالیك ) دەفەرموویت : ( کافرەکانی قورەیش نامەیەکیان نووسی و ئاراستەی ( عبدالله کوری ئوبەی کوری سولول ) کرد بۆ خۆی و ئەو کەسانەی کە بت پەرستن بوون لەگەل یدا لە دوو لایەنی (ئەوس و خەزرەج ) ی نیشتەجیی شاری مەدینە ، لەرۆژیکدا بوو کە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کۆچی کردبوو بۆ شاری مەدینە پیش جەنگی بەدر و لە نامەکەدا بەم شیوەیە هەرەشەکەیان نووسیبوو : ( ئیوە ئەو هاوەلەی ئیمەتان گرتۆتە خۆ و سویند دەخۆین بە خوا یان ئەوەتا دەجەنگین لەگەل یدا و دەری دەکەن لەناوتاندا یان ئەوەتا ئیمە هەر هەموومان هەل دەکوتینە سەرتان و شەر کەرەکانتان دەکوژین و ئافرەتەکانتان بۆ خۆمان حەلال دەکەین ) کە کاتی ئەم نامەیە گەیشت بە ( عبدالله کوری ئوبەی کوری سولول ) خۆیی و ئەوانەی کە بت پەرست بوون و مابوونەوە لەگەل یدا کۆبوونەوەیەکیان کرد دژبە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) و کاتی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ئەمەی پی گەیشت هات بۆ لایان و فەرمووی : ( لقد بلغ وعيد قريش منكم المبالغ ما كانت تكيدكم بأكثر مما تريدون أن تيكيدوا به أنفسكم ) واتە : هەرەشەی قورەیش بە جاری کاریگەر بووە لە ئیوەدا و نەی توانیوە ئەوتان لی بکات کە ئیوە بەدەستی خۆتان لە خۆتانی دەکەن ،دەتانەوی بجەنگن لەگەل کوران و برایانی خۆتان و بیان کوژن ، کە ئەمەی فەرموو ئەوان بلاوەیان لی کرد و دەست بەرداری ئەو کارە بوون و ئە هەوالەش گەیشتەوە بە قورەیش ). اخرجه : ابو داود ٣٠٠٤، وقال الحافص ابن حجر فی الفتح ٣٣/٧.

دووەم : هەلویستی قورەیش: ئەوبوو کە بەوە دوە نەوەستان بەلکو هەستان بە قەدەغە کردن و ریگرتن لەو حاجیانەی ناوی شاری مەدینە کە بە نیازی حەج و عەمرە سەردانی مالی خوا بکەن، لەو رووداوانەوانە رووداوی ریگرتنی ( ابو جهل ) لە پیاوی بەرزی خەزرەج ( سعدی کوری معاذ ) وەك لە ( ابن مەسعود ) وە بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( سعدی کوری معاذ ) هاوری ( ئومەیی کوری خلف ) بوو ( ئومەیی ) هەرکاتی بۆ بازرگانی ری ی بکەتایەتە وەلاتی شام لای دەدا ناو شاری مەدینە و دە چووە مالی ( سعد ) وەلە هەمان

ئ

کاتدا ئەگەر ( سعدیش ) هەر کات بچوو بایە شاری مککە دە چووە مالی ( ئومەیی کوری خلف ) ، کاتی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە و نیشتەجی بوو تیایدا ، ( سعد ) بەریکەوت بۆ شاری مککە بە نیازی سەردان و عەمرە کردن بۆ مالی خوا ، لەوی دابەزی و چووە مالی ( ئومەیی کوری خلف ) ووتی : تەماشا بکە هەر کات تۆزی چوار دەوری کەعبە چۆل بوو ئاگادارم بکەرەوە تا تەوافی کەعبە بکەن ، ( ئومەیی کوری خلف ) بە ( سعدی کوری معاذ ) ووت : چاوەری بکە تا نزیکی نیوەرۆ ئینجا خەلك هەر یەکە بلاوەی لی دەکەن و دەرۆن بەلای ئیش و کاری خۆیانەوە ئەو کاتە تەواف بکە ، ئەوە بوو چووە بۆ تەواف کردن بە چواردەوری کەعبەدا و کاتی تەوافیان دەکرد ( ابو جهل ) پییان گەیشت و بە ( ئومەیی کوری خلف ) ی ووت : ئەی باوکی سەفوان ئەم کی یە لەگەلت تەواف دەکات ؟! ئومەیی ی کوری خلف ووتی : ئەوە ( سعدی کوری معاذ ) سعدیش ووتی : منم سعدم !! ( ابوجهل ووتی : ئایا دەتەویت بە ئارامی بە دەوری کەعبەدا بسووریتەوە کاتی کە هاوەلانی محمد تان گرتۆتە ئە ستوی خۆ ؟! وە گوایە ئیوە ووتونانە ئیوە سەری دەخەن و یارمەتی دەدەن ؟! بەلام وەلاهی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبیت لە گەل ( ئومەیی کوری خلف ) دابوو واتە : باوکی سەفوان ، ( ابو جهل ) ووتی : نەم دەهیشت بە سەلامەتی بگەریتەوە بۆلای خزمانی خۆت!! ( سعد ) بە هەرەشەوە دەنگی بەرز کردەوە ووتی : وەلاهی ئە گەر ریگرم بیت لەم تەوافەدا ئەوا دەبم بە ریگر لیت لەو شتەی کە خرا پتر و کاریگەر ترە ئەویش بازرگانی یەکەتانە بۆ شام !! ئومەیی کوری خلف زوو زوو بە ( سعد ی ) دەووت : دەنگ بەرز مەکەوە و بەسەر ( ابو حکم ) دا ئەوە گەورە سەرۆکی ئەم دۆلەیەواتە : شاری مککە ، تا سعد بیزرا بو لە ئومەیی کوری خلف و پی ووت : واز بهینە وەلاهی گویم لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو دەیفەرموو : ( ئەوان تۆ دەکوژن ! ووتی : من ؟ سعد ووتی : بەلی ، ئومەیە ووتی : لە مککەدا ؟ سعد ووتی : نازانم ، ( ئومەیەیی کوری خلف ) ترسیکی زۆری لی نیشت و ووتی : وەلاهی محمد هەرگیز درۆ ناکات ئەگەر ئەو قسەیەی کردبیت ، ئینجا گەرایەوە بۆلای خیزانی و پی ی ووت : دایکی سەفوان نازانی برا مەدینەیەکە چی پی ووتم ؟! خیزانیشی ووتی : چی پی ووتیت ؟!

ئومەیەی کوری خلف ووتی : گوایە محمد پی راگەیاندووە کە من دەکوژن !! وەلاهی محمد یش هەرگیز درۆی نەکردووە ، دایکی سەفوان واتە:خیزای ئومەیی یە ووتی : لە شاری مککە ؟! ئومەیی یە ووتی : وەلاهی نازانم و لیم پرسی لە مککە ئەویش ووتی نازانم واتە:( سعدی کوری معاذ ) ئومەیی یە کوری خلف ) بە خیزانە کەی ووت: کەواتە لە شاری مککە دەر ناچم ).البیهقی فی الدلائل ٣/٢٥ .

ئ

له بەر ئەم هەڕەشانەی کەکافرانی قورەیش دەیان کرد دەحەق بە موسلمانانی شاری مەدینە بە کۆچکەران و ئەنصارە کانی شاری مەدینە بۆیە هەردوولا لە کۆچ کەران ئەنصارەکان پاسەوانی شاری مەدینەیان دەکرد تەنانە وای لیهاتبوو بە چە کەکانیانەوە دە خەوتن بۆ پاراستنی شاری مەدینە لە دوژمنانی قورەیش

له ( ئوبەی کوری کەعب ) وە –خوا لی رازی بیت ) دەفەرموویت : ( کاتی پیغەمبەر (صلی اللە علیه وسلم ) خۆیی و هاوەلە کانی گەیشتنە ناو شاری مەدینە و کاتی ئەنصارەیەکان ئەوانیان گرتە خۆ هەموو عەرەب دژ بە خەلکانی ناوشاری مەدینە وەستان و موسلمانانیش شەو بەچەکەکانیانەوە نە یا نەدە خەوتن و بەرۆژیش بە چەکەوە نەبایە نەدە سورانەوە ئەوان لە بەر خۆیانەوە دەیان ووت : تۆ بلی رۆژیك بیت بەچاوی خۆمان ببینین کە ئیمە ئارمین و لە خۆمان ناترسین ؟! تۆ بلی رۆژیکی وا بیتە پیش ؟ ئەمە لەو کاتەدا بوو کە ( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە و دەفەرموویت ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ **النور ٥٥.**

واتا : ( خوای گەورە ) بەلینی دلنیا بەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەریان هیناوە لە ئیوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەراستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جی نیشین وپایە داریان دەکات لەولاتدا هەروەك ترس و بیمیان بۆ دە گۆریت بە ئارامی و هیمنی ، ئەو کاتە ئیتر بە تەواوای هەر من دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەل و شەریکیکم بۆ بریار نادەن ، ئەوسا ئەوەی دوای ئەوپایە داریە بیباوەر بین ، ئا ئەو جۆرە کەسانە تاوانبارو لە سوور دەرچوون ..

بەلی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) لەبەر ئەم هەموو جۆرە هەرەشانەی کەدەیان کرد لە بت پەرستان و کافرانی قورەیش کەدەیان کرد ، بۆیە هەموورۆژیك لە لایەن هاوەلانەیەوە پاسەوانی دەکرا بە چەکەوە ، چونکە لەم کاتەدا دوژمنی زۆر بوو لەلایەك هەرەشەی قورەیش و لەلایە کی ترەوە هەرەشەی جوولەکە فیل بازە کانی ناوشاری مەدینە و لەیە کی تریشەوە مونافیقە کانی ناوشاری مەدینەدا ئەمانە هەر هەموو هەرەشە بوون لە سەر موسلمانان و پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) ..

لە ( عائیشە ) وە –خوا لی رازی بیت – سەبارەت بەیکی لەوشەوانەی کە پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) دەرنگ خەوتووە و چۆن ( سعدی کوری ابی وەقاص ) پاسەوانی پیغەمبەری خوای ( صلی اللە علیه وسلم ) کردووە ...

ئ

( عائيشه ) دەفەرموويت : ( پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) كە يەكم جار هاتە ناو شارى مەدينە شەوان درەنگ دەخەوت و شەويكيان خەولى نەكەوت و فەرمووى : ( ليت رجلا صالا من أصحاب يحرسني الليلة ) واتە : خۆزگە پياو چاكيك لە هاولانى خۆم ئەم شەو پاسەوانى دەكردم ، لەم قسانەدا بووين و گويمان لە خشە خشى شمشير دەرهينان بوو لە كيلان ، يەكسەر پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : ئەوە كى يە ؟! سعدى كورى وەقاص ووتى : منم سعدى كورى وەقاص ، پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : چى واى لى كرديت ئيستا بييت ؟! سعد ووتى : خەيال كەوتە دلمەوە و ترسام پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) شتيكى لى بكريت بۆيە بەم شيوەيە هاتووم كە پاسەوانيت بكەم ، ئينجا پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دوعاى بۆ كرد و خەوت ). اخرجه : الطبراني في الاوسط ٢١١٧ ، والحاكم في المستدرك ٤٠١/٢.

( وە ئەم پاسەوانيەتيە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەردەوام بوو تا غەزاى حونەين )

فتح البارى ٣٧٢/١٣. بەلى تا دوا جار ( خواى گەورە ) ئەركى پاراستنى پيغەمبەرى ( گرتە ئەستۆيى خۆ ، وە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پاسەوانە كانى خۆى بلاوەى پى كردووە ..

لە( عائيشە ) –خوا لى رازى بيت – دەفەرموويت : ( هاوەلانى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پيشتر پاسەوانى پيغەمبەريان دەكرد هەتا ( خواى گەورە ) ئەم ئايەتەى دابەزاند خوارەوە كە دەفەرموويت : ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ المائده ٦٧. واتا : ئەى پيغەمبەرو فرستادە ، هەرچى فەرمان و پەياميكت بۆ دابەزيووە لەلايەن پەروەردگارتەوە بى دوو دلى بى ماتلى راى بگەيەنە ، خۆ ئەگەر بە كارە هەلنەسايت ، ئەوە ماناى وايە پەيامەكەيت ( بەتەواويى ) نەگەياندووە ( دلنياش بەكە ) خوا ) دەتپاريزيت لەشەر و خرا پە ى خەلكى ، چونكە بەراستى خوا هيدايەت و رينموويى قەوم و هۆزى بى باوەران نادات ...

هەروەها لەدواى ئەم ئايەتە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمو وى: ( يا ايها الناس إنصرفوا فقد عصمني الله ) واتە : ئەى خەلكان بلاوە بكەن لە چوار دەورى من ، ( خواى گەورە ) منى پاراستووە.

اخرجه : النسائى ٣٤/٨ ، والترمزى ٣٠٤٦ .

## نووسينى دەستوور ( الصحيفة ، الوثيقة ) لە شارى مەينە دا

ئ

ئەو دەستوورەش لە هەندیك سەرچاوەكانی میژوودا بەناوی (الوثیقة) هاتووە ، بەلام لە خودی ئەو نووسخەیەدا ، كە بەسەر زاری رۆشنایی چاومان دا هاتووە (الصحیفة) .

لە (ابن اسحاق) _خوا لی رازی بیت _ كە دەفەرموویت : ( وكتب رسول الله (صلی الله علیه وسلم) كتابا المهاجرین والانصار ، وداع في الیهود ، وعاهدهم وأقرهم علی دینهم وأموالهم ، وشرط لهم وأشترط علیهم )

واتا: پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نووسراویكی نووسی ، لە نیوان كۆچكەران و ئەنصارە كان لە لایەكەوە چۆن بە یەكەوە ، مامەل بكەن ، (لە لایەكی دیكەوە چۆن ئەو كۆمەلگا یەی لە سەر ئاینی ئیسلام لە گەل پیكهاتە ئاینە كانی تر وەك جوولە كە چۆن مامەلەبكات).

وە بی گومان باسی جوولە كەمان كرد كە چۆن خاونی هیچ بەلینیك نین ، بە لی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە گەل جوولەكە كە پە یمانی لە گەلدا بەستن ، وە دانی پیدا هینان كەلەسەرئاینی خۆیان بمیننەوە، وە مال و سامان ی خۆیا هی خۆیان بیت ،و هەندی مەرجی بۆ دا نان و ، هەندیكیشی لی بەمەرج وەرگرتن ، كەواتە: بەكورتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەستووریكی دانا ، ئەوەی كە ئیستا پی دە ووتریت ، یاسای دەستوور یان (القانون الساسی) دەستوور ، وە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەم دە ستوورەی شاری مەدینەدا هیلە گشتیە كانی دانا بۆ چۆنیەتی مامەلە كردنی كۆمەلگا و دەولەتی ئیسلام لە شاری مەدینەدا ، لە نیوان خۆی و تاكەكانی كۆمەلگای مەدینە..

ئەم دەستوورەش بەمشیوە یە دەست پی دەكات:(بسم الله الرحمن الرحیم ، هذا كتاب محمد النبي (صلی الله علیه وسلم) بین المؤمنین والمسلمین من قریش ویثرب ومن تبعهم فلحق بهم وجاهد معهم ، انهم امة واحدة دون الناس ... ) سیرابن هشام ٢٦٢/٢.واتە:بەناوی خوا بەزەیی بەخشندە ، ئەم نووسراویكە لە محمدی پیغەمبەرە وە (صلی الله علیه وسلم) لە نیوان ئیماندارن و موسلمانان لە قورەیش و لە مەدینە وە ئەوانەی كە پییان دەگەن و جیهادیان لە گەلدا دەكەن ، كە ئەوانە ئوممەتیكن جیا لە خەلك ... واتە: كۆچ كەران و ئەنصارە كان وە ئەوانەش لەدواییدا پییانەوە پەیوەست دەبن ، ئۆممەتیكی سەربەخۆن ، وەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ الانبیاء ٩٢ واتا: خەلكینە بەراستی ئە ئایینەی كە ئەم پیغەمبەرانە هیناویانە ئایینەكەی ئیوەیە ، كەیەك ئایینە و منیش پەروەردگارتانم تەنها من بپەرستن ...

ئ



# بەشی : پێنچەم

## فەرمان کردن بۆ جیهاد و مولەت دانی جیهاد

ئ



ئ

جیهاد لە رووی زمانەوانیەوە بریتیە : لە ( سەفرکدنی مال و سامان هیز و توانا دیت ،جا چ لە رووی گوفتار ( قول ) وە یان چ لەرووی کردار ( فعل ) وە ، وە لە رووی شەریعەتیشەوە بەمانی جە نگ و شەر کردن دیت لە گە کافران و بی باوەران و لە دین هەلگەراوە کانی محارب کردن لە گەل موسلمانان ، ئەوانەش کە کافرو بی باوەرن ئاشتیان دە ویت واتە : شەر کەر نین ناجەنگن نابیت جەنگیان لە گەلدا بکریت .. بە بەلگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ی قورئان کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ﴾ الحج ٧٨ . واتا : هەروەها بەردەوام بن لە خەبات و جیهاد و هەول و کۆشش لە پیناوی خوا دا بەو شیوەیەی کە شایستەیەتی .

بەلی جیهاد لە حوکمی شەریعی دا فەرزی کیفایە یە ، بەلام بەرمەرجیک کە ئەگەر هەندیك هەبن هەستن بە م ئەرکە را پەرینن ، ئەوا لەسەر باقی خەلك لادە چیت ، چونکە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿ وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً﴾ التوبە ١٢٢ .واتا : جا رەوانیە هەرچی ئیمانداران هەیە بە جاریك بچن بۆ غەزا یان جیهاد یان بۆ هەر کاریکی پیویست .

بەلی ووتمان جیهاد فەرزی کیفایەیە ، بەلام کاتیك جیهاد دە بیتە فەرزی عین بە مانای ئەوەیە واجب دەبیت لەسەر تەواوی موسلمانان ، ئەگەر جەند مەرجیك لە ئارادا بیت ، هەروەك ( ابن قدامى مقديسى ) —خوا لی رازی بیت – لە کتیبی ( المغنى ) دەفەرمووی : ( جیهاد لە سی حالەتدا دەبیت بە فەرزی ( عین )

١- ( إذا التقى الزحفان ، وتقابل حرم على من ضر الانصراف ) واتا : ئەگەر دوو سوپا گەیشتنە یەك و هەر دوو کۆمەلی کوفرو ئیمان رووبەرووی یە ك بوونەوە ، ئەوا حرامە ئەو کەسە ی لە جیهادە کە دا یە پشت لە مەیدانە کە هەلبکاو رابکات ، هەروەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ﴾الانفال ١٥. واتا : ئەی ئەوانەی کە باوەرتان هیناوە هەرکاتیك رووبە رووی کافران بوونەوە ، پشتیان لی هەلمەکەن و هەلمەیەن ..

٢- ( إذا نزل الكفار ببلد ، تعين على أهله قتالهم و دفعهم ) واتە : ئەگەر کافران هاتنە ناو وەلاتیك و داگیریان کرد ، ئەوا جیهاد لەسەر خەلکی ئەم شارە فەرزی عین واتا واجبە لە گەل کافراندا بجەنگین و دەریان کەین هەروەك : ﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ﴾ النساء ٧٥.

٤١٤

ئ

واتا: ئەوە چی تانە ، بۆ چی ناچەنگن لە پیناوی خواا بۆ رزگار کردنی چەوساوەکان واتە: زەعیفە کان ،وە لە پیناوی ئافرە تان و مندالاندا ..

٣- (إذا استنفر الإمام قوما لزمهم النفير معه )، واتە: ئەگەر پیشەوای گەلیك داوای را پەرینی سەرتاسەری کرد ، ئەوا ئەو خولکە دەبی پابەند بن ، بە را پەرینەکە لە گەلی . هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انْفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الْأَرْضِ أَرَضِيتُمْ بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الْآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ التوبه ٣٨. واتا: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەرتان هیناوە ،ئەوە بۆ چی کاتی کە پیتان دە گوتریت را پەرن و ئامادە بن و هیرش بەرن لە پیناوی ئاینی خوا دا، کە چی ئیوە لە شتان دادە هیزریت و دەلکین بە زەویدا وە زە مینگیر دە بن ، ئایا ئیوە رازین بە ژیانی دونیا کە بە گرنکتری دەزانن ، لە ژیانی نەبراوەی قیامەت بی گومان ژیانی دونیا لە چاو ژیانی پر لە شادیی قیامەتدا زۆر زۆر کەم تەمەن و کەم خۆشییە . یان (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قَاتِلُوا الَّذِينَ يَلُونَكُمْ مِنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾ التوبه ١٢٣.واتا: ئەی ئیمان داران شەر بکە ن یان بجەنگن لە گەل ئەو کافرانەی لیتان نزیکن،بەردەوروبەردتاندا نیازی شەر فرۆشتنیان هەیە ، و باتوندو تیژی و هیزو تواناتان تیادا بەدی بکەن ، بشزانن بەراستی خوا یاوەر و یاوەری ئە وانەیە کە لە خوا دە ترسن ..

کەواتە : جیهاد لە بنجینەدا فەرزی کیفایە یە ، بۆ یە پیویستە لە سە ر موسلمانان بە هەر جۆریك بیت و بە پی توانا ئەرکی جیهاد را بپەرینن ، هەروە ك پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموویت ( جاهدوا المشركين بالسنتكم وأنفسكم وأموالكم وأيديكم ) واتە: جیهاد بکەن لە گەل بی باوەران دا بە ( زمان و گیان و مال و دەست ) کان تان ).رواه احمد .

هەروەك ئەم فەرمووديە کە لە ( ابى هورەيرە وە ) بۆمان دە گيريتەوە ،-خوا لی رازی بیت – دەفەرمووی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموویت :(إن في الجنة مئة درجة أعدها الله للمجاهدين في سبيله ، ما بين الدرجتين كما بين السماء والأرض ) واتە : لەبەهەشتدا سەد پلە هەیە (خوای گەورە) بۆ موجاهیدانی ئامادە کردووە نیوان هەر دوو پلە یەك بەقەدە ماوەی نیوان ئاسمان و زەوی یە ).رواه البخاری .

لە ( ابى هورەيرەوە ) –خوا لی رازی بیت –دفەرمووی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسم ) فەرمووی : ( مثل المجاهد في سبيل الله ، كمثل الصائم القائم القانت بآيات الله لا يفتر من صيام ولا صلاة حتى يرجع

ئ

المجاهد فيسبيل الله ) . واتە: نموونەی ئەوکەسەی جیهاد دەکات لە پیناوی ( خوای گەورە ) دا وە ك ئەو کەسە وایە بە بەردەوامی بەرۆژو بەرۆژووە وە بەشەویش شە و نویش دەکات و قورئان دە خوینیت دەپاریتەوە لەخوا نەواز لە رۆژووە کەی دەهینی و نەواز لە تویژکردنەکەی دەهینی هەتا موجاهیدەکە دەگەریتەوە لە جیهاد . رواە : البخاری و ملسم .

لە ( ابی هورەیرە وە ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرمووی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەموویت : ( ... والذي نفسي بيده لوددت أن اقتل في سبيل الله ثم اقتل ثم احيا ثم اقتل ثم احيا ثم اقتل )) رواە مسلم . (( لوددت اني اعزو في سبيل الله فاقتل ثم اغزو فاقتل )) رواه البخاري .

واتە : سویند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە حەز دەکەم بکوژریم لە پیناوی خوا ی گەورە دا پاشان زیندوبمەوە پاشان بکوژریمەوە پاشان زیندوببمەوە پاشان بکوژریمەوە پاشان زیندوببمەوە پاشان بکوژریمەوە ) لەراوایەتی مسلم . ( حەزم دەکرد لە کاتی جیهاد کردندا بکوژریم دیسان جیهادم بکردایە تەوە بکوژرامایە تەوە لە پیناوی خوای گەورە دا ) ریوایەتی بوخاری .

لە ( انسی کوری مالیك ) –خوا لی رازی بیت - دەفەرمووی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (( لغدوة في سبيل الله او روحة خير من الدنيا و ما فيها )) واتە : بەیانیەك یان ئیوارەیەك جیهاد کردن لە پیناوی خوای گەورە دا چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەی لە ناوی یە تی )رواە البخاری والمسلم .

لە ( ابن مسعود ئەنصاری ) –خوا لی رازی بیت – دە فەموویت : ( جاء رجل بناقة مخطومة فقال هذه في سبيل الله فقال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) : (( لك بها يوم القيامة سبع مائة ناقة ، كلها مخطومة )) واتە : پیاویك هاتە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووشتیریکی لە گەل خۆی هیناو بوو ووتی ئەمە بۆ خوایە – پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : لەبەرامبەر ئەمەدا لە بەهەشت حەوسەد ووشتری تر وەر دەگریتەوە . رواە مسلم .

بە لی گرنگترین رووداوە کانی سالی دوو هەمی کۆچی بریتیی بوو لە مولەت دان یان فەرمەمان کردن بە جیهاد ، هەروەها( خوای گەورە ) ماوەی دا بە ئیمان داران تا جیهادی کافران بکەن بە چەك روو

ئ

بەروویان  ببنەوە ، چی تر نەهێلن دەست درێژی بکەنە سەریان ، چونکە لە ماوەی ئەو پانزە ساڵە ئیمانداران دینێکی پاك و بێ گەرد یان بۆ خۆیان هەڵبژارد ووە ، زیان بە کەس نا گەیەنن ، بەرامبەر بە سزای ئازارو ئەشکە نجەی قورەیش بە بێ دەنگی وەستا بوون ، دە ستیان نەدە کردوە  ، بە ڵی با هەر هەموو سەرزەوی شاهید بێ کە هەڵگرانی قورئان ئاشتی خوازن ، تا سزای کافران لە سنوور دەر نەچی ئەوا دەست نا کەنەوە ، کە دەستی شیان کردەوە کورزی چاك دە وەشێنن .. بەڵی پێغەمبەر ی خوا (صلی الله علیه وسلم ) و کۆمەڵەی ئیمانداران  سیانزە ساڵی رەبەق لە مککەدا بە ژیرانە ومەردانە خەریکی خوا پەرستی بوون ، بێ ئەوەی ئازاری هیچ کەسێك بدەن یان تەنگ بە هیچ کەس هەڵ بچنن و بێ ئەووش ئەمن و ئاسایش لە ناوچە کەو دەوروبەرە کەدتێك بدەن ، کە چی دانیشتوانی شاری مککە کافرانی قورەیش بێ رەحمانە ئالای دژایەتی کردنی قورئان بەرز کردەوە  ، سزاو ئازارێکی سەختی پێغە مبەر (صلی الله علی وسلم ) و هاوە لانیان دا ، بەلام چۆن سزایەك لە گەڵ ئەوەشدا ئیمانداران هەر لە زیاد کردن دا بوون ، بەڵی بەو پەری ورەی بەرزەوە دامەزراوەی ئیمان لە سەر کاری خۆیان بەردە وام بوون ، چونکە ئاگایان لێ بوو ، کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دە هاتە خوارەوە ، ئامۆژگاری موسلمانانی ئەکرد کە دان بە خۆیان دا بگرن و صبرو تەعاملیان هەبی بەرامبەر بە ئازاردانیان لە لایەن بێ باوەرانی قورەیش ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووی : ﴿ وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ﴾ النحل ١٢٧.   واتا: ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) ئەی ئەمانداران ، خۆگرو ئارامگربەو خۆگری و ئارامگریە کەشت تەنها بە کۆمەکی و یارمەتی خوا دەبێت بەکەسی تر ناکرێت خەفەرتیش مەخۆ لە خوانە ناسان کە باوەر نا هێنن و دلتەنگ مەبە لەبەرامبەر ئەو پیلان و نەخشانەی کە دوژمنان دەیگێرن .

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾الشوری٤٣. واتا: لە راستیدا ئەوەی دان بە خۆیدا بگرێت و چاو پۆشی بکات و لیخۆشبوون بێت لە کاتیکدا کە دە توانێت تۆلە بسێنێت بەراستی ئەوە کارێکی بەجێ و چاك پەسند ئەنجام دەدات ، بەراستی ئەوە لەو کارانەیە کە پێویستە بکرێت ... (خوای گەورە ) دەفەرموویت :﴿ فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ...﴾ الاحقاف ٣٥. واتا : کەواتە ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) دان بە خۆدا بگرە و خۆراگربە هەروەکو پێغەمبەرانی خاوەن ویستی بەرهێز خۆراگر بوون ...

ئ

( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا﴾ المزمل ١٠ واتا: لە بەرامبەر گوفتاری نارەوای خوانە ناسانەوە هەردەم خۆ راگربەو بە شیوازێکی جوان هیجرت بکە یان بە جیان بهیلە ...

بەلی زۆر جاریش کە موسلمانان هانایان ئە هینا بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کە هی وا یان هەبوو لیدرا بوو ، هی واش هەبوو سزاو ئازار درابوو لە لایەن کافرانی قورەیشەوە ، بەلی ئە هاتنە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) شکایەتیان ئەکرد و حالی خۆیان بۆ باس ئەکرد ، بەلی پیغەمبەری خوا ش بەو پەری دامەزراوی یەوە نموونەی بۆ دە هینانەوە دەی فەرموو ( اصبروا فأني لم أومر بقتال )) واتا : دان بە خۆتان بگرن ، فەرمانی جەنگم پی نەدراوە .. هتا ئەوە بوو ( خوای گەورە ) بە سۆزی بەلیشاوی ، دەرگای رەحمەتی لی خستنە سەر پشت و ئەنصار موسلمان بوون و ، کۆچیان کرد بۆ ناویان و ، لە مەدینە بوونە خاوە نی دەسەلات .. هیزیان پەیدا کرد ، کاتی ئەوە هات دە ستی خوین مژو زالم و ستەم کارانی قورەیش کۆتا پی بهینن هە رواش بوو کە نەك قورەیش کۆتایی هات بەلکو ئەو دوو زل هیزەی ئەو کاتی جیهان هەروە ك ئیمپراتۆریەتی فارس و روم .. بەلی یەکەم ئایەتیك کە مولەت بە موسلمانان بدات تا کوشتاری کافرە کان بکەن و ، بەلینی سەرکەوتن بە ستەم لی کراون بدات ، ئەوانەی کەلە سەر مال و حالیان دەرکراون بی ئەوەی هیچ تاوانیکیان ئەنجام دابی ، ئەو ئایەتانەی سورەتی حەج بوون کە ئەفەرموون : ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ الحج ٣٩-٤١ .واتا: مولەت دراوە بەو ئیماندارانەی شەریان پیدەگیرن ، کە بجەنگن و بەرهەلستی بکەن چونکە بەراستی ستەم لیکراون ، بی گومان خوا دەسەلاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پیببە خشیت ... ئەوانەی کە بەناحەق لە ولاتیان دەر بەردەر کران تەنها تاوانیان ئەوە بوو کە دەیان ووت : پەروەردگار مان ( الله ) یە ، خۆ ئەگەر خوا خەلکی نەدا بە یەکداو حەق دژی بەتال نەوەستیت ، هەرچی شوینی خوا پەرستی جوولەکە و گاور هەیە لە خەلوتگە و کلیسا و کەنیسە ، هەروەها مزگەوتانیش کەناوی خوای زۆر تیدا دەبریت ، هەمووی کاول دەکریت ، سویند بیت بی گومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پیشتگیری ئاین و بەرنامەکەی دەکات و هەوالی سەرخستنی دەدات ، بەراستی خوا زۆر بەهیز و بالادەستە...

ئ

ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نویژ و دروشمەکانی بە چاکی رادەگرن ، زەکاتیش بە تەواوی دەدەن ، فەرمان بە چاکە دەکەن ، قەدەغە لە خراپە دەکەن ، سەر ئە نجامی هەموو کاریکیش هەر بۆ لای خوا دەگەریتەوە ...دیارە مولەت دان بۆ هەر کاریك دوای قەدغە ئەبیت ، ئەمەش ئەبیتە بەلگەی ئەوە کە ئەم ئایەتانە بۆ فەرمان دان بە جیهاد هاتوونەتە خوارەوە ، ئەمەش رای ئیبن عباس ... ئیبن جەریریش لە ئەبو لعالییە وە ، کە تابیعی یە تخریجی کردووە کە یەکەم ئایەت لە و بارەوە ئەمەیە کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ ﴾ البقرە ١٩٠. واتا: بجەنگن لە پیناوی ریبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دە جەنگن ، نەکەن دەست دریژی بکەن دژی منال و مالات و ... هتد چونکە بەراستی خوا ئەو دەست دریژکەرانەی خۆش ناویت ..هەندیکی تریش وەها ئە بینن کە یەکەم ئایەت ئەمەیە کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ التوبە ١١١.واتا: بەراستی خوا ، گیان و مالی لە ئیمانداران کریوە بەوەی کە بەهەشت بۆ ئەوانەو بەشیانە بەراستی پەروەردگاریکی بەخشندەیە ، هەر خۆی بە خشینەری گیان و مال و سامانە، کەچی ئاوا مامەلە دەکات لە گەل ئیمانداراناداو نرخیکی نەبراوە ، کاتیك لە پیناوی ئەودا دەییە خشن ئەوانەی دەجەنگن لە پیناوی ئاینی خوادا ، دوژمنانی ئاینی خوا دە کوژن لە گۆرە پانی جەنگدا یان دە کوژرین و شەهید دەکرین ئەو پاداشت و بەلینە بەراستی لەسەر خوایە و باس کراوە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا ، جا کی هەیە بە قەدەر خوا بە وەفا و بە ئەمەك بیت بۆ جی بەجیکردنی بەلینەکانی ، کەواتەزۆر دلخۆش و کامەران بن بە مامەلەیەی کە ئە نجامتانداوە و بەو فرۆشتن و کرینەی کەلە سەری ریککەوتوون ، بی گومان هەر ئەوەشە سەر فرازی و سەرکەوتنی نەبراوە و بی سنوور .. بەلام رای یەکەم لەوانی تر راست ترە ..

ئ

بەلی لەوە ئەچی کە مولەتی دانی جیهاد کردن لە سەالی دوو هەمی کۆچی دا بوو بیت ، چونکە موسلمانان لە سالی یەکەمی کۆچی دا خەریکی دورست کردنی مزگەوت و کاروباری گوزەرانیان بوون هەروەها خەریکی برایەتی نیوان کۆچ کەران و ئەصارە کان بوون ، هەروەها خۆ گونجانیان لە گەل جوولەکەکانی شاری مەدینەدا ، جا وا چاکە حیکمەتی جیهاد کردن بخەینە بەر دەست ئازیزان ، تا تی بگەن کە جیهاد چ مەبەستیکی بەرزی بەکەلکی تیایە بۆ گرۆی مرۆڤ ، ئەو جیهادەش کە موسلمانانی سەرەتایی ئیسلام کردوویانە گەورەترین خەزمەت بووە کە پیشکەش بە مرۆڤایەتی یان کردووە ..وەك لە رابردوودا بسمان کرد ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کۆمەلگاو دەو لەتی ئیسلامیی لە شاری مەدینەدا لەسەر چەند بنەمایەك بنیاتنا ، کە یەکیان بریتیە لە ئامادە سازی بۆ جەنگ و فیدا کاریی چونکە شتیکی بەلگە نەویستە کە هەر کۆمەلگاو کیان و دەولەتیك تواناى بەرگریی لە خۆ کردنی نەبی ، بی گومان ناتوانی دریژە بە بوونی خۆی بدات و ئەو ما نجانەش کە دەیەوی بیانهینیتە دی ، بۆی نایەنە دی ، جا لیرەدا من باس لە چوار خالی سەرەکی دەکەم ، کە چۆن پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پلە بە پلە و وردە وردە دەستی کردوە بە جەنگ و جیهاد کردن لە گەل بی باوەراندا لە پیناوی گەرانەوەی ئاشتی و ئارامی دوورگەی عەرەبیدا چونکە لە و کاتەدا دوورگەی عەرەبی نەخرۆی زولم ستەمی نەفامی ببوو ..

**یەکەم** : بەبی هیزو توانا بەرگریی لە خۆ ناکری و بە بی بەرگریی لە خۆکردنیش هیچ ئاما نجیك بەدی نایەت :- بی گومان ( خوای گەورە ) لە چەند ئایەتیکدا باسی ئە وراستیەی کردوو ە ، کە موسلمانان پیویستە بەرگریی لە خۆیان بکەن و دەبی هیزو پیزیکی وا دروست بکەن ، کە ببیتە پەرژین و قەلایەك و بوونی خۆیانی پی بپاریزن و دوژمن و ناحەزانی خۆیانی پی بترسینن ، تاکو تەماعیان تی نەکەن ، بۆ وینە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾الانفال٦٠. واتا: ( خوای گەورە ) فەرمان دەدات بە کار بەدەستانی دەولەت ئیسلام : هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهیزکردنی سوپای ئیسلام بیخەن گەرو ئامادەیی بکەن هیزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی ..هتد و لە ئامادەکردنی هەمووجۆرە ئەسپ و هۆکانی تری گواستنەوە کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پی چاوترسین بکەن ، با کەسانی چاو ترسین بن کە ئیستە ئیوە نازانن کین و نا یانناسن ، بەلکو هەر خوا خۆی دەیان نناسیت و هەر شتیك ببەخشن لە پیناوی خوادا بۆ بەهیز کردنی سوپای ئیسلام ، ئەوە بەزایە ناچیت و دەستان دەکەویتەوە و ئیوە ستەمتان لینا کریت ...

ئ

کەواتە: لەم ئایەتەدا بۆمان دەر دە کەویت کە ، لە ئیسلامدا هیز ئامادە کردن لەلایەن ئیماندارانەوە بۆ ترساندنی دوژمنانی خوا و دوژمنانی خۆیان پیویستە ، چونکە ( أعدوا ) ( فعل الامر ) فەرمان ( أمر ) یش بۆ پیویست بوون ( وجوب ) مەگەر بەلگەی یەك هەبی ، کە ئەو ( أمر ) لە مانی پیویست بوون ( وجوب ) لابدا بۆ پەسەندیی و رەوایی ( ندب وإباحە ) لیرەشدا هیچ نیشانە ( قرینە ) یەکی بەو شویە نیە ..

دووەم : لەفەرزکرانی جەنگ و جیهاد دا وەکو ئەرکە شەرعیە کانی دیکە پلە پلەیی رەچاو کراوە :-

ئەمەش راستیە کی دیکەیە ، کە لەژیانی پیغەمبەرمان محمد ( صلى الله عليه وسلم ) دا رەنگی داوەتەوەو ، ئەگەر تەماشای قۆناغەکانی بەرەنگاریی و جەنگ و جیهاد بکەن کە بلیین : جەنگ جیهاد و بەرەنگاریی لەلایەن پیغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) بە چوار قۆناغی گشتیدا تیپەریوە :-

١- فەرمان کردن بەدەست گرتنەوەو خۆراگریی :

( خوای گەورە ) دەفەروویت :﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُوا رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلَا أَخَّرْتَنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ لِمَنِ اتَّقَى وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا﴾ النساء ٧٧ . واتا: ئایا سەرنجی نادەن ئەوانەی کە پییان ووترا : دە ست بپاریزن کاتی جەنگ نیە ! بەلکو هەر نویژ بکەن و زەکات بدەن ، کەچی کاتیك جەنگیان بۆ بریاردرا ...دەستەیە کیان لە خەلکی دە ترسان بەقەدەر ئەوەی کەلە خوا ، دەترسن یاخود زیاتریش و دەیان ووت : خوایە تۆ بۆ چی جەنگت لەسەر فەرزکردین خۆزگە بۆ ماوەیەك دوات دەخستین بەوانە بلی : رابواردنی ژیانی دنیا زۆر کەم و کورتە ، ژینی قیامەت چاکترو خۆشترو نەبراوەیە بۆ ئەو کەسەی لە خوا دەترسیت و پاریزکارە ، لەوی بەقەدەرە تالی ناوی خورما یەك ستەمتان لیناکریت .

وە لە سیرەی ابن هشام دا هاتووە ، کە دوای ئەوەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پەیمانی عەقەبەی دووەمی لە گەل نوینەرانی ئەنصار ( ئەو س و خەزرەج ) دا بەست ( العباس بن عبادة بن نضلة ) ووتی : ( والله الذي بعثك بالحق أن شئت لنميلن على أهل منى غدا بأسيافنا ) واتە : ( سویند بە و خوایەی کە تۆی بە حەق ناردوە ، ئەگەر بتەوی بەیانی بە شمشیرەکانمان پەلاماری ئەو کافرانە دەدەین ، کە لە مینا کۆبوونەتەوە ). پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( لم تؤمر بذلك ولكن إرجعوا الى رحالكم ) واتە: ئیمە فەرمانمان بەوە پی نەکراوە ، بەلکو بگەرینەوەبۆ بارگەو هەوارگەکانی خۆتان .

واتا: جاری فەرمانم پی نە کراوە بەجەنگ ، دیار پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) یش هیچ کاریکی بەبی فەرمانی ( خوای گەورە ) نەکردووە ..

٢-مولەت درانی جەنگ لەبەر ئەوەی زولم لیکراون :-

ئ

فەرز کردنی جەنگ و جیهاد بریتی بوو لە مولەتدران بە جەنگ کردن بی ئەوەی ، کە سەریان فەرز بکری ، وەکو ( خوای گەورە ) دەفەرمووی : ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾**الحج ٣٩-٤١ .واتا:** مولەت دراوە بەو ئیماندارانەی شەریان پیدەگیرن ، کە بجەنگن و بەرهەلستی بکەن چونکە بەراستی ستەم لیکراون ، بی گومان خوا دەسەلاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پیببە خشیت ... ئەوانەی کە بەناحەق لە ولاتیان دەر بەردەر کران تەنها تاوانیان ئەوە بوو کە دەیان ووت : پەروەردگار مان ( الله ) یە ، خۆ ئەگەر خوا خەلکی نەدا بە یەکداو حەق دژی بەتال نەوەستیت ، هەرچی شوینی خواپەرستی جوولەکە و گاور هەیە لە خەلوتگە و کلیسا و کەنیسە ، هەروەها مزگەوتانیش کەناوی خوای زۆر تیدا دەبریت ، هەمووی کاول دەکریت ، سویند بیت بی گومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پیشتگیری ئاین و بەرنامەکەی دەکات و هەوالی سەرخستنی دەدات ، بەراستی خوا زۆر بەهیز و بالادەستە... ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نویژ و دروشمەکانی بە چاکی رادەگرن ، زەکاتیش بە تەواوی دەدەن ، فەرمان بە چاکە دەکەن ، قەدەغە لە خراپە دەکەن ، سەر ئە نجامی هەموو کاریکیش هەر بۆ لای خوا دەگەریتەوە ..

## ٣-فەرزکرانی جەنگ لە کاتی هیرشکرانە سەرو پی فرۆشتندا :-

( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ البقره ١٩٠. واتا: بجەنگن لە پیناوی ریبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دە جەنگن ، نەکەن دەست دریژی بکەن دژی منال و مالات و ... هتد چونکە بەراستی خوا ئەو دەست دریژکەرانەی خۆش ناویت ..

## ٤-فەرزکردنی جەنگ بۆ نەهیشتنی چەوسینرانەوەی موسلمانان و ریی دینداریی لی گرتنیان :-

( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿ وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ البقره ١٩٣ . واتە: لە گەلیاندا بجەنگن تاکو ( فتنة ) نامینی ، جا ئەگەر دەستیان هەلگرت ، نابی دەستدریژیی بکریتە سەر هیچ کەس جگە لە ستەمکاران ...

لیرەدا خوای تاك و پاك ئەیفەرموو : ( الا علی الکافرین ) بەلکو فەرموویەتی : ( الا علی الظالمین ) واتە: ئەگەر بی باوەریك یان کافریك زولم نەکاو بی زیان دادەنیشی ، شەری لە گەلدا ناکری لەسەر

ئ

كافرایە تییە كەی ، بەلام كافریك كە دەوی كوفری خۆی بەسەر خەلكدا بسە پینی ، وە ئەهلی ئیمان دەبی دەستی بگرن و ئەو زولمە ی لی قبوول نەكەن ، هەر بۆیە ش ( ئەهلی كیتاب ) شەریعەت سەرانەیان یان جزیە یان لی وەردە گیری و بۆیان هەیە ، كە لە دەولەتی ئیسلاما بن و سەرو مالیان پاریزراوە و لەسەر بروا نەبوون جەنگیان لە گەلدا نا كری ، وە رای بەهیز ئەوەیە لە غەیری ( ئەهلی كیتاب ) یش سەرانە وەردەگیری و لیان قبوول دەكری كە لەسەر دینەكەی خۆیان بمیننەوە ، كە بەلای ئیسلامەوە دینیكی بە تالە ، بەمەرجیك هەولنەدەن ، كە كوفری خۆیان بەسەر موسلماناناندا بسە پینن ، وەك چۆن ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقره ٢٥٦ . واتا : دینداری بەزۆر نابیت بكریت و دین بە زۆر نادریت بەسەر كەسدا ، واتا دەبی خەلكی ئازادبن ،لەوەدا كە موسلمان بن یان كافر بن ،وە لە دوا رۆژدا پاداشت و سزای خۆیان وەردەگرن ،لەسەر موسلمان بوونیان یان كافر بوونیان .

## حیكمەت و ئاما نجەكانی جەنگ و جیهاد لەریگای ( خوای گەورە ) دا :-

١- **پارستنی ئازادی بیرو براو** : وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ واتا : ئەی ئیمانداران ئیوەش بجەنگن دژ بە كافرو خوانە ناسان تا فیتنە و ئاشووب و ئازاردانی موسلمان نەمینیت و ئەو خەلكە سەربەست بن لە هەلبژاردنی بەرنامەو ئایندا تا دین و فەرمانبەرداری هەر هەمووی بۆ خوا بیت ، جا ئەگەر بی باوەران كۆل بەدەن ، ئەوە بابزانن بەراستی خوا بینایە بە هەموو ئەو كارو كردەوانەی كە دەیكەن .

**پاراستنی مزگەو ت و مالی خوا و لە ستەمكاران دا** : وە ك ( خوای گەورە )دەفەرموویت : ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ الحج٣٨-٤١ .

ئ

٢- نەهێشتنی فەسادو ئاشووب لە زەویدا : وەك ( خوای گەروە ) دەفەرموویت : ﴿فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾**البقره ٢٥١** .

٣- تاقی کردنەوەی ئیمانداران : وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ﴾**محمد ٤-٥** .

٤- ساف کردنی ئیمانداران یان پاك کردنیا لە نیقاق : وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :

﴿وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾**ال عمران ١٤١** .

٥- ترساندنی بی باوەران و کافرانداو پوچەل کردنەوەی فرو فیل و نەخشەو پیلانە کانیان : وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾**الانفال ٦٠** .

٦- دەر کەوتنی مونافیقە کان لیك جیاکردنەوە یان لە ئیمانداران : وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت: ﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾**ال عمران ١٧٩**.

٧- جی بەجی کردنی بەرنامەو حوکمی خوا لەسەر زەویدا : وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾**الحج٣٨-٤١** .

٨- بەرگری کردنی لە ئاینی ( خوای گەورە ) و مافی چەوساوان و نەهێشتنی دەست دریژی کردن:

وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا﴾ **النساء ٧٥** ...

ی

بەلی هەر ئەم هەلویستە بەرزەی قورئان و سوننەت بوو ، وای لە موسلمانە پیشینەکانی کردە پالەوانی سەر زەوی و شەهید بوونیان لە ژیان بەلاوە خۆشەویست تر بوو ،تا ئیسلام بە هەموو گەلانی سەر زەوی گەیشت و لە سووکی و ریسوایی رزگاری کردن و ، خستینە سەر شەقامی حەیاو حورمەت و خوا ناسی ..

سەرنجی ئەم قوناغانە ئەگرین کە جیهادی ئیسلام پیدا تی پەریی :

**قۆناغی یەکەم:** جیهادی موسلمانان تەنها بەرامبەر بەو قورەیشی یانە بوو کە سزا و ئازاری موسلمانە کانیان دابوو ، لە سەر مال و حالی خۆیان دەریان پراندبوون و ، تا ئەو کاتەش لەسەر سزادانی موسلمانە لاوازەکانی مککە بەردەوام بوون کە توانایان نەبوو کۆچ بکەن .. بەلام هەر بی باوەریك یان ناموسلمانیك دژایەتی موسلمانانی نەدردبایە ئەوانیش جەنگیان لە گەل دا نەدە کرد ..چونکە قورئانی پیرۆز وەها فەرمانی دا بوو ، کە هەر کەس و هەر هۆزیك کوشتاری موسلمانە کان بکات ئەوانیش کوشتاری ئەوان بکەن ،بەلام زیادە رەویی و دەست دریژیی نەکەن ، چونکە خوا هیچ دەست دریژیی کەریکی خۆش ناویت وە ك ئەفەرموویت : ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾البقرە ١٩٠.

**قۆناغی دووهەم :** هەندی هۆز و تیرە هەبوون ، کە هاوپەیمانی قورەیش بوون ، یان دوای کۆچ کردنی موسلمانە کان بوونە هاوپەیمانی قورەیش ، بەم بۆ نەیە ئەوانیش وەك قورەیش بیریان ئەکردەوە و دژایەتی موسلمانە کانیان ئە کرد ، هە تا هی وا هە بوو بیری دە کردەوە هیرش بکاتە سەر شاری مەدینە ، وەك ئەوەی کە (کورزی کوری جابیری فیهریی ) ئە نجامی دا ، کە ئەوە بوو هیرشی کردە سەر کۆمەلگای مەدینە و ، سەرئە نجام موسلمانە کان لە غەزای بەردی یەکەم دا دوای کەوتن ،بەلام فریای نەکەوتن .. هی واش هە بوو ، کە بە ستەمی ناڕەوا چەند موسلمانیکی شەهید کردن ،وەك لە هەر دوو سریە ی رەجیع و قورئان خوینەکان دا روویدا .. جا بەرامبەر بەم ناپاکیە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) سریەی ئەناردە سەریان تا سزایان بدات و تۆلەی شەهیدانیان لی بکاتەوە ، وەك هۆزی (غتفان ) و (بنی سولەیم ) و ( بنی عامیر ) و (ئەحابیش ) و هۆزی ( نجد ) هۆزی ( ثقیف ) کە هیرش ئەکرایە سەر ئەمانە بۆ تۆلە سەنەوەیان و تەم بی بوون یان .. لە هەمان کاتیشدا هۆزی تر هە بوون ئەوانیش پی تەم بی ئەوبوون ، هەروەها بەمە زۆریك لەم هۆزانە موسلمان ئە بوون لەبەر رەوشت بەرزی موسلمانان وە ئەو هۆزانەی کە زولم یان لە موسلمانان ئەکرد ، ئەوانی تریش دە بوونە موسلمان بەم هۆیانەوە ...

ئ

**قۆناغی سی هەم :** لەم قۆناغەدا بت پەرستانی مككە و ، دەورو بەری یەكیان گرت و ، بوونە هێزێكی گەورە ، تا بە هەموویانەوە دژی موسلمانە كان بووەستن و كوشتاریان بكەن ، بۆ یە موسلمانان ناچار بوون بووەستن بەرامبەر ئەو هەموو دوژمنە داخ لە دلانەدا .. ئەوە بوو قورئانی پیرۆز لەم قوناغەدا فەرمانی دا : ئەی موسلمانە كان ! وەك چۆن كافران هەر هەموویان بە جاریك دا دین بە گژتان دا ، ئیوەش بچن بە گژ هەموویان دا و ، بی خەمیش بن كە هیزی خوا و دەسەلات و توانای وا لە گە ل ئیمان دارە خاوەن تەقواكان دا ، كە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾ التوبه٣٦. بەلی لەم قوناغەدا بە فەرمانی قورئانی پیرۆز جیهادی كافران بە گشتی ، هەر كەس كتیبیكی ئاسمانیی بەدەستەوە نەبی ، خرایە ئەستۆی موسلمانان .. هەروەها ئەم فەرموودەیە لە صحیحی بوخاری دا هاتووە كە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمووی: ( أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ، ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة ، فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحق الإسلام ، وحسابهم على الله )) صحيح البخاري كتاب الايمان . واتا:من فەرمانم بەسەردا دراوە كوشتاری ئەو خەلكە بكەم هەتا شایەتی حەق بدەن بە تاك و تەنیایی خوا ، پیغەمبەرایەتی محمد و نویژ بەجی بهینن و زەكات بدەن ، جا كە ئەوەیان ئە نجام دا ئەوا سەرومالیان پاریزراوە وئەبی مە گەر بە حەقی ئیسلام ..

**چوارەهەم :** ئەوە بوو پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پە یمانی دۆستایەتی و پیكەوە ژیانی لە گەل جوولە كە كانی مەدینەدا بەستبوو ، وە لە پیشەوە باس كرا ،بەمە لەسەرو مال و شەرەف و ناموسیان بی خەمی كردن ، كەچی ئەو جوولە كە نا پاكانە ئەوەندی پی نە چوو پە یمانەكەیان شكاند و ، بوونە پالپشتی موشریكەكان و هەلیان دەدا تا بچن بە گژی موسلمانە كان دا ، وەك ئەوە بوو لە جەنگی ئوحودا روویدا ، بگرە هەلیان ئەدا لە پشتەوە خە نجەر لە موسلمانەكان بدەن ، وەك لە جەنگی الاحزاب دا روویدا ، هەروەها جوولە كە بەردەوام خەریكی نا كۆكی نانەوەو دووبەرەكی نانەوە بوو، لە نیوان ( ئەوس و خەزرەج ) و كۆچكەرەكان و ئەنصارە كاندا ، هەر بۆیە جوولە كەكانی شاری مەدینە و دەوروبەری نەرمی و لی بووردنی موسلمانە كانی بە هل دەزانی بۆیە كەوتبوونە فیتنەو ئاژاوە نانەوە و خیانەتكاری دووبەریكی نانەوە ، هەر بۆ یە بوو بوونە میكرۆبی خرا پە كاریی و خیانەت كاری و دووبەرەكی لە كۆمەلگای مەدینە یان تیك ئەدا ، بۆیە پیویست بوو لە ناو ببرین ..ئەوە بوو ( خوای گەورە ) فەرمانی بەسەر پیغەمبەرەكەی دا تائەو پە یمانەی كە لە گەلیانا بەستوو یەتی بی داتەوە بەناو چاویان دا و ، پاشان كوشتاریان بكات ...

ئ

( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ﴾الانفال ٥٨ .واتا: خۆ ئەگەر بی گومان ترسایت لە دەستە یەك (کە پەیمانت لە گەلدا بەستوون ) پەیمانەکە هەلوەشیننەوەو خەیانەتت لی بکەن ئەوە تۆیش لەم کاتەدا پەیمانەکە بدەرەوە بەروویاندا بەشیوە یەکی ریك و راست ، پییان بلی کە پەیمانەکەیان نرخی نەماوە ، چونکە بەراستی خوا کە سانی پەیمان شکین و نا پاکی خۆش ناویت .

**قۆناغی پینچەم :** ئەم قوناغەش لەو کاتەدا دە ست پی دە کات کە موسلمانەکان فتحی مککە یان کرد و خەلکی پۆل پۆل هاتن موسلمان بوون و ، وەك (طائیف و نجد ) و دەورە بەریشیان تەسلیم بە سوپای ئیسلام بوون ، ئیتر ئەوەندەی نەبرد دانیشتوانی سەرانسەری دوورگە موسلمانانیکی ئیمانداریان و خواناسیان لی دەر چوو ، پیغەمبەریش خوا (صلی الله علیه وسلم ) نامەی و نیردراوی رەوانەی لای پادشا و مەلیك و میرەکانی دەروبەری دوورگە کرد ، تا ئیمان بهینن ئەمەش لە نیوان پەیمانی یان صولحی حودیبە و فتحی مککە دا روویدا ، دوای لی دە کردن تا کو بین ئیمان بهینن بە قورئان ، ئەوانیش هی وایان هە بوو کە موسلمان ئە بوون ، هی واشیان هە بوو موسلمان نەدە بوو وەك هەرەشەشی دە کرد ..

بەم شیوە یە بانگی ئیسلام گەیشتە دەولەتان و ولاتانی دەوروبەری دوورەگە .. ئەوەبوو پادشای فارس هەولی خۆی دا بۆ دەست گیر کردنی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) پادشای رۆمیش کەوتە بیری ئەوەی کە هیرش بکاتە سەر موسلمانەکان ، کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەوەی بیست سوپایەکی سی هەزار یی کۆ کردەوە و بەرەو باکور کەوتەری تا بۆ هەموولایەکی بسەلمینی کەئیسلام وەك نەرم و نیان و خاوەنی سۆز و بەزەیی یە ، بەلام لە هەمان کاتیشدا خاوەنی گورزی وەشینی بەهیزە و کاریگەرە ، سەر بازە کانی ئیسلام هەردەم گیان لە سەر دەستن و سل لە هیچ هیزیك نا کەنەوە ، بەیعەتی مردن دە دن چونکە مردنیان لا خۆشەویستەرە لەوەی کە دوژمنانی خوا رووبەروویان بوەستن ، بەلی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە رۆژیك بیت بەلینی قورئان بیتە دەی کە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾التوبە ٣٣.

واتا:هەر ئەو زاتە بۆیە پیغەمبەرەکەی هاوری لە گەل هیدایەت و رینموویی و ئاییینی راست و دروستدا رەوانە کردووە تا سەری بخات بەسەر هەمووبەرنامەو ئاینەکانی تردا ، هەچەندە موشریك و هاوەلگەران پی سەغلەت و دلتەنگ بن ...

ئ

بەلی لەم قوناغەدا بانگەوازی خواناسی و جیهاد چووە قالبی با نگەوازیکی جیهانی یە وە ، بەمە جەنگ لە دوورگەی عەربی دا نەما گۆرزایەوە بۆ بەردەرگای ئیمپرتۆرە زل هیزەکانی جیهان وە ك فارس و رۆم ، بی گومان موسلمانان زۆر بەمەردانە تەقەیان لە دەرگای ئەو دەولە تانە ئەدا تا گەلان ئازد بکە لەژیر دەستیاندا و زلم و ستەم خرا پەکاری ئەم دەولەتە بەهیزانە نەمینی ، با بە ویستی خۆیان دینی خۆیان هەلبژیرن ، بەلی سوپای تازە پی گەیشتوو هەردوو ئیمپراتۆریەتە گەورە کەی تی کە ئەوان سەربازی وەها یان هەیە با بینە مەیدانی نەرە شیرەکانی ئیسلام .. هەتا پادشای ئیران دوای لە پادشای چین کرد کە یارمەتی بۆ بنیری ، ئەویش وە ها وەلامی دایەوە کە ئەو سەربازی وەهای بەلاوە نیە بتوانن بە گژی کە سانیك دا بچن مردنیان لە ژیان بەلاوە خۆسە ویست تر بیت ..

لەو لاشەوە بەناوی جەنگی پیرۆز خاچ پەرستی و جوولە کەی نامەرد کوشتن و بریان دە کرد ، بە رەواشیان دە زانی ، بە ناوی دینی خواوە ئاژاوەیەکی خویناویان بە پائەکرد .. ئەمە سەدە کانی ناوەراست دا ، تا کو سەدە کانی ١٩ –٢٠ هاتنە بەرەو ئەوروپای مەسیحی ، بەدست کنیسەی جوولەکەی داخ لەدل ، کەوتنە هیرش کردنە سەر ولاتانی ئیسلام و ، بە تازە ترین چەکی پیش کەوتوو بە بی شەرمانە لە موسلمانانیا ئە کوشتن و ، وەلاتیان داگیر ئە کردن ، خیر و بیریان بە تالان ئەبرد و ، حوکومتی جاش و نۆکەرو خۆفرۆش و عەمیل و موناقیق و دروست ئەکرد لە وەلاتانەی ئیسلام بە ئیستاشەوە هەر هەمویان نۆکەری جوولە کەو مەسیحی یەتن ، ئەمانە وەك مەسیحیەت و جوولە کە هەر خەریکی فیتنەو ئاشووب و ئاژاوە نانەوە و خر پە کاری زولم ستە م کردن و مال وسامان و دا هاتی موسلمانان بەتالان بردن ، هەروەها بلاوکردنەوەی بەدرەوشتی وەك کردنەوەی ملهاو مەی خواردنەوە و بەد رەوشتی ، رباکردن یان سوو خواردن لە بانکە کانیان ، هەروەها هینانی شتی بی ئەخلاق و بەد رەوشت و لە ریگای ئافرەتانەوە چونکە ئەوانە ئەتوانن لەریگای ئافرەتانەوە ارهابی فیکری بلاو بکەنەوە نەك لەرووی پیشکەوتن بەلکو لەرووی بەد رەوشتیەوە توانیان بەسەر وەلاتانی ئیسلام زال بنن ، بی گومان سەرکردە کانی ئەم وەلاتانە نۆکەری خاچ پەستانن و نۆ کەری جوولەکەن ، ئەون کاریان بۆ دەکە ن باوەریان پی دە کەن ، لە میژووی مرۆڤایەتی دا کەی ئەوروپاو رۆژئاوا بەگشتی خاوەنی پەیمانی خۆیان بوونە ، ئەگەر بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەبی هیچ کاریکی مرۆڤانە ناکەن و ، وە گویش بە کاری مرۆڤانە نادەن، هەروەك لە میژوو دا دیارە رووی راستەقینەی ئەورپاو امریکاو رۆژئاوا، ئەوە بوو بیر لە میژووی وەلاتی خۆمان بکەینەوە لە کوردستانی خۆمان چۆن پشتیان تی کردین لە سالی ٢٠١٧ ، وە لە رۆژئاوای کوردستان چۆن پشتیان تی کرد ،هەروەك لە وەلاتی ئەغفانستاندا چۆن چۆلیان کرد ...

ئ

بەلی جەنگی خاچ بەستی بەردەوام بوو ، وە ئیستاش هەر بەردەوامە لەوەلاتانی ئیسلامیدا بەلام هەستی پی ناکەن ، چونکە جەنگە کە لەرووی ارهابی فیکریە و لە هەندیك شوین جەنگی ئابووریە لە هەندیك شوین جەنگی ساغ کردنەوەی چە کە کانیانە ..بەلی تا ئەوەبوو سەرۆکی جاچ پەرستان ( لۆرد ئوللە نپیی ) نوینەری هاوپەیمانان وەك : بەریتانیا و ، فەرنساو ، ئیتالیا ، رۆمانیا ، ئەمریکا ، لە کۆتای جەنگی جیهانی یەکەم دا نەمانی خەلیفایەتی دەولەتی عوسمانی دا ، ئەوبوو لە سالی ١٩١٨ ،کەدەستی بەسەر ( بیت المقدس ) دا گرت لەوی ردا راوەستا و ، بی شەرمانە ووتی : جەنگەکانی خاچ پەرستی ئەمرۆ تەواو بوو !! هەروەها ( گۆرۆ ) سەرکردەی فەرنسی ئەویش کە نوینەری هاوپەیمانان بوو ، کە چووە ناو شاری دیمەشقەوە چووە بەردەم گۆرەکەی صلاح الدین ایوبی پالەوانی ئیسلام ووتی : صلاح الدين وا هاتینەوە !!

بەلی عەرەبەکانی دوورگە موسلمان بوون ئیسلامیان بە خۆرهەلات و خۆرئاوا گەیاند .. لە خۆر هەلاتەوە گەیشتە وە لاتی چین و لە خۆئاواوە ش گەیشتە چیاکانی پیرانس .. دەولەتکی ئیسلام دورست بوو .. لەگەل ئەوەشدا ناموسلمانیکی زۆر لە خای ئیسلام دا ئە ژیاو بۆ هەموو کارو کاسی یەك سەربەست بوون .. وە کەس نەی ئەتوانی دەس درژی بکاتە سەر پەرستاگا کانیان ، بەلی بەرووخان ی دەولەتی عوسمانی ئیسلام دولە و سوپای نەما ، بەلام بە هۆی ئیعجازی قورئانی پیرۆز و رەوشتە بەرزە کانی ئیسلام کاریگەری ئیسلام و بلاوبوونەوەی لە اوروپا و امریکاو ئاسیاو ئەفریقا و ئوسترالیا و هەر چەندە بلاو بۆوە هەر چەندە کوفری جیهانی بە هەموو لایە کەوە دژایەتی ئاینی ئیسلام دەکات ، کە چی ئیسلام رۆژ بەرۆژ لە زیا بوون دایە و هەر بلاودە بیتەوە ..خویندەوارە کان کەمەن کیش ئە کات مرۆڤە بە ویژدانەکان هیدایەت ئەدات ..بەلی زیاتر لە ملیاریك لە ژیرسایە بەیداخی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ریز بوون ، ئەگەر ئیسلام بە زۆر ببلاو بکرا بایەوە یان بە زبری شمشیر کە موشریك و مونافیق و ناحەزانی ئیسلام وادە لین کەچی سەریان دا لەبەرد ، بەلی ئە گەر بەزۆری بلاوبکرایەتەوە لە وەلاتە جۆر بەجۆرەکان دا خەلك بەلیشاو دەستیان پیوە نەدە گرت !! خۆ شوینی زۆریش هەن کە سوپای ئیسلامی بۆ نە چووە ، کە چی بەهۆی زانایان و بازرگانان و کەشتی یەو انانەوە ،ئیسلامیان تیدا بلاو بۆتەوە ، وەك ئەندە نووسیا و چین و هەندی وەلاتی ئەفریقی و امریکا و هەندی وەلاتی اورپایی وئوسترالیا و ...هتد

# غەزاو سریەکانی پیش جەنگی بەدری گەورە

لە سەرتادا بزانی سریە چیە و یان غەزا چیە لەرووی شرعیە وە کە لەسەردەمی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه‌وسلم ) لە شەرە کانی بەرامبەر بە دوژمنانی ئیسلامدا دەکرا ، وە سوپای ئیسلام چۆن بوو لەرووی ریك خستنی سەربازی ، وە پیلان و نەخشەی سەربازی سوپایی ئیسلام .

غەزا : بریتیە لەو کۆمەل موسلمانەی کە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) پیشەوایاتی دەکردن و دە چوون بۆ بە گژاچوونەوەی دوژمنانی ئیسلام ،کە شەر یان لە گەل سوپای ئیسلام دا دە کرد ، کە سەرجەم غەزاکانی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) (٢٧) غەزایە لە لایەن سیرە نووسینانەوە ، بەلام (جابری کوری عبدالله دەفەرموویت : کە تەنها (٢١) غەزایە . صحيح مسلم ١٨١٣ ،فتحالبارى ٢٨٠/٧ .

سریە : بریتە : لە دەستەیەك یان ئەو کۆمەلە موسلمانەی کە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەیناردن ،و یە کیك لە هاوەلانی دە کردە ئەمیری ئەو کۆمەلە وەك برا گەورە یان پیشەوای ئەو کۆمەلە موسلمانە ،بۆ لیدانی دوژمنانی ئیسلام یاخو بۆ ترساندنیان ،یان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دوژمنانی ئیسلام هەندیك لە سەریە کان ژمارەیان کەم بوو هەندیکیان زۆر بە پی پیویست بوو ، بۆ ناردنی هەر شوینیك ، سەرجەم سریە کانی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) (٣٨) سریە بوو .

بەلی دوای ئەو جیگیربوونەی کە (خوای گەورە ) رەخساندی بۆ پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلانی لە شاری مەدینەدا دروست کردنی مزگەوت و بە دیهینانی برایەتی و تەبایی بەریوە بردنی شاری مەدینە و پەیرەو کدرنی ئاینی ئیسلام بە ئاشکرا ، دوژمنانی ئیسلام بەتایبەت قورەیش و جوولەکە چاویان بە و دەولەتە نیو نەمامەی ئیسلام هەلنە دە هات بە ئازادی سەربە خۆیی خۆیان بەیوە بەرن ...

بەلی کافرانی قورەیش دوای ئەوەی پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلانی ناچاری بە کۆچ کردن ،وە ئازاردان و زولم و ستە کردن لی یان لە شاری مکكە دا ، هەر بەووەشەوە نەوەستان بەلکو کە وتنە ئاژاوە نانەوە لەشاری مەدینەدا ، وە ریگرتن لە دانیشتوانی شاری مەدینە بۆ حەج وعمرە کردن بۆ شاری مکكە ،وە سەرکردە کانی قورەیش کەوتنە ئاشکرا کردنی تهدید کردنی موسلمانان لە شاری مەدینەدا ،وە دست پی کردنی هەرەش و شەر کردن ، بە لی ئەم بارو دۆخە وای پیویست کرد کە موسلمانان وریا و بە ئاگابن لە خۆیان ، لەبەر هەلسو کەوتوو جموجۆلە کانی و هەرەشە کانی کافرانی قورەیش و دوروبەری بە تایبە تی قورەیش و جوولەکە ،بۆیە موسلمانان خۆیان ئامادە کرد بەرامبەر دوژمنانی بۆ پاراستنی دەولەتی ئیسلام ، پیغەمبەری ئیسلام دەستی کرد بە ناردنی سریە کانو خۆشی سەرکردایەتی غەزا کانی دە کرد ...

ێ

بەلی سەرجەم غەزاو سریەکانی پیش شەری بەدر بەرەو رۆژ ئاوای شاری مەدینە دەکەوتنە ری بە مەبەستی هەرەشە خستنە سەر ریگا بازرگانی قورەیش بۆ شام ، وە بە مەبەستی مۆرکردنی چەندین هاوپە یمانی و ریکەوتننامە لەگەل ئەو هۆزانەی کە نیشتەجی بوون لە نیوان مککەو مەدینەدا بۆ ئەوەی هاریکاری زیاتری موسلمانان بکەن یاخود هیچ نەبیت بی لایەن بن لە مملانی نیوان موسلمانان و کارفرەکاندا ، وە زیاتر دەرخستنی هیزی موسلمانان و توانینی بەرەنگار بوونەوە و تۆلە سەندنەوەیان لەهەموودوژمنان . وە بۆ ناسینی بەرواری رووداوەکان و میژووی ئیسلام رۆژی گەیشتنی پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ناو شاری مەدینە کرا بە یەکەم رۆژی دەست پی کردنی میژووی ئیسلام ، یەکەم کەس کە هەستا بەم کارە :

( یەعلای کوری ئومەیە ) بوو لە یەمەن ، وە ( عمری کوری ختاب ) بوو لە شاری مەدینە ، موسلمانانی کۆکردەوە و پرسیاری لی کردن : لە کام رۆژەوە میژوو بنوسریتەوە ئیمامی علی فەرمووی : لەو رۆژە کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تیدا کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە و خاکی موشریکانی قورەیشی جی هیشت ،بەلی ئەم بۆ چوونە ( عمری کوری ختاب ) لای بە سەند بوو ، بریاری لەسەر دا ، بەلی یەکەم رۆژی گەیشتنی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ شاری مەدینە رۆژی دووشەمەی دوانزەی ربيع الاول بوو

وەك : عاصی کوری عودەی دەفەرموویت : ( قدم رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) المدينه يوم الاثنين لاثنتي عشرة خلت من ربيع الاول ،فاقام بالمدينة عشر سنين )اخرجه : البيهقي في الدلائل ٢/٥٠٣ .

بەلی دوای مولەت پیدانی جەنگ لە لایەن ( خوای گەورە ) وە هاتنە خوارەوەی ئایەتە کانی قیتال یان جیهاد کردن لە گەل موشریکانی قورەیش ، بەلی لە وکاتەدا موسلمانان دەستیان کرد بە چەند جولانەوەیەکی سەربازی دەوریە کردن و چاودیری کردنی شاری مەدینەو دەوربەری و پەلامادانی بازرگانیە کانی قورەیش کە ئە چوون بۆ وەلاتی شام ، بەلی ئەم سریانە کاریان بریتیە بوو لە دۆزینەوەی زانینی ریگاکانی دەورەبەری شاری مەدینە و ، وە ئەو توولە ریگایانەی دە چوونە سەر شاری مککە و یان ئەو ریگایەنەی بازرگانی کردنی قورەیش بۆ وەلاتی شام ، هەروەها بەستنی پە یمان نانە لە گەل ئەو هۆزانەی لەسەر ئەو ریگایانەبوون ، یان خۆ دەر خستنی موسلمانان بەرووی موشریکانی شاری مککە ، ترساندیان وە هیزی سەربازی موسلمانان ، کە چەندە موسلمانان بە هیزو تواناو ئیمانی دامەزراویان هەیە بەرامبەر بە موشریکانی قورەیش ، سریە کانی کۆمەلی موسلمانان وا خۆیان نیشادە دا بە دوژمنانی ئیسلام کە ئەوان بی هیزو لاواز نین وەك جاران ،بۆ ئە چوون پەیامی ئاگارد کردنەوەیان بە قورەیش دە گەیاند کە ئەوان بەهیزن بە توانان ، قورەیش لەسەر ئەو ملهورەی کە هەیەتی بە ئاگا بیتەوە ، هەر بۆیە سریەی موسلمانا خۆیان بە هەموو دوورگەی عەربی دا ناساند ...

ئ

**یەکەم : سریەی ( سیف البحر ):** لە ڕەمەزانی سالی یەکەم کۆچی دا بوو ، بەرامبەر بە مارتی سالی ٦٢٣ ز - پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ئیمامی ( حمزەی کوری عبدالمطلب ) کە مامی خۆی بوو ، کردیە ئەمیری ئەو سریەیە ، ( ٣٠ ) کەسی لە کۆچکەران یان نارد لە گەلی دا ، بۆ ریگرتن لە کاروانی قورەیش دا ، ئەو کاروانەبازرگانەیە قورەیش لە وەلاتی شامەوە دە گەرانەوە ،کاروانەکەی قورەی ( ابو جهل کوری هیشام ) یان لە گەل دا بوو ، بەلی ئەو کاروانە ( ٣٠٠ ) سەربازی لەگەدا بوو ، کە گەیشتە ( سیف البحر ) لە ناوچەی ( العیص ) دا ، هەر دوولا بەیەك گەیشتن ریز بوون بۆ شەر کردن ، لە کاتەدا ( مجدی کوری عمرو الجهنی ) هاوپەیمانی هەر دوو لا بوو ، کەوتە نیوانیان وە لە نیوانیاندا وەستا ، بەم هۆیە بوو شەرو پیکدادان رووی نەدا ، بەلی یەکەم ئالای ئیسلام ئالایەکی سپی بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دایە دەستی ( ابو مرثد کناز کوری ( حصین الغنوی ) ، هەروەها ئە میری سریە کەش ئەمامی ( حمزە ) ی مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو .

بەلی ئەمەش یەکەم سریەی موسلمانانە وەك سەرچاوەکانی سیرە ی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئاماژەیان پیکردووە ، ئەم سریە یەش دوا ( ٧ ) مانگ بوو لە هاتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ناو شاری مەدینە ، لە م سریەدا ( ٣٠ ) پیاو لە کۆچکەران بوون ، ئەوەبوو کە هەر دوولا بەیەك گەیشتن بەلام جەنگ رووی نەدا ، ( ابو جهل ) گەرایەوە بۆ ناو شاری مککە هەوالەکەی دا بە قورەیش و مەترسیە کانی ئەم باسە و کۆمەکی کردنی دانیشتوانی شاری مەدینەی بۆ شی کردنەوە ، بەلی کاتی ( ابوجهل ) گەیشتەوە شاری مککە ووتی : ئەی کۆمەلانی قورەیش ، محمد دابەزیوتە شاری مەدینە و سەر بازەکانی بلاوە پی کردوە بەم لاو بەم لاد ، دەیە ویت زیانتان پی بگەینیت ، وە زۆر وریا بن لە ریگە یەکەوە مەرۆن و نزیکی مەکەونەوە ،ئەو وەك شیریکی پەلاماردەری تورەی قین لە دل وایە بەرامبەر تان کە لە شارەکەتان دەرتان کردووە ،سویند بە خوا چەند سحر بازیکی لەگەل دایە ، هەر کاتیك خۆی یە یەکی لە هاوەلە کانیم بینیبی شەیتانەکانم لەگەلد بینیون ، وە ئیوەش باش دەزانن دوژمنایەتی دوو کورەکەی قیلە (واتە : ئەوس و خەزرجی دانیشتوانی مەدینە ، کەوا بوو ئە دوژمنە و پەنای بردۆتە بەر دوژمن .

سیرە ابن هشام ١٨٢/٢ ، التبرانی ٥٢٩/٢، البدایە والنهایە ابن کپیر ٢٣٤/٣، البیهقی فی الدلائل ١١/٣ .

( موطعە می کوری عودە ی ) پیی ووت : ( ابا الحکم ) سویند بەخوا نەم بینیوە کەس زمانی راستگۆتر و بەلینی راست تربیت لەو برایەتان کەدرتان کردووە ، وەك چۆن دەرتان کردووە بی زیانترین کەس بن

ی

بەرامبەری ، ( ابوسفیانی کوری حاریس ) ئامۆزای پیغەمبەرە ( صلی الله علیه وسلم ) ووتی : لیرە بەدواوە زیاتر دوژمنایەتی بکەن، چونکە ( ئەوس و خەزرەج ) گەر ئیوەیان بەر دەست بکەویت ئەوا هیچ جۆرە کەسایە تیك و خزمایەتیەکتان لەگەلدا رەچاوناکەن ، گەر گویرایەلی من دەکەن وەك لە ناوبردنی

( کینانە ) لە ناو یاندە بەن ، یا ئەوەتا محمد دەر دەکەن لە نیوانیاندا ئەوجا محمد دەر کرا تەنها دە بیت ... ئەم هەوالە گەیشتەوە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( سویند بەوەی روحی منی بەدەستە بە کوشتن و لە سیدارەدان و بە ( هیدایەت ) دانیا دەبەم هەر چەندە پییان ناخۆشە بیت من بەزەییە کم خوا ناردوومی ، وە نام مرینی تا ئایینەکەی خۆی سە ر دە خات ، من پینج ناوم هەیە :

من محمد ، من احمد ،من الماحی ) سرەروەوە کە خوا بی بارەریم پی دەسریتەوە و من ( الحاشر ) م خەلکان ( لای من کۆدەکاتەوە ) وە من ( العاقب ) واتا هیچ پیغەمبەریك دوای من نایەت ).

اخرجه : التبرانی فی المعجم الکبیر ١٥٣٢ .

## دووەم :سریە ی ( رابغ ) یان سریەی ( عبیدەی کوری حاریس کوری عبدالمطلب ) :

لە شەوالی سالی ( ١ ) ی کۆچی دا بوو ، واتا : لە ئە پریلی سالی ٦٣٢ ز دا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ( عبیدەی کوری حاریسی کوری عبدالمطلب ) نارد بە ( ٦٠ ) سواری لە کۆچکەران ، گەیشت بە ( ابو سفیان ) بە ( ٢٠٠ ) کە سەوە لە ناو ( رابغ ) دا هەر دوولا بەرامبەر بە یەك دا وەستان دەستیان کرد بە شەرە تیر ، بەلام جەنگ و رووبەروو بەنەوە رووی نەدا ، بەلی ئەم سریەیە لە مانگی شەوالی سالی یەکەم کۆچ نیرر ا دوای هەشت مانگ لە گەیشتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ شاری مەدینە دا...

( ابن احساق ) بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوای نیشتەجی بوونی لە شاری مەدینەدا ( عبیدەی کوری حاریسی کوری عبدالمطلب ) کە دە کاتە ئامۆزای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و برای ( ابو سفیان کوری حاریس ) نارد لە گەل ( ٦٠ ) یان ( ٨٠ ) سواردا هەموویان

ئ
له کۆچ کەران بوون ، وه هیچ له ئەنصاره کانیان له گەلدا نه بوو ،ئەوان بەری کەوتن هەتا گەیشتنه ئاوی (الحجاز) له خوارووی تەپۆلەکەی (المرده )  له ری دا روو بەرووی کۆمەلیکی موشریکانی قورەیش بوونەوه ، لیك ترازان بەلام شەرو رووبەروو بەنەوه رووی نەدا ، له نیوانیاندا ، (سعدی کوری ابی وەقاص ) . له و رۆژەدا تیریکی تی گرتن (ئەمەش یەکەم تیر بوو که هاوشتیانه کافرانی قورەیش  له سوپایس ئیسلام دا ) ، پاشان هەردوولا لیك جیا بوونەوه و موسلمانه کان پاشەکەشەیان کرد و چەند سواریکیان دانا دوای خۆیان بۆ پاریزگاری کردنیان ، وه لەو رۆژەدا (مقدادی کوری عمر ) و (عوتبەی کوری غەزان ) له کافرانی قورەیش هەلهاتن و هۆیان گەیانده ناو موسلمانەکان صونکه ئەوان له گەل کافرانی قورەیش دا هات بوون تا وه کو خۆیان بگەینه ناو موسلمانانەوه ، وه سەرکردەی کافراەکانی قورەیش لەم رووبە روو وەستانه دا (عکریمەی کوری ئەبو جهل ) بوو ).

اخرجه : البخاری ٣٨/٧ ،والمسلم (٢٢٧٧ ) و ابن ماجه فی السنن ٤٧/١، سیره ابن هشام ١٣٨/٢ ، التبرانی فی التاریخ ٤٠٤/٢ ، الیهقی فی الدلائل ١١/٣ والبدایه والنهایه ابن کثیر ٢٤٣/٣ ، تاریخ الاسلام الذهبي ٤٦/١

.

## سی یەم : سریه ی (الخرار) :

له(ذي العقدة ) سالی یەکەمی کۆچی دا بوو ، بەرامبەری بە مایوی سالی ٦٢٣ ز بوو ،  پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) (سعدی کوری  ئەبو وەقاصی ) کرد ئەمیری بیست پیاو له موسلمانان ، ناردی تا کو

ێ

ریگای له کاروانیکی قورەیش بگرن ، فەرمانی به سەردا دا که له ( خرار ) تیپەر نەکەن ، ئەوانیش به پیادەو بی وەلاغ و سواری بەری کەوتن ، بەرۆژ خۆیان دە شاردەوە بەشەو بەری دە کەوتن ، نەوە دوژمن زەفەریان پی ببات و ئامانجەکەیان به دی نیت ،تا ئەوە بوو له بەربەیانی پینچەم رۆژدا گەیشتەنە ( خرار ) بەلام فریایی کاروانەکە نەکەوتن ، هەوالی کاروانەکەیان پرسی ، رۆژیك پیش گەیشتنی سریەکە ئەوان رۆیشتن بوون ، ئالایی ئەم سریه یه ی موسلمانان که سعدی کوری ئەبو وەقاص ) ئەمیر بوو، بەدەست ( میقدادی کوری عمر ) وە بوو ئەو ئالاکەی هەل گرتبوو .

## چوارەم : غەزای ( ابواء ) یان غەزای ( ودان ):

ئەم غەزای یه له سفری سالی دووهەمی کۆچی دا بەرامبەر به مانگی ئۆگستۆسی سالی ٦٢٣ز دابوو ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خۆی واتا خودی خۆی چووە بۆ ئەم غەزایە له گەل هاوەلانی دا چووە دەروەوە ، پاش ئەوەی ( سعدی کوری عبادەی ) له دوای خۆی لەشاری مەدینەدا بەجی هیشت ، وە له گەل ( ٧٠ ) پیاو له کۆچکەراندا چووە دەرەوە ، بۆ ریگە گرتن له کاروانیکی قورەیش که گەیشت بووە ناو چەی ( ودان ) بەلام پیان نه گەیشتن لەو غەزایەدا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پەیماننامەیەکی هاوپەیمانی له گەل ( عمری کوری مخشي الضمري ) دا بەست که لەو رۆژەدا سەرۆکی خیلی ( بنی ضمرة ) بوو . ئەمەش دەقی پەیماننامەکەیە :

( ئەم نووسراوەی محمد پیغەمبەری خوایە بۆ ( بنی ضمرة ) ئەوان بیوەی دەبن له مال و حالی خۆیاندا تا دەریای صوفه ئاوی تیدابیت ، پشتیوانی دەکرین دژ به هەر کەسیك له گەلیاندا بجەنگیت جگە له ژایەتی کردنی ئایینی خودا ، ئەگەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوانی بانگکرد بۆ پشتیوانی لی کردن دەبیت هاوکاریی بکەن . بەلی ئەم یه کەم غەزای پیغەمبەری خوا بوو ( صلی الله علیه وسلم ) که خۆی پی هەستابیت ماوەی ( ١٥ ) شەوی پی چووە ، ئالای ئەم غەزایە سپی بوو ، ( حمزەی کوری عبدالمطلب ) مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەدەستیەوە هەلی گر تبوو ...

( ودان ) واتا: شوینیکه له نیوان مککەو مەدینەدا ، وله نیوان ( ودان ) و ( رابغ ) دایه بەدیوی مەدینەدا ( ٢٧ ) میل دوورە ، وە ( ابواء ) یش شوینیکه له نزیك ( ودان ) وە ..

ئ
سيره ابن هشام ١٨٢/٢، ابن سعد فى الطبقات ٨/٢ ، البيهقي الدلائل النبوه ١٠/٣ ،التبراني في التاريخ ١١/٣ ، البداية والنهاية ابن الاكثير ١٣٤/٣ ،تاريخ الاسلام للذهبي ٤٥/١ ، زاد المعاد لابن قيم ٣٤/٣ .

## پێنجەم : غەزای ( بواط ) :

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵانی لە شاری مەدینە دا بوو ، لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی دووهەمی کۆچیدا ، بەرامبەر بە مانگی ئەیلولی ساڵی ٦٣٢ ز ، ئەوە بوو هەواڵیان پێ گەیشت کەوا کاروانیکی کافرانی قورەیش لە وەلاتی شامەوە گەراوەتەوە و ، وە ( ئومییە کوری خلف ) سەرۆکایەتی ئەم کاروانەدە کات ،( ١٠٠ ) پیاو ، ( ٢٥٠٠ ) ووشتری بەبارەوە لە گەل دان ، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ( ٢٠٠ ) پیاو لە هاوەلانی دەرچوون لە شاری مەدینەدا ، بۆ ریگە گرتن لەم کاروانەی قورەیش ، پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) لەدوای خۆی لە شاری مەدینە ( سعدی کوری معاز ) کە سەرۆکی هۆزی ئەوس بوو ، کردیە جی نیشینی خۆی لە شاری مەدینە ، ئالای ئەم سوپایەی ئیسلام کە پێغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پیشەوایی بوو ، ئالاکە سپی بوو بەدەستی ( سعدی کوری وەقاص ) وە بوو .

بە پەلە رۆیشتن هەتا گەیشتنە ( بواط ) کە چیایەکە لە زنجیرە چیاکانی جوهەینە و لە نزیك ( ینبع ) دایە ، بەلام ( ئومییە کوری خلف ) هەوالی زانی بوو کەوا موسلمانەکان بە پیشەوایەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نیازیان وایە ریگەی پێ بگرن ، بۆیە پەلەی لە کاروانەکەی کردو لە دەستی موسلمانان رزگاری کرد ..

هەروەها ئەمانە بەشیوەیەکی تر باسیان کردووە ( سیره ابن هشام و ، بیهقی ، التبرانی ، اللواقدی ، ابن کثیر ، )

( لە مانگی ربیع الاول ی ساڵی دووهەمی کۆچیدا ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و سوپاکەی کە ( ٢٠٠ ) سواریان لە ناو دابوو شاری مەدینە یان بە جی هیشت و بەری کەوتن تا گەیشتنە ( بواط ) ناوچەی ( رضوی ) بە مەبەستی ریگرتن بە کاروانیکی بازرگانی قورەیش کە ( ١٠٠ ) پیاویان لە گەلدا بوو لە گەل باری ( ١٥٠٠ ) ووشتر دا بە سەرۆکایەتی ( أمیە کوری خلف ) .سیره ابن هشام ١٨٩/٢، التبرانی فی التاریخ ٤٠٥/٢ ، البیهقی فی الدلائل ١١/٣ ، اللواقدی فی المغازی ٢/١ ، ابن کثیر في البداية والنهاية ٢٤٦/٣ .

وە لەم غەزایەدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ( السائب بن عثمان بن مضعون ) لە جی ی خۆی دانا بۆ بەریوە بردنی شاری مەدینە ، لەم غەزایە شدا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلانی تووشی شەر و یان جەنگ نەبوون پاشان گەرانەوە بۆ شاری مەدینە ..

ئ
بەلى بۆ زياتر ئاشنابوونى ئەم غەزايە كە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پيشەوايە تى كردووە دەچينە خزمەتى فەرموودەيە كى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە ( جابرى كورى عبدالله ) بۆمان دە گيريتەوە و دەفەرموويت : ( بەريكەوتين لەگەل پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم )لە غەزاى دۆلى ( بواط ) دا ، كاتيك بە شوين ( مجدى كورى عمرى جوهويندا ) دە گەراين ، و هەموو ووشتريك پينج و شەش و حەوت مان بەدواى يەكدا بە نۆرە سوارى پشتى دە بووين ، جاريك نۆرەى پياويك لە ( ئەنصار ) بوو كە سوارى ووشتريك بيت ، ووشترەكەى يخ لى دا و سوارى پشتى بوو پاشان ويستى هەلبسيتەوە ووشترەكە يەك دووجار تەمەلى كرد و پياوەكە پى ى ووت : ( شأ ) ووشەيەكە دووتريت بە وولاغى بەرز بۆ هەستانەوە و رۆيشتنى ،يان لەعنەتى خوات لى بيت . پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : ( من هذا اللاعن بعيره ) واتە: ئەوە كى يە لەعنەتى لە ووشترەكەى كرد ؟! پياوەكە ووتى : من بووم ئەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پيغەمبەريش پى فەرموو : ( لە پشتى دابەزەو هاورى يەتيمان مەكە بە ووشتريكى نەفەرەت لى كراو ، ئيوە دوعا لە خۆتان مەكەن ، وە دوعا لە مندالە كانتان مەكەن ، وە دوعا لە مال و سامانەكانتان مەكەن ، نەوەك دوعاكانتان بكەويتە كاتيكەوەكە هەر شتيكى تيادا دوابكەن خواى گەورە تيايدا دوعاكانتان بۆ گيرا و جى بەجى بكات ) جابر ئەلى : بەرى كەوتين لە گەل پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليەوسلم ) ئيوارەمان بەسەر دا هات ، ونزيك بووينەوە لە يەكيك لە كانيە وەكانى عەرب پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : ( من رجل يتقدمنا فيمدر الحوض ،فيشرب و يسقينا ) ؟ واتە : كام پياو لەئيوە پيشمان دەكەويت حەوزيك دروست بكات لە ئاو تا خۆى لى بخواتەوە و پاشان ئاويش بداتە ئيمە؟ جابر دەفەرمووى: من هەستام ووتم : ئا ئەمە ( واتە بە خۆى ووت ) پياويكە ئەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ؟ پيغەمبەريش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : كى تر لە گەل جابر دەروات ؟ ( جبار بن صخر )يش هەستاو لەگەلمدا هات و رۆيشتين تاگەيشتينە بيرەكە ، و يەك دوو دۆلچە ئاومان هەلينجاو خاكەكەمان كرد بە قور پاشان حەوزيكمان لى دروست كرد ، ئاومان هەلينجا لە بيرەكەى تا بە تەواوى پرمان كرد ، و چاوەروانيمان كرد ، روانيمان يەكەم كەس بە رووماندا هات پيغەمبەرى خوا بوو ( صلى الله عليه وسلم ) هات و فەرمووى : ( أتأذنان؟ ) واتە : هەر دووكتان ريگەم پيدەدەن ؟...

ئيمەش ووتمان بەلى ئەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئينجا ووشترەكەى نزيك كردەوە لە حەوزەكە تا تير ئاو بوو پاشان چوو بەولاوە و ووشترەكە ميزى كرد و ئە نجا پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ووشترەكەى برد بەو لاوە و دوورى خستەوەو يخى لى دوا حەوايەوە و پيغەمبەريش ( صلى الله عليه وسلم ) لە پشتى دابەزى و دەست نويژى شۆرد ، وە ( جبار بن صخر )يش چوو بۆ سەر پيشاو تا دەست

ێ
بە ئاو بكات ، منیش (بردە) واتە: پەشتەمالیكم لەبەر دابوو ویستم لە خۆمیەوە بپێچم بەلام هەر دوولابەكەی نەگەیشتەوە بەیەك و چەند لایەكی درێژو شۆربوون ، نا چار پەشەمالكەم بە شان و ملمدا داو خۆمم پی پێچایەوە و بەژێر چەناگەم گرتم و خۆم تیایا كورەلە كرد ، پاشان هاتم تا لای چەپی پێغەمبەرەوە وەستام ، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) دەستمی گرت و منی هێنایە لای راستەوە ، پاشان (جبار بن صخر ) یش دەست نوێژی شۆرد و هات لای چەپی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم ) پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم بەدەستی هەردووكمانی پال پێوەنا تا هەر دووكمان لە پەنایەكدا لە پشتی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم ) وەستاین و نوێژمان خوێند ، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) لە نوێژەكەیدا جار جار بە لاچاو تەماشای دەكردمو منیش باش ئاگادار نەبووم ، پاشان بە وریا هاتم ، لە نوێژەكەدا بەدەست ئیشارەتی بۆ كردم واتە: لە پشتێنەتدا بیبەستە تاعەورەتت دەرنە كەویت جابری ئەلی : كاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لە نوێژەكەی تەواو بوو فەرمووی : جابر ووتم : بەلی ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (إذا كان واسعا فخالف بين طرفيه ، وإذا كان ضيقا فاشدده على حقوك (فاتزر به ) )واتە: ئەگەر پەشتە مالكەت فراوان و گەورە بوو بی پێچەوە لە خۆتەوە ، وە ئەگەر بچووك و تەسك بوو بی پێچە ناو قەد تەوە و تا لە ناووك بەرەو خوارتەوە دادە پۆشێت . جابر ئەلی بەریكەوتین لەو سەفەرەماندا لەگەل پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) وە خواردنی هەر پیاوێك لە رۆژێكدا یەك خورما بوو ، دەی مژی و پاشان لە جل و بەرگەكەیدا دەی پێچاوە و هەلی دەگرت ، وە ئیمە لە برساندا بە كەوانە كانمان لە گەلای دارمان دەداو دەمان خوارد ، تا هەموو لیومان قلشی برد و درز درز بوو (واتە: لەزبری و گەرمی گەلاكەدا ) وە ئیمە سەر كاریمكان بوو كە رۆژانە دەنكە خورماكەی بەش دەكرد بەسەماندا سوێند بەخوا لە بەش كردندا یەكێكمانی بیر چوو خورمای بداتی ئیمەش چووینە ژێر بالیەوە و بردمان و شایەتیمان بۆ دا كە دەنكە خورماكەی وەرنەگرتووە ،ئینجا یەك خورمای پێداو وەری گرتو راست بووەوە ، لەری رۆیشتنە كەماندا بەردەوام بوین ...

تا گەیشتینە شیویكی فروان و لەوی دابەزین ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) رۆیشت بۆ پیشاو دەست بە ئاوكردن منیش دوای كەوتم بە كەمۆلەیەك ئاوەوە ، تەماشای كرد هیچی نەدی تادای پۆشێت و دیار نەبێت ، بەلام دوو دەرخت لەم سەر و ئەو سەری شیوەكەوە دیار بوو ، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) چوو بۆ لای یەكێكیان پەلێك لە پەلەكانی درەختەكەی گرت و فەرمووی : (إنقادى على بإذن الله ) واتە: وەرە بەدوام دا بە ئیزنی خوا ،دەرختەكەش بە دوای دا رۆیشت وەك چۆن ووشتری مل كەچ بە دوای خاوەنەكەیدا دەروات ،

ئ

پاشن هاته لای درەختەکەی تر و پەلیك لە پە کانی گرت و فەرمووی : ( إنقادی علی بإذن الله ) بەهەمان شیوە واتە: بە ئیزنی خوا وەرە بە دوامدا ، درەختەکەش ڕۆیشت ، تا نزیکی کردەوە لە درەختە کەی تر کۆی کردەوەو فەرمووی : ( إلتئما علی بإذن الله ) واتە : تیکەل بەیك بن بەر سەرمدا بەئیزنی خوا ، هەر دووکیان تیکەل بەیەك بوون ، بەسەریداو دایان پۆشی و سیبەریان بەسەرەوە کرد .

جابر ئەلی : منیش هەستام و رام کرد ئەویم بەجی هیشت نەوك پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هەستم پی بکات و زیاتر دوور بکەویتە وە تا دوور کەوتمەوە و لە شوینیکدا دانیشتم و لە خەیالدا بوو ئاوریکم دایەوە تەماشام کرد پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بەرەو لای من دیت و دەگەڕیتەوە وە دوو دەرختەکە جیابوونەتەوە لە یەکتری ، هەر یەکیان لەلایەکەوە وەستاوە بینیم پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) وەستانیك وەستاوە بەسەری ئیشارەتی بەلای راست و چەپدا کرد بۆ درەختەکان هەریەکەیان چوونەوە شوینی خۆیان ، پاشان بەرو لای من هات و گەیشتە لام فەرمووی : جابر ئاگات لی بوو لە کوی وەستام ؟ ووتم : بەلی ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( فانطلق الی الشجر تین فاقطع من کل واحدة منهما غصنا ،فاقبل بهما ،حتی اذا قمت مقامي فارسل غصنا عن یمینك وغصنا عن یسارك ) واتە: برۆ بۆلای هەردوو درەختەکە و لە هەر یەکەیان پەلیك ببرە و بیهینە تا دەگیتە شوینی وەستانەکەم ئینجا پەلیکیان فری دە بە لای راستدا و ئەوەی تریان بەلای چە پدا .

جابر ئەلی : منیش هەستام و بەردیکم هەلگرت و شکاندم تالایەکی تیژ بوو، ئینجا هاتم بۆ لای هەر دوو درەختەکەو هەریە کەیان پەلیکم لی بری و پاشان هەر دوو پەلە کەم بەدوامدا راکیشا و هینام تا لە جیگەی وەستانەکەی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) وەستام و پەلیکیانم بەلای راستدا فری داو ئەوی تریان بەلای چەپدا ، ئینجا هاتم بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووتم : جی بەجیم کرد ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مەبەست لەو کارە چی بوو ؟! ...

پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( إني مررت بقبرین یعذبان فاحببت بشفاعتي أن یرفع عنهما ، مادام الغصنان رطبین ) واتە: من تی پەریم بەلای دوو گۆردا ئەشکەنچە دەدران ، پیم خۆش بوو بە تکاکردنم بۆیان ئەشکەنچەیان لەسەر سووك بکریت تا ئەو کاتەی دوو پەلەکە ووشك دەبن .. جابر ئەلی : پاشان گەراینەوە ناو سەربازەکانمان وە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( یا جابر ناد بوضوء ) واتە: جابر بانگە بۆ ئاوی دەست نویژ ، جابر دەفەرموویت منیش بانگم کرد کی ئاوی دەست نویژیکی لایە ؟! کی ئاوی دەست نویژیکی لایە ؟ کی ئاوی دەست نویژیکی لایە ؟ ئینجا ووتم : ئەی

ێ

پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) یەك دۆلكە ئاوم دەست نەكەوت لە كەسیان . جابر ئەلی : بەلام تەنها پیاویكی ئەنصاری مەشكەیەك ئاوی بەچەند داریكەوە هەلواسی بوو بە ووشترەكەوە بۆ ئەوەی ئاوەكەی سارد بیت و بەشی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیەوسلم ) لی بدات ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پی ووتم ( انطلق الی فلان بن فلان الانصاري فانظر هل في اشجابه من شيء ) واتە : برۆ بۆ لای فلانی كوری فلانی ئەنصاری تەماشام بكە بزانە لە ( مشكەكە ) هیچ ئاویكی تیدایە ؟ جابر ئەلی : رۆیشتم و تەماشام كرد تەنها كەمیك ئاوی لە دەمی كونەكەدا ماوە ئەگەر ئاوەكە بگەرایەتەوە ناو ( كونەكە ) ئەویش نەدەما لەبەر ووشكی ( كونە و مشكەكە ) پاشن گەرامەوە بۆلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و پیم ووت : ئەی پیغەمبەری خوا هیچم تیا نەدیەوە تەنها كەمیك ئاو نەبیت لەدەمی ( مەشكەكەدا ) ئەگەر بەرزی بكەیتەوە ئاوەكە بگەریتەوە ناو ( مەشكە و كونەكەدا ) لەبەر ووشكی مەشكەكە ئەویشی تیا نامینیت !!

پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : برۆ بۆم بینە، منیش رۆیشتم و بۆ هینا وبە دەستی گرتی و هەندیك شتی فەرمو من باش ئاگام لی نەبوو ئینجا بەدەستی لە هەموو لایەكەوە گوشی و پاشن دایە دەستی من فەرمووی : ( جابر بانگ بكە با مەنجەلیكی گەورە بینن ) منیش بانگم كرد : ئەی خاوەن مەنجەلە گەورە ئەم سوارانە لە كوی ە مەنجەلە كەت بهینە ، ئینجا مەنجەلەكەمان بە دەست هەلگرت هینا مان لەبەر دەستیدا دامان نا ، پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) دەستی كردەوە و پەنچەكانی بلاو كردەوەو لە بنی مەنجەلەكەدا دایناو ، وە مەشكەكەی دا بەستمەوە و فەرمووی ( خذ یا جابر فصب علی وقل بسم الله ) واتە : ها جابر بیگرە و ئاو بكە بەدستمدا و بلی :بسم الله .منیش ئەو كەمە ئاوەی مەشكەكەم كرد بە دەستیدا و ووتم : بسم الله و ، و بە چاوی خۆم بینیم ئاو بە خور لە نیوان پەنچە كانی پیغەمبەرەوە( صلی الله علیه وسلم ) دەردەچوو ، ئەوندەی پی نەچوو منجەلەكەبە تەواوی پر بوو لە ئاو ،ئینجا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( یا جابر ، ناد : من كان لة حاجة بماء ) ؟! ...

واتە : بانگە بكە كی پیویستی بە ئاو هەیە با بیت ، ئەوەندەی پی نەچوو هەر هەموویان هاتن ئاویان خواردەوە ، تا تەواو تیر ئاو بوون ، ئینجا من دەم ووت : كی ی تر پیویستی بە ئاوە با بیت ، تا هەموویان تەواوبوون ، ئینجا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دەستی بەرز كردەوەو دەری هینا لە مەنجەلەكە هیشتا تەواو پر بوو لە ئاو ، ئینجا موسلمانان سكالای برسیتی خۆیان بردە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەویش فەرمووی : ( عسی الله أن یطعمكم ) واتە : بەلكو خوای گەورە خواردنیشتان بداتی ؟! بەری كەوتین تا گەیشتینە قەراغی دەریا ، و دەریاكە یە ك شە پۆلی داو گیانداریكی هەلدایە قەراغەكە

ئ

یەوە ( پی دەچیت نەهەنگ بوو بیت )، ئیمەش ئاگرمان لە لایەکەوە کردەوە ، وەهەندی لە گۆشتە کە یمان برژاندو هەندیکمان لی کوڵاند ولیمان خوارد تا بەتەواوی تیر بووین .

جابر ئەلی : من و فلان و فلان و تا پینج کەسی ژمارد چووینە چالایی چاویەوە تیایدا وون دەبووین و نەبینراوین تا هاتینەدەرەوە پەراسویەك لە پەراسووەکانیمان راست کردەوە و چەمانمانەوە و بالا بەرزترین سوارمان هیناو بەرزترین کۆپان و سواری بەرزترین ووشترمان کرد بەژیریدا تیپەر بوو بەبی ئەوەی سەری بچەمیتەوە . پاشان گەراینەوە شاری مەدینە ...

اخرجه : البخاری ( ٣٦١ ) ، و مسلم ( ٧٤٣٧ ) ، واللواقدی فی المغازی ١٢/١ .

## شەشەم : غەزای ( العشیره ) :

لە مانگی ( جمادی الاول ) دا وە لە سالی دووهەمی کۆچیدا بوو ، بەرامبەر بە مانگی نۆفینبەری سالی ٦٢٣ز دا ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل ( ١٥٠ ) یان ( ٢٥٠ ) لە موسلمانانا لە مەدینە دەر چوون دوای ئەوەی هەوالی دەرچوونی کاروانیکی بارزگانی قورەیشیان پی گەیشت کەلە شاری مککە وە دەرچوون بەرەو وەلاتی شام ). اللواقدی فی المغازی ١٢/١.وە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ( ابو سلمەی کوری

ئ
عبدالاسدى ) دانا بۆ بەریوە بردنی ئیش و کاروباری ناو  شاری مەدینە ، پاشان بەریکەوتن تا گەیشتنە (العشیرە) کەلە ناوچەی  ینبوعی نیوان شاری مککە و  مەدینەیە ، لەوی رۆژانی (جمادی الاول ) و چەند شەویك لە (جمادی الاخرە) مایەوە و ریکەوتن نامەی لە گەل هۆزی (بنی مدلج ) و هاوپەیمانە کانیان لە (ضمرە) دا ئە نجام دا.هەروەها (عماری کوری یاسر) –خوا لی رازی بیت –یە کیك لە رووداوەکانی ئە م غەزای (العشیرە) مان بۆ دە گیریتەوە دەفەرمووی : ( من و علی کوری ئەبی تالیب لە غەزای (العشیرە) دا بەیەکەوە بووین ، کاتیك لەوی دابەزین و ماوەیە ماینەوە هەندیك لە خەلکی (بنی مدلج) مان بینی کە بیریکیان هەلدەکەند لە ناو خورماکانیاندا ، علی کوری ئەبی تالیب بە منی ووت: باوکی (لیقظان) بۆ نەچین تەماشای ئەو خەلکە بکەین تا بزانین چۆن کاردەکەن ؟ منیش ووتم : ئارەزووت لی بیت با برۆین . ئینجا  رۆیشتین بۆ لایان و ماوەیەك تەماشامان کردن و تا نزیك بوو خەومان لی بکەویت ، پاشان من و علی چووین لەناو خۆلە نەرمی ژیر سیبەری هەندیك دار خورمای بچووکدا پال کەوتین و خەمان لی کەوت سویند بە خوا ئاگامان لە خۆمان نەبوو تا پیغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) جولاندینیەوە بە قاچی ولە خەو هەستاین خۆلاوی بوو بووین لەو خۆلەی کەتیایدا راکشابووین ئا لەو رۆژەدا  پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بە (علی) فەرموو : (مالك یا ابا تراب ) واتە: ئەوە چیتە ئەی خۆلاوی . بە هۆی ئەو خۆلاوی بوونەی کە پی یەوە دیار بوو ، پاشان فەرمووی : (الا أحدثكما با شقى الناس رجلين ) واتە :ئایا باسی دووکەسی خراپترین و چە پەل ترین کەستان بۆ بکەم لە ناو خەلکدا ؟! ووتمان بەلی ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئەویش فەرمووی : (أحيمر ثمود الذي عقر الناقة ، والذي يضربك يا على علي هذه ، و وضع يده قرنه ، حتى يبل منها هذه ، او خذ بلحيته ) واتە: احیمر : پی دەچیت مانای سوورە کورتە بالاکەی ثمودە  کە ووشترەکەی سەر بری ، وە ئەوکەسەی کە ئالیرەت دەدا ئەی (علی )  وەدستی خستە سەر سەری تا ئەمە تەردەکات و بەدەستی لەم غەزایەدا  پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم و موسلمانان تووشی شەر نەهاتن  پاشان گەرانەوە شاری مەدینە دا ) .سیرە ابن هشام ٩٠/٢،البیهقی الدلائل ١١/٣ ،التبرانی فی التاریخ٤٠٥/٢ ، لابن سعد فی التبقات ٦/٢ ،البدایه والنهایه لابن کثیر ٢٤٦/٣ .

٤٤٢

## حەوتەم : غەزای (صفوان ) یان غەزای بەدری یەکەم :

پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) پاش گەرانەوەی لە عەزای (العشیرە) و هاتنەوەی ناو شاری مەدینە، چەند شەویکی کەمی بەسەردا تی پەری نە گەیشتە (١٠) شەو ، تا ئەوە بوو (کرز بن جابر الفهری ) پەلاماری بەشیك لە مەر و مالات و داخرو دانەویلە و پاوەنەکانی شاری مەدینە ی دا ، پیغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) لەگەل بە شیك لە هاوەلانی دا بەدوای کەوتن تا گەیشتنە شیویك لە ناوچەی بەدر

ئ
دا كه پیان دەووت شیوی ( صفوان ) وه لەم غەزایه دا ( كرزی كوری جابری الفهری ) دەرباز بوو له دەست موسلمانەكان پی ی رانەگەیشتن ، بەلی ئەم غەزایەش پی دەووتریت غەزای بەدری یەكەم له میژوودا یان غەزای بەدری بچووك ، پاشان پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له گەل هاوەلانی دا گەرایه وه ناو شاری مەدینەدا ،و تیایدا مایەوه تا كۆتایی ( جمادس الاخره ) و مانگی رەجەب و شەعبان وەلەم غەزایەشدا پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ،( زیدی كوری حاریسەی له جی خۆی كرده فەرمانرەوایی شاری مەدینه،تاكو لەم غەزایه گەرایەوه ، بەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەم كرده وەیەی سەلماندی كه موسلمانان خاوەنی هیزیكی پۆلایینی ئەو تۆن كه نا هیلن هیچ كەسیك دەست دریژی یان بكاته سەر ، وه هەر كه سیك بیر له وه بكاتەوه كه دژایەتی پیغەمبەری خوا ئیسلام بكات و له دەستیان دەر بازی نابیت ، بەلی بەه دریژایی میژوو دژایەتی ئیسلام و موسلمانانیان كردووه بەلام له كۆتایی دا به سەر شۆری و مایه پووچ ماینەوه ، هەروەك ئیستا دژایەتی دینی ( خوای گەوره ) ده كه ن به پال پشتی وەلاتانی رۆژئاواو غیره ئیسلام ، له ریگای راگەیاندنەكانیان و ئەوریكلامه درۆیانەی كه دەیكەن به ناوی مافی مرۆڤ و ئازادی را دەربرین و ئازادی تاك و دیمكراسیه ت و علمانیەته قیزەونەكەی خۆیان ،هەروەك له ولاتانی ئیسلامی دا پەیرەوەی دەكەن و بلاوی دەكەنەوه به ناوی مافی مرۆڤ و مافی ئافرت ، به تابیبەتی ئەو وەلاته ئیسلامیانەی كه بۆته قدوەی موسلمانان به تاییه تی وەلاتی سعودیایی ال ی ملیك كه بەناوی دینی خوا وه بازرگانی به موسلمانانەوه دەكەن له ریگای هاوپه یمانه رۆژئاوایه كانیان ، كه ولاتی سعودیا بۆته شوینی ملهاو بارو ریا بازی و فسادی به ناوی دیمكراسیه ت ئازادی تاك لەم وەلاتەدا ، مالی خوای گەوره چول بووه ، چونكه هەموویان كردۆته بازرگانی كردنی دارو دەستەی خۆیان به تاییەتی له سەردەمی به ناو شیخ سلمان ال سعود ، كرانەوەی دیمكراسیەت بەرووی سعودیا مالی خوای گەوره كه قیبلەی موسلمانانه سەر رووی زەوی دا كه هەموو موسلمانان چاویان له سعودیا ئیستا یه كه لەم زولم و ستەمەی له موسلمانان ده كریت له سەر رووی زەویدا، بەلام بەداخەوه ئیستا بۆته شوینی فیستفالی فلیم و ملهەكان ، كه چی علما كانی وا كۆچی له زیندان دان ، پیاو چاكەكانی ئازارو ئەشكه نجه ده درین له به ندیخانەكانی دا..!!

## هەشتەم : سریەی ( عبدالله كوری جحش ) :

پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پاش گەرانەوەی له غەزای ( صفوان ) یان له غەزای بەدری یەكەم دا بەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كۆمەلیكی له موسلمانانی نارد تاوه كو هەوالی قورەیش بهینن بۆ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، ئەوه بوو ( ئەبو عوبەیدەی كوری ئەلجەراحی ) كرده ئەمیری ئەم كۆمەله موسلمانه ، بەلام كاتیك ( ئەبو عوبەیده ) ویستی بروات فرمیسك له چاوانی هاته

ئ
خوارەوە لە نارەحەتی دوور کەوتنەوەی لە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆیە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) (ئەبو عوبەیدەی) لە ئەمیری ئەم سریە یە لا برد لە شوینی ئەو (عبدالله کوری جحش)ی کردە ئەمیری ئە دەستەیەی موسلمانان ، کە ئەم کۆمەلە لە (٨) کەس پیك هاتبوون لە مهاجیرین واتە : لە کۆکەران بوون ، هیچ لە موسلمانە ئەنصاریە کان لە ناو ئەم سریەیەدا نە بوو ، پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە (عبدالله ی کوری جحش) ی ووت : برۆ هەوالی و دەنگو باسی موشریکانی قورەیشم بۆ بهینەوە ، وە فەرمانی پی کرد کە هیچ شەرو جەنگیك نەکات، چونکە لە کاتی مانگە حرامەکاندا بوون (الاشهر الحرم) ، وە نامەیەکی بۆ نووسی پیش ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە کە بەرە و کوی بچیت و پی ی فەرموو : ( اخرج انت وأصحابك، حتى إذا سرت يومين فافتح كتابك وانظر فيه ، فما أمرتك فيه فامضى له ، ولا تستكرهن أحدا من أصحابك على الذهاب معك ) .واتە: تۆ و هاوەلە کانت بەری کەون تا دوو رۆژ ، وە لە روایەتکی تردا (وامره أن لايقرا الكتاب حتى يسير يومين و حتى يبلغ مكان كذا وكذا ) نامەکە مەکەوە تا دەگەیتە جیگەی فلان و فلان ، کە گەیشتیتە ئەوی ، نامەکەت بکەرە وە برۆ جی بەجی ی بکە ،و زۆر لە هیچ کەسیك لە هاوەلەکانت مەکە تا لە گەلتدا بین .

وەلەم سریەیە دا هاوەلەکانی (عبدالله کوری جحش ) ئەمانە بوون :

١- ئەبو حوزەیفە عوتبە کوری رەبیعە .
٢- عوکاشەی کوری موحصین .
٣- عوتبەی کوری غەزوان .
٤- سعدی کوری ئەبیل وەقاص .
٥- عامری کوری رەبیعە .
٦- واقیدی کوری عبدالله .
٧- خالیدی کوری بەکیر .
٨- سوهەیلی کوری بەیزا .

هەموو بەری کەوتن لە گەل (عبدالله ی کوری جحش) دا ئینجا (عبدالله ) نامەکەی کردەوە و ،تەماشای کرد ئەمەی تیدا نووسرابوو :

(هەر تەماشای ئەم نووسراوەت کرد بەری کەوە تا دەگەیتە (النخلە) ی نیوان مككە و طائیف ،وە لە نزیکەوە چاودیری قورەیش بکە هەوالەکانیان بزانە و پیمان بگەینەرە وە ) بەلی کاتیك (عبدالله) لە خویندنەوەی نامەکەی تەواو بوو ووتی : گویگرو گویرایە لین ( سمعا وطاعة ) پاشان بە هاوەلە کانی ووت : پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم فەرمانی پی کردوم بەری کەوم بۆ دۆلی (النخلە ) تا چاودیری

ئ

جموجۆلە کانی قورەیش بکەم و هەوال و زانیاریەکانی پی رابگەیەنمەوە ، وە داوای لی کردووم کە زۆر لە هیچ کە سیکتان نەکەم تا لە گەلمدابیت ، هەر کەسیکیش لە ئیوە ئەوەی پی ناخۆشە با بگەریتەوە ،بەلام من وا بەری دەکەوم بۆ جی بەجی کردنی فەرمانەکانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) . بەلی ( عبدالله ) بەری کەوت خۆی و هاوەلەکانی وە هیچ یە کیکیان نەگەرانەوە ، بەری کەوتن بە بەرزایی یەکانی حیجازدا تا گەیشتنە چالی ( بحران ) لەسەرووی ( الفرع ) وە لەویدا ( سعدی کوری وەقاص ) و ( عوتبەی کوری غەزوان ) ووشترەکەیان لی وون بوو کە بە نۆرە سواری پشتی دە بوون ، ئەوان لەوی جی مان تا بە دوایدا بگەرین ، وە ( عبدالله کوری حجش ) بەری کەوتن لەگەل هاوریکانی دا تا گەیشتنە دۆلی ( النخلە ) و لەوی دابەزین و چاودیری چواردەوریان دەکرد لە و کاتەدا چوار ووشتر باری قورەیش هاتن ئەوانیش : ( عەمرۆی کوری حەزرەمی ) ، ( عوسمانی کوری عبدالله ) ، ( نوفلی کوری عبدالله مەخزومی ) ، ( حکمی کوری کیسان ) بوون ، کە میوە ژوو هەندی پیستەو هەندیك کالای بازرگانی تری قورەیشیان پی بوو ، لە ( طائیف ) وە هینا بوو یان بەرەو شاری مککە ، ئەوان هاتن و لە نزیك ( عبدالله ) و هاوەلەکانی دابەزین و کاتی ئەوانیان بینی ترسان ، ( عوکاشەی کوری موحصین ) بوو یا خود ( واقیدی کوری عبدالله ) کە سەری تاشی بوو سفری کرد بوو خۆی نیشانی ئەوان داو کاتیك قورەیشیەکان ئەمەیان بینی ووتیان: ترسمان لی یان نیە ئەوان بۆ عەمرەکردن هاتوون وبی تر بوون ، چونکەئەوە لە رۆژی کۆتای مانگی رەجەب دا بوو . ( عبدالله کوری جحش ) لە گەل هاوەلانی راویژیان لە گەل یەك دا کرد و ووتیان: سویند بەخوا گەر ئەم شەو لی یان گەریین دەچن تا دەگەنە ناوچەی ( الحرم ) وهیچمان پی ناکریت لە گەلیاندا و گەر بیان کوژین مانگە کەش مانگی ( حەرامە ) کە جنگ تیدا حرام کراوە ، بۆیە هەر هەموویان لە دوو دلی دا بوون کە پەلاماریان بدەن یان نا ، پاشان ورەیان بە خۆیاندا و کۆبوون لە سەر پەلاماردانیان و ئەوی لی یان بەر دەست کەوت بیکوژن و ئەو کەلوپەلەی پییانەوە گرت بیبەن .

بەلی لەو کاتەدا ( واقیدی کوری عبدالله ) تیریکی گرتە ( عەمرۆی کوری مەزومی ) و کوشتی ، وە ( عوسمانی کوری عبدالله ) و ( حەکمی کوری کیسان ) دەست گیر کران و بەلام ( نوفەلی کوری عبدالله ) هەرات و رای کرد نەکەوتە بەردەستیان ، بەلی ( عبدالله کوری حجش ) هاوەلەکانی وە لە گەل دوو دەست گیرکراوەکەو کەل و پەلکانیانەوە گەرانەوە ، ( عبدالله کوری حجش ) بە هاولەکانی ووت : ئەوەی دەستمان کەوتووە دەیکەینە پینج بەش دەدەینە پیغەمبر ( صلی الله علیه وسلم ) ئەمەش پیش ئەوە بوو کە ( خوای گەورە ) ئایەتەکانی سورەتی الانفال دابەزینی کە باس لە دابەش کردنی دەست کەوتە کانی جەنگ دەکات یان غنیمەتەکانی جەنگ ،ئەوە بوو بەشکەی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) جیا کردەوەو ئەوانی تری دابەش کرد ،کاتی کە گەرانەوە ناو شاری مەدینە وچوونە لای پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) و

ی
هەواله كەیان پی ووتن : ( والله ما أمرتكم بالقتال فی الشهر الحرام ) واتە : سویند بەخوا فەرمانم پی نەكردن بە شەر كردن لە مانگی حەرامدا ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) ئەو بەشەی وەرنەگرت لی یان ، و ووشترو بارو دوو دەست گیركراوەكەی داناو رای گرت ، ( عبدالله كوری جحش ) هاوەلە كانی ئەمەیان بینی و ووتەكەی پیغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم ) یان بیست زۆر پییان ناخۆش بوو وە گومانیان وا بوو كە یتا چوون و هەلەیەكی گەورەیان ئە نجام داوە و برا موسلمانەكانیان گازندەیان كردن لەسەر ئەم كارەیان . لە هەمان كاتدا كاتیك قورەیش ئەم هەواله یان زانی ووتیان : محمد و هاوەلە كانی مانگە حەرامكراوەكانیان بۆ وَیان حەلال كرد ، و خوینیان تیدا رشت و پیاوانیان دەست بەسەر كرد و سامانیان تییدا بەتالان برد ، هەندیك لە موسلمانەكان كە هیشتا لە ناو شاری مككە مابوونەوە تواناى كۆچ كردنیا نەبوو ، وەلامیان دانەوە و دەیان ووت : ئەوان ئەو كارەیان لە مانگە حەرام كراوەكاندا ئە نجام نەداوە بەلكو لە مانگی شەعباندا ئە نجامیان داوە. بەلی جوولەكە كانی مەدینەش دەیان ووت : ( عمرو ) ماناى ئەوەیە كە شەر ئاوەدان دەبیت و ( الحضرمي ) ماناى ئەوەیە كەشەر ئامادە دەبیت و ( واقد ) بە ماناى بلیسە دەسینیت ،بەلام هەموو پیش بینیەكانی جوولەكە بەسەر وَیاندا شكایەوە بە زیانی خۆیان تەواو بوو .

بەلی كاتی خەلكانیكی زۆر بەتاییەتی قورەیش و جوولە كە و موناقیقە كان لەسەر ئەم باسە و ئەم جەنگ و شەری سریە كە ی ( عبدالله كوری جحش ) دوان ، ( خوای گەورە ) ئەم چەند ئایەتەی دابەزاندە سەر پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) فەرمووی : ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾البقره٢١٧.واتە : ئەگەر ئیوە كوشتارتان ئە نجام دابیت لە مانگە حەرام كراوەكاندا ، ئەوان ریگریان دەكردن و ئیوەیان دوور دەخستەوە لە ( المسجد الحرام ) و ئیوەی دانیشتوی شاری مككەیان دەركرد لە مككە ئەمانە گەورە ترە لای خوا لەو كوشتارەی موسلمانەكان لە ئیوەیان كرد ﴿وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ﴾ واتە : موسلمانانیان نا چار دەكرو زۆر یان لی دەكردن تا لە باوەریان پاشگەزببنەوە و بگەرینەوە سەر بی باوەری ، ئەم كارەش گەورەتر لە لای خوا لە كوشتار وە خوا گەورە دەفەرموویت : ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا﴾ واتە : ئەوان لیرە بە دواوە بە نیازن كاری گەورەتر بەرامبەر ئیوە ئە نجام بدەن بەوەی بجەنگین لە گەلتاندا تا لەتواناياندا هەبیت بۆ ئەوەی لە ئاینە كەتان دوور بخەنەوە ، وە دەست بەردار نابن و واز نا هینن لە دوژمنایەتیتان ، كاتیك ( خوای گەورە ) ئەم ئایە تانەی دابەزاند و دوو دلی و نیگەرانی و ترسی قورەیش نوینەری خۆی نار بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) بۆ ریكەوتن لە سەر ئازاد كردنی هەر دوو دیلە كە ، بەلام پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( ئیمە هەر دوو دیلە كەنتان ئازاد ناكەین تا ئەو دوو

ئ

هاوری یەمان واتە: (سعدی کوری وەقاص)، (عوتبەی کوری غەزاون) نەگەرینەوە، ئیمە دەترسین لەوەی ئیوە بیان کوژن گەر بیان کوژن ئیمەش ئەم دووانە دەکوژین ).

بەلی ئەونەی پی نەچوو (سعدی کوری وەقاص)، (عوتبەی کوری غەزوان) گەرانەوە شاری مەدینە، ئینجا پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەر دوو دیلە کەی بۆ ئازاد کردن، و یەکیکیان کە (حکمی کوری کیسان) بوو مووسلمان بوو لای پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) مایەوە و موسلمانیکی زۆر چاك و باشی لی دەر چوو تا کو شەهید بوو لە ریگای ئیسلام لە (بئر المعونە) دا، بەلام ئەوی تریان گەرایەوە بۆ شاری مککە و لەوی بە کافری مرد ...

هەندیك لە موسلمانان لە ناو ۆیاندا سەبارەت بە سریە کەی (عبداللە کوری حجش) و هاوەلەکانی دەیان ووت: گەر ئەوان تووشی تاوان نەبووین پادشتیان نی یە یا خود گەر سامانیان دەست کەوتبیت پاداشتیان نیە، (عبداللە ی کوری حجش) و هاوەلە کانی کاتیك نارەحەتی یە کەیان بەسەرەوە لاچوو پییان خۆش بوو پاداشتیان بەدەست هینابیت بە پیغەمبەریان ووت: بەهیوا کە بە غەزا بۆمان نووسرابیت و ئایا پاداشتی (المجاهدین) وەردەگرین، لەوەلامیاندا (خوای گەورە) ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە مژدەی پیدان دەفەرموویت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ البقره ٢١٨.

واتە :بەراستی ئەوانەی کە باوەریان هیناوەو ئەوانەی کۆچ و جیهادو تیکۆشانیان کردووە لە پیناو ریبازی خوا دا ،ئا ئەوانەی بە هیوا و بەتە مای رەحمەت و میهرەبانی خوای پەروەردگارن، بەراستی خوایش زۆر لیخۆشبوو و دلۆڤانە .

ابن هیشام لە سیرەدا دەلی: ئەمە یەکەم دەست کەوتی و غنیمەتی موسلمانان بوو، وە (عەمری کوری حەزرەمیش) یەکەم کوژراوی کافران بوو، ئەو دوو دیلەش واتە(عوسمانی کوری عبداللە)،(حکمی کوری کیسان) دیلی کافرە کانی قورەیش بوون .

اخرجه: التبرانی فی الکبیر (١٦٧٠) والبیهقی فی الکبیر (١٨٢٤٣)،البهقی فی الدلائل ١٧/٣، ابن سعد فی تبقات ٧/٢ ،لابن کثر في البداية والنهايه ٢٤٨/٣،سیر ابن هشام ١٩٢/٢ ...

# ڕووداوه كانی سالی دووهەمی كۆچی

له سالی دووهەمی كۆچی دا هەروه ك جیهاد له سەر موسلمانا فەرز كراو ، مولەت درا به جیهاد كردن كه ، موسلمانان دەست له دوژمنەكانیادا بەوەشینن ، وه تۆله له دەست دریژیی كەران بسینن ، چەند ڕووداویكی تریش ڕوویاندا كه ئه مانه گرتگه كانیانن :

## یەكەم : گۆرینی قیبله له ( بیت المقدس ) بۆ ( المسجد الحرام ) :

كاتیك كه پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كۆچی بۆ شاری مەدینه كرد ، ( خوای گەوره ) فەرمانی بەسەری دا ڕوو بكاته ( بیت المقدس ) ئەو شوینه بكاته قیبلەی خۆی ، ئەمەش بۆ دنەوایی كردنی جوولەكه بوو له شاری مەدینه ، تا بەلكو ئاینی ئیسلامیان به لاوه خۆشه ویست ببی و موسلمان ببن ، بەلام جوولەكەی دل ڕق و خیانەت كار زۆر بایەخیان به بیرو باوەره نەدا .. تەنها بیریان له بەرژەوەندی خۆیان دە كردەوه ، هەر وەك نا حەزانی ئیستایی ئیسلام و دوژمنانی ئاینی ئیسلام و مونافیقانی ئیسلام كه بەناو ئیسلامیان له خۆ ناوه كه چی قین لەدل بەرامبەر به خوا و پیغەمبەرەكەی و ئیسلامه پاكه كه ، بەس له هەولدانی ئەوتن دژایه تی خوای گەوره بكەن ، به ناوی دیمكراسیەت و علمانیەتی بۆگەنی خۆیان ، هەر بۆیه ئەو حیكمەتەی ( خوای گەوره ) كه كۆرینی قیبله بوو بەكەلك جوولە كەی مونافیق و خیانەت كار نەهات ، بگره به پیچەوانەوه وەریان گرت و ئەو ڕووكردنەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله على وسلم ) یان كرده ڕەخنه و ، تانه و تەشەنەیان لی ئەدا ، ئه یان ووت : به پیچەوانەمان هەلس و كەوت ئەكات و ، ڕوو له قیبله كەشمان ده كات ، بەلی ئەم كارەی جووله كه و ئه م قسانەیان زۆر ئازاری دلی پیغەمبەری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) دا و پی خۆش بوو هەر ( كەعبەی پیرۆز ) بیت كه قیبلەی ئیبراهیمی باوكی بووه و ، جیی شانازی باو باپیرانی بووه ، جا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر جار سەری بۆ ئاسمان بەرز ئەكردەوه و ، له خوا ئه پارایەوه تا ماوەی بدا ڕوو بكاتەوه ( كەعبەی پیرۆز ) ئەوه بوو تا ( ١٦ ) مانگ یان ( ١٧ ) مانگ بیت المقدس قیبله بوو ، تا خوای گەوره دوعاكانی گیرا كرد ، ئاواتەكەی بۆ هینایه دیی و ، فەرمانی دا ڕوو بكاتەوه كەعبەی پیرۆز ،بەلی پیش كۆچ كردن بۆ شاری مەدینه ،كه پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نویژی ئەكرد ڕووی ئەكرده كەعبەی پیرۆز ، بەلام دوای كۆچ كردن بەفەرمانی ( خوای گەوره ) ڕوو بكاته بیت المقدس ، پاشان ئەم ئایەته نسخ بووه فەرمانی بەسەردرا ڕوو بكاتەوه كەعبەی پیرۆز ..

ئ

هەروەك ( خواى گەورە ) دەفەرموويت : ﴿ قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾البقره ١٤٤ . واتە : ئەى پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بەراستى چاوگيران و هەلسورانى رووخسارت روو بەئاسمان دەبينين ( كە بە هيواى رووگەيەكى تايبەتيت ،ئيمەش ئاگادارى نيازى دلت بووين ) سويند بە خوا ئيمەش رووت وەردەچەرخينين بۆ رووگە يەك پى رازى و خۆشنوود بيت ، دەرووت وەربچەرخينە بەرەو لاى كە ( المسجد الحرام ) و ئيوەش ئەى موسلمانان لە هەر كوى بوون ، بەرەو لاى ئەوى رووتان وەربچەرخينن ، بەراستى ئەوانەش كتيبيان پى گەيشتووە ( لە گاورو جوولە كە ) چاك دەزانن كە ( ئەم گۆرانى رووگەيە ) حەقيقەت و راستيە وفەرمانى پەروەردگاريانە ( لە تورات و ئينجيلدا ئاماژەى بۆ كراوە ) و خوا هەرگيز بى ئاگانيە لە كارو كردەوانەى كە ئە نجامى دەدەن ...

بەلى بەمە موسلمانان پايەيەكى يەكجار بلنديان دەست گير بوو ، كە ئەويش ئەوە بوو روويان كردە هەر دوو قيبلە كە ...شايانى باسە كە گۆرينى قيبلە بۆ ( المسجد الحرام ) لە ناوەراستى مانگى رەجەبى سالى دوو هەمى كۆچيى دا بووە .. ئينجا پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رووى كردە كەعبە ى پيرۆز زۆرى پى خۆش بوو ، وە يەكەم نويژيك كە ( روو بە قيبلە ى نوى كردى ) نويژى عەسەر بوو ، كۆمەليك لە گەليدا نويژى كرد ، يەكيك لەو پياوانەى كە نويژى لە گەلدا كرد بوو ، چووبەلاى نويژ خوينانى مزگەوتيكدا لە ركوع دا بوون پى ى ووتن شايەتى ئەدەم بە خوا كە ئيستا نويژم لە گەل پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) دا كرد روو بە كەعبە ، ئەوانيش هەر لە ركوعە كەياندا سورانەوە بەرەو كەعبە ، جوولە كە كان و گاورەكانيش صبيان ناخۆش بوو كاتيك پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رووى كردە ( بيت المقدس ) كاتيك رووى كردە ( المسجد الحرام ) هەموويان رەخنەيان لى گرت ) اخرجه : البخارى ( ٣٩٩ ) ابن ماجه ( ١٠١٠ ) ومسلم ( ١١٧٦ ) .

بەلى بەم جۆرە هەوالى قيبلە گۆرين يەكەم جار لە نويژى عەسردا گەيشتە شارى مەدينە ، پاشان هەواله كە نويژى بەيانى گەيشتە ناوچەى قوبائى دەرەوەى شارى مەدينە ، وە ك عبدالله كورى عمر دەفەرموويت :

( كاتيك خەلكان لە نويژى بەيانيدا بوون لە قوباء ، يەكيك هات بۆ لايان و پى ى ووتن : پيغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ئەمشەو چەند ئايەتيكى بۆ دابەزيوە و فەرمانى پى كاوە رووبكاتە كەعبەى پيرۆز يان المسجد الحرام ، ئيوەش رووى تى بكەن ، نويژى خوينەكان واتە : نويژى عيشا روويان لە وەلاتى شام بوو ، واتە : بيت المقدس هەر لە نويژەكەدا روويان وەرگيرا بەرەو ( كەعبەى پيرۆز ) . اخرجه : البخارى ( ٤٠٣ ).

ئ

## فەرز بوونی ڕۆژوو،زەکاتی فیتر ،نویژی جەژن و فەرز بوونی زەکات

### یەکەم :فەرز بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان :

لە مانگی شەعبانی سالی دووهەمی کۆچیدا ڕوویدا کە ( خوای گەورە ) ڕۆژووی ڕەمەزانی لە سەر موسلمانان فەرز کرد کە یەکیکە لە ڕووکنەکانی ئیسلام دادەنریت و یان پەیەکە لە پایە کانی ئیسلام ...

بەلی کاتیك کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تەشریفی هاتە شاری مەدینە دەبینی وا جوولەکە ڕۆژووی عاشوورا دە گرن، کە (١٠) یەمی ڕۆژی مانگی موحەرەمە ، بەرۆژوو ئەبن .. کە بە هۆی ئەم بەرۆژوو بوونەیان پرسیاری لی کردن ، ووتیان : ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ( خوای گەورە ) موسى _عليه السلام – و قەومەکەی تیدا ڕزگار کردووە ، جا بۆ سوپاس گوزاریی ( خوای گەورە ) موسى –عليه السلام_ تیدا بەرۆژوو دە بوو ، وە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە جوولەکە کانی شاری مەدینەی ووت : ( نحن أولى بموسى منكم ) واتە : فەرمووی :ئیمە لە ئیوە لە پیش ترین بۆ موسى –عليه السلام - .. ئەوە بوو خۆی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژوو بوو و فەرمانیشی دا بە موسلمانەکان بە ڕۆژوو بن لە و ڕۆژەدا .. ئەمە لە بوخاری و موسلم ڕیوایەتیان کردووە ..جا کە ڕۆژووی ڕەمەزان فەرز کرا ڕۆژووی عاشورا واجبن نەمایەوە واتە : فەرزی کیفایەیە ڕۆژووی ڕەمەزانیش بوو بە فەرزی عین واتە : واجب بوونە لە سەر موسلمانان ..

هەروەها ( خوای گەورە ) بە پی ئەم ئایەتە ڕۆژووی لە سەر موسلمانان دا فەرز کرد :

کەدفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ **البقره ١٨٣-١٨٤ .**

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هیناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پیویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پیش ئیوە پیویست کرا بوو ، بۆ ئەوەی خواناسی و پاریزکاری بکەن . چەند ڕۆژیکی ژمیرراوی دیاریکراو کە مانگی ڕەمەزانە خۆ ئەگەر کەسیك لە ئیوە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو با بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی بۆی نەگیراوە لە ڕۆژانیکی تردا بیان گیریتەوە و ئەوانەش کە بە زەحمەت دەتوانن بەرۆژوو بن وەکو پیرە میردو نەخۆشە بەردەوامەکان ئەوە با ژەمیك خواردن ببەخشن بە هەژاریك ، ئەوەی زیاتر ببەخشیت ئەوە باشترە بۆی ، بی گومان ئەگەر بەرۆژوو بن چاکترەو پاداشتی زۆرترە ئەگەر بزانن وبتوانن...

ئ

بەلی لە سەرە تاوە رۆژوو گرتنی مانگی رەمەزان بە هەل بژادن بوو ،هەر موسلمانی بی ویستایە ئەوا بە رۆژوو ئەبوو و فەرزەکەی بەجی ئەهینا و ، هەر کەسیش بی ویستایە ئەوا بە رۆژوو نە ئەبوو و فیدیە ی لەسەر واجب ئە بوو ، کە بریتی : بوو لە تیر کردنی هەژاریك بۆ هە رۆژیك ، جا کە موسلمانەکان لەسەری راهاتن و رۆژوو گرتن بە لایانەوە بووە شتیکی ئاسایی ، ( خوای گەورە ) هەل بژاردنی گرتن و فیدیە نەسخ کردەوە و ، بە رۆژوو بوونی لەسەر یان واجب و فەرز کرد بە پی ی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ... ﴾ البقره ١٨٥ . واتە: مانگی رەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە ، لە کاتیکدت ئەم قورئانە رینموویی بەخشە بەخلکی و بەلگەی زۆری تیادایە ، لەرینموویی وجیاکردنەوەی راست و حەق وناحەق ، جا کەسیك لە ئیوە مانگی رەمەزانی بینی یان هەوالی بینینی پی درا دە با ئەو مانگە بەرۆژوو بیت ...

## سی یەم : زەکاتی فیطر :

بەلی هەر لە مانگی رەمەزانی هەمان سال دا واتە : سالی دووهەمی کۆچی دا ، زەکاتی – فیطر- لەسەر هەموو موسلمانیکی ئازاد و بەندە و ، نیرو می و ، گەورە و بچووك ، فەرز کرا تا ئەو زەکاتە ببیتە خۆراکی فەقیر و هەژاران و ، رۆژوو وانیش لە گوناهەکانی کاتی بەرۆژوو بوون ، پاك بکاتەوە ..

لە ( عبدالله کوری عمر)ەوە بۆمان دە گیریتەوە دەفەرمووی:( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) زەکاتی فیطری تەواو بوونی رەمەزانی لەسەر (بەندە و ،ئازاد و ، نیر و می و ، گەورە و بچووك و ) موسلمانان فەرز کرد کە بریتی یە لە : ( صاع ) خورما یان ( صاع ) جۆ ...رواه الجماعه .

## چوارەم : نویژی چەژن :

هەر لە سالی دووهەمی کۆچی دا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نویژی چەژنیشی بەجی هینا ..

بەلی ئەمە یەکەم نویژی چەژن بوو کە بەجی هینا ، بە پیی سوننەتی خۆی موسلمانانی لە شاری مەدینە بردە دەرەوە بۆ ( مصلی ) وە دەستیان بە ووتنی ( لا إله إلا الله ) و ( الله اکبر ) کرد و ، تعظیمی خوای گەورە یان کرد ، لە سوپاسی ئەو نیعمەتە یەك لە دوای یە کانەیان ، ئەکرد ، بە تایبەتی نیعمەتی سەرکەوتن ،کە لەرۆژی غەزای بەدر دا و لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا خوای گەورە پیشکەش بە موسلمانانی کرد ...

ئ

که ئەوە بوو سوپای مل هوری قورەیش و سوپا خنجیلانەکەی ئیسلام دایان لە یە ك و لووتی کافرانی شکاند و ئالای ئیسلام بە سەرکەوتوویی ئەشە کایەوە .. ئەوە بوو موسلمانان ئەو حەربە یە یان ئەو خە نجەلە یان لە ڕۆژی چەژندا خستە پیش پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە نەجاشی پیشکەشی یغەمبەری خوای کرد بوو ،وە لەدوای ئەوەش هەموو چەژنیك ئە یان خستە پیش پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە لی فەرماندان بە ڕۆژوو گرتن و زەکاتی فیطر بە چەژن کردن ، ئیسلام سی دەرگای خیری لە سەر کۆمەلی موسلمانان والا کرد ، تا خیرو خۆشی بەسەر موسلمانان دا بباری ، بەلی لەم کاتەدا موسلمانانی فیری چاکە کردن و خیرو خۆشیی دەربرین کرد ، یەکەم ڕۆژی چەژن موسلمانان راهاتن بە خۆشی دەر برین و سە خاوەتی و خۆشە ویستی موسلمان لە دل دا دروست ئەکات و ، موسلمانان هەر هەموویان بەیەکەوە چەژن ئەکەن کەس لە م خۆشیە بی بەش نابیت ، هەتا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر جار ئامۆژگاری موسلمانانی ئەکرد کە لە ڕۆژی چەژندا بادەستی هەژاران بگرن و لە چەژندا کەس موحتاج نەبی ، بەمە سۆزو بەزەیی بەرامبەر بە دەست کورتان لە دلی دا سەوز ئەبی و ، دلی بە وە خۆشە ئە بیت کە خیرو بەخشینی ڕەمەزان پاداشتی زۆرە ، بەتایبەتی ئەگەر کەسیك خواردن بە ڕۆژوو وانیك پیشکەش بکات و ڕۆژووەکەی پی بکاتەوە ،ئەوا ئەوەندەی ڕۆژوو گرەکە پاداشت بۆ خیرە مەندە کە ئە نووسریت ...

## پینچەم : فەرز بوونی زەکات :

هەروەها لە سالی دووهەمی کۆچی دا ( خوای گەورە ) زەکاتی لەسەر موسلمانان فەرز کرد یان واجب کرد ،بەلی زەکات کە رووکنیکە لە رووکنە کانی ئاینی ئیسلام ،ئەمە دوای مانگی ڕەمەزاند رووی داوە ، چونکە فەرز بوونی زەکات دوای فەرز بوونی زەکاتی فیطر بووە ، وە فەرز بوونی زەکاتی فیطر ، دوای فەرز بوونی ڕۆژووی ڕەمەزان بووە ، بە لگەی ئەم فەرموودە یە لە ( ئمامی احمد ، ئیبن خوزیمەوە ، ئیبن ماجە ، نسائی ، حاکم لە قەیسی کوری سعدی عوبادەوە گیراویانەتەوە کە دەفەرموویت : ( بەر لەوەی زەکاتی فەرز ببی ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی بەسەرمان دا کە صەدەقەی فیطر دەر بکەین ، پاشان زەکات فەرز کرا ، ئیمە صەدەقەی فیطر مان دەر ئە کرد ئەویش نەفەرمانی پی ئەداین و نەقەدەغەی ئە کردین ..

ئ

هەروەها ئبن حجر لە فتح البارى ٣/٢٠٧ ، دەفەرمووى : بەلى فەرزبوونى زەكات بە قورئان و سوننەت و ئیجماع چەسپاوە ..هەروەها هاوەلان لە سەر كوشتارى زەكات نەدەر یە ك دەنگ بوون ، چونكە زەكات رووكنیكە لە رووكنەكانى ئیسلام ، بۆ یە واجب لە سەر هەر موسلمانیك ئەگەر مالەكەى زەكاتى لى بكەویت دە بى وەك فەرزو واجب بیدات بە فەقیرو هەژاران و لى قەماوان و ئەوانەى كە زەكات ئەشى پیان بدریت ،هەروەها لە بوخارى و موسلم و ە غیرى ئەوانیش كە لە ئەبو هوریرەوە ریوایەتیان كردووە كە دەفەرموویت : (كاتى پیغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم ) كۆچى دوایى كرد و ، ئەبو بكر صدیق بووە خلیفەى موسلمانان واتا : كار بەدەست و ، ئەو عەرەبانەى كە كافر بوو بوونەوە پاشگەز بوونەوە ، عمر فەرمووى : چۆن كوشتارى ئەو خەلكە ئەكەیت لە كاتیك دا كە پیغەمبەرى خوا فەرمووى : ( أمرت أن أقاتل الناس حتى یقولوا : لا إله إلا الله ، فمن قالها فقد عصم مني ماله ونفسه إلا بحقه وحسابه على الله ) ؟ ئەبو بكر فەرمووى : بەخوا كوشتارى ئەوانە ئەكەم كە نویژ و زەكات لیك جیا ئەكەنەوە ، چونكە زەكات مافى سامانە ، بەخوا گیسكیك یان پەتیكیان دابى بە پیغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم ) و ئیستا لەمنى بگرنەوە ، وە یان زەكات نەدەن ، لەسەر ئەوە ئەچم بەگژیاندا ، عمر ئەفەرمووى : بە خوا هەر ئەوەندە بوو بۆم دەركەت كە (خواى گەورە ) دلى ئەبو بكرى خستۆتە سەر ئەو رایە كە( لەگەل پاشگەزبووەكاندا ) بجەنگین .ئیتر زانیم ئەوە حەقە و راستى یە .پاشان قورئانى پیرۆز بە حەكیمانە دیاریى كرد كە زەكات بە كى بدریت ، هەشت تاقمەى دیارى كرد تا موسلمانان زەكاتى خۆیان بخەنە دەستیانەوە .. كە (خواى گەورە ) دەفەرموویت : ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾التوبه ٦٠ .

واتا: بى گومان زەكات تەنها بۆ هەژاراو نەداران و ئەو كە سانەى كە كارمەندن بەسەریەوە و بەو موسلمانە نوییانەى كە هیشتا ئیمان جیگیر نەبووە لەدلیاندا و بۆ ئازادكردنى كۆیلە كان و بۆ یارمەتیدانى قەرزدارەكان و بۆ گەیاندنى ئاینى خوا هەر بواریك كەخزمەت بە بانگەوازى ئیسلام بكات و ئاینى خوا بەرەو پیش وسەركەوتن ببات هەروەها بۆ ئەو ریبوارانەش كە پارەیان لى دەبریت و نەدار دەكەون ،دابەشكردنى زەكات بەوشیوەیە فەرزە لە لایە ن خواوە لە گەردنى ئیمانداراند ،خواش زاناو دانایە لە سامان بەخشین وفەرزكردنى زەكات دا ...

ئ

# غەزای (بەدر گەورە) ڕووداوەکانی

**یەکەم :گەرانەوەی کاروانە بازرگانی یەکەی قورەیش لە وەلاتی شام :**

بەلی هەر وەك لە باسی غەزای (الشعیرە) دا باسمان کرد کاروانیکی قورەیش لە مککە وە بۆ شام لە دەست پیغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم ) قوتار بوو ، کە کاتی گەرانەوەی لە شامەوە بۆ شاری مککە نزیك بووەوە پیغەمبەری خوا(صلی اللە علیە وسلم ) (ظلمة ی کوری عبداللە ) و ( سعید ی کوری زید ی ) نارد بەرەو باکوور ، بۆ ئەوەی دەوریەکی ئەم ناوچە بکەن ،کە گەیشتنە ناوچەی (حوراء )لەوی مانەوە هەتە، (ابو سفیان ) بە خۆ و بە کاروانەکەیدا بەویدا تی پەری کرد ، خیرا گەرانەوە بەرەو شاری مەدینە ، هەوالە کەیاندا بە پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) پی یان راگەیاند کاروانەکەی (ابو سفیان ) پییك هاتبوو لە سامانیکی زۆرگەورەی قورەیش ، هەزار بار ووشتر پر لە مال و سامان ، کە مەزەندە دەکرا بەهای یانرخی دە گەیشتە هەزار دیناری ئالتوون کەمتر نەدەبوو ..هەروەها (موسای کوری عوقبە ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( دوای تیپەر بوونی دوومانگ بەسەر ئیبن الحەزرەمیدا ، (ابو سفیان ) بە خۆی و کاروانیکی بارزگانی گەورەی قورەیشەوە ، لە گەل (٧٠) سواردا لە تیرەکانی قورەیش بە یاوەری (مەخرەمەی کوری نوفل ) و عمرو ی کوری عاص ) بەمەبەستی بازرگانی کەوتنە ری بەرەو وەلاتی شام ،کاروانە بازرگانی یە کە هەموو سامان و مال دا هاتی ، دانیشتوانی شاری مککە و قورەیشی تیدا بوو ، وەك دەلین لە هەزار ووشتر پییك ها بوون ، ( کە مەزەندە دە کرا بە (٥٠٠٠٠) پەنچا هەزار دیناری ئالتون یان زیاتر ) .

اخرجە : ٣٤٧/١ ، والتبرانی فی الکبیر ١٦/٢ ، ابو داود ٤٦٨٠، وترمزی ٢٣٦٥.

ئ

چونكە هەموو كەسيكى قورەيش لە شارى مككە بە شداردى لەم كاروانەدا كرد بوو بە پارەيە كى زۆر بيت يان كەم بيت لە كاروانەكەى ( ابو سفيان ) بە تەنها كە سيك نە بيت ئەويش ناوى ( حوەيتيبى كورى عبدل عوزا ) بەشدارى لە كاروانە كە دا نە كرد ، هەر بۆيە دواكەوت لە چەنگى بەرد دا و ئامادە نەبوو .

هەروەها لە ( ئەنسى كورى ماليك ) وە چۆنيەتى گەيشتنى هەوالە كەى پيغەمبەرمان ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ دە گيريتەوە دەفەرموويت : ( پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ، ( بەسبەسى كورى عمرو ) وەك چاوديرك نارد تا تەماشابكات كاروانەكەى ( ئەبو سيفان ) چى بەسەر هات ( بەسبەس كورى عمرو )گەرايەوە و تەنها من و پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە مالە كەدا بووين هەوالە كەى پى راگەياند پيغەمبەرى خواش ( صلى الله عليه وسلم ) هەوالەكەى لاى يەكيك لە خيزانەكانى در كاند و چوە دەرەوە و فەرمووى : ( إن لنا طلبة فمن كان ظهره حاضرا ، فليركب معنا ) واتە : ئيمە بەدوا گەرانيكمان هەيە هەر كەسيك وولاخەكەى ئامادەيە با سەر كەويت و لە گەلماندا بيت ) اخرجه : احمد ٣/١٣٦.مسلم ١٠٣

وە لە ريوايەتيكى تردا ( ئەنسى كورى ماليك ) روونى دەكاتەوە دەفەرموويت : ( كە پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دواى گەيشتنى هەوالەكە راويژ بە موسلمانان دەكات و پرس و رايان وەردەگريت بەتايبەت ( ئەنصارييەكان ) چونكە ئەوان بە گويرەى پەيمانى عەقەبە و پەيمانى نامەى شارى مەدينە تەنها پابەندن بە پاريزگارى كردن لە پيغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە ناو شارى مەدينە ، دەفەرموويت : پيغە مبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دواى ئەوەى كە هەوالى گەرانەوەى كاروانە بازرگانيە كەى ( ابو سفيان )نى پى گەيشت راويژى بە هاوەلانى كرد ، ئە بو بكر هەستاو هەلويستى خۆى ئاشكرا كرد لە گەل ئمامى ( عمر ) دا پيغەمبەر رووى لى وەرگيرا ، ئينجا ( سعدى كورى عبادە ) هەستاو ووتى : ئيمەت مەبەستە ئەى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خوا ؟ سويند بەوەى كە گيانى منى بە دەستە گەر فەرمانمان پى بكەيت بچينە ناو دەرياوەدەچينە ناويەوە ، وە گەر فەرمانمان پى بكەيت لە پشتى وولاخەكانمان بدەين تادەگەينە ( برك الغماد )جيگەيەكە لە وەلاتى يەمەن ئەو كارە بە دلنيايەوە جى بەجى دە كەين ، ئينجا پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خەلكانى هاندا بۆ دەرچوون بەدواى كاروانەكەدا ).

اخرجه : احمد ٣/١٠٠ ، ومسلم ١٧٧٩.

ێ

هەروەها لە (ابن عباس) وە بۆمان دەگێڕیتەوە دەفەرموویت : ( کاتیك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) هەواڵی کاروانەکەی قورەیشی پێ گەیشت کە لە وەڵاتی شامەوە دە گەڕیتەوە موسڵمانانی هاندا بۆ دەر چوون و فەرمووی : (هذه عیر قریش فیها أمولهم ،فاخرجوا الیها لعل الله ینفلکموها ) واتە: ئەوە کاروانەکەی قورەیشە کەسامانەکانیانی تیدایە بچنە دەر بۆ ریگە پێ گرتنی بەلکو (خوای گەورە) بیکاتە سامانتان و دەستی بەسەردا بگیریت ،خەلکان خۆیان ئامادەکرد هەندیکیان ویستی بەشداری بوونی هەبوو هەندیکیان ویستی بەشداری بوونی نەبوو ،چونکە ئەوان گومانیان وابووکە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) تووشی جەنگ و شەر نایەت ). سیره ابن هشام برقم ٤٨٥.

## دووەم : خۆئامادە کردنی سوپای ئیسلام و دەر چوونی لە شاری مەدینەدا :

بەڵی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) خۆی ئامادە کرد بۆ دەرچوون ، ٣١٤ یان ٣١٣ کەسی لە گەڵ خۆیدا برد ،٨٢، یان ٨٣ ، لە کۆچ کەران بوون ، وە ٦١ کەسیان لە ئەنصارەکانی هۆزی (ئەوس )بوون ١٧٠ کەسیشیان لە هۆزی (خەزرەج ) بوون .بی گومان ئەو دەرچوونەی سوپای ئیسلام لەشاری مەدینە بە پیشەوایەتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەوەندە بە هەند وەرنەگرت و ، ئامادە باشیان بۆ نەکرد و چونکە هەر وەك غەزاو سریە کانی پیش تر کە دە چوون بۆ سەر ریگەیان ئەوان تی دە پەرین و پیان نەدە گەیشتن ، بەڵی تەنها دوو ئەسپ سواریان لە گەڵ دا بوو ، (زبیری کوری عوام ) و (مقدادی کوری اسود الکندی ) ، وە سوپاکە (٧٠) ووشتریان پی بوو ، هەر دوو سی پیاو بە نۆرە سواری پشتیان دە بوون ، هەروەها پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە گەڵ (علی کوری أبي طالب ) و ( مرثدي کوری ابي مرثد ) دا بە نۆرە دا سواری پشتی یەك ووشتر دەبوون ..

(عباللە ی ابن ام مکتوم ) بۆ نویژ و جماعەت و ئیمامەت بە جی هیشت بەسەر شاری مەدینەوە ، هەردوو چاویشی کویر بوو ، کە گەیشتنە (الروحاء) ئینجا (ابو لبابە کوری عبدالمنذر ) ناردەوە بۆ شاری مەدینە ، کردیە سەردار و فەرمان ڕەوایی و کارو باری مەدینەی دایە دەستی .

هەروەها (عوسمانی کوری عفانی ) بە جی هیشت لە گەڵ سوپاکە نەهات ، چونکە لە و کاتەدا (روقیە ) هاوسەری (عوسمانی کور عفان ) نە خۆش بوو لەسەر جیگادا کەو تبوو ،( روقیە ) کە دە کاتە کچی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ، وە بە فەرمانی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) عوسمان کوری عفان ، نەچوو لە گەڵ سوپای پالە وانانی ئیسلام بە پیشەوایەتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ).

ئ

سوپاکەشی کردە دوو کیتبەی موسلمانان :

١- کتیبەی کۆچ کەران ئالاکەی دایە دەستی ( علی کوری ابي طالب ) کە بووە ئەمیری کۆچ کەران .

٢- کتیبەی ئەنصارە کان ئالاکەی دا دەستی ( سعدي کوری معاذ ) کە بووە ئەمیری ئەنصارەکان .

هەروەها ( زبیری کوری عوام ) کردە ئەمیری بەشی راتی خۆی و سوپاکە ، وە ( مقدادی کوری عمرو ) کردە ئەمیری بەشی چەپی خۆی و سوپاکە ، ئەو دووانە هەر وەك لە پیش دا ووتمان دوو ئەسپ سواری ناو سوپاکە ی پیغەمبەری خوا بوون ( صلی الله علیه وسلم ) ، وە لە ناوەراستی سوپاکەشدا ( قیسی کوری ابی صعصعە ) ی دانا و ، وە پیشەوایەتی گشتی سووپای موسلمانە خۆی بوو سەرکردایەتی هەمووی دەکرد .

هەروەها بۆ دەر چوون بۆ ئەم جیهاد گەورەیە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ریگە بە هەندی لە مندلان نەدا بە شداری لەم دەر چوونەدا بکەن ، هەر وەکو ( سعدی کوری ابی وەقاص ) بۆ مان دە گیریتەوە دە فەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تەماشای ( عومەیری کوری ئەبی وەقاصی )ی برامی کرد ، لە کاتی دەرچوونی دا بۆ گەزای بەدری گەورە دا ، بە بچووکی زانی و ، وە ئەفەرمووی : ( عەمەیری ) برام گریا و، ئینجا پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) ریگەی دا و ، بەدەستی خۆی قایشی هەلگری شمشیرەکەی بە قەدیەوە بەست ). اخرجه : الحاکم ٣/١٨٨ .

وە هەروەها ریگە بە ئافرە تانیش نەدرا کە بەشداری لە غەزای بەدری گەورە دا بکریت هەر وەك لە ( دایکی وەرەقەی کچی نۆفل ) –خوا لی رازی بیت – دە فەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کاتی ویستی دەرچوونی هەبوو بۆ جەنگی بەدری گەورە پیم ووت : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ریگەم پی بدە لە گەلدا غەزابکەم تا دەرمانی نەخۆشە کانتان بکەم وبە لکو خوا شە هیدیم پی ببەخشیت ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( قری فی بیت، فان الله یرزقك الشهادة، قال : فکانت تسمی الشهیدة حتی استشهد ). واتە : لە مالە کەتدا بمینەرەوە ( خوای گەورە ) شەهیدیت پی دەبەخشیت ، دوا جار پییان دەووت ( شەهیدە ) تا ئەوە بوو بە پلەی شەهیدی گەیشت و شەهید بوو ) .

اخرجه التبرانی فی الکبیر ٣٢٦/٢٥ ، ابو داود ٥٩١ .

ئ

هەروەها پیغەمبەری خوا ڕیگەی نەدا بە ( حوزەیفە کوری حوسەیلی ) و باوکی بەشداری لە م جەنگەدا بکەن ، چونکە ئەو بەلینەی کە قورەیش لەم دووانەی واتە لە ( حوزەیفە ) و باوکی وەریان گر تبوو .

هەر وەك ( موصعەبی کوری سعد ) –خوا لی رازی بیت – بۆمان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( موشریکە کانی قورەیش پیش جەنگی بەدر ( حوزەیفە ) باوکیان دەست گیر کردبوو و ویستوویان بیان کوژن بەلام ئازادیان کرد بوون ، بەمەرجیك بەشداری لە جەنگی بەدردا نە کەن ) . اخرجە : التبرانی فی الکبیر ١٦٢/٣ .

وە لە ڕیوایەتیکی تردا هاتووە کە ( حوزەیفە ) -خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( ئەوەی ڕیگەی پی نەدام کە بەشداری جەنگی بەردی گەورە دا بکەم ئەوە بوو : من حوسەیلی باوکم دەرچوو بووین لەرێگەدا بی باوەرانی قورەیش ئیمەیان گرت ، ووتیان : ئیوە بۆ لای محمد دەچن ؟ ئیمەش ووتمان ، بۆ لای ئەو ناچین تەنها بۆ شاری مەدینە دەچین ، ئەوانیش بەلین و پەیمانیان لی وەرگرتین کە بچین بۆ مەدینە ( لە و جەنگەدا ) لە گەل موسلمانان بەشداری نەکەین ، ئیمەش هاتینەلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و هەوالە کەمان بۆ گیرایەوە و فەرمووی : ( أنصرفا ، نفي لهم بعهدهم ، ونستعين الله عليهم ) واتە : برۆنەوە ، بەلینەکەیان بەجی دەهینین و دوای پشتیوانی لە خوا دەکەین دژ بەوان ) .اخرجە : مسلم٤٦١٥.

بەلی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە مانگی ڕەمەزاندا سوپاکە ئازاکەو دامەزراوەکەی کە پڕ بوون لە عقیدە یە کی پاك و بیگەرد پرلە ئیمان و خوا پەرستی و گویرایەلی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خۆیان ئامادە کرد ،وە راویەتە کان جیاوازن لە سەر ژمارەی سەربازانی ( خوای گەورە ) هەر وەك ( عبداللە کوری عمر ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەرەو بەدر دا دەرچوون ( ٣١٥ ) کەس لە هاوەلانی لە گەل دا بوو ) البیهقی ٢٩٧/٩ . وە لە چەند ڕیوایەتیکی تریشدا هاتووە کە اهلی سیرە گیرایانەوتەوە کەژمارەیان ( ٣١٧ ) کەس بووە و ( ٨٦ ) لە کۆچ کەران و ئەوانەی تریش لە ئەنصارە کان بوون ...

ێ

وە لە (عائیشە دایکی ئیمانداران ) وە –خوای لی رازی بیت – بۆمان دەگیرتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەرەو بەدر ، کاتیك گەیشتە ( حره الوبره ) واتە : ناوچەی تـوكە سوتاوی نزیك شاری مەدینەدا ، پیاویك کە ئازایەتی و بەجەرگی و قارەمانیەتی یان لی باس دە کرد ، بەدوای موسلمانان کەوت و خۆی گەیاندە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتیك بینیان دلخۆش بوون پیاوەکە هات و بە پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) ووت : هاتووم تا لە گەلتاندابم شتم دەست کەویت ؟! پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پی ی فەرموو( تؤمن بالله ورسوله )؟! واتە : باوەرت هەیە بە خوا و بە پیغەمبەرە کەی ؟! ووتی : نە خیر پی ی ووت : ( فارجع ،فلن استعين بمشرك ) واتە : بگەریرەوە کۆمەکی موشریکم ناویت ،ئە نجا کابراکە رۆیشت و کاتیك گەیشتە لای ( الشجره ) واتە : ناوی جیگەکە پیاوەکەی دیسان گەیشتەوە بەوان وەك یەکەم جار و دوای بەشداری کردنی لە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کرد وە ك یەکەم جار پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وەلامی دایەوە و رۆیشت و گەرایەوە ، تا گەیشتە ناوچەی ( البيداء ) دیسان سی بارە گەیشتەوە لای پیغەمبەر وەك یەکەم جار دوای بەشداری کردنی کرد ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) وەك یەکەم جار پی ی فەرموو : باوەرت هەیە بە خواو بە پیغەمبەرە کەی ؟ ئینجا پیاوەکە لە وەلامدا ووتی : بەلی . و پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ریگەی پی دا فەرمووی : وەرە لە گەلمان دا ).اخرجه : مسلم ( ٤٦٧٧ ) ،ابو داود ( ٢٧٣٢ ) ،ابن ماجه( ٢٨٣٢ ).

هەروها لە ریوایەتیکی تردا هاتووە کە ( ابو لوبابه ) لاقیکی شکاوە بۆ یەگەرایتەوە شاری مەدینە .

کاتیك پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )و سوپاکەی گەیشتنە ( الروحاء ) کە لە دووری ٣٠تا ٤٠ میل لە شاری مەدینەوە دوور بوون لە خۆر ئاوای شاری مەدینە دا ،لەوی دا ( ابو لوبابه ) لاقی شکاو پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گیرا یەوە بۆ شاری مەدینە بۆ بەریوە بەردنی ئیش وکارەکان ). سیر ابن هشام ٢/٢٠٣ .

هەروەها ( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئالاکەی دایە دەستی ( موصعەبی کوری عومەیر ) کە ئالاکە سپی و گەورە بوو ) . اخرجه : الترمذي ( ١٦٨١ ) سيره ابن هشام ٢/٢٠٣ .

وە دوو ئالای بچووکی رەش لە پیشەوەی سوپاکەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو ، کە یە کیکیان ئالای کۆچ کەران بوون ، بەدەستی ( على کوری ابو طالیب ) کە پی دە ووترا ( العقاب ) وە ئالاکەی ئەنصاریش بەدەستی ( سعدی کوری موعاذ ) بوو ، وە لە ریوایەتکی تردا دەفەرموویت : بەدەستی ( سعدی کوری عوبادە ) بوو ، وە ( قیسی کوری صعصەشی کردە ئەمیری پیادەکان ) اخرجه: التبرانی فی الكبير١٢٠٨٣ .

ئ

هەروەها ( عبدالله کوری مسعود ) دەفەرموویت ( هەموو ووشتریك سی پیاو بە نۆرە سواری پشتی دە بوون ە ئە وا ژمارەی ووشترەکان (١٥٠) ووشتر بووە . وەلە ریوایەتیکی تردا له (ابن عباس ) وە هاتووە دەفەرموویت : ( هاوەلان تەنها (١٠٠) ووشتریان پی بووە ) . اخرجه : التبرانی فی الکبیر ١٢٠٥ .

وە لە روایەتیکی تردا کە لە سیرەی ابن هشام دا هاتووە (ابن اسحاق ) گیراویە تەوە دەفەرموویت: ( لەو رۆژەدا هاوەلان تەنها (٧٠) ووشتریان پی بووە ) . سیره ابن هشام ٢٠٤/٢ .

هەرەوەها پی دەچیت ریوایەتکەی (ابن اسحاق ) صحیح تر بیت ، چونکە لە م دەرچوونە ی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی کرد بە هاوەلانی زەنگولە کان لە ملی ووشترە کان بکەنەوە لە کاتی رۆیشتن دا ، وە (دایکمان عائیشە ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە ری رۆیشت بەرەو جەنگی بەدر دا فەرمانی کرد کە زەنگولە کان بپچرینریت ، وە لی بکرینەوە لە ملی ووشترە کاندا ) اخرجه : احمد ١٥٠/٦، ابن کثیر في البداية والنهاية ٢٦١/٣ .

بەلی ئەمەش ئەمە دە گەینی کە فریشتەکان لە گەل سوپای ئیسلام چوون بۆ شەری بەدر دا ، چونکە فریشتە کان هاوریەتی یان هاوەلانی ئەوانە ناکە کە زەنگول بە ملی ئاژەلە کانی دا هەن هەر لەبەر ئەمەش بوو، پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی بە لیکردنەوەی زەنگولە کان دا کرد . هەروەك (ابو هوریرە ) –خوا لی رازی بیت – دە گیریتەوە دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : ( لا تصحب الملائکة رفقة فیها جرس ) واتە : فریشتەکان هاورەی یەتی کاروانی پیادەرەویك ناکەن زەنگولە بە ملی ئاژەلکانیانەوە بیت ) .اخرجه : احمد ٨٣٣٧،و مسلم ١٠٣ ، ٢١١٣.

بەلی سوپای ئەمان سوپای حەق و سوپای تەوحید و یەك خوا پەرستی سوپایەکی بچکۆلە بوو لە رووی ژمارەی سەربازانیە وە !! ، بەرامبەری بە سوپای ملهوری موشریکانی قورەیش چونکە سوپای کافران (٣) بەرامبەرای سوپای ئیسلام بوو ، بەلام سوپای ئیسلام خاوەنی وەر و هیزیکی مەزن بوو ، بەلی مەلائیکەتەکان لە وپەری خۆشی و شادمانی دابوو ن ، کە ئالای سوپای تەوحیدیان بەرز کردەوە ئالاکە دەشکەکایەوە بەرامبەر بە سوپای دوژمنانی خوا پیغەمبەرە کە ی ...

ئ

هەر بۆیە موسلمانانی ئیستا عقیدەی توحیدو یەك خوا پەرستیان لاوازە بۆیە دوژمنانی ئیسلام بە هەموو شیوەیەك ئازادان و برسیەتی و کوشتاری موسلمانان دە کە ن ، بۆ هیچ سوپایەك لە سەر رووی زەوی سەرکەوتنی بە هۆی زۆریەوە نی یە تەنها بە هۆی عقیدەیە کی پاك و ئیرادەیە کی بە هیزە ،ئەمەش لە جەنگی بەدر دا رووی دا ،بە لی ئالای ئیسلام دە شە کایەوە بەرووی کافرانی قورەیش دا ، لە کاتەدا دەمیك بوو سەر رووی زەوی سوپای تەوحید و یەك خوا پەرستی پاك و بیگەردی بە خۆیەوە نەبی نی بوو ، هەروەها لە (براء ) وە گیراوەتەوە دەفەرموویت : هاوەلانی بەدر ئەوەندی ژمارەی سوپاکەی (طالووت ) بوون ، دوای پەرینەوەیان لە رووبارەکە ٣٠٠ ئەوەندە بوون ، وە بۆ ووشەی (بضعه عشر ) ووتراوە : ١٣، وتراویشە :١٤ ، وتراویشە :١٥ .

بەلی موسلمانەکان سالە های سال بوو،بە بی تاوان قورەیشە مل هورەکان سزاو ئازاریان ئە دان هە تاکو لە دینی ئیسلام پاشگەزیان بکەنەوە ، بەلی موسلمانە چەوساوەکان کە نووری قورئانیان پی گەیشت بوو ، لە هیچ و پوو چیی و پیسی و بەد رەوشتی عیقدە ی موشریکانی قورەیش گەیشت بوون شارازی یان هەبوو لەو عیقدە پووچەی کافرانی قورەیش ، بۆیە مردنیا پی باشتر بوو لەوەی کە بگەرینەوە سەر ئەم شریك و بت پەرستیە پیسە ی ئەوان ، تا ئەوە بوو سەرئە نجام لە دەست مل هورانی قورەیش خۆیان دەرباز کرد و، جاریك بو حەبەشە کۆچیان کرد و، جاریك بۆ شاری مەدینە کۆچیان کرد ،و مال وسامانیان و گوزەرایناں کەوتە دەست موشریکانی قورەیش لە شاری مککەدا ، جا قورەیش بە وەش نەوە ستا پی خۆش بوو لە مەدینە ش دەر بەدەریان بکات ، هەر بۆیە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) هەستی بە مەترسی قورەیش کرد ، وای بە چاك زانی ساتیك لی بی خەم نەبی ، چونکە قورەیش والە حالەتی جەنگ و دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) موسلمانان دایە ، بۆ یە جا دەست گرتنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەسەر کاروانە دەولەمەندە کەی قورەیشدا کە (ابو سفیان ) سەرکردایەتی دەکرد ، کاریکی یەکجار گونجاو بوو بۆ موسلمانە کان ، چونکە تا گورزیکی کەمەر شکینی بە هیز لە قورەیش و سامانە کانی بدەن ، بەلی گورزیکی سەربازی کەمر شکین و گورزیکی ئاوبووری جەرگ بر لە قورەیش بدەن و ، تۆلە موسلمانە چەوساوە کانیان لی بکەنەوە ،چونکە ئەگەر موسلمانەکان ئەو سامانەیان دەست گیر ببی پشتی قورەیش پی ئە شکی نی ...

ئ

کەواتە مەدینە مافی خۆیەتی هەول بدات دەست بە سەر ئەو سامانە یە کجار زۆرە دا بۆ ئەو رۆژە دا بگریت و ، چونکە دوژمنەکەی پی دا بنی بە چۆك دا ، چونکە وە لە پیشدا وتمان ، موسلمانەکان و قورەیش لە حالەتی جەنگ دا ، خاوەنی ئەم سامانەش وا بریاری جەنگ و هەرای دژی موسلمانەکان ناوە سات لە دوای ساتو رۆژ لە دوای رۆژ هەر ئاژاوە دە نیتەوە ، بەلی هەر قورەیش بوو دەستی بە سە رمال و سامانی کۆکەرەکاندا گرتبوو لەشاری مککە ، بەلی هە ر کەسی مال و سامانەکی بە تالان نەبرد رابی دەر بەدر نەکرابی مالە کەی داگیر نەکرابی ، بەلی هیچ نازانی چ ئیش و ئازاریك گەیشتووە بە م موسلمانە لی قەو ماوانەی کۆچ کەرە کا ندا ،کەواتە مافی خۆیان بوو موسلمانە کان دەست بەسەر سامانی دوژنە کەیان کە قورەیش بوو بگرن ، بەلام هەندی لە مولحیدە کان و دوژمنانی ئیسلام و یهود و نصراو علمانیەتەکان خۆهەلات ناسان و نۆکەرەکانیان عەمیلە کانیان ، ئەم هە نگاوەی موسلمانەکانی جەنگی بەدر و دەست بە سەر دا گرتنی کاروانەکەی قورەیش یا بە پیچەوانە لیك دا وەتەوە ، هەروەك مافی قورەیش بیت کوشتاریان بکات و سزا و ئازاریان بدات ، لە مال و نیشتیمانیان دەریان بکات ، دەست بەسە ر مال و سامانیان دا بگریت ، ئەمانە هیچ یان تاوان نین کە قورەیش کردوویانە ؟!! بە ئی موسلمانە کان تاوانە کە مافی خۆیان وەر گرنەوە ؟! ...

هەروەها ماموستا ( ئەبو الحەسنی نەدوییش ) لە ( سیرە ی النبویە ) ۲۱٤ دا هاتووە دەلی : کە بە وورد بونەوە دەر دە کەویت ، ئەو کاروانەی بازرگانیە ی قورەیش کە ( ابو سفیان ) سەرۆکی بوو ، لە مککەوە بەرەو وەلاتی شام رۆیشتووە ، خۆ ئامادە کردن بووە ، بۆ هیرش کردنە سەر شاری مەدینە دا ، چونکە ئەوە سەلماوە کە هەموو دانیشتوانی مککە بەشداری رەوانەکردن و بەری خستنی ئە م کاروانەی هەبووە ، تا قورەیش بتوانی هیرش بکاتە سەر مەدینە ، هەتا ئافرەتانیش بە سامانی خۆیان بەشداریی بەری خستنی ئە کاروانەیان کردووە ، وەك لە پیشەوە باس کرا نرخی باری ئە کاروانە ۵۰۰۰۰دینار زیرو ئالتون بووە ، مەبەستیش لەم سامانە زۆرە هیرش کردنە سەر مەدینە بووە ..هەروەها ماموستا ( ابو الحسنی ) دەلی : ئەم کاروانە لە کاتی گەرانەوەی لە شامدا ، چەکیکی زۆری پی بووە هیناویانە، چونکە شاری مککە و حیجاز توانای دروست کردنی چەکی جەنگیان نە بووە ، جا ئەم چەکەیان بۆ ئەوە ویستووە دژی موسلمانە کانی مەدینە بە کاری بهینن ..هەروەها بیهقی لە ( طبقات ) لە ( ابن سعد ) دا هاتووە دەفەرموویت : کە کاروانەکە هەزار ووشتر بووە ، هەر قورەیشی یە کیش ئۆقیە یە ك زیاتر سامانی بوو بی لە گەل ( ابو سفیان ) دا رەوانی کردووە . ئەمە دەسلمینی کە قورەیش لە م بازرگانیە دا نیازی خراپ بووە ،بۆ سەر شاری مەدینەدا ... !!!

ئ

سوپای ئیسلام بەرەو بەدر دە جولێت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە سوپایە کەوتەری ، لە ( نقب ) ی مەدینە دەرچوون ، بەسەر ئەو ریگە سەرەکیەدا رۆشت کە بەرە و شاری مککە دەچیت ، تا گەیشتنە بیری ( الروحاء ) کەمیك لەوی مایەوە و ، ریگەی مککەی خستە لای دەستی چپیەوە لایدا بەلای راستدا لە سەر ( نازیە- مەبەستی گەیشتن بوو بە بەدر – لایەکی گرت ، هەتا گەیشتە شیویك پی دەلین ( رهقان ) لە نیوان ( نازیە ) و تەنگە بەری ( صفراء ) دا ، پاشان بەناو تەنگەبەرەکەدا تیپەری تا نزیك بووەوە لە ( الصفراء ) ،لەویدا ( بسەبسی کوری عمر الجهینی ) و ( عدی کوری الب الزغباء الجهنی )ی نار بۆ بەدر تا هەوالی لەبارەی کاروانە بازرگانەیە کی قورەیش بۆ بهینن ..بەلام ( ابو سفیان ) کاتیك کە نزیك بووە وە لە ناوچەی بەرزیەکانی حیجاز بە وریایی یەوە دەرۆیشت و هەوالی کۆدە کردەوە و هەر کە سیکی پی بگەیشتایە پرسیاری لی دە کرد لە ترسی سوپای ئیسلام ، تا هەوالیکی لەلایەن هەندیك سوارەوە پی گەیشت : کە محمد خۆی هاوەلانی ئامادە و ساز کردووە بۆ تۆ کاروانەکەت ئینجا زۆربە وریایی یەوە دەرۆیشت .سیره لابن هشام ٢/١٩٨ .

( ابن اسحاق ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەری رۆیشتنە کەیدا لە چالایەکانی مەدینەوە بەری کەوت تا گەیشتە ( العقیق ) ئینجا ، ( ذي الحليفة )دا سە رکەت بەرەو ناوچەی ( الاوت الجیش ) و بەسەر ( تربان ) و ( ملل ) و ( غمیس الحمام ) ی ناوچەی و ردەبەردەکانی ( الیمام ) داو پاشان بەسەر ناوچەی ( السیالە ) بەرە و شیوی ( الروحاء ) و بە سەر ناوچەی ( شنوکە ) دا رۆیشت تا گەیشتە بیر ( السجج ) روحاء ، وپاشان لویوە بەری کەوت تاکەیشتە ناوچەی ( المنصرف ) لەدەستە راستی ریگەی شاری مککە وە بەسەر ( نازیە ) دا رۆیشت بە مەبەستی گەیشتن بە مرزی ( بدر ) تا ئاگادار بن گویان لە جموجۆلە کاروانە بازرگانیە کەی ( ابو سفیان ) بیت ).سیره لابن هشام ٢/٢٠٤ .

ئ

**سی یەم : وریایی ( ابو سفیان ) دەربازکردنی کاروانە بازرگانیە کە :**

لە پێشە وە باسمان کرد پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوو لە هاوەڵانی نارد بۆ هەواڵ پرسینی کاروانە بازرگانیە کەی ( ابو سفیان ) ئەوە بوو ( بەسبەس ) و ( عدی ) خۆیان گەیاندە ناوچەی ( جهینە ) هەوالیان زانی کە ( ابو سفیان ) و کاروانە کەی لە پاش ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ دەگەن مەرزی بەدر ) . الواقیدی فی المغازی ٤٠/١ .

( بەلی ئەم هەواڵە شیان کاتیك دەست کەوت کە هەردوو کیان گەیشتنە ناوچەی ( بدر ) و لای تە پۆلکە یەکی نزیك ئاوەکە لایان داو پێستە کانیا پر کرد لە ئاو ( مجدی کوری عمری جوهەنی ) ئەوانی بینی و ئەوان هەواڵە کەیان لە گفتوگۆی نیوان دوو ئافرەتی ئە و ناوچەیە وەرگرت و پاشان گەرانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەواڵەکەیان پی راگەیاند ، ( ابو سفیان ) نیش زۆر بە وریا یەوە لە پێش کاروانەکەدا دەرۆیشت تا گەیشتە ئاوەکەی بەدر ، بە ( مجدی کوری عمری جوهەنی ) ووت : هیچ کەسیکت لەم ناوە بینیوە کە جی ی گومان بن ؟! مجدی کوری عمری جوهەنی ووتی : کەسم نەبینیوە گومانم لی ی هەبیت تەنها دوو ووشتر سوار نەبیت کە لایان دایە لای ئەو تە پۆلکەیە و پێستەکانیان پر لە ئاو کرد و ڕۆیشتن ، ( ابو سفیان ) ڕۆیشتە جیگای ئەوان ، تەرسی ووشترە کان واتە: پاشەڕۆیی ووشترەکان و پاشەڕۆ وشك دەبیت و دەبیتە تە پالە ، پاشەڕۆی شکاندو پشکنینی بۆ پاشەڕۆی ووشترە کان دا کرد و تەماشای کرد ناو کە خورمای تیدایە ووتی : سویند بە خوا ئەمە ئالیفە کانی دانیشتوانی شاری مەدینە یە ، ( ابو سفیان خیرا بەرە و قەراغی دەریاکە ڕۆیشت و لە ( بەدر ) دوور کەوتەوە )

سیرە لابن هشام ٢٠٨/٢ . هەروەها ( موسای کوری عوقبە ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( هەر لە ویدا پیاویك لە ( بنی غفار ) کەناوی ( ضم ضمی کوری عمر )بوو نارد بۆ لای قورەیش کە زوو خۆتان ئامادە بکەن و بین بە هانای کاروانە کە تانەوە وبیپاریزن لە محمد و هاوەڵەکانی ، ( عاتیکەی کچی عبدالمطلب ) کە پوری پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پیش ( ٣ ) ڕۆژ لە هاتنی ( ضم ضمی کوری عمر ) بۆ مککە خەویکی بینی کە تۆ قاند بووی ، ئەوی ناردی بەدوای ( عباسی کوری عبدالمطلبي ) برای دا و پی ووت : ئەی برام ، سویند بە خوا ئەم شەو خەویکم بینی تۆقاندمی وە ترسام کە نارەحەتی و موسیبەت رووبکاتە خزما نت ، ئەمەی بۆت دەگیرمەوە لای کەس مەی درکینە، عباس ووتی : چیت بینیوە ؟ عاتیکە ووتی : سواریکم بینی بەسەر ووشترەکەیەوە لە ( ابطح ) وەستا، و پاشان بە بەرزترین دەنگی هاواری کرد : هەی غەدارەکان دەر چن بۆ جیگەی کوشتنە کانتان لە دوای ( ٣ ) ڕۆژدا ...

ئ

خەلکانم بینی لی ی کۆبوونەوە ، پاشان چووە لای کەعبەوە و خەلکان بە شوینیەوە دوای کەوتبوون ، کاتیك ئەوان بە چوار دەوریە وە بوون ووشترەکەی بەرزی کردەوە سەر کەعبە و دیسان هاواری کرد و ووتی : هەی غەدارەکان دەرچن بۆ جیگەی کوشتنتان لە دوای ( ٣ ) رۆژدا ، پاشان ووشترەکەی گەیاندە سەر شاخی ( ابی قبیس ) و هەمان هاواری دووبارە کردەوە ، پاشان بەردیکی لە شاخەکەوە بەرەو خوار تلیر کردەوە هات تا گەیشتە بنی شاخەکە پارچە پارچە بوو خانو و مال نەمال لە شاری مککەدا بەشیك لە بەشە کانی بەردەکەی نەچیتە ناوی ..عباسیش ووتی : بەراستی خەویکی ترسناکە تۆش بۆ کەسی تری مەگیرەوە و باسی مەکە ، پاشان عباس دەر چوو لەمال و گەیشت بە ( ولید ی کوری عوتبە ) کە هاوری ی بوو و خۆی پی نە گیرا و خەوەکەی لای باس کرد و دوای لی کرد لای کەس نەی درکینی ، وەلید یش لای عوتبەی باوکی گیرایە وە پاشان باسەکە لە مککە بلاو بووە و ، لەشوینە گشتی یە کاندا باس دەکرا و ، عباس دەفەرموویت : بەیانی زوو رۆیشتم تا بە چوار دەوری کەعبەدا بسورینەریمەوە تەماشا ئەکەم ( ابو جهلی کوری هشام ) لە گەل کۆمەلیك لە قورەیش دانیشتون باسی خەوەکەی عاتیکە دەکەن ، کاتیك ابو جهل من بینی ووتی : باوکی فضل گەر تەواو بوویت لە سورانەوە بە چوادەوری کەعبەوە ، وەرە بۆ مان ،منیش کە تەواو بووم رۆیشتم تا لە گەلیان دانیشتم و ابو جهل پی ی ووتم : ئەی کورانی عبدالمطلب کەی ئەم پیغەمبەرە ژنە تان تیا پەیدا بوو ؟! منیش ووتم کامە ؟! ابو جهل ووتی : کورانی عبدالمطلب هەر بەوەوە نەوەستان کە پیاوانتان بکەنە پیغەمبەر تا گەیشتە ئەوەی ئافرە تانیشتان خۆیان بکەن پیغەمبەر ، عاتیکە وای بلاو کردۆتەوە کە ئیمە دوای ( ٣ ) رۆژی تر دەردەچین بۆ جەنگ ،ئیمەش ئەم ( ٣ ) رۆژە لە سەر تان دەوەستین گەر ووتە کە راست بیت ئەوا دیتە دی ، و ئەگەر ( ٣ ) رۆژەکە تیەری و هیچ نەهاتەدی ئەوا نوسراویکتان لەسەر دەنووسین کەئیوە درۆزن ترین بنەمالە عەرەبن .. عباس دەفەرموویت : سویند بە خوا زۆر بایەخم بە ووتەکانی نەدا تەنها ئەوەنە بیت کە نکولیم کرد ن لەوەی کە عاتیکە هیچی بینی بیت و لە یەك جیابووینەوە ،ئیوارەی ئەو رۆژە هیچ ئافرتیك نەما لە ئافرەتەکانی بنەمالەی عبدالمطلب هەر هەموویان لیم کۆبوونەوە و پییان ووتم : بی دەنگ بوویت لەم تاوانبارە پیسە کە ووتەی ناشیرین بە پیاوا نمان بلیت تا گەیشتە ئەوەی ووتەی ناشیرین بە ئافرەتانیشمان بلین تۆش گویت لی بوو ، پاشان هیچ وورە و تورە بوونیکت نەبوو بۆ ئەوانەی گویت لی بوو ، عباس ئەفەرموویت : منیش سویند بە خوا ئەچمەوە یەخەی پی ئە گرم گەر دووبارەی کاتەوە تۆلەی هەمووتانی لی دەکەمەوە ، ئەوە بوو لەبەرە بەیانی رۆژی سیهەمی خەوەکەی عاتیکە لە مال چوومە دەر و من زۆر پەست و تورە بووم بەدوای ابو جهل دا دەگەرام تاتۆلەی لی بکەمەوە ...

ئ

چوومەلای کەعبەو بەر چاوم کەوت و بەرە و رووی ڕۆیشتم تا ریگەی پی بگرم چونکە ئەو پیاویکی سووکی چاوتیژ و زمان تیژ و رووتیژ بوو، ابو جهل بینی لای داو بەپەلە و خیرا بەرە و دەرگای چونە دەرەوەی مزگەوتی کەعبە دەرۆیشت ،منیش لە دلی ۆمدا دەم ووت:ئەوەچیەتی هەی لەعنەتی خوای لی بیت بۆ وا لە ترسدا دەروات ..عباس دەفەرموویت : تەماشام ئەکەم ابو جهل گوی ی لە هاوارەکەی (ضم ضم ) بوو لەدەرەوە بۆیە وا خیرا دەروات و من گویم لی نەبوو بی ئاگابووم لەم هاوارە هەموو خیرا رۆیشتین بەرەو هاوەرەکە و تەماشا ئەکەین (ضم ضمي کوری عمر غە فاري ) لە ناوەراستی شیوەکەی دەرەوەی کەعبە وەستاوە بەسەر ووشترکەیەوە ، وە لوت گویی ووشترەکەی هەلقلیشاندووەو ، کۆپانەکەی بە پیچەوانەوە بەستووە و یەخەی کراسەکەی دادریوەو هاوار ئەکات و ئەلیت : ئەی کۆمەلانی قورەیش ، کاروانەکەتان ، کاروانەکەتان سامانە کەتان لەگەل (ابو سفیان ) ، محمد و هاوەلانی بۆ دەست بەسەراگرتنی دەرچوون ، باوەرناکەم پیایانا بگەن ، ئەی هاوار فریاکەون و، ئەهاوار فریاکەون ..

عباس دەفەرموویت : ئەم هەوالە کتوپرە وای لی کردین من و ابو جهل هەریەکەمان بیری ئەوی تری نەبیت ، خەلکانی مککە بەپەلە خۆیان ئامادەکردو ووتیان : محمد و هاوەلانی گومانیان وایە کە ئەمەش بارە ووشترەکانی (ابن لحضرميە ) نەخیر هەرگیز وانی یە سویند بە خوا بۆیان دەردەکەویت ئەم جار وەك جاری پیشتر نی یە عباس دەفەرموویت : بەم جۆرە سەرجەم دانیشتوانی مککە خۆیان ئامادە کرد بۆ دەر چوون ، وە دوو جۆر بوون هەندیکیان خۆیان دەرۆیشتن و هەندیکیان یە کیکیان لە جی ی خۆیان دەنارد ، بەلام ناودارەکانی قورەیش کەسیان دوانەکەوتن لە بەشداری کردنی ئەم جەنگە تەنها (ابو لهب ی کوری عبدالمطلب ) نەبیت دواکەوت و (عاصی کوری هیشامی لە بنی موغیرە ) لە جی خۆی نارد چونکە عاص (٤٠٠٠ ) درهەم قەرزاری (ابو لهب ) بوو بریاری دا بی بەخشیت گەر لەجی ی ئەو بۆ ئەم جەنگە بچیت )

اخرجه : التبرانی فی التاریخ ٤٢٨/٢ ، البیهقی فی الدلائل ٢٩/٣ ، ابن سعد فی طبقات ٣٦/٨، ابن هیشام فی السیره ٢٠٠/٢ .

بەلی هەموو دانیشتوانی شاری مککە ، بەبیستنی ئەم هەوالەی (عاتیکەی کچی عبدالمطلب ) تۆ قین و زیاتر ترسان لە خەوەکەی عاتیکە ، وە بە هەموو ولاغیکی چاك و خراپ خۆیان ئامادە کرد ، (ابو جهل ) دەی ووت : محمد گومانی وایە ئەوەی لە ناوچەی ( نخلە ) بەدەستی هینا ئەم جاریش بەدەستی بینی بۆی دەردەکەویت کە ئیمە پاریزگاری لە کاروانەکەمان دەکەین یان نا ) .

(سیاق موسی بن عقبە ) فی التاریخ الاسلام للذهبي ١٠٤/٢ .

## چوارەم : خۆ ئامادە کردنی سوپای موشریکانی قورەیش لە مککە دا :

بەلی (ابو سفیان ) پیاویکی دونیا دیدە بوو ، ئەوەندەی تجربەی زۆر بوو لە ژیاندا ، زۆر بە وردی هەنگاوی هەل ئەگرت ، ئە ترسا سوپای ئیسلام ری پی بگرن و ، کاروانە کەی بە مال و سامانەوە لی بسینن ، بۆ یە بەچاکی هەوالی ری وەر ئەگرت .. پرسیاری لە ریبواران ئە کرد ، ئەوە بوو هەوالی ئەوەی وەرگرت کە محمد (صلى الله عليه وسلم ) سوپاکەی پیکەوە ناوە و ، لە مەدینە دەرچووە بە نیازی دەست بەسەر دا گرتنی کاروانەکەی ئەون ، بەلی (ابو سفیان ) ٣٠ تا ٤٠ پیاوی لە گەل دا بوو بۆ پاسەوانی کردنی کاروانەکەی ، دیارە ئەو ژمارەیە توانەی بەرگری نیە بەرامبەر سوپای ئیسلام و بۆیە وای بە چاك زانی قورەیش لە ئاگادار بکاتەوە لە سوپای ئیسلام کە ، بۆ (ابو سفیان ) پر مە تر سی بوو و ئەوە بوو ( ضم ضمي کوری عمري غیفاري) بەکری گرت ، تا بە پەلە خۆی بگەیە نیتە شاری مککە ، هاواری بەریتە بەردەم موشریکانی قورەیش ، کە ئەگەر فریایی کاروانە کە تان نەکەون ، چی سامانتان هەیە بە تالان ئەبری و ، سوپای مەدینەش بەو چار ناکری ، بەلی ( ضم ضمي کوری عمري غیفاري) بو پولە خۆی گەیانە شاری مککە و هەوالەکەی پی راگەیاندن و ، بەدەنگی بەرزەوە هاواری ئە کرد ە قورەیش ئەی ووت : ئەی کۆمەلەی قورەیش ! ئەو کاروانەی کە بازرگانیە کەتانی پی یە و دووبارەی کردەوە ووتی : ئە و مال سامانەتان کەوا لەگەل (ابو سفیان ) دا محمد و هاوەلانی ری یان پی گرتووە و ، وا نابینم بیگەنی ،هەی هاوار ! هەی هاوار ..!! بەلی کە (ابو جهل ) ئەمەی بیست ، هاواری کردە خەلکەکە ، خۆی گەیاندە لای کەعبە تاخەلکە کە کۆبکاتەوە ، سوپایەکی بەهیز دروست بکات ، ابو جهل پیاویکی سووك سۆل گرچ و گۆل بوو ، قورەیشیش چونکەمال و سامانی هەموویان لەگەل کاروانە کەدا بوو ، پیویستی یان بەوە نەبوو کەسیك هەلیان بنی ، خیرا دەنگ و باسە کە وەك بروسکە گەیشتە هەموو مالیك و ، خەلکەکە بە پەل خۆیان پیچایەوە و ، ئەیان ووت : محمد و هاوەلانی وا ئەزانن وەك کاروانەکەی کوری (حضرمي ) لی دەر ئەچیت ؟! بەخوا تی ئەگا کە بەو شیوە نا بیت .. بەلی خەلکەکە بوون بە دوو بە شەوە : یان کابرا خۆی چەکی هەل ئەگرت و ئە کەوتە ری ، یان کەسیکی لەبریی وێدائەنارد ، بە مە قورەیش هەمووی کەوتەری لە ناو پیاو ماقولاندا ، جگە لە (ابو لهب کوری عبدالمطلب ) هیچ کەس دوا نەکەوت، ئەوە بوو ئەویش (عاصی کوری هیشامی کوری موغیرەی ) بە چوار هەزار دەرهەم ، کە قەرزاری بوو بە کری گرت بوو ، (عاص) خالی عمری کوری خطاب بوو ، هەر لە غەزای بەدر دا بە دەستی (عمری ) خوشکەزای کوژرا هەروەها (ئومەیە ی کوری خلف ) یش کە پیاویکی پیری بەتەمەن بوو لاشە قورس بوو ، خەریك بوو دوا بکەوی بەشداری نەکات ...

چونکە ئە وەبوو (سعدی کوری موعاز ) دوای کۆچ کردنی هاوەلانی بۆ بەجی هینانی عومرە سەردانی مککەی کردبوو ،ئینجا (سعد کوری موعاز) دۆستی (ئومەیە ی کوری خلف ) بوو ، پی راگەیاند بوو ە پیغەمبەری

ێ
خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : بەدەستی موسلمانەکان ئەکوژریت ، پرسی : لە مککە دا ؟ سعد ووتی : نازانم . جا کە سوپاکە جەم کردن هاتە کایە ئومەیە ئەوەی هاتەوە یاد و ترسیکی زۆر چووە دلیە وە .بەلام ( خوای گەورە ) ویستی لە ئە نجام دانی کاریك هەبوو ، ئەوا هۆی بۆ ئەرەخسینی و ، هیچ هیزیکیش ناتوانی تەفرەی بدات ، کە ( ابو جهل ) ئەو هەوالە ی زانی لەگەل ( عوقبەی کوری ابو معیط ) دا بە پەلە خۆی گەیاندە لای ، ( عوقبە ) بوخوردانی کی پر لە بوخور ، ابو جهل کلدانیکی پر لە کل بە دەستەوە گر تبوو ،عوقبە بوخوردانەکەی خستەبەردەمی ووتی : ئومەیە کوری خلف ) تۆ وەك ژنان وەهایت بخور دابگیر سینەو ، ابوجهل یش ووتی : ئومەی کوری خلف چاوت پر کە لە کل چونکە تۆ ئافرەتی ، ئومەی کوری خلف چاری نەما و بەم توا نجانە غیرە تی جولا ، بەلام پیی ووتن : چاك ترین ووشتری مککەم بۆ بکرن ، ئەوە بوو لە گەلیان کەوتە ری وبەلام نیازی وەها بوو دوای ماوەیەك خۆی بدزیتەوە و بگەریتەوە ، بەلام ابو جهل عەلی پیچا و بەرە و مەرگ کەوتەری ..!! بەم شیوەیە لە مککە دا هیچ پیاویك کە توانای جەنگی بووبی دوا نەکەوت جگە لە نەوەی عدی واتە : ( بنی عدی ) کە تاقە پیاویکیان بەشداریی جەنگیان نەکرد ،لە لایە کی ترەوە قورەیش لە گەل نەوەی بکر واتە: بنی بکر ) کوی عبد مەناتی کوری کینانە دا ، نا کۆك بوون ، بۆیە ئە ترسان ئەگەر ئەمان سوپا بەرەو بەدر بنیرن بۆ بە گژدا چوونی موسلمانەکان ، نەوەی بکر هیرش بکەنە سەریان و ، تۆلەی جەنگ و خوینی سەردەمی نەفامی یان لی بکە نەوە ، هەتا خەریك بوو لە هەلمەن بردن بۆ سەر موسلمانە کان سارد ببنەوە ، ئەگەر سوراقەی کوری مالیکی جوعشومی مەدلەجیی - کەیەکیك لە پیاو ماقولانی نەوەی کینانە بوو – نەهاتەیە تە لایان کەپیی ووتن : من لە لەشتی ئیوەم و ناهیلم کینانە لەدواوە هیچ خراپە یەکتان بەرامبەر بکات ، بەمە ترسیان نەما و کەوتنە ری ، ئیتر ئەوە بوو بەفیز و دەماریکەوە کەوتنە ری ، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەو هەلویستە کردووە : ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ (٤٧) وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَكُمْ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكُمْ إِنِّي أَرَى مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ الانفال ٤٧-٤٨ .واتە : نە کەن وەك ئەو جۆرە کەسانە بن کە لە ولات و شوینی خۆیان دەرچوون لەبەر کەش و فش کردن و خۆ نواندن لەبەر چاوی خەلك و دەیانەویت کۆسپ بخەنە بەردەم ریبازی و ئاینی خوا، لە کاتیکدا کە ( خوای گەورەش بەئاگایە بە سەرەتاو سەرە نجامی هەموو ئەو کاروکردەوانەی کە دەیکەن ..!!

ئ
کاتیکیش شەیتان بەوەسوەسەو خەیال ، هەموو کردەوە ناپەسەندو نارەوا کانی بۆ رازاندنەوە ، ووتی : ئەمرۆ هیچ کەس دەرەقەتی ئیوە نایەت و دلنیابن منیش پشت و پەنام بۆ ئیوە ،جا کاتیك ئەو دوولەشکرە یە کتریان بینی دەست بەجی شەیتان پاشەو پاش گەرایەوە و ووتی : بەراستی من بەریم لە ئیوە ! چونکە بەراستی ئەوەی من دەبینم ئیوە نایبینن ، دیارە کە شەیتان ، بینیوویەتی کە چۆن فریشتە کان دەستە دەستە دادەبەزن بۆ یارمەتی ئیمانداران ،بۆیە لە ترسا ووتی : بی گومان من لە خوا دەترسم ،خوایش زۆر سەخت و بە زەبرە لە تۆلە دا ..!! ئە گیرنەوە ئەلین : ئیبلیس واتە : شیطان ، لە شیوەی سوراقە دا هاتۆتە لای بت پەرستانی قورەیش و ، بەلینی پی داون کە وا خەمی نەوەی بکر واتە : ( بنی بکر ) یان نەبیت و خۆی لە پشتیانە و ، لە گەلیان کەوتۆتە ری ، هە تا جەنگ روو ئە دات و ، مەلائیکەت لە ئاسمان دینە خوارەوە دینە کۆمەکی موسلمانان لە جەنگی بەدر دا ، شەیتان پشت هەل ئەکا و ، هەدل دیت ، وەك لە ئایەتە کەدا ئاماژەی بۆ کراوە ..!! بەلی ژمارەی سەربازانی بت پەرستان یان موشریکانی قورەیش ( ٩٥٠ ) پیاو بوون، کە ( ١٠٠ ) ئەسپ و ( ٧٠٠ ) ووشتریان پی بوو ، لە ریوایەتیکی تردا هاتووە ژمارەی سەربازانی بت پەرستان ( ١٣٠٠ ) پیاو بوون ، چونکە کە دە گرینەوە ئەلین لە ریگادا هەندیك گەرانەوە نە هاتوون بۆ ئەم جەنگەی بەدر .. هەروەها ئەلین : کەنیزەك و گورانی بیژیان لە گەلدا بوو ، لە ریگادا سەمایان دە کردو گورانیان دە ووت ..

ماوە تەوە بەلین : کی مەسروفی ئەم هەموو سەربازە پیاوە دە کیشی کە بەرەو جەنگی بەری دە کەون و چونکە بی گومان جەنگیك یان هەموو رووبەروو بوونە وەیەك دیارە بە پی ی عقل و منتق مەسروفی دە ویت ، بۆ دابین کردنی شوین و مانەوە خوادنی سەربازە کان ،چونکە هیچ شەریك یان جەنگیك بی مەسروف کردن ئیدارە دانی سەربازی لە رووی خواردن و خواردنەوە چەك جبە خانە بەری وە ناچیت ...

ئ

وادیاره ( ٩ ) کەس لە گەورە پیاوانی قورەیش مەسروفی ئەم هەموو پیاوایان گرتە ئەستۆی خۆ ئەمانەن :

١-( ابو جهلی کوری هیشام )،کاتیك لە مککە دەرچوون ( ١٠ ) سەر ووشتر بۆ ئەم پیاوانە سەر برین .

٢-( ئومەیە ی کوری خلف ) کە لە عوسفان ( ٩ ) ووشتری بۆ پیاوەکان سەر برین .

٣-( سوهەیلی کوری عمر ) ، کە لە قودەید ( ١٠ ) ووشتری بۆ پیاوەکان سەر برین .

٤-( شەیبەی کوری رەبیعە ) لە سەر رۆخی دەریا لە نزیك قودەید ( ٩ ) سەر ووشتری بۆ پیاواکان سەر برین .

٥-( عوتبەی کوری ربیعە ) کە لە جوحفە( ١٠ ) سەر ووشتری بۆ پیاوەکان سەر برین .

٦- ( نەبیهو . ٧- مونەبیە )، جووتە کوری حیجاج لە ابواء دا ( ١٠ ) سەر ووشتری بۆ سەر برین.

٨-( عباسي کوری عبدالمطلب ) کە نیوان ئەبواء و بەدر دا ( ١٠ ) سەر ووشتری بۆ سەر برین .

٩-( ابو البوختەری کوری هیشام ) لە بەدر دا ( ١٠ ) سەر ووشتری بۆ سەر برین .

ئ

ئاله کاتەدا هەرچی دەستی چەکی ئەگرت لەدانیشتوانی مککەدا بەرەو بەدر کەوتە ری ، تا کو کاروانە بارزگانیە دەولەمەندکەی ابو سفیان کە پر بو لە شتی گران بەها و ئالتون زیرو زیو شتی بە نرخ ، بەلی ابو سفیان بە ووردی و ئاگاداریەوە ،نەخشەی دەرباز بوونی خۆی کیشا ،نەوە کو پیش فریا کەوتنی سوپای قورەیش توشی کارە سا بیت ،بەلی ابو سفیان هەولی ئەدا زوو ئە و ناوچەیە تی بپەرینی کە مەترسی لە سەر بوو ، لە جەنگی سوپای پالەوانەکانی ئیسلام ، رزگاری بکات بەلی هەر واش بوو رزگاری کرد ،بەلی ابو سفیان لە دەر باز بوونی کاروانەکەی بی خەم بوو ،خۆی دەرباز کرد بە پەلە بە شیوە یکی ئاموزگاری نامەیەکی نارد بۆ سوپای بت پەرستانی قورەیش ، بەلی کە کاتی نامەکەی ابو سفیان گەیشتە دەست بت پەرستانی قورەیش ، سوپای بت پەرستان گەیشت بوونە ناوچەی ( جوحفە ) لە نامەکەدا نووسرا بوو با سوپاکە بگەریتەوە شاری مککە ، چونکە ئەوان هاتوون بۆ یارمەتی دانی کاروانە کە هاتوون ، کاروانەکەش لە دەستی سوپای ئیسلام دا دەربازی بووە ،هیچ زیانیك بە مال و سامانەکانی قورەیش و کاروانە کە نەگەیشتووە ، با بگەرینەوە شاری مککە ، بەلی ابو سفیان ئاموژگاری کرد بوون بگەرینەوە ،لە کاتیك دا خەلکی شاری مککە زۆریان لە سەر ئە رایەی ابو سفیان بوون کە بگەرینەوە مادەم مال و سامانیان پاریزراوبووە ،بەلام ملهوری ابو جهل بوو هۆکاری ئەم جەنگە کەچی بە مەرگی خۆیی کۆتایی هات ، بەلی ابو جهل زۆر بە توندی زۆر بە دل رەقی نەراندی ووتی : بە خوا ناگەرینەوە تا نەجینە بەدر و سی شەو سی رۆژ تیدا نەمینینەوە ، ووشتر سەر ئەبرین و خۆراك ئە بە خشین ، عەرەق ئە خۆینەوە ، کە نیزە کە گۆرانی بیژەکان گۆرانیمان بۆ بلین ،عەرەبیش دەنگ و باسی خۆمان و ئەم رۆیشتنە مان ئە بیستن و ،هەتا هەتایە لیمان ئە تر سن .. برۆن ... بەلی هاش و لووشی ابو جهل لە رادەیەك دا بوو کە بە هیچ کەس ناچار نەئەکرا و ،ئامۆژگاریی لە کەس نەئەبیست ، بۆیە ئە ی ویست دانیشتوانی سەرانسەری دوورگەی عەرەب لە دەنگ وباسی سوپاکەی ئاگادار بن و ،هەمووهۆزیك حیسابی تاییەتیی بۆ قورەیش بکات ...

ئ

## پینچەم : دەرچوونی سوپای بت پەرستان و گەرانەوەی هەندیکیان :

(ابن اسحاق ) دەفەرموویت : (موشریکەکان ژمارە یان (٩٥٠) کەس بوون لە گەل (١٠٠) یان (٢٠٠) ئەسپ سوار ، وە لەریوایەتیکی تردا هاتووە ژمارەیان (٦٠) ئەسپ سوار بووە ، لە گەل (٦٠٠) قەلغان لە سینگ بستوو ، لە گەل هەندیك لە ئافرە تانی گۆرانی بیژ دا ، بە دەفەوە گۆرانیان بۆ ناشرین کردنی موسلمانەکان دەووت : وە لەم جەنگەدا موشریکەکان ئەوانەی کە بەلایانەوە پەسەند نەبوو ئەم جەنگە بەزۆر لەگەل خۆیاندا را پیچیان کردبوو لەوانە : عباسی کوری عبدالمطلب ) و (نوفل ی کوري حاریس ) و(طالب ) و (عقیل کوری ابي طالب ) . وە خەرجی و مەسرەف و خوادرن و خواردنەوەی سوپای بت پەرستان دابووە بەسەر( عباسی کوری عبدالمطلب ) و ( ابو البختري ) بە بە شدار بوونی ( ابو جهل ) ، (ئومیە کوری خلف ) و ( سوهیلی کوری عمر ) و (شەیبەی کوری رەبیعە ) و (عوتبەی کوری رەبیعە ) و (نبیهە و مونەبیهی ) دوو کورانی حیجاج ، وە هەموو رۆژیك (٩) تا (١٠ ) ووشتریان بۆ خواردن سەر دەبرین ).

اخرجه : البخاری ٤٥٩٦ والتبرانی فی التفسیر ٨١١٦ .

موسای کوری عوقبە و عوروەی کوری زوبیر ابن اسحاق دەفەرموویت : (قورەیش بەری کەوت تا گەیشتنە (الجحفە ) و لەوی دابەزین ، (جوهەیمی کوری صەلتی کوری مەخرەمەی کوری عبدل متلیب ی کوری عبدالمناف ) خەویکی بینی کە هەستا لە خەو بۆی گیرانەوە و ووتی : لە خەومدا وام دەزانی کە من لە نیوان خەو وبە ئاگابوون دام ، تەماشام کرد پیاویك بەسەر ئەسپەکەیەوە و ووشتریکی بەدواوە بوو بەرەو ئیمە هات و وەستا ووتی : (عوتبەی کوری رەبیعە ) کوژرا و ، (شیبەی کوری رەبیعە ) و(ابو الحکم واتە : ابو جهل کوری هیشام ) و (ئومییەی کوری خلف ) و وە فلان کەس و فلان کەس کوژران واتە : ناوی پیاوانیکی ناوداری قورەیشی هینا کە لەشەری بەدر دا کوژران ) ئینجا بینیم لە لا تەنیشتی ووشترەکەی داو بەری دایە سوپاکە ، چادریك نەما لە چادرە کانی سوپاکە خوینی ئەو ووشترەی بەر نەکەویت ، (جوهیم کوری صەلەت ) لە خەوەکەدا بەدەم ترسەوە بە ئاگا هات و بە پیاوەکانی ووت : ئە و سوارە تان بینی کە ئیستا لە بەر دەممدا وەستابوو ؟! (پاشان خەوەکەی بۆ گیرانەوە ) ئەوانیش ووتیان : بزانە شەیتان گالتەی پی کردوویت لە خەوەکەتدا ، و هەوالە کە گەیشتە ابو جهل ، ئەویش بە گالتەوە ووتی : ئەمەش پیغەمبەریکی ترە لە کورانی عبدالمطلب ) یان ووتی : بەراستی درۆی بەنی مطلیب یشتان کۆکردووە لەگەل بنی هاشم دا ، وە سبەینی کەبەیك گەیشتین ئەو کات دەزانن کی کوژراو دەبیت ...

ئ

ابن اسحاق دەفەرموویت : (كاتیك ابو سفیان بۆی روون بووەوە كە كاروانەكەی رزگار بووە ، دەست بەجی هەوالی پاشەكشە كردنی سوپاكەی نارد بۆ لای ابوجهل ، ئەم هەوالەش گەیشتە سوپاكە كاتیك كەلە (الجحفه) بوون ، وە ابوسفیان ووتبوی : ئیوە بۆ ئەوەهاتوون كە كاروانەكە و پیاوەكان و سامانەكانتان رزگار بكەن ، خودا خۆی پاراستنی ئیوەش ئیتر بگەرینەوە ، ابوجهل ووتی : سویند بە خوا نا گەرینەوە تا نەچینە لای ئاوە كانی بەدر ( بەدر جیگەی گۆرینەوەو بازارو بازرگانی و مەرزی سالانەی دوورگەی عەرەب بوو ، كە بۆ بازرگانی تیدا كۆدەبوونەوە ) ، ابو جهل ووتی : لە ئاوەكانی بەدر دا لەوی سی شەو سی رۆژ دەمینینەوە و ، ووشتر سەر دەبرین خواردن و خوانەوە عەرقە دە خۆین و ، با ئافرەتانی كەنیزەك گۆرانی مان بۆ بەلین و سەما بكەن، وە ئەم هەوالە لەشكر كیشەیە گەورەیە بگاتە سەرجەم دوورگەی عەرەبی دا ، وە لیرە بەدواوە هەتا هەتایە لیمان دەترسن لەبەر ئەوە بەردەوام دە بین لە رۆیشتنە كەماندا ، (ئەخنەسی كوری شورەیق ) ئەم كارەی ابو جهلی زۆر پی ناخۆش بوو ئاگاداری خزمانی كرد كە بگەرینەوە ، سەرتا گویی رایەلی نەبوون ، تا ئەخنەس پی ووتن : ئەی (كورانی بنی زهره ) خودا سامانە كانتان پیاوەكاتان (مەخرەمەی كوری نۆفل ) ی رزگار كردووە ،ئیوەش تەنها بۆ ئەم كارە هاتوون ،واتە : مال سامانتان رزگار بووە لە دەست سوپای ئیسلام ، لەبەر ئەمە بگەرینەوە ترسنۆكە كەی بخەنە ئەستۆی من و هیچ پیویست ناكات دەر بچن و خۆتان بە نەمان و فەوتان بدەن ، گوی مەگرن بۆ ابوجهل ، هەر هەموو ( بنی زهره ) گەرانەوە تەنها كەسیكیان لەم جەنگەدا بەشداریان نە كردوو و سەرجەم گوی رایەلی (ئەخنەس) بوون و لەگەل كورانی (بنی عەدای كوری كەعب ) دا دوورە پەریز بوون و هیچیان بەشدار نەبوون لە بەدر دا ، و(تالیبی كوری ابی تالیب ) پەنادانی هەبوو لەگەل هەندیك لە ناودارانی قورەیش ئەویش لەگەل ئەوان گەرانەوە مككە ،و كورانی (بنی هاشم ) یش ویستی گەرانەوەیان هەبوو ، بەلام ابو جهل ری ی گرتن ووتی : ئا ئەم كۆمەلە نابیت لیمان جیاببنەوە تادە گەرینەوە ).

سیر لابن هشام ٢/٢٠٨ .

ئ

ئەوە شمان لەبیر نەجیت کە لە پیش دا باسمان کرد قورەیش وژمنایەتی هە بوو لە گەل ( بنی بکر ) دا ئەوە بوو پیش دەر چوونی لە شاری مککە دا ، قورەیشە کان خەریك بوون ، پاشگەز ببنەوە لە جەنگە دا ، چونکە پیان وابوو دە کەونە نیوان دوو دوژمنەوە لە لایەك سوپای ئیسلام و لەلایە کی ترە کۆنە دوژمنیان ئەویش بنی بکر بوون ، بەلام لە کاتەدا شەیتان یان ئیبلیس لە شیوەی( سوراقە ی کوری مالیکی کوری جعشم ی مدلجی ) دا کە سەرۆکی هۆزی کینانە بوو ، هاتە لایان پی ووتن : من دلنیا تان دە کەم لەوی کە ( کنانە ) بیت لە پشتەوە شتیکتان لی بکات ، واتە : دلنیایی کردن کە کنانە ئەو کارە ناکات و هیرشتان ناکاتە سەر بی خەم بن لەوەی کە بیری لی دەکەنەوە ، لە و کاتەدا قورەیش بروای بە هاوشیوەی سوراقە کرد واتە : ئیبلیس نەعلەتی کرد ، بۆ جەنگ کردن لەشەری مککە دەرچوون تا گەیشتنە ئە شوینەی کە ( ابو سفیان ) نامەکەی بۆ قورەیش گەیاند ، ئەو شوینەش کە ( الجحفە ) بوو ، ئەوە بوو هە ر لەم شوینەداکورانی بنی زهرە بە قسەی ( ئەخنەس ) یان کرد و گەرانەوە شاری مککە ..!!

وە بوو ( ئەخنەسی کوری ئەشریق ) دوای لە قورەیش کرد کە بگەرینەوە مادەم مال سامانە کەیان رزگاری بووە دەرباز بووە، بەلام ابو جهل ی نەفامی کەلە رق پی س و بۆگەنی ئەوەندە ملهور بوو خۆی ئامادە کرد بوو بۆ مەرگ لە گەل هاوری کانی دا وەك : ( ئومەیە کوری خلف ) و ( عوتبە و شەیبە ی کورانی رەبیعە ) فلان کەس و فلان کەس ، کەچی کەسیان بە گویی ئەخنەسیان نەکرد ، ئە خنەسیش خۆی و کورانی ( بنی زهرە ) گەرانەوە چونکە ئەخنەس هاو پەیمانی سەرۆکیان بوو ، بەلی لەم گەرانەوەی بنی زهرە دا تاقە کەسیکیان بەشداری شەری بەدری نەکرد ، کە نزیکەی ( ٣٠٠ ) پیاو دە بوون ، بەلی ( بنی زهرە ) راو بۆچوونە کانی ئەخنەسیان زۆر پی خۆش بوو ، بە قسە یان کرد ، هەر لەم کاتەدا بنی هاشم ویستیان بگەرینەوە بە لام ابو جهل ی قین لە دل رق ئەستوور پیان دا هە لشا خاو ووتی : ئەم تاقمە جیانابیتەوە تا نەگەرینەوە مککە ، واتە : کورانی بنی هاشم ..!! بەلی هەر لە م کاتەدا ( طالیب ی کوری ابو طالیب ) کە ئەو رۆژە لە گەل قورەیش دا بوو ، لە گەل پیاویکی قورەیش گفتوو گۆ لەنیوانیان دا روویدا ، کابرا ووتی : بە خوا ئەی نەوەی هاشم ،هەرچەندە لە گلمان هاتوون بەلام زانیومانە کە دل تان هەر لە لای محمد ،بەمە طالیب زۆر توورە بوو و ، هەلی بۆ هەلکەوت لەگەل ئەوانەدا کە نە چوونە چەنگی بەدر و ، گەرانەوە شاری مککە، بەلی طالیبیش گەرایە وە شاری مککە ، لەشکری دل رەقی قورەیش زۆرو زەبەندی بی باوەرو بی ئیرادە و بی عقیدە بەروە بەرد کەوتنە ری ، ئەوە بوو لە دەشتیکی تەخت لە پشت تە پولکەیەکەوە لە ( العدوە الصوی ) باریان دا خست ...

ئ

## شەشەم: هاتنی  سوپای ئیسلام بەرەو بەرد هەلویستی موسلمانان و  راویژی پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل سەرکردە کانی سوپای ئیسلام دا :

بەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و موسلمانان بەرەو بەرد هاتن ، بە تەماش بوون کاروانەکەی (ابو سفیا ) لە ناوچەی بەدرەوە تیپەر بکات ، ئیتر نەیان زانی (ابو سفیان ) چۆن خۆی و کاروانەکەی دەرباز کردووە ،وە نەشیان زانی کە قورەیش چە سوپایەکی زۆرو زەبەندی ملهوری خستۆتە ری ، هە تا ئەوەبوو کە گەیشتنە دۆلی ( ذفران ) یان دۆلی ( روحاء ) هەر لەم شوینەدا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و موسلمانەکان هەوالیان پی گەیشت کە کاروانەکەی ( ابو سفیان ) دەر بازی بووە و ، سوپایی مککە واتە : سوپایی قورەیشی موشریك و بت پەرست وا بە رەو روویان دیت لە بەدر دا ..

بەلی قورەیش بە گالە گال و هاش و لووشەوە دفە  لیدان و کۆرانی ووتن و سەما کردنی کەنیزە کە کان بەرە روویان دین ،   بەلی موسلمانەکان بە سەربازو تفاقیکی کەمەوە هەوالە کەیان بیست ، ئەوان بەتەمای بەرنگار بوونەوەی کاروانەکەی ابو سفیان بوون ، کەچی وا ئیستا سوپایەکی زۆر بەرەو روویان دیت ، بەلی تازە هیچ جاریان نیە مەگەر بچن بە پی لیە ووە ، ئازایەتی و غیرەتی سوپا بچکۆلەکەی ئیمانداران بۆ قورەیشی ملهور و بی باوەرو بت پەرستن و موشریك ، بەسەلمینن ،وە بۆ هەموو هۆزەکانی دوورگەی عەرببی بسەلمینن ، ئەگینا نابیت ماوە بدریت بە سوپای کوفر و موشریك لە ناوچە کەدا ، چونکە ئەو پەری پرپاگەندەی بۆ هیز و دەسەلاتی قورەیش و دەکات لە ناوچە کەدا ، وە ناش بیت کوفر بالادەست بیت ، چونکە زەنگی جیهاد لی دراوە ، موسلمانان ماوەیان پی دراوە بەرامبەر کافرانی قورەیش جەنگ و جیهاد بکەن لە پیناوی خوا و پیغەمبەرەکەی دا ( صلى الله عليه وسلم )، وە بە هیچ شیوە یەك نابیت سوپا بچکۆلە کەی مەدینە پاشەکشە بکات ، چونکە یەك دوو سال دوای کۆچ کردن غیرەت و لیهاتوو ئازایەتی موسلمانەکانی شاری مەینە  بە گۆچ کەرە کان و ئەنصارە کان بلاو ببووە لە دەورو بەری شاری مەدینەدا ، بەلی ئەگەر موسلمانەکان زەبریکی چاك لە سوپای موشریکان نەوەشینن ، ئەوا نەك هەر قورەیش زال دە بیت ، بەلکو هەموو هۆزەکانی دورگەش زال و دەم سور دە بن ، وە تەماعی داگیر کردنی شاری مەدینە دەیان گری ، ئەو کاتە دەرباز بوونی موسلمانە کان لە دەست ئەو هەمووعەرەبە بت پەرستە و تالان چیە زۆر ئەستەم دەبیت ، هەر بۆیە موسلمانان بە ئیمانیکی دامەزراوەوە بەرەو  رووی قورەیش بووەوە ...

ئ

هەر وەك لە ( ابن اسحاق ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گەیشتە شیوی ( ذفران ) لەویدا و ، هەوالی سوپاکەی قورەیش بۆ پاریزگاری کردنی کاروانەکەی ابو سفیان پی گەیشت ، ( ابو ایوب انصاری ) دەفەرمووی : ئەم جیگەیەش لە دووری رۆژیك یان دوو رۆژ پیادە رەویە لە ویدا پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( ماترون في القوم ، فانهم اخبروا بمخرجكم ) واتە :بۆ چوون تان چیە بەرانبەر قورەیش ، چونکە ئەوان هەوالی دەر چوونەکەی ئیوەیان پی گەیشتووە ؟ ئیمەش ووتمان : نە سویند بە خوا ئیمە توانای شەر و بەرەنگار بوونەوەی ئەوا نمان نیە ئیمە تەنها بۆ کاروانەکە هاتووین ) . هەروەك ( خوای گەورە ) لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پی دە کات دەفەرموویت : ﴿كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنْ بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنْظُرُونَ﴾ الانفال ٥-٦ . هەروەها ( ابن اسحاق ) دەفەرمویت :پاشان ( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) راو ی و چوونتان چۆنەبەرانبەر قورەیش ؟ ئیمەش هەروەك پیشتر وەلامەمان دایەوە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هەوالی سوپاکە ی قورەیش بە وردەی گەیاندە موسلمانان ، و گویی بیستی راویژ و راو بۆ چوونی موسلمانان بوو ). اخرجه : التبرانى فى الكبير ( ٤٠٥٦ ) ، البدايه والنهايه ابن كثير ٢٧١/٣ .

هەروەها ( ابو بكر صديق ) فەرمووی : من شارەزاترم بە ماوەی ریگە کەیان ، ( عدى كورى زەغبان ) هەوالی پیداین کە ئەوان لە شیوی ( كذى ) ین ( عمرى كورى خطاب ) یش فەرمووی : ئەی پیغەمبەر خوا ، قورەیشە بەفیزو لووت بەرزیەکەوە ، هاتۆتە مەیدان سویند بە خوا لەو کاتەی شکۆمەند بوون سەر شۆریان بە خۆییانەوە نە دیوە ، سویند بە خوا ئەوا هاتوون شەرت لە گەل دا بکەن ،تۆش خۆتی بۆ ئامادە بکە ؟ پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : زیاتر با گویم لە راو بۆ چوونە کانتان بیت ). التاريخ للذهبي ١٠٦/١ .

پاشان ( ابو بكر صديق ) هە ستاو ووتەیەکی زۆر بە چاکی ووت ، پاشان ( عمرى كورى خطاب ) هەستاو ووتی : ( ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) برۆ بۆ جی بەجی کردنی ئەو فەرمانەی کە خوا دوای لی کردوویت ئیمەش لە گەلد داین سویند بە خوا ئیمە ئەو وتەیەت پی نالین کە بەنی ئیسرائیل بە ( موسى عليه‌السلام ) یان ووت : برۆ خۆت و خوا کەت بجەنگین ئیمە لیرەدا دانیشتووین ، بەلام ئیمە دەلین : برۆ خۆت و خواکەت بجەنگین و ئیمە لە گەلتاندا جەنگاوەرین ، سویند بەوەی تۆی ناردووە بەو راستیە ، گەر بەرۆیشتن بمان بەیت بۆ ( برك الغماد ) کە( جیگەیە کە لە یەمەن ) بەجەنگ دیین لە گەلتدا دژ بە هەموو کەس تا دە گەیتە ئەو جیگەیە ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) بە باشی وەلامی دایەوە و دوعای بۆ کرد ) . اخرجه : البخارى ( ٤٦٠٩ ) .

ئ

پاشان پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (أشيروا على ايها الناس) واتە: راویژ و پرس و راتانم پی بیلن ئەی خەلکیان، مەبەستییشی تەنها (ئەنصار) بوو، چونکە ئەوان زۆرینەی موسلمانانا بوون، وەلە (پەیمانی عەقەبە) یان پیشتر بە پیغەمبەر یان (صلى الله عليه وسلم) وونبوو، ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئیمە هیچ بە پرسیار نین لەوەی بەسەرت دیت تا دەگەیتە ناو خانووە کانمان کە گەیشتیتە لای ئیمە پاراستنی تۆ لە ئەستۆمانە دەت پاریزین لەوەی کە مندال و ئافرەتە کانمان لی دەپاریزین، بۆیە پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەترسا لەوەی کە (ئەنصار) وابزانیت کەسەرخستنی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە ئە ستۆیدایە تەنها دژ بەوانەی کینە سەری لە ناوشاری مەدینەدا کاتیك پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم ووتەیەی دووبارە کردەوە هەندیك لە (ئەنصار) ووتیان: پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیوە دوویت ئەی کۆمەلی ئەنصار سویند بە خوا کەسی تری ناویت تەنها ئیوە نەبیت). اخرجه: احمد ٣/١٠٥، البدایه والنهایه ابن كثير ٣/٢٦٣.

پاشان (سعدی کوری موعاز) فەرمووی: سویند بە خوا وا دەزانم کە ئیمەت مەبەست بیت ئەی پیغەمبەری خوا؟ پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەلی. (سعدی کوری موعاز) فەرمووی: پی دە چیت ئەی پیغەمبەری خوا لەوە بترسیت کە (ئەنصار) نەیانەویت کۆمەکی و پالپشتیت پاریزگاری ریت بکەن و، بە پیویستی نەزانن لەسەر خۆیان پاریزگاریت لی بکەن، تەنها دژ بەو دوژمنەی کە دەییننەوە لە ناو خانوو مندال و ئافرەتانیاندا، وە من لە جیاتی (ئەنصار) وەلامت دەدەمەوە ولەنوییەنەرایەتی ئەوانەوە قەسەدەکەم و دەلیم: (سویند بەوەی کەریزی لی گرتوویت و کتیبی بەسەردا دابە زانوویت تا ئیستا بەریگەی (برك الغمار) ی یەمەندا نەیرۆیشتووم و شارەزاییم لە بارەیەوە نیە، بەلام بەرۆیشتن بمان بەیت تا ئەو جیگەیە لە گەلتدا دیین وەك، ئەوانەش نا بین کەبە (موسی) علیه السلام یان ووت: ﴿قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا أَبَدًا مَا دَامُوا فِيهَا فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ﴾ المائده ٢٤ .

واتە: برۆ تۆ و خوایەکەت بەجەنگێن ئیمە ئا لیرەدا دانیشتووین،

هەروەها (سعدی کوری موعاز) ووتی: بەلام ئیمە دەلین: برۆ خۆت و خوایەکەت بجەنگێن ئیمەش جەنگاوەرین لە گەلتاندا، وە تۆ بۆ کاریك هاتیتە دەر بەلام خوای گەورە بۆی گۆریت بە کاریکی تر، برۆ بۆ جی بەجی کردنی ئەو کارەی کە خوا پیی سپار دوویت، بۆ پەیوەندی لەگەل ئەو کەسە ببەستە کە خۆت دەتەویت وە پەیوەندی لەگەل ئەو کەسە بپچرە کە خۆت دە تەویت، برۆ بۆ ئەو جیگەیەی کە خۆت دەتەویت، و دوژمنایەتی لەگەل ئەو کەسە بکە کە خۆت دەتەویت، وە ئاشتی لەگەل ئەوە کەسە بکە کە خۆت دەتەویت، وە ببە لە سامانەکانمان ئەوی دەتەویت). تاريخ للذهبي ١/١٠٧ .

ئ

هەروە ها ( سعدی کوری موعاز ) ووتی : ( ئەو سامانەمان بدەری کە خۆت دەتەویت ، وە ئەوەی لە ساما نمانت بردووە لامان خۆشەویسترە لەوەی کە بۆت بەجی هیشتووین ).البدایە والنهایە ابن کثیر ٢٦٤/٣

هەروەها ( سعدی کوری موعاز ) ووتی : ئیمە تۆمان بەراست زانیوە و باوەرمان پی هیناویت ، و شایە تیمان داوە ئەوەی کە تۆ پی هاتوویت راست و رەوایە ، لەسەر ئەمەش ئیمە گفت وبەلینمان داویتی کە گویت بۆ بگۆین و گوی رایەلت بین ، برۆ بۆ جی بەجی کردنی ئەو کارەی کە خۆت دەتەویت ئیمەت لەگەلداین ئەی پیغەمبەری خوا (( صلی الله علیه وسلم ) ، سویند بەوەی کە تۆی ناردووە بەو راستیە گەر پیشمان بکەویت بۆ ناو ئەو دەریایە هە رهەموومان شوینت دەکەوین و یەك پیاومان لی دواناکەویت ، وە هیچ پیمان نا خۆش نیە سبەینی بمان گەیە نیتە دوژمنەکەمان و رووبە روویان بوەستین ، ئیمە بە ئارمین لە جەنگدا ، وراستین لە جەنگ و رووبە روو بوونەوەدا ، وە بەلکو خوا نیشانت بدات لە ئیمەدا ئەوەی کە دەبیتە مایەی دلخۆشیت ، پیشمان بکەوە و بمانبە لەسەر بەرەکەتی خوا ، پیغەمبەر یش ( صلی الله علیه وسلم ) بە ووتەکەی ( سعدی کوری موعاز ) دل خۆش و چالاك بوو ئینجا پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) هاوەلانی هاندا بۆ دەچوون بە رەو بەدر ( اخرجه : ابن حبان ( ٤٧٢٢ ) .

هەروەها ( ابو ایوبی الانصاری ) دەفەرموویت : زۆر دل خۆش بووبن بە ووتەکەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پاشان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کەسیکی نارد تا بزانیت پیشی سوپاکەی قورەیش بەکوی گەیشتوون و ژمارە یان چەندە ؟ ئەو کەسە کە هاتەوە و ووتی : رەشاییەکم بینی نەمزانی چەندن ، پیغەمبەریش فەرمووی ( هم هم ، هلموا أن نتعاد ) واتە : ئا ئەوە ئەوانن ، وەرن بابزانین ژمارە مان چە ندە ، ( ابو ایوب ) دەفەرموویت : سەر ژمیر کراین ئیمە ( ٣١٣ ) پیاو بووین ، وە ژمارە کەمان دایە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) و زۆر پیی دلخۆش بوو و فەرمووی : ( عدە اصحاب طالوت ) هەمان ژمارەی هاوەلانی تالوتن ) .اخرجه : التبرانی فی الکبیر ( ٤٠٥٦ ) ، البدایە والنهایە ابن کثیر ٢٧١/٣ .

پاشان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هاوەلانی بەری کەوتن تا گەیشتنە ( ذفران ) بەرز بوونەوە بەسەر بەرزاییەکانی ( الاصافر ) پاشان لە ویوە شۆر بووەوە بەلای راستی تە پۆلکە بەرزەکەی ( الحنان ) تا گەیشتە جیگەیەك کە پیی دە ووترا ( الدبە ) ، پاشان لە جیگە یەکی نزیك ( بدر ) دابەزین ،و پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) خۆی و ( ابو بکر صدیق ) سوار بوون و رۆیشتن تا بزانن ئەو چوار دەورە چۆنە و کی لی یە ) . سیرە ابن هشام ٢٠٥/٢ .

ئ

## حەوتەم : پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵدەستێت بە پرۆسەیەکی گەڕان و زانیاری لە سەر سوپای ملوهوری قورەیش دا :

بەڵی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) خۆی و (ابو بکر صدیق ) هە ستان بە ئە نجامدانی کارێکی دیدەوانی و گەڕان و زانیاری کۆ کردنەوە لە سەر سوپای مولهوری قورەیش دا ،لە کاتێکدا کە دەسورانەوە بە دەوری سەربازگەکە دا پیاوێکی پیری الاعرابی واتە: دەشتە کیان بینی ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) پرسیاری لی کرد ، دەربارەی سوپای ملهوری قورەیش و ، محمد (صلى الله عليه و سلم ) واتا : دەربارەی هەردوو سوپاکە سوپای ئیسلام و سوپای قورەیش ، چونکە کە پرسیاری لی کرد لەبەر ئەوەبوو کە نهێنی پارستنی خۆیان ، پیاوە پیرەکە هەست نەکات بە هیچ شتێك کە ئەوان سەرکردەی سوپای ئیسلام من ، بەلام کابرای پیر ووتی : من هەوال تان پی نادەم ، هە تا کو پیم نەلین ئیوە کین ؟ پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئەگەر هەوا لمان بدەیتی پیت دەلین ، کابرا ی الاعرابی ووتی : مانای وایە ئەمەیان بەوەیان ؟ فەرمووی : بەلی . کابرا ووتی : هەوالم زانیوە کە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلەکانی فلانە رۆژو فلانە رۆژ دەر چوون ، ئە گەر ئەم هەوالە راست بیت کە پیم گەیشتووە ئیستا ئەو لە فلان وشوین و فلانە شویندایە ، ئەو شوینەی ووت ، کە سوپایی ئیسلامی تیدا بوو ، هەروەها هەوالم پی گەیشتووە کە سوپای مککە یان سوپای قورەیش رۆژی ئەوەندەو ئەوەندە لە مککە دەر چوون ، ئە گەر ئەو هەوالە راست بیت کە بەمن گەیشتوە ئەوا ئیستا لە فلانە شوین و فلانە شویندا ، دە قاو دەق ئەو شوینەی ووت کە سوپاکەی قورەیشی تیدا بوو ، کە کابرا لە قسە کانی بۆ وەو ئینجا ووتی : ئەی ئیوە کین ؟ پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (ئیمە لە ئاووەوە هاتووین ) پاشان کابرا یان جی هیشت ، کابرای پیری دەشت کی لە بەر خۆیەوە دەیووت : ئاو ؟ تۆ بلی ئاوی عیراق بیت... ؟

ئ

هەروەها  پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە سەر لە نوێ هەواڵگرەکانی ناردەوە بۆ زانینی هەواڵی موشریکانی قورەیش ، ئە وە بوو ، سێ پیاو لە کۆچ کەرانی هەستان بە ئە نجامدانی ئەو کارە ، ئەمانە بوو : ( علی کوری ابي طالب ) ، ( الزبير كوری عوام ) ، ( سعدي كوری ابي وە قاص ) لە گەڵ چەند هاوەڵێکی تردا ، چوونە سەر ئاوەکەی بەدر دا ، دوو غولامیان بینی کە ئاو یان دە برد بۆ سوپای ملهوری مككە ، هەر دووکیان گرتن و ، هێ نایانە بۆ لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە و کاتەدا  نوێژی دە کرد ، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا کردن بۆ قسە لێ دەر هێنان ، دوو غولامەکە ووتیان : ئێمە ئاو گێری سوپای قورەیشین ، قورەیش ناردویا نین بۆ ئاو  هێنان ، ئەوانەی لێ یان دە پرسینەوە ، باوەریان بەم قسانە نەکرد حەزیان دە کرد خزمەت کاری ( ابو سفيان ) بن ، بۆ ئەوەی دەست بەسەر کاروانەکە دا بگرن ، بۆیە زۆر بە توندی لێیاندا ، تا نا چاریان کردن کە بڵێن : ئێمە خزمەتکاری ( ابو سفيان )ین ئیتر بەرە للایان کردن . بەڵێ کاتێك کە  پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە نوێژەکەی بۆوە سەرزەنشتی کردن و فەرمووی : کە راستیان ووت لێتاندان  کە درۆیان لە گەڵدا کردن بەرەڵلاتان کردن ، سوێند بە خودا راستیان ووت ئەوانە خزمەتکاری قورەیش بوون .

پاشان هەر دوو غولامەکەی بانگ کردوو فەرمووی پێیان : هواڵی قورەیشم پێ بڵێن : ووتیان : ئەوان لە پشتی  ئەو گردەوەن کەلە ( العدوه القوصوى ) وە دیارە ، فەرمووی : ژمارە یان چەندە ؟ ووتیان : زۆرن ، فەرمووی : ژمارەیان چەندە ؟ ووتیان : نازانین ، فەرمووی : رۆژی چەند ووشتر سەر دەبرن ؟!

ووتیان : رۆژێك ( ٩ ) دانە و رۆژێکیش ( ١٠ ) دانە ،  پێغەمبەری خوا فەرمووی : سوپای قورەیش لە نێوان ( ٩٠٠ ) تا ( ١٠٠٠ ) کەس ن ، پاشان پێی فەرموون ، لە پیاو ما قوڵانی قورەیش کێیان لە گەڵدا یە ؟

ووتیان : ( عوتبە ) و( شیبە ) هەردوو کورەکەی ( رەبیعە ) و ( ابو الختری كوری هشام )،( حکیم کوری حزام ) ، ( نوفل كوری خویلد ) و ( حارسى كوری عامر ) ، ( طعيمة كوری عدي ) ، ( النضرى كوری الحارث ) ، ( زمعە ی کوری الاسود ) ، ( ابو جهل كوری هشام ) ، ( أميە ی کوری خلف ) وە چەندین پیاوی تر کە ناویان بردن.

پێغمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رووی کردە سوپاکەی خوی و فەرمووی پێیان : ئەوە مككە یە جگەر گۆشەکانی خۆی فریداوەتە بەردەستان .

اخرجه : التبرانى فى التاريخ ٤٣٦/٢ ، البيهقى فى الدلائل ٤٣/٣ ،سير ابن هشام ٢٠٧/٢ .

ی

هەروەها كاتیك كە شەو دا هات (خوای گەورە) بارانیكی باراند ، بوو بە رەهیلە توند بۆ موشریكان و نەیهیلا بینە پیشەوە ، بۆ موسلمانە كانیش بووە نەرمە بارانیك و پاكی كردنەوە و پیسی وچە پەلی شەیتانی لی دوور خستنەوە زەوی بۆ پتە و كردن ، لە كەی بۆ ساف كردن وپییانی پی جیگیر كردن و ریگەی بۆ خۆشكردن و دلە كانی پی راگیر كردن ..

بەلی سوپای ئیسلام پیشرەوی كرد بۆ گرنگترین شوینە گرینكە كانی بەدر ، ئەوە بوو پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سوپای ئیسلامی جولاند ، بۆ ئەوەی پیش كوشریكانی قورەیش بگەن ئاوەكانی بەدر و نەهیلین ئەوان دەستی بەسەر دا بگرن ، بەلی لە كاتی خەوتناندا واتە : لەدوای نویژی عیشا سوپا جولەی پی كرا ، چووە بەشی خوارەوەی ئاوەكانی بەدر ، لە و كاتەدا (الحباب ی كوری المنذر) وەكو شارەزایەكی سەربازیی هە ستاو ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئایا ئەم شوینە كە هەلت بژاردووە ، بە وەحی و نیگا بۆت هاتۆتەخوارەوە ،ئیمە بۆ مان نیە قسەی تیدا بكەین ؟ یان راو بۆ چوون و وفیلیكی سەربازیە و بەس ؟ ئینجا فەرمووی : ئەمە راو بۆ چوون و تەكنیكی سەربازیەو پلانی شەرە ، ووتی : كەواتە پیغەمبەری خوا ئەم شوینە گوناو نیە ، بفەرموو خەلكە كە هەسینە تا دەرۆینە نزیكترین ئاو لە قورەیشەوە لەوی دادەبەزین و هەموو سەر چاوەكانی ئاو پردە كەینەوە و دەیروخینین ، و لەسەر ئەوەی خشمان ئەستیلیك دروست دەكەین و پری دەكەین لە ئاو ،ئینجا شەر دەكەین لەگەلیان ، ئیمە ئاو دەخۆینەوەو ئەوان ناتوانن بیخۆنەوە و شەكەت ئەبن ، پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئاماژەت بۆ رایەكی زۆر باش كرد .

ئیتر پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە گەل سوپاكەی هەستاند و ، تا چوونە نزیكترین بیرە كان یان ئاوەكانی بەدر ، بەلی لە نیوە شەوەوە لە م شوینە دابەزین ، پاشان ئەستیلەكەیان دروست كرد و هەموو سەرچاوەكانی ئاوی تریان پر كردەوە و روخاندیان ..

بەلی پاش ئەوەی كە سوپای ئیسلام یان سوپای مەدینە ، لە سەر ئاوەكانی بەدر دا دابەزین ، (سعدی كوری موعاز) پیشنیاری ئەوەی كرد بۆ پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە موسلمانەكان بنكەیەكی سەركردایەتی بۆ دروست بكەن ، بۆ حالەتی ناكاوی و ئەگەریی روودانی هە تیكشكانیك بەر لە سەر كەوتن ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پیت چۆنە كۆخیكت بۆ دروست بكەین و كەلوپەلی و تفاقەكەت بۆئامادە بكەین ، پاشان رووبەرووی دوژمنەكەمان دەبینەوە ، ئەگەر خوا كردی سەركەوتین بەسەر دوژمنە كەماندا ، ئەوە بەدلی خۆمانە ...

ئ

خۆ ئەگەرسەریش نەکەوتین ئەوا کەلو پەلە کەت بپێچەرەوەو سواری ولاخەکەت ببە و بگەریرەوە بۆ لای ئەوانی ترمان کە بەجیمان هیشتن ، سویند بیت بەخوا چەند کەسیکمان لەدوا بەجیماوە لەئیمە زیاتر تۆیان خۆش دەویت و ئەگەر بیان زانیبایە تۆ تووشی شەرو جەنگ دەبیت هەرگی دوا نەدەکەوتن ، خوای گەورە بەهۆی ئەوانەوە دەتپاریزیت ، ئەوانە گویرایەلیت دەکەن و ، لەگەلتدا خەباتدەکەن ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) زۆری پی خۆش بوو ، دوعای خیری بۆ کردن ئیدی موسلمانە کان کوخیکیان لەسەر گردیکی بەرز بۆ دروست کرد و ، کەوتە باکوری رۆژ هەلاتی مەیدانی شەرەکەوە و بەسەر گۆرەپانی شەرەکەدا دەیروانی ، هەروەها چەند گەنچیکیان هەلبژراد لە ( ئەنصارەکان ) بەسەر پەرشتی ( سعدی کوری موعاز ) بۆ چوار دەوری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ پاراستنی کۆخە کە و پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ).

پاشان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سوپاکەی سازکردو ، چووە شوینی شەرەکە بەدەستی ئاماژەی دەکرد بۆ چەند شوینیك دەی فەرموو: خوا یار بیت سەبەینی ئەوە شوینی کوژرانی فلانە کەسە ، خوا یار بیت سبەینی ئەوەش شوینی کوژرانی فلانە کەسە ، پاشان لەبن قەدی درەختیکدا دەستی کرد بە نویژ کردن ، موسلمانەکانیش ئەوشەوەیان بەشیوەیەکی هیمن و بی خەم بەسەر برد ، تەواو ئارام بوونەوە ، پشووی تواویاندا ، ئاواتە خوازبوون سبەینی مژدەکانی پەروەردگاربە چاوی خۆیان ببینن ،(خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ وَيُذْهِبَ عَنْكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الْأَقْدَامَ﴾ لانفال١١. ئەو شەوە شەوی هەینی بوو ١٧ رەمەزانی سالی ٢کۆچی بوو !

هەروەها ( ئەنسی کوری مالك ) دەفەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەو ئیوارەدا جیگەی یەك بەیەکەی کوژراوانی قورەیشی نیشان دەداین ،و دەیفەرموو: ( هذا مصرع فلان غدا ان شاء الله ) وضع یده علی الارض ) .اخرجه : مسلم ( ٧١٥١ ).واتە : ئەوە جیگەی کوشتن و لاشەی فلان کەسە بەیانی گەر خوا ویستی لی بیت ، ودەستی دادەنا لە جیگەکەدا ، لە وشەوە دا بارانە کە هەر بە دەوام بوو ، خوای گەورە کردیە پاککەرەوەی موسلمانان ولابردنی ختورەی شەیتان لەدبیاندا و لییان خواردەوە و بووە مایەی وەرە بەرزیان...

هەروەها ( ابن عباس ) دەفەرموویت : ( موسلمانان لەویدا دابەزین و لاوازیکی زۆر رووی تی کرد بوو ن ، وشەیتان خەیالات و گومانی خراپ و قینی خسبووە دلیانەوە ... خوای گەورە ئەو شەوە بارانیکی زۆری بەسەردا بارنن ، و موسلمانان تیر ئاویان لی خواردەوە ، و خۆیانیان پی پاك کردەوە، و خوای گەورە

ئ
خەیالات و گومانی پیسی شەیتانی لی دوور خستنەوە و ولی زەویەکەی پی رەق کرد و موسلمانان و ئاژەلەکانیان دەیان توانی بەسەریدا برۆن ) .ابو نعیم الدلائل ( ٤٠٠ ) .والبیهقی الدلائل ٣/ ٧٨.

ئیمامی ( علی کوری ابي طالب ) بۆ مان دە گیریتەوە دەفەرموویت : ( لەو شەوە دا بارا نمان بەسەر دا باری و هەموو مان خۆمان خستە ژیر درەختە (کولەکان ) و قەلغانەکا نمانەوە لە تاو بارانەکە ، و ئەو شەوە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بیدار بوو شەوی کردەوە و نەخەوت و هەر دو عای دە کرد و دەی فەرمووی : ( اللهم أن تهلك هذه الفئة لاتعبد ) واتە : خوایە گەر ئەم کۆمەلە ناوبەریت نا پەرستریت ( لەریوایەتیکی تردا ) دەفەرموویت : ئەو شەوە هەموومان خەومان لی کە تبوو تەنها پیغەمبەر نەبیت ( صلی الله علیه وسلم ) کە لە ژیر درە ختیکدا شەو نویژی دەکرد و دە گریا تا بەیانی بووەوە )

اخرجه : احمد ١/١٢٥ برقم ١٠٢٣ ، ابن ابی شیبه ( ٣٦٦٦٨ ) .

کاتیك بەرە بەیان بووەوە و کاتی نویژی بەیانی هات بانگی کرد : نویژە کانتان ئەی بەندەکانی خوا ، موسلمانانیش لە ژیر کولە دەرختە کان و قەلغانە کانیانە وە هاتن و پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پیش نویژی بۆ کردن بۆ نویژیبەیانی و هانی داین بۆ جەنگ کەو فەرمووی : کۆمەلەکەی قورەیش لەژیر ئەو سواریەی لای بەرزایە کەون ) اخرجه : احمد ١/١١٧ برقم ( ٩٤٨ )، ابن ابی شیبه ١٤/ ٣٦٢ .

بەلی ئەم بەرە بەیانەش ، بەیانی رۆژی هەینی بوو١٧ رەمەزان ی سالی دووهەمی کۆچی بوو .

الترانی فی الکبیر ( ١٢٠٨٣ ).

## هەشتەم :خۆسازدان و ریز بوونی سوپای ئیسلام لەبەرامبەر سوپای بت پەرستان وە دوربەرەکی و ناکۆکی لەنیوان سوپای قورەیش دا :

ئ

بەلی )کە لە بەرە بەیانی رۆژی (١٧) رەمەزانی سالی دووهەمی کۆچی دا ، ئەوە بوو کە رۆژ بوویەوە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) سەربازە کانی سوپای ئیسلامی ریز کرد لە مەیدانی جەنگ دا ، بەلی ریز لە دوای ریز ئامادەی کردن بۆ جیهاد کردن بەرانبەر بت پەرستانی سوپای قورەیش ، پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) سەربازەکانی ریز کرد بی ئەوەی بۆشایی و خوارو خیچی یان هەبیت لە سەربازەکانی خودا ، ئەمەش تا بەلای خوای گەورە وە خۆشەویست بن ، ئەوە تا (خوای گەورە ) لە قورئانە پیرزەکەی دا دەفەرمووی : ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ﴾ الصف ٤ .

بەلی سوپای قورەیش کە رۆژی لی بوویەوە ، خۆی پیچایەوە و باری کرد ، کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) چاوی لە سوپای مککە بوو لە پشتی تە پۆلکەکەوە بەرەو دۆلە کەئەهات، پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (أللهم هذه قريش قد أقبلت بخيلائها وفخرها تحادك وتكذب رسولك ألللهم فنصرك الذي وعدتني ، اللهم أحنهم الغداة ) واتە : خوایە ! ئەمە قورەیشە بەفیزو دەمارەوە هاتووە دژایەتی تۆ ئەکات و پیغەمبەرەکەت ئەخاتە درۆ وە ،دەی خوایە ! ئەو سەرکەوتنەم پیشکەش بکە کە بەلینت پی داوم ، خوایە ! سبەینی قورەیش لە ناویان بەرە .

بەلی هەردو سوپاکە بەرامبەر بە یەك وە ستان .. کاتیك کە پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ، لە ناو سوپاکەی قورەیش دا چاوی بە (عوتبەی کوری رەبیعە ) کەوت ،کە سواری ووشتریکی سووری خۆی بوو بوو ، فەرمووی : (إن يكن فی أحد من القوم خير فعند صاحب الجمل الاحمر ،ان يطيعوه يرشدوا ) واتە : ئەگەر لە ناو ئەو خەلکەدا کەسیك خیری تیا بی ، (عوتبەی کوری رەبیعە ) یە وە ئەگەر بەگوێی بکەن ریگای راست دەدۆزنەوە ..هەروەها لە شەوی پیش رۆژی بەدر پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) لە خەوی دا سوپای بت پەرستەکانی بە کەم بینیی لەرووی ژمارە و چەك تەفاقی سەربازیەوە ، هەتا نە ترسن و بجەنگ لە پیناوی خوادا ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەروویت : ﴿إِذْ يُرِيكَهُمُ اللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلًا وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَلَكِنَّ اللَّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ الانفال ٤٣ .

جا هەروەك (خوای گەورە ) سوپای بت پەرستانی هینایە پیش چاوی موسلمانەکان ،بەلی هەردوو سوپا لە یەك هاتنە پیشەوە و ، ئەو رووداوە میژوویی یە رووبدات و ، سەر کەوتن و سەربەرزیی پیشکەش بە موسلمانەکان بکری ، کە سالە های سالە بریاریان داوە بەندەی خوا بن و ، ستەمکاران بە ناڕەوا ئازاریان

ئ

ئەدەن و ، لە هەمان کات دا تیك شکان و زەلیلییش ببیتە بەشی ئەو بت پەرستە خوا نەناسانە کە بە فیزو دەمارەوە خۆیان راوەشاند و بە تەما بوون موسلمانان ببرنەوە و چرای ئیسلامیش بکوژیننەوە .. ئیتر یاسای خوای گەورەش وەهایە کە هەر کاریکی ویست ریکی بخات ، هۆیە کانی بۆ ئامادە ئەکات ،هەروەها قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە دەفەرموویت : ﴿وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ﴾ الانفال٤٤ .

بەلی کاتیك سوپای بت پەرستانی قورەیش بەرامبەر بە سوپای ئیسلام راوەستان و ، لە م کاتەدا دووبەرەکی لە ناو قورەیش دا روویدا ، وە قایل نەبوونی هەندیکیان بەم جەنگ و شەرە ،هەروەك ( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : ( قورەیشیە کان دابەزین بۆ شەر و خۆیان ئامادەکرد و ( عومەیری کوری وەهب ) یان نارد و پییان ووت : سەر ژمیریەکی هاوەلانی محمد مان بۆ بکە ؟ ( عومەیریش ) لە دوورە وە بە ئەسپە کەیەوە بەدەوری سوپای ئیسلام دا گەرا و پاشان گەرایەوە بۆ لایان و پیی ووتن : ژمارەیان ( ٣٠٠ ) پیاوە دەبیت یان کەمتر یان کەمیك زیاتر ، بەلام چاوەریم کەن تا تەماشا بکەم ( کەمین ) و هیزو تریان لە پشتەوە یە ، رۆیشت بە خیرایی ئەم سەر و ئەو سەری شیوەکەی گەرا و هیچی نەدی و گەرایەوە لایان و پیی ووتن : هیچم نە بینی ، بەلام ئەی کۆمەلی قورەیش بەلاکان ( واتە: ووشترەکان ) نارەحەتیە کانیان هەلگرتووە ئەوەش ووشترەکانی مەدینە یە کە مردنی یەك جاریان لەگەل خۆیاندا هەلگرتووە ، ئەوان کەسانیکن کە هیچ پەناو پاساریکیان نیە تەنها شمشیرەکانیان نەبیت ،سویند بەخوا من وائەزانم کەئیوە ناتوانن پیاویکیان لی بکوژن تا پیاویکتان لی ئەکوژن ، ئەگەر ئەوان بەوینەی ژمارەی خۆیان لە ئیوە کوشت چ خۆشیەك لە ژیاندا هەیە لەدوای ئەوە ، لەبەر ئەوە باش بیرلەم کارەتان بکەنەوە ...

کاتیك ( حەکیمی کوری حوزام ) گویی لەم قسانە بوو بە ناو سوپاکەدا رۆیشت ،تا خۆی گەیاندە ( عوتبەی کوری رەبیعە ) و پیی ووت : دەتویت گەورە و سەروەری قورەیش بیت هەتا لەژیاندا یت ؟! عوتبە ووتی : چ کاریك ئە نجام بدەم بۆ ئەوە ؟! ووتی : هەر دوولا ( واتە: هەر دوو سوپاکە ) لە یەك دوور بخەرەوە و خوینەکەی ئیبن الحە فرەمی ووشتر و کەل و پە لە کانیان ببرژیرە ، چونکە ئەوان تەنها لە تۆلەی ئەوەدا هاتوون دەجەنگین دژ بە محمد ...

( عوتبەی کوری رەبیعە ) ووتی : بەلی باش ئەوە ئەو کارەم جی بەجی کرد ، ووتەکەت زۆر باشە ، و تۆش بەناو خزمانتا بگەری و پییان رابگەیەنە کە ئەو شتانە لە پیی من و هەموویان دەبژیرم ، ( حکییم ) بە جیا بە ناو ناودارانی قورەیشدا گەراو هەوالەکەی پی راگەیاندن ، وە ( عوتبەی کوری رەبیعە )ش بەجیا سواری ووشترەکەی بوو بە ناو ریزەکانی قورەیشدا دەرۆیشت دەیووت : ئەی خەلکان گوی رایەلیم بکەن لەو

ێ
پیاوە گەڕین و وازی لی بینن ئیوە سویند بە خوا هیچ سودیکتان دەست ناکەویت لە جەنگ کردن و ڕوو بەڕوو بوونەوەتان لەگەڵ محمد و هاوەڵانی ، ئەگەر ئەو پیاوە درۆزن بوو ، ئەوا بەدەستی کەسانی دورگەی عەرەبدا جگە لە ئیوە دەکوژریت ، هەروەها ( عوتبە ) ووتی : چونکە لە ریزی هاوەڵانی محمد دا پیاوانیکی تیدایە کەخزمی نزیکی ئیوەن ، گەر ئەوان بە دەستی ئیوە بکوژرین ، ئەوا بەردەوام پیاو لە ناو ئیوەدا دەبیت تەماشای بکوژی براکەی و کورەکەی و برازاکەی و ئامۆزاکەی بکات ، ئەمەش رق و کینە و دوو بەرە کایەتی لە ناو ئویە دروست دەکات ، وە ئەگەر ئەو پیاوە واتە : پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بووە پاشا و ئیوەش لە سامانی براکاتاندا بەشدار دەبن ، وە ئەگەر پیغەمبەر بوو با دەستی ئیوە نەکوژری و هەتا هەتایە بەم کارە ناشرین نەبن ، وە ئیوە ناتوانن بگەنە ئەوان هەتا ئەوندەی ژمارەی خۆیانیانتان لی نەکوژێ ، وە من دلنیانیم لەوەی بگەرینەوە سەرتان و سەرکەون بەسەر تاندا بۆیە بگەرینەوە و دەرچن لە نیوان محمد و عەرەبدا ، ابو جهلیش حە سودی گرتی لەقسە جوانەکانی ( عوتبەی کوری رەبیعە ) .

اخرجه : ابن ابی شیبه ( ٣٦٦٦٧ ) ،تاریخ الاسلام ١٠٩/١ ، التبرانی فی التاریخ ٤٤٣/٢ .

( حەکیمی کوری حوزام ) دەلی : پاشان پیی ووتم : برۆ ئەوە بە ( ابو جهل ) راگەیە نە چونکە تەنها لەو ئەترسم ئاگری شەرەکە خۆش بکات ، ( حەکیم ) دەلی : چووم تا خۆم گەیاندە ( ابو جهل ) و بینم و قەلغانی سنگی لە تویشەبەرەکەی دەردەکاو پاکی ئەکاتەوە و ئامادەی دەکات و پیم ووت: ( ابو الحکم ) عوتبە منی ناردووە بۆ لای تۆ و ئەو ئەوەت پی رادەگەیەنیت ، وقسەکەیم بۆ گیراوە ، ئەویش ووتی : سویند بەخوا هە ئاسەی سوار بووە لە ترسدا کە محمد و هاوەلانی بنیوە نەخیر وەللا ناگەرییینەوە تا خوا یەك لای ئەکاتەوە لەنیوان ئیمە و محمد دا ، عوتبە راست ناکات لە قسانەیدا وا ئەزانی محمد و هاولانی ووشتر قووت دەدەن ،و کورەکەی خۆی لە ناویاندایە دە ترسی شتیکی بەسەر بیت ).

سیرابن هشام ٢١٢/٢ .

عوتبە بەسەر پشتی ووشترەکەیەوە بەسر سوپاکەدا دەگەراو ووتەکانی خۆی پی رادەگەیاندن و هەر لەدوورەوە دیار بوو : ( علی کوری ئەبی تالیب ) دەفەرموویت : ( کاتیك موشریکان نزیك کەوتنەوە و بەریز لە روویانداوەستاین بینیمان پیاویکیان بەسەر ووشتریکی سوورە بەسەریاندا دەگەرا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( یا علی ناد لی حمزە ) واتە: پی بلی واتە : حمزە ، کی خاوەنی ئەوە ووشترە سوورە و چیان پی دە لیت ؟ )ئەگەر ئەوان گورایەلی بکەن سەرفراز دەبن ؟

ئ
حمزەش هات و فەرمووی : ئەوە ( عوتبەی کوری رەبیعە ) یە ، دوایان لی دەکات نەجەنگین و شەر نەکەن ، وپییان دەلیت : ئەی کەسانم ، ئەوان کەسانیکی خۆراگرن بەسەلامەتی وبی زیان ئیوە ناگەنە ئەوان ، ئەی خەلکان ئابروو چوونەکەی بکەنە ئەستۆی من و بلین : ( عوتبەی کوری رەبیعە ) ترسنۆك بووە ، و خۆتان باش دەزانن کەمن لە هەمووتان ترسنۆك ترنیم ئەی خەلکان گویرایەلیم بن و مەجەنگین لەگەل ئەوان ، ئەگەر بەشەربیین و ئەم جەنگە ئە نجام بدەن بەردەوام رق و تۆلەی ئەم رۆژە لەدلتاندا دەمینیتەوە ، تا هەموو پیاویك تەماشای بکوژی براکەی و باوکی دە کات ئەم ئابروو چوونەی گەرانەوە بدەنە پەنای من و بگەرینەوە ). **اخرجه : البزار ( ١٧٦٢ ) .**

( ابو جهل ) گویی لە ووتانەی ( عوتبەی کوری رەبیعە ) بوو لی ە نیك بووەوە وپیی ووت : تۆ ئەوە دەلیت ئەگەر هەر کەسیکی تر جگە لە تۆ ئەوەی دەووت دەمزانی چی پی دەلیم تۆ تەواو تۆقاویت لەوان . ( عوتبە )ش پی ووت : ئەوە لەگەل منتە ئەی ئەو کەسەی هیشتا زەردی بە خوارتوە هەیە ، ئەمرۆ دەانیت کاممان ترسنۆکین وازیان بەخشین بەکەسەکا نمان ،بەلام ئەمرۆ دەتان بینم چۆنتان لی دەدەن نابینن سەریان وەك مار وایە ، و رۆخساریان وەك شمشیر تیژە ) **اخرجه : البیهقی فی الدلائل ٣/٢٧٦ .**

( حەکیمی کوری حوزام ) دەلیت ( لە پاش ئەم مشت و مرە ( ابو جهل ) ناردی بۆلای ( عامری کوری ئەلحەزرمی ) واتە : برای کوژراوەکە کە ناوی : عامری کوری ئەلحەزرمی بوو وپیی ووت : وا نزیکە تۆلەی براکەت بەچاوی خۆت ببینیت ئەوەتا هاوپەیمانەکەت دوویت خەلکان نەجەنگین و بیان گەرینیتەوە ، هەستە داوای پەیمان و تۆلە ی براکەت بکە عامریش هەستاو خۆی نیشان دان وهاواری کرد : کوا تۆلەی عەمر ، کوا تۆلەی عەمر ، بەبیستنی ئەم هاوارە هەموو تەنگەتاو بوون کۆ بوون لەسەر تۆلە و جەنگە بلیسەی سەند و هەموویانی تیك داو بۆ چوونەکەی ( عوتبەی کوری رەبیعە ) پووچ کردەوە ، پاشان ( عوتبە )ش سوور بوو لەسەر ئەم شەرە و بەدوی تاسکلاویکدا گەرا تا بیکاتە سەری و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەم جەنگە و دە ستی نەکەوت و جەمەدانەیەکی بەست بەسەریەوە ).**سیره ابن هشام ٢/٢١٤ ،البدایه والنهایه ابن کثیر ٣/٣٢٩- ٣٣٠ .**

## نۆیەم : هەولدانی ( ابو جهل ) بۆ بەرز بوونەوەی وورەی قورەیش خۆبە گەورە زانین :

ئەوە بوو ( عوتبەی کوری رەبیعە ) هەولی زۆری دا لە گەل سوپای قورەیش و ( ابوجهل ) ، وە جەندین ووتە ی ووت : دەربارەی ئەم جەنگە ناهەموارەی قورەیش ، کە هیچ سودیکیان پی ناگەیەنەی تەنها لە زەرەو زیان نەبیت ، بەلام ( ابو جهل )ی ستەم کارو نەفام و خۆ بە گەورە زان ، ئەوە بوو ئەو قسانەی ( عوتبەی ) پی

ی

گەیشتنەوە زۆری پی ناخۆش بوو ، (ابو جهل ) بۆ ئەوەی کارەکەی سەر بگری و جەنگ کە هەل بگیرسینی ، فەرمانی دا ( عامیری کوری حضرمي ) برای ( عمری کوری حضرمي ) کە پیش تر لە سەریە کەی ( عبدالله ی کوری جحش ) دا کوژرا بوو ، بانگی بکەن بۆی ، کە هات پی ووت : ئەمە هاو پەیمانیە کەتە واتە : ( عوتبەی کوری رەبیعە ) ئەیەوی خەلکە کە بگەرینیتەوە و شەر و جەنگ لە گەل محمد دا دروست نەبی وا هانی خەلکی ئەدات ، ( ابو جهل ) ووتی : ( عامیر ) ئەمرۆ بە چاوی خۆت تۆلەی خۆت ئەبینی و ، تۆلەی برای خۆت دە کەیتەوە ، ( ابو جهل ) ووتی : ( عامیر ) دە هەستە دادی خۆت و کوژرانی براکەت بکە ، بەلی ( عامیر )یش هەستاو لە ناو خەلکەکە دا کۆمی خۆی رووت کرد و ، هاواری کرد ووتی : ( وا عمراه ، واعمراه ) بەمە دلی خەلکەکەی جۆشاند و ، خەلکە کەش لەبەر ئەم کارەی ( عامیر ) هەموو بریاری جەنگ و کوشتاریان دا ، هەروەك ( عوتبەی کوری رەبیعە ) بەلینی بە ( عامیر ) دا بوو ، خوینی براکەی و سامانە فەوتاوە کەشی بخاتە ئەستۆی خۆی ، بەلام ( عامیر ) بە قسە ی ( ابو جهل ) ی کرد و نەچووە ژیر فەرمانی ( عوتبەی کوری رەبیعە ) چووە ژیر جلەوەی ( ابو جهل ) ، بەلی بەمە ( ابو جهل ) ئەو نخشەی پر ئاژاوە و شەرەنگیزەکەی فەرز کرد بەسەر سوپای قورەیش دا ، بەمە جەنگ بووە کاریکی حەتمی کە سوپای قورەیش تەنها بەوە رازیی ئە بوو بیت کە دەبیت جەنگ بکریت ، بەلی ( ابو جهل ) رقیکی یەکجار زۆری لە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هە بوو ، ئەو کاتەش کەویستیان بی کوژن ئەو نەخشەی پیلانەکە ی داریژرا بوو ، کە لەدەستیان دەرچوو خەریك بوو لە دا خانا بتەقی ، جا کە ئیستا سوپای مککە ی زۆر پرچەك ئەبینی و ، سوپای موسلمانیش کەم و تفاق ، ئەمەش بە هەل ئەزانی و نەی ویست ئەمیشی لە دەست دەربچی ، تا ئەوە بوو بە سەرنجامی رەشی خۆی گەیشت .

هەروەها میژوو نووسان ئەگیرنەوە کە ( ئەخنەسی کوری ئەشەریق ) کە ئەوە بوو لە ( بوراغ ) بە خۆی و ( ٣٠٠ ) چەکداری نەوەی زوهرەوە گەرایەوە – لە ( بوراغ ) لە ( ابو جهل ) ئە پرسی و ئەلی :

ابا الحکم ! ئایا تۆ محمد بە درۆزن ئەزانی ؟!

ابو جهل ووتی : ئەو چۆن بەناوی خواوە درۆ ئەکات !! لە کاتیك دا ئیمە ناوی ( الامین ) مان لی نابوو ، لەبەر ئەوەی هەر گیز درۆیەکی نە کرد بوو ؟ بەلام ئەوەندە هەیە کە ئەگەر ( سقایە ) و ( رفادە ) و ( حجاب ) و ( شوری ) هەر هەموویان لە دەستی نەوەی عبدالمناف بن و ، پاشان پیغەمبەرایەتیش لە ناو ئەوان دا بیت !! دەی ئیتر چیی بۆ ئیمە ماوە تەوە ؟!

ئ

بەلی لەم کاتەدا ( ابو جهل ) هەولی بەرزکردنەوەی ورەی سوپاکەی دا ، تا خۆ راگر تربن لە جەنگ دا ، ئەوەش لەریگەی پارانەوەی ( ابو جهل ) وە تی گەیاندنی قورەیش کە ئەوان خاوەنی حەق و راستیین وە هەر ئەوان سەرکەو تووە دە بن .

( عبدالله کوری سەعلەبە ) دە گیریتەوە و دەفەرموویت : ( کاتیك موسلمانەکان و بت پەرستەکان لە یەك نزیك بوونەوە رووبەرووی یەکتر بوونەوە ، ( ابو جهل کوری هیشام ) دەست پیشخەری کرد بۆ دوعا کردن و پارانەوە و ووتی : خوایە کام مان پەیوەندی خزمایەتی پچراندووە ، وە شتیکی هیناوە کە ناینناسین ئەمرۆ لاری بکەیتەوە ژیری بخەیت ، ( ابو جهل ) ووتی : خوای چاکترین ئەم دوو دینە و خۆشەویسترینیان لای تۆ ئەمرۆ سەر بخەیت ) .اخرجه : البیهقی فی الدلائل ۳/۱۱۵ .

هەروەها لە ریوایەتیکی تردا ( ابو جهل دەلی : خوایە ئاینە کۆنەکەی ئیمە یان ئاینە نویەکەی محمد کامیانت لا پەسەند ترە سەری بخەیت )اخرجه : التبرانی فی التفسیر ( ۱۲۳۱۱۳ ) .

بەلی ئەوە بوو هەر لەم رۆژەدا هەر لە م جەنگەدا ( ابو جهل ) ی داخ لەدل و نەفام و جهل خۆ بەزل و لوت بەرزو هاش و هووش کوژار چووە ریگەی ئەوانەی بەقسەی شەیتانەکانیان دەکەن ، کە دۆزەخ لە خزمەت ئەوانە دایە کە دژایەتی ئاینی ئیسلام دەکەن ، بەلی بی گومان خۆ لە سەردەمی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوانەی ستەمیان دە کرد لە دینی خوا و لە خەلکی موسلمان کەم بوون ، بەدەست دەژمیران بەلام ئیستا ئەوەندە زۆرن هەر بە حیساب نایەت ، بگرە لە جەندین وەلات دا حوکمەتی چە تەگەری دژایە تی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دە کەن ، لە ژیر ناوی ریخراوی خیر خوازی و مافی مرۆڤ و کۆمەلگای مەدەنی و دیمکراسی و عەلمانیە ت و سیتەمی حوکمرانی و دادوەری و یاساکانیا کە یاسای دەست کردی خۆیان لە ژدی ئاینی ئیسلام دا بەکاری ئەهینن ...

بە لی ( ابو جهل ) ئیستا زۆرن لە ژمارە نایەن دژی موسلمانان نە موشریکانی خۆرئاوا بەلکو لە وەلاتەموسلمانەکان دا هەر هەموویان حکم دە کەن لەسەر بەنامەو ریگای ( ابو جهل ) دا دەرۆن بگرە لەم وەلاتی سعودیای ئیستا دا بن سلمان وا حوکمی زۆر داری دەکات ئەوەی بانگەوازی دینی خوا دە کات لە زیندان دایە ژیر دەستەیە ئەوەی بانگەوازی بۆ رۆژ ئاوادەکات ئەوا لەدەست هەلات دایە ، سعودیا وا بیت لەژیر فەرمان رەوای بن سلمان دە بیت وەلاتەکانی تر چۆن بن ، وەلاتەکانی خۆر ئاوا دین بەد رەوشتی بلاو

ێ
دەکەنەوە لە وەلاتـانی خەریج کە شوێنی سەل هەلدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ، بەلام ئیستا بۆتە شوێنی بازرگانی کردنی مرۆڤ لەش فرۆشی ئەم وەلاتـانەی خەریج عەربی ئیمە با لۆمەی وەلاتی خۆمان نەکەی کە چۆنە ؟! چونکە ئیمە ژێر دەستەی دوو وەلاتی زل هێزی جیهانین کە لە پیش دا دوو ئیمپراتۆری جیهانی ئیسلامی بوون ، ئیستا وا ئەوانیش بۆ نەتە مۆلگەی بەت رەوشتی بەناوی جیهان گەری نوی کاری گەشت و گوزار و ، بەلی هەر وەلاتیك لافی گەشت و گوزا سیاحە لیدا و بازرگانی پیوە بکات ، چونکە گشت کردن نیە بەلکو بەد رەشتی نا مرۆڤانەیە بەناوی هۆتیلی پینج ئەستیرە و شیونە خرا پە کانیان ، بۆیە وامان بەسەر دادیت جاریك هەزمەی ئابووری کە بانکە کا نمان هیچی تیدا نامینی و خەلك بەرەو برسیەتی هەژاری نەداری دەر وات جاریك زەوی لرزی جاریك لافاو جاریك شەرو نەمانی ئاسایشی کۆمەلاتی و بۆ سیستەمی رۆژئاوا پەیرەو دە کەن لە ریگای ریبا سوو خوادنەوە لە خەلك و بانکە کانیاندا یان بی رەشتی و لەش فرۆشی لە و شارانەی کە دروستیان کردووە ، یان دزی کردن لە خەلك و راوە رووتی پارە لە خەلکی هەژارو نەدار ، بۆ یە ئەمانە پارە بۆ تە دین وئیمانیان لە پیاناوی پارە کۆکردنەوە هەموو کاریکی بەد رەوشتی و بی اخلاقی و ئازاردانی خە لك و دزی کردن لە خەلك بە ناوی باج کۆکردنەوە ،ئەمانە ریگای (ابو جهل ) یان گرتووە ، دەلین ئیمە موسلمانین بەلام درۆ دە کەن هەرگیز موسلمانی راستە قینە نین چونکە قەد هەر گیزاو هەرگیز موسلمان کاری وا ناکات ، زلم ستە زۆر لە دەمیکە هەیە بەلام زلم و ستەمی ئەوانە چۆتە ئە پەری قیمە و دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکان ، دەستیان لە قورگی خەلك ناوە نەوەك پارەوەك نان قووت دەن ، کارە ساتیك بەسەر ئۆمەتی ئیسلام هاتووە لە م زەمانە زولم ئەوەند زۆر بووە هەر ناژمێردریت ، هیچ کات راست ناکەن لە گەل خەلکە کەیاندا ،چونکە وە دوو روو و موناڤیق وان هەر گیزاو هەر گیزا تۆبە ناکەن ، تاکو سەریان لە گۆر نەنین ، ئەوە بوو کە (ابو جهل ) کردی بەرامبەر بە پیغەمبەرو موسلمانان لە دوای دا سەری دا لەبەرد و وەك سەگ تۆپی سەری نا لە گۆر شکستی هەتاهەتایی خوارد ، بە دۆزەخ شاد بوو ، بەلام عاقیبەتی ستەم کار هەر ئەوەیە دەر ئە نجامەکەی دەبیتە سووتەمەنی دۆزەخ بەسزای خۆی دەگات ...

ئامۆژگاریم بۆ ئەوانەی وەك (ابو جهل ) رفتار دەکەن با تۆبە بکەن بگەرینەوە تا کو خوای گەورە هیدایەتان دەدا بۆ ریگای راستی ئیسلام و خوا پەرستی بەحەق ، چونکە هەرگیز زولم و ستە کردن و دزی کردن لە خەلك ئەمە کاری راست نیە دەرئە نجامی دۆزەخی هەتاهەتایی ..!!

ئەو کات سزای خۆتان وەر دەگرن ، جی لەدەستان دیت بی کەن ،بەلام لە قیامەت و حیساب وکتاب وەلامی خۆتان وەردەگرن ،بەشتان ناو ئاگر دەبیت ،لە دەست خوای گەورە دەر ناچن هەی ستەمکاران ...

ی
بەلی ئەوە بوو ( ابو جهل ) کوژرا لە غەزای بەدر لە مانگی رەمەزان دا لە سالی دووهەمی کۆچی دا بوو ،
بەلی ( ابوجهل ) دوعای بۆ خۆیان ئەکرد و ، بەلام ( خوای گەورە ) ئەم یایەتەی دابەزاند کە دەفەرموویت :
﴿إِنْ تَسْتَفْتِحُوا فَقَدْ جَاءَكُمُ الْفَتْحُ وَإِنْ تَنْتَهُوا فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَإِنْ تَعُودُوا نَعُدْ وَلَنْ تُغْنِيَ عَنْكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئًا وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الانفال ١٩. واتە: ( خوای گەورە ) دوعا پارانەوە کەی ( ابو جهل ) ی قبول کرد و دینی راستر و چاکترین و خۆشەویسترین ئەمەیە کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و ئیمان داران لەسەری بوون ، هەر ئەم ئاینە شی سەرخست و شکۆمەند بوون ) .البيهقى فى الدلائل ٣/٧٤ .

## دەیەهەم : دەست پی کردنی جەنگی بەدر :

بەلی بەر لەوەی جەنگ دەست پی بکات ، پیاویك بەنای ( الاسود ی کوری الاسدی المخزومي ) لەناو ریزەکانی سوپای بت پەرستان هاتەدەرەوە و ووتی : پەیمانم بە خوا ئەدەم کە لە حەوزەکەیان دا ئاو بخۆمەوە یان بی رووخینم و تیکی بدەم ،بەلی پیاوە کە بەروە حەزەکە هاتە پیشەوە و ، خیرا ( حمزەی کوری عبدالمطلب ) خۆ گەیاندە لای و بەیك شمشیر نیوە ی قاچی قرتاند و کەوتە سەر زەویی و ، بۆ ئەوەی سویندە کەی بەسەر بەریت بەسکە خشکە بەرەو حەوزەکە رۆی هەتا گەیشتە لای و ، ( حمزە ) ش بە

ێ
شمشیری دووهەمی بەیەکجاری لیداو کوشتی ، هەر کە خۆینی ئەو پیاوەیان بینی هەر هەموویان بە جاری چاویان پەری یە تەوقی سەریان و خۆیان ئامادەی جەنگ کرد ..

هەر کە دوای کوژانی ( الاسودی کوری الاسدی المخزومی ) بە دەستی شیری خوا ( حمزە ) - خوای لی رازی بیت- پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە نیوان هاوەلەکانی دا وەستا و ئازایەتی و جوامیری ئەخستە بە یان و دلی گەرم ئەکردن کە ئارام گرتن لە هەلویستی سەخت دا مایەی رەواندنەوەی خەم و خەفەرتە بەلی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەی فەرموو : ( ان الصبر في مواطن البأس مما يفرج الله به الهم ، وينجي به من الغم ) بەلی دوای کوژرانی ( الاسود کوری الاسدی المخزومی ) کە بە دۆزەخ گەیشت و جەنگ بەرپابوو ، بەلام هەردوو سوپاکە هیرشیان دەست پی نەکرد ، بەلکو لە سەرتا دا جەنگە کە بە زۆران بازی دەستی پی کرد ، ئەوە بوو لە ریزەکانی سوپای بت پەرستان هەر یەك لە م سی یانە هاتنەدەرەوە ئەمانە بوون ( عوتبەی کوری رەبیعە ) ، ( شیبەی کوری رەبیعە ) کە برای بوو ،( ولیدی کوری عوتبە کوری رەبیعە ) کە ( ولید کوری عوتبە ) بوو ،لە ناو سوپای قورەیش دا هاتنەدەرەوە ، لە گۆرەپانی جەنگ دا لە نیوان سوپای قورەیش داو سوپای ئیسلام دا وەستان و ، بەدەنگی بەرز وە وەك ئاژەل هاوریان کرد و با لە سوپای محمد یان سوپای ئیسلام دا جەند پیاویك دەربچن بۆ زۆران بازی و شەرە شمشیر بکەن ..

بەلی لەم کاتەدا کە هاوارە کەی ئەمەیان بیست و خیرا سی پیاو لە ئەنصارەکان هاتنە دەرەوە بۆ زۆران بازی و شەرە شمشیر لە گەل ئەو سی پیاوە بت پەرستانە ، بەلی سی پیاوە قورەیشە کە روویان کردە سی گە نجە ئەنصاریە کە و لی یان پرسین : ئیوە کین ؟! ووتیان : کۆمەلیکی ئەنصارین . ووتیان : هاوشان و بەریزن ، بەلام با لە ئامۆزا هاوشانەکانی خۆمان بۆ مان بینە مەیدانی زۆران بازی شەرە شمشیر ...

بەلی هەندیك لە سیرە نووسە کان دە گیرنەوە کەوا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پی خۆش نەبوو کەوا ئەو سی گە نجە ئەنصاریە لە ریزەکانی سوپایی ئیسلام دا دەر بچن بۆ مەیدانی زۆرانبازی و شەرە شمشیر کردن ، بەلکو پی خۆش بوو خزم و کەسە نزیکە کانی خۆی بن ، تا ئەگەر نا خۆشەیەك بیتە ریگە یانەوە بۆ خزمەکانی بیت نە ك ئەنصارە کان ، بەلی ئەم سی پیاوە لە ئەنصارەکان ئەمانە بوون :

هەردوو کورانی حاریس بوون ( عەوف ) و ( موعەووەزی ) و ( عبدالله کوری رەواحە ) بوون ..

جا کە قورەیشە بت پەرستە کان رازی نەبوون ئەنصارە کان بین بۆ مەیدان ، پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی دا بگەرینەوە جی خۆیان و فەرمووی : ( قم يا عبيدة بن الحارث ، قم يا حمزة ،

ئ

وقم يا علي ) فەرمانی دا سی خزمی نزیکی خۆی بچن بۆ مەیدانی زۆران بازی و شەرە شمشیر ، چونکە (عوتبە ی کوری رەبیعە ) ی کوری عبد الشمس بوو ، کە ئەویش برای هاشمی باپیرە گەورەی پیغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم ) بوو ، فەرمانی دا (حمزە)ی مامی ، (علی ) ئامۆزای کە هەردووکیان کورانی هاشمی بوون ، وە لە گەل (عبید کوری مطلیب ) بچنە مەیدانی جەنگ کردن لە گۆرەپانی زۆران بازی دا ، کە (مطلیب ) براي هاشم و عبدالشمس بووە ، وە لە بیر مان نەچیت قورەیش نەوەی هاشم و نەوەی مطلیب بە یەك چاو سەیر دە کرد ، ئەوە بوو لە پیشدا باسمان کرد لە گەمارۆ ئابووریە کە شیوەی مککە دا هەردووکیان دەرکان شیوی (ابو تالیب ) کافرو موسلمانەکان لە هەموو مافیك بی بەش کرا بوون .

بەلی زۆری پی نەچوو (حمزە ) ، (علی ) نیچرە کانی خۆیان کەور کردو کوشتیان بە دۆزە خیان گەیاندن بەلام (عبیدەی کوری مطلیب ) و (عوتبە کوری رەبیعە ) هەر یە کەو شمشیریکی کاریگەریان لیك داو بریندار بوون ، خیرا (حمزە) و (علی ) هەلیان کوتایە سەر یان و (عوتبەی کوری رەبیعە ) یان کوشت و (عبیدەی کوری مطلیب ) یان هەلگرت و بە برینداری هینایانەوە خزمەت پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) ئەویش پی موبارەکی بۆ کردە سەرین دلی زۆر حەسایەوە . پاشان عبیدەی کوری مطلیب ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) بە خوا بە ئاواتەوە بووم کە ئیستا ابو طالیب زیندوو بوایە تا بی زانیایە من شایەن ترم .بەلی (عبیدەی کوری مطلیب ) قاچیکی قرتا بوو ،و موخی دەر کەوتبوو ، هەر وا بی دەنگ مایەوە تا کو چوار یان پینج رۆژ دوای جەنگی بەدر ،ئەوە بوو لە کاتی گەرانەوەیاندا لە دۆلی (الصفراء ) کۆچی دوای کرد و ، پیغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم ) شاهیدی بو دا کە شەهیدە فەرمووی : (أشهد انك شهید ) هەروەها ئیمامی (علی ) سویندی بە خوا ئەخوارد کە ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان لەسەر ئەمان هاتووتە خوارەوە کە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ﴾ الحج ١٩ .

هەروەها ماموستا (محمد احمد باشمیل ) لە کتیبی (غزوە الکبری ) دا وەهای دەر بریوە کە (عوتبە ی کوری رەبیعە ) خۆی بە زامەکەی دە مریت چونکە برینەکەی زۆر قول بووە ، (علی ) و (حمزە ) (عبیدەی کوری مطلیب ) دەگرینەوە دوا وە و ، واتا ماموستا مەبەستی ئەوە یە کە ئەوان نەیان کوشتتوە واتە :

(علی ، حمزە ) . اخرجە : البخاری (٣٩٦١ ) ، سره ابن هشام (٤٩٨ ) ، البدایە والنهایە ابن کثیر ٢/٣ .

لە سەرتای جەنگی بەدر باسمان کرد کە وا پیغەمبەری خوا سوپای ئیسلامی بەریز لە دوای ریز وەستانبوو، وە تیر هاویژە کانی لە پیشەوەی ریزی سوپاکە جیگیر کرد بوو ، هاتە لایان ئامۆژگاری و رینمووی کردن پی فەرموون : ( اذ کثبو فارموهم بالنبل واستبقوا نبلکم ) واتە : ئەگەر ئەوان لیتان هاتنە

ی

پیش ئیوەش تیر بارانیان بکەن و ، وە ئاگاتان لە تیرە کانتان بیت  بەفیڕۆی مەدەن وە فەرمووی (ولاتسلوا السیوف حتی یغشوکم ) واتە: ئیوە شمشیر یان لی دەر مەکەن تا ئەدەن بەسەر تاندا تیکرژان دروست دەبیت . اخرجه: البخاری ( ٣٩٨٤ ) .

هەروەها  پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئاگاداری کردنەوە کەوا هیچ کەسیکیان هیچ جۆرە کاریك ئە نجام نەدات تا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم )  فەرمانی پی دەکات .

( ئەنسی کوری مالیك ) دەفەرموویت : ( موشریکە کان کەوتنە جولەو روو بە ئیمە وپیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( لا یقدمن أحد منکم علی شیء حتی اکون أنا دونه ) واتە: هەر کەسیك لە ئیوە هیچ کاریك ئە نجام نەداو لی ی نەچیتە  پیش تامنی لی ئاگادار نە کاتە وە ) .اخرجه : احمد ( ١٢٣٩٨ ).

هەروەها ( ابن اسحاق ) دەفەرموویت : ( پاشان هەر دوو لا لەیەك هاتنە  پیش و نزیك بوونەوە لەیە کتر ، و پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هاوەلانی ئاگادار کردەوە کە  پەلاماریان نەدەن تا ئەو فەرمانیان پی دە کات )  سیره ابن هشام ( ٥٠٠ ) .

لە ناو هەر دوو سوپاکە دا  پال پالین دروست بوو و ، لە یەکتر نزیك بوونەوە ، کافرە کانی قورەیش بە کۆمەل بەرەو سەربازگەی موسلمانەکان ئە هات ، موسلمانە کانیش لە شوینی خۆ یان دا وەستا بوون و بە ئیمانیکی بەرزەوە دامەزراوو بوون ،چونکە جاوەری فەرمانەکانی پغەمبەری خوا یان دە کرد ( صلی الله علیه و سلم )  تا کو فەرمانیا پی بدات و هەلمەت بەرن ، بەلام بە هاوەلە کانی ووتبوو ئە گەر زۆر یان بۆ هینان بە تیر  تیر بارانیان بکەن ،  تا وە کو نەیەنە سەریان شمشیر دەرنەهینن کە دەی فەرموو : ( لا تحملوا حتی امرکم ، وإن اکتنفکم القوم فانضحوهم بالنبل ، ولا تسلوا السیف حتی یغشوکم ) ...

بەلی ئەمە ئەوپەری ئاگاداریی و شارەزایی بوو لە هونەری جەنگ و کوشتار دا ،چونکە سیاسە تیکی یەکجار حە کیمانە بوو ، چونکە موسلمانەکان تەنها دوو ئەسپ سواریان پی بوو ، وە هیرش بردنی بە ولاغ نەدە کرا ، هەروەها سوپای بت پەرستان یە کجار زۆر بوون ، بۆ یە وا  پیویست بوو موسلمانە کان بەرگری بکەن نەك هیرش بەرن ..!!ئەوە بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە گەل ( ابو بکر صدیق ) چووە ناو کە پرە کەی ( سعدی کوری موعاز ) بە خۆ بە شمشیرە کە ی پاسە وانی دە کرد و ، هەروەها پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوعای کردو پارایەوە لە ( خوای گەورە ) فەرمووی : ( أللهم أ نجز لي ما وعدتني ، أللهم إن تهلك هذه العصابة من أهل الإسلام فلا تعبد بعد في الإرض أبدا ) واتە :  خوایە ! ئەو بەلینەی کە  پیمت داوە بۆم بەجی بهینە ، ئەوا هەر گیز لە سەر زەوی دا تۆ  ناپەرستریت ، وە ك بەفەرمووی :

ێ
هەرچی هەل بژاردەی سەر زەویی هەیە هەتا ئاخر زمان ، هەر هەمووی برییتی یە لە و هاوەلانەی کە پانزە سالە پەروەردەیان ئەکەیت و بە دەستی کافرە بی ویژدانەکان سزا ئە درین ، ئە گەر ئەمانە تیا بچن تا ئاخرزەمان کۆمەلیکی تری وەها ئیمان دامەزراو بەر پا نابیتەوە هەتا شەریعەتی خوا سەر بخەن و ، لە پیناوی خوا دا پاریزگاریی لە دینی خوا بکەن ..

بەلی کە لە کە پرە کەی دا پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) سەر خەویکی کرد و پاشان بە ئاگا هات و فەرمووی ( أبشر یا أبا بکر ! فقد أتاك نصر اللە ، هذا جبریل أخذ بعنان فرسە یقودە علی ثنایاە النقع )

واتە : مژدەی بە ابو بکر صدیق دا کە سەر کەوتنی خوا پیشکەش بە موسلمانەکان کراو ، چاویشی لە جبریلە کە جلەوی ئەسپە کەی گرتووە و هەموو گیانی بە عەرەقە خووسا وە .

هەروەها ( خوای گەورە ) یاسای پیشان ئیمانداران ئەدات و ، ئەو یاسایە ی کە بریتی بی لە کۆمەکیی کردنی ئیمان داران ، ئە گەر چی بە ناردنی مەلائیکەتیش بی ، ئەوە تا ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ﴾ الانفال ٩ .پاشان کە لە کە پرە کەی هاتەدەرەوە و پیغەمبەری خوا دەستی کرد بە ئامۆژگاری موسلمانانی کرد تا کە جەنگ و کوشتار روویدا لە ریزە کانیان دا دامەزراو بن ،وە بە لینی ژیانیکی هەتا هەتایی بە موسلمانان دا کە ئە گەر پلەی شهیدیان پی بەخشرا ئەو لە بەهەشت دا دە بن بۆ هەتا هەتایی تا ابد ئەمینینەوە ...

پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەی فەرموو : ( والذي نفس محمد بیدە لا یقاتلهم الیوم رجل ، فیقتل صابرا محتسبا ، مقبلا غیر مدبر ، الا أدخلە اللە الجنە ، ومن قتل قتیلا فلە سلبە ) . ئەی فەرموو: سویند بە خوا کەگیانی محمد ی بە دەستە هەر کەسی ئەمرۆ کوشتاری ئەم کافرانە بکا، بە تەمای پاداشتی خوا بی و ،بەرەو پیش چووبی ، پشتی هەل نە کردبی ، ئەوا ئە خاتە بە هەشتەوە و ، هەر کەسیش کەسیکی کوشت ئەو کەل و پەلەی کە لی بەجی ئەمینی بۆ ئەو ئەبیت .

هەروەها ئەی فەرموو: ( قوموا إلی جنة عرضها السموات والأرض ) واتە : ئەی فەرموو : هەستن خۆتان بگەیە ننە ئە و بەهەشتەی کە پانایی یەکەی ئەوەندەی ئاسمانەکان و زەویی ئەبیت .

ئ
له ( ئەنسی کوری مالیك ) دەفەرموویت :( موشریکه کان نزیك بوونەوە و پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( قوموا إلى جنة عرضها السموات والأرض ) ( عومەیری کوری ئەلحەمامی ) ئەنصاری ووتی : ئەی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )بە هەشتیکه پانتاییه کەی زەوی و ئاسمانه کانه ؟!

پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی ( بەلی ) ئەویش ووتی : بەخ بەخ !!! ، پیغەمبەریی ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : چی وات لی دە کات بلییت بە خ بەخ !! ئەویش ووتی : نا سویند بە خوا ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئە مەم ووت بە هیوای ئەوەی کەمن یەکیك بم لە خاوەنەکانی ! پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( فانك من أهلها ) واتە : تۆ یە کیکی لە خاوەنەکانی ئەوە بەهەشتە ، عومەیریش کە میك خورمای پی بوو دەری کرد و کەوتە خواردنی ووتی : بەراستی ژیانیکی دوور و دریژە من بوەستم تا ئەم خورمایانە دە خۆم ، ئینجا ئەوەی پیی مابوو فری دا و کەوتە شەرەوە لە گەل موشریکەکان تا پلەی شەهیدی وەرگرت ) . اخرجه : احمد ١٣٦/٣ ، البيهقى فى الكبير ٤٣/٩ .

له پیشدا باسمان کرد که ( خوای گەورە ) بۆ کۆمەکی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و موسلمانان ملا ئیکه تی بۆ دابەزاند و یارمە تی موسلمانانی دا لە غەزای بەدر دا ، ئەوە بو پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی ( ابو بکر ) مژدە بیت ئەوا سەرکەوتنی خوایە وا بەریوەیە ، ئەوە جبریلە جلەوی ئەسپە کەی گرتووە وا سەر شانی تۆزی بەسەرەوەیە . وە پاشان پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە کۆخە کە ی هاتە دەرەوە و بە چەك و قەلغانەکە یەوە ، بە پلە هەنگاوی ناو فەرمووی : ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ﴾ القمر٤٥ . واتە : خوا یاوەر بیت ئەو تاقمە رادەکەن ، پاشان مشتی خۆلی هەلگرت و رووەو سوپاکەی بت پەرستان فری دا ، هیچ بت پەرستیك نەما هەندیك لەوە تۆزەوە نەچیتە ناو چاویدا ، وە لەوبارەوە ئە م ئایەتە هاتە خوارەوە کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى﴾ الانفال ١٧ . واتا : تۆ فریت نەدا ، ئەوە خودا بوو فریی دا

هەروەها ( عەوفی کوری حاریثە ) کە دایکی ناوی عەفراء بوو ، برایە کی هە بوو بە ناوی ( معوذی کوری حاریثە ) کە لە گەل ( عبداللە ی کوری رواحە ) ئەم سی گە نجە ئەصاری بوون ،چوونە مەیدانی شەرە شمشیر و زۆرانا بازی لە مەیدانی جەنگ دا ، ئەوە بوو ، قورەیش دوای خزمانی خۆیان کرد ئەوانیش گەرانەوەی لە جیاتی ئەواندا ، ( حمزە ) و ( علی ) و ( عبیدە ) چوون بۆ مەیدانی شەرە شمشیر و زۆران بازی ، هەروەها ( عەوفی کوری حاریثە ) ئەو گە نجە ئەنصاریە بوو ، کە پرسیاری لە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کرد لی پرسی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چ ؟ کاریك کە بەندە ئە نجامی بدا پەروەردگاری دینیتە پیکەنین پیی ؟! پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) پی فەرموو : ( غمسه يده فى العدو حاسرا ) واتە : بە رووتی – بەبی قەلغان و زرییۆش – بچیتە مەدیانی دوژمنەوە و

ئ
شمشیر بخاتە گەردنیانەوە . خێرا ( عەوفی کوڕی حاریثە ) دە ستی دایە ئەو درعە و یان ئەو زری پۆشەی لە بەردا بوو ، لە بەر خۆی دای کەند و ، بەبێ درع چووە مەیدانی جەنگ ،دەستی بە کوشتار کردنی کافران کرد ، هە تا وەکو دەستی لە شەهید بوون گیر بوو ، چووە کاروانی شەهیدانی ڕێگای خواو پیغەمبەرەکەی .

بەڵی لەم دوو نموونەی سەرەوە دا بۆ مان دەر دە کە وێت کە هاوەڵانی جەنگی بەدر هەر چەندە لە رووی ژمارە وە یەکجار کەم بوون ، بەڵام هاوەڵانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە خۆیان تینووی شەهیدی و ڕەزامەندیی خوا بوون ،هەروەها هاوالانی تریش لە غەزاکانی تردا کە ئە گەرانەوە دەستیان دە خستە سەر ئەژنۆیان لە بەر ئەوەی بە پلەی شەهیدی نە دە گەیشتن ،بەڵی ئیسلام ئەوانەی کە بەرگریان لە ئیسلام کردووە بەم جۆرە ئیسلامیان پی گەیاندووە ، بێ گومان یە کیکی تریش لە هاوەڵانی پیغەمبەری خوا (( صلی الله علیه وسلم ) کە عاشقی شەهیدی بوو ، کە ( خوای گەورە ) ش بێ دلی نەکرد و پلە ی شەهیدی پی بەخشی ، کە ناوی ( عەمەیرەی کوری ئەبو وەقاص ) بوو ، کە برا بچووکی ( سەعدی کوری ابو وەقاص ) بوو ، ئەوە بوو کە سوپای ئیسلام کەو تەری بە رەو بەدر ، بەڵی ( عەمەیرە کوری ابو وەقاص ) ئەو کات منداڵ بوو تەمەنی ( ١٦ ) ساڵ بوو ، چووە ناو سوپا ، ئەش ترسا پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە بەر کە می تەنیەوە و منداڵ بوونی لە سوپای ئیسلام دا وەری نە گرێت و ، بیگەڕی نیتەوە دواوە و نەهیلی بەشداری غەزای بەدر بکات ، بۆ ئەمە هەوڵی ئەد خۆ لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دا بشاریتەوە و ، نەوەك ببیبینی نەهیلیت بیت بۆ غەزای بەدر دا ، هەموو کات خۆی ئەدایە پەنای ( سعدی کوری ابو وەقاص ) ی برا گەورەی ، بەڵی سعدی برای لەبەر ئەو خۆ شاردنەوەی پرسیاری لی کرد ، ووتی : ئەترسم پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بم گێڕیتەوە و ، منیش پیم خۆشە بەشداری غەزای بەدر بکەم ،بەلکو خوای گەورە پلەی شەهیدیم پی بە بخشیت ...

بەڵی هەر واش بوو بە پلەی شەهیدی گەیشت ، بەڵی لە دوایدا گە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پی زانی و ویستی بیگێڕیتەوە دواوە ، چونکە منداڵ بوو بەرگەی جەنگ ناگری ، ( عەمەیر کوری ابو وەقاص ) دەستی بەگریان کرد و ، دلی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ هاتە جۆش و بەزەیی پیدا هاتەوەو ماوەی دا کە بیت لە گەڵیاندا ، ئەوە بوو ئەویش لە غەزای بەدر بە شەهیدی چووە ڕیزی شەهیدانە وە سەری نا یە وە ...!! بەڵی کە کافرە کان کوژرانی ( عوتبە ) و ( شیبە ) و ( ولید ) یان دی ، ئیتر خۆیان پی نەگیرا و دەستیا بە هێرش کرد ، بەڵام چۆن هێرشیك سەرەتا تیر بارانی چری موسلمانەکانیان کرد ، بەڵی تەپ و تۆزی هەردوو سوپاکە کەوتە ئاسمان ، بریسکە شمشیرو ،قەرچەی دەمی شمشیر و، حیلە ی ئەسپ و ، هاوارو نەرەی کافران و ، وە ( الله اکبر ) موسلمانەکان ئەو مەیدانەیان

ئ

هەژاند ، بەلی وە لە پێشدا باسمان کرد کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئامۆژگاری موسلمانانی کرد بوو کە هێرش مەکەن تا فەرمانی هێرش بردن وەر نەگرن هەر لە بەرگری کردن دا بن ،هەروەها فەرمانی رۆشنایی چاومان هەر بەم شێوە یە بوو ، بەلی ئەمەش بووە هۆی بە هێزی سوپایی ئیسلام و ، وە لاوازی سوپای بت پەرستان دوژمنانی ئیسلام ، چونکە موسلمانە کان دامەزارو بوون ، وە بت پەرستان بە هەر هێرشێکیان تووشی شکست و زیانی زۆر دە هاتن ، تا ئەوە بوو هێزیان لی برا ، بەلی پاش ئەوەند هێرشەی قورەیش بۆ سەر سوپای ئیسلام و کە زانیان سوپای قورەیش زۆر ماندوو هیلاك بوونە ،ئەوە بوو بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وە فەرمانی بە کتبە کانی ئیسلام کرد ، کەوا قورەیش ماندوو هیلاکن تا هێرش بکەنە سەر دوژمنی ماندوو هیلاك ، وەتمان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) مشتی خۆ لی هەلگرت و بەرووی سوپای بت پەرستان فر یدا و ، کە س نەما تۆزیك خۆلی بەر چاوی و دە م ولووتی نە کەویت ، پاشان دوعای کرد و مشتە خۆلە کەی تی گرتن ، فەرمانی بە هاوەلە کانی کرد ، هێرش ببە ن زۆر بە توندی (شدوا) ئەوانیش مەردانە دەستیان کردەوە و هێرشیان برد بۆ سەر دوژمنانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز ، هەردوو سوپاکە تیکەل بوون ، سوپای ئیماندااران و ئیمان دامەزراو پر لە عقیدی توحید و یە ك خوا پەرستی ، وە سوپای شەیتان و بت پەرستی تیکەل بە یەك بوون ، بەلی کەتیبە کانی ئیمان و یەك خوا پەرستی و ، کتیبەکانی شەیتان تیك رژان ، جەنگ گەرم بوو ،شمیر و رم ، لافاوی خوینیان هەلساند بوو ،لەشکرە بچکۆلە کەی ئیسلام خۆی دا بووە دەست خوا ، بەلی لە پاداشتی ئەم تەسلیم بوونەش خوا گەورە کۆمەکی بۆ ناردن ، فەرمانی دا مەلائیکەت بینە مەیدانی جەنگ تا دلی موسلمانەکان دامەزراوبیت و ، مژدەی سەرکەوتنیان پێشکەش بکە ن و ، ترس ولەرز بخەنە دلی کافرانەوە ، بەلی موسلمانە کان پیاوانەو مەردانە دەستیان لە لە خوا نەناسان وەشاند زەبریکی کوشندەیان لیدان دەرسیکی چاکیان دانی ...

بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە هێزی عقیدە وبیروباوەر بە هێزی مادەیی چارە ناکریت ،ئەوانەی بە ئیمانیکی بەهێز بەندایە تی خوای گەورە دەکەن ، هیچ هێزیك نیە لە جیهان بەرگەیان بگریت ، لە رۆژی جەنگی بەدر دا دروشمی موسلمانا بریتی بوو لە ووتەی : (احد ،احد ) ..!! ئەوە بوو دوای ئەوە سوپای قورەیش تیك شکان و ، مەیدانیان بۆ موسلمانان چۆل کرد ،ئەوە بوو (٧٠) لە کافرە بت پەرستە کان کوژران ، (٧٠) شیان لی بە دیل گیران ، هەر کە سیکی لە کوشتن و بەدیل گرتن رزگاری دە بوو ، تا ئەی توانی بە پی و بە سواری رای ئە کرد بۆ ئەو شوینەی کەلی وەی هاتوون ، بەلی لە هەمان کاتدا موسلمانە کان تەنها (١٤) کەس شەهید بوون ، هەر چەند لە رووی ژمارەوە کەم بوون چەك تفاقیان بە پیی پێویست

ئ

**لانەبوو ، بەلام بە هیمەت و كۆمەكی خوای گەورە پشتی گرتن و سەر كەوتنیان بەدەست هینا ، بەلی شەهیدە كان ( ٦ ) لە كۆچ كەران بوون ، وە ( ٨ ) تیان لە ئەنصارە كان بوون ..**

**بی گومان ئەو مشتە خۆلە ی كە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گرتیە سوپای بت پەرستان ، هەر تۆزیكی دەوری تیریكی بینی ئەوەتا ( خوای گەورەش ) ئەفەرموویت :** ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى﴾ **الانفال ١٧ . یان ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ **الانفال١٠ .یان ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ **ال عمران ١٢٣ . بەلی قورئانی پیرۆز پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئاگادار ئەكات كە ئە و مشتە خۆلەی ئەو بەرەو بت پەرستانی هاویشتی دەستی قودرەتی خوای گەورەی لە گەل دا بوو ،بۆیە كاری خۆی كرد و ، وە ئامۆژگاریی موسلمانان ئەكات هەتا چاوەروانی سەركەوتن لەلایەن خواوە بكەن ..**

**هەروەها موسلمانان لە جەنگی بەدر دا ،یەكجار ژمارەیان كە م بوو ، كەم تفاق بوون لەرووی چەكەوە ، وە یەكجار زەلیل و بی دەست بوون ، بەلام خوای گەورە بە قودرەتی خۆی سەركەوتنی پیشكەش كردن ، دەی وا چاكە ئیمانداران شەرمی خوا بكەن و لەسەر نازو نیعەتی نەبراوەی هەردەم سوپاسی بكەن ..!!**

**بەلی ئەم سەركەوتنە خوایەی كە لە غەزای بەدر دا بەدەست موسلمانان هات ، لەرۆژی جمعەی ( ١٧ ) رەمەزاندا بوو لەسالی دووهەمی كۆچی دا بوو ، كە قورئانی پیرۆز ناوی ( یوم الفرقان ) ی لی نا ، چونكە ئەو رۆژە حەق و ناحەق ، هیدایەت و گومرایی لیك جیا بوونەوە ، چواردە سال لەوەو پیشیش لە هەمان مانگ دا بوو كە قورئان هاتە خوارەوە .. جا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ئەوە شدا خەركی دوعا كردن بوو ...**

**بەلام موسلمانەكانی بۆ ئازایەتی و مەردایەتی هائەدا ، لە هەمان كاتدا بەشداری جەنگیشی ئەكرد ، ئیمام احمد لە ئمام علی یەوە دەگیریتەوە كەئە فەرموویت ( لەرۆژی بەدر دا خۆمان ئەدایە پەنای پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە لە هەمووومان زیاتر لە دوژمنەوە نزیك بوو و ، لە هەموو كەسیش زیاتر لەو رۆژە دا ئازاو بە غیرەت بوو ..هەرەها بوخاریش لە ابن عباسە وە بۆمان دەگیریتەوە دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەرۆژی بەدر دا لە كەپرەكە دیتەدەرەوە و بەقەلغانەكەیەوە بازی ئەدا ئەفەرمووو :** ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ﴾ **القمر٤٥-٤٦. دیارە ئەم ئایەتە لە مككە دابەزی بەلام لەرۆژی بەدر دا ماناكە ی هاتە دی ..!!**

ئ

## يانزەهەم : كۆمەكى و پشتيوانى خواى گەورە دابەزينى  فريشتە كانى :

لە  پيشدا باسمان كرد كە  پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ددەستى بە دوعاو پارانەوە كرد ،وە لە كۆخە كەى  هاتە دەرە وە مژدەى سەركەوتنى بە (ابو بكر ) دا  كە  ( خواى گەورە ) كۆمەكى و پيشتيوانى فريشتە ى  بۆ ناردون و هەموويان لە شيوەى كەسانيكى بەرگ سپى چوار شانەدا بوون ، وە بەسەر پشتى ئەپە كانيانەوە و بەكەل و پەل و پيداويستى جەنگەوە بوون ، وە پاشان پيغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم ) مژدەى سەركەوتنى دا بە ئيمانداران ، فەرمووى : سوپاى بت بەرستان دەبەزينين سەردە كەوين .

ئ

هاوەڵانی پغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) کەوتنەدوعا کردن و پارانەوە لە (خوای گەورە ) وە ئارام و پۆلاییانەوە لە رووی دوژمنە کەیاندا وە ك چیا لوتكە بەرزەكان وەستان ، (خوای گەورەش ) چەند پولیك لە فریشتە كانی خۆی بۆ ناردن ، وە لەریزە كانی موسلمانان دژ بە بت پەرستان بوەستن وە ورەیان بەرز بیت ، وە ترس و تۆقینی خستە دلی دوژمنە کەیانەوە وەك دەفەرموویت : ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾**الانفال ١٢** .

هەروەها ئیمامی البیهقی لە روونكردنەوەی ئەم ئایەتدا كە لە الد لائل نبوە ) دا هاتووە دەفەرمووی: (فریشتەكان دەهاتنە ریزی موسلمانەكان و خۆگرو ورە بەرز و ئارامیان دەكردن ، فریشتە كان لە شیوەی چەند پیاویكی ناسراوی ریزی موسلمانان دەهاتن بۆ لای ناسراوەكانیان و پییان دە ووتن : مژدە بیت ئەوان هیچ نین و خواتان لە گەڵدایە و هیرش ببەنە سەریان و خۆراگربن ، یا خود هەندی فریشتە بەوینەی هەندی لە هاوەڵانی پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دە هاتن و دەیان ووت : گویمان لی بوو موشریكە كان لە ناو خۆیان دەیان ووت : سویند بە خوا گەر موسلمانە كان هیرش بهیننە سەرمان راومان دە نین ، ئەم باسەش موسلمانەكان لە نیو خۆیاندا باسیان دەكرد ) **البیهقی الدلائل النبوه ٣/٥٣ ،ابن كثير تفسير ٣/٢٠**

بەم جۆرە دابەزینی فریشە كان بووە هۆی ورە بەرزی و مەردایەتی موسلمانان و پاشان سەركەوتنیان بەدەست هینا لە گەڵ ئەوەی كەمی ژمارەی موسلمانان وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ **ال عمران ١٢٣** . هەروەها (ابن عباس ) دەفەرموویت : ( خوای گەورە ) بۆ پشتیوانی پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و موسلمانان (١٠٠٠) فریشتەی نارد ، جبریل (عليه السلام ) لە قۆلیكەوە لە گەڵ (٥٠٠) فریشتە دا وە میكائیلیش (عليه السلام ) لە قۆلەكەی ترەوە لە گەڵ (٥٠٠) فریشتە )

**اخرجه : ابو نعيم فى الدلائل رقم (٤٠٠) ، البهقى فى الدلائل النبوه ٣/٧٨ ، التبرانى فى التفسير (١٢٢٥٣) .**

ئیمامی (على ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بە من و بە (ابو بكرى ) فەرموو لە رۆژی بەدر دا ، (مع احدكما جبريل ومع الاخر ميكائيل ، واسرافيل ملك عظيم يشهد القتال او يكون في الصف ) . **اخرجة : احمد ١/١٤٧ ، وابن ابي شيبه (٦٦٦٥٩).**

واتە :جبریل لەگەڵ یەكیكتانە و میكائیلش لەگەڵ ئەوی ترتانە ، وە ئیسرافیلیش فریشتەیەكی مەزنە ئامادەی جەنگە كە دەبیت یاخود لە ریزدا دەبیت.

شیوەو سیمای فریشتەكانیش كە پیی دەناسرانەوە (عمائم صفر ) واتە : جەمەدانە كەیان زەرد بوو .

ئ

هەروەها هیشام لە باوکیەوە دەگێریتەوە دەفەرموویت : ( ( زوبێری کوری عەوام ) جەمەدانیەکی زەردی پێچابوو بەسەریەوە لەرۆژی بەدر دا و پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( ان الملائکة نزلت علی سیماء الزبیر ) . اخرجه : ابن سعد في الطباقت ٢٧/٣ .واته :فریشتە لەشیوەی ( زوبیر ) دابەزین .

وەلەرووبەتیکی تردا ( عوره ) وە دەفەرموویت : ( جبریل لە جەنگی بەدر دا بەوینەی ( زوبێری کوری عەوام ) دابەزی و جەمەدانیەکی زەردی بەسەریەوە پیچا بوو ) اخرجه : التبرانی فی الکبیر ( ٢٣٠ ) .

هەروەها لە ( جوبەیری کوری موتعیم ) دەری دەخات کە فریشتەکان لە گەرمەی شەرە کەدا ، دابەزیون پۆل پۆل وەك دەفەرموویت : ( لە گەرمەی شەرەکەدا پیش ئەوەی قورەیش بشکین رەشاییە ك لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە پۆل پۆل بەوینەی دابەزینی میروولە رەشە بالدارەکان من گومانم لەوە نەبوو کە ئەوانە فریشتەن ئەوەندەی پینە چوو قورەیش لەجەنگە کە شکا ) والحافظ في ( المطالب العالیة ) ٤٢٤٥ .

بەلی بەم شیوەیە فریشتەکانی ( خوای گەورە ) پشتیوانی موسلمانانیان ئەکرد لە رۆژی بەدر دا ، ئەوە بووە هۆی سەرکەوتنیان ، بەلام موشریکەکان ئیبلیس و سەربازە شەیتانە کانی تا شەرەکە پشتیوانیان لی کردن ، پاشان پتیان بەردان و هەلهاتن و ، موشریکە کان تووشی شکست هاتن .

( ابن عباس )-خوا لی رازی بیت – ئیبلیس و شەیتانەکانی بەوینەی سراقە و چەند پیاویکی یەنی مدلیج هاتنە لای قورەیش و هەلیان دەخە لە تاندن و بەردەوام پییان رادەگەیاندن کە ئەوان پشتیوانیان لی دەکەن و بەلینی سەرکەوتنیان پی دەبەخشین ). اخرجه: ابو نعیم فی (الدلائل) ٤٠٠٥ ،البیهقی فی (الدلائل ) ٥٧/٣ ، والتبرانی فی الکبیر ٥/١١ ، وابن هیشام فی السیر برقم ( ٥١٧ ).

ئ

**بەلی دەر بارەی بەشداری کرنی مەلائیکەت لە رۆژی بەدر دا ، هەر هەموو زانایان لە سەر ئەوە یەك دەنگن کە خوای گەورە مەلائیکەتی بۆ کۆمەکی موسلمانانە کان نار دووە ، ئەمەش بە بەلگەی ئایەتی کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ (٩) وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ **الانفال ٩-١٠ .**

**هەروەها ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنْقَلِبُوا خَائِبِينَ﴾ **ال عمران ١٢٤-١٢٧ .**

**هەروەها لە م فەرموودەیە دا هاتووە لە ( ابن عباس ) وە – خوا لی رازی بیت – دە فەرموویت : ( لە کاتیکدا کە پیاویکی موسلمان بە دوای موشریکیك دا رای ئەکرد ، گویی لە لیدانی قامچیی بوو بەسەر سەریەوە و ، سوارەکەش ئەوی ووت : بەرەوپیش بچۆ ( حەیزووم ) ناوی ئەسپە کەی ئەو مەلائیکەتە بوو ، کە موسلمانەکە سەیری موشریکە کەی ئەکرد ئەبینی وا لە بەر دەمیان کەوت بە پشتا و ، کە لی وورد بوویەوە ئەبینی وا ، بە شیوەی لیدانی قامچیی ، دوایەتی لە ناوراستی لووتی و ، دەم چاوی لەت کردووە و هەر هەمووشی شین بۆتەوە ، موسلمانە ئەنصار یەکە دیت و باسەکە بۆ پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئە گیریتەوە و ئەویش ئەفەرمووی : ( صدقت ،ذلك من مدد السماء الثالثة ) ) واتە : راست ئەکەیت ، ئەوە لە کۆمەکی ئاسمانی سی هەم بووە .**

**هەروەها لە ( ابن اسحاق ) لە ( ابن عباس )وە دە گیریتەوە – خوا لی یان رازی بیت – دەفەرموویت : مەلائیکەت جگە لە رۆژی بەدر لە هیچ رۆژیکی تردا جەنگیان نە کردووە ، ئەوان بۆ زۆر بوون و کۆمەکی ئەهاتن و جەنگیان نەئەکرد ..!! بەلی هەندیك لە زانایان رای وایە کە مەلائیکەت لە رۆژی بەدر دا ، جەنگیان نەئەکرد ، تەنها هاتوونە خوارەوە بۆ زۆر بوون و ، بەلکو بۆ یارمەتی و دل دامەزراندن و و مژدە دان بە سەرکەوتن و ، زۆر بوونی ژمارەی موسلمانان ئە هاتن بەلگە ئەم دوو ئایە تەی خوا رەوە یە ، کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ **الانفال ١٠. ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :**﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ **ال عمران ١٢٦.**

**٥٠٤**

## دووانزەهەم : ئازایەتی و مەردایەتی موسلمانان لە جەنگی بەدر دا :

هاوەلانی پیغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) لە جەنگی بەدر دا ،زۆر جوامیرانەو مەردانە ئازایەتی خۆیان سەلماند بەبی ترس و دوو دلی لە مەیدانی جەنگ دا قارە مانیەتی خۆیان سەلماند بەرانبەر بە دوژمنانی خوا ئەو قارەمانیەتیە هاوەلان بوو بە درگا کردنەوەی حەق لە هەموو جیهاندا وە داخستنی درگای ناحە قی بەرووی موشریك و کافرانی قورەیش دا ، بەلی ئەم جەنگە بوو بە بونیات نانی دەولەتە نیونەمامەکەی مەدینە کە ئەو کات پایتەختی ئیسلام بوو ،بەلی بە مەردانە رۆلی خۆیان گیرا لە بەریوە بردنی سەرجەم قوناغەکانی جەنگی بەدر ، هەر چەندە ئەم جەنگە یەکەم روو بەروو بوونە وەیان بوو بەرامبەر دوژمنانی قورەیش ، بەلام زۆر خۆراگرانە لە روویان دەجەنگان و دلیرانە بەشەر هاتبووە دەستیان نە دەپاراست تەنانەت لە خزم و کەس و کارەکانی شیان کە لە ریزی کافرانی قورەیش دا بوون بەلام دەستیان لی یان نەدەپاراست لە جەنگ کردن لی یان ،تەنها هی وا هەبوو ئامادەبوو باوکی خۆی بکوژیت هی واش هەبوو ئامادە بوو برای خۆی بکوژیت ، چونکە ئەم جەنگە لە پیناوی حەق و ناحەقی بوو ، کافرە کانی قورەیش بت پەرست و موشریك بوون ، سەرەرای ئەو بت پەرستیە و موشریکەی کە هەیان بوو ، دژایەتی موسلمانانیان دە کرد و ئازاریان دەدان بۆ چەندین سال بە هەموو جۆریك ئازاریان دەدان ،بۆ ئەوان هاتبوون بۆ قتل و حام کردنی موسلمانانی شاری مەدینە ، وە هاتبوون چرای رووناکی ئیسلام بکوژینەوە ئەم رووناکیە بۆ هەتا هەتایی کەپ بیتەوە، بەلام بە هیمە تو کۆمەکی ( خوای گەورە ) و پیشەوایەتی و قائدو فەرماندەی موسلمانان و ئازایەتی و مەردایە تان زۆر بە جوامیرانە بەرنگاری دوژمنە کانیان هاتن ، ئەم جەنگە بووە سەرکەوتنیکی زۆر گەورە بۆ موسلمانەکان ،بوو بە خۆشیە کی زۆر گەورە ، هەر لەبەر ئەم جەنگ دەولەتە بچکولە کەی مەدینە پایە کانی خۆی قایم کرد لە هەموو دوورگەی عەربی دا ، ئەوە بوو ئەو خیل و هۆزانەی کە لە چواردە وریان بوون ، ئەم جەنگە بووبە ترس حیساب بۆ کردنی موسلمانان لە ناوچەکەدا ،ئەوە بوو زۆر لە خیل و هۆزە کان چاویان بری بووە دەولەتەبچکولە کەی شاری مەدینە تەماحیان لی بوو بۆ دەست بەسەر دا گرتن ، بەلام ئەم جەنگ بووە چاو شکاندنی قورەیش و خیل و هۆزە کان کە نەورین بەرامبەر بە موسلمانەکان چاو هەلبرن ، لە لایەکی تروە قایم کردنی دەولەتی ئیسلام بەرامبەر بە دوژمنە کانی دا ، وە ریگە نەدان بە هیچ خیل و هۆزیکی دوورگەی عەرەبی کە تەماع یان لە دولەتی مەدینە بیت ، هەر بۆ یە ئەم جەنگە بووە جەنگی یەك لاکەرەوەی حەق و نا حەق سەر کەوتنی سوپایی ئیسلام بەسەر دووژمنەکانی دا ،وە کۆتایی هاتنی بت پەرستی لە دوورگە کەدا ...

ئ

له ( ابن سيرين ) – خوا لى رازى بيت – دەفەرمووى : ( عبدالرحمانى كورى ابو بكر صديق ) له رۆژى بەدر دا لەريزى كافره كانى قورەيشدا بوو ، دەجەنگى دواى موسلمان بوونى به باوكى ووت : له شەرى بەدر دا هاتييه بەردەستم بەلام نەم كوشتيت و خۆمم لى دوور خستيتەوە ، ابو بكر يش فەرمووى : بەلام ئەگەر تۆ بەردەستم بكەوتايت خۆمم لى دوور نە دە خستيتەوە ). اخرجه : ابن عساكر ( تاريخ دمشق ) ١/١٢٧ .

له ( عبدالله ى كورى شەوزەب ) –خوا لى رازى بيت – دەفەرموويت : ( باوكى ابو عبيده رووبەرووى ابو عبيده دەوستاو ئەو خۆى لى دوور خستەوە ، كاتيك باوكى ابو عبيده زۆر رووبەرووى ابو عبيده بووەوە ، ابو عبيده كوشتى خواى گەورەش ئەم ئايەتەى نارده خوارەوە دەفەرموويت : ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ المجادله ٢٢ . واتا : كه سانيكت دەست ناكەويت باوەر بهينن به خواو به رۆژى دوايى ، له كاتيكدا كه سانيكيان خۆش بويت كه دژايەتى خواو پيغەمبەره كەيان كرد بيت ، ئەگەر چى ئەو دووژمنانه باوو باپيريان بن يان نەوەيان بن يان برايان بن يان عشيرەتيان بن ، ئەوانەى كه بەو شيوەيەن ( ئيمان و باوەريان له هەموو كەسيك لا به نرختر و پيرۆز تر ) خوا ئيمان و باوەر يان له دليانا چەسپاندووە و جيگيرى كردووە و له بەهرە و ميهربانى تايبەتى خۆى ، وە به هيزو گيانيكى تايبەتى لەلايەن خۆيەوە ( مەبەست قورئان و ئيمانه ) پشتگيرى كردوون و يارمەتى داون ، سەرنجاميش دەيا نخاته باخه كانى به هەشتەوە كه چەندەها روبار بەژير درەخت و كۆشكه كانيدا تى دەپەريت ، هاورى له گەل ژيانى نەبراوەدا ، ئەوانه خوا ليبيان رازيه و ئەوانيش له خوا رازين ، ئا ئەوانه دەسته و تاقم و حزب و لايەنى خواى گەورەن ، ئاگادار بن كه بەراستى هەر لايەن و حزب و دەسته و تاقمى خوا سەركەو توو و سەرفرازن .

هەروەها پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانى دا به موسلمانەكان كه ئەو دوو كەسه نەكوژن فەرمووى : ( إني قد عرفت رجالا من بني هاشم و غيرهم قد أخرجوا مكرهين ، لا حاجة لهم بقتالنا ، فمن لقى منكم أحدا من بني هاشم فلا يقتله ، ومن لقي أبا البخترى بن هشام بن الحارث بن اسد فلا يقتلة ، ومن لقي العباس بن عبدالمطلب عم الرسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) فلا يقتلة ، فإنه إنما خرج مستكرها ).

ئ
بەلی فەرمانی دا پیاوانی نەوەی هاشم و ئەبو لبوختەریی و عباسی مامی نە کوژن ...

وە نەبیت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەرگری لە خزمانی خۆی بکات ، بەلام ئەو هەلویستەی نەوەی هاشمی لە بەرچاو بوو ، کە بەرگریان ئە کرد لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و ئیسلام لە شاری مککە دا ،ئەویش ئەم هەلویستەی لە بەرچاو بوو لە بیرنە کردە بوون ، چونکە لەو ماوەیە ی کە قورەیش ئابلوقەی نەوەی هاشم و نەوەی عبدالمطلب ی دا لە شیوە کەی مککە بە کافرو موسلمانە کانیانەوە سزا ئەدران لە لایەن قورەیشەوە ، بەلی جگە لە ئەبوو لهب هەر هەموویان دەر کرانە شیوە ابو تالیب بۆ ماوەی سی سال ، یەکجار برسی و ماندوو بوون ، بەرادیەك لەم شیوە لە برسان گەلای درەختیان ئە خوارد ، وە ( عباسی )مامیشی هەلویستی هەبوو لە پەیمانی ( عەقەبی دوومدا ) وە هەلویستی مەردانەی دل سووزانە نواند بەرامبەر بە ئەنصارەکان کە زۆر بەرگری لی کرد ،هەروەها ( ابو البختری ) ریش دەوریکی کاریگەری هەبوو بۆ هەلوەشاندەوەی لاپەرە ستەم کارە کەی قورەیش کەلە کەعبە دا دژی موسلمانە کان هەلیان واسی بوو ،جا پیغەمبەری خوا ئەم چاکانەی عباسی مامی و ابو البختری لە بەرچاو بوو وە لەیادی بوون ، بەلی کی هەیە ؟ ئەوەندەی رۆشنای چاومان رەوشت بەرز بیت ؟!! کی هەیە؟!ئەوەندەی رۆشنایی چاومان بە وەفا بیت .؟!

ئەوە بوو ( ابو حوذیفە ی کوری عوتبە ی کوری رە بیعە ) قسە یەکی نەشیاوی لە دەم دەر چوو !! ووتی : گوایا ئیمە باوك و کور و برای ۆمان بکوژین دەست بەر داری عباسی مامی پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) ببین ؟!! بە خوا ئەگەر تووشی ببم بە شمشیر دا ئە گرمەوە .. ئەم قەسەی ئەم هاوەلە بەریز گەیشتە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەویش بە ( عمری کوری ختابی ) فەرموو : ( یا أبا حفص ! ایضرب وجە عم رسول اللا بالسیف ؟! ) فەرمووی : ئەی عمر ! شمشیر لە دەم وچاوی مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بدری ؟! عمریش فەرمووی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ماوەم بدە تا بە شمشیر لە ملی بدەم ، دە بە خوا مونافیق دەر چوو !! بە لام پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بە مە رازی نەبوو و ، لەبەر نیتەو راست گویی و ئیمانی لە هاوەلە بەریزە خۆش بوو ..

هەروەها یەکی تر لەو قارە مانانەی جەنگی بەدر ( عمری کوری خطاب ) بوو ، کە ( عاصی کوری هیشامی کوری موغیرەی ) ئامۆزای دایکی کوشت ، کە وەك خالی وابوو بۆی .

هەروەك ( حمزە ) و ( علی ) لە گەل لە زۆرانبازی ( عوتبە ) ( شیبە ) یان کوشت .

هەروەها ( موصعەبی کوری عەمەیرە ) ( عبیدەی کوری عەمەیرەی ) برای خۆی کوشت ...

ئ

موسلمانه كان به مه‌ردانه گورایه‌لی قورئانی پیرۆزیان ئه كرد چاو نه‌ترسانه ئه جه‌نگان له مه‌دیانی شه‌ردا بی ئه‌وه به‌زه‌یان به خه‌زم و كه‌س و كاریان بیته‌وه ،چونكه ئه‌وانه له پیناوی خوا ئه‌جه‌نگان نه‌ك له پیناوی مالی دونیا به‌رژه‌وه‌ندی دونیایی ، ئه‌وه تا قورئانی پیرۆز ده‌ر ئه‌بری كه ده بیت ئاینی ئیسلام له باوك براو نه‌ته‌وه وه‌لات و عه‌شیره‌ت خۆشه‌ویست تر بیت ، كه ( خوای گه‌وره ) ده‌فه‌رموویت : ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ المجادله ٢٢ . واتا : كه سانیكت ده‌ست ناكه‌ویت باوه‌ر بهینن به خواو به رۆژی دوایی ، له كاتیكدا كه سانیكیان خۆش بویت كه دژایه‌تی خواو پیغه‌مبه‌ره كه‌یان كرد بیت ، ئه‌گه‌ر چی ئه‌و دووژمنانه باوو باپیریان بن یان نه‌وه‌یان بن یان برایان بن یان عشیره‌تیان بن ، ئه‌وانه‌ی كه به‌و شیوه‌یه‌ن ( ئیمان و باوه‌ریان له هه‌موو كه‌سیك لا به نرخترو پیرۆز تر ) خوا ئیمان و باوه‌ر یان له دلیاندا چه‌سپاندووه و جیگیری كردووه و له به‌هره و میهربانی تایبه‌تی خۆی ، وه به هیزو گیانیكی تایبه‌تی له‌لایه‌ن خۆیه‌وه ( مه‌به‌ست قورئان و ئیمانه ) پشتگیری كردوون و یارمه‌تی داون ، سه‌رنجامیش ده‌یا نخاته باخه كانی به هه‌شته‌وه كه چه‌نده‌ها روبار به‌ژیر دره‌خت و كۆشكه كانیدا تی ده‌په‌ریت ، هاوری له گه‌ل ژیانی نه‌براوه‌دا ، ئه‌وانه خوا لییان رازیه و ئه‌وانیش له خوا رازین ، ئا ئه‌وانه ده‌سته و تاقم و حزب و لایه‌نی خوای گه‌وره‌ن ، ئاگادار بن كه به‌راستی هه‌ر لایه‌ن و حزب و ده‌سته و تاقمی خوا سه‌ركه‌و تو و سه‌رفرازن .

له پیش دا ووتمان پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فه‌رمانی كرد بوو كه ( ابو البختری ) نه كوژریت چونكه پیاویكی بی زیان بوو بۆ موسلمانه‌كان ، ئه‌وه بوو سه‌رای ئه‌وه‌ش ( ابو البختری ) كوژرا ، به‌لی ئه‌وه‌بوو ( مه‌جزری كوری زیاد ) له مه‌یدانی جه‌نگ دا گه‌یشته ( ابو البختری ) له گه‌ل پیاویكی هاوه‌لی دا بوو پیكه‌وه جه‌نگیان ئه‌كرد ، ( مه‌جزری ) ووتی : ( ابو الختری ) پیغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له كوشتنی تۆ قه‌ده‌غه‌یی كردووین .ئه‌ویش ووتی : ئه‌ی هاوه‌له كه‌م ؟ ( مه‌جزری ) ووتی : نا به خوا ئیمه واز له هاوه‌له كه‌ت نا هینین ، واته : كوشتنی ئه‌ومان لی قه‌ده‌غه نه‌كراوه ، ( ابو البختری ) ووتی : ده به خوا ده بیت من و هاوه‌له كه‌م هه‌ردووكمان پیكه‌وه بمرین ،ده ستیان به جه‌نگ كرد ( مجزری )ناچار بوو ( ابو البختری ) بكوژیت ...

ئ

به لی یەکیکی تر له پالەوانه کانی جەنکی بەدر (عوکاشەی کوری محصەنی الاسدی ) بوو شمشیره که له دەستی دا شکا هاته خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەویش لقه داریکی دا به ده ستیەوه و فەرمووی (اقاتل بهذا یا عکاشة ) فەرمووی : عوکاشه به مه جەنگ بکه ، هەر که له دەستی موبارەکی پیغەمبەری خوا ی (صلی الله علیه وسلم ) وەر گرت ، ئەم لقه داره بوو به شمشیریکی دریژی ئەوستووری تیژی سپی ،جەنگه ی پیکرد هه تا خوای گەوره سەرکەوتنی بۆ موسلمانەکان نارد ، ئەم شمشیره ناوی (العون ) بوو ، هەر بەدەستی (عوکاشەوه ) بوو هەتا ئەوه بوو عوکاشه به پله ی شەهیدی گەیشت له جەنگه مرتەده کان یان هەلگەراوه کاندا .

ئ

## سی نزەهەم : کوشتنی ( ابو جهل ) و ( ئومەیەی کوری خەلف ) :

به لی لەم جەنگە ناهەموارەدا ( ابو جهل ) دەوریکی گرنگی هە بوو ، خۆ سەرکردەی گشتی سوپای بت بە رستی قورەیش بوو ،لە هەموو کە زیاتر داخ لەدل بوو بۆ موسلمانەکان ، بۆیە جەنگی سەرمالی ئەکرد ، بەلام دوای ماوەیەك کە زانی هەول و تەقەلاکەی بی هودەیە وا ریزە کانی سوپاکەی هەرس دینی پەرشوو بلاو بوون ،، بەلام لە گەل ئەوەشدا ئە ی ویست لە بەردەم ئەم مەترسیە دا بوەستیت ، هەر خەریکی ئەوە بوو،سەربازانی قورەیش هان ئەدا بۆ جەنگ دژی موسلمانەکان ، وە غیرە تی ئە خستە بەریان و بەو پەری فیز دەمارگیریەوە پی ئەووتن : پشت هەلکردنی ( سوراقە ) نەتان بەزینی ، چونکە سوراقە لە گەل محمد ا ریك کەوتبوو ، وە کوژرانی ( عوتبە و شیبە و ولید ) نەتان ترسینی ، چونکە خۆیان پەلە یان کرد ، هەر ئەی ووت : دە سویند بەلات و عزا ناگەرینەوە هەتا بە گوریس دەست پیان نەبەستین !!!!

هەر لەو قسانەدا بوو هاشوو لووشە کە نیشتوە ، سوپای قورەیش دەستیان دایە هەلاتن و ، ئەویش کۆمەلیك جەنگاوەری لەدەور دا مابوونەوە ، کە بەشمشیر و رم پەرژینیان بۆ کرد بوو ، کە چی شالاوی سەربازە موسلمانەکان هات وئەوەانەی لە دەوروبەری بوون نەمان ( ابو جهل ) کەسی لە دەورە نەما دەر کەوت بۆ موسلمانەکان ،ئە و پەرژینەی دروستی کرد بوو ، پەرشوو بلاو بوو ،( ابو جهل ) دەر کەوت و موسلمانەکان سەیریان کرد وا ( ابو جهل ) بە سواری ئەسپە کەی لە مەیدانی جەنگە کەدا هاتوو جۆ ئەکات و ،وە چاوەروانی ئەجەلی خۆ ئەکات بۆ دۆزەخی نەبراوەی خۆی بە سزای حەقی خۆ ئەگات ..

بەلی زۆر جار ( خوای گەورە ) دوژمنە سەر سەختەکانی خۆی بە دەستی کە سانیکی لاوازوکەم توانا لە ناو دەبات ، وەك ( ابو جهل ) لە م جەنگە دا بە دەستی دوو مندالی ئەنصاری لە ناو برد ..

( عبدالرحمانی کوری عەوف ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( لە گەرمەی جەنگە کەدا و لەریزی موسلماناناندا لە شەرکە کە دەجەنگام ، تەماشای لای راست و چەپی خۆمم کرد ئەبینم من لە نیوان دوو کوری کەم تەمەنی ئەنصاریدام ، یەکیکیان هاتەلامەوە و دەستیکی لی دام و بە چپە پی ی ووتم مامە ( ابو جهل ) دەناسیت منیش ووتم : بەلی برازاکەم چ کاریکت پیی هەیە ؟ ووتی : بۆ یان گیرامەتەوە کە ( ابوجهل ) جوین و قەسەی ناشرینی بە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووتوە : سویند بەوەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر بەس بیبینم نایەلم رووم لەرووی بترازیت تاکامان بە پەلە بیت ئەوی تریان بکوژیت ، ( عبدالرحمان ) ئەفەر موویت : زۆرسەرم سورما لە وتە کە..!!

ئ

وه کوره کەی تریش هاتە لام هەمان ووتەی پی ووتم : منیش تەماشام کرد ( ابو جهل ) بە ناو خەلکە کەدا دیت هاتوو چۆ ئەکات ئینجا بە هەردوو کیانم ووت : تەما شاکەن ئەوە ئەو کەسەیە کە بەدوایی دا دە گەرین و پرسیاری لە بارەوە دەکەن ،یە کسەر هەر دووکیان پەلاماریانداو بەشمشیر کانیان کووشتیان ) .

اخرجه : البخاری ( ٣٩٨٨ ) ، البیهقی فی الدلائل النبوه ٨٣/٣ . 

بەلی ئەو دوو گە نجەی کە ( ابو جهل ) یان کوشت ناویان ( معاز و معوز ) بووە ..

هەروەها لە صحیحی بوخاری دا هاتوو دفەرمووی ( ئەو دوو گە نجە ئەنصاریە کە ( ابو جهل ) یان کوشت هاتنەوە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پییان راگەیاند کە ( ابو جهل ) یان کوشتووە پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموون : کامەتان کوشتان ؟ هەر یە کەیان ووتیان : من کوشتوومە !! پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموون : شمشیرە کانتان سریتەوە ؟ ئەوانیش ووتیان : نەخیر . پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) سەیری هەردوو شمشیرە کەی ئەوانی کرد !! فەرمووی : هەر دووکتان کوشتووتانە پیکەوە ، فەرمانی بە هاوەلانی کە چەك و تفاقی و کەل وپەلە کەی ( ابو جهل ) بەسەر ئەم دوو گە نجە دا دابەش بکریت ، دوو گە نجە ئەنصاریە کەش ( موعازی کوری عمری کوری الجموح ) و ( معوزی کوری عفراء ) بوون ) . اخرجه : البخاری ٤٤٤/١ .

وا دیارە کەل و پولە کانی ( ابو جهل ) درایە بە ( موعازی کوری عمری الجموح ) چونکە ( معوزی کوری عفراء ) هەر لە جەنگی بەدر دا شەهید بوو ، ( موعازی کوری عمر کوری الجموح ) تا سەردەمی خەلیفە ( عوسمانی کوری عفان ) ژیا .

( ابن اسحاق ) —خوا لی رازی بیت — دەفەروویت : ( موعازی کوری عمری کوری الجموح ) دەی فەرموو: گویم لی بوو دەیان ووت : ( ابو جهل ) لە بن درەختیکی درکاویدایە ، شمشیر بەدەسە کانیان چواندبوو بە درکی دەوری درختە کەوە ، دەیان ووت: ( ابو الحکم ) کەس نایگاتی ، کە ئەوەم بیست ، بوو بە خەمم بۆیە بۆی چووم ، کە لی نزیك بوومەوە شمشیریکم دا لە قاچی پەراند، قاچی بەو شیوەیە لەبەر چاوم وەکو دەنکۆلەیەك وابوو لەژیر لیدانیکدا دەرپەریت ، دەلیت ( عکرمەی ) کوری شمشیریکی دا لە شانم قۆلم پەری بە پیستی لاتەنیشتمەوە مایەوە ئەوبرینە ماندووی کردم ، ئەو رۆژە بەو شیوەیە لە گەل شەر کردندا بەدوای خۆمدا رام دە کیشا ، کە زۆر ئازاری دام خستمە ژیر پیم رامکیشا تا لیبووەوە و فریمدا، هەر بەو حالەو ( معوزی کوری عفراء) بەلای ( ابوجهل ) دا تی پەری شمشیریکی لیدا خستی ، بونیوە گیانی بە جیی هیشت ، وە ( معوز ) بەردەوام بوو لە شەر کردن دا هە تا بە پلەی شەهیدی گەیشت )...

بەلی کاتیك کە شەرەکە تەواو بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : کی دەتوانیت هەوالیکی ( ابوجهل بزانیت کە چی لی بەسەر هاتووە ؟! خەلك بلاوەیان لی کرد بەدوای ( ابو جهل ) دا ،

ئ
( عبدالله ی کوری مسعود ) – خوا لی رازی بێت – چووه سەر سەری ( ابو جهل ) لە دوا هەناسەیدا بوو ، پی نایە سەر گەردەنی ریشی گرت ، بۆ ئەوەی سەری لە لاشەی جیا بکاتەوە ، پی ووت : خوا سەر شۆری کردی ئەی دوژمنی خوا !! ( ابو جهل ) ووتی : بە چی سەر شۆری کردم ؟! من جگە لە لە پیاویك کە قەومەکەی کوشتویانە چیدی هیچ لە کەیەکم لەسەر نیە ، یان سەرباری ئەوەی پیاویکتان کوشتوە ؟! هەروەها ( ابو جهل ) ووتی : خۆزگە گریدەیەك بیکوشتمایە ، پاشان ووتی : پیم بلی کی سەرکەوتووە ؟! ووتی : خوداو پیغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) لەوکاتەدا کە ( ابن مسعود ) قاچی خستبووە سەر گەردنی ، ( ابو جهل ) ووتی : بە ( ابن مسعود ) هەی شوانی میگەل بوو – پاش ئەم قسانە ( ابن مسعود ) سەری ( ابو جهل ) ی لە لاشەی جیا کردەوە ، بردی بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوە سەری دوژمنەکەی خوایە !! پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سی جار فەرمووی : ( هو الله الذي لا اله الا هو ) پاشان فەرمووی : ( الله أکبر ، الحمد الله الذي صدق وعده ، ونصر عبده ، وهزم الاحزاب وحده ) پاشان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئادەی نیشانم بدەن ، دەلیت : لاشەکەیمان پیشاندا و فەرمووی : ئەمەفیرعەونی ئەم ئوممەتە بوو ...

بەلی ( ابو جهل ) وەك قوری بەسەر خۆی کرد ، ئابرووی قوریشیشی بردو ، لە بەر چاوی هۆزەکانی دوورگەی عەرەبیدا کردیان بە پەندی زمانە ، بەلی لەشکری بت پەرستان کە بە فیزو دمار هاتبوون ، ورەیان نەما و ، هەر کەس هەولی ئەدا خۆ دەرباز بکا ، لە دەست ئیماندارانی موسلمانە کانی شاری مەدینە بە کۆچ کەران و ئەنصارە کانەوە ، بەلی هە تا وەك شمشیر و رمە کانی دەورو بەری ( ابو جهل )یش را یان کرد تر سنۆکانە هەل هاتن ، بەلی پالەوانانی ئیسلام و ئیمانداران وەك شیر بەدوای نیچرە کانیان راویان دە کرد ، سوپاکەی ( ابو جهل ) وەك رانە ئاسك رایان دەکردو دەرو دەشتیان دابووە بەر لە ترسی سوپای ئیسلام ، هەر یەك و بەدوای کونیك دا ئە گەرا کە خۆی تیا حە شار بدات لە دەست شرە پیاوانی سوپای ئیمانداران ...

بەلی کوشتنی ( ئومەیەی کوری خەلەف ) وەك لەم رۆژە شکۆدارە کە رۆژی جەنگی بەدر بوو ، ( خوای گەورە ) یەکیکی تر لە دوژمنەسەر سەختە کانی لە ناو برد ئەویش ( ئومەیەی کوری خلف ) بوو ،کە دژایەتی سەر

ئ

سەختی ئیسلام و موسلمانانی دە کرد ، ئازارو ئەشکەنچەی موسلمانە چەوساوەکانی ئەدا وەك ( بیلالی حەبەشی ) تا وەکو لە ئاینە کە ی پاشگە ببیتەوە ، ئەوە بوو بەبیستنی هەڕەشەکەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ترسا و بڕیاری دا نەچیتە دەرەوە شاری مککە ،کە ئەو هەڕەشەیە لە پیشدا باسمان کرد ، بەلام ( ابو جهل ) نا چاری کرد تا بەشداری لە جەنگی بەدر دا بکە ،ئەویش ووشتریکی زۆر چاکی لە گەل خۆیدا برد ، تا وەکو لە سەر پشتی خۆی دەرباز بکات و بگەڕیتەوە ناو شاری مککە ، بەلام مەرگ لە چاوەر وانی دا بوو ، هەجل چاوەری دە کرد کە لەو رۆژە دا بکوژریت بە گاتە دۆزەخی نەبراوە کەی کە بۆ ئامادە کرا بوو بۆ هەتا هەتایی ،بەلی ئەمە بەلینی خوا و پیغەمبەرە کەیە تی ( صلی الله علیه وسلم ) هەر کەسی دژایەتی ئیماندارا ن و موسلمانان و ئیسلام بکات ، ئەوا سەرئەجامەکەی دە بیت حەق و حیسابی لی دە سینیتەوە ، جا چ لە دونیا دابی یان لە قیامەت دا ، بەلی ( ابوجهل ) و ( ئومەی کوری خلف ) لە دونیا لە قیامەت تۆلەیان لیساندەوە ،دەر ئە نجامی ئەوانەی کە وەك ئەم دوو دوژمنەی خوا پیغەمبەرە کەی ( صلی الله علیه وسلم ) هەر وا دە بیت لە میژوو دا جەندین کەس کە دژایە تی خوا ی گەورە و پیغەمبەرە کە یان کردووە ،بە حەقی خۆیان گە یشتوون ، بەلام ئیستا ش دە بینین کە ئەوانەی وەك ( ابو جهل ) و ( ئومەیەی کوری خلف ) ستە م زولم ناحەقی دە کەن بەرامبەر بە ئیسلام و موسلمانە لە سەران سەری جیهاندا وە دژایەتی ئەو کەسانەدە کەن بانگ خوازن بانگەوازی ئاینی ئیسلام دە کەن ،بەلی دەر ئە نجامی زولمە کەیان هەر وەك ( ابو جهل ) و ( ئومەیەی کوری خلف ) دەبیت ، ئیستا وا دەبینین لە وەلاتی سعودیا شاری مککە و مەدینەدا خەلك دەست گیر دەکەن کە ئەوانەی بانگەوازی راستە قینە ی ئیسلام دە کەن بگرە لە وەلاتانی تری ئیسلامی دا ، هەر وان بە ناوی جۆ راو جۆر بوونەتەدار دەستەی دوژمنانی ئیسلام خوانە ناسان ،جاریك بە ناوی دژە تیرۆر جاریك بە ناوی مافی مرۆڤ جاریك بە ناوی کۆمەلگای مەدنی و جاریك بە ناوی ئازادی مرۆڤ و بیرو را ، جاریك بە ناوی ریخراوی مەدنی ریخراوە کانی مافی مرۆڤ ، هەر هەموویان لە ناوەرۆك دا دژایەتی ئیسلام و موسلمانە کان دە کەن هەر وەك ( ابو جهل ) و ( ئومەیەی کوری خلف ) سەر دەستەی هەر هەموویان جوولە کەی مونافیقە ،ئا ئەواتە لەم سەردە مەدا وەلاتی بحرین و وەلاتانی تری عەرەبی وە هاو پە یمانی جوولە کە دە کەن ، بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام و موسلمانان ، دیارە ئەم وەلاتانە سیرەی رۆشنای چاومانیان نەخویندۆتەوە ،تاماشای میژووی جوولە کەیان نەکردووە ، وە چاوی بە ژیانی ئازیزمان نەکەو تووە ، لە رابردوو دا جۆن بووە جوولە کە لە گەل پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کە هیچ پە یمانیکی نەبردۆتەسەر وە هیچ بەلینیکی بە جی نە هیناوە ...

ئ
ئایا بەرژەوەندی ژیانی دونیاو مال و سامان خاك وەلات ئەوەی دینی هاوپەیمانی لە گەل جوولە کە دا بکەیت ؟! بەلی هەر چەندە ( ئومەیەی کوری خلف ) ئەو لە شەری بەدر دا ، زۆر خۆی دەپاراست بۆ ئەوەی نەکوژریت ، تا دەست بەسەر کرا پاشان بەدەستی ( بلال حەبەشی ) کوژرا .

( عبدالرحمانی کوری عەوف ) – خوای لی رازی بیت – دەفەرمووی : ( ئومەیەی کوری خلف ) پیشتر هاوریم بوو لە شاری مککە ، منیش ئە و کاتە ناوم ( عبد عمرو ) بوو ، کاتیك کە موسلمان بووم ناوی خۆم گۆری بۆ ( عبدالرحمان ) کاتیك کە ( ئومەیەی کوری خلف ) پیم دە گەیشت دەی ووت : ئەی ( عبد عمرو ) ئە و ناوە ت نەویست کە باوکت لی نابوویت ؟! منیش دەم ووت : بەلی . ( ئومەیەش ) دەی ووت : من ( الرحمان ) ناناسم بەلام تۆ ناویکی تر لە نیوا نماندا دابنی تا بەو ناوە بانگت بکەم تۆش بەیەکەم ناوەکەت وەلامم مەدەرەوە ، وە منیش بەناویك بانگت ناکەم کە نایناسم . ( عبدالرحمان ) دەلیت منیش ووتم : ئەی باوکی علی گەر ئارەزووت لە ناویك بوو پیم بلی و ئاگادارم بکە ؟! ( ئومەیەش ) پی ووتم : تۆ ئیتر با ناوت ( عبدالاله ) بیت ؟! منیش ووتم : باش ئیتر هەر کات بەلای دا تیپەر بوومایە بەناوی ( عبدالاله ) بانگی دە کردم منیش دە چووم لە گەلی دا دادەنیشتم ( وە منیش نووسراویکم نووسیبوو لەگەل ( ئومەیە )دا کە ئەو سامانەکەم بپاریزیت لە مککەدا وە منیشت سامانی ئەو بپاریزم لە شاری مەدینەدا )اخرجه : البخاری ۲۳۹۱.

کاتیك کە رۆژی بەدر هات تیپەریم بەلایدا وبینیم وەستا بوو لە گەل علی کوریدا وە دەستی گرتبوو و منیش هەندیك ( درع ) قەلغانی سەر سنگم کۆ کردبووەوە لەگەل خۆمم هەلگرتبوو ، کاتیك منی بینی بانگی لی کردم ، ئەی ( عبد عمرو ) منیش وەلامم نەدایەوە ، ئینجا ووتی : ئەی ( عبدالاله ) ؟ ووتم : بەلی . ووتی : وەرە دەستی من بگرە من باشترم بۆت لە و قەلغانە سەر سنگانەی کە لە گەلیتدایە ؟ منیش ووتم : بەلی . ئەرە وەللا ئیتر قەلغانەکانم فریدا ، دەستی خۆی کورە کەیم گرت ، وە ( ئومەیە ) دەی ووت : هیچ رۆژیکم وەك ئەم رۆژە نەدیوە ئایا ئیوە پیویستان بە شیرنیە ، منیش دەستی هەر دوکیانم بەدە ستەوە بوو دەم ویست لە شەرە کە دووریان بخەمەوە ) ابن هیشام فی السیر ۲۲۲/۲ ،والبیهقی فی الدلائل ۹۱/۳ .

ئ

هەر لەویدا (ئومیه ) پی ی ووتم : ئەی (عبد الاله ) ئەو پیاوە کی بوو لە ناوتاندا کە دەناسرایەوە بەوەی کە پەری نەعامەی بەسەر سنگەوە بوو ؟! منیش ووتم : ئەوە (حمزە ی کوری عبدالمطلب ) بوو ، (ئومەیە ) ووتی : ئا ئەوە بوو ئەو هەموو کارەی بەسەر هینایین ، (عبدالرحمان ) دەفەرموویت : سویند بە خوا لە نیوانیاندا دەستی هەر دووکیانم گر تبوو رام دەکیشان ، بەرەو شاخەکە بۆ ئەوەی پەنایان بدەم تاخەلکان دەخەون ، ئەوەندە پی نە چوو بیلال هەردوو کیانی بەر چاو کەوت ) اخرجه :البخاری ٢٣٠١.

بەلی (بیلال ) کە ئەوانی بینی فەرمووی : سەری (کوفر ) (ئومەیەی کوری خلف ) رزگار نەبم گەر ئەو رزگار ببیت ، (عبدالرحمان ) ئەلیت منیش ووتم : بیلال هەر دووکیان دیلی منن ، بیلالیش رۆیشت تا لای کۆمەلیکی دانیشتوی ئەنصار وەستاو ، هە تا هیزی تیا بوو بە دەنگی بەرز هاواری کرد : ئەی لایەنگرەکانی خوا سەری کوفر ئەوە (ئومەیەی کوری خلف ) رزگار نەبم گەر ئەو رزگار ببیت ، ئیتر ئەو کۆمەلە ئەنصاریە هەر هەموو هاتن بە شوینماندا ، لە هەموو لایەکەوە وەك بازن چواردەوریان لی گرتن و منیش پاریزگاریم دەکردن ، کاتیك کاتیك ترسام پیمان بگەن دەستی کورەکەیم بەردا بۆ ئەوەی سەقالیان بکەم ، پیاویك پی ی گەیشت و شمشیریکی لە قاچی کورەکەی دا و کەوت و کوشتیان و ئینجا هەر شوینمان کەوتن و (ئومەیەش ) پیاویکی قورس بوو ، ویپم ووت : خۆ رزگار بکە و باوەریش ناکەم رزگات بیت سویند بە خوا هیچم پی ناکریت بۆت ، کاتیك کە گەیشتنە سەرمان ووتم بە چۆکەوە دانیشە ، ئینجا من خۆم دا بەسەریدا بۆ ئەوەی بیپاریزم ، بەلام لەژیرمەوە بەشمشیر لییان دا ویەك لەشمشیرەکانیش بەر قاچی من کەوت ، تا هەر دووکیان کوژران ، وە (ریفاعەی کوری رافیع ) لەم بارە یەوە دەفەرموویت : کاتیك کە رۆژی بەدر بو خەلکانیك لە موسلمانان کۆبونەوە لەسەر (ئومەیەی کوری خلف ) منیش هاتم و تەماشام کرد قەلغانەکەی سەر سنگی لەژیر بالیدا پارچە یەکی لی قرتاوە و منیش شمشیریکم لیداو قەلغانەکەیم پچراند ) اخرجه : ابن کثیر فی البدایة والنهایة ٣/٢٩١ ،والبیهقی فی الدلائل ٣/١٠٠.

## چواردە هەم : شەهیدە کانی غەزای بە دری گەورە :

ئ

بەلی لە کۆتایدا قورەیش تیك شکاو سەرکەوتنی موسلمانەکان بە سەر سوپای بت پەرستان ، ئەوە بوو هەندیك لە سوپای قورەیش نا چار بوون ، خۆ بەدەستەوە بدەن خۆیان رادەستی موسلمانەکان کرد بە دیلی و دەستیان بەرز کردە وە و موسلمانەکان قول بەستیان کردن ، لە و کاتەدا پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )لە ناو کە پرە کەی دا بوو ، ( سعدی کوری موعاز ) بە شمشیرەوە لە بەر دەرگای کە پرەکە راوەستا بوو ، پاسە وانی پیغەمبەری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) دە کرد ، وە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەرنجی دا دەم و چاوی ( سعدی کوری موعاز ) هەستی کرد کە ( سعد ی کوری موعاز ) ئەم کارەی موسلمانانی زۆر پی ناخۆشە و بە دلی نیە ، بۆیە لی پرسی : ( والله لكأنك يا سعد تكره ما يصنع القوم ؟ ) واتە : بە خوا لە وە ئەچیت ، ئەی ( سعد ) ئەو کارەی خەلکەکەت پی نا خۆشە ؟ سعدیش ووتی : ئەری بە خوا ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ! چونکە یە کەم تیك شانیك بوو کە خوا بەسەر ئەهلی شیرك دا هینای ، کوشتنی ئەهلی شیرك بە لامەوە باشتر بوو لە هیشتنەوەی پیاوەکان بە زیندوویی .

بەلی ، لە جەنگی بەدر بە تیك شکانی قورەیش و سەر کەوتنی موسلمانە کان کۆتایی هات ، ئەوە بوو لە ریزی موسلمانە کان دا ( ١٤ ) کەس بوون کە ( ٦ ) شیان لە کۆچ کەران و ( ٨ ) تیان لە ئەنصارە کان، کە ئەمانە بوون :

لە کۆچ کەران ( ٦ ) کە شەهید هەبوو :

١- ( عبیدەی کوری حاریس کوری موطلیب ) .
٢- عە مە یری کوری ابي وقاص )
٣- ( ( ذوالشمالين ) کوری عبد عمری کوری نضلە ی خوزاعي )
٤- ( عاقیلی کوری بوکەیر ) لە زمانی جاهیلی ناوی غافل بووە کە بوتە ئیسلام ناوی ( عاقیل ) بوو .
٥- ( میهجەع ) کە ( بەندە ی ) ( عمری کوری خطاب ) بووە ، یە کی بووە لە وانەی کە زوو موسلمان بووە ، وە شە هیدی غەزای بە در بووە ، هەروەها لە ( عبداللە کوری عباس ) وە ریوایەتی کردووە دەفەرموویت : ( کە ( میهجەع ) ئەو پیاوە بوو ە کە خوای گەورە ئەم ئایەتە پیرۆزەی دەربارەی ناردووە کە دەفەرموویت : ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ﴾ الانعام ٥٢ .
٦- ( صەفوانی کوری وەهبی کوری رەبیعەی کوری هیلالی فیهریە ) وە ( صەفوانی بیضائي ) یش پی دەلین .

لە ئەنصارەکان ( ٨ ) کەس شەهید بوون :

ئ

١-( سعدی کوری خەیشەمە ) لە تیرەی (ئەوس ) بوو ، یە کیک بوو لە دوانزە نەقیبە کەی بیعەتی عەقەبەی دووەم ، کاریکی زۆر سەیر روویدا پیش چوون بۆ جەنگی بەدر لە نیوان ( سعد ) باوکی ( سعد ) هەردوو کیان نیازیان وابوو بچن بۆ جەنگی بەدر ، لە نیوان خۆیان قورحەیان کرد بۆ ( سعد ) دە رچوو ، باوکی داوای لە ( سعد ) کرد کە ئەو بچیت بۆ جەنگی بەدر ، بەلام ( سعد ) دوا کەی رەت کردەوە ، ووتی : بابە گیان ! ئەگەر جگە لە بەهەشت شتیکی تر بوایە وە هام ئەکرد ، واتە:بەقسەم ئەکردی ، بە لام بەهەشتە دواکەت رت دە کەمەوە !!

٢-( موبشیری کوری عبدالمونزیر کوری زەنبەر ) کە برای ( ابو لوبابەی ئەنصاری ) بوو .

٣-( زیدی کوری حاریس )

٤-( عومەیری کوری حومام )

٥-( رافیعی کوری موعە للا ) بوو .

٦-( حاریسی کوری سوراقەی کوری حاریس ).

٧-( عەوفی کوری حاریسی کوری ریفاعەی کوری سەواد )

٨-( معوزی کوری حاریسی ) یان کوری ( عفراء ) .

کەواتە لە ئەنصارەکان دا ( ٨ ) پیاو شەهید بوون ، ( ٢ ) پیاو لە تیرە ی ( ئەوس ) بوون ،( ٦ ) پیاویش لە تیرە ی ( خەزرەج ) بوون ،ئەمانەی سەرەوە شەهیدە کانی غەزای بەدری گەورە بوون .

هەروەها لە ( برائی کوری عازب ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەلە کانی لە جەنگی بەدر دا ، ( ١٧٠ ) کەس لە موشیریکان پی کا ( ٧٠ ) یان لی کوشتن و ( ٧٠ ) و یان لی بەدیل گرتن ) . اخرجه : البخاری ( ٣٩٨٦ ) .

وە ئیمامی ( علی ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( لە و جەنگە دا ( ٧٠ ) مان لە موشریکان کوشتن و ( ٧٠ ) مان لی بە دیل گرتن ) . اخرجه : احمد فی المسند ( ٩٤٨ ) .

ئ

## پانزه هەم: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تەشریفی هاتە سەر کوژراوانی موشریکانی قورەیش:

بە لی کاتێك جەنگ کۆتایی هات و تەواو بوو، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تەشریفی هاتە سەر کوژراوەکانی بت پەرستانی قورەیش، فەرمووی: (بئس العشيرة كنتم لنبيكم، كذبتموني وصدقني الناس، وخذلتموني ونصرني الناس، وأخرجتموني واواني الناس) واتە: ئێوە خراپترین کەس و کار بوون بۆ پێغەمبەرە کەتان، ئێوە بە درۆتان خستمەوە، کە چیی خەلکیی بڕوایان پی کردم، ئێوە پشتتان بەر دام، کەچیی خەلکیی کۆمەکیی یان کردم، ئێوە دەرتان کردم، کەچیی خەلکیی جێیان کردمەوە.

پاشان فەرمانی دا و رایان کێشان و و خستیانە بیریك لە بیرە کانی بەدر.

لە (ئە بوو تەلحەوە) ئە گێرنەوە –خوا لی رازی بێت– دەفەرموویت: (کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) رۆژی بەدر فەرمانی دا لاشەی (٢٤) پیاو لە ملهورانی قورەیش بهێنن و، فڕی یان بدەنە ناو بیریکی بەدرەوە، ئەوە بوو هەر چی بە سەر کۆمەلێك دا سەر بکەوتایە لەو شوێنە (٣) رۆژ و (٣) شەو ئەمایەوە، جا کە دوای جەنگی بەدر بۆ (٣) یەم رۆژ، فەرمانی دا ولاغەکەی بۆ بهێنن و بۆی ئامادە کەن، پاشان رۆیشت و هاوەلانیش بە دوای دا رۆیشتن، هە تا گەیشتنە سەر لێواری بیرەکە و، دەستی کرد بە بانگ کردنیان بە ناوی خۆیان و باوکیانەوە: (یا فلان بن فلان! یا فلان بن فلان! أيسركم أنكم أطعتم الله و رسوله؟ فإنا قد وجدنا ما وعدنا ربنا حقا، فهل وجدتم ما وعد ربكم حقا؟) واتە: ئەی فەرمووی: ئەی فلان کوری فلان! ئایا پێتان خۆشە گوی و رایەلی خوا و پێغەمبەرتان بکردایە؟ ئێمە بە راستی بە چاوی خۆمان ئەو بەلێنە مان دیی کە پەروەردگار مان پیمانی دا، جا ئایا ئێوەش بەچاوی خۆتان ئەو بەلێنەتان دیی کە پەروەردگار تان پێیتانی دا؟

(عمری کوری ختاب) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)!! فەرمایشتی چیی ئەکەی لە گەل کۆمەلە لاشەیەك دا کە گیانی تی دا نیە؟! پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (والذي نفس محمد بيده ما أنتم بأسمع لما أقول منهم) لە ریوایەتیکی تردا هاتووە (ما أنتم باسمع منهم، ولكن لا يجيبون). (متفق عليه) واتە: سوێند سوێندی بۆ خواردن کە ئەوانیش وەك ئەمانە گوی یان لی یە، ئەوەندە هەیە وەلام نادەنەوە...

ئ
به لی کاتیك که ( عوتبەی کوری رەبیعە ) یان هینا تا بی خەنه ناو بیره کەوه ( ابو حذیفه ی ) کوری له وی ئاماده بوو ، جا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) سەرنجی دا دەم و چاوی ( ابو حذیفه ) دا ئه بینی وا خەم باره و رەنگی گۆراوه ، فەرمووی : یا أبا حذیفه ! لعلك قد دخلك من شان أبیك شیء ؟ ) واته : فەرمووی : ئەی ابا حذیفه ، لەوه ئەچیت دەربارەی باوکت شتیك چوویبته دل تەوه ؟! حذیفه ووتی : نه به خوا ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) !! گومانم دەربارەی باوکم و کوژرانی نیه ، بەلام من را و نەرم و نیانی و چاکی یه کم به باوکمەوه ئەبینیی ، که هیوادارم بووم ئەوه هیدایەتی بدا بۆ سەر ئیسلام ، بەلام که دیتم چیی بەسەر هات و ، ئەوەشم هاتەوه یاد که لەسەر کوفر مرد ، دوای ئەوەی که هیوام پیی بوو، ئەوه خەباری کردم پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوعای خیری بۆ ( ابو حذیفه ) کرد ، شایەنی باسه له پیشدا باسی ئەوه مان کرد که ( عوتبەی کوری رەبیعە ) حەزی له جەنگ کردن نەبوو ، پیغه مبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) که شاهیدیی بۆ دا که ( عوتبه ) که سواری ووشتره سوورەکه یه ، خیری تیایه و گەر قورەیش به قسه ی بکەن ریگای کەلك و قازانج ئه گرنه بەر ..

هەروەها له ( عائیشه )وه –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی دا ئەو کوژراوان فری بدرینه کۆنه بیرەکانەوه ، ئەوه بوو هەموویان تی ی فری دران ، تەنها ( ئومەیەی کوری خلف ) نەبیت که پر به قەلغانی سەر سنگه کەی ئاو سا بوو ویستیان بی جوولین بەلام ئەندامه کانی لاشەی لەیەك ده بوونەوه !! وه ( موسی کوری عوقبه ) دەفەرموویت : چونکه ( ئومەیه ) پیاویکی قه لەو بوو وه رۆژەکه گەرم بوو ، وه ( ئومەیه کوری خلف ) زۆر ئاواسا بوو یان ئه ستوور ببوو ، کاتیك ویستیان فر بده نه ناو بیرەکه ستوور بوونه که ی تەقیوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : لی ی گه رین ) .اخرجه : البیهقی فی الدلائل ٢ /١١٧ .

هەر لەویدا خۆ ل و بەردیان بەسەر ( ئومەیه ی کوری خلف ) دا کرد و شاردیانەوه ).اخرجه :احمد٢٦٣٦١.

هەروەها له دوای ناشتنی کوژراوه کاندا ، به پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووترا : با به دوای کاروانه کەیان بکەوین ، بەلام رازی نه بوون ، ( ابن عباس ) دەفەرموویت : کاتیك پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) له ناشتنی کوژراوەکان بووەوه پی ووترا : پەلاماری کاروانه که بده هیچ شتیکت له بەردەمدا نیه ، عاباسی مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەدەست بەسراوی بانگی له پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کرد فەرمووی : ئەوه به کەلکت نایه ؟ پیغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( بۆ چی ) ؟ عباس فەرمووی : چونکه خوا تەنا بەلینی یه کیك لەو دوانه پی داوی ت ( سوپای قورەیش یان کاروانه که ) پی دایت و به لینه کەی خۆی بۆت جی بەجی کرد )اخرجه :احمد٢٠٢٢.

## شانزه هەم : دابەش کردنی غەنیمەته کانی جەنگ :

ئ

به لی دوای ئەوەی جەنگە کە تەواو بوو ، ( خوای گەورە ) بەلینەکەی خۆی جی بەجی کرد بۆ پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) و هاوەلانی ، وە بت پەرستان شکستیکی کەمەر شکینیان پی کەوت ، جەندین کوژراو دیل و کەول پەلی جەنگیان لە دوای خۆدا بە جی هیشت ،وە ( خوای گەورە ) کردیە دەست کەوت بۆ موسلمانەکان ، وە کەو تنە کۆکردنەوەی خەنیمەتەکانی جەنگ هەموو کە ل پەلە کانیان کۆ کردەوە ..!! هەروەها ( ابو هورەیرە ) – خوا لی رازی بیت - دەفەرموویت : ( لە کاتی رۆژی بەدر موسلمانەکان پەلەیان کرد و کەوتنە کۆ کردنەوەی دەست کەوتە کان پیش ئەوەی بزانن بۆ یان حەلالە یان حەرامە ) وە ( خوای گەورە ) ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموویت : ﴿لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ الانفال ٦٨. الطبراني في التفسير (٦١٣٨) ، و ابن كثير في التفسير ٥٦٩/١. 

واتا: خۆ ئەگەر بریاریك لە لایەن خواوە پیش نەکەوتایە کە مرۆڤ هەتا پەیامی خوای پینەگات خوا سزای نادات لەسەر ئەو شتانەی کە وەرتان گرت لە بەرامبەر ئازاد کردنی دیلە کانەوە ئەو سزایەکی زۆر گەورەتان تووش دە بوو ..!! بەلی لە سەرە تادا کەمیك جیاوازی هەبوو لە دابەش کردنی خەنیمەتە کانی جەنگی بەدر دا ، بە لی بۆ چوونی هاوەلەکانی پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) جیاواز بوو ، لە دابەش کردنی خەنیمەتەکانی جەنگی بەرد ، چونکە هەندیکیان گەنج و چالاك بوون وە هەندیکیان بە تەمەن بوون ، وەلە لایە کی ترەوە پیش جەنگەکە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بریاری ئەوەی دابوو کە هەر کەسیك دەست بەسەر هەر شتیکدا بگریت ئەوە بۆ خۆی دەبیت ، هەروەها ( ابن عباس ) –خوا لی رازی بیت- دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە جەنگی بەدر دا فەرمووی : ( من فعل كذا فله من النفل كذا و كذا ،ومن قتل قتيلا كذا و كذا ، ومن أسر اسيرا فله كذا و كذا ) واتە : هەر کەسیك ئاوا و ئاوا بکات ئەوە و ئەوەی دەدریتی ، وە هەر کەسیك یەکیکیان لی بکوژیت ئەوە ئەوەو دەدریتی ) بە بیستنی ئەم فەرموودەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) گە نجە کان بە پەلە بوون بۆ هیرش کردنە سەریان وە بەتەمەنە کان لە لای ئالاکان مانەوە ، و کاتیك خوا سەری خستن ، گە نجەکان هاتن و دوای ئەوانەیان کرد کە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دیاری کرد بوو ، لەویدا بەتەمەنە کانیان پییان ووتن : نابی هەموو تەنها ئیوە ببیەن ، چونکە ئیمە لە پشتانەوە بووین گەر ئەوان بگەرا نایەتەوە ئەوا بۆ لای ئیمە دە گەرانەوە ، ( خوای گەورەش ) ئەم ئایە تەی دابە زاند ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ الانفال ١ .

واتە: ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) پرسیارت لی دەکەن دەربارەی دەسکەوتە کان ، تۆ بلی : هەموو دەسکەوتەکان هی خواو پیغەمبەرن هەر ئەوان بۆیان هەیە بریاری چۆنیەتی دابەش کردنی بدەن ، کەواتە

ئ

لە خوا بترسن و چاكسازی نیوانی خۆتان بكەن ، مەیەلن تەماعی دنیا نیوانتان تیك بدات ، و فەرمانبەرداری خوا و پیغەمبەرەكەی بن ، ئەگەر ئیوە ئیمانداران .الطبراني في التفسير ١٣/٣٦٧ .

بەلی ئەم بۆ چوونە جیاوازەش بۆیە هاتە كایە وە لە نیوان موسلمانەكاندا ، چونكە كاتیك قورەیشی بت پەرست تیك شكا هاوەلە كانی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوونە بەسی بەش هەندیكیان لە چواردەوەری پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وە پاسە وانی بوون ، هەندیكیان بە دوای دیلە كانی قورەیش بوون قول بەستیان دە كردن ، هەندیكیان دەست كەوتە كانی جەنگیان كۆدەكردە .

لە ( عبادەی كوری صامت ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( لە خزمەت پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بووین لە جەنگی بەدر دا ، كە بەیەك گەیشتین ( خوای گەورە ) دوژمنی بەزاند ، و هەندیكمان بە شوییان كەوتین و لیمان دە كوشتن و هەندیكمان دیان بە سەر كەل و پەل و خیوتەكانیاداو دەیان گرتن و كۆیان دە كردنەوە ،وە هەندیكمان لە چواردەوری پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ماینەوە نەوەك كۆتر پر دووژمن فرسەتی لی بهینیت ، ئەوە بوو كاتیك هاوەلان كەلووپەلە كانیان كۆكردەوە بۆ چونەكانیان جیاواز بوو ، تا شەو بەسەردا هات ، هەموو هاتنەوە لای یەك و كۆبوونەوە ئەوانەی كە دەسكەوتە كانیان كۆكردبووە و ووتیان : ئیمە دەستمان بەسەر دا گرت و كۆمانكردەوە و بۆ ئیمەیە و كەسی تر بەشی تیدا نیە و ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانیدا هەر كەسیكمان هەر شتیك دەست بەسەرا بگریت ئەوە بۆ خۆیەتی ، و ئیمە دەستمان بەسەر خیوەتگا و كەل و پەلە كاندا گرت و ئەوە تەنها بۆ ئیمە بو بەشی كەسی تر تیانیە ، وە ئەوانەی كە بەدوای دووژمندا رۆیشتبوون و هیرشیان برد بووە سەریان ووتیان: سویند بە خوا ئەوە چەندە بەئیوە رەوایە ئەوەندش بە ئیمە رەوایە گە ر ئیمە نەبوینایە چۆن دەستان دەكەوت و ئیمە دووژمن مان سەر قال كرد ، راومان نان و دوورمان خستنەوە لە كەل وپەلە كانیان ، وە ئەوانەی كە بە چواردەوری پیغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) و مابووینەوە بۆ پاریزگاری كردنی ووتیان : ئەوە چەندە بە ئیوە رەوایە ئەوەندەش بەئیمە رەوایە لە چواردەوری پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ماینەوە و بەمەوە سەر قا بووین ، سویند بە خوا كاتیك لەجەنگ دا بووین لە گەلیاندا و ئەوانە بەزان و رایان كرد ، و كەل و پەلەكانیان لەو ناوەدا بە جیمان ، گەر كۆمان كردایەتەوە و بمان بردایە كەس ریگر مان نەبوو ، بەلام ترساین كوت وپر و لە ناكاو دوژمن هیرش بینیتەوە سەر پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) ئیمە وازمان لە كەل و پە لەكان هینا و پیغەمبەرمان ( صلى الله عليه وسلم ) مان پاراست ...

ئا لە و كاتەدا ( ابو لیوسری كوری عمر ) دوو دیلی بەدەتەوە بوو هات بۆ خزمەتی پیغە مبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تۆ بەلینیك دا بنی ، كە هەر كەسیك یەكیكیان لی بكوژریت : ئەوەندە بۆ ئەوە ، وە هەر كەسیك یەكیكیان لی بەدیل بگریت ئەوەندە بۆ

ئ

ئەوە ، ئەوە دوو دیلم لە گەل خۆم هیناوە ، (سعدس کوری عبادە ) هەستاو ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ئەوە نەبیت ئیمە قیامە تمان نەویستبیت ، یا خود لەدوژمن تر سابین و بەلام ئیمە لیرە ماینەوە بۆ ئەوەی نەك هەر خۆت بمینیتەوە و دوژمن بیتە بۆت وە ئەگەر تۆ هەموو ئەوانە بدەیت بەوان هیچ نامینیتەوە بۆ هاوەلانت ، ئیتر بوو بە دەمەقالە و ئەمانە وایان دەووت و ئەوان وایان دە ووت : (عبادە ی کوری صامت ) دەفەرموویت : کاتیك جیاوازی کەوتە نیوا نمان سەبارەت بە دەسکەوتەکە و خورەوشتمان ناشرین بوو ، (خوای گەورە ) لە هەمووانی سەندەوە و دایە دەستی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) پاشان ئەم ئایەتەی دابە زاند ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ الانفال ١ (عبادەی کوری صامت ) دەف رموویت : ئینجا هەموو دەست کەوتە کانمان هیناو دامان بە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) وە پاشان ئە م ئایەتە دابەزی ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللَّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ الانفال ٤١ .

واتە : ئەی ئیمانداران ئاگادارین و بزانن کە : بەراستی هەرچیە کتان دەستکەوت لە جەنگی بی باوەراند ، ئەوە بیگومان پینج یەکی بۆ خواو پیغەمبەرو خزمانی نزیکی پیغەمبەرو هەتیوان و هەژاران و ریبوارانە و چوار بەشەکەی تریشی بۆ موجاهیدانە کە لەو غەزایەدا بەشدارییان کردووە ، ئەگەر ئیوە باوەرتان هەیە بە خواو بەوەی کە دامانبەزاندوە بۆ سەر بەندەمان محمد (صلی الله علیه وسلم ) لە رۆژی جیاکردنەوەکە دا ، کە غەزای بەدرە ، ئەو رۆژەی کە هەردوو لە شکر بەرنگاری یە بوون ، خوایش بەسەر هەمووشتیکدا دەسەلاتدارە ..!! (عبادەی کوری صامت ) دەفەرموویت : پیغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم ) بە یە کسانی بەسەر هەموومانەدا دابەشی کرد و بەراستی ئەم کارە مل کەچی و گوی رایەلی بۆ (خوای گەورە ) ی تیا بوو ، و گویرایەلی بۆ پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) تیا بوو ، وە نیوانی هەموو لایەکی پی چاك بوو ، وە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) گەر هیرشی ببردایەتە سەر خاکی دوژمن چوار یە کی دەسکەوتەکەی دابەش دەکرد .. پاشان دەیفەرموو : ( لیرد قوي المؤمنين على ضعيفهم ) واتە : ئەو باوەردارانەی کە بە توانا و دەولەمەندن با لە بەشەکەی خۆیان بەشی ئەو باوەردارانە بدن کە دەس کورت و هەژارن ) .اخرجە : احمد فی المسند (٢٢٧٤٧و٢٢٧٦٢ ) ،ابن هشام فی السیرە برقم (٥٣١ ) البیهقی فی الکبیر ٦/٢٩٢.

ئ
هەروەها هەموو دەست کەوتەکان یان خەنیمەتەکان کران بە (٥) بەشە وە ، واتە: پێنج یەکی خەنیمەتەکان بۆ پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو ، وە چوار بەشەکەی تر وەك یەك دا بەش کران بە سەر موسلمانان دا ). البدایه والنهایه ابن کثیر ٣٣/٣ .

وە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ووشتریکی بە ئیمامی علی دا لە پێنج یەکی خۆی لە بەشەکەی ) . اخرجه البخاری ( ٣٠٩١وج٣٧١١ )

وە بەم جۆرە زۆر بەداد پەروەرانە بەش کراو هیچ شتێکیش لە دەسکەوتە کە نەدرا بە هیچ کە سیك پێش دابەش کردنەکە ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم شمشێرەکەی ( سعدی کوری ئەبی وەقاص ) کە پێش بەشکردنەکە هەڵی گرتبوو لە دەسکەتەکە و پێغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) دوای لی کرد کە بیگێڕیتەوە ناو دەسکەوتەکە و لەدوای دابەش کردنە کە بەر پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کەوت ئەویش بە خشیە سعد ، وەك لەم دوو رایوایەتەی دەر دەکەویت .

( سعدی کوری ابی وەقاص ) –خوای لی رازی بیت – خۆ ی دە گیڕیتەوە دەفەرموویت : ( لە جەنگی بەدر دا عومەیری برام کوژرا زۆر غەبار بووم بۆی وە ، ( سعدی کوری العاص ) م کوشت و شمشێرەکەیم هەڵگرت کە پی ی دە ووترا ( ذا الكتیفة ) هێنام بۆ لای پێغەمبە ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و پی ی فەرمووم : برۆ فرییدەرە ناو دەسکە وتەکان ، منیش چووم فریم دایە ناو دەسکەوتەکان و گەرامەوە ، و تەنها هەر خوا ئاگای لیبوو کە چەندە دلتەنگی و غەمباری روی تیکردم کە عومەیری برام کوژراوە و دەسکەوتەکەشم لی سەندرایەوە کەمیك لە ناوە دوور کەوتمەوە و خوای گەورە ( سورت =ی النفال ) ی دابەزاند پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە بەشەکەی خۆیدا فەرمووی : برۆ شمشێرەکەت هەلبگرەوە ).اخرجه :مسلم ١٧٤٨ .

وە لەم جەنگە دا پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کە ل وپەلەکەی ( ابو جهل )ی دایە ( معازی کوری عمری کوری الجموح ) . اخرجه :البخاری ٣٩٨٨ .وە شمشیرە کەی ( ابو جهل ) ی دایە بە ابن مسعود وە ك ابن مسعود خۆ دەفەرموویت : لە جەنگی بەدر دا پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) شمشێرەکەی ( ابو جهل ) ی دا یە من ) اخرجه : احمد ٤٢٤٦ .شمشێرەکەی ابو جهل ناوی ذاڤقار بوو . پێغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) دایە بە ( ابن مسعود )

وە ووشترەکە ی ( ابو جهل ) بەر پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کەوت ، وە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە ووشترەکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کردیە قوربانی لە سالی حودیبیە دا .البیهقی فی الکبیر ٢٣٠/٥ . 

ئ

ئه هەموو دە سكەوتە بە هۆی پارانەوەكەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو لە ( خوای گەورە ) كە دوای یكر هاوەلانی تیر بكات و پوشتە یان بكات و سواری ولاغی چاك بن ، وە خوای گەورە دەرگای رزق رۆزیان لی بكاتەوە لە موسلمانە هەژارە كاندا .

وەك ( عبداللە كوری عمر ی كور عاص ) –خوالی رازی بیت – دە فەرموویت : پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە دە چوو بۆ شەری بەدر لە گەل ( ٣١٥ ) لە هاوەلانی ، پارایەوە لە خوا فەرمووی : اللهم انهم حفاة فأحملهم اللهم انهم عراة فاسكهم ، اللهم انهم جياع فأشبعهم ) واتە : خوایە ئەوانە پی پەتین سورایان بكەیت ، ئەوانەروتن پۆشتەیان بكەیت ، وە ئەوانەی برسین تیریان بكەیت ،ئەوە بوو ( خوای گەورە ) دەسكەوتەكەی جەنگی بەدری بە رودا كردنەوە ، و كاتیك گەرانەوە هەموو پیاویك لەوان وشتری یان دوو وشتری لە گەل خۆی هینایەوە ، و هەموویان پۆشتە و تیر بوون ). التبرانى فى الكبير ٩٥ .

بە ل هەندی لە میژوو نووسان و زانایان رایان وە هایە كە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەست كەوت خەنیمەتەكانی جەنگی بەرد ، هەر هەمووی بەسەر موجاهیدە كان دا دابەش كردووە پینج یەكی لی وەر نەگرتووە ، پاشان ئەم حوكمە دابەزی كە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللَّهِ وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ الانفال ٤١ .بەلام رای زۆر بەی زانایان لە فەرموودە ناسان لە سەر ئەوەیە كە پینج یەكی لی جیا كردۆتەوە بۆ خۆی و و خزمانی و هەتیوان و و هەژاران و ریبواران و ، چوار لەسەر پینچەكەی تری بەسەر موجاهیدەكان دابەش كردوە ، هەروەها لە دەست كەوتە كانی بەدر پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بەشی ئەوانەشی دا كە بەشداریان نە كرد بوو ، وەك ( ئەبو لومامەی ئەنصاری ) كە ئەمیری شاری مەدینە بوو ، ( عصمی كوری عەدیی ) ئەویش ئەمیری قوباء بوو ، حاریسی كوری حاتب ) ئەمیری نەوەی عمری كوری عەوف بوو ، ( حاریس كوری صوممە )، ( خەواتی كوری جوبەیر ) ، كە لە ( روحاء ) گەرانەوە نەیان توانی ری ببرن ، وە ( تەلحەی كوری عبدالله ) و ( سعدی كوری زید ) كە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ناردی كە هەوالی كاروانەكە ی قورەیش بزاننە ، هەروەها ( عوسمانی كورعفان ) كەلە لای روقیە كچی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو ، هەروەها بەشی شەهیدە كانی جەنگی بەدریشی دا كە لە جەنگ دا شەهید ببوون ،بەشەكەی ئەوانی دا بە كەس كارە كانیان و كە شەهیدە كانی بەدر ( ١٤ ) كەس بوون بەشی هەموویان درا بە كەس و كارە كانیان ، بەل ئەمەش ئەوپەری ژیرو سەلیقە و داد و ویژادان بوو ، كە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەرهەق بە خیزانی شەهیدەكان بە كاری هینا ، تا ئەو بەریزانە پشت گوی نەخرین و مافیان پی شیل نە كری ..!!

ئ

## حەفدە هەم : مەدینە هەوالی سەرکەوتنی ئیماندارانی  پی دەگات ،

## مککە هەوالی ژێرکەوتنی بت پەرستانی پی دە گات :

کاتیك ( خوای گەورە ) سەرکەوتنی بە خشی بە موسلمانەکان ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) مژدەدری نار بۆ شاری مەدینەو دەوروبەری ، بۆ ئەوەی خەلکی شاری مەدینە بە خیرایی مژدە کەیان پی بگات ، ئەوەبوو ( عبدالله کوری رواحە )ی نارد بۆ خەلکی ( العالیە ) واتە : ( قباء ) و دەوروبەری ، وە ( زیدی کوری حاریسە )شی نارد بۆ ناو شاری مەدینە .

هەروەها جوولە کە دوو رووە کان و درۆزنەکان و مونافیقە کان ، کەوتبوونە جموجوول لە ناو شاری مەدینە بە بلاو کردنەوە هەوال و پروپاگەندەی درۆ ، زیاد لەوەش هەوالی بلاو بوونەوەی شەهید بوونی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) یان بلاو کردەوە ،کاتیك یەکیك لە دوو روو وە کان ( زیدی کوری حاریسە ) یان بینی بە سواری ( القصواء ) واتە ووشترکەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بوو ، ووتی : ئەری والله محمد کوژراوە ، ئەوەش ووشترەکەی تی ( القصواء ) یە دیناسینەوە ، وە ئەوەش ( زیدی کوری حاریسە یە ) لە ترساندا نازنیت چی بلیت و سەری شۆر کردەوە و شکاوە .

کە هەر دوو پیاوە کە گەیشتە شاری مەدینە و ، موسلمانەکان دەوریان دان ، گوییان گرت بۆ بیستنی هەوالەکە ، تا بە تەواوی دلنیا بوون ، لە سەر کەوتنی موسلمانان ، ئیتر خۆشی و شادی هەموولایەکی گرتەوە ، هەموولایەکی شاری مەدینە پر بوو لە دەنگی ( لا اله الا الله ، الله اکبر ) ئەوانەی لەشاری مەدینە بوون ، هاتنە دەرە وە بۆ سە ریگاکانی شار بە مەبەستی دل خۆشی و پیرۆز بایی لە سوپای ئیسلام دا .

لەو لاوە جوولە کەو مونافیقەکان یەکجار سەر شۆر بوون ،هە تا یە کی لە سەرۆکی جوولە کە کان ئەی ووت : ئەمرۆ ، دوای ئەوەی کە پیاو ماقوول و سەرداری هەموو خەلك و ، پادشاکانی عەرەب و خاوەنانی حەرەمی مککە کوژراون ، ناو سکی زەویی چاکترە لە سەر زەوی .

بەلی کاتیك ئەو هەوالە مژدە دەر گەیشتەوە شاری مەدینە ، موسلمانەکان لەسەر قبران بوون ، بۆ ناشتنی ( روقیە ) کچی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) چونکە پیش دەرچوونی سوپای ئیسلام ( روقیە ) نە خۆش بوو ، ئەوە بوو پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) عوسمانی کوری عفانی کە هاوسەری ( روقیە ) بوو ، لە لای بەجی هیشت ، ئەوە بوو لە کاتی گەرانەوەی سوپایی ئیسلام ( روقیە ) کۆچی دوای کرد ..!!

ئ
هەوالی گەیشتنی سوپای سەرگەردانی مككە ، كە (ابو جهل ) سەرۆكی بوو كوژرا بوو و ، زۆر بە ی پیاو ماقول و سەركردە كانی تریشی یان كوژرا بوون یان بە دیل گیرا بوون ،بۆیە هەر قورەیشی یە ك هەوللی ئە دا هەلیت و خۆی دەرباز بكات و پاشە كە شە بكان لە مەیدانی جەنگ دا ، بە و پەری شەرمەزاری ئابروو چوونەوە بە رەوە مككە را بكات ،بە و هەموو ترس لە رزووە خۆی دەر باز دە كرد و ، نەشی ئەزانی بە چ روو یەكەوە خۆی بكاتەوە بە شاری مككەدا ..!! یە كەم كەسیك كە هەوالی ژیر كەوتنی سوپای بت پەرستانی قورەیش گەیاند ، پیاویك بوو بە ناوی ( حەسەمانی كوری عبدالله ی خوزاعیی ) پییان ووت : چ دەنگ و باسیكت لایە ؟! ئەویش ووتی : (عوتبەی كوری رەبیعە ) و ( شیبەی كوری رەبیعە ) ، (ابوالحكم كوری هیشام ) واتە : (ابوجهل ) و (ئومیە كوری خلف ) لە گەل چەند سەركردە یەكی تر كە ناوی دان ، كوژراون ، كاتیك كە ناوی پیاو ما قوولانی قوریشی هەل دا ، (صەفوانی كوری ئومەیە ی كوری خلف ) لە لای حیجردا دانیشتبوو ، ووتی : بە خوا ئە مە عەقل نای گری ، ئا دەربارەی منیش پرسیاری لی بكەن . پرسی یان : ئەی (صەفوانی كور ئومیەی كوری خلف ) چی بەسەر هات ؟! ئەویش ووتی : ئا ئەوەتا لەلای حیجردا دانیشتووە ، بە خوا كاتیك كە باوك و براكەی كوژران چاوم لی یان بوو .

بەلی هەوالی ژیر كەوتنی سوپای قورەیش و تیك شكاندنی ، بەلای خەلكی شاری مككە ، یەكجار قورس و گران بوو ، چونكە هیچ بە تەمای ئەو زەلیلیی و نە گبە تی یە نە بوون ، بەلام بەرە بەرە هەوالە كەیان بۆ روون بۆوە و كە راستە سوپای بت پەرستان تیك شكاوە لە پەل و پۆ كەوتەوە هەموو سەركردە كانی كوژراون تەفر توونا بوون وە چەندین كەسیان لی بە دیل گیراوە ،ئەوانەی تریش رایان كرد ووە .

لە هەموو كەسیك زیاتر كە پی ناخۆش بوو ، سوپای قورەیش شكاوە كوژراو دیلی هەیە ، (ابو لهب ) لە هەموو كەسیك زیاتر پی نا خۆش بوو ، ئەوە بوو بیستی وا (ابو سفیانی كوری حاریسی كوری عبدالمتلیب ) كە برازای بوو ، تازە لە جەنگی بەدر گەراوەتەوە ،( ابو لهب ) بانگی كرد تا بیتە لای هەوالی جەنگە كەی بۆ بگەریتەوە ، ئەویش هاتە لای دانیشت و خەلكەكەش بە پیوە وەستان و دەرەیان لی دان .

ووتی : كوری برام ! ئادە ی هەوالم بدەری دەنگ و باسی ئەو خەلكە چۆن بوو ؟!

ئەویش ووتی : هەر ئەوەندە بوو بە موسلمانەكان گەیشتین ، ئیتر شانمان بۆ یان شل كرد و ، ئەوانیش چۆنیان بویستایە لی مانیان ئە كوشت و ، دیلیان ئە كردین ، جا سویند بە خوا ئە خۆم كە گلەیشم لە و خەلكە (واتە : قورەیشی یە كان ) نەبوو ، چونكە تووشمان بوو ، بە تووشی كۆمەلە پیاویكی بەرگ سپی یەوە ، كە سواری وەلاغی بەلك ببوون ، لە نیوان ئاسمان و زەویدا بوون ، كە بەخوا دەست بەرداری هیچ شتیك نەئەبوون ، و هیچ شتیكیش بەرگەی نە ئەگرتن .

ئ
ئەم ڕووداوە خزمەتکاری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەگێڕیتەوە کە ( ابو رافیع ) بوو ، ئەوکاتە ( ابو رافیع ) لە شاری مککە بوو ، بە نهینی موسلمان ببوو ، بەندە ی ( عباس کوری عبدالمتلیب ) بوو ، بەلی( رافیع ) لە گەل ( ام فضل ی ) هاوسەری ( عباس ) لە لای ( ابو لهب ) بوون ، کاتیك ( رافیع ) ئەمەی بیست ، ووتی : دە بە خوا ئەمانە مەلائکەت بوون، ( ابو لهب ) دەستی بەرز دە کاتەوە بە توندیی ئەی دا لەدەم و چاوی ( رافیع ) بە ئەژنۆی ئەچیتە سەری و ، دەست بە لیدانی ئە کاو ، ئەویش پیاویکی لاواز ئەبیت ، لەو کاتەدا ( ام فضل ) ی هاوسەری ( عباس ) ئامادە دەبیت ، هەلمەت ئەدا کۆلە کەیەك هەل ئە گریت و ، ئەی دا بە سەری ( ابو لهب ) وە زامیکی گەورەی لی ئەدا ، ئەلیت : بە بۆنەی ئەووەوە کە ئاغا کەی واتە : ( عباس ) لیرە نیە بە لاوازی ئە زانی ؟! ئیتر ( ابو لهب ) سەری شۆڕ ئە کات و ئەڕوات ..!!جا ( رافیع ) سویند ئەخوات ( ابولهب ) تەنها حەوت شەو ما و ( خوای گەورە ) تووشی نەخۆشیە کی زۆر پیسی کرد کە ناوی ( عەددەسە ) یە ، کە ئەو کاتە عەرەبە کان زۆر لی ئەترسان نزیکی ئەو جۆرە نەخۆشیە نە ئە کەوتنەوە ، کە مردیش هەر دوو کورە کەی نەیان ئەویرا بچن بە لای دا دوای سی رۆژ مایەوە وە لە خانووە کە بۆگەنی کرد و ، پیاویکی قورەیشی هات لۆمەی کورە کانی ( ابو لهب ) ی کرد ، ووتی : شەرم ناکە ن ؟! باوکتان لە مالە کەیدا بۆ گەنی کردووە ، بۆ چی نای نیژرن ؟ ئەوانیش ووتیان : ئە ترسین ئەو نەخۆشیە مان تووش بیت وەك باوکمان چونکە ئەگوازریتەوە . پیاوە قورەیشە کەش ووتی : وەرن من یارمەتی تان ئەدەم ، هەر لە دوورە وە بی ئەوەی لی نزیك بکەونەوە ئاوییان پی دا کرد و شۆردیان ، پاشان بردیان بۆ ژووروی مککە و پالیان دا بە دیواریکەوە و ، بەردیان لەسە ر کەلەکە کرد ..!! ئیتر بەم شیوەیە هەوالی شکست خواردووی قورەیشیان پی گەیشت لە مەیدانی جەنگی بەرد دا ،بەلی ئەم هەوالە کاریگەری زۆری کردە سەر قورەیش بۆ ماوەیەك شین و واوەیلایان دە کرد ، تا ئەوە بوو قەدەغەی شین واوەیلا بکریت بۆ مردووە کانیان ، ئەگیڕنەوە دەلین : ( اسود ی کوری عبدالمتیب ) سی کوری هەبوو ، لەجەنگی بەدر دا کوژرا بوون ،زۆر حەزی دە کرد بۆ یان بگری ، چاوی کویر بوو ، شەویك گویی لە لاوانەوەیەك بوو ، غولامەکەی نار ؟ ووتی بەلکو ئەمە خوایە ریگەی لاواندنەوەیان دابیت ، ئەری تۆ بلی ئەمە قورەیش بن بۆ کوژراوە کانیان بگرین ؟! بەلکو سا خوا ریگەم بدەن بگریم بۆ ( ابی حکیمە ) ی کورم . خەریکە جەرگم دەسوتیت ، غولامە کە گەرایەوە ووتی : ئەو لاوانەویە شینی ژنیکە بۆ ووشترە ونبوەکەی دەگری ... ( موسی کوری عوقبە ) دەفەرموویت : ( ئیتر بەم جۆرە خەلکی شاری مککە لە هەموو مالیك دا یە ك مانگ شیوەنیان گیرا ،ژنان پرچی خۆیان بری ، وە ئەسپی و ووشتری کوژاوە کانیا دەهینا دەیان وەستاندن و گریان و شیوەنیان بەدەوریاندا دەکرد ،وە لە هەموو کۆلانەکان هەر شیوەن بوون ). سیرە ابن هشام ٢/٢٣٩،البیهقی الدلائل النبوە ٣/١١٧،البدایە والنهایە ابن کثیر ٣/٣٠٨ . 

ئ

## هەژدەهەم : راویژی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) سەبارەت بە دیلە کانی قورەیش :

پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رۆژیك پیش گەیشتنی دیلە كان گەیشتەوە مەدینە ، ئەوە بوو دیلە كانی بەسەر هاوەڵانی دابەش کرد بوون ، فەرمووی بووی : ( استوصوا بهم خیرا ) فەرمانی دا بە چاكە لە گەڵیاندا هەڵسو كەوت بكەن ، لە گەڵ ئەو دوژمنە داخ لە دڵانەدا كە ئەمە یانزە ساڵە ئە كەن و پیغەمبەر و موسلمانان سزا ئەدەن ، بە لی فەرمانی دا بە چاكە لە گەڵیاندا بجوولینەوە ، هاوەڵانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مەردانە فەرمانە كەی پیغەمبەری خوا یان جی بەجی کرد .

بەڵی دوای گەرانەوەی و حەوانەوەی موسلمانان لە مەدینە کیشەی دیلەكان پیویستی بە چارە سەر كردن هە بوو ، بۆیە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) راویژی بە موسلمانەكان كرد سە بارە ت بە دیلە كان ، نەویست خۆی بریاری یەك لایەنەی لە بارەوە بدات ، چونكە ئەو دیلە نە زۆر بە یان خزمی نزیكی كۆچ كەران بوون ، و ریگە چارەی دیلە كان بەوە گەیشت كە هەندیكیان بی بەرامبەر ئازاد كران ، وە هەندیكیان بە بەرانبەر ئازاد كران ، هەروەها لە ( ابن عباس ) وە –خوای لی رازی بیت – دە فەروویت : ( پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) راویژی بە ( ابو بكر صدیق ) و ( عمری كوری خطاب ) و ( علی كوری ابو طالیب ) كرد و فەرمووی : ( یا ابا بكر و علي و عمر ما ترون في هولاء الاسری ) واتە : ئەی ابو بكر و علی و عمر ،راو بۆ چوونتان چیە سەبارە بە م دیلانە ؟ ( ابو بكر صدیق ) فەرمووی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەمانە براو ئامۆزاو كە سانی ئیمەن ، من رام وایە كە ( فدیە ) یان لی وەرگرین لە بە رامبەر دا ، تا كو ببیتە هیز بۆمان دژ بە بی باوەران ، وە بەڵكو دواتر خوا هیدایەتیان بدات بۆ ئیسلام ، ئەو كاتەدەبنە پشتیوانی بۆ ئیسلام ، پیغەمبەری خواش ( صلی الله علیەوسلم ) فەرمووی : ( ما تری یا ابن الخطاب ) واتە : رای تۆ چیە ؟ ئە ی كوری ختاب ؟! عمریش فەرمووی : نا سویند بە خوا من رام وایە بیان دەیتە دەستمان تا لە گەردە نیان بدەین ، وە ( عقیل ی ) برای ( علی ) بدەیتە دەست علی تا لە گەردە نی بدات و فلان كە س و فلان كەس واتە خزمی عمر بوون ، بدەیتە دەستم تا لە گەردنی بدەم ، وە برای حمزە ش بدیتە دەست حمزە تا لە گەردنی دبات ، وە ( خوای گەورەش ) دە زانیت كە هیچ خاترو خزمایە تیەك نیە لە دڵماندا بەرانبەر موشریكە كان ، چونكە ئەوانە پیشە واو سەركردە كانی سوپای كوفر و بت پەرستانن ، عمر دە فەروویت : پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) زیاتر مەیلی بەلای ووتەكەی ( ابو بكر صدیق ) دا بوو ، وە ئەوەی بەلاوە پەسەند تر بوو لە بۆ چوونەكەی من ...

ئ
بەلام بۆ رۆژی دوای هاتم تەما شا دە کەم پیغەمبەر(صلی الله علیه وسلم ) لە گەل (ابو بکر صدیق ) دانیشتوون دە گرین ، منیش ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) پیم راگەیەنی بۆچی خۆت و هاوەلە کەت دە گرین ، تا ئە گەر پیویستی بە گریان بوو منیش لە گەلتاندا بگریم ، وە ئەگەر پیویستی بە گریان نەبوو لەبەر گریانەکەی هەر دووکتان دە گریم ؟! پیغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم فەرمووی : دەگریم چونکە سزا دانتانم نیشان درا نزیکتر لە م درەختە لەبەر ئەو (فدیه ) و بەرانبەر کە بۆ ئازاد کردنی دیلە کان وەر تانگرت ، وە پاشان (خوای گەورە ) ئەم ئایەتی نارده خوارەوە دەفەرموویت : ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ **الانفال ٦٧** .

واتا : بۆ هیچ پیغەمبەریك نە بووە کە دیلی هەبیت ، هەتا کاتیك چاك پایەدارو جیگیر دەبیت لە زەویدا ، مەگەر کە لو پەل و شتومەکی دنیاتان دەویت ؟! لە کاتیك دا خوا (سەر فرازی و جیهانەی دەویت و قیامەتی مەبەستە و خوا بالادەستە و دانایە سەرکەوتن بە ئیمانداران دەبەخشیت و دانایە لە تاقی کردنەوە یاندا ..!! ئەو سزادانەی کە نیشانەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) درا ، و هینایە گریان ئەوە بوو کە (٧) کەس لە هاوەلانی سالی داهاتوودا دەکوژرین لە بەرانبەر (٧٠ ) دیلە کەدا ، ئیمامی علی ئە فەرموویت : جبریل (علیه السلام) دابەزیە لای پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) و پی فەرموو : هاوەلانت سەر پشك بکە سەبارەت بە دیلە کانی بە در ، کە کوشتنی ئەوانیان دە ویت ، واتە جی بەجی بکەن ، وە یان ئەگەر (فدیه ) یان ئەویت لەبەرانبەر دا ئەوا بەوینەی ئەوانتان لی دە کوژریت سالی ئاینده ؟! ) .

**اخرجه : ابن ابی شیبه : (٣٦٦٧٥ ) ،التبرانی فی التفسیر (١٦٣٠٣ ) ، البیهقی فی الکبیر ٣٢١/٦ .**

ئ

هەر سەبارەت بە راویژ کردنی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هاوەلانی سەبارەت بە دیلە كان هەر یەکەو رایە کی دە ووت ، ئیتر پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) چووە ژوورەوە و وەلامی هیچیانی نەدایە وە لە و کاتەدا هەندیك كەس ووتیان : بە قسە ی یان بەرای ( ابو بكر صديق ) دە کات ، وە هەندیکی تر ووتیان : بە قسەی یان بەرای ( عمر ) دە کات ، وە هەندیکی تر ووتیان: بە قسە ی یان بەرای عبدالله ی کوری رواحە دە كات ، پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) هاتە دەرەوە و بۆ لایان و فەرمووی : ( خوای گەورە دلی پیاوانیك نەرم دە کات لە پیناویدا هە تا نەرم تر دە کات لە شیر ، وە خوای گەورە دلی پیاوانیك رەق دەکات لە پیناویدا هە تا رەق تری دەکات لە بەرد ، ئیوە دەس کورتن و هیچ یەکیك لەوان گە ربە ( فدیە ) یان لە گەردن دان نەبیت لە دەستان دەرباز نەبیت و لە و کاتەدا ابن مسعود ووتی : تەنها ( سوهیل ی کوری بەیزا ) نەبیت ، چونکە من لە ئیسلام بوونی دا گویم لی بوو ، ئا لە و کاتەدا پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بی دەنگ بوو ، ( ابن مسعود ) دە یووت : هیچ رۆژیك نەبو لە ژیاندا وەك ئەو رۆژە زیتر بترسم لەوەی کە بەرد بەسەر من دا بباریت ، تا ئەوە بوو پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : تەنها ( سوهیل ی کوری بەیزا ) نەبیت ، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرمووی : ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ الانفال ٦٧ .

اخرجه : التبرانی فی التفسیر ( ١٢٦٥٥ )، والبیهقی فی الکبیر ٣٢١/٦ وفی الدلائل النبوه ١٣٨/٣ .

ئ

## نۆزدەهەم : ناوی هەندیك لە دیلە كانی قورەیش لە جەنگی بەدر دا :

### ١-( عباسی كوری عبدالمطلب ) مامی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم )

ابن اسحاق – خوا لی رازی بیت – دە فەرموویت : كە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) رۆژی ئیوارەی لی هات و دیلە كان دەست و پی یان بە ستراو بوو ، پیغە مبەر لە سەرەتای شەود اخەوی لی رزا هاوەلان پی یان ووت : ئەوە بۆ چی ناخەوی ، ئەی پیغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ( سمعت أنين العباس في وثاقة ) واتە : گویم لە نالەی عباس مامم بوو ، بەدست و پیی بە ستراوەوە ، ئەوە هاوەلانی دەست پیان كردەووە و ، ئەویش بی دەنگ بوو پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) خەوت .

هەروەها ئیمامی حاكم لە ( المستدرك ) دا لە ابن عمرەوە دە گیریتەوە فەرموویە تی : كاتیك كە عباس لە گەل دیلە كانی بەدر دا گیرا بوو ، ئەنصارە كان هەرەشەی كوشتنیان لی كرد بوو و، ئەو هەوالەش گەیشتەوە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەویش فەرمووی : ( إني لم أنم الليلة من أجل عمي العباس ، وقد زعمت الأنصار أنهم قاتلوه ) واتە : ئەمشەو لەبەر عباسی مامم نەخەو تووم ، چونكە ئەنصار وە هایان دەربریی بوو كە ئەی كوژن ، ( عمری كوری خەتاب ) فەرمووی : ئایا بچم بۆ لایان ؟ پیغەمبەریش فەرمووی : بە لی . ئەوە بوو عمر چوو بۆ لای ئەصارە كان پیی فەرموون : عباس بەر بدەن.

ووتیان : نا بە خوا بەری نادەین . عمر فەرمووی : ئەی ئەگەر پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی دا بوو ؟ ووتیان : دەی ئە گەر فەرمانی وە ها بی ، بی بە لە گەل خۆت ، عمر لە گەل خۆی بردیە وە ، بە عباسی مامی پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموو : ئەی عباس موسلمان ببە ؟! چونكە موسلمانی تۆم پی خۆشترە لە موسلمان بوونی خەتاب ، هەر لەبەر ئەوەش كە پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) موسلمان بوونی تۆی زۆر بە دلە ..!! لە گەل ئەوە شدا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) زۆر بۆ حالی عباس پەریشان بوو ، هەر لە گەل ئەوەشدا هەر فدیە ی لی وەرگرت بی فدیە بەری نەدا ،هەروەها عباس فدیە دا بۆ خۆی بۆ هەردوو برازاكەی دا ، بەلی ( ١٠٠ ) ئۆقیە ئالتونی دا ، بەلام كاتیك عباس دەری بری كە پارە و سامانی نیە ،بۆ ئەوەی فدیە نەدات ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( فأين المال الذي دفنته أنت و أم الفضل ، وقلت لها : إن أصبت في سفري فهذا لبني : الفضل ، وعبدالله ، وقثم ) واتە : ئەی ئەو سامانە كوا كە تۆ و أم فضل هاوسەرت شاردتانەوە و ە پی شت ووت : ئەگەر لەم سەفەرەم دا شتیكم لی هات ئەمە بۆ أم الفضل ، عبدالله و قوثمی كورم ؟ عباس ووتی : دە بە خوا بۆم دەركەوت كە تۆ پیغەمبەری خوایت ، ئەم شتە جگە لە من و أم الفضل كەس پی نە زانیوە .. !!

ئ

٢-( عقيل كورى ابو طاليب ). براى ئيمامى على بوو ، سالى فتحى مككه موسلمان دەبيت ، بەشدارى غەزاى حونينى و ، غەزاى موتەى كردووە .

٣-( نوفلي كورى حاريث كورى عبدالمطليب ). ئامۆزاى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو .

٤-( عوتبه ی كورى عمر ) هاوپه يمانى نەوەى هاشم بوو .

٥-( سائيب كورى عبيده كورى عبد الزيد ) پا پيره گەورەى ئيمامى شافعى .

٦-( نعمانى كورى عمرى كورى عقلمه ی كورى مطليب ) .

٧-( عقيلى كورى عمر ) ئەويش هاو په يمانى نەوەى عبدلمناف بوو.

٨-( تميمى كورى عمر ) كه براى عقيل بوو .

٩-( عمرى كورى ابو سفيانى كورى حرب ) . ئەوە بوو دواى جەنگى بەدر به ( ابو سفيان ) يان ووت فديه بۆ عمرى كورت بده ، ئەويش ووتى : خوينيش و سامانيش به جاريك دا نادەم !! ( حنظله ) يان كوشتووە و ، فديه ش بۆ عمريش بده م ؟ وازى لى بينن با هه تا پيان خۆشه لاى خۆيان بى هيلنەوە ،هەر لەم كاتەدا ( سعدى كورى نعمان ) كه موسلمانيكى به تەمەن بوو ، هات بۆ شارى مككه بۆ ( عەمره ) و ( ابوسفيان ) گرتى له جيان ( عمرى ) كورى ، ئەوە بوو خومانى ( سعدى كورى نعمان ) چوونه لاى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تاكو له جياتى كورەكه ی ( ابو سفيان ) بى گۆريتەوە ، ئەويش واى كرد .

١٠-( حاريسى كورى جزه ).

١١-( ابو العاصى كورى رەبيع ) كه هاوسەرى ( زينب كچى پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو ،

١٢-( ابو ريشه ی كورى عمر ).

١٣-عمرى كورى ازرەق ) .

١٤-( عوقبه ی كورى عبدالحاريس ) .

١٥-( يسار ) ، كه بەندەى عاصى كورى ئومه يه بوو .

١٦-( عدى كورى خيار كورى عدى كورى نوفل ).

١٧-( عوسمانى كورى عبدالشمس ).

ئ

١٨-( ابو عزیزی ) كه برای موصعه بی كوری عومەیره بوو .

١٩-( اسودی كوری عامیر ).

٢٠-( عقیل ) كه پیاویكی یەمەنی بوو .

٢١-( سائیبی كوری ابو حوبیش ).

٢٢-( سالمی كوری شه مماخ ).

٢٣-( عبدالله كوری حمیدی كوری زوهیر ).

٢٤-( حوەیریس كوری عبادەی كوری عوسمان ).

٢٥-( خالیدی كوری هیشام كوری موغیره ).

٢٦- ( ئومەیه ی كوری ابو حوزیفەی كوری موغیره ).

٢٧-( عوسمانی كوری عبدالله كوری موغیره ) كه هەر سی كیان ئامۆزای ( خالیدی كوری ولید موغیره ) بوون.

٢٨-( ولیدی كوری ولیدی كوری موغیره ) كه برای خالیدی كوری ولید بوو .

٢٩-( -( ابو المونزیر كوری ابو ریفاعه ).

٣٠-( ابو عطاء كوری عبدالله كوری ابو سائیب ).

٣١-( خالیدی كوری ئه علم ).

٣٢-( مطلیبی كوری حنطبي كوری حاریث ).

٣٣-( صیفي كوری ابو ریفاع ).

٣٤-( قیسي كوری سائیب ).

٣٥-( ابو وداعه ی كوری ضوبیری كوری سعید ).

٣٦-( وفری كوری قیس ).

٣٧-( حجحاجي كوری قیس ).

ێ
٣٨-( حنطلە ی کوری قبیص ).

٣٩-( عبداللە کوری ئوبە ی کوری خلف کوری وهب ).

٤٠-( ابو عیززي ) شاعیر یان ( عمری کوری عبد ) .کە پیاویکی هەژاری خاو خیزان زۆر بوو ، ووتی : ئەی پیغە مبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) خۆ ت چاك ئە زانی من سامانم نیە و ، دەست کورت و خاوەن کۆمەلیك مندالم ، یارمەتیم بدە ، ئەویش یارمەتیی دا ، بەلینیشی لی وەرگرت لە دژی ئیسلام پشت گیریی لە هیچ کە سن نەکات ، بە لینی دا بە چەند شیعریکیش ستایشی پیغەمبەری کرد ( صلی اللە علیە وسلم ) . ئەویش ئازادی کرد ، چۆوە بۆ شاری مککە ئەوەندەی پی نە چوو ، قورەیش هاتەوە سەروە خۆ زۆریان لی کرد تا جنیو هەچوو بە موسلمانان و پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بدات ئەویش بۆ ماوەیە ك خۆی راگرت ، دواتر دەستی بە جنیو هەچوو کرد ، بەلی دەستی کرد بە هیرشی شعر ووتن و هەچوو کردن ،لە دوای دا خەلکی هان دە دا بۆ جەنگی ئوحود ، هە تا کو خۆشی دووبارە بەشداری جەنگی ئوحودی کردەوە ، وە دووبارە بەدیل گیرا ، ئەم جارەش دوای لە پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کرد ، تا وە کو وەك جاری یەکە م واتا وەك جەنگی بەدر بی بەرامبەر ئازادی بکات و بەری بدات ، هەروەها پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمووی : (( لا أدعك تمسح عارضيك بمكة وتقول : خدعت محمد مرتين )). واتا: وازت لی نا هینم بچیتەوە مککە و دەست بە لا جانگت دا بینی و بلی : دوو جار محمد م هەخەلە تاند ، پاشان فەرمووی : لە ملی بدە ن ملی بپەرینن .

ووتراویشە : کە پیغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) پی فەرموو : ( لا يلدغ المومن من جحر مرتين ) واتا: ئیماندار لە کونیك دا دووجار نا گەزریت ..!

٤١-( فاکیهە ) بەندی ئومەی کوری خلف .

٤٢-( وهبی کوری عومەیر کوری وهب ).

٤٣-رەبیعە یکوری دەرراجی کوری عنبس ).

٤٤-ابو رهبی کوری عبداللە ).

٤٥-( نستاس ) بەندەی ئومەی کوری خلف .

٤٦-( ابو رافیع ) غولامی ئومەی کوری خلف .

٤٧-( عبدی کوری زمعەی کوری قیس )

ئ

## بیستەهەم : فیدیە وەرگرتن لە دیلە کانی غەزای بەدر :

ئەوە بوو یەکەم دیلی غەزای بەدر کە ( فیدیە ) لی وەر گیرا ، ( ابو وداعەی کوری زوبیری کوری سعید ) بوو ،

هەر چەندە قورەیش بریاری ئەوەی دا بوو ، کە هیچ کەس بۆ بەردانی دیلە کان و فیدیە دانیان پەلە نە کات ، بۆ ئەوەی بی منت بن لە موسلمانە کان ، هەر چەندەش لە گە ل ئەوەشدا بریارە کەیان نەبردە سەر خۆیان پی رانەگیرا و ، یەك لەدوای یەك بە دزی و لە ژیرەوە و بەهینی خۆیان دە گەیاندە شاری مەدینە بۆ بەردانی دیلە کانیان و ئازاد کردنیان بە ( فیدیە ) ئەوە بوو کوریکی ( ابو وداعە ی کوری زوربیر کوری سعید ) خۆ پی رانەگیرا و بە پەلە ری کردە شاری مەدینە بۆ بەردانی باوکی ،لەو بارەیەوە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموویت : ( إن لە بمكة إينا كيسا تاجرا ذا مال ، و كأنكم بە قد جاءكم في طلب فداء أبيه ) واتە : ئەم پیاوە لە مککە دا کوریکی ژیری هەیە کە بازرگانیکی دە ولە مەندە ،هاکا هات بەدوای فیدیە دانی باوکی دا ، بەلی کاتیك قورەیش بریاری پەلە نەکردنیان دا بۆ بەردانی دیلە کانیان ، بەلام ( مطلیب ی کوری ابو وداعە ) ووتی : راست ئە کەن پەلە مەکەن . بەلام هەر بە خۆی بریارە کەی شکاند و بە پەلە رای کرد بۆ شاری مەدینە بۆ بەردانی باوکی بە فیدیە ، ئەوە بوو بە نیوە شەو بە دزی بە نهینی لە شاری مککە دەر چوو ، خۆی گەیاندە شاری مەدینە و ، ٤٠٠٠ درهەمی بۆ فیدیە دانی باوکی دا بە موسلمانان ، بەلی ئەم پیاوە یەکەم دیل بوو کە فیدیە بۆ بدری ، دوای ئەو پیاوە ئیتر قورەیش پەلە یان کرد پارە یان نارد بۆ بەردانی دیلە کانیان ...

بە لی دوای بەردانی ( ابو وداعە ) قورەیش چاویان لی کرد و ، بەلام ئازاد کردنی دیلە کان لە فیدیە دان جیاواز بوو ، بۆیە لە لە ( ٤٠٠ ) درهەم وە تا کو ( ٤٠٠٠ ) درهەم لە فیدیە دانی دیلە کان درا بە موسلمانە کان ئەمەش بە پی جیاوازی لە دەولەمەندی و هەژاری لە خاوە نانی دیلە کاندا ، بەلی هیواش هەبوو ، ( ٤٠ ) ئۆقیە ئالتوونی لە بری دیلە کەی خۆی ئەدا بە فیدیە ، وەك ( عباس ) ی مامی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هیواش هەبوو هیچ مال و سامانیکی نەبوو ، بەلام لە بری فیدیە دانی خویندو نووسینی دە زانی ، بۆیە ( ١٠ ) مندالی مەدینەی فیری خویندو نووسین دە کرد ،هەروەها ئیمامی احمد بەسەندی خۆی لە ابن عباس وە ریوایەتی کردووە کە فەرموویەتی : هەندی لە دیلە کان رۆژی بەدر هیچیان نەبوو بی دەن لە فیدیە دا ، بۆ یە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی دا تا نووسین فیری مندالە کانی ئەنصار بکەن ، بەلام هەر کەسیش پارەی نەوبوایە و خویندەوارییشی نەبوایە ، ئەوا بەبی بەرامبەر

ئازاد ئە کران ...

ێ
بەلی لەم کاتە ناسکە دا دیلە کان ئەو فیدیە یان هاتە سەر شان ، لە سەر شانی زۆر بە یان گران ئە بوو ، چونکە هەژارو دەست کورت بوون ، بۆیە ( خوای گەورە ) قورئانی پیرۆزی نار د بۆ یان تا دل خۆشی بیت بۆیان ، کە ئە گەر ئیمان بە هینن ، ( خوای گەورە ) لە دنیاش و قیامە تیش دا چاك تر لە فیدیە یان بۆ ئەبژیریتەوە ، ئەوە تا قورئانی پیرۆز ئە فەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِمَنْ فِي أَيْدِيكُمْ مِنَ الْأَسْرَى إِنْ يَعْلَمِ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِمَّا أُخِذَ مِنْكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ **الانفال ٧٠. واتا: ئەی پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) بەو دیلانە بلی کە لەبەر دەستاندان ، ئەگەر خوا خیر لە دلە کانتاندا بەدی بکات ، ئەوە زۆر لەوە باشترتان پی دەبەخشیت کە لیتان وەرگیراوە ،ئەگەر باوەر بهینن ، لیتان خۆش دەبیت ، خوایش لی خۆش بوو میهرە بانە . بەلی ئەمەش بۆ ئەوەی تا ئیمان بهینن ، هەلبژاردنی دونیاو لی خۆش بوونی قیامەت ، بەلی بی گومان عباسی مامی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەم بەلینەی ( خوای گەورەی ) دەست گیر بوو ، ئەوە بوو عباس ئەی ووت : ( خوای گەورە ) ئەو فیدیە ی بۆ گۆریم بە بیست بەندە ، لە ریوایەتیکی تردا بە چل بەندە ، هەر هەموویان بە سامانی من خەریکی بازرگانی بوون ، وە زمزە میشی پیشکەش کردم ،مەبەستی لە ئاودانی حاجیان بوو ، کە پیم باش نیە لە بریی ئەو هەموو سامانی دانیشتوانی مککەم پی بدری ، دوای ئەوەش کە ئەوندە چاکەی دەست گیر بوو و کە رازی بوو بوو ، ئەی ووت : دوای ئەمەش هیوادارم ئەو لی خۆش بوونەمان دەست گیر ببی کە ( خوای گەورە ) بەلینی پیدام .**

**بەلی لە پیشەوە باسی ئەوە مان کرد ، کە پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) گفتوو گۆ راویژی بە هاوەلانی کرد لە سەر مەسەلەی دیلە کانی بەدر ، ئەوە بوو ( ابو بکر صدیق ) رای وا بوو دیلە کان ئازاد بکرین لەبری ئازاد کردن فیدیە یان لی وەرگیریت ، بەلام رای ( عمری کوری ختاب ) جیاواز بوو ، ئەو رای وابوو ، کە هەر هەموویان لە ملیان بدری و بکوژرین ، لە سەر ئە نجامدا پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) رای ( ابو بکر صدیق ) وەر گرت ..**

**بەلی دوای ئە نجامدانی ئەم کارە ( خوای گەورە ) لۆ مەو گلە یی ناردە خوارەوە کە نە ئە بوو پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) دیل بگریت و بە فیدیە بەریان بدات ،بەلکو ئە بوایە یەك بە یەکی ئەو دیلانەیان لە مل دابان و بکوشتایە ، تا وە کو پشتی کافرانی قورەیش بشکی ، چونکە ئەو فیدیە وەرگرتنە خۆشەویستی دونیایە ، وە ( خوای گەورەش ) قیامە تی ئەوی ، خۆ ئەگەر بەلین خوا گەورە نە بوایە لەسەر ئەو کارە موسلمانەکان تووشی سزایەکی گەورە ئە بوون ..ئەوە تا قورئان دە فەرموویت :** ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٦٧) لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ **لانفال ٦٧-٦٨ .**

ئ

بەلی کە هاوەلانی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کە ئەم دوو ئایە تانیان بینی ، دەستیان هەل گرت لە سوود وەرگرتن و کەلك وەرگرتن لەوفیدیە چونکە ئەمە لۆ مەی خوای گەورە بوو ، لە سەر موسلمانان ، چونکە خوای گەورە زیاتر مەبەستی قیامەت بوو ، نەك سوود وەرگرتنی دونیا ، ئە بوو زۆر دل تەنگ بوون بەم لۆمەیە کە بۆچی کافرانی قورەیشیان نەکوشتن لە بری کوشتیان دوای فیدیە یان لی کردن ، بەلی زۆر شەرمەزاری ئەم گلەیە ی خوایە بوون ، بەلام خوای گەورە ئایەتیکی تری ناردە خواروە و دل خۆشی دانەوە ،وە قورئانی پیرۆز فەرمانی پیدان کە ئەو غێنیمەتە بەحەلالی و پاکی بخۆن ، کە ئەفەرموویت : ﴿فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَالًا طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ الانفال ٦٩ . واتا: کە وابوو بخۆن لەوشتانەی کە دەستتان کەو تووە ، بە حەلالیکی چاك و پاك و لە خوا بترسن و ديندارین ، چونکە بەراستی ئەو خوایە لی خۆشبوو میهرەبانە .

بەلی با کەمیك باسی دووژمنانی ئیسلام دژە ئیسلامیە کان و خۆرهەلات ناسان و ریخراوە کانی بە ناو مافی مرۆڤ و ، ئەوانەی لەژیر قیناع و دوورووییدا باس لە مافی مرۆڤ دە کەیان نۆکەرانی رۆژ ئاوایی و نۆکەران جیاشە کانی ئیسرائیلی موناڤق خیانەت کار کە ئیستا زۆر بوونە پرن لە و دووژمنانە هیچ وە لاتیك نیە کە نۆکەری ئیسرائیلی لی نەبیت تەنانەت وەلاتە موسلمانەکانیش ،بە دوورگەی عەربی و افریقاو اسیاش وە ،هەر هەموویا لە ژیر پەردەوە دژایەتی ئاینی سەروەرمان و رۆشنایی چاومان پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دە کەن ،بی گومان ئەمانە زولم لە ئیسلام دە کەن لە ژیر هەر ناویك دا بیت ،چونکە ئاینی ئیسلام کە پیغەمبەر مان رۆشنایی چاومان پیشەوایەتی دەکات ، دوورە لە م تانە و تەشەنانی ئان ئەو رەخنانەی کەلی دە گیریت ئەوتا ( خوای گەورە ) دەفەرمووی : ﴿...الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ المائده ٣.

واتا: ئەمرۆ ئاین و و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و رازیم بەوەی کە ئیسلام ببیتە بەرنامەو دین و ئاینتان ،جا لە گەل بریاردانی ئەو شتانەدا کە حەرامان کردووە ، هەر کەس ناچار کرا لە گرانیی و برسیتیدا مەترسی ئەوەی هەبوو بمریت دەتوانیت لەو شتانە بخوات کە حەرامان کردووە بەمەرجیك دەست دریژکار نەبیت بە ئارەزوو ژەمی زۆری لی ئە خوات ، و خۆی تووشی گوناهو تاوان نەکات ، ئەوە بەراستی خوا لی خۆشبووە و میهرەبانە بۆ ئەو جۆرەحالەتانە ..!!

ئ

بەلی بی گومان ئاینی ئیسلام ئاینیکی حەق و راست و دروستە تەواوە بی کەموکوریە تا کۆتای دینا هیچ پیویستی بە تانە و رەخنەیەك نیە لە لایەن دووژمنانی ئیسلام ئەوەی ئیماندارى ئاینی ئیسلام بیت مەبەستم ئیمانداره و موسلمانە ، نەك بە تەنها بەوالەت موسلمان بیت بەلام ئیماندار نەبیت ، دە بیت بە تەواوی حرف و ئایەتەکانی خوا بروای هەبیت بە تەواوی فەرمووده کانی پیغەمبەرەکەی ئیسلام بروایە هەبیت ،ئیمە ئەو قسانەمان بۆ ئیماندارو موسلمانانە ، نەك بۆ موشریك کافرو مونافیقانە یان ئەوانەی دژایەتی ئاینی ئیسلام دە کەن بە موشریك و کافرو مونافیق هەلگری و شوین کەوتوانی کتابی ئاسمانی وەك جوولە کەو گاورە کان یان یهود و نصرانی ،بە لی هەندیك لە ئەو ولاتانەی رۆژ ئاوا ی مە سیحیەت ئە یانەوی ئاینی مەسیحیەت بلا بکەنەوە یان عەلمانیەت بلاو دەکەنەوە بە ناوی دیمکراسیەت و مافی مرۆڤ مافی ژنان ، رەخنە لە هەلویستی موسلمانان ئە گرن ، دەر بارەی دیلە کانی غەزایی بەدر ، رەخنە ئەگرن لەوەی کە موسلمانە کان دوو یلیان کووشتوە و ، فیدیەشیان لەوانەی تر وەرگرتووە ، بەلی ئەوانە زۆر گیل وکەم فام و نە زانن زۆر بی عەقل و قینە لە دلن بەرامبەر بە ئیسلام ، هەر ئەلی سەرنجی میژوو ی دریژی یەهود مەسیحیەت و علمانیەتی نازی و شۆرشی فەرنسایان و دردایەتی خۆیان و هیرۆشیمای یابان و لەکە لە لایەن دیمکراسی امریکاو جەنگی خاچ پەرستیان سەرنج نەداوە ، کە بەدەستی ئەوان چەند ملیۆن مرۆڤ کوژران و بەدبەخت کران و بەدیل گیران و ئاوارەو سەرگەردان بوو ، ئا ئەوتا لە جەنگی جیهانی یەکەم دووم دا بە ملۆنەها خەلك کوژران بەد بەخت کران ،بەلی بە دریژای میژوو ، تەنها بۆ سە پاندنی حکم و دەسەلاتی پر لە زولم ستەمیان ، بەلی پیش هەموو شتیك موسلمانە کان بە تە مای جەنگ نە بوون لە گەل سوپایەکی وەها گەورەی قورەیش ، خۆ موسلمانە کان هەموو سەربازە کانیان نەهاتبوون بۆ جەنگی بەدر ، هەر ئەوەندە هەبوو کە بە ویستی ( خوای گەورە ) موسلمانەکان بە چەك تفاقیکی کەمەوە هاتبوون ، بۆ مەیدانی جەنگ ئە سوپا گەورە ی قورەیشی مل هور و خوای گەورە سەر خستن ، با ئەوەش بزانیین کە ئەو سەرکەوتنە سەرکەوتنیکی خوایی بوو ،کە پیشکەشی موسلمانانی کرد ، تا کو بزانن کە خوای گەورە بەلی نیی خۆی دە باتەسەر ، با موسلمانان بە جوانی بەدایەتی خوای خۆیان بکەن ، وە نیشانەیکیش بوو بۆ زلم و ستەمی موشریکانی قورەیش کە لە پیش دا بۆ چەندین سال ئازاری موسلمانیان ئەدا بە هەموو جۆریك ،لە کوشتیان ئازرادنی جستەیی و دەروونی و برسیەتی خەلکی موسلمان لە مەدینەدا ، ئایا بۆ موسلمانەکان رەوا نیە بەرگری لە خۆیان بکەن ...

ئ
جەنگیش هەر وایە ئەوانەی ستەمی زۆر دە کەن دە بیت بە سزایی خۆیان بگەن ،هیچ جەنگی کیش نە بوو لە جیهاندا بەدریژایی میژوو گول پیشکەشی یە کتر بکەن بەلی بی گومان ئەوە سزایی خوای بوو ، بۆ کافرانی قورەیش کە ببیتە پەند بۆیان وە دەرسی لی وە وەرگرن ، تا کو بزانن ئەم ئاینە ئاینیکی پاك و پی گەردە ، ئیمان بهینن بە پیغەمبەرەکەی کە کۆتا پیغەمبەری ئاخر زمانە (صلی الله علیه وسلم ) رحمە للعالمین رحمەتە بۆ خەلکی جیهان بە گشتی ئەوەی ئیمانی پی هەبیت لە فەرمانەکانی (خوای گەورە )و پیغەمبەرە کەی دەر نەچیت باوەری پی هەبیت ،لە قیامەتی دا پاداشتی ئەدریتەوە لە سەر کردەوە کانی کە بۆ ئیسلام ئاینەکە ی کردوویەتی ..!! لە لایەکی ترەوە ئەوانە رەخنەی ئەوە لە موسلمانان ئەگرن کە ، بۆ چی فیدیەیان لە دیلە کان وەرگرت ، ئەبوایە هەر بی فیدیە ئازادیان بکرد بانە ، یان ئە لین ئەو غەنیمەتانەی مەیدانی جەنگ بەس بوو ، کە چی (خوای گەورە ) رەخنە لە موسلمان ئەگریت بۆچی نەیان کوشتن ، وەك لە پیش دا باسمان کرد ، بەلی (خوای گەورە ) رەخنەیان لی ئەگریت بۆ چی فیدیە یان لی وەرگرتن دە بوایە هەر هەموویان لە ملیان بدریت و بکوژرین ، هە تاکو پشتی قورەیش بشکا بایە ، خۆ ئەگەر (خوای گەورە ) لە بەر خاتری موجاهیدانی اهلی بەدر نە بوایە دە بوایە سزایی ئەو گوناهەیان بچە شتایە ، کە موسلمانە کان لە (٧٠ ) دیل دوو دیلیان کوشتوە ، ئەو دوو دیلەش یەکجار خراپ بوون ، وە مافی خۆیان بوو بکوژرین ، بگرە زۆربە موشریکانی قورەیش تاوان بار بوون ، بەوەی کە سیانزە سال رە بەق خەریکی سزا ئازاردانی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) و موسلمانان بوون ، بەبی ئەوەی تاوانیکیان ئە نجامدا بیت ، بەلی ئەو نەفام و گیل بی عەقل و کەم تەمەن کە بی مەعریفەت و نەزان و ملحیدانە رەخنە لە خۆیان نا گرن کە میژووی پر لە ستەمە کەی خۆیان لە یاد کردووە یان نەیان خویندووە ، نەزان و کەم فام و دوو روو موناففیقن ئە ئاست میژووی خۆیاندا ، بەلی کە بەناوی سەلیب و مافی مرۆڤ جەنگی خاچ پەرستی چ زولمیك لە موسلمانان دە کەن بە ئیستا شەوە ، لە ژیر پەردە ی دژە تیرۆ ناویکی خاچ پەرستی دژ ئیسلامی سەردەمە بە ناوە وە هاتوون دژایە تی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دە کەن ، وە کوشتن و برین ترس و ئازاردا ن زیندانی کردن و دلە راوکی لە ناو موسلمانان بی اخلاقی و بلاو بوونەوەی بەد رەوشتی خۆیان بە ناوی بلاو بوونەوەی مەسیحیەت تبشیر کردن یهودیەتی ریخراوی ماسۆنیکی ریخراوەکانی هەوال گەری و جاسوسی ئیسرائیلی لە هەموو جیهاندا ،هەر ئەوە بوو بەناوی خاچ پەرستی مەسیحی لەوەلاتی شام جەندین جەنگ و ئاژاوەیان نایەوە ، ئەوە بوو (صلاح الدین ایوبی ) کە سەرکردە ی کوردی موسلمان بوو لە ژیر سایە ئەو فەلەستینی یان قودسی ئازاد کرد ، تا وە کو خاکی موسلمانا پاك بکاتەوە لە ئەو چلکنە پیسانە بخاتە ناو دەریا لە کۆل موسلمانان بکاتەوە ...

ئ
یان لە بیریان چوو ە ئە م ئاژاوەی سالانی ٩٠ کان سالی دوای ٢٠١٤ چ ئاوە یەکیان لە وەلاتی سوریاو عیراق نایەوە، بە ناوی دژە تیرۆر ، چەندین خەلکی بی تاوان ژن و مندالیان کوشت چە ندین هەزار کەس ئاوارە بوون ،ئەوانە هاتن چە کە کانیان تا قی کردەوە لە رۆژ هەلاتی ناوەراست لە خەلکی بی تاوان و ژن و مندال دا ، یان ئەو قەساب خانەی کە مەسیحیە کان بۆ برا هاو دینە کانی خۆیان دروست کرد کە پی ئەلین : ( قەساب خانەی سان بارتلمی ) بە خالیکی ناشرینی میژووی مەسیحەیەت دا ئەژمیریت و بە هیچ شتیك پینە ناکری ، بەلی ئەم قەساب خانەیە بە شەو دا ئە نجامدرا ، ئە وە بوو فرقەی کاسوولیك دەستیان بە سەر برینی پرۆتستانیە کان کرد ، لە فرسا لە پاریس دا ئە نجام درا بەلام بەو پەری نامەردیەوە کردیان دیارە لە بیریان چووە ئەو میژووە ...!!

ئ

## پیلانی تیرۆر کردنی پیغەمبەری خوا ﷺ لە لایەن ( عومەیرەی کوری وهب ) و ( صەفوانی کوری ئومەیە )

لەدوای غەزای بەدر بە چەند رۆژیك ( عەمەیرە ) لە گەل ( صەفوانی کوری ئومەیە ) پیکەوە دانیشت بوون و باسی لی قەومانی رۆژی بەدر یان دەکرد ، ( عەمەیرە ) ووتی : بە خوا ئەگەر لە بەر ئەوە نەبوایە قەرزارم و نیمە بیدە مەوە و ، خاوەنی مال و مندالم و ئەترسم دوای خۆم بفەوتین ، سواری ولاغە کەم ئە بووم دە چووم محمد م ئەم کوشت !! وا کورەکەم لای ئەو بە دیل گیراوە ، ( صەفوانی ) قینە لە دل و ریوی و تەلە کە باز ئەم دەر برینەی ( عەمەیرەی ) بە هەل زانی و پی ووت : قەر زە کەت لە سەر من ، من بۆ ئەدەمەوە !! وە مال و مندالە کە شت لە گەل مال و مندالی من چاودیری دە کەم هیچ کەم و کورتیا کیان نەبیت و تریغی لی ناکەم و دەیان پاریزم وەك مندالە کانی خۆم !! ( عەمەیرە یش ) بە ( صەفوانی ) ووت : ئەمە ئاشکرا مەکە ، ئەویش ووتی : باشە !!

پاشان ( عەمەیرە ) فەرمانی دا شمشیرە کەیان بۆ تیژ کردەوە ژەهراویان کرد بۆ کوشتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەلی پیلانیان دان لە گەل ( صەفوان ) بۆ تیرۆر کردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ( عەمەیر ) دوای پیلان دانان کەوتەری بۆشاری مەدینە بۆ کوشتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەلی ( عەمەیرە )کەوتەری هە تا گەیشتە شاری مەدینە .

لە ( ئەنسی کوری مالیك ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( عەمەیری کوری وهب جومەحی ) لە موشریکە قورەیشە کان بوو هات بۆ جەنگی بە در و بەشداری کرد ،وە ئەو لە کوژراوە کاندا بوو ، و پیاویك بەلای دا تیپەری شمشیریکی لیدا .. وازانی کوژراوە و بە و شمشیرە بریندار بوو و کە شەوی بەسەر دا هات و تاریك بوو بە هەر چۆنیك بیت خۆی گە یاندەوە شاری مککە وە برینە کەی چاك بووەوە ).

ئ

هەروەها (عورووەی کوری زوبێری زوهری) –خوا لێ رازی بێت – دەفەرموویت : (دوای گەرانەوەی موشریکەکان لە بەدر و کوشتنی هەندێکیان ، (عەمەیرەی کوری وهب) یەکێك بوو لە پیاوە کوژراوە کانی قورەیش و دیسان یەکێك بوو کە ئازاری پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی دەدا لە شاری مککە ، وە کورەکەی (عەمەیریش) بە دیل گیرا بوو لە جەنگی بەدر دا ، جارێکیان (عەمەیر) و (صەفوان) بە یەکەوە لە (الحجر) دانیشت بوون ، هەر دوو لا باسی کوژراوە کانی بەدر ئەوانەی کرانە ناو بیرەکە و شکستە کەیان دەکرد ، (صەفوان) ووتی : سوێند بە خوا ژیان تاڵ بووە لە دوای کوژراوە کانی بەدر ؟!

(عەمەیریش) پێ ووت : بەڵێ راست ئەکەیت . سوێند بە خوا ژیان خۆشی تیا نە ماوە دوای ئەوان ؟! هەروەها (عەمەیر) ووتی : سوێند بە خوا لەبەر ئەوە نەبێت کە قەرزارم و هیچم لانیە تا بیدە مەوە ، و خێزانەکەم دەترسم لە دوای خۆم دا تیا بچن ، وە هیچیشم نیە تا بۆیان بە جێ بهێلم ، ئەگەر لەبەر ئەمانە نەبوایە ئێستا بەریدەکەوتم تا دەچوومە لای محمد و هەر ئەوم بەر چاو بکەوتایە دەم کوشت ،چونکە من بەڵگەیەکم لای ئەوان هەیە دە توانم بیکە مە پاساو بۆ خۆم ، ئەویش کورەکەمە کە لای ئەوان دیلە ، وە دە لێم : هاتووم بۆ لای کورە دیلە کەم ، (صەفوانیش) پێ ووت : ئەی دوای ئەوە چی دەکەیت ؟

(عەمەیریش) پێ ووت : دە چم دەی غافلینم و لە نا کاو بە شمشێر لێ ی دەدەم و پاشان بە سواری وڵاغە کەم خۆم دەرباز دەکەم و نایە لم کەس پێم بگاتەوە ، (صە فوانیش) ئە ساویکەیی (عەمەیری) بە هەڵ زانی و دڵ خۆش بوو بۆ قسە کەی و پێ ووت : تۆ ئەم کارە ئە نجام بدە من قەرزەکەت بۆ دەدەمەوە وە منداڵە کانت دە هێنم با لە گەڵ منداڵە کانی خۆمدا بن خەرجی هەر دووڵایان جێبەجێ دەکەم و نایەڵم لە نەزانێت و پاشان (صەفوان) هەستا بۆ ئامادە کردنی (عەمەیر) ئەوە بوو هەموو پێدا ویستیەکی بۆ دابین کرد وفەرمانی دا شمشێرە کەی عەمەیر تیژ و ژەهراوی بکرێت ، دوای ئەوە عومەیر بەری کەوت تا گەیشتە ناو شاری مەدینە ، لەو کاتەدا (عمری کوری ختاب) لە ناو کۆمەڵێك موسڵماندا بوو باسی جەنگی بەدریان دەکرد کە چۆن خوا ریزی لێ گرتن و شکۆمەندی کردن و دوژمنەکەیانی نابوت کردووە ، کاتێك (عمری کوری ختاب) تەماشای (عەمەیرەی کوری وهب) ی کرد بە سەر پشتی وڵاغەکەیەوە واهات لە بەردەم مزگەوتدا لایدا و ، ووشترە کەی یخ پێ لێ داو بەستیەوە ، و (عەمەیریش) شمشێرە کەی بەملەوەیە بەرە و لای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەچێت ، (عمری کوری ختاب) کە بینی شمشێرەکەی پس یە ترساو ووتی : ئەو سەگە دوژمنی خوایە ئەوە (عەمەیرەی کوری وهب) کە دژمان وەستاو ئێمەی سەر ژمێر کرد لە رۆژی بەدردا سوێند بە خوا ئەوە تەنها بۆ خراپە هاتووە ، پاشان (عمری کوری ختاب) هەستاو چووە ژوورە وە بۆ لای پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ...

ی

ئەوە دوژمنی خوا یە ( عەمەیرەی کوری وهب ) وا بۆ مەزگەوت دیت و شمشیری پی یە ئەوە خراپکاری غەدارە متمانەت پی ی نەبیت ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : برۆ بیهینەرە ژوورە وە ، ( عمری کوری ختاب ) رۆیشت و قایشە کەی هەلگری شمشیرەکە ی عەمەیرەی کوری وهب ) ی گرت وە لە ملیەوە دای پچراند ، بە پیشی خۆی داو ، بە چەند کە سیکی ئەنصاری ووت : کە لە گەلیدابوو ئیوە بچنە ژوورەوە و لە چواردەوری پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم دانیشن و زۆر وریابن ، چونکە ئەم پیسە متمانە پی نەکراوە ، پیاویکی غەدارو خراپەکارە و گومانم لە هاتنەکەی هەیە !! پاشان ( عەمەیرەی کوری وهب ) بردە ژوورەوە بۆلای پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ( عەمەیرەی کوری وهبی ) بینی پەتی شمشیرەکەی کە ( عمر ) بەملیەوە پچراندووە و بەتوندی گوشیوە فەرمووی : بەریدە ئەی ( عمر ) تۆ نزیك بەرەوە ئەی ( عەمەیرە )..!! ( عەمەیرەش ) لی نزیك بووەوە ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ووتی : بەیانیتان باش( ئەوەش سلاوی جاهیلیەکان بوو لە نیوان خۆیاندا ) پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( قد اكرمنا الله بتحية خير من تحيتك يا عمير وجعل تحيتنا السلام وهي تحية اهل الجنة ) واتە : خودا ریزی لی گر تووین و سلایکی چاکتری لە سلاوەکەی تۆ پی بە خشیوین ئەویش ( السلام ) سلاوی اهلی بەهەشتە ، ( عەمەیریش ) ووتی : سویند بە خوا ئەی محمد من تازە ئەمەم زانیوە ؟!

پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ( قد ابدلنا الله خيرا منها فما جاءبك يا عمير ) ؟ واتە : خوا سلاوەکەی بە باشتر بۆ گۆریوین ، چی تۆ هیناویەتە ئیرە ؟! ( عەمەیریش ) ووتی : هاتووم بۆ ئەوەی دیلە کە لەژیر دەستتانایە نزیکم کەنەوەی لی و چاك بن لەگەلیدا و دیلە کانمان بۆ ئازاد بکەن ئیوە خزم و کەسی ئیمەن ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئەی ئەو شمیرە بۆ لە مل دایە ؟!

( عەمەیریش ) ووتی : ئەوە بیرم چوو لەملمدا کاتیك دابەزیم ئەوە پەندی تیایە بۆ من ، خوا شمشیرە کانمان قیزە وون کات هیچ سوودیکیان پی نە گەیاندووین ، ئیمە لە جەنگی بەدر دا هەلمان گرتبوو بەلام کەلکیان نەبوو و ئیمەش سەرکەوتوو نەبووین ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : راستم لە گەل دا بەلی چی تۆی هیناوەتە ئیرە ؟! ( عەمەیرەیش ) ووتی : تەنها بۆ ئەو کارە هاتووم ...

ێ

پیغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئە ی ئەو قەول و گفت و بەلینە چی بوو کە دات بە (صەفوانی کوری ئومەیە ) لە (الحجر) دا ؟! (عەمەیریش) ترساو ووتی : هاها چیت ووت : کام بەلینەم داوەتی ؟! پیغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئەوە نەبوو تۆ و (صەفوانی کوری ئومەیە ) لە (الحجر ) دا دانیشتن و باسی کوژراوەکانی قورەیشتان کرد ، کە فری درانە ناو (القليب ) پاشان تۆ ووت : گە ر لەبەر قەرزاری و مندالەکانم نەبوایە دەچووم تا محمد م دە کوشت و (صەفوانیش ) بریاریدا کە قەرزەکانت بۆ بداتەوە و مندالەکانت بۆ بە خیو بکات و چاودیریان بکات ،بەمەرجیك تۆ منی بۆ بکوژیت ، وە (خوای گەورە ) ری گرە لە نیوان تۆ و ئەو کارەدا ، (عەمەیریش ) ووتی : (اشهد ان لا اله الا الله وانك رسول الله ) هەروەها پاش شهادە دانی (عەمەیر ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )

ئیمە پیشتر تۆمان بە درۆ دە خستەوە ، و بەدرۆمان دەزانی کە هەوال و (وحی ) ت بۆ دیت لە ئاسمانەوە ، دە بە خوا ئەم قسەو رووداوەش تەنها لە نیوان من صەفوان دا بووە ، لە (الحجر ) وە هیچ کەسیکی تر ئاگای لی نەبووە تەنها من ئەو نەبیت ، سویند بە خوا من دەزانم هیچ کەسیك ئەم هەوالەی پی نەگەیاندویت تەنها (خوای گەورە ) نە بیت ..!! منیش باوەرم هینا بە خوا بە پیغەمبەرە کەی وە سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەم شیوەیە رینموی کردم بۆ ئیسلام ، ئیتر موسلمانانیش زۆر دل خۆش بوون بە موسلمان بوونی (عەمەیر ) هە تا (عمری کوری خەتاب ) پی ووت: سویند بە خوا ئەو هات لە بەراز زیاتر رقم لی ی بوو ، ئەوە تا تا ئیستا لە مندالەکانم خۆشەویسترە لام ، پیغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) بە (عەمەیری ) فەرموو : دانیشە (عەمەیر ) تا کۆمەکیت بکەین وە بە هاوەلە کانی فەرموو : ئەم برا یەتان لە ئاینەکەی تیگەیەنن ، و قورئانی بۆ بخوینەوە و دیلە کەی بۆ ئازاد بکەن ، هاوەلانی ئەوە یان بۆ جی بەجی کرد و پاش ماوەیەك (عەمەیر ) هاتە خزمەت پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا من پیشتر بە هەموو توانایەکمەوە تی دەکۆشام بۆ کوژانەوەی رووناکیەکەی خوای گەورە (واتە ئاینی ئیسلام ) و زۆر بە تەندی ئازاری ئەو کەسانم دەدا کەموسلمان دەبوون وە ئەمرۆ من پیم خۆشە ریگەم بدەیت تابگەریمەوە شاری مککە و بانگیان بکەم بۆ لای خوا و پیغەمبەرەکەی و ئاینەکەی بەلکو خوای گەورە هیدایە تیان بدات و رزگاریان بکات لە لەناو چوون ، گەر واش نەکەن رەخنە لە ئاینەکەیان دەگرم و ئازاریان دەدەم وەك چۆن پیشتر ئازاری هاوەلەکانی تۆم دەدا !! پاشان پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) ریگەی دا (عەمەریش ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) (عەمامەکە واتە :جەمەدانیەکەت ) بدەری وە نیشانەیەك؟! پیغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) عەمامەکەی خۆی پی دا پاشان رۆیشت و بەری کەوت بەرەو شاری مککە ...

ئ

( صەفوانی کوری ئومەیە ) هەر لەو کاتەوە کە ( عەمەیر ) دەرچوو بوو بۆ مەدینە دەهاتە شوین دانیشتنە کانی قورەیش ، بە قورەیشە کانی دە ووت : مژدە بیت بەم نزیکانە هەوالی رووداویکتان پی دەگات ئازارەکانی جەنگی بەدرتان لە بیر دە باتەوە ، ( صەفوان ) بەردەوام پرسیاری لە هەموو کەسیك دەکرد کە لە مەدینە وە دەهات : ئایا لە مەدینە هیچ رووی داوە ؟! چونکە ( صەفوان ) زۆر دلی بە بەلینەکەی ( عەمەیر ) خۆش بوو تا ئەوە بوو پیاویك لە مەدینەوە هات و پرسیاری ( عەمەیری ) لی کرد ؟! پیاوە کەش پی راگەیاند : کە ( عەمەیر ) موسلمان بووە ، ئیتر قورەیشەکان نەفرەتیان لی دەکرد و دەیان ووت : ( عەمەیریش ) بی دین بووە ، ئیتر صەفوان سویندی خوارد کە هیچ سودیکی پی نەگەیەنیت وە بە هیچ جۆریك قسەی لە گەلدا نەکات ، ( عەمەیریش ) کاتیك گەرایەوە مککە وە دەستی کرد بەبانگ کردنی قورەیش بۆ لای خوا و چوونە ناو ئاینی ئیسلامەوە و بەتوندی بەر هەلستنی لەوانە دەکرد کە لە رووبدا دەوەسان ، تا کەسانیکی زۆر لەریگەی ئەوە وە موسلمان بوون )

اخرجه : الترانی فی الکبیر ( ١٧ )برقم ( ١٧الج١٨الج١٩الج١٢٠ ) ابو نعیم فی الدلائل برقم٤١٣ ،والبیهقی فی الدلائل ٤٧/٣، ابن هشام فی السیر ٢٥٤/٢ ، ابن کثیر في البداية والنهاية ٣٨١/٣ . 

## تایبەت مەندیەکان و پلەو پایەی ئەهلی بەدر

بەلی لەبەر گرنگی غەزای بەدر ، ئەوانەی کە بەشداری یان تی دا کرد ،بوون خاوەنی پلەو پایە یەکی یەکجار بەرز ، چونکە لە راستی دا غەزای بەرد خالیکی ورچەرخان بوو تا بانگی ئیسلامی و هیزی موسلمانان بەریتە ئاستیکەوە کە ئیتر جاریکی تر هیزی کوفر دەستی بەسەریاندا نەروات ،بەم بۆنەوە ئەهلی بەدر بوونە خاوەنی پایە و پلەیەکی وە ها بەرز لە دونیاو قیامەت دا کە هیچ کەسی تریان نەگاتی.

**یەکەم: گەیشتن بە بەهەشتی ( خوای گەورە ) و فیردوسی بەرزو بەلند :**

بخاری لە صحیحە کەی دا ، حمیدەوە ، ریوایەتی کردووە کە دەفەرموویت : گویم

لە ( ئەنسی کوری مالیك ) – خوا لی رازی بیت – دە فەرموویت : لەرۆژی بەدر دا ( حاریث کوری سوراقە ) کە مندال بوو ، لە جەنگی بەدر دا شەهید بوو ، دایکی هاتە خزمەتی پیغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەزانی کە ( حاریث ی کورم ) چەند خۆشەویست بووە بەلامەوە ؟!، شایەنی باسە ( دایکی حاریث ) ناوی ( روبیعي کچي نضري ) واتە : ( نضر مامی ئە نسي کوری مالیك بووە ) بەلی ووتی : جا ئەگەر لە بە هەشت دا بی ئەوا ئارام ئەگرم و ئەجر و پاداشت لە خوای گەورە دوا دەکەم ؟! خۆ ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەبینیی چی ئەکەم ؟! فەرمووی : ( ويحك ، أو هبلت – أی ثكلت – أو جنة وا حدة هي ؟! إنها جنان كثيرة ، وإنه في جنة الفردوس ) وفي رواية ( إن إينك أصاب الفردوس الأعلى ) واتە: مالت ئاوابی ، یان رۆلە رۆ بکەیت ، یانی یەك بەهەشت بیت ؟! بەهەشتی زۆرن و ، کورەکەی تۆش گەیشتۆتە فیردوسی ئەعلا ) .

حافیظ ابن کثیر –خوا لي رازي بیت – دەفەرموویت ( ئەمە وریاکردنەوەیە کی گەورەیە ، یان مژدەیە کی زۆر دل خۆش کەرە یان فەزلیکی زۆر گەورە یە ، بۆ ئەوانەی اهلی بەدر ، چونکە ئەو کورەی ( روبیعە کچی نضر ) واتە: ( حاریث کوری سوراقە ) لە مەیدانی جەنگ نەبووە ، بەلکو لە دوورەوە سەیری جەنگی کردووە ، ئەمەش بە هۆی کەم تەمەنیەوە بووە ، بەلکو لە دوورەوە تیریکی ویلی پی کەوتووە ، لە گەل ئەوەشدا بەم هەلویستە ی فیردوسی دەست کەو تووە .

فیردوسی ژوورووی بەهەشتەکانە ، و رووبارەکانی بە هەشت لە وی هەلدە قولین ، وە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی بەسەر ئومە تەکەی داوە کە ئەگەر لە خوا بۆ بەهەشت پارانەوە ، با دوای فیردوس بکەن ...

پرسیار: ئەگەر کەسیکی ئەوا ئەمە حالی بیت ؟! ئەبی ئەوەی لە بەرامبەر دوژمن حالی چۆن بیت ؟!

ێ

**دووەم: چاوپۆشی لە گوناهو تاوانی بچووك :**

**ئە هلی بەدر ، هەر چی ئەکەن با بی کەن ، چونکە خاوەنی نازن و خاوەنی خزمەتیکی وەها گەورەن ، کە بە هیچ گوناهیك نا شۆرریتەوە .**

**بخاری و مسلم لە هەردوو صحیحە کەیان دا چیرۆکی ( حاطبي کوری ابو بلطعە ) و نامە ناردنی ، بۆ دانیشتوانی مککە یان ، لە سالی فتح دا ، ریوایەت کردووە ، کە تیدا هەوالی ئەوە یان ئەداتی کە پیغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) نیازی گرتنی شاری مککەی هەیە و ، ( عمری کوری ختاب ) لە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دوای ئیزن و یان مولەت دەکات ، تا لە ملی ( حاطب ) بدات ، چونکە نا پاکی بەرامبەر بە خوا و پیغەمبەرە کەی ( صلی الله علیه وسلم ) کردووە ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموو : ( أليس من أهل بدر ؟! لعل الله أطلع إلى أهل بدر فقال : أعملوا ما شئتم فقد غفرت لكم ) واتە : ئەی ( حاطب ) ئەهلی بەدر نیە ؟! لەوانیە ( خوای گەورە ) بە ئەهلی بەدری فەرموویت : چی ئەکەن بی کەن !! من لیتان خۆش بووم . بەلی ئەوە بوو هەردوو چاوی ( عمری کوری ختاب ) پر فرمیسك بوون ، وە فەرمووی : خوا پیغەمبەرە کەی چاکتر ئەزانن .**

**سی یەم: بەدریە کان چاك ترین بەشی موسلمانانن:**

**بخاری لە صحیحە کەی دا ریوایەتی کردووە کە : جبریل ( علیه السلام ) دیتە خوارەوە بۆ خزمەتی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و ئەفەرمووی : ئەهلی بەدر لە ناوتاندا چۆن هەل ئەسەنگینن ؟ یان چۆن لە قەلەم ئەدەن ؟ فەرمووی : ( من افضل المسلمين ) واتە :لە چاك ترینی موسلمانان یان ووشەیەك لەم جۆرە ، جبریل ( علیه السلام ) فەرمووی : هەروەها ئەو مەلائکەتانەیش کە ئامادەی بەدر بوون . ابن كثير في البداية والنهاية ٣٢٨/٣. بەلی ( خوای گەورە ) پاداشتی گەورەی بەخشیوەتە ئەو موسلمانانەی کە لە جەنگی بەر دا بەشدار بوون ، چونکە لە هەر چاکە کانی موسلمانان و فریشتە کان لەم جەنگە دا بەشدار بوون ، وە پیغەمبەری خوا ش ( صلی الله علیه وسلم ) مژدەی هەر گەورەی بەخشیوتە بەشدار بوانی غەزای بەدر . لە ( جابر ) وە گیراویەتەوە کە لە پیغەمبەرەوە فەرموویەتی : ( لن يدخل النار رجل شهد بدرا او حديبة ) واتە : هەرگیز نا چیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە پیاویك بەشداری کردبیت لە بەدر یان لە حودیبە دا .**

**اخرجە :البخاری ( ٣٩٨٣ ) ،ابن ماجه ( ١٦٠ ) ،ابو داود ( ٢٦٥٠ ) .**

## گرینگی و تایبەت مەندیەکانی غەزای بەدری گەورە

ئ

یەکەم: موسلمانە کان لە رووی سەر بازیەوە بوونە خاوەنی  وورەو هیزیکی یەکجار زۆر ، لە ناوچە کەدا ، خەلکی شاری مەدینە و دەورو بەری و ناوچە کەی دوورگەی عەرەبی ، سەنگ و قورسایی هیز تاییە تیان بۆ دانا ، چونکە لە  پیش جەنگی بەدر هەر هۆزو کۆمەلیك نیازی داگیر کردنی شاری مەدینە بکرد بوایە ئەوا لەدوای جەنگی بەدر پاشگە ز بووە ،بەلی بی گومان تاقی کردنەوەیەکی سەر بازی سەر کەوتووی بی وینە بوو لە ژیانی موسلمانەکاندا ، وە دەست کەوتنیکی پاش بوو ، بۆ ئەو گەمارۆ ئابووری یە سەر شاری مەدینە ، بەراستی جەنگی بەدر سەر کەوتنیکی یەك جار گەورە بوو ، بۆ موسلمانەکان بەشایەتی هەموو عەرەب و نیمچە دوورگەی عەرەبی ،وە شکستیکی کەمەر شکین بوو بۆ قورەیش لە ناو چە کەدا لەرووی سەربازیەوە ،

دووەم: ئیش و ئازارو خەم و خەفەتیکی زۆر زۆری دا بە دلی بت پەرستانی قورەیش ، بەلی بە بۆنەی کوژراوە کانیان و بەدیل گیراوە کانیان  زمداربوونی سەربازە کانیان و ، یان دەست بەسەر داگرتنی کەلو پەل و مال سامانیان لە م جەنگە دا ، هەتا ئەوە بوو ( ابو لهب ) دوای بەدر لە خەفەتان زۆری پی نە چوو تووشی نەخۆشەیەکی دەگمەن هات ، هەر بەم نە خۆشەیەش وەك سەگ تۆپی ، وە ( ابو سفیان ) کوریکی کوژرا کوریکیشی بەدل گیرا ، یەك بە یەکی مالەکانی شاری مککە شوەنی تیدا بوو،

سی یەم : بەلی ئەم سەرکەوتنەی غەزای بەدر ، جوولە کەو موناڤیق و موشریك و بت پەرستانی قورەیشی دا چلە کاند ، ئەو تنە بیر کدرنەوەی ئەوە کە ، ئەو پیاوە واتە: پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە ، لە ناو کەس و کاری خۆی دەرباز بوو چونکە موشریك بت پەرست بوون دژایەتی دینی خوا یان دە کرد ،وا ئیستا رۆژ بەرۆژ هیز و دە سەلاتی زیاد دە کات بە هیز دە بیت ، وا خەریکە ببیتەسەرداری هەموو ناوچە کەی نیمچە دوورگەی عەرەبی .

چوارەم: ئەم جەنگە وریا کەرەوەیەکی زۆر بەهیز بوو ، بۆ جوولە کەو  موناڤیقە کانی شاری مەدینەو دەوروبەری دا ، هەتا بووە هۆی موسلمان بوونی ئەو دوورووانەش بەراستی لە شاری مەدینەدە ، بەلام ئەوانەی لە گەل ( عبدالله کوری سەلول ) بوونی موسلمان بوونی خۆیان ئاشکرا کرد بەلام بە دوو روویی ،هەتا وەکوو موشریك ئەوانەی لە گەل ( عبداللەی کوری سەلول بوون ) ووتیان : دینی ئیسلام لە ناوچە کەدا جیگیر بوو ، جوولە کە ش لەدوای جەنگی بەدر ئەوتنە ئاژاوە نانەوە دژایەتی کردنی ئاینی ئیسلام

اخرجه : البخاری ( ٦٢٠٨ ) ، البیهقی الدلائل النبوه ٣/١٢٧ . 

## چەند رووداویکی سەربازی لە نیوان غەزای بەدر و ئوحودا

ئ

به لی ، وەك لە پیشەوەدا باسمان كرد ، جەنگی بەدری گەورە یە كەم بەیەك گەیشتنی چەكدارانە و سەربازی بوو ، لە نیوان موسلمانەكان كافرانی قورەیش دا بوو ، سەر كەوتنیکی یەكجار گەورە بوو بۆ موسلمانەكان سەری موسلمانەكانی بەرز كرد لە نیچە دوورگەی عەرەبی دا ، كە سەرجەم دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەبی شاهیدی یان بۆ دا ، جا ئەوانەی كە ئەم سەركەوتنەیان زۆر پی نا خوش بوو چوار دەستیەك بوو :

**یەكەم: بت پەرستانی قورەیش** ، كە بۆ ئەوان جەنگە كە لە نیمچە دوورگەدا ، بۆ بە ئابروو بەریان و ، لە ناو عەرەبی نیمچە دوورگەی عەرەبی دا سووك و ریسوا بوون ئابروویان چوو.

**دووەم: جوولەكەكانی نیمچە دوورگەی عەرەبی** كە لە ناوچەكەدا ئەژیان وە ك شاری مەدینە و دەورو بەری ، بەتایبەتی جوولەكەكانی مەدینە ، كە هەستیان ئەكرد تا موسلمانەكان زیاتر بە هیز بن ، جوولەكەكان پایە و پلەی دینی یان نامینی و ، ئابووروشیان كزو لاواز ئە بیت لە ناوچە كەدا .

ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەو دەستە جوولەكە داخ لە دلە دەكات ،كە دوژمنی سەر سەختی موسلمانان ئەو دوانەن كە (خوای گەورە) ئەفەرموویت : ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ المائده ٨٢. واتا : سوێند بە خوا دەبینیت و دەستت دەكەویت سەر سەخترینی خەلك لە دوژمنایە تیدا بەرامبەر بەوانەی كەباوەریان هیناوە ،جوولەكەن و ئەوانەی كە هاوە لیان بۆ خوا داناوە .

**سی یەم: دەستەی موناڤیقان و دووروان بە سەركردایەتی (عبدالله كوری ئوبەی كوری سەلول)** كە ئەمانیش هیچیان لەو دوو دەستەی پیشەوە دا كەمتر نەبوو ،بەلام لە بەر ناچاری دووروویی بە سەر زارەكی و سەر شۆری موسلمان ببوون .

**چوارەم : دەستەی ئەو عەرەبە بت پەرستانەی كە لە دەوروبەری شاری مەدینە** دا ئەژیان ، واتا عەرەبە دەشتە كیە كانی دەوروبەری شاری مەدینەیان (الاعرابی)یە كان ، كە بە هیچ شیوەیە ك بیریان لە ئیسلام نە ئە كردەوە ئەوانە تەنها موشریك دزو جەردە وریگر بوون لە نا چە كەدا ، وە تالان چی بوون و هەلیان ئە كوتایە سەر ئەوانەی كە لاواز بوون لە ناوچە كەدا ، بەلی ئەوانیش زۆریان پی نا خۆش بوو ئەو سەر كەوتنەی جەنگی بەدرو بەهیزی موسلمانان و دامەزراندی دەولەتی ئیسلام ، چونكە ریگەیان لی ئە گریا لە دزی و جەردەیی ریگری لە ناوچەكەدا ، ئەو كارە خراپانەیان كە دە كرد پیشتر سنوری بۆ دانرا ..!!

## یەكەم : غەزای (بنی سلیم ) لە (كودر ):

ئ

ئەم غەزایە لە مانگی شەوالی سالی دووهەمی کۆچی دا بوو ، حەوت رۆژ دوای گەرانەوەی سوپای ئیسلام لە غەزای بەدری گەورە دا روویدا ، لە غەزایە دا کاروباری مەدینە درا بە ( عبدالله ی کوری مەکتووم ) یان ووتراویشە دراوەتە بە ( صیباعی کوری عەرفەتە ) .

موسلمانەکان لە گەل زۆر بەی ئەو هۆزانەدا کە کەوتنە خۆر ئاوای شاری مەدینە تا کو سەر دەریایی سوور پەیمانی دۆستانەیان بەست بوو ، بۆ خەریك بوو ریگای بازرگانی شاری مککە بە تەواوەتی دا بخریت ، چونکە قورەیش پشتیان بە بازرگانی بەست بوو ،بی بازرگانی کردن نە ئەژیان ، هەر بۆیە کەوتنە بیرکردنەوە تکبیر کردن ، بۆ ئەوەی ریگەیەکی تر بی مەترسی لە بیابانی دورگەی عەرەبی دا بدۆزنەوە ،بەلی ری گەیەکیان دۆزیەوە کە لە نیوان شاری مککە و نەجدا بوو ، تا کو لە م ری گەیەوە بازرگانی بکەن بەرەو عیراق و وەلاتی شام دا ، بازرگانیە کەیان دوور بی لە مەترسی و سەلامەتی کاروانە کانیان .

جا ئەوە بوو ( بنی سلیم ) و ( غطفان ) گرنگ ترین و بەهیز ترینی ئەو هۆزانە بوون لە ناوچەیەدا ،واتا لە نیوان شاری مککە و نەجدا بوون کە ریگای نیوان شاری مککە و عیراق و وەلاتی شام بوو ،بەلی قورەیشی بت پەرست و موشریك هاوپەیمانی لە گەل هۆزی (بنی سلیم ) و ( غطفان ) دا کرد بوو ، بۆ پاراستن و سلامەتی و چاودیری کردن و پاسەوانی کردنی کاروانە بارزگانیە کانیاندا هاوپەیمانیان لە گەل ( بنی سلیم ) و ( غطفان ) کرد ، بەلی ئەم دوو هۆزەش پەیمان و بەلینیان دا کە پاسەوانی بارزگانیە کانیان بن ، چونکە قورەیش بە زمانی لووس ئەو دوو هۆزەیان لە خشتە برد بوو و ، بۆ دژایەتی کردنی دەولەتی ئیسلام لە مەدینەدا ، هەلیان ئە نان .

هەروەها پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خاوەنی سیاسەتیکی حەکیم بوو کە نەی ئە هیشت هۆزە کان هیرش بکەنە سەری دولەتە نیو نەمامەکەی مەدینە ، بەلکو هەوالی نیازی هیرشی هەر هۆزیکی بە گویی بکەوتایە ،خیر پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەستی خۆی پیش ئەخست و هیرشی ئەکردە

ئ

سەری .. بەلی ئەو هۆزانەش کە هەوالی هێرشی سوپای هاوەلانی ئەبیست ، وورەیان ئە رووخاو ناو چە کەیان چۆل ئە کرد ، بەلی ئەوە بوو (بنی سلیم ) و ( غطفان ) دەستیان دایە کۆ دردنەوەی سوپا بۆ هێرش کردنە سەر شاری مەدینە ، بەلی ئەمە یەکەم هەوال بوو کە گەیشتە موسلمانەکانی شاری مەدینە دوای غەزای بەدری گەورە ، هەر کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەم هەوالەی زانی کە ( بنی سلیم ) و ( غطفان ) نیازی هێرش کردنە سەر شاری مەدینەیان هەیە ، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەگەل ( ٢٠٠ ) سورا دا هێرشی کردە سەر ئەو هۆزە جەم بووانە و ، گەیشتنە ماوا مەنزلیان کە ناوچەیەك بوو پێ یان ئەوت ( الكدر ) ئەبینن وا هەموویان هەلاتوون و ،ناوچە کەیان بە چی هیشتووە ، لە دۆلە کەشدا ( ٥٠٠ ) ووشتریان بەچی هیشتبوو ، کە سوپای ئیسلام دەستی بەسەر دا گرتن و دوای ئەوەی پێنج یەکیان لی جیا کردەوە دابەش کرا بەسەر هاوەلانی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هەر هاوەلیك دوو ووشتری بەر کەوت ، پێغەمبەی خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەناوچە کەدا سی رۆژ مایەوە ، ئینجا گەرایەوە بۆ شاری مەدینە .

لە ( ابن اسحاق ) –خوا لی رازی بیت – دە فەرموویت : ( دوای گەرانەوەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ مەدینە لە دوای جەنگی بەدر بە ( ٧ ) شەو ، خۆی و هەندیك لە هاوەلە کانی بەریکەوتن بۆ هێرش کردن بۆ سەر هۆزی ( بنی سلیم ) و ( غطفان ) ، رۆیشتن تا گەیشتنە هەندیك لە کانیاوەکانیان کە پێی دە ووترا ( الكدر ) لەوی ( ٣ ) شەو مانەوە و پاشان گەرایەوە بۆ مەدینە و تووشی هیچ شەریك نەبوون )

سیره ابن شیبه ١٨٣/٢ ،سیره ابن هشام ٣٣٦/٢ ، والدرر فی المغازی ١٤٥ ، البیهقی الد لائل النبوه ٦٣/٣ .

هەروەها لەم کتابی ( زاد المعاد ) هاتووە ، هەر لەم غەزایە دا ( بنی سلیم ) و ( غطفان ) و غولامیکیشیان لی بە چی ما بوو ، سوپای ئیسلام دەستگیری کرد ناوی ( سیار ) بوو ، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئازادی کرد .( زاد المعاد ) ٩٠/٢

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەر لە م سالە دا لە سالی دووهەمی کۆچی دا بوو ( حصفەی کچی عمری ) خواست و ( فاطیمە ی کچی ) دا بە ( علی کوری ابی تالیب ) .

اخرجه : البیهقی فی الدلائل النبوه ١٥٨/٣ج١٦٢ .

## دووەم : غەزای ( قاوت ) یان غەزای ( سویق ) :

ئ

بەلی لەم کاتەدا دوای غەزای بەدر کە ( صەفوانی کوری ئومیە ) قورەیش و جوولە کەو مونافیقە کان دوای شکست خواردنی غەزای بەدری گەورەدا ، کەوتنە جاسوسی کردن و پیلان گیران بۆ کوشتنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە دژایەتی کردنی موسلمانان هاندانی هۆزەکانی دوورگە دژی موسلمانان ، وە دوای ئەو هەموو دوژمنە دوژمنی کی تری سەر سەختی قورەیش ( ابو سفیان ) بوو ، کە دوای جەنگی بەدر بە سەر شۆری گەرایەوە شکستی زۆری خوارد زیانیکی زۆریان لی کەوت لە غەزای بەرد دا ، ( نذري ) کردبوون تا کو تۆلە لە محمد و هاوەلانی نەکاتەوە ئاو بەسەری ناکەویت ، بەلی ئەوە بوو ( ٢٠٠ ) سواری لە گەل خۆی بردو تا کو سویندە کە ی خۆی بە جی بهینیت لەسەر جۆگە ئاویکی روو بە شاخی ( نیب ) دابەزی نزیك بوو لە شاری مەدینە بەلام ترساو نەویرا بەرۆژ هیرش بکات سەر شاری مەدینەدا ، هەستا بە ئە نجامدانی کاریك کە لە چەتەگەری دە چوو ، کە شەو دا هات بە شیوە یەکی نهینی نزیکی قەراغی شاری مەدینە بۆ وە و ، چووە بۆ لای ( حیی کوری خطب ) دای لە درگا ( حیی ) نە ویرا بی کاتە ژوورە وە ، دواتر چووە لای ( سلام ی کوري مشکم ) سەرۆکی ( بني النضير ) کە خاوەنی گە نجینەکانی ( بني النضير ) بوو لە کاتەدا ، بەلی ( ابو سفیان ) دوای هاتنە ژوورەوەی لی کرد ، ئەویش فەرموویان لی کرد ، ریزی لی گرت و شەرابی پیشکەش کرد ، واتە : چووە ژوورە وە خەزمەتیکی زۆریان کرد لە ( ابو سفیان ) ، بەلی ئەویش ( هەوالە کەی لای کەس نەتر کاند واتە : سەرۆکی ( بني النضير ) کە ( سلام ی کوری مشکم ) بوو ، دوای ئەوە ( ابو سفیان ) هاتەوە لای هاوریکانی خۆی ، مەفرەزەیەکی ناردن و ، چوونە سەر شوینکی قەراغی شاری مەدینە پییان دە ووت ( عەریق ) لەویدا باغیکی دار خورمای سوتاندو ، پیاویکی ئەنصاری هاو پە یمانیکیان بینی لەویدا هەردوو کیان کوشتن بەنامەردی ، دوا تر رایان کرد گەرانەوەی شاری مککە .

بەلی هەوالە کە گەیشتوە پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەست بەجی بە دوایاندا چوون ، بەلام ئەوان خیرا تر رایان کرد بوو ، لە ریگە کە دا ( قاوت ) یکی زۆریان فریدا بوو ، لە گەل بریکی زۆر خۆراك وشمەك بۆ ئەوەی لە راکردندا خیرا تر بن ، ئەوە بوو دربـاز بوون لە دەستیان ، پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) گەیشتە ( قرقره الکدر ) پاشان گەرایەوە موسلمانان هەموو قاوەتەکەیان کۆکردەوە ، ئەم غە زایە یان ناو نا ( قاوت ) ئەم غەزایە لە مانگی ذي الحجة سالی دووهەمی کۆچی دا بوو ، دوا جەنگی بەدر بە ( ٢ ) مانگ روویدا ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەم غەزایە دا ( ابو لوبابەی کوری عبدالمنذر )ی کردە سەرۆکی شاری مەدینە لە دوای خۆی دا .

( زاد المعاد ) ٢/ ٩٠ ، ابن هشام ٢/٤٤جـ٤٥ .

لە ( عبداللە ی کوری کەعبی کوری مالیك )ریوایەتی کردوە –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( کاتیك ( ابو سفیان ) گەرایەوە بۆ مککە و شکستەکەی بەدر یان بە سەر هات ،( ابو سفیان ) ( نذر ) ی کرد و کە

ئ

بریاری دا نزیکی خیزانەکەی نە کەویتەوە و خۆی نەشوات و ئاوی بەسەری خۆی دا نەکات ،تا نەچێت هێرش بکاتە سەر شاری مەدینەو هەندی شوێن بسوتێنی ، بەلام هەر چەندە هانی قورەیشی دا زۆر بەیان ترسیکی گەورە کەوتبووە دلیانەوە و نەیان ویرا بەشدار بن ، (ابو سفيان ) بە نهێنی دەر چوو لە شاری مککە تەنها (٣٠ ) سواری لە گەل دا بوو ،وە هەندیك ئەلێن (٢٠٠ ) سوار بوون ، بەری کەوت بەسەر چیاکانی (النجديه ) دا تا دابەزیە نزیك چیایی (سیب ) ی ناوچەی (قناه ) ی نزیك شاری مەدینە، لەوی مایەوە تا شەو بەسەر داهات و پاشان خۆی دەرچوو بەو شەوە بەرەو ((بني النضير ) و لەدرگای مالی گەورەکەی دان کە ناوی ( حیی بن الاختب ) ئەویش ئەوانی ناسیەوە ترساو نەیوار دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە ، پاشان (ابو سفيان ) چوو لە دەرگای مالی (سلام بن مشكم ) دا کە یەکیك بوو لە ناودەرەکانی ((بني النضير)) ئەو دەرگای بۆ کردنەوە و خزمەتی و میوانداری کردن ، هەوالی ئەو چوار دەورەی بۆ زانین و پی راگەیاندن ، هەر لە و شەوە دا ، (ابو سفيان) گەرایەوە بۆ لای هاوریکانی و چەند پیاویکی لە هاوریکانی نارد و فەرمانی پی کردن کە گەیشتنە نزیکترین دار خورما لە دار خورماکانی شاری مەدینە ،لەوی ئاگری تیبەردەن و بیسووتینن !! ئەوان بەریکەوتن تا گەیشتنە هەندی دارخورمای بچووکی تازە لە دار خورماکانی ناوچەی (العريف)ی و گریان تیبەردا !! و هەر لەوی دوو پیاوی ئەنصاریان بینی کاریان ئەکرد لە کیلگەکەیان دا خافیر گیریان کردن هەر دوو کیان کوشت ، و پاشان بەرا کردن گەرانەوە ، و هەلاتن بەرە و شاری مککە ، وە خەلکانی ئەو دەورو بەرە پیغەمبەری خوا یان (صلى الله عليه وسلم ) و موسلمانەکانیان لی ئاگادار کردنەوە ، پیغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) لەگەل هاوەلانی دا دواینا کەوتن تا ناوچەی (قرقره الكدر) راویان نان ، و (ابو سفيان ) هاوریکانی بۆ دەرباز بو ونیان زۆربەی خۆراك و ئازوو قەکانیان لە دوای خۆیان فری دا ، و پاشان پیغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) و هاولانی گەرانەوە بەرەو شاری مەدینە ، و لەریگادا هاوەلانی لییان پرسی : ئەی پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئەم کارە مان بۆ غەزا ئەژمار دەکریت ؟! پیغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : (بەلی ) .

هەروەها (ابن اسحاق ) –خوا لی رازی بیت- دەفەرموویت : (ئەم غەزایە بۆیە ناونانرا غەزای (السويق) چونکە موشریکە کانی قورەیش زۆربەی ئەو خواردنەی کە دوای خۆیان فرییان دابوو خواردنی (السويق) بوو و ، خوادنیکە لە گەنم یان لە جۆی سورەوە کراوە بەرۆن دروست دەکریت ،یان دەهار دریت و دەکریتە کولیرە و لەگەل هەنگویندا دەخۆریت ) .اخرجه : ابن هشام ٢/٣٣٦، البيهقى فى الدلائل ٣/٦٤لج١٦٥ ،والترانى فى التاريخ ٢/٤٣٨ .

## سی یەم : غەزای (ذي امر ) :

ئ

ئەم غەزایە گەورەترین شالاوی سەربازیە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێش جەنگی ئوحود سەرۆکایەتی کردبێت ، ئەم غەزایە لە مانگی ( محرم )ی سالی سی یەمی کۆچی دا روویدا ، وە هۆ یەکەی ئەمە بوو ، هەوالگرە کانی شاری مەدینە هەوالیاندا بە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کە کۆمەلیکی زۆری هۆزی ( ثعلبة ) و ( محارب ) کۆ بوو نەتەوە و ، دەیانەوێت بدەن بەسر شاری مەدینە دا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە گەل ( ٤٥٠ ) سەربازی موسلمان بە پیادەو سواری بەری کەوتن ، ( عوسمانی کوری عفان ) بە سەر شاری مەدینە لەدوای خۆی جیهیشت بۆ بەریوە بردنی کاروباری شاری مەدینە ، لە ریگادا پیاویکیان دەست گیر کرد ناوی ( جبار ) بوو لە هۆزی ( ثعلبة ) بوو ، بردیانە ژوورەوە لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بانگی کرد بۆ ئیسلام بوون ،ئەویش ئیسلام بوو ، کردیە بە هاوەلی ( بیلالی حەبەشی ) بۆ رییەری کردنی یان چاوساخی کردن بۆ سەر شوێنی دوژمن . بەلی کە هۆزی ( ثعلبة ) هەوالی هاتنی سوپای ئیسلامیان بیست ، بە شاخ و دولە کان رایان کرد و بلاوەیان لی کرد ، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) لەگەل هاوەلانی دا چوونە شوێنی کۆبوونەوەکەیان کە لەسەر ئاویك بوو ، پییان دە ووت : ( ذي امر ) لەو شوێنەدا هەموو مانگی ( صفرە )کەی بەسەر برد ، بەلی لە سالی سی یەمی کۆچی دا بوو ،یان نزیك بوونەوە لەم سالە دا ، ئەم مانەوەیە بۆ ئەوە بوو عەرەبە دەشتە کیە کان واتە : ( الاعرابیە کان ) هەست بە هیزو دەسەلاتی موسلمانەکان بکەن ولیان بترسن .

لە ( ابن اسحاق ) –خوا لی رازی بیت- دەفەرموویت : ( پاش گەرانەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە غەزای ( السويق ) یان ( قاوت ) ئەو رۆژانە مابوو لە مانگی ( ذي الحجة ) بەسەر برد پاشان لە گەل ( ٤٥٠ ) پیاو لە هاوەلانی هیرشیان بردە سەر هۆزی ( غطفان ) لەم غەزایەدا ( عوسمانی کوری عفان ) جیهیشت بۆ بەریوە بردنی کاروباری شاری مەدینە دا لە دوای خۆی دانا ، وە لەم غەزایە شدا تووشی شەر نەهات ، و لەوی مایەوە تا ئەو رۆژانەی لە مانگی ( ربيع الاول ) ما بوو پاشان گەرایە وە بۆ مەدینە ).

اخرجە : سیرە ابن هشام ٣٣٨/٢ ، البیهقی فی الدلائل ١٦٥/٣ ، للواقدی فی المغازی ١٩٣/١ .

## چوارەم : غەزای ( الفرع ) :

ئ
له ( ابن اسحاق ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) غەزایەکی تری ریکخست بەرو ناوەوەی ناوچەی هۆزی ( بنى سليم ) و قورەیش وە ، ( ابن ام كتوم ) ی دانا بۆ کارو بـارو پیش نویژی شاری مەدینە ، موسلمانان بەری کەوتن تـا گەیشتنە ( ا بحران ) لە ناوچەی ( الفرع ) ی حیجاز، و لەوی مانگی ( ربيع الاخر ) و ( جمادى الاولى ) مایەوە و پاشان گەرایەوە مەدینە و تووشی شەرنەهات ).

اخرجه : السیر ابن هشام ٣٣٦/٢.

## پێنچەم : سریەی ( ذي القرد ) :

له ( ابن اسحاق ) –خوا لی رازی بیت – دەفەرمویت : ( قورەیش لەدوای جەنگی بەدر ترسان و بی ئومید بوون له ری گەی بـازرگانیـان بۆ شام کە بەلای ناوچەکانی چواردەوری مەدینەدا تیدەپەری ، بۆیە بریاریان دا ئە مجارە ریگەکەی عیراق بگرنە بەر بۆ شام هەندیك لە بـارزگانە کـانیان بەیاوەری ( ابو سفیانی کوری حەرب ) زیویکی زۆریان لەگەل خۆیان هەلگرت ، و پیـاویکی ( بنى بكر كورى وائيل ) یان بە کری گرت تـا ری نیشـان دەریان بیت لەو ریگەدا کاروانەکە بەری کەوتن ، و ئەم هەوالە گەیشتە وە بە پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وسریە یەکی بەسەر کردایەتی ( زيد ی كورى حاريث ) ریك خست ، و بەرەو ئەو ریگایە کەوتنەری ، کاروانەکەی ( ابو سفیان ) گەیشتنە یەکیك لە کانیاوەکانی ( نجد ) کە ناوی ( القرده ) بوو لەوی لایاندا بۆ حەوانەوە ، وسریە کەی ( زيد ی كورى حاريث )لەوی گەیشتە سەریان و پیاوەکانی کاروانەکە هەموو ریان کرد ، و کاروانەکە دەستی بەسەر دا گیراو هینایانەوە بەرەو شاری مەدینە ).

اخرجه : التبرانى فى التاريخ ٤٩٢/٢ ، السير ابن هشام ٣٤٢/٢ ، البيهقى فى الدلائل ١٧٠/٣ .

## غەزای ( بنى قینقاع )

ئ

له پیش دا باسمان کرد که کاتی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کۆچی بۆ شاری مەدینە کرد ، هەولی دا ژیانی ئاشتیی و تەبایی لە گەڵ جوولەکە دا بەسەر بەری ، بی ئەوەی دەست دریژی بکریتە سەر جوولەکە ، با ئەوان شوینی و دینی خۆیان بکەون ، وە موسلمانەکانیش لە شاری مەدینە دا شوینی دینی خۆیان بکەون ،بۆ ئەم پەیمانیکیان مۆر کرد ، کە ئەم بەندانەی خوارەوە لە خۆ دە گریت :

یەکەم : هەر دوژمنیك هاتە سەر شاری مەدینە هەر دوولا بە یەکەوە بەرگریی لە شاری مەدینە بکەن .

دووەم: هیچ لایە کیان نا پاکی نەکە و دەست دریژی نەکەن سەر یەکتر ، پەیمان نەشکینن .

سی یەم: هەر دوولا سەر بەست بن و بەدلی خۆیان دینی خۆیان جی بەجی بکەن .

جا پیغەمبەری خوا(صلی الله علیەوسلم ) و موسلمانەکان ، هەولیان ئەدا بە پاکی پاریزگاریی لەم پەیمانەکە بکەن، بەلام دوای سەرکەوتنی موسلمانەکان لەجەنگی بەدر دا ، جوولە کەکانی مەدینەو دەوروبەری ئاگریان تی بەر بوو چاویان بەم سەر کەوتنەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) هە نە ئەهات ، لە جاران زیاتر داخ لە دل بوون بۆ ئیسلام و موسلمانانی شاری مەدینە ، چونکە جوولەکە لەوە ئەترسان کە هیزی ئیسلام پەرە بسینی و دەسەلات لەوان بسینیت ، بۆ یە کەوتنە پەیمان شکاندن و نا پاکی و خیانەت و دووبەرەکی نیوان موسلمانان و یارمەتی دانی دوژمنانی ئیسلام ، کەچی ئەم هەموو چاکەیان لەبەر چاو نەبوو ، کەوتنە دژایەتی کردنی موسلمانەکان و پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) هەموو جۆرە فیل و نا پاکی یەکیان بە کار هینا بەرامبەر بە موسلمانانی شاری مەدینە ..

بەلی لەسەرتا دا هەولیاندا دووبەرەکی لە نیوان موسلمانان بەرپابکەن ،ئەوە بوو کەوتنە هەولدانی دووبەرەکی هاندان و ناکۆکی لە نیوان هەر دوو هۆزی شاری مەدینە (ئەوس ، خەزرەج ) هەولیاندا برایە تیان تیك بدەن ، کە دوای کۆچ کردنی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) بۆ شاری مەدینە دورست کردنی برایەتی نیوان (ئەوس ،خەزرەج ) وە ئاشت بوونە وەیان بەهۆی دووبەرەکیان لە رابردوو دا ، ئەوە بوو بوونە برای یەکتری بە هاتنی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) ، بەلام جوولە کە هەولیان ئەدا ئەم برایەتیە (ئەوس ،خەزرەج ) تیك بدەن ، بەلی ئەوە بوو یەکیك لە جوولەکە پیرەکان کە کافرو بی ئیمان بوو ، زۆریش دژی موسلمانەکان بوو ،دای بەلای چەند پیاویکی (ئەوس ، خەزرەج ) دا کە لە کۆریك دا پیکەوە دانیشتبوون ،وە قسەیان ئەکرد پیکەوە ...

کە ئەم پیاوە پیرە بینی کە چۆن بەتەبایی تفاقی دانیشتوون ، بە موسلمان بوونیان دل یان زۆر خۆشە بووە ، دوای ئەوەی کە لە سەردەمی نەفامی دا ناکۆکیی و دوژمنایەتیی لە نیوانیاندا هەبوو ، ئەم پیاوە

ئ

زۆری پی نا خۆش بوو وەها تەبان ، پیاوە پیرە جوولە کە کە ووتی : پیاوماقولانی ( بنی قیل ) واتە : ( ئەوس ، خەزرەج ) لەم شارە دا یەکیان گرتووە ، دە بەخوا ئەگەر ئەوان یەك بگرن ئیمە ژیانمان نابیت ، بۆ ئەمە فەرمانی بە گەنجیکی جوولەکە کرد تا بچیتە لایان و باسی رووداوەکانی جەنگی ( بعاث ) بکات ، بەلی جەنگی ( بعاث ) ئەو جەنگە بوو کە لەنیوان ( ئەوس ، خەزرەج ) لەرابردوودا رووی دا پیش هاتنی ئیسلام لە جەنگەدا ( ئەوس ) سەرکەت بەسەر ( خەزرەج ) دا بەلام بە هاتنی ئیسلام بۆ شاری مەدینە ئاشتی و برایەتی کەوتەنیوانیان ،بە کورە جوولە کە کەی وتبوو ، کە ئەو شعرانە بیخوینەوە ، کە هەر یەکەیان ووتبوونی لە نەفامی دا و لە کاتی جەنگی ( بعاث ) دا ئەویش چوو وای کرد و کە باسە کەی دەرخست ، ئەوانیش واتە : ( ئەوس ، خەزرەج ) دەستیان کرد بە بەرگریی و شانازیی ، سەرنجام یەکیکیان توورە بوو و دەری بریی کە ئامادەیە بۆ جەنگ .. هەر دوولا رقیان جوی و دوای چەکیان کرد تا خۆیان بگەیەننە گردە بەرداوی یەکەی نزیك مەدینە .

بەلی ئەم دەنگ و باسە گەیشتەلای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و ئەویش لەگەل کۆمەلیك کۆچەران دا خۆیان گەیاندە لایان فەرمووی : ( یا معشر المسلمین ! أبدعوی الجاهلیة وأنا بین أظهر کم بعد إذ أکرمکم الله بالاسلام ، وقطع به عنکم أمر الجاهلیة ، وألف بینکم ترجعون إلی ما کنتم علیه کفارا ؟! الله الله ) واتە : ئەی کۆمەلی موسلمانان ! ئایا لە کاتیك دا کە من وام لە نیوانتان دا بانگی نەفامیی بەرز ئەکەنەوە و ، دوای ئەوەی کە ( خوای گەورە ) بە ناردنی ئیسلام ریزی لی گرتن و ، لە ریبازی نەفامیی لای دان و ، دل و دەروونتانی بە یەکەوە بەست ، ئەگەرینەوە سەر کافریتیی ؟! لەبەر خاتری خوا ، لە بەر خاتری خوا .. بەلی بەم کارەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تووڕەی خەلکەکەی نیشتەوە و ، بۆ یان دەر کەوت کە ئەمە کاری شەیتانە و ، نەخشەی دوژمنەکانیان بوو ، پاشان بە پەری گوی رایەلی یەوە لە خزمەتی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەستان و گەرانەوە دوا ..!! ئەوە بوو دوای ئەم رووداوە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا فَرِيقًا مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنْتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ال عمران ١٠٠-١٠٣ .

بەلی موسلمانەکان تووشیان بە تووشی دراوسی یەکی یەکجار خراپەوە بوو ،بەلی جوولەکە خراپترین ئومەتیك بوون کە ئازاری موسلمانەکان بدەن ، بە تایبەت کە ئەیان زانی کە پەیمانی ئاشتی لە نیوانیان

ێ
دا هەیە ، بەلی لە رابردوو داجوولە کە هەموو کاریکی شیاو نەشیاویان ئەدایە پال پیغەمبەران ( علیه السلام ) . لە ( ابن اسحاق ) وە –خوا لی رازی بیت ) بە سەندی خۆی لە ( ابن عباس )وە –خوا لی رازی بیت – ریوایەتی کردووە کە دەفەرموویت : ( ( ابو بکر صدیق ) –خوا لی رازی بیت - ئەچیتە یانەی ( میدراس ) ، کە ئەو ( کەنیسەیە ) جوولەکە دەرسی تیدا دە خوینن ، ئەبینی خەلکی کی زۆر لە جوولە کە لە دەوری پیاویك دا کۆبوونەتەوە ،کە یەکیك لە زانا ناو دارە کانیان و ناوی ( فینحاصی کوری عازورایە ) وا لە دەوەری ئەو پیاوە کۆبونەتەوە ، ( ابو بکر صدیق ) پی ووت : مالت کاول بیت ( فینحاص ) ! لە خوا برتسە و موسلمان ببە !! هەروەها ( ابو بکر ) بە فینحاصی ووت : دە بە خوا چاك ئەزانی کە محمد پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وە لە لایەن خواوە حەقی بۆ هیناون و ، بە چاوی خۆتان ئەی بینن کەلە ( تەورات و ئینجیل ) دا نووسراوە ، فینحاص لە وە لامدا ووتی : بەخوا ( ابو بکر صدیق ) ! ئیمە هیچ پیویستی یەکمان بە خوا نیە ، ئەو موحتاجی ئیمەیە و ، ئیمە موحتاجی ئەو نین !! چونکە ئەگەر خوا دەولەمەند بوایە ، ئەوا دوای قەرزی لیمان نەئەکرد ، وە پیغەمبەرەکەتان رای ئەگەیەنی ، ربیا لە ئیوە قەدەغە ئەکات ، کە چی خۆی پیما ئەدات ، جا ئەگەر دەولەمەن بوایە ئەوا ریبای پیمان نەئەدا ،بەلی مەبەستی فینحاصی جوولەکە ئەم ئایەتە پیرۆزەی ( خوای گەورە ) یە کە ئەفەرموویت : ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً﴾البقرە ٢٤٥ . کە تیادا فەرمان بە موسلمانە دەولەمەندە کان دا ئەدا چاویان لە هەژران بیت و ، هەر دەولەمەندیکیش دەست گرۆیی هەژرانی کردبی ، ئەوا بە خوا ی داوە و ، وە ( خوای گەورە ) بە چەند جار پاداشتی ئەدا تەوە .

بەلی ( ابو بکر صدیق ) لەم ووتەیەی ( فینحاص ) زۆر توورە بوو و ، بەتوندیی زل لەیەکی لەدەم چاوی ( فینحاص ) دا هەر چەندە ( ابو بکر صدیق ) خاوەنی ئارام گرتن بوو ،وە ویقاریکی یەکجار زۆری هە بووە ، پاشان ( ابو بکر صدیق ) فەرمووی : دە بە خوا گیانی من ی بەدەستە ، ئەگە ر لە بەر ئەو پە یمانە نەوبوایە کەلە نیوان ئیمە ئیوە دا مۆر کراوە ئەمە دای لە ملت دا و ئەم کوشتی ، ئەی دوژمی خوا !!

بەلی ( فینحاص ) بۆ شکات کردن خۆی گەیاندە لای پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەویش بە ( ابو بکر صدیق ) فەرموو : ( ما حملك علی ما صنعت ) واتە : چیی پالی پیوە نای تا ئەوە ئە نجام بدەی ؟!

ئ

**ئەویش هەوالی ووتەکەی ( فینحاصی ) و ئەو بی شەرمیە لەبەرامبەر ( خوای گەورە ) کردی پی راگەیاند ( فینحاصیش ) ئینکاری کرد ، بەلام ئەوە بوو قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و ، ئەوەی چەسپاند کە ئەو جوولە کەیە ئەم هەلە گەورەیە ی کردووە ، وە ئەمەش تاوانیکی تریانە کە ئە یخەنە پال تاوانی کوشتنی پیغەمبەران بە نارەوا ، کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿لَقَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا وَقَتْلَهُمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾**ال عمران ١٨١-١٨٢ .**

**بەلی جوولەکە کۆمەلیکی خراپ و خوار خیچ بوون لە ناوچەکەدا ،هەر بۆیە کارو ووتەی نەشیاو یان لە دەم دەر ئەچوو ، ئەوە بوو ئەیان ووت : خوا پەیمانی لیمان وەرگرتووە کە ئیمان بە هیچ پیغەمبەریك نەهینین هەتا قوربانی یەك پیشکەش بکا و ، لە ئاسمانەوە ئاگر بیتە خوارەوە وبی سووتینی ، جا ئئوانیش ئیمان بە پیغەمبەری خوا نا هینن هەتا ئەو کارەی لی نەیەت ، بۆ ئەمەشیان قورئان هاتە خوارەوە و ، دەم کووتی کردن کە پیغەمبەرانی تریان بۆ هاتوون و ، ئەو کارەشیان ئەنجام داوە کەچی کووتوونیان کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت:** ﴿الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّى يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ **ال عمران١٨٣ .**

**شاینی باسە کە سی هۆزو تیرەی جوولەکە لە شاری مەدینەدا ئەژیان ، ئەوانیش بریتی بوون لە مانە :**

**١- ( بني قينقاع )**

**٢- ( بني نضر )**

**٣- ( بني قريظه )**

**هەروەها کۆمەلیکی گەورەشیان لە ( خەیبەر ) دەورو بەری دا ئەژیان ئەمانەش هەمیشە خەریکی فروفیل و ئاژاوا بوون لە ناوچە کەدا ، تەنها ئاواتیان ئەوە بوو کە دووبەرەکی دروست بکەن لە ناوچە کەدا .**

**ئیستاش باسی دوور کەوتنەوی ( بنی قینقاع ) دە کەین :**

ئ

بەلی ئەوە بوو پیغەمبەر و موسلمانان یەك حەرف لە م پە یمانەیان نەشكان كە لە نیوانیان دا هەبوو وبە جوانی پاراستیان ، بەو هیوایە بوون ، كە لە مەدینەو دەوروبەری دا بە ئاشتی و ئارامی و تەبایی بەر قەراربی و و موسلمانەكان ماوەیان هەبی بچن بە گژی دوژمنە بت پەرستەكانیان دا ، بە تایبەتی قورەیش موشریك و كافر ، كە بی گومان خۆیا ئامادە ی جەنگیكی سەرومالیی گەورە ئەكەن ، تا پینە و تۆلە ی ئابووچوونی جەنگی بەدر بكەنەوە ، بەلی قورەیش خۆیان ئامادە دەكرد بۆ جەنگ بەرامبەر بەموسلمانان شاری مەدینە ، بەلام هەر لە كاتەدا جوولەكە ، هەر چەند بە روالەت خۆیان بە ئاشتیی خواز لە قەلە م ئەدا ، بەلام لە ژیرەوە خەریكی ئاژاوەو خەنچەر لە پشت دانی موسلمانان بوون ، بە هیچ شیوەیە ك خۆیان بە پابەندی پە یمانە كەیان نەئەزانی ، بگرە هەندیكیان بە ئاشكرا بانگەوازی ئەوەی ئەكرد كە بچن بە گژی موسلمانان دا و ، وە هۆزە عەرەبە بت پەرستەكانیشیان لە دژیان هەل ئەنا ، بەلام موسلمانە كان لە لایەكی تروە دانیا بە خۆ دا ئەگرت ئارامیان ئەگرت بەلكو ئەو پە یمانە لە نیوانیان دا بپاریزریت بە ئاشتی وئارامی بژین بە یەكەوە .

بەلی ( بنی قینقاع ) لە شاری مەدینە دا لە گەرەكیكدا لە مەدینە بە ناوی خۆیانەوە ئەژیان ، بەلی یەكەم دەستەی جوولە كە بوون كە دەستیان بە ئاژاوە نانەوە كرد لە ناو شاری مەدینەدا ، ئەمانە واتە : ( بنی قینقاع ) بە زیرینگەریی و ئاسنگەریی و دورست كردنی قاپ و قاچاخەوە خەریك بوون ، بۆیە دەولەمەند بوو وە خاونی چەك و كەل و پەلی جەنگ بوون و ، قەلاكانیا بۆ جەنگ كردن بەكەل ئەهاتن ، ( بنی قینقاع ) نزیكە ( ٧٠٠ ) پیاو جەنگاوەریان هەبوون و ، لە ناو جوولە كەی شاری مەدینە دا لە هەموویان ئازاتر بوون ، بۆیە هەر موسلمانیك بەچووبایە نیو بازارە كانیانەوە گالتەیان پی ئە كردو ، وە سووكایەتیان پی ئەكردن ، هە تاوای لی هات ری یان لە ئافرە تیكیش گرت و ئازاریان دا گالتەو سووكایە تیان پی كرد ،بەلی ( بنی قینقاع ) كە هەل و كاری خراپ تاوانیان لە سنوور دەرچوو بوو ، پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) كۆی كردنەوە و ئامۆژگاری كردن تا كو بە خۆیان دا بچنەوە كاری خراپ نە كەن بەلكو بینەوە سەر رەوشت و خووی جوان و ، مافی داروسی یەتی بپاریزن و ، لە زەرەر و زیانی لە سنوور دەر چوون و دەست دریژیی ئاگاداری كردن ، كە چی ئەوان هەتا ئەهات لە سنوور دە ر ئە چوون... !!!

( ابو داود ) لە ( ابن عباس ) وە ریوایەتی كردووە كە فەرموویەتی : ( كاتیك پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لە رۆژی بەدر دا قورەیش تیك شكاند و ، گەرایەوە مەدینە ، جوولە كە كانی لە بازاری ( بنی

ێ
قینقاع ) دا کۆکردنەوە و پی فەرموون: ( یا معشر یهود ! یهود أسلموا قبل أن یصیبکم مثل ما أصاب قریشا )
واتە: ئەی کۆمەلی جوولەکە ! بەر لەوەی تووشی قورەیشی بوو تووشی ئیوەش ببی موسلمان بن .
ووتیان: ئەی محمد ! بەوەی چەند کەسیکی قورەیشت کوشتووە ، کە هیچ لی نەهاتووە و ، ئەزانیت پیاو ئیمەین و، تووشت بە تووشی پیاوی وەك ئیمەوە نە بووە .

بۆ ئەمە ( خوای گەورە ) ئەم ئایە تیە قورئانی پیرۆزی نارد ئاگاداری دل و نیەتیان بن کە دەفەرموویت :
﴿قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ ال عمران ١٢ .

بەلی ( بنی قینقاع ) ئامۆژگاریان نەبیست ، بگرە بە ئاشکرا هەرەشەی بەر پاکردنی جەنگیان لە موسلمانان کرد ، موسلمانانیش دانیان بە خۆیان دا ئە گرت و چاوروان بوون بزانن بارو دۆخ چۆن دە بیت ..

هەروەها موسلمانەکانیش لە بەرانبەر ئەو هەرەشانەی جوولەکەدا ، دانیان بە خۆ دا ئەگرت ئارامیان ئەگرت ، وە چاوەروان بوون کە بزانن بارودۆخی شاری مەدینە چۆن ئەبیت جوولەکە بەخۆ دا ئەجنەوە .

لە کۆتایی دا سەرئە نجام جوولە کەی نا پاك کاریکی یەکجار ناشرین و قیزەونیان لەدەست دەر چوو :

( ابن هشام ) لە ( ابو عەونە ) وە کە ریوایەتی کردووە دەفەرموویت : ( کە ئافرەتیکی موسلمان ملوانکە یەکی خۆی هینا لە بازاری ( بنی قینقاع ) دا فرۆشتی و ، لە لای زیرەنگەریك دانیشت ، چەند جوولەکەیەك هاتن بە دەوریا و هەولیان دا دەم چاوی دەر بخات ، ئەویش دەری نەخست ، ئەوە بوو زیرەنگەرە کە دەستی برد و چمکی کراسی ئافرەتە کەی بەست بە پشتیەوە ، بی ئەوەی ئافرەتەکە ئاگادار بیت ، کاتیك کە هەستایەوە جستەی دەرکەوت ، جوولەکە کانی ئەو ناوە دەستیان بە پیکەنین کرد ، ئافرەتەکەش هاواری کرد ، خیرا پیاویکی موسلمان هەلمەتی دایە سەر زیرینگەرە کە و کوشتی ، بەلی ( زیرینگەرەکە ) جوولەکە بوو ، وە کۆمەلیك پیاوی جوولەکەش هەلمەتیان دایە پیاوە موسلمانەکە شەهیدیان کرد ، پاشان کەس و کاری موسلمانەکە دوایان لە موسلمانەکان کرد کە هیرش بکەنە سەر جوولەکەکان ، بەم کارە خراپەی جوولەکە کە کردیان لە ناو شاری مەدینە دا ، جەنگ لە نیوان موسلمانەکان و جوولەکەی ( بەنی قینقاع ) دا بەر پا بوو ...

بەلی ئەم کردارە ناشیرینانەی جوولەکەو ئەم کارە قیزە ونە بووە هۆ کاری بەر پا کردنی جەنگ لە نیوان موسلمانەکان و جوولەکەی ( بنی قینقاع ) ، هەر ئەم کردارە ناشیرینە یان پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه

ی

وسلم ) ناچار کرد تا بریاری جەنگ لە دژیان واتە : لە دژی جوولەکەی ( بنی قینقاع ) بدات بەلام پیش هەمووشتیك بە فەرمانی قورئانی پیرۆز کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ﴾ الانفال ٥٨ .واتا: خۆ ئەگەر بی گومان ترسایت لەدەستەیەك کە پەیمانت لەگەلدا بە ستوون ، پەیمانەکە هەلوەشیننەوە و خیانەتت لی بکەن ئەوە تۆیش لەم کاتەدا پەیمانەکە بەدرەوە بەروویان دا بەشیوەیەکی ریك و راست پییان بلی . کە پەیمانەکەیان نرخی نەماوە ،چونکە بەراستی خوا کەسانی پەیمان شکین و ناپاکی خۆش ناویت .

بەلی ( خوای گەورە ) فەرمان بە سەر پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دا ئەدا کە پەیمانی ناپاکان و خیانەت کاران بداتە دواوە ، هەروەها پیغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) ( بنی قینقاع ) ی ئاگادر کرد کەوا هیچ پەیمانیکیان لە نیوان دا نەماوە ، ئەوە بوو ( ابو لومامەی کوری منذیر ) کردە بە ئەمیری شاری مەدینە ، بەلی پیشەوایەتی سوپای ئیسلامی کرد وەك قائد و سە رکردە و مك رۆشنایی چاویی موسلمانان پیشەوایەتی سوپای کرد و ، هیرشی کردە سەر ( بنی قینقاع ) ئەمانیش کە سوپای ئیسلامیان بینی و خیرا و بە پەلە چوونە ناو قەلاکانیانەوە ، خۆیان جیگر کرد ، وە سوپای ئیسلامیش هەلمەتیان دا یە سەریان و چواردەوریان دان و ئابلۆقەیان دان ، ئەمەش لە رۆژی شەمەی پانزەهەمی شەوالی سالی دووهەمی کۆچی دا بوو ، تا یە کەم رۆژی مانگی ( ذي القعيده ) ی خەیاند واتە ( ١٥ ) رۆژ ئابلوقەیان دان ، لەو ماوەی ( خوای گەورە ) ترس و لەرزی خستە دل یانەوە ، تا سەر شۆرو خەچالە تیان بکات ، ئیتر لە دوای ( ١٥ ) رۆژ دا خۆیان دا بە دەستەوە بە جۆریك کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەوویستی خۆی چی لە سەرو مال و سامانیان و ژن و مندالیان ئەکات بابی کات ، خۆیان بە دەستەوە دا ، بەلی هەر هەموو سەربازە کانی ( بنی قینقاع ) یان قول بەست کرد ، و پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) راویژی بە گەورە هاوەلانی کرد کە چیان لی بکەن ، ئەوانیش رایان وەها بوو کە هەموویان بکوژن !!

بەلی ئەم حوکمە شتیکی زۆر ئاسایی بوو ، چونکە ماوەی چەند هەفتەیەك لەوە و پیش قورئان هاتە خوارەوە کە لۆمەی پیغەمبەری خوا و ( صلى الله عليه وسلم ) ( ابو بکر صديق ) ی کرد کە بۆ چی دیلە کانی بەدر یان نە کوشت ..؟!

جوولەکەی ( بنی قینقاع ) دوو هاوپەیمانیان هەبوون : ( عبداللە کوری ئوبەی کوری سەلول ) ی گەورە موونافیقی شاری مەدینە ، وە ( عبادەی کوری صامت ) ئەوە بوو ( عبادە ) پشتی لە جوولەکەی بی بە لین کرد

ێ
ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ! خوا و پێغەمبەرکەی ئەکەمە کۆمەك و پشتیوانم و ، لە هاوپەیمانی و پشتیوانی ئەو کافرانە خۆم دائەمالم .

بەلام ( عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول ) بووە پشتیوانی جوولەکەی ناپاك خیانەت کار ووتی : ئەی محمد ! لەگەل هاوپەیمانە کانم دا چاك بجوولیرەوە ، پیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پشتی لی هەل کرد و ، ( عبدالله کوری ئوبەی کوری سەلول ) چەند جاریك دووبارەی کردەوە و ، پیغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) رووی وەرگیرا ، تا فەرمووی : من لە رۆژگار ئەترسم . سەر ئەنجام رجاکەی وەرگرت بە و مەرجەی شاری مەدینە بەجی بهیلن ، لە شاری مەدینە دەر چن بە خۆیان و ژن مندالیانەوە برۆن و مال سامانیان بۆ موسلمانان بی .

ئەوە بوو کاری چۆل کردن درایە دەستی ( عبادە ی کوری صامت ) و ئەوویش ( ۳ ) رۆژ مۆلەتی پی دان و ، دوای ( ۳ ) روویان لە ناوچەی ( اذعات ) کرد لە سەر سنووری شام و لەوی زۆر نەمانەوە خوا لە ناوی بردن .

هەروەها دەربارەی ( عبدالله کوری ئوبە ی کوری سەلول )و ( عبادەی کوری صامت ) کە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە دەربارەی ئەم دوو پیاوە بوو، کە پشتیوانی جوولەکەی ( بنی قینقاع ) یان دە کرد ، هەر بۆ یە لە دیر زەمانەوە ئەوی پشتیوانی جوولەکە گاورە کان بکات خیری بۆ نیە ، تەنها لە شەرو ئاژاوە دووبەرکی زیاتر هیچ خیریك لە جوولەکەی نا پاك نا بی نیت ، ئەوەی کە ئیستا ئەبی نین ئەوانەی کە هاوپەیمانی جوولەکەن بوونەتە دار دەستی جوولە کەسیاسەتی جوولە کە پەیرەو دە کەن لەوەلاتدا هەموو کات سەر شۆرو ریسوان لە ناو خەلك دا ، ( خوای گەورە ) رووی راستە قینەیان رۆژ لەدوای رۆژ بۆ خەلك دەر ئەخات، بە رۆژی رووناك درۆ دەکەن لە ناو خەلك پیان وایە خەلك کەم فامە پی نازانی ئا ئەواتا ریسوای هەموو لایە ك بوون ، هیچ کەسیك یان هیچ وەلاتیك متمانەیان پی ناکات ، چونکە ئەوەند نۆکەری بیگانەو جوولە کە ئەکەن هەموو کات ریسواو سەر شۆرن ، لەم سالەنەی بەدوایە دا هەستان بە بازرگانی کردن لە گەل جوولە کەی سەهیونی خیانەت کارو بی پەیمان ئەمانە خیانەت لە گەل خوا پیغەمبەرەکەی دا ئەکەن ، ئەبی چون مامەلە یەك بیت کە ئیوەی نەفام کەم تەمەن و کەم هزر ئەی کە ن بەلی ئەواتا ( خوای گەورە ) لە قورئانەکەیدا زۆر بەروونی بە جوانی ئاماژە دە کات کە ئەوەی پشتیوانی جوولەکە ئە کات و پشتیان پی ببەستیت ئەوا ستەکارە کەم عەقل نەفامە ،چونکە جوولە کە خاوەنی بەلینی خۆیان نین خیانەت کارن ..!!

هەر وەك کە بە ( عبدالله ی کوری ئوبەی کوری سولول )و ( عبادەی کوری صامت ) ئەلی دیارە ئەم ئایەتانە لە سەر ئەم دوو کەسە هاتەخوارە وە کە پشتیوانی جوولە کەیان ئە کرد ( الله اعلم ) کە ( خوای گەورە )

ئ

دەفەرموویت : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٥١) فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَى أَنْ تُصِيبَنَا دَائِرَةٌ فَعَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِنْ عِنْدِهِ فَيُصْبِحُوا عَلَى مَا أَسَرُّوا فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ (٥٢) وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا أَهَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَأَصْبَحُوا خَاسِرِينَ (٥٣) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٥٤) إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ﴾ **المائده ٥١-٥٤** .

**پرسیار ئایا ؟! ئەوانەی لە گەل جوولەکە دەستیان تیکەل کردووە بە دریژایی میژوو بە ئیستا شەوە هە ر زەرەمەند نەبوو ؟! هەر خسارەت مەند نەبوون لە دونیاو لە قیامەتیش دا ؟ یان کی قازانی کردووە لە رووی سیاسی و لە رووی بازرگانی کردن لە گەلیان دا؟! هەر بۆیە کار بە دەستانی ئەو وەلاتانی ئیسلامی مەبەست مە نەك غیرە ئیسلامی زۆر نەفامن زۆر کەم تەمەن وکە عەقل دونیا ویستن کە دەتسیان لە گەل جوولە کەی خیانەت کار تیکەل دە کەن و ، خەلکی خۆشیان دەچەوسینەوە برسی دەکەن و زیندانی دەکەن لە بەر خاتری جوولە کەو هەواو ئارەزووی دونیا ی خۆیان گویی بەهیچ نادەن تەنها وەرگرتنی رەزامەندی جوولەکەی سەهیونی نەبیت ، هەمیشە زەر مەندی دونیا ئەبن و خەلك رقیان لی دە بیت و خسارەت مەند دە بن ، بەلی ئەم کارەی کە ئەم وەلاتانە دەی کەن وە دەستی هاریکاری رائەکیشن بۆ یارمەتی دانی جوولەکە کاریکی زۆر زالمانەیە ، چونکە هاولاتیە کانی خۆیان دە خەن ژیر پی لە بەر خاتری جوولەی خیانەت کار بە هەر وەك ( خوای گەورە ) دەفەرموویت** ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا أَهَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَأَصْبَحُوا خَاسِرِينَ﴾ **المائده ٥٣ ، بەلی خسارت مەندن ئەوانەی یارمەتی جوولە کە ئەدەن ، یان ( خوای گەورە ) دەفەرموویت :** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ **المائده ٥١ . ئەو کەسانەی کە ئیماندارن جوولەکەو گاور مەکەنە یاورو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندیکیان پشتیوانی و پشتیگیری یەکترن ، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستیت ، ئەوە هەر لەوانە و حیسابی ئەوانی بۆ دەکریت بەراستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات ..!!**

**پرسیار ئایا؟! ئەم کار بەدەستانە ی وەلاتی ئیمە ئیماندارن ؟! چونکە ئیماندار دووجار هەلنا خەلەتیت بەدەستی جوولە کە ؟! ئایا ئەم کار بە دەستانە خویندەواریان هەیە ؟! میژووی جوولەکەیان خویندوە ؟!**

ئ

ئایا عەرەبی ئەزانن ؟! ئایا قورئانیان خویندوە ؟! بۆچی بەند لە رابردووی خۆیان وەرناگرن ؟! بۆچ دووبارە هەمان هەلەی پیشوو دەكەنەوە ؟! ماشا اللە یان لی بیت هەر هەمووشیان دكتورا یان هەیە خویندەواری باشن ، بەلام بەرای من هەر هەموویان مونافیق و دووروون لە گەل خوا و پیغەمبەر( صلی اللە علیه وسلم ) و خەلكی فەقیرو هەژاردا .. بۆیە هەمیشە ریسوان لە ناو خەلك دا بەلام روویان نیە ..

هەر جوولەكەش وانین بگرە گاورەكانیش كە ( خوای گەورە ) ئاماژەیان پی دەكات ، و كە نابیت پشتیان پی ببەستریت ،چونكە ئەمانە دوژمنی سەرسەختی موسلمانان لە تەواوی جیهان دا ،هەر خەریكی ئاژاوەناناوەن لە ناو ولاتانی موسلمانان دا ، ئەوە تا رۆژاوا بەناوی دیمكراسیەت و مافی مرۆڤ علمانیەت بلاو دە كاتەوە سامان و سەروەتی موسلمانان بەتالان ئەبەن و ، خەریكی بەلاوبوونەوەی بی رەوشتین پال پشتی هەر وەلاتیكیان كردبیت ویرانیان كردووە ، ئەوە تا كوردستانی سوریاو عیراق یان چۆن ویران كرد دەیان بەدوژمنە كانیان بەلام كوردی بەت بەخیت هەر پەند وەر ناگری ، و وا خەریكە وەك رۆژئاواسیاسەت دەكات بەد رەوشتی لەوانە فیر ئەبیت نە ك علم زانستی دونیاویی و بۆ پشكەوتنی وەلاتەكەی بی گومان وەلاتیان لەدەست داوە ،چونكە پشكەشی رۆژئاواو گاورو جوولە كەیان كردووە ،بەردەوام ژرایەتی دنی خوا و ئیسلام دە كەن و لە بەر خاتی چاوی جوولەكە گاورە رۆژئاویی دیمكراسیەتی علمانیەت ، ئەواتا لە بەر چاوی خۆیان رووسیایی شوعیەت دە بینن كە چۆن بە هەموو چەكیك لە ئۆكرانیا ئەدا ئەوانیش فزەیان لیەوەناوی ئایا ئەمەیە مافی مرۆڤی جوولەكەو گاور رۆژئاوا ، دە با ئیمەش كەمیك تەماشا كەریان بین .

( غەزای بنی قینقاع ) لەم سەرچاوانەوە وەرگیراوە :

السیر بن هشام ۳۹/۲گج۳٤۰ ، البیهقی الدلائل ۱۷٤/۳ ، السیر النبویه لابی شهبه ۸۹/۲گج۳۹٦ ،الرحیق المختوم ٤۰كج۲٤٤ .

## كوشتنی ( كەعبی كوری ئەشرەف )

ێ

( کەعبی کوری ئەشرەف ) یەکیك بوو لە و جوولەکانەی کە یەکجار داخ لە دلی موسلمانان بوو ، ئازاریکی زۆری پیغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) ئەداو ، حەزی لەوە بوو خەلك لە دژی هەل بنی .

بەلی ( کەعەبی کوری ئەشرەف ) دژ بە ئیسلام موسلمانان ، زۆر ئازاری پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەدا بە ئاشکرا دژایەتی دە کرد ، ( کەعبی کوری ئەشرف ) لە هۆزی ( طيء ) لە تیرەی ( نبهان ) بوو، وە دایکیشی لە ( بني نضير ) بوو ، پیاویکی دەولەمەندو چوراشانە و قۆز بوو لە ناو هۆزەکانی عەرەبدا ، یەکیك بوو لە شارعیرەکانیان ، قەلاکەی یان مالەکەی کەوتوو بووە باشووری رۆهەلاتی شاری مەدینە و لە پشتی خانووە کانی ( بني نضير ) وە کە هەوالی یەکەم سەر کەوتنی موسلمانانی بیست لە جەنگی بەدر دا وە کوشتنی پیاو ماقولانی قورەیشی بیست ، ووتی : ئەری ئەم هەواله راستە ؟! دواتر ووتی : وللاهی ئەگەر ئەگەر محمد ئەمانەی کوشتبیت ؟ ژیر زەوی باشتر بۆ من لەسەر زەوی !!!

کەهەوالی سەرکەتنی موسلمانانی بیست و راست دەر چوو ،لە پاشان دا کەوتە دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و موسلمانان هاندانی دژومنانی ئیسلام یارمەتی دانیان لە دژی ئیسلام لە شاری مەدین ، پیادا هەلدانی دوژمنانی ئیسلام بە تابیەتی قورەیشی موشریك و کافری ستەم کار ، بە لی ئەوە بوو بەوەشەوە نەوەستا سواری وەلاغەکەی بوو چوو بۆ لای قورەیش لە شاری مککە دا ، چووە لای ( المطلب ی کوری ابي وداعة السهمي ) ، دەستی کرد بە خویندنەوەی شیعرو پیاهەلدانی قورەیش ، هەروەه دەستی کرد بە گریان بۆ کوژراوە کانی جەنگی بەرد ، ( کەعبی کوری ئەشرەف ) بۆ ئەوەی وە کرد تاکو قورەیش هان بدات دژی پیغەمبەر و موسلمانان لەشاری مەدینەدا، هەروەها بۆ وروژاندی ئاگری فیتنە هەلگساندنی جەنگ لە نیوان قوریش و موسلمانان دا ، بۆ ئەوەی ئاگرە گە خۆش بکات و ئەو قینەی و رقەی کە لە دلی بوو بەرامبە بە پیغەمبەری خوا و موسلمانان هەر هەمووی هەر ریژت ، بانگی دە کردن بۆ جەن کردن لە ژی ئیسلام دا ، بەلی ئەو لە شاری مککە بوو ( ابو سفیان ) موشریکە کانی قورەیش پرساریان لی کرد : ئایا ئاینی ئیمەت بەلاوە خۆشەویسترە یان ئاینەکی محمد و هاوەلە کانی ؟! یان ووتی : کاممان لەسەر ریگای هیدایەتە ؟! بەلی ( کەعبی کوری ئەشرەفی ) ناپاك خیانەت کارو دووری جوولە کە ووتی : بە قورەیشی موشریك و کافر ، بەراستی ئیوە لەسەر ریگەی هیدایەتن و باشترن ...!!!

بەلی ، لە بارەی ئەم قسەیەی ( کەعبی کوری ئەشرف ) کە ووتی : بە قورەیش موشریك و کافر ، کەووتی : بەراستی ئیوە لەسەر ریگەی هیدایەتن و باشترن ، ئەم ئایەتیە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە کە ( خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا

ئ
﴿هَؤُلَاءِ أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا﴾ **النساء ٥٠ . واتا : ئايا نەتروانیووەتە ئەوانەی کە بەشیك لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە کەچی لە گەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بەفلچی و و جادووگەرو بت و پەیکەرو شەیتان هەیە و دەربارەی ئەوانەی کە بێ باوەڕن دەڵێن : ئەوانە چاکترن وڕێبازی ڕاستتریان گرتووە ، تا ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان بەئاینی ئیسلام هێناوە .**

**لە پاشان دا ( کەعبی کوڕی ئەشرە ف ) بەم شێوەیە گەڕایەوە بۆ شاری مەدینە و ، دەستی کرد بە دژایەتی کردنی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و موسلمانان لە شاری مەدینەدا .**

**لەڕیوایەتیکی تردا کە ( ابن عباس ) –خوا لێ ڕازی بێت – دە گێریتەوە دەفەرمووێت : ( حویەی کوڕی ئەختب ) لە گەڵ ( کەعبی کوڕی ئەشرف ) هەر دوو کیان بەیکەوە ڕۆیشتن بۆ شاری مککە ، وە هاو پە یمانیان سازکرد لە گەڵ پیاو ماقوڵانی قورەیش دا ، بۆ شەر کردن لە دژی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کافرانی قورەیش بە هەردوو پیاویان ووت : ئیوە کەسانیکی شارەزان لە زانستە کۆنەکان و خاوەن کتێبی ئاسمانین ؟! وە ووتیان : تۆ ئەی ( کەعبی کوڕی ئەشرەف ) گەورە و ناوداری چاکترینی کەسانی خەلکی مەدینەی پێمان ڕاگەیەنن ئایا ئیمە باشترو ڕاسترین یان محمد ؟! هەردوو کیان ووتیان : ئیوە کێن ؟! محمد کێ یە ؟! قورەیشیش ووتیان :ك ئیمە دەرگاوانی ( کەعبە ین ) وە ڕزگار کەری لێ قەوماو دیلین ، وە ووشتری قەلەومان سەر دە برین لەگەڵ شیر و ئاودا دەی بەخشینە حاجی یەکان و خزمەتیان دەکەین ، وە پەیوەندی خزمایەتیان بەرێوە دەبەین ، هەر دووکیان پرسیار یان کرد و ووتیان: ئەی محمد کێیە ؟! قورەیش ووتیان : ئەو پیاویکی بێ وەچەیەو پەیوەندی خزمایەتی شیواندووین و چەتەو دزەکانی ( بنی غیفار ) دوای کەوتوون ، کە حاجیەکان ڕووت دەکەنەوە ، وە خۆی بەڕاست ئەزانێت ، ئایا ئیمە باشترو ڕاست ترین یان ئەوان ؟! واتە : پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) و موسلمانان ، ( کەعبی کوڕی ئەشرف ) و ( حویەی کوڕی ئەختب ) واتە : هەردوو کیان وەلامیان دایەوە ووتیان : ئاین و ڕیگەی ئیوە ڕاست ترە ئیوە چاکترن لەوان !! ئیتر ئەم ئایەتەی قورئان هاتەخوارەوە کە ( خوای گەورە ) دەفەرمووێت:**

﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ﴾ **الکوثر ٣. واتا : دووژمنە کانت وجاخ کوێرو بێ وەچە دەبن ..!!**

**هەروەها ئەم ئایەتەش قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە ( خوای گەورە ) دەفەرمووێت :** ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَؤُلَاءِ أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا﴾ **النساء ٥٠ . واتا : ئایا نەتروانیووەتە ئەوانەی کە بەشیك لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە کەچی لە گەڵ ئەوەشدا**

ئ
باوەریان بەفلچی و و جادووگەرو بت و پەیکەرو شەیتان هەیە و دەربارەی ئەوانەی کە بی باوەرن دەلین : ئەوانە چاکترن وریبازی راستتریان گرتووە ، تا ئەوانەی کە ئیمان و باوەریان بەئاینی ئیسلام هیناوە .

هەروەها ئەم دوو پیاوە خراپە کاور تاوانبارە گەرانەوە شاری مەدینە ، بەلام ( کەعبی کوری ئەشرف ) خراپتر لە جاران کەوتە دژایەتی کردنی پیغەمبەری خوا و ( صلی اللە علیە وسلم ) موسلمانان ، وە کەوتە شعر دژبە خوا پیغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) و ئیسلام و موسلمانان . اخرجە :التبرانی فی التفسیر ٩٧٨٦

( کەعبی کوری مالیك ) – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : کە ( کەعبی کوری ئەشرف ) کەوتە دژایەتی کردنی پیغەمبەر( صلی اللە علیەوسلم ) بە شعیر هاندانی موشریکە کان و قورەیش دژ بە پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) و هاوەلانی ، ( خوای گەورە )یش سەرەتا فەرمانی دا بە لی بووردن و ئارام گرتن بەرامبەر ئەوان ، و ئەم ئایەتەش دابەزی ، دەفەرموویت : ﴿ لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا أَذًى كَثِيرًا وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ ال عمران ١٨٦ .

بەلام ( کەعبی کوری ئەشرف ) هەر دەست بەرداری ئەم کارە خراپانە نەبوو ، وە دە هات پرسیاری جۆراو جۆری دەکرد تا پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیەوسلم ) پی نارە حەت بی و ، هەروەها لە پرسیارە کانی دا مە بەستی نارەحەتی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بوو .

( ابن عباس ) خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( کەعبی کوری ئەشرف ) و ( حویەی کوری ئەختب )وە لە گەل هەندی جوولەکە هاتن بۆ لای پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) و ووتیان : ئەی محمد ئەو خوایەیی کە تۆی ناردووە چۆنە بۆمان باس بکە ؟! ( خوای گەورەش ) ئەم چەند ئایە تەیسورەتی ( الاخلاص )ی دابەزاند : ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ اللَّهُ الصَّمَدُ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ الاخلاص ١-٤ .

اخرجە : البیهقی فی ( الاسماء والصفات ) برقم ٦٠٥ .

بەلی ( کەعبی کوری ئەشرف ) هەر دەس بەر داری ئەم تاوانانە نە دەبوو ، وە شیعرە کانیشی نزیك بوو ورەی هەندی لە کافرانی قورەیشی بەرزبکاتەوە و بیان بزوینی ، وە توانایان بداتە بەر بۆ دژایەتی کردنی موسلمانان ، تا رۆژی تۆلە هاتە پیش ، بەسەر هاتی لە ناو بردنی ئەم تاوانبارە لە زۆر سەرچاوە دا هاتووە و هەندیکیان بە کورتی هەندیکیان بە دریژی ، وە هەر یەکەیان تەنها چەند لایە نیکی باسەکەی تیدایە ، بە کۆ کردنەوەی و ریخستنی هەموویان لە بەسەر هاتەکە باشتر ئاشنا دە بین لە هەموو روویە کەوە ، باسەکەش بەدریژی بەم جۆرەیە ...!!!

لە ( جابر ) وە – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( کە ( کەعبی کوری ئەشرف ) هەر دەست بەرداری ئازاردانی پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) و موسلمانان نەبوو ، تا پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمووی : ( من لکعب بن الاشرف فانە قد آذی اللە و رسولە بشعرە وقوی المشرکین ) واتە : کی تۆلەی لە

ێ
( کەعبی کوری ئەشرف ) دەکاتەوە بەراستی ئـازاری خـوا و پیغەمبەر( صـلی الله علیـه وسـلم ) دەدات بـە شعیرەکانی و موشریکەکان بەهیز دەکات . ( محمد ی کوری مسلمه ) ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ( صـلی الله علیه وسلم ) پیت خۆشه بیکوژم ؟! پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( بەلی ) .

بەلام برۆ راویژ یە ( سعدی کوری موعاز ) بکە !! ( محمدی کوری مسلمه ) دەلیت : من چووم بۆ لای ( سـعدی کوری موعاز ) وباسەکەم بۆ گیرایەوە ئەویش ووتی : بۆ بۆ جی بەجی کردنی ئەم کارە پشت بە خوا ، بەلام ( ئەلحارسی کوری ئەوسی برازام ) ، وە ( عبادەی کوری بشیر ) وە ( ابی عەبسی کوری جابری ئە لحارس ) وە ( ابی نائیل سلکانی کوری قەیسی ئەشهەلی ) برۆن ئەمانە هەمووئاگادار بکەرەوە ولەگەل خۆت دا بیان بە ، منیش چووم بۆ لای هەموویان و لە کارەکە ئاگادارم کردنەوە ، تەنها ( سلکان ) نە بیت ، ووتم برازام من تۆ بەراست ئەزانم ، بەلام پیم خۆشە ئەو کارە ئە نجام نەدەم تا خۆم ئەچم قسە لە گەل پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دا ئەکەم ، ئەو رۆیشت باسەکەی لای پیغەمبـەر ( صـلی الله علیـه وسـلم ) گیرایـەوە و ، پیغمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) پی فەرموو : ( لە گەل هاوریکانـت دا بـرۆ ) ( محمـد کـوری مسـلمه ) دەلیت : ووتم : ئەی پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ریگەم بدە تا شتیك بلیم ؟! پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ( بلی ) . واتە : پیویستیت بە هەر قەسـە یـەك بـوو ( بلـی ) لـە پاشـان دا پیغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی دا بە ( سعدی کوری موعاز ) کە ئەو کۆمەلە بنیریت بـۆ کوشـتنی ( کەعبی کوری ئەشرف ) و ( سعدی کور موعاز ) ئەو پینچ کەسەی بۆ نارد تا بـی کـوژن ، هـەر پینچیـان چوون بۆ لای ( کەعبی کوری ئەشرف ) کە دانیشتوبوو لە ناو خزمانی دا لە ( العوالی ) واتە : ناوچەی سـەر رووی شاری مەدینە ، ( کەعبی کوری ئەشرف ) ئە پینچ کەسەی بینی لی یان ترساو پیی ووتـن : بـۆ چـی هاتوونە ئیرە ؟! ئەوانیش ووتیان : ئیش و کارمان بە تۆ هەیە !! ( کەعبی کوری ئەشرف ) ووتی : بـا یـە کیکیتان لیم نزیك بیتەوە و کارەکەیم پی راگەیەنیت ؟! ( محمد کوری مسلمه ) لی نزیك بۆیەوە و کەوتـە باسی پەیوەندی هەر دوولا و پاشان پی ووت : ئەم پیاوە دوای زەکاتی لی کردووین و بەراسـتی مانـدووی کردووین ، وە من هاتووم بۆ لات کە هەندیك خورمام بە قەرز بدەیتی ، ( کەعبی کوری ئەشـرف ) ووتـی : ئەمەشی هینا بەسەرتاندا وەلا لی بیزار دە بن ، وە لەو کاتەوە ئەم پیاوە هاتۆتە لاتان تەواو ماندوو ی کردوون ؟! ( محمدی کوری مسلمه ) پیی ووت : ئیمەش ئیستا شوینی کەوتووین پیمان نا خۆشـە لـی دوور کەوینەوە تا نەزانین کۆتایەکەی بە چی دە گات ، ئیمە هاتووین دەمانەوە ( وسق ) یـان دوو( وسـق ) خورمـا بەقەرز بدەیتی ؟! ( کەعبی کوری ئەشرف ) ووتی ( باشە بەلام ( بارمتەم لادانین ) ، ( محمد ی کوری مسلمه ) ووتی : چیت ئەویت ؟! ( کەعبی کوری ئوشرف ) ووتی : ژنە کانتان بە بارمتە لام دانین ) ، ( محمد کوری مسلمه ) ووتی : چۆن ژنە کا نمان لای تۆ بەبارمتە دانین..؟!

کە تۆ جوانترین پیاوی نیمچە دوورگەی عەربی ) هەروەها ( کەعبی کوری ئەشرف ) ووتی : دە مندالە کانتان لام بە بارمتە دانین ) ، ( محمد کوری مسلمه ) ووتی : ئەمەش شوورەییە لەسەر ئیمە ، دوا جار بە مندالـە کا نمان دە وتریت و دە لین : ئیوە هاوشیوەی ( وسق ) یان دوو( وسق ) خورما بـە بارمتـە گـیراون ، ئەمـەش

ئ
ناکەین ...

هەوەها ( محمد کوری مسلمە ) پی ووت : بەلام چەکەت بە بارمتە لا دادەنین . ( کەعبی کوری ئەشرف ) ووتی : باشە .

ئینجا ( محمدی کوری مسلمە ) بەلینی دایە کە لە دوای بی دەنگی شەو هەر پینچیان برۆن بۆ لای .

لە ( ابن عباس )وە – خوا لی رازی بیت – دەفەرموویت : ( هەر پینچییان پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بەری کردن ، واتە : دوای تەواو بوونی نویژی عیشا ، وە لە گەلیاندا رۆی تا گۆرستانی ( بقیع الغرقد ) لەوی ئەوانی ناردوو فەرمووی : ( انطلقوا علی اسم اللە ،اللهم أعنهم ) واتە : برۆن بەناوی خواوە ، خوایە کۆمەکیان بکە ؟ پاشان پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) گەرایەوە مالەوە ، وە ئەو شەوە ش مانگە شەویکی رووناك بوو، ئەوان هەر پینچیا رۆیشتن تا گەیشتنە لای قەلاکەی ، ( ابی نائیلە ) و ( محمد کوری مسلمە ) بانگیان لی کرد ، ( کەعبی کوری ئەشرف )یش تازە ژنیکی خواستبوو ، کە ئەو دەنگەی بیست لە جیگاکەی دا بەرز بۆوە ، وە ژنەکەی لایە کی کراسەکەی گرت و پی ووت : تۆ پیاویکی دوژمن داری ، دوژمن دار لەم کاتەدا نا چیتەدەرەوە ؟! ( کەعبی کوری ئەشرف ) ووتی : ئەوە اب نائیلەیە گەر بیزانیایە من خەو تووم هەلی نەئەساندم ، ژنە کەش پی ووت : وەلا من بە دەنگە کەیدا دەزانم کە خراپە کارە بۆ کوی دەچیت نا لە م کاتەدا ؟! ئەمانە لە م کاتەدا نەهاتوون بۆ لات بۆ شتیك کە تۆ بیت خۆش بیت ، هەروەها ژنەکەی ووتی : من گویم لەدەگیکە بۆنی خوینی لیدیت ؟! ( کەعبی کوری ئەشرف ) ووتی : ئەمە تەنها ( محمد کوریمسلمە ) و ( ابی نائیلەیە ) برا شریەکەیەتی و ئەوان پیشتر پیویستی خۆیان لا باس کردم ، بەریز ئەوەی گەر بۆ کوشتنیشی بانگ بکریت بەشەو هەر دەروات ..!!

لە پاشان دا ( محمد کوری مسلمە ) بە هاوەلە کانی ووت : گە ر ئەو هات واتە : کەعبی کوری ئەشرف ) من دەست دریژ دەکەم بۆ سەری ( بۆنی دەکەم ) وە گەر ئیوەش منتان بینی کە سەری وا لە ناو دەستم دایە ئینجا بە هەمووتانەوە لی بدەن ، ( محمد کوری مسلمە ) هاوەلە کانی ئاگادار کردە وە لەژیر خورماکەدا چاوەریی بکەن ،لە پاشان دا ( کەعبی کوری ئەشرف ) دابە زی بۆ لای یان یەك پۆشاکی لەبەردا بوو و بە خۆیەوە پیچابوو بۆنی گولاوی لی دە هات ، ئینجا هاتە لای ( محمد کوری مسلمە ) و دانیش لە گەلی دا ، ( محمد کوری مسلمە ) پی ووت : چەند بۆنەکەت خۆشە و قەدو بالات ریکەو لەویدا لەگەل هەموویان دانیشت قەسەی لە گەلدا کردن ئەوان ووتیان : ( کەعبی کوری ئەشرف ) با بە پیاسە بچین تا شیوی ( العجوز ) وە لەویدا قسە کا نمان تەواو بکە ین ؟! ( کەعبی کوری ئوشرف )یش ووتی : باشە ، گەر بی تان خۆشە با برۆین ،بە پیاسە هەمویان ماوەیە رۆیشتن ، ئینجا ( محمد کوری مسلمە ) دەستی برد بۆ سەری ( کەعبی کوری ئەشرف ) و پاشان بۆنی دەستی خۆی کرد و ووتی : تا ئیستا بۆنیکم نەبینیوە خۆشتر بیت لەم بۆنەی ئەو شەوە ..!!

( کەعبی کوری ئەشرف )یش ووتی : ئەوە خۆشترین بۆنی عەرەبە لەبەر ئەوە لە خۆم داوە ، کە فلان ئافرەتم خواستووە ، ( محمد کوری مسلمە ) پی ووتەوە : ریگەم دەدیتەوە دیسان بۆنی سەرت بکەمەوە ؟! ئەویش ووتی : بلی . پاشان دەستی برد بۆ سەری و بۆنی کرد ، هاوەلانی بۆنیان کرد تا سییەم جار ئە نجا

ئ
دەستی بردەوە بۆ سەرس  ئەمجارە یان بە هەردوو دەستی سەری گرت و بەهاوەلانی ووت : لەم دوژمنەی خوا بدەن ، بیکوژن و ئینجا هەموویان لی کۆ بوونەوە  تا کوشتیان ، لـە ویـدا و دەنگـە دەنـگ بـلاو بـووەوەو جوولەکەکان هەموویان لە قەلاکانیانەوە هەستان و ئاگریـان رۆشـن کـرد ، بـەلام شمشـیری یـەکیکیان گەرایەوە بۆ بەر لا قی  ( الحارسی کوری ئەوس کوری موعاز )  بـە لاقـی کـەت و  بریـنـدار بـوو ،  ئینجـا هەموویان بە راکردن بەسەر نیمچە تەپۆلکە ی بنی ئومەیەداو لەویشەوە بـۆ نیمچـە تەپولکـەکانی بـین قورەش  رۆیشتن ، ( محمد کوری مسلمە )  دەلیت : رامان کردووە دەرچوون بۆ سەر بەرزایەکەی ( حرة العریض ) ( حارسی کوری ئەوسی کوری موعاز ) مان لی دوا کەوت ، برینەکەی خوینی لیدە هات ، وە ئیمەش ماوەیەك لەسەری وەستاین ، تا کو بینیمان وا بەشوینمانەوە دیت ، ئیمەش چووین هەلمان گرت  ، وە تا لـە کۆتـای شەودا گەیشتینەلای مالی  پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم  ) لەو کاتەدا  پیغەمبەری خـوا ( صـلی اللە علیە وسلم ) شەو نویژی دەکرد و لەدەرەوە سەلاممان لی کرد ،  پیغەمبەری ( صـلی اللە علیـە وسـلم  ) دوای تەواو بوونی نویژەکە هاتەدەرەوە بۆ لامان فەررمووی : ( افلحت الوجـوە ) واتـە  : روخسـارتان سـەرفراوز سەرکەوتوو دیارە ، ئیتر ئیمەش مووژدەی کوشتنی دوژمنەکەی خوامان پیداو تفیکی نایە سـەر برینەکـەی ( حارسی کوری ئەوسی کوری موعاز ) ، پاشان گەرایەوە ئیمەش گەراینەوەلای خیزانەکانمان .

ئیتر لەم رووداوە هەمووچاوترسین بوون و هەموو جوولەکە یەك لە خۆی دەترسا .

( کەعبی کوری مالیـك ) –خـوالی رازی بیـت – دەفـەرموویت : ( لـەدوای ئـەم رووداوە دا جوولەکـەکان و موشریکەکان هاتنە لای پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ووتیان : ( کەعبی کـوری ئەشـرف )  سـەر کردەمان بە  پیلانیك ئەم شەو کوژراوە ؟!

پیغەمبەریش ( صلی اللە علیەوسلم )  بەبیری هینانەوە کە چۆن ( کەعبی کوری ئەشرف ) ئـازاری  پیغەمبـەر موسلمانانی دەدا ، بە شیعرەکانی دژایەتی هەموویانی دەکرد ،  پاشان  پیغەمبەر ( صلی اللە علیـە وسـلم ) دوای لی کردن کە ریکەوتن نامەیەك لەنیوانیان دا بنووسریت ، تا هەموو لایەك بەگویرەی ئـەو ریکـەوتن نامەیەهەلسوکەت لەگەل یەك دا بکەن ، ئیتر ئەوە بوو  ئەو ریکەتنە نامەیە لە لایەن  پیغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) و موسلمانان  لە گەل جوولەکەکان نووسراو هەموو لەسەری ریکەتن ئەو ریکەتنـە  نامەیـەش لای ( علي کوری ابو طاليب ) مایەوە )..!!

اخرجە : البخاری ( ٤٠٣٧)، والمسلم ( ١٨٠١  )  ،البیهقی فی الدلائل ٣/١٩٦ ، التبرانی ففی الکبیر ١٨٦١٢.

ئ

## سریەی (زیدی کوری حاریثە )

بەلی سریە (زیدی کوری حاریثە ) هەلمەتیکی سەربازی بوو ، دوامین سەر کەوتوو ترین دەوریەی سەر بازی بوو کە موسلمانە کان پیش جەنگی ئوحود دا ئە نجامیاندا ، لە مانگی جمادی سالی (٣) کوچیدا روویدا،

بەلی لەوە پیش باسمان کرد کە قورەیش نیازی وابوو کە (بنی سلیم و غطفان ) پاریزگاری لە کاروانە بازرگانیە کەیان بۆ بکەن ، بەلام کە سوپای ئیسلام هەلمەتی بردە سەر ناوچەی ئەو هۆزانە ، ئیتر قورەیش تی گەیشت کە ئەو هۆزانە ناتوانن بەر نگاری سوپای ئیسلام ببنەوە ، بەلی سوپایی ئیسلام رۆژ بەرۆژ لە پیشکەوتنوو پەرەسەندن دا بوو ، بۆ ئەم مەبەستە قورەیش کەوتە بیرکردنەوە و ، ریگە چارەیەکی گونجاو بۆ هات و چۆ کردنی کاروانە بازرگانیە کانیان ، ئەمەش دوای ئەوەی (٧) مانگ بەسەر جەنگی بەدر دا تی پەری بوو و ، وەرزی هاوینیش ها تبوو .

بەلی قورەیش بۆ فەرماندەیاتی کاروانەکانیان لە وسالەدا ، واتە : لە سالی (٣) می کۆچی دا بوو ، قورەیش (صەفوانی کوری ئومەیەی ) هەلبژارد ، چونکە یەکیك بوو لە پالەوانە کانی قورەیش بۆ بازرگانی کردن ، بەلی دەربارەی ئەم ئەرکەی (صەفوانی کوری ئومەیە ) ئەوە بوو هەلویستی خۆی راگەیاند بە قورەیش ، کە محمد و هاوەلانی تەنگیان پی هەل چنیون و ،زانیان بە بازرگانی کردنی شاری مککە داوە ، وە دەسەلاتیان بەسەر شاری مەدینە و دەریایی سوور دا ئەروا ،وە دانیشتوانی ئەم ناوچەشیان کردۆتە خۆ ، زۆر بەشیان وا موسلمان بوون قورەیش هیچی بۆ نە ماوەتەوە ، هەروەها (صەفوانی کوری ئومەیە ) ووتی : بە قورەیش خۆ ئەگەر لە مالەوە بە بەتالی دانیشین ، ئەوان سەرمایە کەیان ئەخۆن ، هیچیان لە دەست نامینیت ، وە ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شاری مککە لەسەر بازرگانی هاوینە بەرەو شام و ، لەسەر بازرگانی زستانە بەرەو حەبەشەیە .

بەلی کاتیك کە (صەفوانی کوری ئومەیە ) ئەم باسە ی بۆ گیرانەوە ، قورەیش کەوتە گفتوگۆ کردن و وت و ویژکردن بۆ تاو توی کردنی باسە کە ، ئەوە بوو (اسودی کوری عبدالمطلیب ) بە (صەفوانی کوری ئومەیە )ی ووت : واز لە ریگەی کەناری دەریایی سوور بهینە ریگەی عیراق بگرە بەر .

دیارە ئەم ریگایە زۆر دوور و دریژە و بیابانی ( نجد ) بەرەو شام ئەبری و ، لە خۆر هەلاتی مەدینەوە ، بەلام زۆر دوورەوە ،تی ئە پەری ، قورەیش لەم ری یە زۆر بی ئاگابوو ، بۆیە (اسودی کوری عبدالمطلیب ) بە

ئ

( صەفوانی كوری ئومەیە )ی ووت : كە ( فوراتی كوری حەییان ) كە پیاویكی ( نەوەی بكری كوری وائیل ) بوو ، بۆ چاو ساغی ریگا بە كری بگریت . الرحيق المختوم ٢٤٩ .

بەلی ( صەفوان ) و ( ابو سفیان ) و چەند پیاویكی تریش لەگەل دا بوون تا لە پاریزگاریی كاروانەكەدا یارمەتیی بدەن و ، بە بی دەنگ ریگا بگرنە بەر ، بەلكو موسلمانەكان بەم ری یە نەزانن و ، ری یان پی نەگرن ، بەلی یەكەم كاروانی قورەیش بە ریگە نویە یان تازەیە بە ری كەوت ، بەلام بە ویستی خوا ئەم گەشتە یان ئەو كاروانەی قورەیش كە بە نهینی بوو ، بۆ موسلمانەكان و سوپای ئیسلام ئاشكرا بوو ..!!

ئەوە بوو لە كاتی بەری كردنی ئەم كاروانە بازرگانیە ( نعیمی كوری مەسعوود ) كە هیشتا موسلمان نەبوو بوو ، لە شاری مككە بوو ، ئاگاداری پیلان و تكبیر و نەخشە كیشانی قورەیش بوو ،دوای ئەوە هات سەردانی شاری مەدینەی كرد و ئەم هەوالەی قورەیشی باس كرد و یەكی لە موسلمانەكان ئەم هەوالەی بەرگوی كەوت گەیاند یە پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) .ئەوە بوو ( سلیطي كوری نعمان ) كە موسلمان بوو بوو ، ئامادەی گۆری عەرەق خوردنەوە بوو ، ئەمەش پیش حەرام بوونی عەرق ، ( نعیمی كوری مەسعوود ) لەوی ئامادە بوو ، كە ( نعیمی كوری مەسعوود ) سەر خۆش بوو ، بە دریژە باسی كاروانەبازرگانی یەكەی كرد كە بە سەر كردایەتی ( صەفوانی كوری ئومەیە ) كەوتە ری و ، وە باسی ریگای نویە كەی یان ریگا تازەكەی قورەیش بۆ كردن زۆر بە باشی و بە جوانی ..!! بەلی كاتیك ( سلیطي كوری نعمان ) كە ئەم باسە ی بیت و خیرا بە پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) ی راگەیاند ، خیرا پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) سوپایەكی خنجیلانەی لە هاوەلانی ئیسلام پیك هینا كە ( ١٠٠ ) سەرباز بوون ، كە ( زیدی كوری حاریثە ) كردە ئەمیریان و ، بە پەلە خۆیان گەیاندە سەر ریی كاروانەكە و ، نەیانە هیشت دەنگ و باسی ئەم هەلمەتە بگاتە لای ( صەفوانی كوری ئومەیە ) لە كاتیكدا كە لەسەر ئاویكی وەلاتی ( نجد ) كە پی ئەوترا ( قردە ) كاروانەكە بۆ حەسانەوە ختبوویان ، سوپای موسلمانەكان لە نا كاو دایان بەسەریاندا و ، دەستیان بەسەر كاروانە بازرگانیەكەدا هەر هەمووی گرت ، ( صەفوانی كوری ئومەیە ) و پاسەوانەكانی هەر پیان كرا را بكەن و هەلبین ، بە بی هیچ دەست كردنەوە یە ك كاروانەكەیان بە جی هیشت و موسلمانەكان دەستیان بەسەر دا گرت ، بەلی دەست كەوتی ئەم كاروانە بازرگانیە بە یەكەم دەست كەوتی جەنگ هەژمارە كریت تا ئەو كاتەدا ، چونكە دەست كەتیكی زۆریان پی بوو ، لە قاپ و قاچاغی زیوی باری كاروانەكە بوو ، هەروەها موسلمانەكان چاوساغی ری پیشاندەری كاروانەكەیان بە دیل گرت كە ( فوراتی كوری حەییان ) لەگەل دوو پاسەوانی تردا ،بەلی دەست كەوتەكانیان هینایەوە ئەوەندە زۆر بوون كە پیغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) پینج یەكی لی جیاكردەوە كە بیست و پینج هەزار درهەم بوو ، ئەوی تریشی بەسەر جەنگاوەرانی ئەم سریەدا دابەش كرد و ، وە ( فوراتی كوری حەییان ) لە سەردەمی پیغەمبەری خوا دا ( صلى الله علیه وسلم ) موسلمان بوو ..!! الرحيق المختوم ٢٤٩-٢٥١ .

ئ

# سەرچاوەکان


١- زاد المعاد في هدى خير العباد ،لأبن قيم جوزي .

٢- السيرة المغازي ،لابن إسحاق

٣- السيرة أعلام النبلاء

٤- السيرة النبوية ،لأبي حاتم

٥- السيرة النبوية ،ابن هشام

٦- السيرة النبوية، ابن كثر

٧- البداية والنهاية، لأبن كثير

٨- بلوغ المرام من ادلة الأحكام ، ابن حجر العسقلاني

٩- تفسير ابن كثير

١٠- رحمة للعالمين ، محمدسليمان سلمان المنصورى

١١- السيرة النبوية، محمدأبو شيبة

١٢- روضة الأنف ، ابو القاسم عبدالرحمن بن عبدالله الهيلي

١٣- صحيح البخاري ، محمدبن اسماعيل البخاري

١٤- صحيح مسلم ، مسلم بن الحجاج القثيري

١٥- سنن ابن ماجه ،ابو عبدالله محمدبن يزيد ابن ماجه القزويني

١٦- سنن ابي داود ،ابو داود سليمان بن الاشعث السجستاني

١٧- النسائي ،ابو عبدالرحمن احمد بن شعيب النسائي

ئ

٨لجشرح شذور الذهب ،ابن هشام

٩لجصلح الحديبة ، محمدبن احمد باشميل

٠لجفتح الباري ،احمد بن على بن حجر العسقلاني

١لجالمستدرك ،ابو عبدالله محمدالحاكم النيسابوري

٢لجمشكاة المصابيح ،ولي الدين محمدبن عبيدالله التبريزي

٣لجمسند الأمام احمد ،احمد بن حنبل الشيباني

٤لجحلية الأولياء، الاصفهاني

٥لجالرحيق المختوم ،المباركفوري

٦لج الرسول القائد ، محمود شيت خطاب

٧لجالسيرة النبوية ،الصلابي

٨لجدلائل النبوة البيهقي

٩لجدلائل النبوة الواقدي

٣٠ ( مختصر سيره الرسول ) ( شيخ عبدالله ى نجدى )

١لجطيراني في التاريخ

٢لج الشيخ الالبانى فى ( ارواء الغليل )

٣لج ابونعيم فى الدلائل النبوه

٤لج دلائل شرح الموهب

٥لجكليات رسائل النور ٢/المكتوبات

٦لج واقدي في المغازي

٧لجالحاكم في المستدرك

٨لجفى التاريخ الاسلام للذهبي

٩لجاخرجه : ابن حبان

ئ

٠مج التبرانى فى الكبير

١مج ابن سعد في الطباقت

٢مج والحافظ في ( المطالب العالية )

٣مجابن عساكر ( تاريخ دمشق )

٤مجالطبرانى في التفسير

٥مجژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و فەرمووده کاندا به کوردی ، محمدملا فائق شاره زووری

٦مجژیان نامەی پێغەمبەر ﷺ بەکوردی ،علی محمد محمدالصلابی

٧مجژیانی ئازیزمان به کوردی به رگی یەکەم و دووەم ، حبیب محمدسعید

٨مج پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ ،ماموستا علی با پیر

٩مجژیانی پێغەمبەری مەزن ،شیخ عبدالعزیز بارەزانی

٠هجنوری نەمر ، فتح الله گولەن

١هجساتیك بو ناسینی ﷺ ،ماموستا ابو بکر

٢هجمیژووی طبري به کوردی ، محمدبن جریر طبري ، وەرگیرانی : زانەر محمد

٣هج پێغەمبەره کەت بناسه ، ماموستا علی خان

٤هج پوختەی ژیانی پیەمبەری خوا ﷺ ،ماموستا ملا عبدالخالق حسن شوانی

٥هج پەیامەکانی نور ، بدیع و زمان سعید نوورسی ،وەرگیر :فاروق رسول یەحیا

# سەرباسە كان


١- پيشه كى ١-٥

٢-بەشى يەكەم ٦

٣-ناوەكانى و حسب و نەسبەى رەچەلەكى پيغەمبەرى خوا ﷺ ٧-١٣

٤-لە دايك بوونى رۆشنايى چاوم ﷺ ١٤-١٧

٥-رووداوە كانى كات و ساتى لە دايك بوونى پيغە مبەرى خوا ﷺ ١٨-٢١

٦-گە ورە كردن و گە شە كردنى پيغە مبەرى خوا ﷺ ٢٢-٢٩

٧- گە ورە كردن و گە شە كردنى پيغە مبەرى خوا ﷺ ٣٠-٣٤

٨- وەفات كردنى ئامينەى دايكى پيغەمبەرى خوا ﷺ ٣٥-٣٩

٩- پيغەمبەرى خوا ﷺ لە لاى (أبو طالب) ى مامى ٤٠-٤٢

١٠- شوانيەتى كردنى پيغەمبەرى خوا ﷺ ٤٣-٤٧

١١- يە كە م گە شتى پيغەمبەرى خوا ﷺ بۆ وەلاتى شام ٤٨-٥٣

١٢- جەنگى (فجار) ٥٤-٥٦

١٣- پە يمانى (فضول) ٥٧-٥٩

١٤- سەردەمى پيش پيغەمبەرايەتى و بازرگانى و ژنهينانى پيغەمبەرى خوا ﷺ ٦٠-٦٣

١٥- چاكردنەوەى (كە عبە) پيرۆز ٦٤-٦٥

١٦- مندالەكانى پيغەمبەرى خوا ﷺ وە بە كور كردنى (زيد) ٦٦-٦٨

١٧- جيهان چاوەرى پيغەمبەرى خوايە ﷺ كە رزگاريان بكات لە نەفامى و بت پەرستى ٦٩-٧٧

١٨- مژدەى هاتنى پيغە مبەرى خوا ﷺ ٧٨-٨٨

ئ


| | |
|---|---|
| ١٩-بەشی دووەم | ٩٠ |
| ٢٠- هاتنی نیگا یان وەحی بۆ پیغەمبەری خوا ﷺ | ٩١-٩٣ |
| ٢١- پچراندنی نیگا یان وەحی | ٩٤-٩٨ |
| ٢٢-سەرە تایی فەرزبوونی نویژ | ٩٩ |
| ٢٣- قۆنا غە کانی بانگە وازی ئیسلام | ١٠٠ |
| ٢٤- قوناغی بانگەوازی ئیسلام بە نهینی | ١٠١-١٠٦ |
| ٢٥- دەستەی یە کە می و دووەم و سی یەمی ئیمانداران | ١٠٧-١١٠ |
| ٢٦-پرسیار ئایا ئیسلام بە شمشیر بلاوبۆتەوە یان بە ئاشتی ..؟! | ١١١-١١٤ |
| ٢٧- مالە کە ی ئەر قەم رۆلی لە بانگەوازی بلاو بوونەوەی ئاینی ئیسلام | ١١٥-١١٦ |
| ٢٨- قۆناغی دووەم بانگە وازی ئیسلام بەئاشکرا | ١١٧-١٢٩ |
| ٢٩-ئازاردان وهەرەشەی بت پەرستان لە گەل پیعەمبەر ﷺ و هاوەلاندا | ١٣٠-١٣٨ |
| ٣٠- دەمەقالی کردنی بت پەرستان لە گەل پیغەمبەری خوا ﷺ | ١٣٩-١٥٠ |
| ٣١- هەلویستی و بیری بی باوەران لە گەل پیغەمبەری خوا ﷺ | ١٥١-١٥٣ |
| ٣٢- قوریش دە ستی کرد بە ئازاردان و ئەشکە نجەی پیغەمبەری خوا ﷺ | ١٥٤-١٥٧ |
| ٣٣- شاندی قورەیش بۆ لای (ابو طالب) وە ریگە گرتن لە بانگەواز ئاینی ئیسلام | ١٥٨-١٥٩ |
| ٣٤-گالتە پی کردن و سەو داگەری لە گەل پیغەمبەری خوا ﷺ لە لایەن بت پەرستانی قوریش | ١٦٠-١٦٣ |
| ٣٥-موسلمان بوونی سی پیاوی مەرد و ئازا (حمزە) و (طفیل) و (طلیب) | ١٦٤-١٧٠ |
| ٣٦- ئازاردان و ئەشکە نجە دانی موسلمانە چەوساوەکانی شاری (مککە) | ١٧١-١٧٤ |
| ٣٧- ئیبن مسعود بۆ یە کەم جار قورئان دە خوینید بە ئاشکرا بە گویی کافرانی قورەیش | ١٧٥ |
| ٣٨- ناچاربوونی قوریش بۆ ریکەوتن لەگەل پیغەمبەر ﷺ | ١٧٦-١٧٩ |
| ٣٩-بەشی سی یەم | ١٨٦ |

ی


٤٠- موشریکە کان دوای موعجیزە دە کە لە پیغەمبەری خوا ﷺ ١٨٠-١٨٥

٤١- کۆچی یە کەمی بۆ حە بەشە ١٨٦-١٩٢

٤٢- کۆچی دووەم بۆ حەبەشە ١٩٣-٢٠٢

٤٣- هۆکاری کۆچی یەکەم و دووەم وە حیکمەتی کۆچ کرد بۆ حەبەشە ٢٠٣-٢٠٥

٤٤-موسلمان بوونی عمری کوری خطاب ( خوا لی رازی بیت ) ٢٠٦-٢١٢

٤٥-موسلمان بونی ( ابو ذر الغفاري ) -خوا لی رازی بیت - ٢١٣-٢١٦

٤٦- موسلمان بوونی ( حوصەینی کوری عوبەیدی خوزاعی ) -خوالی رازی بیت - ٢١٧-٢١٨

٤٧- پە یمانی نووسراوی ستەمکارانە و هەلوەشاندنەوەی نوسراوە ستەم کارانەکە ٢١٩-٢٢٣

٤٨- چەند موعجیزە یەك لەسەردەستی پیغەمبەر ﷺ روویدا ٢٢٤-٢٢٧

٤٩- سالی لە دەست دانی ئازیزە کانی پیغەمبەری خوا ﷺ ٢٢٨-٢٣٢

٥٠-خوازبینی کردنی خاتوو ( عائیشە ) بۆ پیغەمبەری خوا ﷺ ٢٣٣-٢٣٥

٥١- چوونی پیغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) بۆ شاری ( طائف ) ٢٣٦-٢٤٣

٥٢- گوی گرتنی کۆمەلیك لە جنۆکە بۆ قورئانی پیرۆز ٢٤٤-٢٤٨

٥٣-گەشتی ئیسراءو معراج شەورۆیی پیغەمبەری خوا ﷺ ٢٤٩-٢٦٠

٥٤- جەنگی رۆم و فارس ٢٦١-٢٦٤

٥٥- بانگەوازی ئیسلام لە دەرەوەی شاری مککە بۆ هۆزو تیرە کان ٢٦٥-٢٦٦

٥٦- ئەو پیاوانەی باوەریان بە پیغەمبەری خوا ﷺ هینا لە وەرزی حەج کردن دا ٢٦٧-٢٧٣

٥٧- پە یمان یان بیعەتی عەقەبەی یەکەم ٢٧٤-٢٧٨

٥٨-نوینەر یان سفیری پیغەمبەری خوا ﷺ لە شاری مەدینە دا ٢٧٩-٢٨٤

٥٩- پە یمانی یان بیعەتی عەقەبەی دووەم ٢٨٥-٢٩٠

٦٠- كورته باسیكی شاری مەدینه پێش كۆچ كردن ٢٩١-٢٩٢

٦١- سەرەتایی كۆچ كردن بۆ شاری مەدینه ٢٩٣-٣٠٤

٦٢- پەرلەمانی قورەیش دارالندوە ٣٠٥-٣٠٩

٦٣- كۆچ كردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەل أبو بكر صدیق ٣١٠-٣٢٩

٦٤- كۆچ كردنی لە ئەشكەوتی ( ثور ) تاكو دابەزینی لە ( قباء ) وە هەندیك موعجیزلە ریگاد ٣٣٠-٣٥٠

٦٥- سالی یە كەم كۆچی دابە زینی پێغەمبەر خوا ﷺ لە ( قباء ) ٣٥١-٣٥٥

٦٦-بەشی چوارەم ٣٥٢

٦٧- دروست كرنی مزگەوتی شاری مەدینە ٣٥٦-٣٦٢

٦٨- دروست كرنی مزگەوتی شاری مەدینە ٣٦٣-٣٦٧

٦٩- موسلمان بوونی ( عبدالله كوری سلام ) ٣٦٨-٣٦٩

٧٠- برایە تی نیوان كۆچ كەران و ئەنصارە كانی شاری مەدینە ٣٧٠-٣٧٢

٧١- بنیات نانی كۆمەلگای ئیسلام لە شاری مەدینەدا ٢٧٣

٧٢- بەرزی ئیمانی كۆچ كەران لە شاری مەدینەدا ٣٧٤-٣٧٦

٧٣- مەردایەتی ئەنصارە كان لە شاری مەدینەدا ٣٧٧-٣٧٨

٧٤- مەردایەتی ئەنصارە كان لە شاری مەدینەدا ٣٧٩-٣٨٣

٧٥- سیفات و هەلویستی جوولە كە لە شاری مەدینەدا ٣٨٤-٤٠٣

٧٦- هەلویستی عبدالله كوری ئوبەی كوری سەلول سەرۆكی مناافقان ٤٠٤-٤٠٦

٧٧-هەلویستی كافرانی قورەیش دژبەموسلمانان لە شاری مەدینە ٤٠٧-٤١٠

٧٨- نووسینی دەستوور ( الصحیفة ، الوثیقة ) لە شاری مەینە دا ٤١١-٤١٣

٧٩-بەشی پینجەم ٤١٥

| | |
|---|---|
| ٨٠- ماوه دان یان مۆڵەت دان بۆ جیهاد و تی کۆشان | ٤١٤-٤٢٩ |
| ٨١- غەزاو سریەکانی پیش جەنگی بەدری گەوره | ٤٣٠-٤٤٨ |
| ٨٢-رووداوه کانی سالی دووهەمی کۆچی | ٤٤٩-٤٥٠ |
| ٨٣- فەرز بوونی رۆژوو،زەکاتی فیتر ،نویژی جەژن و فەرز بوونی زەکات | ٤٥١-٤٥٤ |
| ٨٤- غەزای ( بەدر گەوره ) رووداوەکانی | ٤٥٤-٥٣٩ |
| ٨٥- پیلانی کوشتن و تیرۆر کردنی پیغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن دوو پیاو | ٥٤٠-٥٤٤ |
| ٨٦-تایبەت مەندیە کانی ئەهلی بەدر | ٥٤٥-٥٤٦ |
| ٨٧-گرینگی و تایبەت مەندیە کانی غەزای بەدری گەوره | ٥٤٧ |
| ٨٨-جەند رووداویکی سەربازی لەنیوانی غەزای بەدر ئوحودا | ٥٤٨ |
| ٨٩-غەزای ( بنی سلیم ) لە ( کودر ) | ٥٤٩-٥٥٠ |
| ٩٠- غەزای ( قاوت ) یان غەزای ( سویق ) | ٥٥١-٥٥٢ |
| ٩١- غەزای ( ذي امر ) | ٥٥٣ |
| ٩٢- غەزای ( فرغ ) و سریەی ( ذي القرد ) | ٥٥٤ |
| ٩٣- غەزای ( بنی قینقاع ) | ٥٥٥-٥٦٤ |
| ٩٤- کوشتنی ( کەعبی کوری ئەشرەف ) | ٥٦٥-٥٧٠ |
| ٩٥- سریەی ( زیدی کوری حاریثه ) | ٥٧١-٥٧٢ |
| ٩٦-سەرچاوه کان | ٥٧٦-٥٧٨ |
| ٩٧-سەرباسەکان | ٥٧٩-٥٨٣ |

ئ